- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل


# رامان

117

خولی سێیەم/ساڵی یازدە/شوباتی ٢٠٠٧


ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / ٢٢٢٨٥٠٦
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی رامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com
چاپخانەی ئاراس/ هەولێر
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

● سەروتار


- بەلاڕێداچوون لە کاری وەرگێڕاندا/ سەرنووسەر/ 3


● دەق


- منداڵیم لەنێوان بەفر و تەراتیلی کەنیسادا/ سەعدوڵڵا پەرۆش/ 5
- ترس و زەمەن/ هاشم سەرڕاج/ 7
- جارێ، لە نیوە شەوێکدا، بە تاوە بارانی نامدوێنی/ فەرهاد شاکەلی/ 8
- بیست و پێنج ڕۆژ/ لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادی/ 10
- قەرەنی جەمیل یان خاڵێک بە گەردنی کۆترێکەوە/ جەبار جەمال غەریب/ 13
- ورادیۆیا من دیسا دەست ب کلامان کر/ چیا مازی/ 20
- وتووێژی کوێستان/ ئازاد ئەرگوشی/ 24
- باڵندەکانی غەم/ لە نەرویجییەوە: فەرۆخ نیعمەتپوور/ 29


● هەڤپەیڤین


- دیالۆگێکی بەرفراوان لەگەڵ شاعیر و ڕووناکبیر (کەریم دەشتی)/ ئا: زانا خەلیل/ 31
- دوا دیمانە لەگەڵ (ژاک دریدا)ی هزرڤان/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین/ 42


● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- قەلەندەری پاشا/ عەبدوڵڵا قەرەداغی/ 47
- سیمای سیناریۆ لە شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزی-دا/ د. ئیبراهیم قادر محەمەد/ 56
- کاریگەریی شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 65
- ئەحمەدی خانی و زانستی عەرووز/ ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا/ 83
- پچڕاندن/ لە سویدییەوە: هەندرێن/ 92


● ئەزموون


- خەریکم ڕۆمانێکی تازە دەنووسم/ فەرهاد پیربال/ 103


● وتار


- پێکهاتەی دەق و زمانی/ عومەر محەمەدی/ 110
- سرڤانتس.. نووسەری ئیسپانی و دانەری ڕۆمانی «دۆن کیشۆت»/ ئا: سەلام عەبدولکەریم/ 114


● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی


- کاری تێپەڕ.. لێکۆڵینەوەیەکی بەراەنبەرییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا/ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 119


● هزر و فەلسەفە


- چەند پەیامێک بۆ نەتەوەی ئەڵمان/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 124
- فیکر و فیکری کوردی لەنێو پرۆژەی ناکامڵی مۆدێرنەدا/ محەمەد تەها حوسێن/ 135
- ئەفلاتوون و ئافرەت/ لە عەرەبییەوە: ئەژین عەبدولخالق/ 140


● مێژوو - کەلەپوور


- هێز و سیحری ئەفسانە/ لە عەرەبییەوە: محەمەد سلێمان عەباس/ 153


● هونەر


- ڕیژیسێر و ئیرتیجال/ د. فازیل جاف/ 158
- د. عەونی کەرووەمی مرۆڤێکی هونەرمەند و هونەرمەندێکی داهێنەر/ حەمە سوار عەزیز/ 167
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 172
- کارتەکانی مێمۆری و جۆرەکانی/ ئا: فارس سەعدی/ 180


● خوێندنەوەی کتێب


- چیرۆکی منداڵان (چەمک، وەرگێڕان، نووسین، ئامادەکردن، وێنەکێشان)/ ڕۆستەم باجەڵان/ 183
- ژنێک دەمرێ و پیاوێک بە چراوە نایە/ عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە/ 193


● نامە


- نامەیەک لە ئەحمەد دڵزارەوە/ ئا: ئازاد دڵزار/ 196


● ئێستێک


- نووسینی عەشق، عەشقی نووسین/د. فوئاد ڕەشید/200

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# بەلاڕێداچوون لە کاری وەرگێڕاندا

* زۆر لەبارەی گرنگیی پرۆسەی «وەرگێڕان» نووسراوە و وتراوە، گومانی تێدا نییە کردەی وەرگێڕان بۆ بزاڤی ڕووناکبیری هەر میللەتێک کۆڵەگەیەکی قایمە، چونکە لە پاڵ نووسینی خۆیان هەمیشە پاڵپشت و زەمینەیەکی لەباری بۆ خولقاندنی کەشوهەوایەکی ڕۆشنبیریی داهێنەرانە و هەڵکشاو ڕەخساندووە و ئەو بزاڤەی زیاتر وەگەڕ خستووە و خێراتر جووڵاندوویەتی، بەتایبەتیش لەمڕۆکەدا کە دنیا ئێجگار بچووک بووەتەوە و ڕۆشنبیرییە تایبەتمەند و زیندووەکان زۆر چاک دەتوانن لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە کار لە ئەدەبیاتی میللەتانی دیکە بکەن. لێرەوە دەڵێین وەرگێڕان بۆ پێشکەوتن و تەکاندانی ئەدەبیات و بیر و هزری هەر میللەتێک پشتگوێ خستن و کەمتەرخەمی نواندن لە بەرانبەریدا هەڵناگرێ.

* میللەتی ئێمە لەمێژە هەستی بە گرنگی کاری وەرگێڕان کردووە، بەڵام بەداخەوە دوێنێکەی سست و ئەمڕۆکە شپرزەیی و شڵەژانێکی زەق بە تەختی تەوێڵییەوە دیارە، ئەمەش پەیامە پیرۆزەکەی لە ڕاستەڕێی خۆی دەرکردووە و دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم تووشی وێرانەیی کردووە. من کە لەگەڵ چالاک کردنی پرۆسەی وەرگێڕان و پەرەپێدان و پێشخستنی بەردەوامی ئەو زانست و هونەرەدام، قەت لەگەڵ بێ بەرنامەیی و وەرگێڕانی بازرگانی و جەڵەبی دانیم کە ڕەوت و بزاڤی وەرگێڕان دەشێوێنێ، هەرگیز ناکرێ کەوتین بەسەر هەر بەرهەمێکدا وەری بگێڕین، بەڵکو دەبێ بە بەرنامەوە پشتگیری لە وەرگێڕانی پێویست و جۆرەکی بکرێ و ڕاوەدووی وەرگێڕانی لاواز و دوور لە ئەمانەت و دەسپاکی بنرێ و لێی لە قاو بدەین، چونکە هەر وەرگێڕانی جۆرەکییە کاریگەری بەسەر ژیان و کۆمەڵگا و کولتوور و ڕۆشنبیری ئێمەوە دەبێ و گۆمی مەنگی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەمان دەشڵەقێنێ و لە قەیران و ئیفلیجی دەربازی دەکات.

* یەکێک لەو کارانەی دەکرێ لە بەرنامەکەماندا هەبێ هاندان و هێنانە پێشەوەی وەرگێڕی بەهرەدار و خاوەن سەلیقە و توانابیە، ئەوانەی بە تەواوی لە پەیامی «وەرگێڕان» تێگەییون و تێدەگەن و دەزانن چی دەکەن و چی هەڵدەبژێرن و وەردەگێڕن. بۆ بایەخدان بە بزاڤی وەرگێڕانێکی تەندروست، گرینگیدان بە وەرگێڕانە باشەکان و وەرگێڕە بەتواناییەکان کارێکی تا بڵێی گرنگە، بەتایبەتی وەستان و قسەکردن لەبارەی وەرگێڕانە سەرکەوتووەکان و وەرگێڕە چاکەکان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و لاکردنەوەی زۆرتر لێیان و هەڵسەنگاندنیان و تەنانەت پروپاگەندەکردن بۆ کارەکانیان، تا ئەو وەرگێڕ و بەرهەمە سەرکەوتووە لەوانی دیکە جیا بکرێتەوە و زیاتر هان بدرێ و بەرەو پێشەوە بچێت و کاری جوانتر و گرنگتر بۆ کتێبخانەی کوردی وەربگێڕێ.

* لێرەدا گرنگە لیژنەیەکی کارامەی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن هەبێ، بۆیە پێویستە ئەو وەرگێڕانە بەرچاو و پڕ بایەخ و کاریگەر و چەندەکییانە خەڵات بکرێن و بەسەربکرێنەوە و ئەو خەڵاتانە ساڵانە لە ڕێوڕەسمی تایبەتیدا بەسەر وەرگێڕە چاکەکان دابەش بکرێن، تا وەرگێڕەکانی دیکەش چاو لەو وەرگێڕە باشانە بکەن و کێبەرکێ بکەوێتە نێوانیانەوە و لە وەرگێڕانی کار و بەرهەمی ناوازە و چاک بەوان بگەنەوە و هەوڵی کاری جیددی و قووڵ و چاکتر بدەن و وردتر کار بکەن و بە ئامانج و پەیامەکەی وەرگێڕان ڕابگەن.

* ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێ «وەرگێڕان» بزاڤێکی ئەکتیڤ و چالاک بێ و پێشکەوێ، دەبێ (لیژنەیەکی بالا) لە ژێر هەر ناوونیشانێک بێ هەبێ، سەر بە هەر کوێ بێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو کارانە بە ژێر نیگای ڕەخنەیی ئەو لیژنەیەدا،

**سەرنووسەر**

یان ئەو وەزارەت، دەزگا- خانەیەدا تێپەڕێ تا بەو وەرگێڕانانەدا بچێتەوە و پەسندی بکات، ئەوسا خوێنەرانیش زیاتر متمانە بەو دەزگایە دەکەن و پتر ڕوو دەکەنە کڕینی چاپەمەنییەکانیان و لە نووسین و باسەکانیاندا زیاتر پشتی پێ دەبەستن، یان بۆ خوێندنەوە و چێژ لێ وەرگرتنیان بە دڵنیاییی زۆرەوە هەڵیدەبژێرن، چونکە ئەو کاتە سوورِ دەزانن لە جۆری «هەڵبژاردن»ی ئەو بابەتەی بۆیان وەرگێڕدراوە، لە ڕووی ئەمانەت و دەستپاکی و گەیاندنی بڕێکی زۆر لە ئیحساس و بۆچوون و تێڕوانینی خاوەنەکەی بەبێ دەستکاری و شێواندن پێیان گەیشتووە. لێرەدا (دار التقدم)ی مۆسکۆ بە بیر دەهێنینەوە کە ساڵانێک پێش ئێستا شاکارەکانی ئەدەبیاتی ڕووسی وەردەگێڕا، ئەوسا خوێنەران بە پەرۆشەوە بەدوای وەرگێڕانەکانیاندا دەگەڕان.

* نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانی سەقەت و بێ سەروبەر و شێواو کە کەمترین دەستپاکی و ئەمانەتی وەرگێڕانی تێدا ڕەچاو نەکراوە، ئەرکێکی لەپێشینەی هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی کوردستانە، بۆ کتێبیش ئەرکی یەکەمی دەزگایەکانی لەچاپدانە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە هەست کردن بە بەرپرسیارەتی لە نووسین و وەرگێڕاندا ڕووی لە کزییە، بۆیە لەبەر ون بوونی ڕەخنەیەکی چالاک و بەدواداچوونی ورد بۆ پێداچوونەوەی ئەو هەموو کارانەی لێرەو لەوێ وەردەگێڕدرێن، پێش گرتن لە خراپەکانیان کارێکی پێویست و چاکە، جگە لە هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لەو وەرگێڕانانەی لیک بە دەموپلیانەوە دێتە خوارێ و تووشی نەخۆشی ئێسکەنەرمە هاتوون. دەبێ بەردەوام بین لە هاندانی ڕەخنەیەکی بەرپرس بۆ بەدواداچوونی هەموو ئەو وەرگێڕانانەی دەخرێنە کتێبخانەی کوردییەوە و خوێنەران لە خوێندنەوە پشت سارد دەکەنەوە، بگرە بە شێوەیەکی گشتی خوێنەر تووشی پاشەکشە و هەڵگەڕانەوە دەکەن لە بەرەو پیرەوەچوونی خوێندنەوە.

* ئەدۆنیس کە ئەمڕۆکە سەرتۆپی نوێخوازییە لە شیعری هاوچەرخی عەرەبیدا، بەو هەموو زمان پاراوییەی خۆیەوە، سەرەڕای فەرەنسی زانینەکەی کاتێ دەستی دایە وەرگێڕانی (سان ژۆن پێرس)، (د. علي اللواتي) وەرگێڕانەکەی بەراورد کرد و سەرەتا ڕەخنەکانی بە سێ ئەڵقە و دواتر بە کتێب بڵاو کردەوە. خوێنەر دەپرسێ ئەدۆنیس بەو باڵادەستی و گەورەییەی خۆیەوە ئەوندە هەڵەی زەق و گەورە بکات، دەبێ وەرگێڕی دی چۆن هەڵە نەکات؟ ئەوە لە کاتێکدا ئەدۆنیس بەخۆی دەڵێ ئەو وەرگێڕانەی من زیاتر وەک شیعر و گیانی شیعرییەت وەرگێڕاوە، نەک وەرگێڕانێکی وشک و میکانیکی وشە بە وشەم کردبێ.

* ئێمە لە کاری خۆماندا لە گۆڤاری (ڕامان) سووکە هەوڵێکمان داوە داوونەریتێک بۆ «وەرگێڕان» دامەزرێنین، بەوەی (دەقی داهێنەرانە) لە بواری شیعر و چیرۆک و شانۆنامە یەک دەست بێ و ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە وەرگێڕدرابێ، بۆ بابەتی فیکری و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە ئەگەر دوو دەستیشی کردبێ جارێ قەیناکات! سەرەڕای ئەوەش زۆر جار چەپکە شیعری شاعیرێ، یان بەرهەمی چیرۆکنووسێک بە چەند کەسێک سپێردراوە پێیدا بچنەوە و لەگەڵ تێکستە ئەسڵییەکەی پێکیان بەراورد بکەن تا دیقەت و ئەمانەت و دەستپاکی زیاتر لە وەرگێڕانەکەدا بەدی بێت، ئەوە بێجگە لەوەی بە کوردییەکەشیدا دەچینەوە و هەوڵ دەدەین وەرگێڕانێکی پاک و بێ خەوش و تاڕادەیەک باش بدەینە دەست کە بڕێکی زۆر لە مەجاز و تێڕوانین و هەستی شاعیر و داهێنەر بگەیەنێتە خوێنەران، بەم کارەشمان هەوڵ دەدەین کەمترین کەلەبەر و هەڵە و گرفتی تێدا بمێنێ. ئەگەر تا ئێستا ئەمەمان لەگەڵ وەرگێڕانی تێکستگەلی فارسی کردبێ، ئەوە هەوڵ دەدەین لەمەولا ئەم ئەزموونە لەگەڵ زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و زمانەکانی دیکەش پەیڕەو بکەین.

* بۆ ئەوەی نەوەیەکی بەهرەدار و باڵادەست لە بواری «وەرگێڕان» پێبگەیەنین دەبێ لە جیاتی ئەوەی بەهرە و تواناییان لەبواری دیکەی بێ سوود و بێ ئاکام بەهەدەر بڕوات، زیاتر بایەخ بە بەشەکانی وەرگێڕانی لای خۆمان بدرێ، لەلایەک قوتابی بەتوانست و لێهاتوو بۆ ئەو بوارە هەڵبژێرین و پێبگەیەنین، لەلایەکی دیکەشەوە کتێب لەبارەی هونەری وەرگێڕان و ئاریشە و گرفتەکانی دابنێین و بە بەردەوامی چاپ بکرێن و بخرێنە کتێبخانەی کوردییەوە و بکەوێتە بەردەستی لاوەکان و کەم ئەزموونەکانی ئەم بوارەوە، ئەوانەش کە خاوەنی ئەزموونن ناو بەناو سیمیناریان بۆ بگیرێ و بۆ بیروڕا گۆڕینەوە و وانە وتنەوە بانگهێشت بکرێن تا زیاتر سوود بەو قوتابیانە بگەیەنن کە خەریکی کاری وەرگێڕانن.

* گەر بمانەوێ ئەوپەڕی سوود لە توانایی و بەهرەی وەرگێڕە باشەکانمان وەربگرین بۆ ئاوەدانکردنەوە و پۆشتەو پەرداخ کردنی کتێبخانەی کوردی کار بکەن، ئەوە دەبێ بەرنامەی ڕۆژانە و شەوانەیان بۆ وەرگێڕان هەبێ، ئەگەر ئەوانە بەرنامەیان هەبێ لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا (١) لاپەڕەش وەربگێڕن، ئەوە مانای وایە لە ساڵێکدا کتێبێکی زیاتر لە (٣٠٠) لاپەڕەییان وەرگێڕاوە، هەروەها دەبێ وەرگێڕەکانیشمان لە ڕێگەی ئەو لیژنە باڵایەی بە کارەکانیاندا دەچێتەوە و لە غەمی بەراوردکردن و چاککردنەوەی وردە هەڵە و درشتە هەڵە و چاپ کردنی بەرهەمەکان دایە، دەکرێ ئاگای لە کار و چالاکی سەرجەم وەرگێڕەکانمان بێ تا دوو – سێ کەس بە وەرگێڕانی یەک کارەوە خەریک نەبن و ئاگاشیان لە یەکتر نەبێ. ئەوە بێجگە لەوەی دەتوانرێ وەرگێڕان لە بێ بەرنامەیی دەرباز بکات و زیاتر لەسەری ڕابوەستێ، بە واتا ئەمڕۆ خۆ بە وەرگێڕانێکی گرنگ و چاکەوە سەرقاڵ بکەین، کەلەبەرێک پڕ بکاتەوە.

* دوا وتەشم ئەوەیە: دەبێ بەردەوام غەمی خزمەتی زمانی زگماکی خۆمان بخۆین و لە هەموو شتێ زیاتری لەبارەوە بزانین و خۆشمان بوێ، چونکە ئامانجی سەرەکیمان خزمەتی ئەو زمانە و لەو ڕێگەیەوە بە نەتەوەیی کردنی ڕۆشنبیری و مەعریفەی نەتەوەکانی دیکەی دنیایە، هەروەک چۆن لە ڕێگەی ئەو زمانەوە ئامانجمان گەیاندنی پەیامی جوانی و هەست و سۆز و بیر و تێڕوانین و چەمک و تیۆرە نوێیەکانە بە نەوەی نوێ و بە خوێنەرەکانمان، ئەگەر خوێنەرەکانمان لە پەیامەکەمان تێنەگەن و وەرگێڕانی هەڵبزڕکاویان دەرخوارد بدەین کەواتە دەبێ بپرسین: ئەرێ بەڕاست ئێمە بۆ کێ وەردەگێڕین؟ ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەکمانەوە هەر لە دەزگا و وەزارەت و گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە تا دەگاتە ئەوانەی بە تەنگ زمانی کوردی و پڕۆژەی وەرگێڕانەوەن، بەمەش پڕۆسەی وەرگێڕان لە ئەرک و پەیامی خۆی دوور ناکەوێتەوە و ئەوەشی پێ ناکرێ برسێتی بە هەتیوو با بە دەواری شڕی نەکردبێ!

# منداڵیم لەنێوان بەفر و تەراتیلی کەنیسادا

سەعدوڵلا پەرۆش



سەرماوەرز،
بەفرانبار،
ڕێبەندان،
سێ شیعری ڕۆمانسین
لە دیوانێکی پاشمەرگەی هەمزەتۆفدا
سێ شیعر،
سێ شیعری سپی پۆش، سپی ڕۆح، خوێن شیرین
سەرماوەرز،
بەفرانبار،
ڕێبەندان،
سێ تابلۆن
لە پیشانگای خەونەکانی منداڵیمدا
سێ تابلۆی ئەبەدین
سەرماوەرز،
بەفرانبار،
ڕێبەندان،
سێ بادە شەرابی ئاڵ ڕەنگن
شەوانە بە ناخی سپیمدا دەچۆڕێن
سەرماوەرز،
بەفرانبار،
ڕێبەندان،
سێ چڵە ڕەیحانەی یادگارین
لە ساتەکانی تەنیاییم بۆنی ڕۆژانی منداڵیم پێ
دەبەخشن
سەرماوەرز،
بەفرانبار،
ڕێبەندان،
سێ مانگن پڕ ئەفسوون
سێ شارن دیوار بەند
نەخێر، سێ ژێی کەمانجەیەکن حەزین

*   *   *

بەفر..
ئەی سپیترین سپی:
ئەی سەرابیترین ڕۆحە سەراسیمەکانی وەرزی سەفا
تۆ بۆ سەردەمی منداڵیم، تەنیا نومایشێک بوویت
لە کەرنەڤاڵی وردە مەرجانەکانی دەریای دەروونی
پەژموووردەم
کەچی ئێستا لە چاوی تووە
لە سەرتاپای دنیا و
لە سەرجەم ڕۆژەکانی ڕابردووم دەڕوانم
بەفر..
ئەی ناشارەزاترین گەڕیدە بە کۆڵانە خورماییەکانی
بەسرا
بە هەورە ڕەشتاڵەکانی کەنداو
بەفر..
ئەی خەمگینترین لاوک لە شەوانی مەیخانە گەرمەکانی
کوێستان
لە (سەیاب) مەڕەنجێ
کە دڵی بەخشی بە دارخورما و
شیعری بۆ پەری باران نووسی
(سەیاب) لە چوونە خەونێکی (ئیقبال)دا
پێی وتبوو:
لە جیاتی من
داوای لێبوردن لە ڕۆحی پەرییە سپییەکانی قەندیل و
لە چاوە هەمیشە خووس لێ نیشتووەکانی (سیبیریا)
بکە
پێیان بڵێ
ئاخر من وەک (پیرەمێرد)ەکەی کوردستان و
(هەمزەتۆف)ەکەی داغستان
زادەی زاماڵی وڵاتی بەفر و کێو نەبووم
من هەر بارانم دەناسی
بۆیە بە عیشقی ئاوەوە
کەڵای شیعوم بە خەناوکەی بارانەوە هەڵدەواسی
خەڵکی وڵاتی بەفرستان
لێم ببوورن
بەفر تۆیش لێم ببوورە
ئەی سپیترین سپی!

هەولێر – ٢٠٠٦

# ترس و زەمەن

هاشم سەڕاج

بێزارە لە تۆ ئیستە، هەماغۆشی عەدووتە
دونیا، کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو!
«نالی»

ئێمەی بەدبەخت و پەرێشان
پێخاوس و شەکەت و ڕەنج بەخەسار
لە خیابانە پان و پۆڕەکانی زەمەندا
ڕادەکەین ڕا ڕا ڕا
خودی دڕدۆنگ و گومڕا و سەرەڕۆ
بولبولێکی قەلەندەری خۆشاوازە و
دەچریکێنێ: بەرەو کوێ؟
شوێنەکان، سەرابخانەی ئولفەت و
زاگەی عیشق و مەفتەنی شەیدایین و
هێواش هێواش هێواش هێواش
نەشئەو ڕەونەق و جەزبەی هۆگری
لەدەست دەدەن لە دەست
بێ ئەنوا خۆمان ئەی یار
ئەی نەرم و نیانترین یار
«زیبا»ی گێسوو ئارمووشین
بنێسیترین پاکیزەیەکە لە
تەنکە ڕۆح تووتیاکانی

ئاو و ئاگر و ئامەد و ئەمەگ و ئاهورا
هێدی هێدی هێدی هێدی
کلافەی دەزووەکانی گیانی لە
دەرزیلەکانی سەودایی گیانم دەئالێ و
بەچرپە چرپە پێم ئێژێ
ئێمەی بەلەنگازانی گەردوون
نە لە ئیکسیرەکانی کات دەگەین
نە ئەفسانەکانی شوێن
جادووی زەلزەلەی زەمەنیش جیلوەی
غووبارگەی دۆزەخێکە بە بەرزەخی
زەمهەریرخانەکانی یەخ و یوسرو پشکۆوە
هەڵدەچێ و هەڵهەڵ دەچێ و
دادەگیرسێ دا دا دا
لەنێوان تارماییە شووشەییە هاوبەندەکاندا
بۆشاییەکی نادیاری ئەبەنۆسی هەس
دەدرەخشێ و
بوغز و کینەی نێو دڵی ئاماژەیەکی ئاسمانی
دەخرۆشێنێ
بورووژێ ئەی مەرگ بخروشێ
مەرگ مەرگ مەرگ
چەهچەهەی گۆرانییەکی غەمزەدەی سەرشێتی
جیوەییە و
دێ و دێ و دێ و دێ
ناوادە دێ و
سیدییەکانی نەواو نەغمە حەسرەتییەکان
ڕووە و پانتاییە خاڵییەکانی بوون
هەڵدەدا و هەڵ دەدا هـ ە ڵـ ..

٢٠٠٤/١٢/١٠

# جارێ، لە نیوەشەوێکدا، بە تاوەبارانێ نامدوێنی

فەرهاد شاکەلی
(سوێد)



نازانی چەند تاسەباری ئەوەم ئەمەی ناوی دەنێم دابڕان ببڕێتەوە. دەزانم هەر لە خۆمەوە ئەستێرەیەکم بە بەرزاییی ئاسمانەوە دیاری کردووە و ناوم ناوە مرواریییەکی تاکانە. چەند دوورەدەستی، نزیکی خەیاڵی سەروەرەنگی شەوپێوی منی. چەند ئاشناتم، هەر دەمسپێریتە شەوێکی بێئەستێرەی بێگانە. چاو بۆ بڵێسەیەک دەگێڕم لەم شەوەزەنگەدا داوێنی ئاسمان ڕووناک بکاتەوە، چنگێ تیشک و گەرما ببارێنێ بەسەر ئەم ڕچەیەدا کە تاو لە دوای تاو تاریکتر دادەگەڕێ و سەر لە ناشوێنێکەوە دەردەهێنێ. دەبیتە هەور، دەمکەیت بە وشکانی، جارێ، لە نیوەشەوێکدا، بە تاوەبارانێ نامدوێنی، نایەیت بەرەبەیانی ڕۆژێ بە برووسکەیەک بێدارم بکەیتەوە. لە ئاسۆی تەماویی شاردا بۆت دەگەڕێم، لە دێرەشیعرێکی داگیرساودا دەتبینمەوە هەڵمێکی ڕەنگداریت بە هیچ دەوەنێک و بە چڵەپۆپەی هیچ دارێکەوە ناگیرسێیتەوە. چاوەڕێت بووم ناوی خۆت لەسەر پەڕەی گوڵێکی ناو ئەم ئینجانە درزبردووە بنووسیت، شارێک و نیشتمانێک بە بۆنوبەرامەی یادت لە قەفەسی بێدەنگی بێنە دەرێ. دەبیتە چڵێکی سەرکێش ئاوڕ لە درەختێ نادەیتەوە تاسەباری دیدارتە، دارستانێ ناهێنیتەوە بیری خۆت نشیمەنی پەپوولەکانی حەز و ئارەزووتە. ئەم بەردەڵانە بنجێ گوڵی دیکە ناگرێتە خۆی، خۆڵەمێشی ئەم ئاگردانە ڕێ نادات ئەسکڵێ ببێتە عاشقی گڕ. دەبم بە گڕ لە بازنەی بلوورینی خەیاڵت دەئاڵێم، نیگارێکت دەکێشم فریشتەئاسا، نیگای بێگەردی مەریەمی پێوە بێ. دەبم بە چرا، گوێلێ تیشک دەپرژێنم بەسەر یەک بە یەکی دەوەنەکانی سەر ڕێگاکەتدا. هەنگاو بنێ، بەسەر مێرگی ڕۆشناییدا وەرە، قۆزاخەی تریسکە بچنەوە، ئەم تاریکییە، ئەم تاریکییەی ناهێڵێ لە دوورەوە بە دیت بکەم، وردورد ببڕە، وەرە و لەم

بەندەرە چۆڵ و وڕاق و تاریکەدا ببەرە فەنەرێک، ببەرە
ڕووناکیخانەیەک کەشتییەکی تێکشکاو ڕووت تێ
دەکات.

٢٠٠٥-٢-١٨

ڕەشاییی نەزانینە، پەڵەپەڵە، بە ئاوێنەی دڵەوە گیرساوە
گۆژمەتیشکێک بە سەرسامی لە کێڵگەکانی گەردوون
ورد دەبێتەوە: بۆن و بەرامەی دەوەنی ڕووناکییە لە
درزی ڕەشاییی شەوگارەوە، هەموو زیندەوەرێک مەست
دەکات. ئەم ڕەنگانە نەخشی تەخت و بەختی
مەیخانەکەی دوێشەون، بۆیە وا چاو فریو دەدەن، بیر
دەئاڵۆزکێنن و کرۆکی دڵ دەدوێنن.

دەست بۆ بشکۆژی ڕازێ دەبەم، دەڵێم ڕەنگە جارێ
ئەم ڕەنگە داگیرساوە خۆیم بە ڕووتی پێشان بدات،
دەبێتە پشکۆیەک سەرپەنجەکانم دادەگیرسێنێ، دەبنە
چەپکێ چرا بە دەم تەزووی ژانەوە دەکوژێتەوە. لە
خەیاڵی کام ئاوێنەدا بۆ گەردەی پرشنگی ناوت
بگەڕێم؟ لە چۆڕاوگەی کامە باران پرسیاری بناوانی
هەور بکەم؟ لە دڵی تاوێری گومانەوە، باوەڕ، دڵۆپ
دڵۆپ، دەتکێتە خوار.

لەنێوان ئاو و ئاگردا ڕامدەگری، پێم دەڵێی نەکەی
پەنا ببەیتە بەر خەیاڵی تاڤگەیەک، ئەو برینانەت بە
هەناسەی گڕ سارێژ نەکەیت! نا... برینی ڕۆح لە
خەندەی ئەم زەوییە کۆنترە و لە ژانی گەردوونیش
بەسوێتر. ژانی ئاوریشمی ڕۆحە دەیدەی بەسەر
دڕکەزیی گوناهدا، لە خومخانەی ئارەزووەکاندا
هەڵیدەواسی.

ڕەشاییی نەزانینە، پەڵەپەڵە، بە ئاوێنەی دڵەوە
گیرساوە؛ نایژمێرم. دەزانم هەموو ساڵانی تەمەن
گیرۆدەی دەردێکم بە دوردی پیاڵەی ئاشنایەتی،
مەگەر، چارەی بکەم. چاڵی مەرگە بەردی تەمەنی تێ
دەکەوێ، هەتا دەڕوا هەر زرنگەی دێ، ناگاتە جێ.
دادەچڵەکێم، ئەمە خشەی باڵی ڕۆحە سەر هەڵدەگرێ؟
یا زەنگی کۆری مەینۆشانە دەڵێ: جامی ژەنگاویی
ژینت بڕێژە، مەینۆشە؟!

سۆڵلەنتونا ٢٠٠٤-١٠-١٠

# بیست و پێنج ڕۆژ

ئەدۆنیس
لە عەرەبییەوە: جەلال زەنگابادای



(١)
بە ئێشەکانییەوە، بەپاژە هەلاهەلاکانییەوە
لە (غەززە)دا دەشەپۆلێتەوە،
(سوور) دەبێتە خوشکی (١)
میناک لە ئەفسانەکانی وێناکراوە
(بەیرووت)یش –هەوێر شێل بەپزیسکێن کراوە
دەبێتە خوشکی (٢)
دەشەپۆلێتەوە، هەڵدەچێ و
سەرزەمینی بەسەر دەپەڵپەڵێنێ

(٢)
لەمەڕ زارۆکەکەی دەپرسێتەوە:
کوانێ؟ چی؟
بەرسڤ ژیلەمۆیە
مشتە ئاخێ لە شوێنەکەی هەڵگرت، دانەوێ
ماچیکرد و
بەسەریا گریا
لەنێوان ئەم ئاخە و مژۆڵەکانیا
پەیمانێکی خۆشەویستی و بەڵێنێک هەیە

(٣)
ئەڤ قوماشە لابەن لەبانی
ئەم رووپۆشە لابەرن لەسەر هەدامەکانی؛
رووی خۆی سپاردۆتە ئاسمان

(٤)
ئاخۆ بۆ وێرانەئاخمان
دەگەڕێینەوە و ڕابەریش کتێب بێ؟

(٥)
وێنەی بوولێڵە دەکێشێن
چوخمە بە چوخمە رۆچییە
رووناهی واقیوڕمایە
رووناهی دووچاوی ژ داماوییە

(٦)
چۆن؟ (نییە جیاوازییە
هەرچەن دابەزی و هەرچەن هەڵچی)
چۆن پێکڤە ڕێکەین و
هەڤاڵێ یەکدی بین بۆچی؟
نە ڕێگاکە ڕێگایە،
نە تۆش تۆی

(٧)
ئەڤە هەتاوە داماوە
هەڵترووشکاوە؛
جا بەهار هەمرە چ بڵێ
لە زمستانا بە زارۆکێن وی؟

(٨)
ئاسن دەنووسن، منیش سروودێ
دەنووسم لۆ زارۆکێتی
ئەی (مەی)! (٣)
ئەڤ ئێڤارەیە
ڕووناهی لە ماڵا دامەگرسێنە؛
ئاسن منەمان دەکا و دەپشکنێ
پەلامارمان دەدات
گڕکانەکەی دەتەقێنێتەوە و
هاماج دادەپۆشێ

(٩)
نییە نوێنێ؛
دەهەر چۆنێ حەزتە بمبە، وەلا برازێ
ئا لەم گۆیە داماوە
کوێوە بچین، دەسا؟ ڕێگایە نییە
کەچی
وا بۆردوومانە،
ئەیە دۆزەخە–
سەرشێتە، خولاوە

(١٠)
بۆ ئاسمانە،
لەوەی نووسویەتی ئەڤ ئاسمانە
ئەفسانەکان دەپژێن
خواوەندیش تازیانەی مێگەلەیلی دەدا:
کەشتیگەلێکی ڕەوانن لەبان پشتی ئەم (با)یەدا

(١١)
ئاسۆیەکی داخراو، تەسکە
ئاسۆیەکە ئەڕا مشەختی
جگە لە دارخورمایە هاوڕێیەکم ناوێ؛
ئاهـ دارخورمایەل چەن بەخشندەن!

(١٢)
ئەوە ئاوە دەگری
(با)ش بەزەیی دێ و
برژانگەکانی دەسڕێتەوە

(١٣)
لەشێک لە گڕدا بوەژاوە
گڕێک لە ژیلەمۆی لەشا
شکاری خواوەندی سەرمەد ئەکا

(١٤)
داخۆ دەتانەوێ سەڵاو بخوێنم
لە ڕەهەندی ئەی کەلاکە مرۆییانە
لە سامناکیی ئەڤ تێکشکاوانە؟

(١٥)
لەهیچ ناهزرێم
جگە لە ئاشتی
کەچی جگە لە جەنگ هیچ نابینم

(١٦)
نانوێژم بۆ هیچ جەنگێ
پیرۆز ناکەم هیچ کوشتنێ
هەرگیزیش پیرۆزبایی ناکەم لە سەرباز گەلێ
بەسەر پاژە هەپروونەکانی گەلێ
لە خۆشییا سەمادەکەن

(١٧)
ناتوام ماڵەکەم ببێتە قەلەڕەشێ
نامەوێ ببێتە دۆستی دەببابەیە
نامەوێ دەسەکانی بۆ (جن) درێژ و پانکاتەوە
نامەوێ دەرگاکانی ئەڕا هیچ جەنگێ واڵاکاتەوە
نامەوێ ببێتە بەیراخێ لۆ (فیرعەون)
یا (یەهووە)
– دەسا بیڕووخێنن
لەسەر وێرانەکانیشی بنووسن:
ئا لەمرەوە سەربازەیلی خوا تێپەڕیون.
ناخوازم ماڵەکەم ببێتە هیچ،
مەگەر خۆشەویستی و ڕووناهی؛
جا واوەیلاهـ!

**(١٨)**
**هێی مشتەختۆ!**
**کاڤ نییە لەسەر زەوی؛**
**مەگەر زەوی بکەیتە خۆشەویستی**

**(١٩)**
**وتی: «بەزەییتانبێ!**
**دەما مەرگم بمبەن-**
**کتێبەکانیشم لەژێر سەرما ڕاخەن**
**بیانکەنە سەنیاو**
**پێکڤە بمانناێژن**

**(٢٠)**
**زەمینێ- سولگییەکی(با)؛**
**سا چۆن هەمرە بنووسم؟ چی؟**
**ئاخۆ ئەوەی بنووسم کە دەمسرێتەوە؟**

**(٢١)**
**پاش ئەم پەڕاگەندەییە**
**جەستەم دەسپێرمە زامی خۆی**
**سەلاویش لە یاخیگەل دەکەم**

**(٢٢)**
**هەمرە ئێژمە گاڤم**
**ببێتە هاماجێ- برینەکانم چرایەلی بن**
**هەمرە دەخەبتم**
**دووچاو لەناو چاوانما بئافرێنم؛**
**بەشکەم ببینم**

**(٢٣)**
**وارێک خەریکە ناڤێ خوە**
**فەرامۆش دەکا**
**ئەی بۆ**
**گوڵە جووریيەک فێری کردم**
**چۆن لە کۆشێن (شام)دا بخەفم؟(٤)**

**(٢٤)**
**بکوژە و لە کوشتنتا فرەڕۆیە**
**ڕەنگێن ستران هەڵدەکێشێ**
**هۆ هۆزانڤانۆ!**
**مەپرسە**
**مەگەر سەرپێچی ئەم زەوییە بێدار بکاتەوە**

**(٢٥)**
**پاش ئەم پەڕاگەندەییە**
**هەمرە چبکەم؟**
**ئاوی گوڵێک بەم هێژ زیندووە؟**
**گەرچی خۆڵەمێشی بۆمبا گەلاکانی نوقم کردووە**
**هەمرە خۆڵەمێشەکە لادەبەم**
**ڕوومەتی ساودەدەم**
**وەل ئەی مەرکانە دووشان شکاوە**
**هەمرە لە نۆژەنەوە**
**ماڵمان ئاوەدانکەمەوە،**
**خۆشەویستیکەم و دەژیم**
**ئاری ئاشتی نییە جگە لە خۆشەویستی**
**خۆشەویستی نییە جگە لە ژیان.**

پاریس/ ئابی ٢٠٠٦

**ئاماژەگەلێ:**
١- شاری (صور)ە لە لوبناندا.
٢- لە (مؤاخاە)وە، کە لە زمانی کوردیدا برایەتی و خوشکایەتی دەگرێتەوە و لێرەدا خوشکایەتییە، چونکە (سوور) و (بەیرووت) مێینەن لە عەرەبیدا.
٣- (مەی) ناوی ئافرەتە.
٤- (شام)وڵاتی شامە و، ناوێکی تری (دیمەشق)یشە.

**فەرهەنگیلە:**
دەشەپۆلێتەوە: شەپۆلدەدا
میناک: هەروەک
دەپەڵپەڵێنێ: پەڵەپەڵە دەکا
ئاخ: خاک، زەمین
هەدام: ئادگار
چوخمە: تونێل
هەمرە: هاوواژەی (سووف)ی عەرەبییە
هاماج: فەزا
ئەیە: ئەمە، ئەڤە
بوهژاو: تواوە
نانوێژم: نوێژناکەم
ناتوام: نامەوێ
سەنیا: بالیف، سەرینگە
وار: نیشتمان، زێد
هێژ: هێشتا، هێمان
وەل: لەگەڵ
خۆشەویستیکەم: خۆشەویستی دەکەم

**ژێدەر:**
جريدة (أخبار الأدب) ع (٦٨٤) ٢٠ أغسطس ٢٠٠٦ القاهرة.

# قەرەنی جەمیل
# یان
# خاڵێک بە گەردنی کۆترێکەوە

جەبار جەمال غەریب

-١-

من نامەوێت کەسێک تەماشایەکی تابلۆکانم بکات و بێت ستایشم بکات، نا، من نامەوێت کەسێک جارێک بڕوانێتە ئەلبوومی تابلۆکانم و مەدحم بکات. من دەمەوێت کەسێک هەموو ڕەنگەکانم بناسێ و بەناو هەموو تابلۆکانمدا شۆڕبێتەوەو کەسێتییەکان کەشف بکات، لەو دیو هێڵ و سێبەرە تۆخەکانەوە گرێیە هەرە قورسەکان ببینێ و هەموو کارەکانم ڕووت، ڕووت کاتەوە، ئەوجاربێت بە تف و جنێو ئیهانەم کات و سەد شەقم تێهەڵدات، چونکە ئەو ئەلبوومە پڕ تابلۆو ڕەنگەی من، ئەلبوومی خەجاڵەتی و ڕیسوایی ئینسانە و ئینسانیش شایانی ئەو تێهەڵدانەیە

-٢-

ویستم دوا تابلۆی ژیانی خۆم بکێشم، دوا تابلۆ دەشێ وێنەی منداڵی خۆم بێت کە خرامە ناو سەبەتەیەکەوەو بە ئاودادراوم، هەروەک چۆن مووسایان لە سەبەتەیەکدا بە ڕووباری نیل دادا، دەتوانم هونەری خۆم لە ڕەنگ و چنینی سەبەتەکە پیشاندەم، نا دەشێ دوا تابلۆم گوڵێک بێت، تەنیا گوڵێک، فڕێدرابێتە ناوبەفر، دەشێ دوا تابلۆم ئەسپێک بێت بە ناڵی ئاگرینەوە، بێت و شارەکان وێرانکات، خۆشم لەشێوەی موورووە شینکەیەکدا بە ملی هەڵواسم، ئا، دەشێ دوا تابلۆم تەنیا وتەنیا خاڵێک یان هێڵێکی سیحری، یان تاکە فیگەرێک و یان هەموو دنیا بێت. خاڵێکم داناو گوتم ئەوە سەرەتاو کۆتاییمە. من لە خاڵێکەوە دەستم پێکرد و هەر هێندەی خاڵێکیشم لێدەمێنێتەوە. کارەکەم تەواوکرد و تابلۆکەم لە دوورەوە بەرانبەر خۆم دانا، تەنیا خاڵێک و بەس.

ئای کە جوان بوو، خاڵێک لەبەرچاوم دەجووڵاو گەورە دەبوو، خاڵێک شێوەی منی وەردەگرت و هەر لە شوێنی



خۆی بچووک دەبۆوە، بچووک بچووک. بچووک هێندەی کەشتییەک لە دووری سەد میلەوە تەماشای کەی.

-٣-

من پێشتر بەهەموو دۆست و برادەرەکانم گوتبوو کە دوا تابلۆی خۆم دەکێشم، ئەوانیش بێ ئەوەی سەرنجم بدەن، گـــوتبـــوویان؛ دوا تـابلۆ! مـنیش هەر بە پێی بایەخی ئەوانەوە گـــوتبـــووم؛ تابلۆیەک ژیانی هەمـــووتـان لە چرکەیەکدا ڕاگرێ.

تەنیـا یەکـێکیـان وەلامی دامـەوەو گـوتی؛ جـا ئەوە تابلۆیە، یان ژەهر.

دەچوومە هەر جێگایەک وەک «جەنازەیەکی سەفەری» بەلایاندا تێپەڕێ، جارێک بەرێز و حورمەتێکی بێڕەنگ و جارێکیش بەترس و دواتر بە قێزەوە سەیریان دەکردم. منیش لەوپەڕی شانازیمدا سلاوم لێدەکردن و دەستم وەک سێبەر و لەشێوەی سلاوکردن بەجێدەما. سەرەتا وەک ئەوەی بەڕاستی ژیانی هەمـوویانم کـردبێـتە خـالێکی بچووک، لە هەمـوویانم دەشاردەوە کە دوای ئەو هەمـوو ماوە دوورو درێژە توانیم تابلۆکەم تەواوکەم.

-٤-

لە هۆلێکی گەورە، لەشێوەی خالێکدا، کە هەر ئەویش تاکـە فـیگەری سـەر تابلۆکـە بوو لە چاوەڕوانیـدا بووم، بەرپرسێک لەوانەی دەسـتیـان سـەد هێندەی کـەللەیان قـورسـە، لەوانەی نیگایان سەد هێندەی خـوێنیـان تالە، پارچە قردێلە سوورەکەی ناوکمی بڕی و هاتە بەریێم. من وەکو خالێک بە تابلۆکەمەوە چووبوومە سەر ڕەنگی ئەو، دەســتم بۆ درێژ نەکــرد و بەسکرتێــرەکــەم گــوت. کــە پشـتێنێکی پان و ئالقـە گەورەی لە کەمەری بەسـتبوو، پێم گوت؛ وەلامی بدەوە.

ئەویش بەلێـوێک کـە هەندەی هەنگوتکێک سـوراوی تۆخی لێدابوو، لێوێکی هێندە ئەسـتوورکە تەنیـا خـودا دەیزانی ئەو کـچـە چۆنی بۆ هەلدەگـیـرێ، پێی گـوت؛ دەتوانی چاوەڕێ کەی.

ئەو هەروا مـــابۆوە، من لە شـــێـــوەی خـــالێکدا لە بەرانبـــەری بووم، بەدووچاوی بەتال و نیگایەکی وەک خەنجەرەوە تەماشای کردم، منیش هەر لەشێوەی خالێکدا شـێوەی ئەوم وەرگـرت. بەهەمـان تووڕەیی و ڕووترشـاوی لەودیو نیگای سکرتێـرەکەمـەوە بێدەنـگ مامـەوە تا ئەو بێزاربوو، ئەوجار زۆر بەتووڕەیی شەقێکی لەو سینییە سێوە زەرد و سورانە هەلدا کە لەوێ بۆ ئەوە دانرابوون بۆن بلاوبکەنەوە.

-٥-

چەند قوتابییـەک بەلامدا تێپەڕین، بێ ئەوەی بمبینن و تەمەنی درێژی قـوتابیـەتیم لەگەل خۆیان بەرن. هەندێکی دیکە دەیانڕوانییە وێنە پڕ ڕەنگ و پڕ شەوقەکانی دیکە. کچێکی وردیلە لەوانەی هەر هێندەی زەنگیانەیەک دەبن، زەنگیـانەیەک بە ڕەنگی ئاو، زەنگیـانەیەک ڕەنگی ئەو شوێنە بگرێ کە دەکەوێتە سەری، لەبەر دەمم وەستا، بەو بالا بچووکەیەوە، وەک خۆی بەرزکاتەوەو لێوەکانی وەک خونچە لێکات و چاوی بنوقـێنێ تا مندالێکی خەوتوو ماچ کات، هەر ئاوا ڕێک و بلند، بلند وەستا.

منیش، تەنیـا و تەنیـا خـالێک، خـالێک بە تەوێلی تابلۆیەکەوە.

کـچـە لە منی دەڕوانی، ڕوانینێک تا قـوولایی، من دەترســـام لە قـــوولایی مندا بخلیـــسکێ، دەترسم بەرشـووشـەیەکی شکاوی ناخم بکەوێ و لێـوی یان هەر شوێنێکی دیکە بریندار بێت. دەترسام ئەو هەمـوو عـەیب و عـارانەم ببـینێ، ئەو هەمـوو شـەرم و تەربق بوونەوە وترسنۆکـیـانەم ببـینێ. ئەو قـســە ناکـات و لەکـاتی زەردەخەنەیەکی بێباکدا دەستیم بۆ درێژ دەکات، من تا ئەوکاتە، نازانم ئەو بە چ عەقلێکەوە دەست بۆ کەسێک درێژ دەکات کە تەنیا خالێکە، خالێک بە قەلەمی فەحم. با بچـووک بم و با تەنیـا خـالێک بم، با مندالەکـان تەمـەنی مندالـیمـیـان فڕێدابێ و قـوتابییـەکان گـوێیـان نەدابێتە ئەو هەمـوو سالانەی بە قوتابیەتیم بردەسەر و با گەنجەکان بۆنی گەنجی منیان فڕێدابێتـە بەرباران. نابێ دەستی کـچێک هەروا لـە هەوادا بهێـلـمەوە، من دەسـتم درێژکـرد، نـازانم من وەک خـالێک دەسـتم هەبوو یان نا، بەلام خۆم درێژکرد و دەترسام لەوبەرزییەوە، بەرببـمـەوە، پێکەنینم بەوە دەهات خـــالێک لە چ دەترسێ کـــە بەربێـــتـــەوە، پێکەنینێک وەک زەردەخـــەنەی کـــچـــە زەنگیانەکە بێباک.

-٦-

من کـە وەک خـالێک دەژیام سـارد بووم، لەو بەفـرانە ســـاردتر تا کـــۆتایی بەهار بە تەوێلی شـــاخـــێکەوە

دەمــێننەوە. بە ڕادەیەک خــۆم شــۆڕکــردەوە بەردەســتی بکەوم، بەردەســتی کــەوتم و ئەو خــاڵە بچــووکــەی بە قــەڵەمێکی قەرەنی جەمــیل کــێشــرابوو، ئەو قــەڵەمــەی هونەرمەندەکان پێی دەڵێن فەحم. برووسکەیەکم تێگەڕاو کەوتمە تەنیشت کچەی بچکۆلە. دیتم هێندەش بچووک نیم، هەر ئەوەندەی ئەوم، خــودایە! کــەس نازانێ چەندە دڵخۆش بووم، ئێمــە دەستی یەکتــرمان گــرتبوو، گــوتم؛ دەبێ بە چەند ساڵ بگەینە ئەو سەری هۆڵەکە؟

ئەو گوتی؛ لە بچووکیت مەترسە، دنیاش بچووکە ئەی خاڵی سەر گۆنا.

هەردووکــمــان لەناو دەســتــمــانەوە پێکەنین، خــاڵی سەرگۆنا بەو گەورەییە.

دەمویست خاڵی سەرگۆنای کچێک ببینم، یان خاڵی گەردنی کوڕێک. ئاخر ئێمە دەمانتوانی تەنیا یەک شت بین. کــە دەست بووین، ئیــدی دڵ نابین. کــە دەبوینە دڵ ئیدی دەستی یەکترمان پێنەدەگیرا.

گوتم؛ چۆن بێ دڵ بین؟

ئەو گوتی؛ دڵ چییە؟ دڵ لە زمانی سەگ زووتر بۆگەن دەکات من حەزم دەکرد دڵ بین و باکمان بەوە نەبێ بۆگەن دەکا، یان هەرگیز بیر لە بۆگەن کردن نەکەینەوە.

ئەو دیســانەوە گــوتی؛ دڵ بە قــســەیەکی لە ئێــمــەش بچووکتر بۆگەن دەکات.

ئەو دیســـانەوە گـــوتی؛ دڵ پێش ئەوەی بمرێ بۆگـــەن دەکات.

من گــوتم؛ ئەی ورترین کــچی دنیــا، من بەو ســەرەوە خاڵێک بووم. خاڵێک بەدەست و دڵ و ڕۆحەوە، خاڵێک سکرتێــرێکم هەبوو تەنیــا ئاڵقــەی قــایشــەکــەی پشــتی چوارسەد هێندەی ئێمە دەبوو.

ئەو گوتی؛ ئەو کچە زۆر لە من بچــووکــترە تۆ جــارێ نازانی، تۆ بەو سەرەوە تەنیا بۆیاغێک بووی.

من گــوتم؛ بۆیاغی چی؟ قــەڵەم فــەحم بــووم، فــەحم قەرەنی جەمیل کێشابوومی.

ئەو گــوتی؛ قــەڵەم فــەحم بیت و قــەرەنی جــەمــیل بتکێشێ، بە هەناسەی قالۆنچەیەک دەسڕێیتەوە.

من ویستم بڵێم قالۆنچەو خاڵ خاڵۆکەم بیرکەوتەوە، خاڵخــاڵۆکە بەو ڕەنگە پرتەقاڵیــیە پڕ ڕەونەقــەیەوە، بەو باڵە سەدەفەیەوە.

گــوتم؛ خــودایە خــاڵێک بیت لەســەر ئەو باڵە ســەدەفــە خۆشترە یان خاڵێک بیت لەناو حەشاماتی دنیا!

کــچــەی وردیلە، کــە ئەوکــاتە تــەنیــا دوو دڵ بــووین و بەس، دوو دڵ بێ چاو و بێ دەست و بێ لێو، گوتی؛

– تۆ هەرگـــیـــز نازانی بوونە خـــاڵێک بە باڵی خاڵخاڵۆکەیەکەوە چ بەدبەختییەکە، بوون بە خاڵێک چ خۆشییەکە، بۆ ئەبەد خاڵ بیت.

من گوتم

– خــاڵێک لەســەر ئەو باڵی ســەدەفــیــیــە، خــاڵێک هەمیشە لەسەفەردا.

ئەو گوتی

– تێگەیشتم، ئەوە تۆ هەر بۆ خۆت خۆت کردە خاڵێک بە تابلۆیەکـــەوە، ئەوە تۆ بووی خـــۆت دایە دەســـتی هونەرمــەندێک بیکاتە بەشێک لە ســەرکــێشــیــیــەکــانی خۆی.

ئێــمــە تا ئەوکــاتە دوو دڵ بووین، دوو دڵ و بەس، من گوتم

– لەو سەرکێشیــیە گەڕێ. لە حیکمەتی ئەوە تێناگەم، دڵ بم و دەست نەبم، لێوبم و چاو نەبم.

ئەو توند دەستی گــرتم و دڵ بوونی لەبیــر بردمــەوە، لە پێوەندی نێوان پەنجەکانیدا تواندمییەوە.

من گوتم

– بە ڕاستــمــە دەمــەوێت وەختــێک دەستم دەگــری دڵم لێبــدات، وەختــێک دڵم لێدەدات چاوم. ببریسکێــتەوە، وەختێک چاوم دەبریسکێتەوە بەخۆمەوە هەموو تابلۆکانی قەرەنی بکەمە خۆڵەمێش.

ئەو بە پەلە گوتی؛

– وریابە ئەو پێــڵاوە ڕەشــە قــورســە پانت نەکــاتەوە، دەستم بگرەو خۆت هەوڵدە، هەوڵدە لە دەستــتــدا بژیت، دەست زۆرە، هەموو گەنجی ئەوشارە لە دەستیاندا دەژین، هەمــوو نزاکــەرەکانی ئەو شارە بــەدەستــیــاندا هەڵدەفــڕن. دەست زۆرە، پەنجــەیەک باریک و کــورت و پڕ خــوێن، پەنجەیەک درێژ و کارامە، کەڵە مووستێک بۆ بەرگری و پەنجەیەکیش بۆ بیرکردنەوە.

-٧-

با هەر خــاڵێک بم، بێ بەرگــری و بیــرکــردنەوە و بێ خوێن. با لە هەمــوو کوشتنەکانی دەست بە دووربم، با لە هەمــوو غــایەلە شــەیتــانییــەکــانی مێشک بێ ئاگا بم، بۆ پەنجــەیەکی پڕ خــوێن بم، من لە ترسی خــوێن، خــوێن و بەس بوومە خاڵێک.

کــچــه وردیله توونـد گــرتبــوومـی، هەر لە شـێــوەی دەســتــێکـمـدا خــۆم هەڵداو حەزدەکــەم بگەمــەوە سـەر تابلۆیەکـەم، بگەمــەوە مــاڵەکـەم و خــۆم بە ڕووکـاری بنووسـێنمـەوە. خەریک بوو بە گـڕی جگەرەیەکی بۆن و ڕووحکوژ بسووتێنم، کچە گوتی؛

– تۆ ئێستا تێدەگەی، ئەو پیاوە لەوکاتەدا کە خەریک بوو بمانسـووتێنێ، دواتر پانمان کـاتەوە نە دڵ بوو، نە دەم و نە مێشک تەنیا پێڵاوێکی پان و ڕەش و قورس بوو، خودی ئەو پێڵاوەکـەی بوو، قـەیتـانـەکـانی، کـونەکـانی، کـونێک بۆ بیـرکـردنەوەو کـونێک بۆ خـۆشـەویسـتی و کونێک بۆ پانکردنەوە.

من دڵم بەو قسەیە خۆش بوو، گوتم

– کـەواتە کـاتێک قـەرەنی جـەمیل منی کێشا تەنیـا دەست بوو، تەنیا چەند پەنجەیەک بوو.

ئەو گوتی:

– نا تەنیـا قـەڵەمـێکی فـەحم بوو، نەچاو بوو نە دڵ و نەدەست. ئەو وەختـێـک تابلۆش دەکـێشێ ئیـدی دەبێـتـە فلچە، فلچەیەک جارێک شین و جارێک سوورو جارێک خەنەیی و زۆر جـاریش قـاوەیی. ئەوکـاتانە نە چاوەو نە دەستەو نە عەقڵ تەنیا و تەنیا بۆیەیە، بۆیە.

گوتم؛

– کــچێ، بۆیەی چی؟ ئەو گــەورەترین شـاعــیــری ئیـسـپـانیـا دەناسێ، ناوی هەمـوو درەخـتـە تەنیـاکـان دەزانێ، ئەندازیارەکـانی مـۆزەخـانە، مـاسـیـیـەکـانی ئوقیانووسەکان وەک یەک نامەی بۆ دەنێرن و ئەویش...

ئەو خێرا گوتی

– ئەویش تەنیـا وتەنیـا لە ڕێگای بۆیەوە دەیانناسێ، تۆ دەڵێی چی؟

بۆیە نەبێ قەرەنی جەمیلەکەی تۆ هەر هیچ نییە هیچ،

من زۆر نیگـەران بووم، کـەسـێک بتـوانێ بە نووکـە قەڵەمێک لەو دنیا پڕ درۆیە ڕزگارم کات، لەودنیا هەزار دەموچاوە بمهێنێتە دەرێ، کەسێک کە ئەو نەبایە هەرگیز من ئەو کچە وردیلەم نەدەناسی چۆن ئاوا باسدەکرێ.

ئەو بە تەوسەوە پێکەنی، بێگومـان لەناو دەسـتەکـانمدا پێکەنی، گوتی

– ئا، ئەو تەنیـا ڕەنگ و بۆیەو باسـتـیلە، هەر بە بۆیە دنیـا بەوشێوەیەی کە خۆی حەزدەکات دەگـوازرێتەوە سەر تابلۆ.

-٨-

بزمـارێک لە دەستی کەسێک پەڕی و وەک ناپاڵمێک لە تەنیشتم کەوت، ترسام و ڕاچڵەکیم وگوتم

– چ بزمارێکی کوشندەیە!

ئەو گوتی

– نا، ئەو بزمار نەبوو تۆی ترساند ئەو تەنیا دەنگێک بوو. ئەو پیـاوەی کـە دایدەکـوتی تـەنیـا چەکـووچ بوو، چەکووچەکە دڵی بوو عەقڵی بوو، چاوی بوو، ئەو پیاوە بۆیە نەبوو، چەکووچ بوو

من گوتم؛

– چ سەختە بوون

ئەو گوتی؛

– لەو سەخترە گەورە بوون.

من گوتم؛

– با ببم بە خــاڵێک، خــاڵێک بەســەر باڵی پەپوولەیەکەوە،

خـاڵێک لە قـووڵایی دەریا بەپشـتــە ملی بەردێکی شینەوە،

من گوتم؛

– با ببم بە خـاڵێک، خـاڵێکی کـاڵ بە گــەردنی مـریشـکێکی کـونجـەوە، خـاڵێک بەشـەمـامـەیەکەوە لەو دەشتی هەولێرە.

کچە گوتی؛

– ئیـدی تۆ ئێـسـتـا خـاڵێک بووی، خاڵێک بووی بە ڕووکاری تابلۆیەکەوە، خاڵێک بووی بۆ تەماشاکردن. تۆ خــاڵێک نەبووی بۆ ژیان، تۆ خــاڵێک نەبووی بەبرۆی شەمامەیەکەوە ئاونگ دەردەی.

من بێ ئەوەی هەست بکەم ببــوومـە تەنیـا دەنگێک، دەنگێک لە دەمێکدا کە من هەرگیز ڕوخساریم نەدیت، بەو دەنگەوە وتم؛

– من پێشـتـریش شتێک بووم بۆ تەماشاکردن، شتێک بووم بۆ جەفەنگ و یاری. من پێشـتـریش نە ژیام، تەنیا بۆ ئەوە هەبووم کە مانا بە بێ هودەیی ژیان ببەخشم.

– کەواتە تۆ بەخشندەیەکی بێ دڵ بووی.

من بۆ لەحزەیەک وازم لە سروشتی «بەخاڵ بوونی» خۆم هێناو گوتم

– من پێشـتـر ئینسـان بووم ئینسـان. من کەی بەخشندە بووم، من بەمێگەل مەڕ و مـانگا و بزنم سەربڕیوە، من لە وەختی ئاو خواردنەوەدا سیرەم لە کۆترو کەو گرتووە، من

ئاسکم لەکـــاتـی زایندا ئەنگاوتووە، مـن کـــەی بەخشندەبووم، گـای سـەدان کـیلۆم لەو قـەسـابخـانەی سلێمـانیـدا بە تەور، بەڵێ دەیان تەورم لەسەری داوە تا گێژی کەم و بیخەم و سەری برِم. بەخشندەیی چی.؟ من ئینسـان بووم شێتی خوێن، خوێنی گەرم وەک چای سەر ئاگر. من باڵندە نەما سەری هەڵنەقەنم، من ئامادە بووم چەندان سـەعـات وشـەو لەوپەرِی سـەرمـاو بەفـروتۆفـدا لەودیو سیپەکەمەوە چاوەرِێی قورینگێک یان خراوییەکی کـێـوی هەزار رەنگ بکەم و بیکوژم و هەمـوو رۆژە پرِ سەقایەکانی تەمەنی لێبدزم، بەڵام نەمـتوانی بۆ تەنیا شەوێک، بۆ چرکەیەک بەهەمان هێمنی پشتی سیپەکەم گوێ بۆ دڵێکی بریندار یان هەناسەیەکی ساردی تەنیایی هیچ زیندەوەرێک بگرم.

ئەو هەنگاوێک، هەنگـاوێکی دوور، هەنگـاوێکی تیشک لێم دوورکەوتەوەو گوێم لێبوو دەیگوت؛

– لە خـاڵێکدا، خـاڵێک بە تەوێڵی تابلۆیەکـەوە، خاڵێک بە قەڵەمی فەحمی هونەرمەندێک و ئەو هەموو کوشتنە.

–٩–

خـاڵێک و بەس، هەمـوو بەلامـدا تێـدەپەرِین، ئەو بەپێـڵاوێکەوە کـە لە بازارِە هەرە گـرانەکـانی پاریس کرِیبووی، ئەو بەو هەموو بۆنی نینۆکەوە، هەموو بەلامدا تێپەرِین بێ سڵاو و بێ زەردەخەنە، من هەروا لەوپەرِی تەنیاییمدا وەک دووکەڵی جگەرەیەک بە لا دیوارێکەوە نووسابێ، یان هەناسەیەک لە دوا حەسرەتی خۆیدا لەسەر رِووکاری شووشەی پەنجەرەیەک مەیبیێ.

دەمـدی تێـدەپەرِن، رِێچکەی هاورِێکانم، رِێچکەی هاوپۆل و هاوشـار و هاودەردەکـانم. دەمـدی بە بەردەممدا تێدەپەرِین بێ ئەوەی یادگارەکانم و رِۆژەکانم بدەنەوە، بێ ئەوەی چرکەی ساتەکانم بکەنەوە دەست، دەستیان کە پرِ بوو لە بۆنی پێستی من، دەمیان کە پرِ بوو لە هەناسەی من، رِۆحیـان کە پرِبوو لە ئەفسـوونی من، دەنگیـان هەر نـاوی تەواوی من بـوو، کـــە هەر ئاوازو نەبرەی من بـوو بردبوویان، بردبوویان و منیـان لەو بەرزییـەوە نەدەدی کە هەر لە شـێـوەی خـاڵێکدا، خـاڵێک بە قـەڵەم فـەحم کێشرابێ بۆم دەرِوانین.

ئیدی دەستێکم نەبوو بۆیان درێژکەم، دەستێکم نەبوو دەستیـان بگوشێ و لە باوەشیـان کـات. دەمگوت «ئاخر دەســـتی من بۆنی کـــوێتی پێـــوە نەبوو، بۆنی لێـــوو پەناگـوێت، بۆنی بن باڵ و پەنجـە گـەورەی پێت. لێـوم کـوێتی لەگـەڵ خـۆی نەهێنابوو، دڵم لە کـوێتـدا لێی نەدابوو» من لەوسەرەوە، دەستێکم نییە بۆتانی درێژکەم، دەستێکم نییە هێندەی درێژکەم بەپێڵاوە پاژنە رِەقەکانەوە بەسـەری کـەون و منیش دڵ خـۆشـبم کـە لەسـەر دەسـتم وەستاون.

–١٠–

هەمـوو بەلامـدا تێدەپەرِن، بەچاوەکـانیـان، چاوە وەک گڵـۆپ و بە بریقەکانیان، چاوە پرِماناو پرِ عەشق و زۆر جـاریش خـۆڵەمـێشـییـەکـانیـان بۆ تابلۆکـان دەرِوانن. دەتریقـێنەوە و پەنجـە بۆ وێنەیەک درێژ دەکـەن، چەند رِەنگێـک مـانای داوەتێ، سـووری لێـوو خـورمـایی قـژ و پەمـەیی پێـست. دواتر دەرِوانن بۆ فـرِینی کـۆترێک لە پەنجەرەیەکی رِێکەوتدا.

فرِینی کۆترێک نەبێ کێ لەو هەموو مردنە بە ئاگادێت کە هۆڵەکانی شێوەکاری ئاخنیوە. فرِینی کۆترێک نەبێت کێ لەو هەموو بەندیەتییەی داگیری کردووە بە ئاگادێت، من گوتم، بێگومـان هەر بەخۆمم گـوت «چ کـارم بەوە بوو ببمـە خـاڵێک بە تەوێڵی تابلۆیەکـەوە، خودایە ئەی ئەو خـودایەی ئینسـانـت بەشـەرِ ئاخنیـوەو خـۆشـەویسـتـیت فرِێداوەتە نـاو دارو درەخت. ئەی ئەو خودایەی بەرائەتت بەخشـیـوەتە فرِینی باڵندەو درۆت داوە بە ئینسـان. ئەی ئەو خـودایەی بژێوی کـرمـێک لە قـووڵایی زەوی دابین دەکەیت و منداڵێکی هیندی لە برسان دەکوژی.

ئەی خـودای کـاری نەکـراو بمکە بە خـاڵێک بە گـەردنی کـۆترێکەوە، کـۆترێک رِۆژ تا ئێـوارە قـامیش کۆکـاتەوە، کۆترێک پووشکە بۆ بێچووەکانی بەرێت، کۆترێک دار بۆ مـێـرووله خنکاوەکـانی ناو رِووبار فـرِێدات، کـۆترێک هەناسەی عەشقێکی بەند لە دڵۆپە ئاوێکدا بگوازێتەوە.

خاڵێک بەچەندان پەرِ دروسـتیـان کردبێ، هەر تۆزێکم لە نووکی پەرِێک هەڵسورابێ. خاڵێک وەک فلـچەیەک لە ئاسمانەوە سەری پەرِەکانی بۆیە کردبێ.»

کۆترێک تێدەپەرِێ و من دەپەرِمـە گـەردنی، تابلۆیەکە بۆ هەموو پێکەنینە بێ مەعناو پرِ فێڵەی تەماشاکەران بە بەتاڵی جێدێڵم، بە بەتاڵی وەک دڵی ئیماندارەکانی دنیا لە گـوناه و لە ترس و لە پارِانەوە. خـاڵێک بەگـەردنی کـۆترە شـینکەیەکـەوە، کـۆترێک تۆرِوکـێـوی، ئەو جـۆرە

کۆترانەی لە تەمەنی خۆیاندا جارێک بۆ کەسێک ڕام نەبوون.

لەو بەرزیەوە، کە خەریک بوو لە پەڵە هەورەکان بخشێین، بە بۆنی فەریکە گەنمی دەنووکی تێر ببووم، هەناسەی گیا سەوز سەوزی کردبووم، لە دڵۆپە ئاوێکدا لە داوێنی هەورەوە ڕژا بۆ سەر دەنووکی زیندوو بوومەوە، لە گمەیەکی عاشقانەدا گەیشتمە خلوود، گمەی دوو کۆتر، گمەیەک بەتاڵ لەو هەموو عەشقەی لە ئینسانم بیستبوو، بەتاڵ لەو هەموو نامە عاشقانەی لە یەکتری دەستێننەوە. بەتاڵ لە بەڵێین و سوێند خواردن، بەتاڵ لە دوو دڵی و ترس. گمەی دوو کۆتر بەناو پەڕە بڵاوەکانیاندا تێدەپەڕی و لەسەر دەنووکی ئاڵیان دەنیشتەوە. چ بێتامە نامەکانی عەشقی ئینسان بۆ یەکتری، چ جەللادانەیە زەردەخەنەی موحیبەت، پڕ خوێنە ماچەکانی هەوەس و ڕیا و خۆشەویستی.

-١١-

خاڵێکم و دەنووکێکی ئولفەت دەملێسێتەوە، خاڵێکم و گەردنی کۆترێک بەرزی ڕاگرتووم، خاڵێکم و دەنووکی کۆترێکی مێیە بۆنم دەکات. لەو نزیکیەوە دەڕوانمە چاوی کۆترێک، چاوێک لە ترس و بۆنی مرۆڤ دووربێت. گەشت کردن بە چاوی کۆترێکدا لە وێنەی ئینسانی لە زەیندا نەماوە بەسە بۆ ئەوەی لە هەناسەیەکدا بۆ ئەبەد بژی. بێ ئەوەی هەست بکەم ئەو ماوەیە تەنیا چاو بووم، چاو بووم و بەس. ئێستا دەبێ هەڵبژێرم چاو بم یان هەناسە. گوتم؛

– با هەناسە بم

گوتم؛

– نا، چ کارم بە هەناسەیەکە بۆ حەسرەت.

گوتم،

– با، هەناسەیەک بم و بەس.

گوتم؛

– نا، چ لە هەناسەی غوربەت بکەم، من تەنیا و تەنیا غوربەت دەمکوژێ، من دەزانم دنیا بەسەر غوربەتێکی تاسەر ئێسقان تەنیادا دەڕووخێ. من دەزانم غوربەتی تەنیایی، تەنیایی مرۆڤەکانی کوشتووە، دنیای داگیرکردووە.

مرۆ تا دنیا دنیایە تەنیا و تەنیاتر دەبێ. تەنیای لە جووتە پێڵاوەکانمدا، تەنیا لە پەنجەی دەستماندا، تەنیا لە دە پەنجەی پێمدا، تەنیا لە پێستمدا گوتم؛

– نا، نامە هەناسە، من دەبێ ببمە چاو، چاوێک باڵ بێت بۆ فڕین و ڕەونەق بێت بۆ هەناسەو ڕەنگ بێت بۆ دنیا.

-١٢-

فڕینی دوو کۆتر لەودیو شووشەی پەنجەرەیەکەوە دەمبات، هەر بە هەوادا لە شێوەی خاڵێکدا دەمبات. وەک تۆپێکی شووشەی بچووک، وەک زەنگیانەیەکی ڕوون، لەسەر دەنووکیان یاریم پێدەکەن، هەروەک ئەوەندۆکە ئاسمانەی لە پەنجەرەکەم گیراوە، ئەو بەشە بچووکەی من لە ئاسمان مەیدانی سێرک بێت. دوو کۆتر لەو بەرزییەوە یاریم پێدەکەن. بۆ یەکترم هەڵدەدەن و لەسەر دەنووکیان دەمگرنەوە، من وەکو بۆیاغ بەسەر گەردنی یەکێکیاندا دەڕژێم، لە گمەیانەوە تێدەگەم ئەوانە پەڕوباڵ نین، تێدەگەم ئەوانە چەند ئێسکێکی بۆش و هەندێ خوێن و دڵێکی بچووک نین، نا من لە تەنگی چاویانەوە، لە شینی پێڵوویانەوە تێدەگەم ئەوانە پێست و دەندوک و ڕەنگی ئاڵی پەنجەکانیان نین، ئەوانە ئەو گیانداره زینداوانەی دەم با، تۆزێکن، ئەوەندەی تۆزقاڵێکن لە ئەوین، لە عەشق، لە خۆشەویستی و موحیبەت. نا گمەی ئەوان، ئەو گمە نەرم و بێدەنگ و کورتەی ئەوان ئەو هەموو سیمفۆنیا و نۆتەو مۆسیقایەی عەشق نین ئینسانەکان بەهەزاران و سەدان سەعات لەو پەڕی ڕیاو فێڵ و بەستەزمانیدا بۆ یەکتری لێدەدەن. نا گمەی ئەوان سۆزێکە، ئولفەتێکە، کەس نازانێ لە کوێی لەشیانەوە دێتە دەرێ و وەک دوو کرمی هەورین، وەک دووگەردی هەوابن تەقەڵ تەقەڵ بەنێو هەموو پەڕەکانی لەشیاندا گوزەردەکەن.

من بەو بچووکییەی خۆمەوە دەکەومە بەر ئەو بای عەشقە و هێندەی سەدەیەک لەزەت وەرگرێ.

من هەر لە هەوادا، لەو بەشە ئاسمانە بێ بنەی خۆم کە بەر پەنجەرەکەم کەوتبوو، لە شێوەی دڵۆپە بارانێکی کریستاڵ، دڵۆپێک هەر هێندەی ئەو خاڵەی قەرەنی جەمیل لەسەر تابلۆکە کێشامی، لە شێوەی دڵۆپێکی سپی، سپی و ڕوون لەسەر دەنووکیان سەما دەکەم و بێگومان لەسەر ئاوازی پەڕوباڵی ئەوان. ئەوان کە ئێستا کێشێکیان نەماوە ئیدی نایەنەوێ هەوا هەڵیانگرێ، هەر

لەسەر رووکاری ئەو عەشقەی بۆیان ڕاخراوە، هەر لەسەر بەهای بێ ئەندازی ئەو عەشق و ئەڤینەی ئاوی چاویان و پێڵووە شینەکانیانی داگیرکردووە، ئەو عەشقەی کە جگە لە سەمایەک لە نێو پەڕی یەکتردا، کە جگە لە سەمایەک لە دەنگی یەکتر هیچی دیکە نییە، دەفڕین. عەشقی ئەوان، ئەو فەڕشی ئەوینەی لە سەری دەژیان ئەو هەموو ئامێرو مۆسیقازان و کەمانچەو سازو سەنتوورەی نە دەویست، ئەو هەمـــــوو گـــــۆرانی و هاوار هاوارەی نەدەویست.

هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە دەشێ لەسەر دەنووکی لووسی ئەوان بخزێم و بەربیمەوە، تەنیا لەوێ بیرم لەوە نەدەکردەوە چاوم یان هەناسە، پەنجەم یان دڵ. لە یەک کاتدا دڵ بووم و پەنجە بووم، چاو بووم و هەناسە بووم، هەر لەیەک کاتدا لەزەت بووم و حەسرەت نەبووم، ئەوەش تەنیا هەست و وجوودی خاڵێکە، خاڵێک بە قەڵەمی فەحم بەڵام بە گەردنی کۆترێکەوە.

-١٣-

خاڵێک لەو بەرزییەوە، خاڵێک لەو تەنیاییەدا، من لێوێکم نییە جارێکی دیکە بانگت کەم، قەڵەمێکی فەحم، بەو پەنجە باریکانەی قەرەنی جەمیلەوە، کە دەستی دەیان کچی لەو ئیسپانیایە پێگوشیوە، ئەو قەڵەمە فەحمە منی کردە خاڵێک و دەم و لێوی لێستاندمەوە، بۆ هاوارکردن، بۆ بانگ کردن و سڵاوکردن، ئیدی ئەو وشانەی وەک فەرشێک، فەرشێک تەنیا لە ڕەنگی گوڵ دروستکرابێ، بۆ ڕادەخستی، فەرشێک هەتا نینۆکی پەنجەکانی پێتی تێدا ون بێت، ئیدی هەموو ئەو هاوارانە، ئیدی هەموو ئەو لەزەتانە لە خاڵێکدا توانەوە. ئیدی تەواو لێوێک نەمام لەو دەشتی خەون و بەهەشتە بتنوسێتەوە، ئیدی تەواو لێوێک نەمام ئەو هەموو خەت و هێڵ و بۆیەو سوراوەی لێوە تەنک و بچووکەکانتی برژێنێتە سەر. ئیدی من وەک لێوێک بۆ تۆ تەواو بووم. ئیدی گوێیەکانت هەرگیز بە سڵی تیتروسکەوە چاوەڕێ ناکەن دەنگێک، دەنگێک لە شێوەی هەناسەدا برژێتە سەریان. من نەبووم نا، ئیدی من نەبووم لەو قەرەنی جەمیلە باریک و سەد ڕەنگە بپرسە، بپرسە، ئا لەو بپرسە، ئەو بوو منی کردە خاڵێک بە تەوێڵی تابلۆیەکەوە.

* * *

خاڵێک لەوپەڕی لووت بەرزی خۆیدا، خاڵێک جارێک برژێتە سەرگەردنی کۆترێک و جارێک لە ڕەنگی خاڵخاڵۆکەدا ون بێت، ئیدی من چاو نیم، ئیدی من چاوێک نیم لە ناویدا بدرەوشێتەوە، ئیدی من چاوێک نیم لە ناویدا بفرێت و لەناویدا بژیت، تازە تەواو تۆ باڵایەک نیت بتبینم، من خاڵێکم، خاڵێک بە قەڵەمی فەحم، تۆ ڕازی نیت باڵات لەناو خاڵێکدا بێت، دەنگت لەناو خاڵێکدا بێت، ڕۆحت لەناو خاڵێکدا بێت. ئیدی تەواو من هەرگیـــز چاو نەبووم، چاوێک لە یەکـــەم هەوابوونت ئەوەندە گریابێت لێڵ بێت. ئەوەندە بگریێ تەمەن بشواتەوەو هەموو نامەکان ڕەشکاتەوە، چاوێک ڕەنگەکانت بۆ هەڵبژێرێ و گۆرانی پێستت ببینێ. ئیدی تەواو من خاڵێکم و بەس. تۆ ڕاستەدکەی خاڵێک بەو قەڵەم فەحمە، بەو بچووکییە چ دادێکی تۆ دەدات، من هەڵەم کرد و گوتم با خاڵێک بم بەلا لێوتەوە، با خاڵێک بم بە ڕوومەتتەوە. من گوتم لەوپەڕی گێلیەتیدا گوتم با خاڵێک بم نازانم بە کوێتەوە.

من ئیدی خاڵێکم تەواو، ناتوانم ئەو هەموو وشە جوانانەی تۆ بخوێنمەوە، وشەی ئەو نامانەی وەک خلیسکێنەی منداڵی بەسەریاندا دەخزێم، من ئێستاش نەمزانی ئەو هەموو وشانە لە کوێی لەشتەوە سەرچاوەیان دەگرت، من ئێستاش نەمزانی ئەو هەموو موحیبەتە لە کوێوە هەڵدەقوڵێ، تۆ ئەو دەم کانی موحیبەت بووی، هەناسەی زیندوو بوونەوە بووی، دەتتوانی خاڵێکی بێ بەهاو هیچ لەوسەری تابلۆیەکەوە زیندووکەیتەوە، من هەرگیز نەمدەزانی کە دەشێ هەروا بە هەناسەیەک ژیانیش لەوپەڕی جووڵەیدا بکەیتە خاڵێک و بەس.

**٢٠٠٧/٢٠٠٦/ هەولێر**

# وراديۆيا من ديسا دەست ب كلامان كر

چيا مازى
(توركيا)



وەكى نها بوو، وەكى خەونەكێ بووكو جەمسەيێن رەف ب روف، ب وێ هێبەتا سنجرى و لەيلان ل هەوا چێدكرن. خوە نێزى بنيا گوندێ مەكربوون. ئەز ل سەر خانيێ كو ژ مالامە رە وەكى بەرنگێ، بوون. هەتا وێ دەمێ ژى تو تێكليا من و وان جەمسەيێن رەش تونەبوو. تەنێ من، ترسا كو ژ چاڤێن چەند مرۆڤێن مەزن كو ل دۆرا من مابوون، دەردكەت و ل هەسنێن كێلەكا جەمسەيان دكەتن، تەماشە دكر.

چاڤێن وان زلامان وەكى ديندۆقێ دبرقاند و وەكى نەينكا دەستان پەحن بووبوون. زەريا كو د وەجێن وان دە و رجفاندنا تليكێن وانا ژ جغارێ قەمەر بوو بوون. زكێ منێ هەفت سالى ب زلاميا وان يا ئەز ل بەر سيا وان وەندا دبووم، دشەوتاند.

بێهنەك دن چەند هەڤالێن من ژى هاتن وێ دەرێ. هێ ئەز و هەڤالێن خوە باش ب ترسا بوويەرێ نەحەسيابوون و مە وەخت نەديبوو كو ئەم چەند پرسان ژمەزنێن خوە بپرسن، مەزنێن مە بوون پاريكەك نان و وندا بوون. تەنێ چەند پرس و پەرسڤێن دنيا فێم نەدكرن ژ دەڤێن مە، خوە ب خوە دەركەتن. پشتى بێهنەكە دن وان پرس و بەرسڤان، وەكى ساوەكێ، وەكى ترسەكە پڕ خۆف، خوە ل خوينا من قەوماند. ب ڤيرينا هەڤالەكى خوە، مە گشا ب واژە واژ بەرێ خوە دا مالێن خوە يێن نيڤێ د بن عەردێ دە.

زلامين جيران و ماليێن مە ل بن حەوشان و هەژكان پێلەدار بوو بوون.

ب لەپێن خوە ئاخ دوەرقلاندن . پستە پست و تەڤگەرا ب پەرۆش، چۆنگێن من سست دكر و هەى ئەز بەر ب دايكا من ڤە دەحف ددان. باڤێ من نە ل مال بوو، لێ قەومينێن د سەرێ باڤێ من رە دەرباس بووبوون، ژ دييا من رە ژى بووبوون فێر و تەجرووبە. جوداتيەك تەنێ ژ يا باڤێ من هەبوو ل سەر روويێ ديا من. ترس... ئەوسا... ترسەكە بێهەمپا. من خوە ئاڤێتبوو هەمبێزا وێ

ترسێ. وێ ژی ب دەستێن خوە یێن درجفی، بەدەنا من گوڤاشتە سەرهەڤ و ب سینگا خوە ڤە زەلقاند. رجفاندنا بەدەنا وێ، ژ من بوو بوو هێلکانەکە خوینا رەهێن من ژی دلڤاند.

پڕ دەم دەرباس نەبوو کو دیبیا من رادیۆیا دناڤا نایلۆنەکی دە ژ هوندر ئانی و خستە دەستێ من. تو تشتەکی کو فکرا ترسی تێ دە هەبوو ل مالێ تونە بوو ژ بلێ وێ رادیۆیێ. تەنێ ئەو رادیۆ وێ ببوویا بنپێکرنا بەدەنا دیبیا من. لێ وەکی ترسا زلامان، من فێم نەدکر کو چ ترسا وێ رادیۆیێ ژی هەبوو. چما وێ ئەو مرۆڤێن جەمسەیێ بهاتانا رادیۆ بگرتانا، ژ بۆ چ دیبیا من گۆت، «هەرە ڤەشێرە».

من نزانیبوو، ژ خوە دیبیا من بگۆتا «ژ تەرە ڤێ سۆلێ ژی ببە ڤەشێرە» منێ بگۆتا قەی پڕ ب مەترسی یە ئەو سۆل و منێ ببرا ڤەشارتا.

تەڤلی وێ رادیۆیا کو ب قاسی لەپەکی بوو، بەرێ من دا ناڤا رەزان. ما ئەرێ ئەز هەفت سالی بووم لێ ب قاسی کو ئەز تشتەکی قەدەغە ژبەردەستێ دەولەتێ خەلاس بکم، دیبیا من ئەز مەزن کربووم. چقاس گرانی دابوو سەر ملێ من وێ رادیۆیێ... وێ رادیۆیا کو جارنان زلامان ل سەر خانیان ددان بەر گوهێن خوە کلامێن رادیۆیا یێرەڤانێ گوهداری دکرن.

لێ ئەو رادیۆ ب من رە بهاتا گرتن... لێ کو وان یێن جلڕەش تەڤێ رادیۆیا من ب دەستێ من بگرتانا... تەقەز وێ ئەز و ئەو ژ دیبیا مە بقەتاندانا.

لێ پەڕێ گوند پیرەکەکێ ل حەوشێ بانگی یەکا دن دکر، دگۆت: «لێ لێ، گوند ڤالا بوویە، تو نابینی جەمسەیان بەرێ خوە دانە گوند. کەس دگوندە نەمایە.»

ل پێشیا من شافیێ عاشق، خوە و تڤنگا خوە راددا بن هەژکێن بەندا رەز. لێ ب من رە ئەو هێز و بڕیارا خوە ڤەشارتنەکە ب جھ تونەبوو. تەنێ من باز ددا و قەت ل دوو خوە نە دنهێری. ژ شافی دەرباس بووبووم و وی ژی قەت ل من نەپرسی. قەی ئەز ژ ئاپێ خوە زووتر دچووم کو ئەز گهیشتم وی و خالێ خوە. هنەکی هێز ب من رە چێبوو بوو و کێفەکە عەجێب و تاحلۆترشکی ژ وەجێ من دە دابوو دەر. هەر یەکی چفتەیەک د دەست وان دە و کەتن ماحسەرەیا پێشیا من.

نزانم لەشکەر ژ بن عەردێ دەرکەتبوون چ بوون؟ من دگۆت قەی ئەز بەری وان ژ گوند دەرکەتمە، لێ ل ناڤا رەز و دۆرا من تژە بووبوون.

تەنی شەوقەیێن وان یێن وەکی قالکێ کیسۆ تڤنگێن وان یێن بەرێ وان ب من ڤە کربوون بالا من دکشاندن.

ب رجفاندنا ژ سەرێ تۆتێ خوە هەتا بنێ پێیێن خوە رە، من رادیۆیا دناڤ نایلۆنێ دە دانی بن مێوا کو پەلێن وێ گش وەشیابوون. دەنگێ قیرینا ئاپ و خالێ من کو ل پش مەحسەرێ دهات، کەتە گوهێ من. ب وێ قیرینێ پەرتاڤێن من کەتن عەردێ و لیڤێن من دیسا دەست ب رجفاندنی کر. لەشکەران ژی تشتەک ژ من رە نەدگۆت، لێ ئەز بێهشی، ژ ناڤا وان و رەز دەرکەتم. دناڤا وان دە، کو ئەو ژی هەریەک ل سەر کەڤرەکی بوون، بەر ب گوند ڤە مەشیام.

ل سەر بێرمکا کو مە هەرڕۆ درۆ دلیست ب گورمکەک مرۆڤێن بیان رە ڕوو ب ڕوو مابوون. وەکی کو یەک بەدەنا من تێخە ناڤا مەنگەنەیێ. هەر چاڤەکی لەشکەرەکی وەکی درێشان ل دلێ من دخستن و وەکی هۆرسان ب سەر سەرێ من دە دهاتن خوارێ. من دگۆت قەی وێ ئانها بەدەنا من چەنک چەنک بکن. ل سەر خربەیێن پەڕێ گوند وەکی رەشێلەیان بەلاڤ بووبوون.

دەما کو ئەز نێزیکی کۆمکەکێ بووم، یەکی د ناڤا کۆمێ دە ب دەنگەکی ستوور بانگ کر: «هەلا وی زارۆکی بسەکینن، کا سیلەح ختیە کو.» ئەز نزانم گەلۆ ژ چ رە دگۆت، تو سیلەح ب من رە تونە بوو. قەی ناڤێ رادیۆیا من سیلەح بوو ئان وەکی سیلەحێ بوو.

یەک ژ ناڤا وان هات، خوە ب من ڤە زەلقاند و ژۆردە ل من نهێری گۆت، «کوڕۆ تە دەڤانچە ختە کو؟» ما قەی من کاربوو ب وێ بەدەنا خوەیی بچووک ل هێمبەر وی هووتی بەرسڤ بدا، یان ژی فەنەک بکرا. وی ب ترکی گوتبوو من ب کوردی گۆت: «دەمانچە تونەیە».

نزانم چاوا ژ دەڤێ من دەرکەت و ژ کو هینی ماندەکێ بووبووم، قەی ژ بەر من ب کوردی گوتبوو. ب چاڤێن خوەیی بەلۆق زق ل من نهێری و وەجهێ خوە ترشۆ مرشۆ کربوو. پرسا د دوویان ژی دەرەنگ نەما و گۆت: «نە ئانها تو چوویی، تە دەمانچە ڤەشارت و تو هاتی. دە ببێژە کا تە خست کو؟» گەلۆ من ب ترکی زانبوویا ژی وێ ئەو قاس ناڤا ب هێرس و من بترساندنا؟ نزانم، لێ ئیجار قەت من تشتەک نەگۆت و ئەو ترس و خۆف، ئەو رجفاندن، دچاڤێن من رە دەربوون. دەڤێ من کلیت بوو، چونگێ من ب جارەکێ سست بوون. من ل ئەردێ دنهێری و چاڤێ خوە دفرکاند. هێ من نزانیبوو وێ چ ب من بکن، چەند حەبێن دن ژی هاتن دۆرا من و ب هەڤ رە، دەڤێ تڤنگێن خوە ژۆردە بەر ب من ڤە کرن.

گەلۆ چما ئەو قاس دۆرا من گرتبوون، قەی منێ تشتەک ب وان بکرا؟ ئان ئەو ژی ژ من دترسیان، تشتەکیی عەجێب بوو.

ئەویٚ کـو لەشکەر ل دۆریٚ کـۆم بووبوون، دیسـا ب دەنگ سـتـوور: «بلا زوو هەرە بینە و وەرە!» ب ڤیٚ گۆتنێ رە ییٚ بەر من، بەریٚ من دیسا دا ناڤا رەزان و گـۆت «زوو هەرە، بینە وەرە!» تەڤلی گـریێ خـوە و گـێژبوونا خـوە، من بەریٚ خـوە دا ناڤـارەزان، دناڤـا لەشکەران، کو هێ ژی بن بەند و کەڤران ساخ دکرن رە دەرباس دبووم.. بێبرپار و ژهەڤدەکەتی. ئەریٚ هشێ من ل بن مێویٚ و رادیۆییٚ بوو، لێ ترسا وان قەت نەدهشت هشێ من بلڤە ژی.

لێ بەلیٚ ئێدی لەشکەرێن کـو ئەز د بەر وان رە دچووم ژی ژ من رە نەدگـۆتن تشـتـەک. هەر دچوو لەشکەر ژی کـێم دبوون. رییـەکـە بێـداوی، برێچـوونەکـە بێ واتە، هشـەکی زرنازۆقی. ئەز د ناڤـا بەندێن رەزان دە وەندا دبووم، دنیـایەکـە فـرەهـ لێ رێیـەکـە تەنگ ل پێشـیـا من بوو. وەکی بێـهش، بێـشـعـوور، پێێن من نە ب ئالی رادیۆییٚ لێ ب ئالیکی دن دە دچوون. هێسـر خـەلاس بووبوون ئێدی. مـەزەلۆقی سـەر چاڤـێن مـن و ئیـسـکە ئیـسـکێ دەست پێ کـربوو. من فـێم کـر کـو ئەز هەم ژ لەشکەران و هەم ژ رادیۆییٚ و هەم ژی ژ گـوند ب دوور کـەتم، ئێـدی کـەس ل دۆرا من خـویا نەدبوون. رەز ژی تونەبوون. کـیـژان دەمێ و چاوا ئەز هاتبـووم ویٚ دەرێ، نزانم. من نزانیبـوو ئەز ل کو مە ژی. بەلێ، بەلێ.. ئەز وەندا بـووبووم. ئەو دەرێـن کـو ئەز لێ دگـەرپام قـەت نە غـەریب بوون، لێ هشێ من نەدهات سەر هەڤدو من تێ دەرمەخست کو ل کو مە. من نزانیبوو ڤەگەریاما ژی. لێ ژ ئالیکی دە ژی دەما دبەتلیم، روودنشـتم. کو من خوە رەحەت دکر ژی برێ ڤە دچووم. هەتا کو چەم هاتە پێشیا من و سەرێ سەوالان ژ من ڤە خویا بوون، من فێم کر کو ئەز گـەلەکی ژ گـوند ب دوور کـەتمە. من لێ نهـێری کـو ئاپێ من ل بەر پەزە و دناڤـا کـولاڤێ خـوە دە خـوە دایە بەرۆژکێ تاحتەکێ.

ئەز هێـدی هێـدی بەر ب پەز ڤـەچووم. گـری سـەکنی ئێسکە ئیسـک ب تەقلان دهات و فەدی و ترس دەمێن خـوە ییێن داوییٚ دبهـارتن ل بەدەنا من. ئاپێ من ژی ب من حەسـیـا، رابوو بەرب من ڤـە هات و بانگی من کـر، گـۆت، «تو ڤـان دەران ل چ دگـەری لاوۆ؟» پشـتـی ڤـەگـۆتنەکـە کـورتا بوویەرێ گـۆت: «هەلا وەر، هەلا وەر جەم ئاپێ خـوە. نەترسـە تشـتـەک تونەیە، ڤـا ئەز هەمـە، کـەس نکارە تشـتـەکی ب تە بکە.» هێـدیکا ب دەسـتێ من گـرت و ئەز خـسـتم بن کـولاڤێ خـوە. هوندرێ من هنەکی سنجـری، کـەلۆگـرییـەکـە تژە کـێف ل دلێ من دخست.

بێـهنەکـە دن ژ سـەر رییـا ناڤـچـەییٚ کـو دهات گـوند، رەشێ هنەک رێوی خویا بوون. دیسا ئەز هنەکی ترسـیـام کـو ئەو لەشکەرن، لێ ئاپێ من گـۆت، «ئەو گـوندینە و دهەرن گوند» بێهنا من هێ پر فرەهـ بوو کو مرۆڤێن ناس ئێدی پر خویا دبوون ل پێشی چاڤێن من. هێدی هێدی من فێم کر کو ژ وانێن جل رەش خەلاس دبووم. پشتی کو هاتن نێزیکی مە، من فێم کر کو رێوی ژ ئێش تێن. ئاپێ من ئەز برم سەر رێیا وان و ژ وان رە گۆت کو من ب خوە رە ببن. ئەز ل سەر کەرەکی کرم و مە بەرێ خوە دا گوند.

هێ ژی سـەرێ من د ئێـشـیـا. من بەرسـڤـێن رێوییـان پر کورت ددان. کـو من بەحسـا رادیۆییٚ ژ وان رە کر، گـۆتن «نها مـحەقـەق برنە، مـا نەکورن.» کو ئەم ل کـۆلکێ بەر گوند قـولپین و گوند ژ مـە ڤـە خویا بوو، وەکی رێوییـان، من ژی زق ل ناڤا گـوند دنهـێری. تۆ کـەس نەخویا بوو، مرۆڤێن گوند ژی کـەس نەخویا بوون. نە زارۆک، نە ژی ژن. ژ خـوە زلام رەڤـیـابوون. ب رێ دە ژی مـە کـەس نەدیت، نزانم کەتبوون کو. یەکە رێوی گۆت: «دبە کو ئەو ل ناڤا گوند کۆم کربن». ب ڤێ گوتنێ دیسا ترسێ خوە رادپەلکاند مـەژییٚ من. لێ ئەم بچـوونا و تێکەتانا ناڤ گورمکا وان؟ لێ دیبا من؟

دەمـا کـو دبسـتـان خـویا بوو هنەکی کـێـفێ ژی خـوە خویاکر. جەمـسـە ل بەر گوندو دبسـتـانێ نەخویا بوون. رێوییان ژی گوتن کو ئەو چوونە.

من ل شـوونا خـوە ییٚ کـو لەشکەران ئەز ڤـەگـەراندم دنهـێـری. ئەو دەر ئێـدی ئازاد بوو. تو کـەڤـرێ کـو دبن زرەجێبێن سۆلان دە زڤـێر بووبوون ژی تونەبوو. ب خویا بوونا مـە ژ مـالێ ڤـە، دەنگێ چەند حـەب پیـرەک و زارۆکـان ل نێزی مـالا مـە دهات. کو ئەم ژ وان ڤە خویا بوون ژی، گـشـا ب هەڤ رە گـۆتن: «ئاها وایە هاتن!» قـەرەپەرەک دناڤا وان دە چێبوو، لێ دیبیامن هەر ب مە باز دا. ئەز ژ سەر کەرێ دانیم و گۆت: «لاوێ من ما تو ب کو دە چوو، چقاسی ئەم ل تە گەریان؟ هەتا ئەم چوون مـالا مـوختـێـر ژی و مـەگـۆت هەرە ناڤـچـەییٚ کـا بێ لەشکەران ب خـوە رە بربە چ بوویە؟» من ژی هێـدی هێدی قـالا بوویەرا خوە کر. هەم کێف و کەن و هەم ژی هێسر خویا دبوون ل سەر چاڤێن وان.

ئەڤ تەڤلیهەڤیـا تەڤدە، ژ بۆ وی کـاروانێ لەشکەران کو ژ گوندنە دن دهاتن و ژبۆ خوارنا خوە بخون، بەرێ خوە دابوون دبستانا گوندێ مە.

گـوندییـان ژی گـوتبـوو قـەی ئەوێ وەرن گـوند، گـشی رەڤیا بوون و چەکێن خوە ژ گوند دەرخستبوون. ژ بۆ وێ رەوشێ و وێ تەڤگەرا ناڤا گوند لەشکەر ژی ل ناڤا گوند

بەلاڤ بووبوون. لێ ژبلی شافیێ عاشق تو کەس زفت نەکربوون و تێرا خوە لێخستبوون. لێ بەلێ ژ پیرەکان رە گوتبوون «ئەمێ جار دن بێن.» نزانم وێ چ دەمێ بهاتانا، ئەو ژی ژ من رە بوو بوو فکار، لێ گوندی هێدی ڤەدگەریان.

پشتی ڤەگۆتنێن بوویەرێ، دیسا من هێ نوو من رادیۆ پرسی. ب دوو بەرسڤا من رە، دیسا بەرێ من دا ناڤا رەزان. رۆژی ئێدی دکرا هەرە ئاڤا. ئەز ژی ئێدی ژ تشتەکی رە دبووم و من ێ پەیورا خوە هتا داویێ ب جە بئانیا. ب کێف و لۆتکان من بەرێ خوە دا رەزێ کو من چیک لێ ڤەشارتیا.

هەلا من وێ بێهشی و ترسێ، رادیۆ دانیبوو بن مێوا پەلوەشیایی، لێ چما لەشکەران ئەو نەدیتبوون. قەی برا کۆر بوون. بەلێ... رادیۆیا من دناڤ نایلۆنا خوە دە و ل بن مێوێ بوو. کێفا من هێ پر بوو بوو. من خوە چەنگی رادیۆیێ کر و ب پەرۆشیەکە بێهەمپا، بێی کو ل دوو خوە بنێرم ب لەزگینی من بەرێ خوە دا گوند. لێ ئێدی پر ب کێف ڤەدگەریام. ئیجار ترس ژی تونە بوو. تەڤلی کو نگێن من تژە ستری و کەلەم بووبوون و تەڤلی کو ئەز ب بەدەن و هشێ خوە کەتبووم وێ ئەسارگەیێ ژی، ب کێف بووم کو ئەز ب سەرکەتبووم و من هەی ب بشکۆکێن رادیۆیێ دلیست.

دەما من نێزیکی ل گوند کر، تاریێ دابوو عەردێ، لێ رادیۆیا پێرەوانێ دیسا ژ من رە دەست کەلامان کربوو، قەت نەدهات هشێ من کو چەند سالێن دن ئەزێ د پرتووکا یەکی ترک دە، وەکی ژبەر ئیربشێن جەندەرمەیان ل گوندەکی شەمرەخا مێردینێ «وەندا!» ب جە ببم.

**بهار، ۲۰۰۲**

**(ستەنبۆل)**

**چیا مازی د سالا (۱۹٦۰)ێ دە ل گوندەکی شەمرەخا مێردینێ ژ دایکبوویە، ژ سالا (۱۹۹۳)ێ و ڤر دە نڤیسکارییا کوردی دکە. گەلەک هەلبەست، کورتە چیرۆک و نڤیسارێن خوە ل گۆڤار و رۆژنامەیاندا بەلاڤ کرینە وەکی: زەند، ژیانا رەوشەن، وەلات، ئازادیا وەلات، هیوا، ئاڤاشین، مەهنامە، ئاڤەستا، کەڤان. ژ سالا (۱۹۹۷)ێ و ڤردە د کارگێریا ئەنستیتویا کوردی یا ستەنبۆلێ دە کاردکە. یەکەم پرتووکا وی یا کورتە چیرۆکان ل سالا (۲۰۰۳)دا ل وەشانخانا (سی) چاپ بوویە ب ناڤێ (مستەک ژیان)، کو ئەڤ چیرۆکا سلال ژێ هاتیە وەرگرتن ل۸۲-۸۷.**

# وتوویژی کوێستان

ئازاد ئەرگوشی



هەموو ساڵێ بەمەبەستی ڕابواردن لە وەرزی هاوینان دەچووە کوێستانەکان. ئەم جارە تەنیا بوو. دوای نان خواردن لە ژێر ڕەشماڵێکا پاڵی دایەوە. ئافرەتێک یەک دەست پێخەوی هێنا پاشان بەشەرمەوە گوتی: «ئەمەش پێخەوەکەت. پاشان تاسێکی پڕ لە ئاوی لەتەک پێخەوەکە دانا، گوتی: ئەمەش ئاو نەوەک شەو تێنووبی.» ئەوجا خێرا ڕۆیشتە دەرەوە. پیاوەکە بەبێ ئەوەی سەر بەرزکاتەوە گوتی: «زۆر سوپاس شەرمەزارت کردم ئیتر خۆی مایەوە لەگەڵ ترووسکەی بێ هێز فانۆسەکە. سەری بەرز کردەوە، لەنێوان کونە وردەکانی ڕەشماڵەکەدا ئەستێرەکان چاو ترووکانێیان لەگەڵ دەکردن. خەوی نەدەهات. خەڵکی زۆمەکە لەبەر کاروباری ڕۆژانەیان ماندوو و شەکەت، خەویان لێکەوتبوو، چونکە دەبوایە بەیانی زوو لەخەو هەستنەوە گوێی بۆ دەوروپشتی شل کرد، دنیاکشومات بوو. تەنانەت جاربەجار دەنگی بەرخۆڵەیەک، کاریلەیەک دەهات کە بەشوون دایکە ونبووەکەیاندا دەگەڕان کە لەگەڵ دەنگی سیسرکەکانی شەو تێکەڵاو دەبوون....

کە بەلای ئەوەوە جۆرە هەستێکی تایبەتی دروست دەکرد کە تا ئەوکات لە ژیانیدا هەستی پێ نەکردبوو. حەزی لێ بوو بڕواتە دەرەوە لەژێر ڕووناکی مانگەشەوا هەناسەیەک تازەکاتەوە، چونکە یەکەم شەوبوو کە بەبێ سەرخۆشی دەیبردەسەر. بەبێ هەراو هۆرا، بەبێ قاقای پێکەنین، بێ گاڵتەکردن و ڕابواردن بە ئەم و ئەو، ئەزموونێکی نوی بوو. بە پێدزەوە لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە. بەڕاستی هەوایەکی دڵگیر بوو. هەناسەیەکی هەڵکێشا، ساتێک بە بێدەنگی لەبەر دەرگای ڕەشماڵەکە وەستا، خانەخوێ خەوتبوو، لە ڕاستیدا کەس بە ئاگانەبوو، تەنیا دەنگی شمشاڵێک، بێدەنگی شەوی شکاند. نەوایەکی مەلەکوتی بوو، سەرەتا وای زانی کە

دەنگی شمشاڵەکە لە ناو زۆمەکەوە دێت، بەڵام پاش ماوەیەک بۆی دەرکەوت کە دەنگەکە لە دەرەوەی زۆمەکەیە. لەلای کانیەکەوە دەهات. ئاوازێکی خەمناک، هەرچی زیاتر لێی نزیک دەبووەوە زیاتر هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد کە نەیدەزانی سەرچاوەی لە کوێیە. لەکاتی ڕۆیشتن سێبەری تەڕاش و تاشە بەردەکان وەک گیانەوەران دەهاتنەبەر چاوی وای دەزانی گیانەوەری دڕندەن لەسەر ڕێی کەمینیان کردووە. کاتێ وردە وردە لێیان نزیک دەکەوتەوە ئەوجا دەیزانی ئەوەی بینیویەتی سێبەرە. هەرچوونێک بوو، خۆی گەیاندە سەر کانییەکە بەسەر سوڕمانەوە کچێکی جوان و خنجیلانەی بینی کە خەریکی شمشاڵ لێدانە. کاتێ بە تەواوی لێی نزیک کەوتەوە هەوڵی دا دنیای کچەکە نەشێوێنێ بە هێمنی لەسەر کانییەکە دانیشت گوێی بۆ شمشاڵەکە شل کرد. ڕوخساری کچەکە لەگەڵ ڕوخساری مانگ لەناو ئاوی زوڵاڵی کانییەکەدا، بەڕاستی دیمەنێکی جوانیان خوڵقاندبوو. زۆرجوان، ئەوەندە جوان کە مرۆڤ لە تەماشاکردنی تێر نەدەبوو. کچەکە لەسەر شمشاڵ ژەنینی خۆی بەردەوام بوو. پاش ماوەیەک دەستی لە شمشاڵ ژەنین کێشایەوە. تەماشای ئەو بەری کانییەکەی کرد. پیاوێک لەوبەری چاوی بڕیبووە ئەو.

کچەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو پێش ئەوەی پیاوەکە قسەیەک بکات بە تاسەوە گوتی: «سەرەنجام هاتی، لە مێژە لەم کوێستانە چاوەڕێت دەکەم!» پیاوەکە بە بیستنی ئەم قسەیە شڵەژاو بە دەنگێکی پڕ لە نیگەرانییەوە گوتی: «بەڵام...» کچەکە مۆڵەتی پێنەدا قسەی پێ بڕی، گوتی: «بەڵام چی؟ دەتەوێ بڵێی من ڕێبوارم.»

بەڵێ ڕێبوارم، شەوم بەسەرداهات ناچار لەناو زۆمەکە مامەوە، خەوم لێنەدەکەوت، گوتم وا باشترە کەمێک بڕۆمە دەرەوە کە گوێم لە دەنگی شمشاڵەکەت بوو، ئەوە بوو کە بەرەو دەنگەکەوە هاتم تا گەیشتمە ئێرە. کچەکە بە هەناسە ساردییەوە گوتی: «دەنگی شمشاڵەکە زۆر خۆشە ها؟ ئەمە یەکەم جارە دەبیسی؟» پیاوەکە بەبێ دواکەوتن گوتی: «ئەگەر ڕاستیت دەوێ بەڵێ.»

کچەکە بە بیستنی وەڵامەکەی دایە قاقای پێکەنین بەجۆرێ کە گیانی پیاوەکە لە ترسا گرژ بوو. هەستی کرد خوێنی لەشی بەستوویەتی و بۆتە یەک پارچە سەهۆڵ لەشی وەک پارچە گۆشتێکی خاو و سارد و سڕ بوو بەدەنگێکی خنکاوەوە گوتی: «بەچی پێدەکەنی؟»

بەتۆ....

بەمن!؟

بەڵێ بەوەی کە دەڵێی ئەوە یەکەم جارە گوێم لێ دەبێ.

ئەی خۆ درۆش ناکەم دیسان دەڵێمەوە ئەوە یەکەم جارە دەبیسم.

کچەکە وردە بەردێکی فڕێدایە ناو کانییەکەوە، هێمنی ئاوەکەی شێواند، بەجۆرێ کە ئاوەکە کەوتە شەپۆلدان و ڕوخساری کچەکەو مانگی تێکەڵاو کرد. پیاوەکە گوتی: «بۆ شێواندت؟ بەڕاستی دیمەنێکی جوان بوو.» کچەکە بەهێمنی گوتی: «زۆر جوان بوو، بەڵام شێواندم وەکو ئەو هەموو شتە جوانانەی کە تۆ لە ژیانتا شێواندووتن بەجۆرێ شێوێندراون کە ئیتر دۆزینەوەی جوانی لە ژیانی تۆدا وەک دۆزینەوەی ئاگرە لەناو ئاودا.»

پیاوەکە حەزی لێ بوو زیاتر قسە بکات. لەژێر ڕووناکی مانگەشەوا بە چاوە برسییەکانی ڕوخساری کچەکەی دەپشکنی دەیویست بزانێ کێیە ئەوها بە بێشەرمانە قسەی لەگەڵ دەکات دوای ماوەیەک بێدەنگی کچەکە گوتی: تەماشای من دەکەی دەتەوێ بزانی من کێم؟

پیاوەکە بە دڵنیاییەوە گوتی: «ئەمە مافی سەرەکی خۆمە.

کچەکە بە پێکەنینەوە گوتی: «ئافەرین، ئافەرین دەبینم باس لە ماف دەکەی، کەس نەزانێ تۆ تا ئێستا ئازاری مێروولەیەکیشت نەداوە.» پاشان بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی پیاوەکە بکات دەستی کرد بە شمشاڵ لێدان: «ئاهەنگێکی خەمناک، بەڵام ئەوەندە کاریگەر لەسەر مرۆڤ کە ئامادەی هەر جۆرە خۆبەخت کردن و خۆبەخشینێکە، گەرچی بەلای پیاوەکەوە زۆر نامۆ نەبوو، هەستی کرد زۆرجار گوێی لێ بووە، بەڵام کەی؟ لە کوێ؟ چۆن؟ ئەمانە هەموویان پرسیاری بێ وەڵام بوون.

کچەکە لە شمشاڵ ژەنین وەستا، تەماشایەکی پیاوەکەی کرد کە وەک عەودالێک گوێی بۆ ئاوازەکە شل کردووە.

دوای هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ ڕووی لە کچەکە کردو گوتی: «بەڕاستی جوانە، هەست دەکەم لە شوێنێکم بیستووە.»

کچەکە گوتی: «کوڕی باش هەر مرۆڤێک لە دەروونی خۆیدا نەوایەکی هەیە، بەڵام تۆ گوێت لێ ڕانەهاتووە،

خەوتووی، مرۆڤی خەوتوو چۆن گوێی لەم ئاهەنگە ناسکانە دەبێت.»

پیاوەکە بە مەبەستی خۆ نزیک کردنەوە لە کچەکە لە شوێنی هەستا، بەڵام هەستی کرد توانای ڕۆیشتنی نییە. کچەکە لە مەبەستی گەیشت بۆیە گوتی: «لە شوێنی خۆت دانیشە پێویست ناکات لێم نزیک کەویەوە. زۆر لێت نزیکم، ڕەنگە هیچ مەودایەک لەنێوان من و تۆدا نەبێت!!»

ترس پیاوەکەی داگرت، بە نیگەرانییەوە گوتی: «تۆ کێی؟ چیت لێم دەوێ؟ بڵێ چی داوادەکەی ئامادەیە، من پیاوێکی دەوڵەمەندم هەموو شتێک بە پارە دەکرێت، ئەو پارەیە بۆ جوانێکی وەک تۆ نەبێ بۆ سووتان باشە.» کچەکە بەگاڵتە جارییەوە گوتی: دەزانم دەوڵەمەندی، پارە و پوولت بە چاوم دامەدە، من و ئەو ئاوازەی کە گوێت لێبوو لە مێژە لە دەستت هەڵاتووین و لەم کوێستانەدا سەرگەردانین. بەردەوام خەریکی ژەنینی شمشاڵەکەم! گوتم کێ دەزانێ ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێگای کەوتە ئێرەو گوێبیستی ئەم نەوایە دەبێ. سەرەنجام تۆش هاتی، لەسەر ئەم کانییە. لەژێر ڕووناکی مانگەشەوا، لەژێر سێبەری ئەم پیرە چنارە کە ساڵیانی ساڵە هەزاران ڕێڤینگی وەکو تۆی بەڕێ کردووە، بەبێ جیاوازی بەبێ ئەوەی بزانێ ڕێڤینگەکە کێیە، لە کوێ هاتووە سێبەری خۆی پێ بەخشیوە بەبێ جیاوازی، باڵا بەرز بەرامبەر بەو هەموو باوباران و زریانە خۆڕاگر بووە لە شوێنی خۆی نەجووڵاوە.

دەزانی بۆ؟ چاوەڕێی وەڵام بوو، بەڵام پیاوەکە بەبێدەنگی گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو دوای چەند ساتێک بێدەنگی کچەکە درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: «وەڵامی پرسیاری منت نەداوە......

بۆ تا ئێستا ئەم پیرە چنارە لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، نەجووڵاوە؟

پیاوەکە وەک قوتابییەکی تەمبەڵ دەڵێ: «جامن چوزانم....» کوڕی باش ئەم درەختە ڕەگ و ڕیشەی هەیە ڕەگ و ڕیشەی لە قووڵای زەماندایە بۆیە هیچ ڕووداوێک کاری تێنەکردووە.»

پیاوەکە وەک ئەوەی کە شتێکی تازەی دۆزیبێتەوە بە پێکەنینەوە دەڵێ: «جا ئەمە چ پێوەندی بە منەوە هەیە؟

کەواتە نازانی کە مرۆڤیش وەکو درەختە، ئەگەر ڕەگوڕیشەی قووڵ بێت، ئەوە دەمێنێ، ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت هەر بە شنەبایەک بۆ ئەم لاو ئەولا دەبردرێت، وەک بەڕێزتان.

من؟

بەڵێ، تۆی کە تا ئێستا نازانی چیت دەوێ، بۆ کوێ دەڕۆی؟ بۆچی دەژی؟ ئەم هەموو بگرەو بەردە لە پێناوی چی؟ ڕەواو ناڕەوا تێکەڵ کردن، ناو زڕاندنی ئەم و ئەو لە پێناوی بەرزکردنەوەی ناوی خۆت. سەرەڕای ئەم هەموو دارایەی کە هەتە بەرامبەر بەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەە زیاتر بە پشیلەیەکی دەستەمۆکراو دەچێ تا مرۆڤێک.»

پیاوەکە لە شوێنی خۆی هەڵدەتەکێ دەیەوێ هێرش بکاتە سەر کچەکە، بەڵام لە ناکاو دەکەوێتە ناو کانییەکەوە، هەموو گیانی تەڕ دەبێ. خێرا لە کانییەکە دێتە دەرەوە خەریکە لەسەرمان ڕەق دەبێتەوە، وەک مرۆڤێکی سەرلێ شێواو بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە بەشوێن پەناگەیەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی خۆی گەرم بکاتەوە. یەک دوو جار هاواری کرد: «سەرمامە، سەرما، یارمەتیم دە.» بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو. ڕووی لەو شوێنە کرد کە کچەکە لێی دانیشتبوو، بەڵام کەس لەوێ نەمابوو. چەند سەرمای بوو دوو ئەوەندەش ترسا، ترس و سەرما تەنگیان پێ هەڵچنی نەیزانی چی بکات. دیسان دەنگی شمشاڵەکە لە دوورە دەستەوە دەهات. بەبیستنی ئاوازەکە لە ناوەوەی هەست بە گەرماییەک دەکات کە زۆر بە گەرمای باوەشی دایکی دەچوو کە لە سەردەمی منداڵی لە ترسی باوکی خۆی مەڵاس دەدا زۆر جار لەوێش لە ئاسایشدا نەبووە. لێدانەکەی پێکەوتووە. بە تایبەتی ئەگەر سەرخۆش بوایە دایکیشی بێ بەش نەدەکرد.

دوو دڵ بوو نەیدەزانی بگەڕێتەوە ناو ڕەشماڵەکان یان بەشوێن خاوەن شمشاڵەکەدا بگەڕێ! هەر چییەک بوو، ئەوە بۆی مسۆگەر بوو کە دەبوایە کارێک بکات، جووڵەیەک هەبێت دەنا لە سەرما ڕەق دەبێتەوە. مانەوە واتە مردن، کەواتە دەبێ بڕوات بەڵام بۆ کوێ؟ ناو ڕەشماڵەکان؟ باشە ئەی ئەگەر کەسێک یان خانە خوێ بەم سەرو وبچمە بیبینێ، پێی ناڵێ بەم سەروشکلە لە کوێ دێی؟ بۆ کوێ ڕۆیشتبووی؟ بەشوێن دەنگی شمشاڵەکەدا بگەڕێ کە لێی دیار نییە لە کوێیە، مەودای چەندە، جا خۆ شمشاڵ ژەنەکە دەیگوت هیچ مەودایەک لە نێوانیاندا نییە. قەت لە مەبەستی نەگەشت لە ڕاستیدا

مێشکی لەکارکەوتبوو. قەت ئەوها خۆی تا ئەو ڕادەیە بەدبەخت نەدیوە. بێ دەسەڵات، بێ بڕیار، بەپێچەوانەی هەموو ژیانی کە تەنیا بڕیار، بڕیاری ئەو بووە کەس بۆی نییە لە بەرامبەری بوەستێ، بەڵام ئێستاکە وەک پشیلەیەکی بێزەوەر ولە ماڵەوە دەرکرای، گیرۆدەی ئاوازێکە کە خاوەنەکەی ئەوی لە دەمی دەرچوو بە ئارەزووی خۆی پێی گوت ئێستاش لە دوورە دەست بانگی دەکات.

ڕەشماڵەکان نزیکتر بوون، کەچی بڕیاری دا بە شوێن دەنگی شمشاڵەکەدا بڕوات، لە دڵی خۆیدا گوتی: دەبێ بزانم خاوەن شمشاڵەکە کێیە، بەڕاستی جوانە، بە درێژایی تەمەنم ئافرەتی ئەوها جوانم نەدیوە، زۆر ئافرەتم خستۆتە باوەش، بەڵام دڵنیام ئەمە لە ئەوانە هەموویان جیایە، شتێکی تر وای بڕیا لە باوەشی بمردبام، بەڵام چی لێم دەوێ؟ بۆ ئەوها بە بێ ڕێزی قسەی لەگەڵدا کردم؟ یەک دوو هەنگاوێک ڕۆیشت دیسان وەستا لە دڵی خۆیدا گوتی: «تۆ بڵێی جنۆکە نەبێت؟ خۆ زۆرجار داپیرم لە منداڵییەوە بۆی باس دەکردم کە جنۆکەکان خۆیان دەخەنە سەر شکل و شەمایلی پیرەژنان، کچە جوانەکان، پیاو، پشیلەو.... سەد گیانەوەری تر، تۆ بڵێی ئەمە جنۆکە نەبێت؟ دوای کەمێک بیرکردنەوە دووبارە بەترس و دوو دڵییەوە بەڕێ کەوت.

هەوڵی دا خێرا بڕوات بۆ ئەوەی گەرم ببێتەوە، دوای قەدەرێک ڕۆیشتن، گەیشتە بنار شاخێک. دەنگی شمشاڵەکە لەسەر شاخەکەوە دەهات. تەماشای لووتکەی شاخەکەی کرد کچەکە لەسەر لووتکەی دانیشتبوو لەژێر ڕووناکی مانگە شەوا شمشاڵی دەژەنی. ماوەیەک تەماشای کرد، مانگ، ئەستێرەکان، ڕوخساری کچێک، دەتگوت تابلۆیەکی شێوەکارییە.

کچێک لە ژێر ڕووناکی مانگە شەودا. بزەیەک هاتە سەر لێوی پیاوەکە، بەلای خۆیەوە گوتی: «واتە ئەم شتە جوانانە لە دنیادا هەن کە من لێیان بێ ئاگام.» هەروا کە خەریکی گوێ گرتنی شمشاڵەکە بوو، هەستی کرد گیانێکی تازەی وەبەرهاتەوە. ئارەزووی هەڵکێشان بەرەو لووتکە زیاتر بوو. دەتگوت بە شوێن چارەنووسی خۆیدا دەگەڕا.

دوای ماندووبوونێکی زۆر، گەیشتە لووتکەی شاخەکە، بەڵام نەیتوانی لە کچەکە نزیک بێتەوە. ئەو شوێنەی کچەکە لێی دانیشت بەجۆرێ هەڵکەوتبوو کە لە شوێنی دی بەرزتر بوو بەجۆرێ کە دەبوایە لە خوارەوە بۆ سەرەوە تەماشای کچەکە بکات. کاتێ پاڵی بە کەورەکەوە نا، کچەکە دەستی لە شمشاڵ ژەنین کێشایەوە. دەنگی هەناسەی ماندووی پیاوەکە بێدەنگی شەوی شکاند. کچەکە ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: «دەزانی مرۆڤ کە ماندوو دەبێت دەنگی هەناسەی ئارام بەخشە. دەنگی ڕاستی و هەستی ناسکی مرۆڤایەتی تێدا خەوتووە. مرۆڤ تەنیا لە ماندوویەتیدا ئەم هەستە دەدۆزێتەوە».

پیاوەکە لەبەر سەرما و ماندوویەتی ئاگای لە هیچ نەبوو تەنیا لە وەڵامدا توانی بڵێ: «سەرمامە، سەرمامە.»

کچەکە لە شوێنی خۆی هەستا پاڵتۆکەی دەرهێناو بۆی فڕێدایە خوارەوە. گوتی: «ها بگرە لەبەری کە گەرمت دەبێتەوە.» ئەوجا خۆی بە کراسە سپیەکەی وەک فریشتەیەک لە شوێنی خۆی دانیشت. ئەویش خێرا پاڵتۆکەی لەبەرکرد. کات خەریکی لەبەرکردنی پاڵتۆکە بوو، هەستی کرد قۆپچەی ناوەندیی شکاوە. وەبیری هاتەوە پاڵتۆکەی خۆیشی قۆپچەی ناوەندیی شکاوە. سەری بەرز کردەوە تەماشایەکی کرد، چاوەڕێ بوو شتێک بڵێ، بەڵام بە بێدەنگی بە پەنجە ناسکەکانی گەمەی بە قژەکەی دەکرد. پیاوەکە بە دەنگێکی کزەوە گوتی: «زۆر سوپاس خواخێرت بنووسێ، خەریک بوو لەسەرما ڕەق دەبوومەوە، ئەی خۆت، سەرمات نییە؟

کچکە بە دڵنیاییەوە گوتی: «نە، سەرمام نییە.»

پیاوەکە بە پێکەنینەوە گوتی: «دەزانی پاڵتۆکەی منیش قۆپچەی ناوەندیی شکاوە.» کچەکە بە گاڵتەوە گوتی: «بۆ ناڵێی ئەم پاڵتۆیە هی خۆمە!!» دوای ساتێک بێدەنگی پیاوەکە گوتی: «دەزانی زۆر لێت تووڕەم، ئەمە شێوەی قسەکردن نەبوو لەگەڵ من. کەس تا ئێستا نەیتوانیوە بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ بکات.» کچەکە کەمێک لێی ورد بووەوە، گوتی: «خۆ ناتەوێ سزام بدەی، چونکە هەرکەس دژی بۆچوونەکانت وەستا بێ لە سزای تۆ بێ بەش نەبووە.

پیاوەکە بە دەنگێکی گڕەوە گوتی: «کەس تا ئێستا نەیتوانیوە قسەم پێ ببڕێ، بەڵام تۆ هەموو سنوورەکانت بەزاند، گەیاندتە ئەو ڕادەیەی کە پێت گوتم: «پشیلە دەستەمۆ» کچەکە بە هەناسە ساردییەوە گوتی: «بەڕاستی وانییە؟ ئێستا کەس لێرە نییە، من و تۆ

تەنیاین، چەند جار بۆ بەشداری کردن لە یاری گەورە پیاواندا خۆت کردۆتە قوربانی و بەڵێ ئەز خولام، بۆ ئەوەی لە یارییان بەشداربی و لەسەر حسابی خەڵک تا درەنگی شەو لەسەر خوانەکەیان مایتییەوە و نیوەشەوان بەسەرخۆشی گەڕایتەوە ماڵەوە، چەند جار شەوان خێزانت لە دەست تۆ لێدانی خواردووە، بەسەرخۆشی بەناو ماڵەوە کەوتی کچ و کوڕەکەت لە ترسا ڕایان کردووە بۆ ماڵی دراوسێکان، ها؟

پیاوەکە لە قسەکانی ئەو واقی وڕما، دەتگوت دۆسیەی ژیانی لەبەردەستی ئەو دایە، وردو درشتی بەدەرخست.

تەماشایەکی ئاسمانی کرد، خەریک بوو مانگ ئاوا دەبوو، نمایشی ئەستێرەکان جوانتر بەدەر دەکەوت. لەو ساتە دا ئەستێرەیەک لەو سەری ئاسمان بۆ ئەو سەری ئاسمان ڕژا کچەکە گوتی: «جوانە ها؟ تۆ بڵێی ئەستێرەی بەختی کێیە ڕژا؟ بەرەو کوێ ڕۆیی؟ بەرەو نەمان؟ بەرەو کوژانەوە؟ ڕەنگ هی من بێت یا هی تۆ.

ئەم قسەیە دڵی پیاوەکەی لەرزاند، ژانێک بڕبڕەی پشتی گرتە بەر کە تا تەوقی سەری گرتەوە! بەجۆرێ کە هەناسەکێشان بۆی دژوار بوو! چاوەکانی قوچاند و لە دڵی خۆیدا گوتی: «تۆ بڵێی ئەمە عیزرائیل نەبێت؟ چاوەڕێ بوو کچەکە قسەیەک بکات، بەڵام بێدەنگی لووتکەی شاخەکەی داگرتبوو. لە بێدەنگیدا چەند هەناسەیەکی هەڵکێشا، دەستی بە ڕوخساری خۆی داهێنا لە زیندووبوونی خۆی دڵنیابوو.

چاوەکانی کردەوە. هەستایە سەرپێ و هەوڵی دا بڕواتە لای کچەکە.

کچەکە لە مەبەستی گەیشت، شوێنی خۆی گۆڕی، چووە سەر لووتکەی هەرە بەرزی شاخەکە، کە زۆریش لە شوێنی پێشتر دوور نەبوو.

بەڵام شوێنەکە وا هەڵکەوتبوو ئەگەر ساتێک ئاگاداری خۆی نەبا، دەکەوتە خوارەوە، بە شێوەیەکی دڵسۆزانە گوتی: «لەمە زیاتر لێم نزیک نەبیەوە، دەنا گلەیی نەکەی! نەڵێی پێم نەگوتی.».

پیاوەکە ئەم قسەی بە هەند وەرنەگرت بەهەر کوڵە مەرگییەک بوو خۆی گەیاندە لای کچەکە لە شوێنی پێشووی ئەو دانیشت. چاوەڕێی بوو قسەیەک بکات، بە پێچەوانەوە کچەکە دەستی برد بۆ شمشاڵەکەی سەرەتا ویستی ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر بەوکارەی دەربڕێ و پێی بڵێ: «توخوا ئێستا کاتی شمشاڵ ژەنینە.» بەڵام نەوای شمشاڵەکە مۆڵەتی پێنەدا، ئەوەندە خەمناک و کاریگەر بوو کە پیاوەکە دەستی کرد بە گریان بەجۆرێ کە دەتگوت ئازیزترین کەسی خۆی لە دەست داوە. یەکەم جار بوو ئەوها هەست بە تەنیاییەکی کوشەندە دەکرد، ئیتر خودی خۆیشی بۆ خۆی نامۆ بوو، بەدبەخت و بێدەسەڵات بە شوێن پەناگایەکدا دەگەڕا، پەنایەک کە لەم هەموو تەنیاییە بیپارێزێ. پڕ بە دڵ دەگریا، دەیناڵاند و دەپاڕایەوە دەیگوت: «توخوا بەسە، بەسە، بەسە ئیتر ئەوەندە ئازارم مەدە، هەموو پەردەیەکت دڕاند، هیچ پێچ و پەنایەکت نەهێشتەوە لەم هیچستانەدا ڕووت و قووت ماومەتەوە، خەریکە لەسەرما ڕەق دەبمەوە.» بەڵام کچەکە ئاگای لێ نەبوو. ئەویش وەک مارێکی بریندار بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە. جارێک هەر ئەوەندەی بینی لە بناری شاخەکەیە، دابەزی بەبێ ئەوەی هەڵکشانێکی بەدوایەوە بێت. لەگەڵ هەڵاتنی یەکەم گزنگی هەتاودا ڕەوەندەکان تەرمی پیاوێکیان لە بناری شاخەکە دۆزییەوە کە شمشاڵێک لە ناو دەستی ڕاستیدابوو. لە گیرفانی پاڵتۆکەیدا وێنەی کچێکی شمشاڵ ژەنیان دەرهێنا. تەرمەکەیان لە بناری کێوەکەیان ناشتەوە. دوای چەندساڵێک بووبە مەزاری پیاو چاکێک کە ڕێبواران بۆ بەدیهاتنی مرازیان سەردانی دەکەن.

شمشاڵەکەش شوانێک هەڵیگرت و لە بنەماڵەکەی دەست بەدەست دەگەڕاو دەیان گوت ئەم شمشاڵە هی پیاو چاکێکە هەر نەخۆشێک گوێی لە دەنگی شمشاڵەکە بێت چاک دەبێتەوە ئیتر ببووە دەرمانی سەر ئێشان و بنەماڵەی شوانەکەش ئەمەیان کردە کاسبی و وازیان لە شوانەتی هێنا. وێنەی کچەکەش دەکەوێتە دەست دێوەرەیەک کە گوند بە گوندو ئاوایی بە ئاواییی دەیسووڕاندەوەو بە خەڵکی دەگوت: «ئەم وێنەیە هی کچی میری مارانە. هەموو ڕۆژ خەڵکی گوندەکان بە بیانووی بینینی وێنەکە لە دەوری دێوەرەکە کۆ دەبوونەوە، ئەویش بە خەیاڵێکی ئاسوودە کاسبی خۆی دەکرد و جارجاریش لە دڵی خۆیدا پێدەکەنی.... بەچی.....؟ تەنیا خۆی دەیزانێ.....

**پیرمام**
**٢٠٠٦/١٠/٣**

# باڵندەکانی غەم

ڕیتاساندنێس
لە نەرویجییەوە: فەڕۆخ نێعمەتپوور
(نەرویج)



هەموو شتێک لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە باوکم مرد. ئارام ڕووی تێکردم و گوتی: «خەفەت مەخۆ!» سەعاتەکە زەنگی لێدا. چارەک بۆ حەوت بوو. هەستام. چووم بۆ حەمام. دوشم گرت. جلوبەرگم پۆشی. چووم بۆ ئاشپەزخانە. خواردنی ئەو ڕۆژەیشم پێچایەوە. گوێم لە هەواڵەکان گرت. کتێبەکانم خستە ناو جانتاکەمەوە. چووم بۆ قوتابخانە. لە هیچ دەرسێکدا غەیبەتم نەکرد. ئەو خواردنەی پێم بوو، فڕێم دا. چوومەوە بۆ ماڵ. نیوەڕۆم نەکرد. تەکلیفەکانم ئەنجام دا. چووم بۆ وەرزش. گەڕامەوە ماڵەوە. ڕاکشام. سەعاتەکەم کۆک کرد، چارەک بۆ حەوت. خەوتم. خەفەتم نەخوارد. باوکمیان ناشت. بەهار بوو. مانگی خاکەلێوە. وەرزێکی واو ناشتن! نا، شتی وانابێ! کاتێک بەرەو مانگی گوڵان دەڕۆین و بەرەو هەڤدەی مانگ * و بەرەو پشووی هاوینە. ئاه، بەرەو ئەو هەمووشتە خۆشە. خەبەرم بووەوە. هەستامە سەرپێ. جلوبەرگەکانم پۆشی، ڕەش. کراسە ڕەشەکەی باوکم، کراواتە ڕەشەکەی، قاتە ڕەشەکەی، پاڵتاوە ڕەشەکەی. لەبەر تابووتەکەیدا ڕاوەستام. گوڵەکان سەرنجیان ڕاکێشام. چەند نەگونجاو دەهاتنە بەرچاوم. کاتێک کۆتایی مانگی خاکەلێوەیە و خۆڵەمێش لە ئاسمانەوە دەبارێ. سەیری تابووتەکەم کرد کە چۆن ئارام ئارام دەخزایە ناو گۆڕەکەوە. گوێم لە قەشەکە بوو کە دەیگوت لە خاکەوە هاتووی و .. گوێم لە باوەگەورەم بوو کە شتێکی گوت، بەڵام نە بەجوانی. ڕەنگە ئەوەی کە باوکم گوتبووی دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە دەبێ زمانی فەرەنسییەکەم بخوێنم و ڕۆژی دواتریش دەبێ بچم بۆ قوتابخانە. باوە گەورەم گوتی: «بیر، بیرەکان هەمیشە لەوێن. باوکت مرد. زۆرناخۆشە. کوڕەکەی من مرد. گەلێک ئازاری هەیە. بەڵام دەبێ کارێک بکەین کە غەم بەهێزترمان بکا. ئەم ئازارە بناسە، بیزانە کە ئەمە ئازارە. ئەمە قەبووڵ کە، کە خەفەت دەخۆی. بەڵام نابێ وەها بێ کە غەم بە سەرتدا زاڵ بێ. لێ گەڕێ با غەمەکان بێن و ئەوەی بکەن کە دەبێ بیکەن، دواتر تۆ لەوان بەهێزتر دەبی. گەر پاڵ بە بیرەکانەوە بنێی و بتەوێ دووریان بخەیتەوە، ئەوە

بەهێزتر لە جاران پێتەوە دەلکێن، وەها کە ناتوانی لێیان دەرباز بی» گوتم: «بەڵێ باوەگەورە»

هاوین هات. چووین بۆ پروڤێنس**Provenece. هەر وەک هاوینەکانی پێشووتر، لەو کاتەوەی لەدایک ببووم. هەر ئەوەمان کرد کە پار کردبوومان. هەروەها بەسر پار، یان بەسر بەسر پار. هەموو شتێک وەک جاران بوو. بەبێ باوکم. لە پروڤێنس بووین، بەڵام بەبێ باوکم غەریب دەهاتە بەرچاوم. باوکم هی ئێرە بوو. هەروەها من و باوەگەورەشم. ئێرە پروڤێنس بوو، هەستم دەکرد بەبێ باوکم هەڵەیەکی تێدایە. زۆر ناخۆش بوو. دەبا ناخۆش بێ. باوە گەورەم گوتی، ئێمە دەبێ بتوانین بەبێ باوکم لە پروڤێنس بین. گەلێک هاوینی دیکەمان بەبەرەوە مابوو. ئەو هاوینانەی کە دەبا لە پروڤێنس بەسەریان بەرین. باوە گەورەم لەو کاتەوە کە لەگەڵ دایەگەورە فەرەنسییەکەم ئەڵقەیان گۆڕیبووەوە، بەردەوام هەموو هاوینەکانی لێرە بەسەر دەبرد. بەڵام هاوینەکانی پروڤێنس چیدی هاوینەکانی پروڤێنس نەما بوون. باوەگەورەم گوتی ئێمە دەبێ بچین بۆ ئەوێ گوتی ئێمە دەبێ فێر بین کە دەکرێ هاوینەکانی پروڤێنس بەبێ باوکیشم خۆش بن. گەلێک بیرەوەری خۆشمان لە باوکم لە پروڤێنس هەبوو. ئەمە دەتوانێ غەمەکەمان سووکتر بکا. گوتم: «بەڵێ تریفەی مانگ بزر بوو پیەر Pierre ماچی کرد کچە شۆخەکە نۆروێژییەکی تۆکمە بوو.»

گوتم: «باوە گەورە، سەرنجی خەڵکت داوە کاتێک وا دەنوێنن کە بەدڵی ئەوان دەگوزەرێ»

یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی پاییزو ون بوونی هاوین بوو. هەستام. جلوبەرگم پۆشی. چووم بۆ قوتابخانە. لە هەموو کلاسەکاندا بەشداریم کرد. چوومەوە ماڵ.تەکلیفەکانم ئەنجام دا. چووم بۆ وەرزش. خەوتم. باوەگەورە گوتی: «نان ناخۆی؟» گوتم: «نا، لای ماڵینMalin نانم خواردووە دەمەوێ بچم بۆ وەرزش دەرسەکانم ئەنجام بدەم کاتم نییە» باوە گەورە گوتی: «مایا Maja سەیرکە چەند لاواز بووی، دەبێ بخۆی» گوتم: «برسیم نییە کاتم نییە یەکجار کارم زۆرە» باوەگەورە دەستی دایە خوێندنەوەی فەلسەفە. سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرەستۆ، کانت، سپینۆزا، بێرکلی، سارتر، دی بوڤوار. دەیگوت: «سەرنج ڕاکێش، هەژێنەر و یەکجار پڕن» گومانم بوو لەوەی توانیبێتی باوکم لەبیر بەرێت.

باوکم چرپاندی: «باڵندەکانی غەم هیچت لەسەر بیستوون؟ قەت ناپرسن، تەنیا خۆ بەژووریدا دەکەن. حەزت بە هاتنیان نییە، گوێیان لێ ناگری، بەڵام ئەوان گوێ بەمە نادەن. دێن و دەمێننەوە، ئەوسا هێلانەی خۆیان لەسەر سەرت لەناو قژەکانتدا چێ دەکەن. ئیتر قەت ناڕۆن، بەجێت ناهێڵن»

باوەگەورە قیڕاندی: «مایا، ئەوە خەریکی چیت؟» تووڕە و جۆرەیەک بوو، قەتم وا نەدیبوو، «مایا، باوکت مردووە. بە نەخواردنی تۆش ناگەڕێتەوە. تێگەیشتی، ئەو مردووە! ئیتر دەبێ واز بێنی. داهاتووی ژیان مردنە. ئەمە تەنیا شتێکە کە بە دڵنیاییەوە دەیزانین، بەڵام بیر لەوە بکەوە کە تۆ ئێستا دەژی! ئا، ڕێک لەوەی کە تۆ هەر ئا ئێستا خەریکی دەژیت! گەلێک دەرفەت لە ژیاندا هەیە، بەڵام تۆ زۆر ئاسان دەهێڵی کە باڵندەکانی غەم داگیرت بکەن.» گوتم: «بەڵێ باوەگەورە»

شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو. هەستام، یان ڕەنگە هەر خەوم لێ نەکەوتبوو. باڵندەکان پەنجەیان لە قژم وەردەدا. دەستم برد بۆ سەرم. ترسام. هاوارم کرد باوەگەورە تکایە فریام کەوە! لەبیرم بوو کە باوەگەورە چی لەسەر باڵندەکانی غەم گوتبوو. هێلانەکەیانم هاتەوە بیر. ئێستا ئەوان هێلانەیان لەناو قژی مندا ساز کردبوو. ئارام ئەو فرمێسکانەم گریاند کە تەڕ دەیاننواند، یان ڕەنگە تەڕیش نەبوون. گوتم: «باڵندەکانی غەم هێلانەیان لەسەر سەرم چێ کردووە»

باوەگەورەم گوتی: «دەزانم» گوتم: «بەڵێ، بەڵام ئێستا چ بکەم؟»

باوەگەورە گوتی: «عەقڵ هەست نییە. هەستیش عەقڵ نییە. عەقڵ دەڵێ کە تۆ دەبێ لە ژیان بەردەوام بی. باوکت مردووە. تۆ لە ژیانای. هەستەکانت باوکتیان کردووە بە بەشێک لە تۆ. هیچ کەسیش ناتوانێ وەک نیوە مرۆڤ بژی» گوتم: «نا، ناتوانێ»

«عەقڵی تۆ لەوە دەگا کە بۆچی باڵندەکانی غەم بەدەوری تۆدا هەڵدەفڕن، بەڵام هەستی تۆ لەمە ناگا، بەڵام دەبێ قەبووڵی کا. تۆ دەبێ ئەم باڵندانە ببینی. ئەوسا دەتوانی ببیتەوە بە مرۆڤێکی تەواو و ئیتر لە ژیان کردن بەردەوام بیت.»

گوتم:« بەڵێ باوەگەورە. بەڵام تۆ گوتت کە نابێ ستایشی غەم بکەم» باوەگەورە گوتی: «دووشتی جیاوازن، ئەوەی کە بوێری و باڵندەکانی غەم ببینی، لەگەڵ ئەوەی کە ستایشی غەم بکەی. باس لەوەیە کە چۆن مرۆڤ دەتوانێ جیاوازییە بچوکەکانی نێوانیان پەیدا بکا.» گوتم: «زۆر دژوارە.» باوەگەورە گوتی: «ڕاستە»

هەموو شتێک لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە باوەگەورە مرد. ئارام ڕووی تێکردم و گوتی: «خەفەت بخۆ!»

*** هەڤدەی ئاپڕێل ڕۆژی نەتەوەیی لە نۆروێژە.**
**** شوێنێکی گەشتوگوزارییە لە باشووری فەرەنسە.**
***** ئەم ڕستەیە جوان زەینی شێواوی کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە پیشان دەدات.**

**سەرچاوە:**
**Stemmer, Erna Vibeke Gjernes og Rita Hvistendahl**



# کەریم دەشتی:
# نووسەرێتی پیشە نییە، ئەوەندەی ڕاوکردنی ئیستێتیکا و ڕامان و ئەڤین و ساتە ون بووەکانە

ئا: زانا خەلیل

ئەو کاتەی هێشتا شار بۆنی چۆڵەوانی و بۆنی خاکی دوای کڕە بارانەی بەهارانی لێدەهات.. ئەو کاتەی هێشتا سەرزەمین گەورە و شاریش یەکجار بچووک بوو، لە گەڕەکێکی کراوەی نێو شارێکی داخراودا، گەنجێک بە وردییەوە چاوی دەگێڕا و بەدوای کۆکردنەوەی وێنە گەورە و ئیستێتیکییەکانی تەمەن و زەمەن و ژیاندا دەگەڕا..

ئەو کێ بوو کە ئاوا دەیویست زاکیرەی خۆی بکاتە پێشانگایەک بۆ ئەوەی ڕەنگ و وێنە و تابلۆکانی زەمەنی منداڵی لێ هەڵبکۆڵێ؟ ئەو کێ بوو لاپەڕە سپییەکانی یادگەی خۆی بۆ کەڤاڵە جوانەکانی تەمەن ئامادەکردبوو؟ ئەی ئەوە کێیە دەیەوێ هەموو جوانییەکانی دنیا کۆ بکاتەوە و تەرجەمەی مۆرفیم و وشە و ڕستە شیعرییەکانی بکا؟

«تەیراوە» نیشتیمانی زەمەنی منداڵیی «کەریم دەشتی» شاعیر بوو.. لەوێوە دەڕواو سەفەرێکی درێژ دەکا، بەڵام بەرەو کوێ؟ کێ ناڵێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کەناری «دیجلە»دا هەڵوەستەیێ ناکاو بۆ تاوێ لە گەمەی ماسییەکان ناڕوانێ؟ خۆ هەر واشبوو، جگە لە تەواوکردنی کۆلێژی ماف، دەشتی لەنێو ئۆقیانووسی زمانێکدا تا هیلاک بوو تێکستە ئیبداعییەکانی ئەدەبی عەرەبی و جیهانی خوێندەوە، بەڵام هێشتا سەفەری مەعریفی کۆتایی پێ نایە، بۆیە لەگەڵ زریان و باهۆز سەفەر دەکا.. ئەی ئەو جارەیان بەرەو کوێ؟ ئەو جارەیان سەرێک لە حافز دەدا و لەگەڵ شاملوو و فروغ لە یەکێ لە کافتریاکان کافێیەک دەنۆشێ و ئینجا لە ڕێگای زمانی ئەوانەوە، کازانتزاکیمان بۆ داوەت دەکا.. بێگومان شار بۆنی خۆڵ و بۆنی خاک و بۆنی بارانی لێدێ، بۆیە دەشتی شاعیر دەگەڕێتەوە هەولێر.. ئیدی دەگەڕێتەوە و بەدوای دۆزینەوەی وێنەی شەڕە پرتەقاڵەکانی زەمەنی منداڵی و چۆنیەتی هەڵفڕین و دەنگی شەقە شەقی باڵی کۆترە تێرەکانی شارێکی ئێستا گەورەدا دەگەڕێ.

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا تاکو ئێستایش یەکێ لەو ناوانەی کە هەمیشە ئامادەگیی بەردەوامی هەیە لە بوارەکانی نووسینی تێکستی نوێی شیعری کوردی و وەرگێڕانی چەند تێکست «ڕۆمان»ێکی ئیستێتیکی جیهانی بۆ سەر زمانی کوردی و نووسینی چەند نۆڤلێت و وتارێکی قووڵ سەبارەت بە شیعر و ئەدەب (کەریم دەشتی)یە.. بەو دیدارە دەمانەوێ لەگەڵ دەشتی شاعیردا سەفەرێک بەنێو کولتوور و ژیان و جوانییەکانی ئەدەب و شیعردا بکەین و لەوێوە ئێوەی خوێنەریش ئاگاداری سەرنج و بۆچوون و ژیانی ئەو شاعیرە خوڵقێنەرە بن کە زەمەنێکی دوور و درێژە تەمەن و خەون و سەرتاپای ژیانی خۆی داوەتە ئەدەب و شیعر و داهێنان.. با بەیەکەوە بچینە نێو ئەو سەفەرە ئیستێتیکییە شیعرییەی کە لەگەڵ دەشتی شاعیردا ئەنجاممان داوە.

## زاكیره نووسەری ڕاستەقینە دروست دەكات و دەیباتەوە سەر ڕەگی پتەوی داهێنان

* ئەگەر ژیانی مرۆڤی داهێنەر بە كتێبێك بشوبهێنین، ئەوە بێگومان فەسڵی یەكەمی ئەو كتێبە، سەردەم و ئەتمۆسفیری جیهانی منداڵی لێنووسراوەتەوە، چین ئەو وێنە و تابلۆیانەی كەوا لە سەردەمی منداڵییەوە تا ئێستا لە زاكیرەی ئێوەدا هەڵكۆڵراون و بۆ هەمیشەیش بەشێكی دانەبڕاون لە ڕۆحی تۆ؟

– منداڵی وەكو ئاوێنەیەك وایە لەناو زەینی هەموو نووسەرێكدا بە گۆشت و دەمار و خوێن داپۆشرابێ، ناوە ناوە برووسكەیەك، چەخماخەیەكی ئەم ئاوێنەیە هەموو گیانی دادەگرێ و دەیباتەوە ناو پاوانە دوورەكانی زاكیرە، لە ڕاستیدا هەر داینەمۆی زاكیرەیە نووسەری ڕاستەقینە دروست دەكات و دەیباتەوە سەر ئەو ڕەگە پتەوانەی داهێنان لە ژێر پانتاییە قووڵەكانی زەیندا بە هێمنی ڕاكشاون و چاوەڕوانی ئاهو هەنسكی داهێنەر دەكەن، نووسەری بێ زاكیرە هەموو بەرهەمەكانی دەبنە موقەبا، چاكترە بڵێم پێوەندی نێوان ئاوێنەكەی زەین و زاكیرە بریتییە لە نووسەر و داهێنان، لە دەرەوەی ئەم فەرمۆلەیەدا هیچ دەقێكی زیندوو نییە، لەنێو دەقی منداڵیدا وێنەو تابلۆی هێجگار زۆر هەن وەكو شووشە هەپروون بە هەپروون بووین و تەتۆكەكانی ماونەتەوەو ناوە ناوە دەنكێ لەو تەتۆكانە هاوار دەكاو دەبریسكێتەوەو دەقێكی زیندووی هاوچەرخ دروست دەكات كە دەبنە بەشێكی گرنگ و دانەبڕاوی ڕۆحی مرۆڤی نووسەر، ئەمە لەناو لێكدانەوەی هەموو شاعیرێ هەیە، مەحاڵە شاعیرێ هەبێ لە دەرەوەی ئەم لێكدانەوەیە بتوانێ لە ناو دارستانی دەقە جاویدانییەكان دینامیكیەتی هەبێ و دەقەكانی كاریگەر بن، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام ئەم پرۆسێسە بە تەنیا گوزەر ناكا و هیچی لێ نایەتەوە، بەڵكو ئەم هەڵكۆڵینە دەبێ هەموو پێداویستییەكانی لەگەڵ دابێ بۆ ئەوەی قووڵایی دروست بكات و دەقی گەورە گەورە مشتومالّ بكات.

* پێوەندییەكانی مرۆڤێك كە هەموو ژیانی خۆی دابێتە ڕۆشنبیری و كولتوور، بە شوێنزاوە چین؟ ئایا ئێستا چۆن لە هەموو شتە زیندووەكان و مردووەكانی نێو ئەو پانتاییە جوگرافییە دەڕوانیت كە ناوی شوێنزا، یان زاگەیە؟

– دوور نەڕۆین شوێنزا ئەو پانتاییەیە كە شاعیر لە شوێنێكی بڵندەوە سەیری دەكات و دەزانی زۆر زۆر دوورە، دەزانی ئەو زەمەنە ونبووەیە كە پروست بە دوایدا گەڕاوە، بەڵام بەقەد ئەم دوورییە كاریگەری خۆی هەیە، چونكە شوێنزا، یان زادگا هۆیەكە بۆ ئەوەی نووسەر هەڵگری شوناس و كولتوور دیسكرایبی ئەو شوێنە بێ، چونكە زادگا دروستكەری خوێن و ئێسقانی نووسەرە، نووسەر بۆ یەكەمین جار لەو زادگایەوە سەیری جیهانی كردووەو جیهانبینییەكی چكۆلانەی بۆ خۆی دروست كردووەو وردە وردە گەورەی كردووە و پەڕ و پۆی داوەتەوە و مامەڵەی لەگەڵ ژیان و نووسین پێكردوە، كاتێكیش نووسەر دەزانێ تا دێت لە یۆتۆپیاكە دوور دەكەوێتەوە ئیدی كەڵبەی نامۆیی و غوربەت ژینی دەیهاڕێ و هێندەی دیكە ئەڤینی بۆ ئەم شوێنزایە زێتر دەبێ.

بۆیەش ئەدەبی نامۆ، یان نامۆگەرایی لە ئەدەب دروست بووە كە بەشێكی گرینگی بۆ دۆڕاندن و لەدەست چوونی زادگا دەگەڕێتەوە، زادگا هیچ كاریگەریەكی نابێ لەسەر دەق ئەگەر خاوەنی دەق زۆر زیرەك و وریا و كرێشمەباز نەبێ، چونكە گەڕاندنەوەی زادگا بۆ ناو زەین و مێشك پرۆسەیەكی زەحمەتە بە هەموو كەس ناكرێ، وەك ئەوەیە كە ئەدەب و دەقی داهێنان دووبارە بەرهەمی بهێنینەوە، بەرهەم هێنانەوەی زادگا وەكو خۆی خەونێكی خۆڵەمێشییە، بەڵكو دەبێ بە ئێستاتیكا و پەڵە و گەورەیی و هێزەوە بەرهەمی بهێنینەوە، ئەو كاتە دەقی لەسەر دەخوڵقێ.

هەڵبەت تۆ لەو زادگایە جوانترین و خۆشەویستترین ئازیزی خۆت جێهێشتووە كە تێكەڵی خاك و خۆڵی بووە، جوانترین نەشمیلت تەسلیمی ناو خۆڵی كردووە، پڕە لە نهێنییەكانی تۆ،پڕە لەو خەونانەی كە تۆ بینیوتن و لە ناو پووش و پەڵاش و بەردەڵانەكانیدا هەڵوەریون و ئێستا وەك شووشەی بەر هەتاو دەبریقێنەوە، شەڕەكانت، دەست لە ملانێكانت، گریان و فرمێسكت... تاد هەمووت لەناو ئەو پانتاییە جێهێشتووە كە پێی دەڵێن زادگا.. ئەمانە هەمووی دەبن بە بنەمای دەقە زیندووەكانی شاعیر.. سەیركە (مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی) لە ئەڤینی شوێنزادا، چۆن ئەڤینێكی بۆ مەعریفە

دروست کردووه له عیشقی شەمس-دا بە تایبەت لە ناڵەی نەیدا، هەروەها (نالی) لە ئەڤینی شارەزووردا.

* من زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە، ئایا ئەوە خۆمانین کە لە ژیاندا (پیشە) بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین، یان شتێکی تر هەیە لە سەرووی ئێمەوە ڕێڕەوی تێپەڕاندنی زەمەنمان نیشان دەدات، بۆ نموونە: تۆ بۆچی بوویت بە نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ؟ بۆچی کاریکێترت هەڵنەبژارد، خۆ بە هەزاران پیشە هەن لەسەر ئەو ئەستێرەیەی ئێمەدا؟

- ئایا کەسێ هەیە پێت بڵێ من پیشەی نووسینم هەڵبژاردووە؟ نووسەری و کاری زەینی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو کەوتنە سەرە، چەقین و ئاسێ بوونە وەک ئەوەی تۆ لەناو بایەکی سەخت ئاسێ ببی و هەرگیز ڕەهایی نەبینی، نووسەرایەتی قەدەرێکە، یان قەدەرە مرۆڤ تووشی دێت، ئایا چ شتێ لەوە سەختتر هەیە مرۆڤ بیربکاتەوە؟ ئایا لە بیرکردنەوە سەختتر هەیە؟

بۆیە من دەتوانم بڵێم نووسین و نووسەری ئەسڵەن پیشە نییە تا لە مەیداندا بە دوایدا بگەڕێین، بەڵکو ڕاوکردنی ئیستێتیکایە، ڕاوکردنی تەئەمووله، ڕاوکردنی ئەڤین و ئەو ساتە ونبووانەیە کە مرۆڤ لە دەستی چووە، دەیەوێت بیگەڕێنێتەوە، ئایا هەڵبژاردنی ئازار و چەشتنی چاوەڕوانی و ئەشک و ئێشکگری پێی دەگوترێ پیشە؟ بۆیەش من پێم وایە کاری نووسین دوورە لەم جۆرە لێکدانەوەیە، چونکە یاری کردنە بە دڵ، یاری کردنە بە خڕۆڵکەی مێشک.. نووسین کتومت کاری ئەو مرۆڤەیە کە دەچێتە ناو جەنگەڵێکی سەخت و دژوار و شەوەزەنگ، کاتێکیش هەنگاو بۆ ناو ئەو جەنگەڵە دەنێت ئیدی گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەوسا لەوێ لەناو ئەو هەموو درەختە هەزار ساڵیانە ئەگەر بتوانی باس لە گەڵایەکی وەریو بکات، یان لە بن سێبەری کاژێکا بیر لە بیابانە دوورەکانی ڕۆحی مرۆڤ بکاتەوەو دەقێک بنووسی.

* گریمان: ئەگەر بگەڕێیتەوە سەردەمی بەر لە دەستکردن بە نووسین، هەمدیس نووسین هەڵدەبژێریتەوە بۆ ئەوەی تاهەتایی بەو هەموو عیشقەوە لەگەڵیدا بژیت؟ ئایا ئێستا تا چەند ڕازیت کە نووسەریت؟

- مەرج نییە هەتا نووسەری زۆر ڕاستەقینەش، دوای دابڕان لە نووسین، یان دەست هەڵگرتن لە نووسین دووبارە بگەڕێتەوە سەری و هەمان ئەو میحنەتە هەڵبژێرێتەوە، چونکە عەشق هەر بە تەنیا لە جاری یەکەمی سووتان و هەڵڕژانی هزردا وێڵ بوونی بەدواوەیە، بە تەنیا هەر عەشقی یەکەمە سەرچاوەی داهێنان و هەڵکۆڵینە هەروەکو (ابن عربي) دەڵێت :تەنیا یادەوەری یەکەم هەر ئەوە کە ڕاست بێت، هەر بۆیەش یەکەم پێوەندی بە نووسینەوە هەر ئەوە داهێنەری گەورە دروست دەکات کە یەکەمین ئەشقە، تەنیا عەشقی یەکەم جاویدانییە و لەناو دڵ و خوینی عاشقدا وەکو پشکۆی ئەزەلی دادەگیرسێ و کوژانەوەی بۆ نییە، جا بۆ ئەوەی نووسەر بۆ تاهەتایە لەنێو ئەو عەشقە ئەبەدییە بژیت دەبێ هەوڵی مانەوە بدات و لەناو دێرو وشەو ڕستەی ئەدەب و شیعردا جاویدانی و بەردەوامی بۆ خۆی بنیاد بنێت و بۆ ساتێکیش بیر لە دابڕان نەکاتەوە، ئەگینا هەموو شتێکی لە دەست دەچی.

شاعیر ئەو کاتە دابڕانێکی گەورە لە میانی خۆی و دەوروبەری دەکات کە بەردەوامی بە هەڵکۆڵینە مەینەتیەکانی خۆی بدات و وردە وردە ئاوڕ لە ئەزموونی خۆی بداتەوە تا بزانێ ئێستا چۆنە و یەکەم عەشقی چۆن بووە.. نووسین سەردەمی عەشقێکی ئەبەدییە لە ئاگردانی بیرۆکەیەکی شیعری، یان چرکەیەکی گریان، یان ژیلەمۆی ناو دڵەوە دەست پێدەکات و هەتا دێت هەڵدەچێ و بەرەو تەبەقەکانی سۆفیستیانەی دانتی هەڵدەکشێ، یان وەکو قەقنەس دەسووتێت و لە خۆڵەمێشی ئەڤینی خۆیدا زیندوو دەبێتەوە، تۆ سەیرکە نووسەری ڕاستەقینە و شاعیری گەورە تەواو وەکو ئەو باڵندە خورافییە وایە کە ئاوەها گۆرانی دەچڕێ و دەچریکێنی.. ئاگای لە خۆی نامێنێ و هەر بەرز بەرز دەبێتەوەو بەرزدەبێتەوە تا ئەوەندە لە خۆر نزیک دەکەوێتەوە دەبێتە خۆڵەمیش.

جاویدانی کاری نووسین هەمدیس هەروەک ئەو باڵندەیەیە کە بەر لەوەی ئەو گۆرانییە مەزنە بچڕێ هێلکەکانی خۆی بەرهەڵای ئاسمان دەکا هەر لە ئاسمان دەبتەوە و نەوەی تازەیان لە ئاسمان لە دایک دەبێ.

* من لە بەرامبەرت دەوەستم و ماسک دەخەمە سەر ڕوخسارم، تۆ دەتوانی پێم بڵێی من کێم؟

- **ماسکی ڕەش:** من ناشرینترین و ڕەشترین مرۆڤ، یان ڕووداو، یان کارەساتم لە ژیانی تۆدا، من کێم؟ بۆچی؟

- تۆ خاوەنی ئەو دڵەی کە ڕەنگی ڕەشی خۆی داوەتە ڕوخسارت و هێندە لە ناخەوە تووشی دڵەڕاوکێ و بەد ڕەفتاری و وەسوەسەی نەفرەتی بوویت کە ئیدی لەناو

گیانت شوێنێ نەماوە بۆ پەڵەیەکی سپی، بۆیە ناچار بەشێکت گواستۆتەوە بۆ ئەو ماسکە و خۆتی پێ دەشاریتەوە، خۆ شاردنەوە لە پشت ماسکی ڕەشدا هەتا بۆ کاری هونەری و کەرنەڤالاتیش بێت، خۆشاردنەوەی ڕاستەقینەی پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەکییەکانی مرۆڤە، بۆیە ماسک ڕەت دەکەمەوە.

– **ماسکی شین:** من ئومێدێکی شینم تۆ دەتەوێ ببینی و پێم بگەیت، من چ ئومێدێکم لە ژیانی تۆدا کە هێشتا هەوڵدەدەیت پێم بگەیت و پێشم ناگەیت؟ بۆچی؟

– تۆ خودانی ئەو دڵەی کە ڕەنگی خۆشەویستی خۆی داوەتە ڕوخسارت و هێندە لە ناخەوە تووشی دڵنیایی و کرداری چاکی و دڵنەوایی بوویت کە ئیدی لەناو گیانتا شوێنێ نەماوە بۆ پەڵەیەکی ڕەش، بۆیە ناچار بەشێکت گواستۆتەوە بۆ ئەو ماسکە و خۆتی پێ بەرمەلا دەکەیت، ئاشکراکردنی خۆت لە پشت ئەو ماسکە شینە هەتا بۆ کاری هونەری و کەرنەڤالاتیش بێت ئاشکراکردنی ڕاستەقینەی پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەکییەکانی مرۆڤە، بۆیە من ئومێدم بە تۆیە ئەی شین کە تۆ بەشێکی لە ئاسمان و بەشێکی لە دەریاو بەشێکی لە پاوانی ئەڤین و خرخاڵی پێی منداڵانی.

لەبیرمە من خۆم پیرۆزەییم بۆ منداڵ دەکڕی و لە ڕستەیەکی بازنەیی جواندا لە پێی منداڵانم دەئاڵاندو دڵم هێور دەبۆوە، هەموو ئاواتە شین و جوانەکان دوورن لە ڕاوکردن و بەدەستهێنانی ئاسان.. دەبێ قوربانیان بۆ بدەین، زاتی خۆمانیان بۆ بکوژین تا بە دەستیان بهێنین و شەونخوونی شیعرئامێزیان بۆ بکەین تا لە کەنارە شینەکانیان وچانێ بدەین.

– **ماسکی سوور:** من کەسێکم، یان شتێکم، تۆ تا ئاستی ڕژانی خوێن لە پێناوی مندا هەوڵ دەدەیت، من چیم، یان کێم کە تۆ تا ئاستی ڕژانی خوێن بەرگریم لێدەکەیت و دەمپارێزیت و خۆشت دەوێم؟

– ئاخ دیسان ماسک، بە تایبەت ئەی سوور تۆ تەنیا بۆ ئەوە گەورەیت کاتی لە جەستەما لە پێناوی ئەڤین و عەشقدا هەڵدەڕژێی، لە پێناوی بەهاکانی ژیان ئەڤینژینی، لە کاتێ ئەوەی کە دوژمنانی خاکم هەوڵی کوشتنی هەناسە پڕ لە سۆزەکانی ماملێ دەدەن هەوڵی تیرۆرکردنی گەنجە جوانەکانی وڵاتەکەم دەدەن، ماسک هێزی هەڵگرتنی چەمکی تۆی نییە ئەی سوور ئاخر کەڤرێ نەماوە بە تۆی نەنەخشێنم، ئەی سوور تۆ ئەو جۆگەلانەت لە کەناری قژ و باڵای خۆشەویستەکەم دروست کردووە کە پڕن لە هەڵاڵە، پڕن لە خەونی وچان و ژیلەمۆی گۆرانی.

– **ماسکی خۆڵەمێشی:** من حاڵەتێکم بێ لە دەرگادان و پرسیارکردن ڕوو لە ماڵی ڕۆحی تۆ دەکەم، من چ حاڵەتێکم کە هێندە بێزارت دەکەم؟

– شیعر بەشێکی گەورە لە ڕۆحی شاعیر دروست دەکات، بەڵام ئەو شیعرە خۆڵەمێشیانەی بەبێ سووتان دروست بوونە ئەوانەن ئەو ماسکەم لەبەر چاو دەخەن و ڕۆحم پڕ لە خۆڵەمێشی بێزاری دەکەن، هەرگیز خۆڵەمێش ناتوانێ ڕۆحی مرۆڤ شاد بکات، تەنیا ئەو ساتانە نەبێت کە دەبێت بە شیعرێ دوای هەزاران ئاگر دێتە کایەوە، دوای هەزاران پەڕینەوە لە تەڵبەند و سنوورەکانی ئەڤین، دوای کوشتنی زات و خوڵقاندنی کۆمارێک لە عەشق، هەرگیز دڵی خۆم بۆ شیعرە خۆڵەمێشییەکان ناکەمەوە، هەر بۆیەش هەموو ئەو ماسکانەی کە ڕوخساری ڕاستەقینە دەشارنەوە و بێهەیبەتن ماسکی خۆڵەمێشین.. ئەی ماسکی خۆڵەمێشی تۆ تارایەکی ناحەزی، جوانییەکان دەشاریتەوە.

– **ماسکی سپی:** من کەسێک، یان شتێکم، بۆ هەمیشەیی ئارامیی دەریا و فێنکیی نەسیمی بەیانیانت بۆ دێنم، من کێم، یان چیم؟ کە ئاوا ڕوو لە لافاوی هەڵچووی ڕۆحت دەکەم و هێورت دەکەمەوە؟

– نا هەرگیز لەوە ناوەشێتەوە ئەی سپی تۆ بۆ ماسکەکان بشێیت، تۆ سیمبوڵی پاکیت، تۆ ڕەمزی حیکمەت و هێمنیت، بۆیە تۆ دەبێ ڕۆحی شیعر بیت، هاواری دڵنەوایی و بێدەنگی و سەفا بیت، هەموو شتە جوانەکان لە ڕۆحێکی سپی و بێگەرد دا شەوقی خۆیان دەبەخشنە ئەم کەونە.. ئەوانەی ڕەنگی تۆ بۆ ماسکە قولابییەکان هەڵدەبژێرن ئەوانە دەیانەوێ بەدناوت بکەن و لە ڕیزی شیعری پاکدا لات بدەن، بۆ ئەوەی هەم ماڵی تۆ هەم ماڵی شیعر وێران بکەن، وەرە سەیری پاپۆڕە سپییەکانی سەر دەریا دوورەکان بکەن چۆن پەمۆی عەشق دەگوازنەوەو لە دوورەوە ڕۆحت پڕ لە هێمنی دەکەن، یان شیعری سپی پۆل ڤالیری، یان فریشتە سپیەکانی هاودەمی دانتی: هەموو بەهرەی خوداوەندی هەڵدەڕێژنە ڕۆحی مرۆڤەوە، کەواتە:

**سپی: یانی خودا یانی سەفا**

**سپی: یانی نێرگزەجاڕ**

**سپی: یانی مەلێک لە کاتی ئاوخواردنەوەدا**
**سپی: یانی لقێک کە چرۆ دەکا**
**مانگێک کە لە لووتکە هەڵدێ**
**دەمێک کە دەچێتە دەمی ئافرەتەوە.**

**ماسکی پرتەقاڵی:** من بۆنی پرتەقاڵی بەختەوەریم لێدەهات، هەمیشە بە دیتنی من بەختەوەر دەبوویت، ئێستا من نەماوم، جاروبار بۆنی منت لە خەونەکانتەوە بۆ دێ، دەتەوێ فرمێسکی درشتم بۆ هەڵبرێژیت، من کێم؟ بیرەوەرییەکانت لەگەڵ مندا چین؟

– ئێستاش بوخچەکانی دایکم بۆنی ئەو پەلکە پرتەقاڵانەیان لێدێ کە بەر لە سەدەیەک بۆنی کراسی منداڵیمی خۆشدەکرد.. هەمیشە هاودەمی ئەو قەرنەفولە وشکەوەبووانە بووە کە دەستی پیرۆزی دایکان بە موقەدەسیان دەزانی، ئێستاش ئەو شەڕە جوانەم نەبینییەوە کە لەو پەڕی تووڕەییەوە بە پرتەقاڵ وەشاندن دەستی پێکرد و بە بۆنی خۆشی تەوقە کۆتایی هات، ئای چەند خۆش بوو کە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا پرتەقاڵ دەباری و دنیا پرتەقاڵی هەڵگەڕابوو، ئێمەش لەو شەڕەدا تێر پرتەقاڵ بووین.. خودایە شەڕەکان هەر بە پرتەقاڵ بن، کە ئەمەش بۆتە هەوێنی شیعرێکم بە ناوی شەڕە پرتەقاڵ.

* من لە کاتی خوێندنەوەی ئەو نۆڤلێتانەی نووسیوتن، هەستم بە زاڵبوونی زمانی شیعری دەکرد، ئایا دەکرێ بڵێین: شیعر سەنتەری ئەدەبە؟ شیعر خۆرە و لە نێو هەموو تێکستێکی ئەدەبیدا دەرۆشنێتەوە؟ یان بە واتایەکی تر، بۆچی شاعیران دەتوانن بە سەرکەوتوویی کار لەنێو زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکانی تر بکەن، کەچی بە پێچەوانەوە چیرۆکنووس هەرگیز شاعیری داهێنەری لێدەرناکەوێ، دەگمەن نەبێ؟

– پێم وایە هەموو ڕۆمانێ، یان هەر نۆڤلێتێ خاوەنەکەی شاعیر بێت، یان نا پێویستییەکی زۆری بە سەلیقە و زمانی شیعری هەیە، کاتێک دەڵێین زمانی شیعری مەبەستمان ئەوە نییە نووسەر شیعر بنووسی، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە سۆز و ئەدای شیعرییەت جۆرە کەشوتەشقێکی تراکتیف ئامێز بۆ دەقەکە خەڵق

**بۆ داهێنەر تەنیا عەشقی یەکەم جاویدانییە و لە ناو دڵ و خوێنی عاشقدا وەکو پشکۆی ئەزەلی دادەگیرسێ و کوژانەوەی بۆ نییە**

بکات و ببێتە هۆیێ کە بێزاری خوێنەر بکوژێت، تۆ کە لە ڕۆمان، یان نۆڤلێت بتەوێ ببیتە جێی سەرنجی خوێنەران و ڕاکێشانیان ئەوە دەبێ کەرستەیەکی وات پێ بێ کە لە دوورەوە ڕایاندەیە لای خۆت، ئەگینا بە ستایلێکی موقەوایی ناتوانیت خوێنەر بۆ خۆت دروست بکەیت، ئەگەر سەیری پرۆسێسی نووسینی ڕۆمان و نۆڤلێتی جیهانی بکەین دەبینین ئەوانەی کە ستایلی شیعرییەتیان – نەک شیعر – بەسەردا زاڵە زۆرترین خوێنەری بۆ خۆیان دروست کردووە، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی ئایتماتۆف، نووسینەکانی هاشم ساڵح، سۆنێتاکانی شەکسپیر و ڕۆمانەکانی کازانتزاکی و شۆلۆخۆف و زۆرانی دیکە.. ئەوەش بەو مانایە نییە کە دەبێ هەموو ڕۆمانێک ڕەچاوی ئەوە بکات، هەیە توانای بەرهەمهێنانی شیعریەتیان نییە، لە پەخشانە ڕۆمان، یان نۆڤلێتی خۆیان، بەڵام ئەم جۆرە مرۆڤانە لە خوێندنەوەیاندا ماندووبوونێکی دیکەیان دەوێت و هەڵسوکەوتێکی زۆرتریان گەرەکە بۆ نموونە ڕۆمانەکانی دەستۆیڤسکی نابی وەکو ڕۆمانەکانی یەشار کەماڵ، یان فلۆبێر بخوێنرێتەوە، بەڵکو ئاست و هەست و چەشەی جیاجیایان گەرەکە، منیش لەو نۆڤلێتانەی کە نووسیوومن هەوڵی دروست کردنی شیعرییەتم داوە کە زاڵ بێ بەسەر ڕووداوەکان، لە ڕاستیدا بە دەستی ئەنقەست وام نەکردووە، هەر خۆی ستایلی نووسینی پەخشانم وایە و ناتوانم لێی ڕزگار بم، لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم شیعر سەنتەر نییە، بەڵام پەساپۆرتی پەڕینەوەی بۆ ناو هەموو سەنتەرەکاندا هەیە.

* بەهرە و پێناسە کردنی بەهرە جێگای مشتومڕێکی ئەبەدین، تۆ چۆن پێناسەی بەهرە دەکەیت؟ ئەی مەعریفە چ ڕۆڵێک لە پەرەپێدان و هەمیشە سەوز ڕاگرتنی بەهرە دەبینێ؟

– هەر چەندە ئەم بابەتە زۆری لەسەر گوتراوەو نووسراوە، بەڵام هێشتا ئەوە هەڵدەگرێ کە باس بکرێت و شرۆڤە بکرێت، لە ڕاستیدا هیچ شتێ لە مەودای ئەدەبدا پێناسەیەکی یەکجارەکی نییە، بەڵکو ڕا و بۆچوونی جیا جیا و پێداچوونەوەی جیا جیای بۆ دەکرێ و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، شتێک نییە لەناو

زەین و دڵی مرۆڤدا پێی بگوترێ بەهرە، ئەوان دەڵێن بەهرە خۆڕسکەو هەندێ مرۆڤ لەگەڵ لە دایکبووەنەوە خاوەنی بەهرەی خۆیانن، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، هەندێ کەس هەن زەین و هزر و مەژییان زیاتر گەرم و گوڕترە لە هی کەسێکی دیکەو زیاتر جووڵە دەکات و خوێنیان تێدا دەگەڕێ، بۆیە زیرەکتر بە دیار دەکەوێ و بەهرەمەندتر بە دیار دەکەوێ، پێوەندی نێوان بەهرە و مەعریفە پێوەندیەکی لەگەڵ یەک گۆڕینەوەیە، واتە لە ئاوی یەکتر دەخۆنەوە، کە بەهرەی زیرەکیت هەبێ و مەژییت جوانتر کاربکات زیاتر سوود لە مەعریفە وەردەگری و دەیخەیتە بەردەستی خۆت، کە خودانی مەعریفەیەکی بەهێزتر بیت زیاتر بەهرەت بەگەڕ دەخەیت، بەڵام ئایا شیعر بە تەنیا بەهرە دروستی دەکات؟ نەخێر. هیچ شتێ، یان ڕاستتر هیچ ژانرێ ئەوەندەی شیعر سەخت نییە ئەوەی ئەزموونی خۆی بەهێز نەکردبێ نازانێ شیعر چەند زەحمەتە، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە جیاتی ئەوەی پاداشتیان بدایە لە بری بڵاوکردنەوە، پارەیان لە خاوەن شیعرەکە وەرگرتبا هیچ کەسێ شیعری وا بە ئاسانی بڵاونەدەکردەوە! چونکە ئەوسا زۆر کەس شیعری بڵاودەکردەوەو پارەی خۆشی دەدا، کەسێکیش ئاوڕێکی لە شیعرەکەی نەدەدایەوە و بە ناچاری دەڵێت با پارەکەی خۆم بە فیڕۆ نەدەم، ئەوکات شیعر هێجگار بەهێز بە دیار دەکەوت و خەڵکی دەیزانی شیعر چەند سەختە، چونکە لە شیعردا تۆ کەسێک دروست دەکەی کە خۆت تەمەننات دەکرد وا بای، دەتەوێت جوانییەک خەڵق بکەیت سەرنجی ژیان ڕابکێشی، بۆیە ئەزموون جوان و تێروتەسەل نەبێ شیعرەکە جوان و تێروتەسەل نابێ، ئەمە پەیوەستە بە عەقڵ و مەعریفە و سۆز و سووتان، پەیوەستە بە دیدگا و بینینی جیهان، پەیوەستە بە بیرکردنەوەی قووڵ و بێ ئەمان.. نەک کەفوکوڵ و سەردولکە و لاڵانەوە.

* وەزیفە و سەرنووسەرایەتی ستایل و وەرگێڕان و شیعر نووسین و وتار و نۆڤلێت و ماڵ و منداڵ و برادەرانی شەوان و.. تاد، ئایا ٢٤ سەعات کەم نییە، بۆ ڕێکخستنی ئەو هەموو کارە؟

– نووسەری تژی عەشق و داهێنان لە چەند ساتێکی کورتدا شتەکانی خۆی دەڵێ و کارەکانی خۆی دەکا و دیالۆگی خۆی بەردەوامی پێ دەدا و ئەرکەکانی خۆشی ئەنجام دەدا.. گەورەترین دەقی شیعری لە چرکەساتی بیرۆکەی خۆی دادەڕێژی.. ژیان پێویستی بە پێکەنین و قسە و ئەڤینی و نوکتەش هەیە.. نووسین و کاری نووسین عەشقێکە لەگەڵ غەیب، غەیبێکە لەگەڵ نووسەر، ئەوانە سیحر لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە.. ئەو سیحرەی بە مانای ژیان لەگەڵ یەکتری لە باخچەی ئەفسووندا.. حەز دەکەم ئەوە بڵێم من لە هەموو وەڵامەکانمدا دەمەوێ خوێنەر بە کێڵە بەفری هەڵڕشتنی مەعریفە خەریک نەکەم، دەمەوێ پێی بڵێم: ژیانی داهێنەر تەحەمولی قسەی پفدراو ناکات.. نووسەر دەبێ وا لە خوێنەر بکات کە توانای ئەوەی هەبێ لەگەڵیدا بژیت.. خوێنەر قەرزباری نووسەر نییە، ئێمە قەرزی ڕۆحمان بە نووسین دەدەینەوەو بە وانیش دەڵێین: شایەد بن.

* لە ئەڵمانیا دوای جەنگی جیهانی گرووپێک کۆبوونەوەو ناوی خۆیان نا گرووپی ٤٧، ئەو گرووپە کاریگەرییان بەسەر زمان و شێواز و تێکستی ئەدەبی و ڕەخنەی سەردەمەکەی خۆیان هەبوو، ئێوەش لە هەولێر نەوەیەکی شیعرین، بەڵام بەبێ گرووپ و گرووپکاری، کەریم دەشتی و دڵشاد عەبدوڵڵا و هاشم سەراج و عەباس عەبدوڵڵا یووسف و چەندانی تر، ئایا ئێوە کاریگەریتان بەسەر زمان و شێواز و تێمە و جیهانبینی نەوەی دوای خۆتان چەندە؟ ئایا لە دوای ئێوە هیچ نەوەیەکی ئاوا دروست بووە کە کاریگەری هەبێ؟ تا چەند بڕواتان بە کاریگەریی نەوەیەک بەسەر نەوەیەکی ترەوە هەیە؟

– هەموو ئەو گرووپ و گرووپکارییەی بەر لە ڕاپەڕین هەبوو، کاریگەری خۆیان هەبووە، چونکە ئەو سەردەم نووسەران و نەوەی تازە بایەخیان بە خوێندنەوە دەدا و بازاڕی ئەدەب و ڕۆشنبیری گەرم بوو، هەروەها ئەدەب و ڕۆشنبیری ببووە پەنجەرەیەک بۆ ئاشکراکردنی داهێنانەکان لە ڕووی زمان و شێواز و تیمە و فۆرم و ناوەڕۆکەوە، ئیدی گەنجەکان دەپرژانە سەر خۆ بەهێزکردن لەم بابەتانەدا و هەمیشە بە دوای ئەو بەرهەمانە دەچوون کە نەوەی پێش خۆیان بۆ ئەوانی بەرهەم دەهێنا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە ئێستا کە هەموو شتەکان گۆڕاوە، ئەدەب و ڕۆشنبیری وەکو جاران بابەتێکی سەرەکی نەوەی تازە نییە و گەلێ داهێنراوی دیکە جێگایانی گرتۆتەوە، بە تایبەتی دەرهاویشتەکانی جیهانگەرایی کە هێجگار پەرشوبڵاو بوونەتەوەو

سەراپای هێزو تواناکانی گەنجانی بەلای خۆیدا پەلکێش کردووەو لە زۆر جومگەی ئەو دەرهاوێشتانەدا گەنجەکانی دیل کردووەو لە هەندێ شوێندا سڕی کردوون، بۆیە ئەو کاریگەرییەی کە گرووپەکانی سەردەمی خۆی هەیانبووە، ئێستا وا نییە، جارێ بایەخدان بە زمان زۆر کەم بۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی نەوەی تازە عەودالّی زمانی تازەنە و لە هەمان کاتدا عەودالّی فێربوونی زمانی بیانین، کە پێشتر ئەم دیاردانە کەم بوون، هەروەها گەنجی ئێستا کەمتر بیر لە مەسەلە نەتەوەییەکان دەکاتەوە، کە ئۆباڵی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کە هیچ کارێکی پەروەردەیی نەتەوەییان لەناو هزری گەنجان نەکردووە تا بایەخ بە بەرهەم و کولتووری سەردەمی خۆیان و نەتەوەکەیان بدەن، بۆیە کاریگەری ئێمەش کەم بووە بەسەر نەوەکانی داهاتوو و ئەوانیش لەگەڵماندا دەژین، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش تا ئێستا بەرهەمی باش لە هەر بوارێک بێت کاریگەری خۆی هەیە، هەرچەند لە نێوەندێکی کەمیش بێت.

* سەفەری نێو کتێبەکان و گەشتی ئاسایی، کامەیان خەیاڵ و مەعریفە و دنیابینی شاعیر فراوانتر دەکەن؟ یان کامەیان لە ئەویدی گرینگترن؟ ئایا دەکرێ مەعریفەی تیۆری بێ ڕۆشنبیری چاو (بەتایبەتیش ئەوەی کە چاو لە سەفەردا دەستی دەکەوێ) ببێتە مەعریفەیەک کە زەینی مرۆڤی داهێنەر بەرەو گەردوونێکی ئاوەڵا ڕاپێچ بکا؟

- کتێب سەرچاوەی هەموو خەیاڵ و مەعریفەکانە، لە ڕووی دەستنیشانکردن و ناساندن و کەشفکردنەوە، سەرچاوەی هەموو داهێنانەکانە، بۆیە سەفەر بەنێو کتێبەکاندا، سەفەرێکی وەهمییە بەناو دنیای واقیعدا، بۆ من کتێب سەرچاوەی هەموو شتەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەفەر و گەشتیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ڕەنگرێژکردنی ئەو خەیاڵ و مەعریفانەی زەین هەڵیان دەگرێ و کۆمەڵێ ئاسەواری گرینگ لە نێو یادەوەرییەکان جێدەهێڵن و لە هەمان کاتدا دەبێتە بەشێک لە ئەزموونی نووسەر، تەنانەت ئەدەبێک هەیە ڕەنگە ئەوەی بۆ ڕاست بێت کە پێی بڵێین ئەدەبی سەفەر، یان سەفەرنامەکان هەڵبەت پێوەندییەکی زۆر لە میانی هزر و چاودا هەیە، هزر ئەگەر داینەمۆی هەموو ئەندامەکانی دیکەیە، بەڵام بۆ مەسەلەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری پێویستیان بە یەکتر هەیە، لەبەرداشی کۆتاییدا دەڵێم دوای هەموو ئەو شتانە تا زەین پرۆسێسی بیرکردنەوەی خۆی گەرم نەکات هیچ بەرهەمێک لە دایک نابێت، بە بێ گەرمبوونی زەین هەموو سەفەرەکان بێهوودە دەبن، چاو هەرچەند تیژ بین بێ و جوان بە دی بکات پێویستی بەوە هەیە بە فلتەری هزردا بڕوات بۆ ئەوەی بشورێتەوە و ڕەنگرێژ بن.

هەڵبەت ئەوە تەنیا بۆ نووسەران و داهێنەران بایەخێکی هەیە، ئەگینا بازرگانی وا هەیە بە هەزاران هەزار سەفەر و گەشت بۆ جوانترین شوێنی دنیا دەکات، بەڵام چونکە دیدگای بەسەر ئەدەبەوە ناشکێت هەمووی بە هەدەر دەڕوات.


* دەکرێ لەسەر ئەو وێنە فۆتۆگرافیانە قسەمان بۆ



بکەیت:

**کتێب**

- نەتەوەیەکی خەوتووەو هاواری خوێندنەوەی دەکات، قاسەیەکی پڕ لە گەوهەری ئەڤین و مەعریفەیە، بانگی



دەستی دەکات بیشکێنێ و بازنە جوانەکانی هزری بفرێنن.

**قەڵەم**



– تکایە ئەگەر بۆ نووسینی دەقێکی جاویدانی بەکارم دەهێنی گەردنت ئازا بێ، ئەگینا دوعا دەکەم تا ئەبەد سەر پەنجەت داغ بێت.

**تابان**

– بریا ئەو شەوە ئەی تابان ئاوا بە گوڕ هەڵنەهاتبای، چونکە من و ئەوت ئاشکرا کرد، ئێستاش بە دوامان‌دا دەگەڕێن.

*** ئاوێنەکان:**

– **ئاوێنەی ئاسایی:** لە بەرامبەر ئاوێنەیەکی ئاساییدا، بە وردی و هزرینێکی قووڵەوە بەرامبەر بە خۆت دەوەستی، چۆن خۆت دەبینی؟ تۆ کێیت؟

– ئەو کاتە وەک هەڵە کۆکەی کە چوزەرە دەکا و بە درێژایی ژیانی لە چاوەڕوانی خۆرەتاودا گۆرانی بۆ ناخی زەوی دەڵێ، بەڵام کاتێک سەردەردێنی خۆرەتاو لە تاقی ئاسمانەوەیە ئەو کاتەش بەفرێکی خەستی بەسەردا دەبارێ و هێدی بە حەسرەتی خۆرەتاوەوە سەردەنێتەوە، هەرگیز نایبینی ئەمە نائومێدییەکی سیزیفیانەی حەقیقی ترە لە ئەفسانە، ئەو کاتە منیش کە لەبەر ئاوێنەوە دەوەستم دەمەوێ کەنارە دوورەکانی خۆم ببینم و بە هەزاران جار بە بوراقی شیعر بە باڵای ئاوێنەکانەوە ڕادەمێنم، بەڵام ئاخ ئەوە سەرم هەموو سپی بوو، ددانەکانم یەکە یەکە ماڵئاواییم لێدەکەن، کەچی کاتێک دەگەمە ئەوەی ناخی خۆم ببینم ئاوێنەم لێ وردوخاش دەبێ و هاوار دەکەم:

**داد هەی بێداد ئەمە چ وەرزێکی سەختە؟**
**داد هەی بێداد ئەمە چ تۆفانێکی پڕ حەسرەتە؟**
**داد هەی بێداد ئەمە چ شیوەنێکی گەرمە؟**

ئەوسا ئاوێنە شکاوەکان لە ژێر لیتاوی عومردا ترووسکەیەکم بۆ ڕەتدەکەن، پێم دەڵێن:

**کە هاتی بەهار بوو**
**ئێستا خوناوەی بەفر بەسەر قژتەوە باریوە**
**پاییز بەسەر پەرچەمی گەڵاکانەوە**
**جریوەی دێ و**
**ها ئەوە ناخی تۆیە لە شەقەی باڵ دەدا..**
**ماڵاوا..**

– **ئاوێنەی شێواندن:** ئەو ئاوێنەیە وێنەی تۆ دەشێوێنێ، تۆ چی پێ دەڵێی، یان ڕوونتر چی بەو کەسانە دەڵێی کە وێنەی کەسانیتر دەشێوێنن؟

– ڕوخساری جوانەکان ناشێوێنرێن، مەحاڵە ئاوێنە تەڵخەکان بتوانن سیما پەپوولەییە سپییەکان بشێوێنن.. ئەوان ئەو ئومێدە لەگەڵ خۆیان بەرەو گڵ دەبەن..

**خودایە ئەوەی هەوڵدەدا بمشێوێنێ..**
**دڵی پاک بکەیتەوە، بەڵکو لە عەشق و**
**خۆشەویستی من.. شێت دەبێ.**
**خودایە ئەوەی بەردی کوێر دەگرێتە من**
**دەستی پڕ لە نێرگز بکەی**
**تا لە بۆنی پاکی دۆستایەتی غەرق بێ.**

– **ئاوێنەی غەروور:** چی بە مەغروور دەڵێی؟ پەیامت چییە بۆ ئەوانەی کە شتی کەمیان کردووە و مەغروووریش بوونە، یان دەبن؟

– بەو مەغروورانە دەڵێم:

**هل فرشت العشب ليلاً**
**منزلاً دون القصور**
**وتتبعت السواقي**
**و تسلقت الصخور؟**

ئەوەش کە داهێنەرەو بەرهەمی جوانی هەیە هەرگیز مەغروور نابێت.. ئەوانەی تریش با مەغروور بن، خەڵک باس لە غروورەکەیان دەکات نەک بەرهەمەکانیان، ئەوانە دەبێ سەیری ئەو مۆمە جوانە بکەن کە وردە وردە لە پێناوی داگیرساندنی ڕۆحی خۆی هەموو ڕووناکییەکان دەبەخشێ بە ئەوانی دیکە.

*** دیوانی شیعری:**

ئەگەر ئێمە ئەو چەند کتێبە دانێین تۆ لە توانات دابێ تەنیا یەکێکیان بۆ خۆت ببەیت بە دیاری، کامەیان

هەڵدەبژێریت؟ بۆچی؟
– دیوانێکی لەتیف هەڵمەت.
– دیوانێکی شێرکۆ بێکەس.
– دیوانێکی عەبدوڵڵا پەشێو.
– هەرسێکیانم دەدەیتێ قبوولمە، بەڵام سەرپشکم بکەی لە هەڵبژاردنی یەکێکیان ئەو پێشەنگایە ڕەت دەکەمەوە.

* ئەو دیوانانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر شیعر جێهێشتووە؟
– زینانی ڕۆح.. هاشم سەراج
– پیانۆی ڕۆژهەڵات.. کەریم دەشتی
– کۆی بەرهەمەکانی دڵشاد عەبدوڵڵا

– نازانم، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە هەریەکە و خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە و هەر یەکە و لە ڕێگەی ئەو تۆزە ڕۆناکییەی کە لە ڕۆحیاندا ماوە گۆرانی بۆ مرۆڤایەتی دەچڕن و جار جارە لە پەنای پەڕی زەردی کتێبێ لە ناو دارستانێکی چڕی نەهامەتیدا بە خەون و ئاواتەکانی خۆیان دادەچنەوە و لەناو میحرابی شیعردا دەسووتێن، هەر دەسووتێن، هەر دەسووتێن، هەر دەسووتێن، تا ئەو کاتەی ڕۆحیان هێور دەبێتەوە و جا شیعرێ دەنووسن سەراپای گریانی ڕۆح بێ، سەراپای ئەو وردە شووشە پیرۆزییانە بێ کە لەگەڵ سامالی شیندا تێکەڵ دەبن و دنیا لە شین هەڵدەچن.. جا ئەوەی لەو سامالە شینەدا یادەوەرییەکانی خۆی بیربێتەوە دەڵێ:
ئای ئەوە ئێوەن کە ڕۆحی من ئاوەڵا دەکەن..

* بۆچی بەشی زۆری شاعیرانی کورد لە دەستپێکەوە تا کۆتایی بە یەک ستایلی تایبەتی شیعر دەنووسن؟ ئایا یەک ستایلی لە نووسینی شیعردا مانای بازنەگیری و بابەتگیری و خۆدووبارەکردنەوە ڕاناگەیەنێ؟
– چونکە لەو ستایلە زیاتر بڕستیان نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم بە دواداچوونی خوێندنەوە، یان تاک سەرچاوەیی لە خوێندنەوە.. هەندێ جاریش لەو ستایلە بچێتە دەرەوە دەقەکانی دەبن بە بەشێکی دیکە..
یەک ستایلی لە نووسین جۆرێک لە بێزاری بۆ خوێنەر دروست دەکات، تا ئەو ڕادەیەی ئیدی نایخوێنێتەوە، چونکە دەزانێ چۆنی دەنووسێ و چی دەنووسێ.
فرە ستایلی بۆ نووسەر زۆر باشە، چونکە خۆشی تووشی ئەو حاڵەتە سەقامگیرییە لە تەمەنێک نایەت، ئەم تەک ستایلییە وا لە نووسەر دەکات خۆی لاسایی بەرهەمەکانی پێشووی خۆی بکاتەوە، هەر بۆیەش لە پەنجا دەقی ئەم جۆرە نووسەرانە یەک وێناکردن هەیە.

* ستایل تاکە ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی پرۆفیشناڵە لە هەولێر، ئایا ئەو تایبەتمەندییە هۆکارێکی گرینگ نابێ بۆ لێک جیاکردنەوەی ئاستی داهێنانی ئەدەبی؟ یان چۆن ئەو تێکەڵاوییە هەڵدەسەنگێنی کە لە ڕۆژنامەکانی ئەوڕۆدا دەیانخوێنیتەوە؟
– لە سەرەتادا ئێمە بۆ ئەوە (ستایل)مان هەڵبژارد، تا ببێتە ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و بەس، تاوەکو ئێستاش هەر وامان کردووە، تەنیا بابەتی ئەدەبیمان بڵاوکردۆتەوە، هەندێ بابەتی سیاڕۆشنبیری و سۆسیۆ ڕۆشنبیریش بڵاو دەبێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە گۆڤاری ڕۆشنبیری و ئەدەبیمان هێجگار زۆرە، هەروەها ڕۆژنامەشمان هەیە پاشکۆی ئەدەبی هەیە، بەڵام ڕۆژنامەیەک تایبەت بێ بە بابەتی ڕۆشنبیری و کولتووری نیمانە، بۆیە دەستەیەکمان پێک هێنا و ئیدی لە ژمارە سفرەوە گەیشتووینەتە ئێستا و من پێم باشە ئەو ڕۆژنامەیە بەردەوام بێت، چونکە لایەنی کەم زوو زوو هەواڵە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی جیهان و ناوەوە دەخاتە ڕوو، هەروەها بەرهەمی ئەدیب و نووسەرانیش زوو زوو دەگاتە دەستی خوێنەران.. هەڵسەنگاندنی ئەو تێکەڵاوییەی کە ئەمڕۆ لە مەیدانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیە کارێکی ئاسان نییە و زۆری دەوێ.

* نووسینەکان، یان شیعرەکانی کەسێکی تایبەت هەیە کە هەمیشە چێژی لێوەرگریت و لێی بێزار نەبیت؟ بۆچی؟
– هەموو ئەو نووسینانەی کە هەڵگری شوناسی داهێنان و جیهانبینین من چێژیان لێوەردەگرم، ئەمڕۆکە لەنێوەندی ئەدەبی کوردیدا نووسەرگەلێکی زۆر سەریان هەڵداوە کە شایستەی ئەوەن بەرهەمەکانیان

**شیعر بەشێکی گەورە لە ڕۆحی شاعیر دروست دەکات، بەڵام ئەو شیعرە خۆڵەمێشییانەی بەبێ سووتان دروست بوونە جوانیی لەبەرچاو دەخەن و ڕۆح پڕ لە خۆڵەمێشی بێزاری دەکەن**

بخوێندرێتەوە، چونکە بە قووڵاییەکی بڕشت ئامێز و بە پاشخانێکی جوانی مەعریفی و ئیستێتیکایی دەقەکانیان بەرهەم دەهێنن.. مەسەلەی بێزاربوون و بێزارنەبوون پەیوەستە بە ئاستی ئەو دەقەی کە مرۆڤ دەیانخوێنێتەوە، پەیوەستە بە ناوەڕۆکی هیومانیزمی ئەو دەقانەوە کە تا چەند هەڵگری توخمی داهێنانن.. کاتێک کە تۆ مەحوی، یان حەمدی، یان نالی، یان مەولەوی و ئەراگۆن و ئیلیەت و دانتی و شێرکۆ بێکەس و دڵشاد عەبدوڵڵا و بەختیار عەلی و محەمەد موکری و هاشم سەراج و ئەوانی دیکە دەخوێنیتەوە دەزانی ئەوانە خودانی ئەزموونی خۆیانن لە هەوەنتەو بێ بنەمایی دەقەکانیان فڕێنادەنە مەیدانەوە، بۆیە چێژیان لێ وەردەگریت و لە بێزاری بە دوورن، بەڵام کاتێ بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەق دەبینێ، ئەوا دەکەویتە ناو بێزاری و چێژکوژییەوە.

*** گۆرانی:**

چۆن دەڕوانیتە ئەو ناوانە؟

– **تاهیر تۆفیق:** کتێبی ناو گیرفانی عاشقان و شۆڕشگێڕانە.

– **مشکۆ:** مشتێ هێرۆیینی بێهوودەییە.

– **سێوە:** گەڕان و سوڕان بەناو ئەشکەوت و ڕووباری کلێساکان و تابووت و جەنازەی مزگەوتەکان.

– **ناسری ڕەزازی:** مەستی و بێدادییە لەدەست ژیان.

– **شڤان پەروەر:** کلیلی سەنگەرەکانە.

– **زەکەریا:** هاواری ناو گەرووی ئەو گەنجانەن کە ئەشقی بەریان داویەتە سەریان.

***** هەڵدانی کتێبێکی نوێ و کەوتنە بازاڕ لە لایەن نووسەرانی کورد، وەک هەڵنەدان و نەکەوتنە بازاڕ وایە، هۆکارەکانی چین؟ بێ خوێنەری کورد؟ یان لاوازی ئاستی تێکستی کوردی؟ یان شتێکی تر کە من نایزانم؟

– هەروەک دەڵێن کتێب حیکمەتی بوونی جیهانە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێ بوونی کتێب کۆمەڵگایەکی نەزانە، کۆمەڵگایەکە هزری بەتاڵە، توانای بەرهەمهێنانی مەعریفی نابێت، بۆیە دەبێ کتێب ئەلتەرناتیڤی هەموو شتەکان بێت، ئێمە لەناو کتێب فێری خۆمان دەبین و شوناسی دەوروبەر کەشف دەکەین و ئاستەکانی فیکری و مەعریفی شارەزا دەبین، بۆیە دەبێ کتێب کۆڵەگەی سەرەکی تەلارەکانی بیرکردنەوەمان بێت، هەندێ جار هۆکاری ئابووری گرینگە بۆ وەلانانی کتێب بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵام ئەم پێوەرە لە ڕۆژئاوا کاری پێناکرێت، بە پێچەوانەوە بەهێزبوونی باری ئابووری دەبێتە هۆی سەقامگیربوونی کتێب و زۆربوونی خوێنەران، بەداخەوە لە کوردستان دوای ڕاپەڕین خوێنەر کەم بووە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە هێرشی جیهانگەرایی زۆر بە خێرایی لە کوردستان پەرەی سەندووەو شتێکی تازەشە لە کوردستان کە زۆربەی ئامێرەکانی دەرهاوێشتەی ئەو هێرشەن جێگەی کتێبیان گرتۆتەوە بە تایبەت لای گەنجەکان، لە ساڵانی بەر لە ڕاپەڕین کتێب هێزێکی گرینگی هەبوو، خەڵکانێکی هێجگار زۆر خەریکی خوێندنەوە بوون، تەنانەت کتێب تاکە سەلوای مرۆڤی کورد بوو لە ژێردەستایەتی دوژمناندا.

هەندێ جاریش ئاست نزمی کتێب ئەو پەرچەکردارە دەخوڵقێنی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکەش کتێبی کوردی لە وەزعێکی مامناوەندی دایە، کتێبی باش خوێنەری باشی هەیە.

***** پێت وانییە ڕەخنەی کوردی ئێستا لە ئاستێکی لاواز و بنێسدا کاردەکا؟ هۆکارەکانی ئەو لەڕولاوازییە چین؟ لە وڵاتاندا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کە بۆ کتێبێکی نوێ تەرخان دەکرێ و ڕەخنەگرێک ئاماژە بە گرینگی کتێبەکە دەدات ئەوە بۆ بەیانی بە هەزاران دانەی زیاد لەو کتێبە دەفرۆشرێ؟ بۆچی ئەدەبی کوردی دوورە لەو حاڵەتانە؟

– نەبوونی ڕەخنەیەکی بەهێزو فرە چەمک لەنێو ئەدەبی کوردیدا ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادییەکی ڕاستەقینە و فرە مانا، لە هەر وڵاتێک ئازادی بە مانا مرۆیی و ڕاستەقینەکە هەبێت، لەو وڵاتەدا ڕەخنە بەهێز دەبێ و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرینگی مەعریفی و دەبێتە هۆکارێکی گرینگی سەرهەڵدانی پرۆژەی گەورە گەورەی مەعریفی و دەزگای بەرهەمهێنەری مەعریفی، لەنێو ئەدەبی کوردیدا هێشتاکە ڕەخنە و ڕەخنەکاریش لە خودی خۆیان ئازاد نین و دیلی دەستی کۆمەڵێک قەوانی سواو دابونەریتی سەلەفین، ئەمەش وایکردووە بەرهەمی ڕەخنەیی لە ئاستێکی نزمدا سەقامگیربێت و نەتوانێ لەناو بەرهەمی ئەدەبیدا دەقی ئەدەبی جوان بخوڵقێنێ، ئەگەرچی هەندێ تەوژمی تازە هەن لەنێو گەنجەکاندا بەڵام ئەویش جیدییەتی بەردەوامبوونی کەمە، باشترین ڕێگەچارە بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەیەکی گەورە ئەوەیە دەور

و خولی بەرهەمی گەورە بدەن و حسێب بۆ پێوەندییەکان نەکەن و بە ڕۆحێکی ئازاد و ڕەها سەیری بەرهەمەکان بکەن.

* بۆچی تا نووسەر، یان شاعیرێ نەمرێ لەناو کورددا کەس قسەی لەسەر ناکات، بۆچی ئەو مردووەدۆستییە، کە هەمووشمان دەزانین ژیان جوانترە، ئایا هۆکارەکان چین کە کولتووری کوردی کولتوورێکی دژ بە ژیاندۆستییە؟

– من ناتوانم بڵێم کولتووری کوردی کولتوورێکی مەرگدۆستە، چونکە کولتوور لەسەر بنەمای مەرگدۆستی دانامەزرێ، بەڵکو ئەوە ژیاندۆستییە وا دەکات کولتوور بێتە کایەوە و میللەتان بڕەخسێنێ، بەڵام دیاردەی زیندووکردنەوەی دوای مردن لە نێو ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور، ئەو ڕابردووەی کە کۆمەڵێک ئەدیب و شاعیرانی بەرهەمهێناو ئیدی تا قۆناغێکی زۆر درەنگ ئەدیب و شاعیر سەریان هەڵنەدایەوە، ناچار بۆ ماوەیەکی هێجگار زۆر ئێمە هەر خەریکی قسەکردن بووین لەسەر ئەو نەوەیە، چونکە بار و گوزەرانی خەڵکی کوردستان لە نزمترین ئاستی خۆیدابوو لەبەر دەستی داگیرکەراندا، بەڵام دوای ئەوەی ئیدی قۆناغی سەرهەڵدانی ئەدەب گەیشت ئەم دیاردەیە کەمتر بۆوە، بەڵام نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە دەبێ یادی ئەدیب بکرێتەوە و دوای مەرگیان فەرامۆش نەکرێ، بەڵام نەک بە شێوەی شیوەن و سەردولکە، بەڵکو بە شێوەی بەرهەمهێنانی مەعریفی سەبارەت بە بەرهەمەکانیان، بە مانای کەشفکردنی ڕەهەندەکانی ناو دەقەکانیان.

* لە شیعرێکدا باس لە برادەرەکانت دەکەی کە بە نێو دنیا و مەرگ و پەرشبووندا پەرشبوونە، ئەگەر واز لە لایەنە فەلسەفییەکەی ئەو پەرشبوونە بهێنین، ئایا کێن ئەو برادەرە نزیکانەی کە تۆ حەزت دەکرد ئێستا لێت نزیک بوون، بۆچی؟

– لە ڕاستیدا ئەم شیعرە باس لە هیچ یەک لە برادەرەکان ناکات وەک دەستنیشان کردن، بەڵکو باس لە زەمەنی تاعوون دەکات، زەمەنی داخۆران و هەڵوەرین، زەمەنی نەناسینەوەی گەوهەرەکان و دارمانی بەها مرۆییەکان، ئەلەوێدا مەرگ سەرداری هەموو ئەو کولیرایەیە کە وردە وردە گیانی کۆمەڵ دەخاتە بەر مەترسی ڕەشەبا، ڕەشەبایەک ئیدی هێزی ڕاگرتنیمان نامێنێ و هەموومان وەک گەڵادار پەرشوبڵاو دەکاتەوەو فڕێمان دەداتە سەر سنوورەکان و یەکتر ناناسینەوە، ئەو خاکەمان لەبیر دەباتەوە کە هەزاران ساڵە نەوە بە نەوە وەک نوشتوێکی موقەددەس دەیپارێزێ و ناومانەتە سەر دڵمانەوە، سەرجەلەی شیعرەکە بۆ ئەوە ڕستەڕێژ کراوە یەکسەر بەرەو ئەو ئاژیرەت ببات کە لە کەللە بدا و ئاگاهی بخوڵقێنی، شیعرەکە لە ڕێگەی تراژیدرێژییەوە وێنای بەختەوەرییەکان دەکات، لە ڕێگەی مەرگەوە باس لە هەستانەوەو دروست بوونی جوانی دەکات، لەم شیعرەدا ئیستێتیکا بەندە بە قووڵکردنەوەی چەمکی کارەساتەکان نەک وەدەرخستنی ڕووکارە جوانەکان.

* یەکێ لە کارە گرینگەکانی تۆ وەرگێڕانی ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریستی نیکۆس کازانتزاکیسە بۆ سەر زمانی کوردی، ئایا تا چەند شانازی بەو کارەتەوە دەکەیت؟


– ئەو کارەی من لە ئێستێکەدا خۆی نانوێنێ، بەڵام دوای زەمەنێک دەبێتە جێگەی مشتومڕێکی زۆر، دوای ئەوەی ناوەرۆکی ئەم کتێبە لەنێو ئەدەبی کوردیدا ئاشکرا دەبێ، ئەو کتێبە تا ئازاد بێت پێویستی بەو زەمەنە هەیە کە ترسی سەلەفیەت لە ئارادا نەمابێ، ئێستاش لای ئەوانەی لە کۆت و پێوەندی سەلەفیەت و ترسی تیرۆر ڕزگاریان بووە جێی خۆی هەیە، چونکە هیچ کتێبێکی دیکە ئەوەندەی ئەو کتێبەی من کردوومەتە کوردی لە ئەدەبی جیهانی گفتوگۆی لەسەر نەکراوەو گرفتی نەناوەتەوە، تەنانەت ئەم کتێبە سەرچاوەی کتێبی (کۆدی داڤینشی)یە.

* گریمان تەنیا کاتی ئەوەت مابێ لە ژیاندا دوو ڕستە لەسەر ئەو کاغەزە بنووسیت، دوایین شتی خۆت چی دەنووسیت؟

– ئەگەر کاتی ئاوا هات ئەوسا پێت دەڵێم چی دەنووسم؟

بەڵام وەک پێشەکی ئەمەت بۆ دەنووسم:

**لای وایە کە ژین فانی نییە و ڕێگەیی دوورە**
**نایزانێ کە هەر پەنجەیێ لەم خاکی زەمینە**
**کوڵمی دە هەزار «لەیل» و دەمی سەد «مەم و زین»ە.**
**«هەردی»**



# ژاک دریدا:
# تا پێمان بکرێت دەمانەوێت مەرگ لە خۆمان دوور بخەینەوە و هاتنی دوابخەین

**لە تورکییەوە: یووسف عزەددین**

**بە ماوەیەکی کەم پێش مەرگی ژاک دریدا**

لیمۆندی فەرەنسی توانی، لە ناوچەی- Ris-orangis-ی دەرەوەی پاریس، ببێتە میوانی ژاک دریدا و ئەم دوا دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بدات. کە دیارە لەو دەمەدا، تا بڵێی کە نەفت و پەرێشان و نەخۆش بووە.

هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی قسەکانی شتێک لە رووکەشی و ئیزدیواجییەت و بێ سەرەو بەرەیی لەخۆ بگرێت.

بە تەواوی ترس و سڵکردنەوەی لە مەرگ، لە دوو توێی قسەکانییەوە وەدیار دەکەون. هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە رۆژنامەی (The New York Times) پاش مردنی، بەگاڵتە پێکردنەوە بنووسێت:

«تۆ بڵێی بکرێت لە مردنی ژاک دریدا دڵنیابین؟!».

شایانی باسیشە هەر لەبەر ئەو هۆکارەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.. ناچاربووین کە لە وەرگێڕانەکەماندا هەندێک پەرەگراف لابدەین و ئەوەی دیکەشی بەبێ دەستکاری وەربگێڕین).

**«وەرگێڕ»**

**لیمۆند:** هێندی ئاگادارین، جگە لەوبەرهەمانەی لەم ساڵەدا بەچاپت گەیاندووە، بەشداریی چەندان کۆنفرانستان کردووە، هەر لە لەندەنەوە تا پاریس و زۆر شوێنی دیکەی دنیاش. هەر لەم ساڵدا بوونەتە میوانی دوو فیلمی تایبەت بە خۆتان و زۆرێک لە گۆڤارەکان ژمارەی تایبەتیان سەبارەت بە ئێوە بڵاوکردۆتەوە.. وەک هەردوو گۆڤاری Europe, Magazine Lit-teiaire.. هێشتاکە زۆر گۆڤاری دیکەش لەژێر

چاپدان، کە دەرحەق بە ئێوە ژمارەیان تەرخان کردووە. هەر بۆ نموونە هەردوو گۆڤاری Herne, Cahiers...

باشە ئەم هەموو چالاکییەتان لە ماوەی ساڵێکدا؛ پێ زۆر نییە؟!

**ژاک دریـــدا:** پێم خۆشە هەر ڕاشکاوانە بڵێیت؛ دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بوون و لە ئێستادا ئەم خەریکی چارەسەری خۆتانن، بەڵام با لە ئێستادا ئەم مەسەلەیە بخەینە لاوە، چونکە تەوەرەی باس و خواسەکەمان، هیچ پێوەندییەکی بە باری تەندروستی منەوە نییە.

**لیمـــۆند:** کەواتە وا باشترە بگەڕێینەوە بۆ «تارماییەکانی مارکس»، گەرچی تایبەتە بە تێزی عەدالەت لە داهاتوودا، بەڵام پێم وایە واتای پەنهان و نهێنی پشت دێرەکانی، لەم ڕستەیەدا بەرجەستە دەبێت؛

«یەکێک لەوانە ڕەنگە من بم، یان تۆ.. هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە و دەڵێت: دەمەوێت فێری ژیان بم»..
باشە پاش ساڵانێک لە نووسینی ئەو کتێبە و لەمڕۆدا چی دەرحەق بە فێربوونی ژیان دەڵێن؟!

**ژاک دریـدا:** لە ڕاستیدا تەوەرەی سەرەکی کتێبەکە ئینتەرناسیۆناڵی نوێیە و بەدەر لە کۆزۆپۆلیتیزم و گلۆباڵیزم، تێزێکی ئەڵتەردیالیست دەخاتە ڕوو.

لە ساڵی ١٩٩٣دا، لە ڕوانگەی ئەنتەرناسیۆناڵی نوێوە، ڕاشکاوانە ئاماژەم بەوەدا، کە پێویستە ڕێکخراوەکانی IMF، DTO، G8 و بە تایبەتیش ڕێکخراوی BM؛ هەر هیچ نەبێت بارەگاکانیان ببەنە شوێنێکی دوورتر لە نیویۆرک، ئەمە جگە لە پێداویستی گۆڕینی پرۆگرام و بەرنامەیان.

سەبارەت بە «فێربوونی ژیان»یش؛ ڕاستییەکەی لە کۆتایی کتێبەکەدا ئەم ڕستەیەم بە خەیاڵدا هات. دیارە دەکرێت ئەم ڕستەیە لە زۆر گۆشەنیگاوە ڕاڤە بکرێت. گەر بە یەکێک بڵێیت «فێری ژیانت دەکەم»... وەک ئەوە وایە پێی بڵێیت، دەتخەمە ئەو قاڵبەی کە خۆم دەمەوێت، بەو پێیەش هەست بە تۆنێکی هەڕەشەکارانە لە دوو توێی ڕستەکەدا دەکەیت. ڕاستییەکی هەر خودی ترسانە لە مەرگ، کە دەبێتە مایەی تەرح کردنی پرسیارێکی لەو چەشنە؛ تۆ بڵێی فێری ژیان ببین؟! یان تۆ بڵێی فێری ژیانمان بکەن؟! گەر نەمەوێت درێژەی بدەمێ و بە پێچو پەنادا نەتبەم، ئەوە ڕاستەوخۆ وەڵامت دەدەمەوە و دەڵێم:

نەخێر، من هیچ کاتێک فێری ژیان نەبووم... بێگومان نەخێر، چونکە فێربوونی ژیان، فێربوونی مەرگە. هەر لەسەردەمی پلاتۆنیشەوە گوتراوە؛ «فەلسەفە فێربوونی مەرگە».

گەرچی لە ئێستادا کەمتر باوەڕم بەو گوتەیە ماوە، چونکە هێشتاکە فێری مەرگ نەبووم. ئێمە هەر هەمووومان دەمانەوێت، لەم دنیایەدا بمێنینەوە و بژین. تا پێمان بکرێت دەمانەوێت مەرگ لەخۆمان دووربخەینەوە و هاتنی دوابخەین، بەڵام مەودای نێوان من و مەرگ، تا دێت زیاتر کورت دەبێتەوە.. چونکە زۆرێک لەو نووسەرانەی کە لەگەڵ مندا ناویان دەهێنرێت، ئێستا لە ژیاندا نەماون و مردوون. من وەک خۆم میراتگری دەیان شتی باش و خراپم. دواین نوێنەری نەوەی شەستەکانم. گەرچی هەموو شتێکیان بەڕاست نازانم، بەڵام بە تەواویش لێیان نارازی نیم و چەشنێک لە ویستی بەرپەرچدانەوەی میلانکۆلیم لا بەرجەستە دەبێت، بەتایبەت کە لەمڕۆدا نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنیوم و لەبگرە و بەردەی ژیان و مردندام. ئەوەی کە بە تەواوی بیروهزری تەنیوم، خودی زیندەگی و مانەوەمە لەژیاندا، بە شێوەیەکی گشتی ژیان بە واتای درێژەدان بە زیندەگی و ئیدامە پێدانی دێت، بەڵام لە ڕوویەکی تریشەوە بەواتای ژیانەوەی پاش مەرگیش دێت. واڵتەر بینجامین، ئاماژە بەدوو جۆری ژیانەوەی پاش مەرگ دەدات.

یەکێکیان بە (ئوبەرلیبین) ناودەبات و بە واتای لەژیاندا مانەوەی پاش مەرگ دێت، هەروەک چۆن منداڵێک، پاش مەرگی دایک و باوکی، دەیەوێت لەژیاندا بیانهێڵێتەوە و لەبەرچاویدا بە تەسەور بەرجەستەیان بکات.

دووەمیشیان بە (فۆرتلیبن) ناودەبات و بەواتای ژیانەوەی پاش مەرگ دێت، هەروەک چۆن نووسەری کتێبێک پاش مەرگی دەژێتەوە.

**لیمۆند:** ئاماژە دانت بە نەوەی شەستەکان و ناوبردنی ئێوەش لەگەڵ ئەواندا، چۆن چۆنی لەلایەن ئێوەوە ڕاڤە دەکرێت؟

**ژاک دریـــــدا:** ڕاستییەکەی ئاماژە دانم بە نەوەیەک،شتێک لاستیکییە و نەوەکانی پێشوو و

ڕابردووش، لە مەدارێکی ئەناکرۆنیکی هاوچەرخدا دەگرێتە خۆی.. هەر لە لاکان و لیڤینس و فۆکۆڵت و بارتێس و دیلوز و بلانچۆت و لیۆتارد و سارا کۆفمانەوە تا دەگاتە ئەڵتوسێر و دەیان نووسەری دیکە کە هێشتاکە لە ژیاندان؛ گەرچی ڕەنگە لە ڕووی جێگەوە، زۆر لەمنەوە دووربن، بەڵام هەست بەوە دەکەم کە زۆر لێیانەوە نزیکم. گەر لە ڕوانگەیەکی میتۆنیمییەوە بڕوانمە میراتی پێش خۆم، دەبینم هیچ هەوڵێکی سازشکارانە و سەوداکارانەی نەبووە و سەرباری زۆر بۆ هێنانی توێژێک لەنوێنەر خۆی سادە نەکردۆتەوە و وەک (ethos)ێک پاشەکشەی نەکردووە.

شایانی باسە مەسەلەکە لە ڕیزکردنی کۆمەڵێک ناودا خۆی نابینێتەوە، هێندەی ئەوەی کە مەبەستمان لە وەبیرهێنانەوەی سەدەیەکە، کەدەبێت لە سڕینەوە و لەناوچوون ڕزگاری بکەین. یان باشترە بڵێم، دەبێت بیژێنینەوە و هەوڵی ئەوە بدەین کە جارێکی دی لە دایک بێتەوە. ڕووناکبیرانی ئەمڕۆ، ئەرکێکی زۆر گرنگ لە ئەستۆیاندایە و دەبێت بەجێی بگەیەنن، چونکە میدیای ئەنتەلکتوێل و لۆبییە (ئیکۆنۆمیک- پۆلەتیک)ەکان، هەموو بوارە مەعریفییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە و دەبێت دژ بەوان جەنگێک بەرپا بکەین، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە دەبێت دەستبەرداری میدیا ببین و پشتی تێبکەین، بەڵکو دەبێت هاریکارییان بکەین و وایان لێبکەین کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن.

دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە سەدەی بەختەوەری و ئاشتی بەسەرچووە و هەموو شتێک بۆتە هۆمۆژینێکی تێکەڵ و هەستی ڕک و ڕکەبەرایەتیمان تێدا دەبزوێنێت، وەک بیرۆکەی ساڵی «٦٨»، لە سایەی گوزارشتێکی بێ مانادا کۆکراوەتەوە و چ لە زانکۆ و چ لە میدیاکانەوە، وەک پەڕۆڵە، یان تاوانبارکردنێک بەڕووماندا دەدرێت، بەڵام هەر دەبێت درێژە بە دیالۆگ بدەین و بەزیندوویێتی بیهێڵینەوە. ئەوەی کە سەبارەت بەنەوەی خۆم بە ڕاستی دەزانم، بە هەمان شێوەش نەوەکانی پێش خۆشم دەگرێتە خۆ و لە هەمان دیدگاوە تێیان دەڕوانم. ناکرێت دەستبەرداری کتێبی پیرۆز و پلاتۆن و کانت و مارکس و فرۆید و هایدیگەر ببم.

هەموو کاتێک فێربوونی ژیان، شتێکی نارسیستییە، چونکە هەردەم مرۆڤ دەیەوێت بەرگری لە بوونی خۆی بکات و لەو گەردوونە گەورەیەدا، سەرباری بچووکی خۆی شوێنێک بۆ خۆی بکاتەوە.

هەربۆیە ناکرێت پشت بکەمە هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشم دەوێن، ئەوەی کە داوایەکی واشم لێبکات، وەک ئەوە وایە پێم بڵێت: «بمرە».

لە ڕاستیدا ڕاستگۆیی و بەوەفاییم، سەبارەت بەوانەی کە ناوم هێنان، چەشنێک لە بەرگری و داکۆکی کردن لە خودی خۆم و خۆپاراستنێکی ناوەکی دەگرێتە خۆی.

**لیمۆند:** پێم وایە ئێوە لە ژیاندا مانەوە و نەمریتان کردە شێوازێکی نووسین و بەو پێیەش شێوازێکی نوێتان داهێنا ؟!

**ژاک دریدا:** گەر شێوازێکی نوێم لە نووسیندا داهێنابایە، ئەوە بێگومان لە فۆڕمی شۆڕشێکدا دەکەوتە ڕوو!؟ هەر بارودۆخ و کەشوهەوایەک، شێوازێکی تایبەت بە خۆی گەرەکە، کە بتوانێت پڕاوپڕی ئەو ناوەرۆکە بێت کە دەخرێتە ڕوو. ئەمە جگە لەوەی دەبێت باوەڕمان بە دروستبوونی توێژێکی نوێش لە خوێنەر هەبێت، چونکە هەر کتێبێک پیدەگۆژییەکی لە قاڵبدانی خوێنەرە و ئامانجی سەرەکیشی هەر ئەوەیە. دیارە ڕاگەیاندنەکانیش هەر لە هەوڵی ئەوەدان، بەڵام بێگومان ئەم کارە هێندە ئاسان نییە و ناکرێت بە سانایی خوێنەران کۆنترۆڵ بکرێن.

چەند بە وەفاو دڵسۆزیش بین لەخستنەڕووی گوتارەکانماندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بمانەوێت و نەمانەوێت بەرامبەرەکەمان بریندار دەکەین، بەتایبەت کاتێک کتێبێک بڵاودەکەینەوە هەر چییەک بڵێین و دایبهێنین. دواجار هەموو ئەوەی کە نووسیومانە ئیدی هی ئێمە نییە و لە ئێمە بەدەرە و بەدەر لەویست و خواستی ئێمە دەکەوێتە جووڵە و دەبزوێ، گەرچی لە نووسینی کتێبێکدا کەس زۆری لێنەکردووم و کەسیش زۆرم لێناکات، بەڵام پاش نووسینی دەبمە تارمایی و هەروەک ئەوەی کە ون بوو بێتم، چونکە شوێنەوارێکم بۆ داهاتوویەک بەجێبهێشتووە کە من تێیدا مردووم. ئەمە بانگەشەیەک نییە بۆ نەمربوون، چونکە فۆرمی جیگری ژیان ئەوەیە، کە دەبێت بمریت. هەر بۆیە پاش خۆم ئەو پارچە کاغەزانە جێدەهێڵم، کە بەناچاری دەبێت ئەم دنیایە جێبهێڵم و بمرم. نازانم ئەوەی کەجێشی دێڵم، کێ دەبێتە میراتگری و خۆی بەخاوەنی دەزانێ؟

ڕاستییەکەی ئەم سەدەی (تەکنۆ- کولتوور)ەی تێیدا دەژین، بووەتە مایەی گۆڕینی زۆر شت. نەوەی پێشوو، نەوەیەکی تر بوو، هەردەم پەنامان دەبردە بەر خوێندنەوەی نەوەکانی پێش خۆمان، بەڵام لەمڕۆدا هەموو شتێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دیار نییە داهاتووی بیرو هزر دەگاتە کوێ. بۆخۆم دوو تێڕوانینم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە ڕەنگە پاش مردنم، چەند خوێنەرێک پەنهان و مەبەستی نووسینەکانم تاوتوو و شیکار بکەن. تێڕوانینی دووەمیشم ئەوەیە، کە ڕەنگە پاش مردنم، بە پێنج شەش ڕۆژ یان مانگێک لە یاد بکرێم و کتێبەکانم تەنیا لە ئەرشیڤی کتێبخانەکاندا بمێننەوە، کە دیارە ئەم هەستە زۆر بەسەرمدا زاڵە و سوێندتان بۆ دەخۆم کە وەک خۆم زۆر باوەڕم بەوەیە، کەوام لێ بەسەر دێت.

**لیمۆند:** لە نووسینەکانتاندا هەست بەوە دەکرێت زۆر هۆگری زمانی فەڕەنسین، تەنانەت لە کتێبی [Le Monrolinguisme de L'autre]دا، ڕاشکاوانە خۆتان وەک پارێزەرێکی زمانی فەڕەنسی ناساندووە و پێتان وایە کە ئێوە دوا نیگارکێشکی ئەو زمانەن.

**ژاک دریدا:** گەرچی زمانی فەڕەنسی، زمانی زگماکی من نییە و بە بنەچە جوولەکەیەکی فەڕەنسیم و لەسەر خاکی جەزائیر لە دایک بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی فەڕەنسی تاکە زمانێکە کەبەکاری دەهێنم. جوولەکەکانی جەزائیر، چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی دابونەریتەوە هێشتاکە لە عەرەبەکانەوە نزیکن. پاش ساڵی ١٨٧٠، جوولەکەکانی ئەوێ تەنگەتاو کران و تەنانەت نەنکم، لەو بارودۆخەدا بەدزییەوە و لە باخچەیەکی پشتەوەی شارەوانییەکدا، ڕێ و ڕەسمی زەواجیان بۆ کردبوو.

سەردەمی باوکم و دایکشم، ئەو سەردەمە بوو کە زۆربەی جوولەکەکان بازرگان بوون و بە بازرگانەتییەوە خەریک بوون. زۆربەیان نوێنەری مارکە کۆزمۆپۆلیتەکان بوون. دەکرا زۆر بە ئاسانی جوولەکەیەک ببێتە نوێنەری فابریکەی سابوونی مارسیلیا لەباکووری ئەفەریقا..

پاشان نەوەی ئێمە هاتە پێشێ، کە زۆربەیان مامۆستا و پزیشک و کەسانی ڕۆشنبیر و ئەنتەلەکتوێل بوون. کە زۆربەیان گەڕانەوە بۆ فەرەنسا و پێم وایە لەساڵی ١٩٦٢ بەدواوە، هیچ کەسێکی ئەو نەوەیە لەجەزائیر نەمان، شایانی باسە یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی ژیانی من، زمانی فەرەنسییە و زۆرم لا خۆشەویستە و تەنیا زمانێکی بێ گرێ و گۆڵە بەلامەوە.

ئەوەی کە وام لێدەکات لە نووسینەکانمدا توندوتیژبم، زمانی فەڕەنسییە، یان ڕەنگە لەوەوە بێت، کە زمانێکی خۆشەویستە بەلامەوە. کە دیارە ئەمەش پێوەندی بە نەتەوە پەرستییەوە نییە. زمان پێویستی بەسەلماندن و سەپاندنە. شایانی باسە ناشێت و ناکرێت هەموو شتێک بەسەر زماندا بسەپێنیت، چونکە زمان لەپێش ئێمەوە هەبووە و لەدوای ئێمەشەوە هەر دەبێت. گەر بتەوێت دەستکاری زمان بکەیت و شتێکی بەسەردا بسەپێنی، ئەوە دەبێت زۆر بە ناسکی و نەرمونیانی بە ئەنجامی بگەیەنێت و بێ ئەدەبی دەرحەق نەکەیت، گەر ئەوەش بکەیت، دەبێت یاسا نهێنییەکانی زمان لەبەرچاو بگریت و ڕێزت بۆی هەبێت.

هەربۆیە من وەک خۆم، بەو شێوەیە لەگەڵیدا دەجووڵێمەوە و دەمەوێت لە مێژووی زمانی فەڕەنسیدا، شوێنەوارێک جێبهێڵم. بەڕادەیەکی بێ سنوور پەرۆش و پەیوەستی ئەو زمانەم و پێشم وایە کە تاکە زمانێکە، توانستی گرتنەخۆی بێگانەی وەک ئێمە و مانانی هەیە. دڵنیاشم لەوەی کە چ جوولەکە و چ غەیرە جوولەکەکانی فەڕەنسا، لەم ڕووەوە لەگەڵمدا هاوبیرو تەبان.

**لیمۆند:** واپێدەچێت زۆر نەتەوێت لە قسەکانتدا، دان بە «ئێمەی جوولەکە» و «ئێمەی فەیلەسووفدا» بنێیت، گەرچی لە زۆرێک لە نووسینەکانتدا، ئاماژەت بە «ئێمەی ئەورووپایی» کردووە، لەوە دەچێت کەمتر سڵ لە بەکارهێنانی بکەیتەوە، لەچاو ئەوانەی پێشوودا.

لەکتێبی «L'Autre cap»دا، ئاماژە بە «پیرە ئەورووپاییەکان» دەکەیت.

**ژاک دریدا:** باش بوو ئەو مەسەلەیەت وەبیر هێنامەوە، چونکە بەڕاستی لەبەکارهێنانی زاراوەی «ئێمە»، کەمێک دوودڵم و سڵی لێدەکەمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەکاری دەهێنم، سەرباری ئەوەی کە پێم وانییە ئیسرائیل، نوێنەری نەک تەنیا هەر جوولەکەکان، بەڵکو تەنانەت پێشم وانییە نوێنەری خودی زایۆنیزمیش بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێک، نکۆڵیم لە جوولەکە بوونی خۆم نەکردووە و کەم تا زۆریش «ئێمەی جوولەکەم» بەکارهێناوە و هەر بەکاریشی دەهێنم، تەنانەت گەر پێویستیش بکات، ئاساییە لە شوێنی

خۆیدا «ئێمەی فەرەنسی»یش بەکار بهێنم.

هەر لە سەرەتای نووسینمەوە، دژ بەوە بووم کە ئەورووپا لەمیانەی دەق و بۆچوونەکانی ڤالێری و هۆسێرڵ و هایدیگەرەوە، هەڵبسەنگێنرێت و لە دارژگەی مۆدێرنیزمدا جێی بکرێتەوە، چونکە سەرچاوەی نازیزم و تۆتالیتاریزم و جینۆسایدی جوولەکەکان، هەر لەخودی ئەورووپاوە هەڵقوولاوە، گەرچی لەمڕۆدا ئەورووپا تێڕوانینێکی دیکەی هەیە و دەیەوێت ببێتە قوتێکی دژ بە سیاسەتەکانی ئەمەریکا، ئەمە جگە لەوەی کە لە کێشمەکێشدایە، دژ بە تیۆکراسیەتی «عەرەب- ئیسلام»ی ناپۆلۆتیکانە، هەربۆیە دەبێت سەرجەم ئەورووپا، دژ بەو بلۆکانەی کە دژ بەون، کۆک و تەباو یەکانگیربێت. من لێرەدا مەبەستم لەنێو لیبراڵی نێو ئەورووپا و ئەو جەنگە ناوخۆییانەی ئەم دواییە نییە، مەبەستم لە ئەورووپایەکە کە بەشوێن خۆیدا دەگەڕێت؛ ئەورووپایەک کە هەست بە لێپرسراوێتی مێژوویی و مرۆڤانەی خۆی دەکات، هەربۆیە لەوکاتەدا سڵ لەوە ناکەمەوە کە بڵێم؛ «ئێمەی ئەورووپایی». ئەورووپای نوێ دەبێت ئەڵتەرمۆندیالیستێکی نوێ، دژ بە گلۆباڵیزم بهێنێتە ئاراوە و بیخولقێنێت، بەڕای منیش ئەمە تاکە ڕێگەیەکی دەربازبوونمانە. هەر ئەوەندەی ئەم هێزەش کەوتە گەڕ، پێم وانییە هیچ شتێک بتوانێت بەری پێ بگرێت. دەبێت ئەورووپا لە ئەمەریکا و ناتۆ، خۆی بەدوور بگرێت، هێزی سەربازیشی دەبێت تەنیا بۆ بەرگریکردن لە خۆ بێت، نەک بۆ هێرش و هێرشکاری.

**لیمۆند:** پێدەچێت سەبارەت بە ئەورووپا، لەنێو خۆتاندا لە ململانێدا بن، چونکە «١١»ی ئەیلوول، گرامەری جیۆپۆلەتیکی کۆنی سەروژێر کرد و ئەورووپاشی تووشی کریز کرد. لەکاتێکدا هێشتاکە ئێوە دەتانەوێت کۆزمۆپۆلیتی نێو نەتەوەیی ئەورووپا وەک خۆی بمێنێتەوە...؟

**ژاک دریدا:** پۆلەتیک وشەیەکی گریکییە و پەیوەستە بەدەوڵەت و خاک و ئۆتۆکتۆنییەوە (otoktoni)، لەپێش وشەی (Polis)ەوە بوونی هەبووە و بەکارهێنراوە، بەڵام لەمڕۆدا بالادەستی دەوڵەتێک، بە خاکەوە پەیوەست نییە، هەر ئەمەشە لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە تووشی کریزی دەکات. بەڕای من بۆ پارێزگاریکردن لە ئەورووپا، جار جارە پێویستە نارەزایەتی خۆمان دژ بە هێزە گلۆباڵەکان بخەینە ڕوو، ئەمەش بکەینە کولتوورێک، هەروەک لە نووسینەکانمدا ئاماژەم پێداوە، دیموکراسیەت هیچ کاتێک نابێتە جێگەی بڕوا، هەر بۆیە دژ بە خۆم دەجەنگێم و لەنێو خۆمدا لە ململانێدام، ئێوە لەو ڕووەوە ڕاست دەکەن، دڕدۆنگ و دوو دڵم و هەر ئەمەشە وام لێدەکات، کە لەیەک کاتدا ڕاوبۆچوونی لەیەکتر جودا و جیاواز بخەمە ڕوو.. ئاشکراشە ئەم دڵەڕاوکێیە دەمژێنێت و دەمکوژێت، ئەم جەنگە جەنگێکی ترسناک و ئازاربەخشە و ژیانیش ئەمەیە، مەگەر پاش مردنم بە تەواویی دابسەکنێم و هێور ببمەوە.

**لیمۆند:** لە هەردوو کتێبەکەی ئەم دواییەتاندا، بۆ جارێکی دی ژیان و مردنتان خستۆتە ژێر پرسیارەوە و فەلسەفەتان بە (دیاری مەرگ) داوەتە قەڵەم؟

**ژاک دریدا:** چەمکی ژیان و مردن، شتێکی تێکەڵ و ئاڵۆزەو فامکردنی ئاسان نییە، لە ژیاندا مانەوە و نەمری، ژیانێکی دیکەی ئەودیوی ژیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیدامەدان بە زیندەگی هەر لەنێو خودی ژیاندا شیاو و مومکینە. هەردەم لەخۆشترین ساتەکانی ژیانیشمدا، هەستم بەتارمایی مەرگ کردووە و زانیومە کە هەمیشە لەبۆسەدایە. ڕەنگە لە ژیاندا شانسم هەبووبێت و توانیبێتم ببمە خاوەنی هەموو ئەو شتانەی کە دەمەوێت، ئاشکراشە کە زۆر ساتی پڕ کامەرانی و بەختەوەریشم بردۆتە سەر، بەڵام لە ئێستادا بیرۆکەی مردن، بۆ لای مەرگم ڕاپێچ دەکات، چونکە ئیدی هەموو شتێک بەسەرچوو؛ هەموو شتێک کۆتایی هات.

سەرچاوە:

**Cogito- 2006- Yapi kredi Kultur Sanat yayincilik A.S-istanbul.**

# قەلەندەری پاشا

عەبدوڵڵا قەرەداخی

**بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیطاعەم کرد**
**لە ئیبتیداوە کە بەیتێ موناسیبی دیوان**
**گەدایەکی وەکو «مەحوی»، قەلەندەرێکی کورد**
**میثالی پادشەهی فورسە، صاحیبی دیوان**

گریمانەی ئەم نووسینە ئەوەیە کە «مەحوی» زۆر وریایانە و بە مەبەستی سەلماندنی هەڵوێستی بناغەیی لە مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگدا، ئەم دوو بەیتەی نووسیوە و هەر لە سەرەتاشەوە [ئیبتیداوە] ئەو هەڵوێستە بناغەییەی ئاماژەی بۆ کرا پشتی بە ڕێباز (میتۆد)ێکی تایبەت بەستووە و پشت بەستنەکەش ڕەنگدانەوەی لە هەردوو بواری شێوە و ناوەڕۆکدایە.

«بنووسە» ئەو فەرمانەیە کە ئەم دوو بەیتە، لە هەردوو ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە. دەکاتە دەروازەی ڕاستەقینەی سەرجەمی دیوانەکە. لە ڕووی شێوەوە وشەکە لە سەرەتای هەردوو بەیتەکەدا هاتووە. واتە لە ڕووکار «واجهە»ی بینای دوو بەیتەکەدایە، هەر لەوێشەوە- واتە بەوێدا- دەبێ بچێتە ناو بینایەکەوە. لەلایەکی دیکەشەوە «بنووسە» فەرمانێکە دەبێ شاعیر جێبەجێی بکات و ئەم فەرمانە، لە ڕووی شێوەوە، نەک لە ڕووی ناوەڕۆک و چوارچێوەی کات و شوێن و چۆنێتییەوە، لە وشەی «إقرأ» دەچێت لەسوورەتی «العلق»ی قورئانی پیرۆزدا. ئەو وشەیەی کە مەعنای «بخوێنە» دەبەخشێت، لە سەرەتای سوورەتی ناوبراودایە. لە ڕووی پۆلێن کردنەوە، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرۆسەی (فێرکردن)ەوە هەیە. لە ڕووی ئەزموونەوە، ئەو وشەیە دەسپێکی ئەزموونی پەیام سپاردن و پەیام گەیاندنە. فەرمانەکەش کورت و

پوخت و ڕوون و یەکلاکەرەوەیە، هەمان ئەو تایبەتمەندییانە لە وشەی «بنووسە»ی هەردوو بەیتەکەی مەحویدا بەدی دەکرێن.. لە سەرەتادا هاتن، پێوەندیی بە پرۆسەی فێرکردن/ەوە، دەسپێکی گەیاندنی پەیام سپاردن- پەیام گەیاندن و کورت و پوخت و ڕوون و یەکلاکەرەوە بوونی وشەکە، بەڵام جیاوازییەکی ئاشکراش لە ئاراستەی پرۆسەکەدا- پرۆسەی فێرکردن- هەیە. لە قورئانی پیرۆزدا ئەو ئاراستەیە بەرەو ناوەوەیە- لە دەرەوە- لە بەیتەکەدا ئاراستەکە- بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە- لەناوەوە بەرەو دەرەوەیە. ئەم جیاوازییەش، هەر لە ڕووی شێوەوە- ئەرکی خۆی هەیە، ئەم ئەرکە بریتییە لە دابین کردنی ڕایەڵی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەردا لە ڕێگای سێ جێگۆڕکێی زیرەکانەی ئێجگار پێویستدا:

١- گواستنەوەی کردار لە خاوەن بڕیارەوە (پیری دڵ) بۆ جێبەجێکار، لە ڕێگای سپاردنی پەیامەوە (بنووسە).

٢- وەرگرتنی دەنگی کەسی یەکەم (قسەکەر) لە ڕاگەیاندنی پرۆسەی بناغەیی جێبەجێ کردنی پەیامدا (ئیطاعەم کرد).


٣- دابەش کردنی خود (یەکەمین کەسی تاک) بەسەر (یەکەمین کەسی تاک- حەقایەتخوان) و (سێیەمین کەسی تاک «بزر-غائب») بە مەبەستی دەرکردنی ئەرکە بناغەییەکەی جێبەجێکاری پەیام (شاعیر) لە ستایش (مەدحی خود- قسەکەر-ەوە) بۆ وەسفی کەسێکی دیکە:

**گەدایەکی وەکو «مەحوی» قەلەندەرێکی کورد**
**میثالی پادشەهی فورسە، صاحیبی دیوان**

ئەم «دابەش کردن»ە،لە ڕووی ناوەرۆکەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەبینێ، کە لەشوێنی خۆیدا باسی لێوە دەکرێ، کە لێرەدا هێندەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە چڕکردنەوەی گەورەی پێوەندییەکی ئاڵۆز، بەو شێوەیەی لە دووەمین بەیتدا بەدی دەکرێ، لە دەسەڵاتی ئەو چەند وشەیەدا نەدەبوو کە لەوێ بەکارهێنراون، ئەگەر ئەو گواستنەوەیە لە کەسی یەکەمی تاک/ەوە بۆ کەسی سێیەمی تاک ئەنجام نەدرابا. با پێکەوە دوو هاوکێشە لەو بەیتە دروست بکەین:

أ- گەدا (قەلەندەر)ێکی کورد= مەحوی (تاک و دیار)

ب- پادشەهی فورس= ؟ (کۆ و نادیار)



مەحوی

ئەم دوو هاوکێشەیە لە کۆتاییدا، لە «صاحیبی دیوان»دا، پێکەوە هاوکێشەیەک دروست دەکەن. بە وردبوونەوە لەخاڵە هاوبەشە تازەکە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دوو توخمەی لە (أ) و (ب)دا دەستنیشان کران- بەچاوپۆشی لە «تاک» یان «کۆ» بوونی هەریەکێکیان، ناتوانرێ لە دەرەوەی ئەو پێوەندییەدا باس لە «بەها- قیمە»ی سەربەخۆی هەر یەکێک لەو دوو لایە بکرێ، هاوکێشەکە هاوکێشەی یەکسانییە.

مەحوی (گەدا، قەلەندەری کورد- صاحیبی دیوان)= (پادشەهی فورس- صاحیبی دیوان. ئامرازی دابین کردنی ئەو یەکسانییە وشەی «میثال- وەکو»ە. پێوەندیی یەکسانییەکەش (لێچواندن- شوبهاندن)ە. لێرەوە، ناکرێ باسی دوو هاوکێشە بکرێت، بەڵکو تەنیا یەک هاوکێشە لەئارادایە، بەڵام لە ڕووی شێوەوە، لەسەر بناغەی ئامراز و پێوەندیی هاوکێشەکە: (یەکسانی)، لێچوو (وێڕای یەکسانییەکەش)، لە هەمان پلەدا نییە. کە دەگوترێ: «ئەم وەکو ئەو جوانە»، ئەوە جوانیی «ئەو» پێشتر بڕیار دراوە و پاش «ئەو»، «ئەم»یش لە ڕێگای لێچواندنەوە، ئەو بڕیارەی بۆ دەدرێ. بە هەمان پێوەر پادشەه (پاشا)ی فورس (صاحێب دیوان) بوونی ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، کەچی بڕیاردانی لێچواندنی مەحوی بەو پاشایە، پێویستی بەوە هەیە پێشتر بڕیاری (صاحیبی دیوان) بوونی بۆ بدەین. ئەمەش لە ڕووی

شێوەوە، ئەرکێکە پڕ بە پێستی ئەو دوو بەیتە.

دوا خاڵ/یش، کە هەر لە ڕووی شێوەوە، بە پێویستی دەزانم بیـوروژێنم، وشـەی (دیوان)ە. لێـرەدا ناتوانرێ باسی (جـیناسی تەواو/ بکرێ، چونکە تەنیـا یەکـجـار وشـەی (دیوان) بەکـارهێنراوە [ئەمـەش بەڵگەیەکی بەهرەی هونەریی بەرزی مـەحـوییـە]، بەڵام لە ڕووی زەینەوە بە ئاسـانی پەی بۆ ئەوە دەبرێ کە هەمان وشە بە دوو مـەعـنای بە تەواوی لێک دوور و جـیـاواز بەکـارهێنراون، بە شـێـوەیەک قـسـەکـردن لە جـۆرە جـیناسـێکی زیهنی پاسـاوی تەواوی خـۆی هەیە. ئەم جیناسە زیهنییە، هێندەی لە ڕووی شێوەوە یەکسانیی دوو لایەنی هاوکـێـشـەکـە پایەدار دەکـات، لە ڕووی ناوەڕۆکـەوە هەمـوو ئەو بنەمـایانەی یەکسـانی- کـە بە ڕواڵەت دیارن- دوو هێندە ناپایەداریان دەکات.

«بنووسـە»، ئەرکی پەیام گـەیاندن بەجێ دەگـەیەنێ، بەڵام ئەم پرۆسـەی گـەیاندنە لە ڕێگای بانگەشـە، بە ڕووبەڕووبوونەوە، نیـیـە، بەڵکو لە ڕێگای نووسین و هێشتنەوەی ئەو نووسینەوەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو، یان وردتر، بۆ بەشێکی ئێجگار تایبەتی ئەو نەوەیانە، ئەمە سروشـتی ئەزمـوونی سـۆفـیگـەرییـە. بنەمـاکـانی ئەم ئەزمـوونە چەند کـۆڵەکـەیەکن: ڕەزامـەندیی مـەعـشـووق «خـودا» بەوەی کـەسی جـێی مـەبەست شـیـاوی ئەزموونەکەیە، بوونی ویستی پێویست بۆ دابڕین کردنی مـەرجـە خـودییـەکـانی بڕینی ئەزمـوونەکـە، دۆزینەوەی «ڕێبەر»، جـوداکردنەوەی هاوڕێبازان لە خەڵکانی دیکە بەشێوەی «مەحرەم و نامەحرەم» و لەدوا قـۆناغـیـشدا، بوونی «نهـێـنی-ڕاز»ێکی تایبـەت کـە مـەحـرەم و نامەحرەمان لێک جیادەکاتەوە.

ڕەزامـەندیی مـەعـشـووق «دڵ لێـچـوو- خـودا»، نەک تەنیا سەرەکیترین مەرجی ئەزموونی سۆفییانەیە، بەڵکو یەکـەمین بڕیاری تایبـەت بە بوونی خـودی مـرۆڤـیـشـە. ئەمەیان چ بە «نەشئە- النشأة الاولى»، چ «بە فـەیضی ئەووەل»، چ بە «جـامی ئەلەست»، چ بە «قـالـوا بلى» ناوببرێت، لە عورفی سۆفییاندا، ئاماژەیە بۆ ئایەتێکی قـورئانی پیرۆز کـە دەفـەرموێ: «واذ أخذ ربك من بنى آدم من ظهـورهم ذريتهم وأشهدهم على أنفسـهم ألست بربكم قـالوا بلى ان تقـولوا يوم القيـامة انا كنا عن هذا غـافلين/ الاعـراف١٧٢» سۆفـییـان، بەتایبەتی پەیڕەوانی ڕێبـازی عـیـشق، خـودی «عـیـشق»ەکـەش، لە گۆشەنیگایەکی پێکهێنەری هەردوو بواری ئۆنتۆلۆژی و ئەخـلاقی-یەوە، بە بڕیارێکی ئەزەلییـەوە دەبەستنەوە: «إنا عـرضنا الأمـانة على السموات و الأرض و الجبال فأبين أن يحملنها و أشفقن منها و حملها الإنسان انه كـان ظلومـا جهـولا/ الأحزاب٧٢». لێکدانەوەی وشـەی «الأمـــانة»ی ئایەتی ئاماژە بۆ کـراو لەلایەن گـەورە سۆفـیـیـەکـانەوە بە «عـیـشق» مـەسـەلەیەکی ڕوونە لای شارەزایانی میتۆدی سۆفیگەری. خودی «مەحوی»ش، بەلای کـەمەوە، لەم دووبەیتـەدا بە ڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:

**لەبەر باری مەحەببەت ئاسمان و ئەرز ئەناڵێنن**
**چیە ئەم دەعوییەت زاهید، جلی لێ بارە گا بیرت**
٤ تا ٨/ل٦٨

**خوداگرتوو دڵم چۆتن بەگژ شۆڕ و شەڕی عیشقا**
**بە نەصـصی ئایە ئەفـلاک و زەمین ئەم بـارە ناکـێـشێ**
٥ی ٦/ل٣٠٣

لێـرەوە، دەکـرێ «بنووسـە» فـەرمـانی سـپـاردنی «ئەمانەت»ەکە بێت. خودی شاعیر، لە هەردوو بەیتی بە بەڵگە هێنراودا، بە «بار»یش باسی کـردووە. بارێکی ئێجگار قورسیش. گەورە شاعیرانی صۆفی، هەموویان، لەو خـاڵەدا کـۆکن. گـەورە شـاعـیـری ئێـران (حـافظی شیـرازی) لە یەکـەمین غـەزەلی دیوانیـدا، بەپێی هەمـوو نوسخە پڕ بەهاکانی ساغکردنەوەی دیوانەکەی (غەنی- قەزوینی، خانلری و...تاد)، لەم بەیتەدا دەڵێ:

**شب تاريک و بيم موج و گردابى چنين هايل**
**كجا دانند حال ما سبكباران ساحلها!؟**

واتە: شـەوی تاریک و سـامی شـەپۆلەکـان و گـێـژاوی ئاوەها ترسناک، بارسـووکـەکـانی ڕۆخی دەریا، چۆن دەتوانن لەم بارەی ئێـمـە تێ بگەن؟. شـوبهـاندنی باری «عاشقان»، بەلای «حافظ»ەوە بەحاڵی کەشتی سوارانی نێو قـووڵایی دەریای پڕ شەپۆلی گەورە و گێژاوی ترسناک لە تاریکی شـەودا و خەڵکانی دیکەش بە «بارسووکانی ڕۆخی دەریا»، لە جەوهەردا، هەمان ئەو جوداکردنەوەیەی مەحرەم و نامەحرەمەیە کە پێشتر ئاماژەم پێ کردو، خودی ئەو حاڵە نائاساییەش «ڕاز»ەکەیە. مەحوی/ش لە بەیتی (٤ت ٨/ل٦٤)دا هەمـان شـتی کـردووە و «زاهیـد»ی خـۆنۆێنی لە ڕیزی «یار»ان دوورخـسـتـۆتەوە. ئەم جـوداکـردنەوەیە، بەم ڕوونیـیـە، لە دوو بەیتی دەروازەی دیواندا بەدی ناکـرێت، بەڵام بەدەسـتنیـشـان کـردنی «میـتـۆد»ێک، لە پەناوە، دەکرێ جـۆرە ئەنجامگـیرییـەک

بێنینە ئاراوە.

«بنووسە» فەرمانێکە لەلایەن «پیری دڵ»ەوە دراوە «پیر» لە عورفی صۆفییەکاندا بۆی هەیە مەعشووق بێت «خودا» ، یان دەکرێ مەعشووق پێغەمبەر/یش بێت (د.خ) ، چونکە خۆشەویستیی ئەو/یش هەر ئەرکێکی صۆفییە موسڵمانەکانە*، هەروەها بۆی هەیە «ڕێبەر-مورشید»یش بێت. ڕێبەریش لای صۆفییەکان هەم خۆشەویستە و هەم فەرمانەکەی دەبێ جێبەجێ بکرێت. لێرەوە، فەرمانەکە پیرۆزە، بۆیە بە ملکەچ کردن وەڵام دەدرێتەوە: «ئیطاعەم کرد». لە ڕووی ناوەڕۆکەوە «بنووسە» ، لەم چوارچێوەیەیدا، هاوشێوەی «اقرأ»ی سوورەتی «العلق»ە، بەڵام بارستاییەکە گەلێک جیاوازە، هاوشێوە بوونەکە لە جۆری فەرمان و مۆرکەکەیدایە، لە ڕووی ناوەڕۆکی گەیاندنەکەشەوە جیاوازییەکی ڕوون لە ئارادایە.. گەیاندنەکە لە سوورەتی «العلق»دا کتوپڕە، بەهێزە، چاوەڕوان نەکراویشە (چونکە فەرمانی خوێندنەکە بە نەخوێندەوارێک دەدرێت) ، کەچی گەیاندنەکەی ئەو دوو بەیتە، زەمینەسازیی بۆ کراوە «دیوان هەیە» ، بەهێزە.. بەڵام لەو ئاستەدا نابێت، چاوەڕوان کراویشە، هەردوو لایەنی هاوشێوەیی، یان جیاوازییەکەش، لەخزمەتی ئەو ڕاستییەدان کە شاعیر ویستوویەتی ئەو ڕێبازەی قورئان بەکاربێنێت، بەڵام وریایانە جیاوازی نێوان هەردوو حاڵەتەکەی ڕەچاو کردووە و پاراستوویەتی.

لە بواری شێوەدا، لەبەر ئەوەی مەبەستمان بەرجەستەکردنی ڕایەڵی پێوەندیی ڕاستەوخۆی شاعیر لەگەڵ خوێنەر بوو، لە بواری پێوەندیی نێوخۆی پێکهاتەکانی یەکەمین دێری دوو بەیتی بواری ئەم خوێندنەوەیە: «بنووسە... پیری دڵم ئەمری کرد... ئیطاعەم کرد» لەگەڵ سەرجەمی پێکهاتەکانی دیکەی دوو بەیتەکە، باسمان لە سێ جێگۆڕکێ کرد، بەڵام لە خودی ئەو دێرە لە [یەکەمین نیوەی یەکەمین بەیت]دا دوو جێگۆڕکێی گرنگ هەیە، پێوەندیی بە «پیری دڵ»ەوە هەیە و لە بواری ناوەڕۆکدا زۆر گرنگە، کە ئەمانەن:

١- کردنەوە بە زمانی یەکەمین کەسی تاک (قسەکەر) ، لە ڕێگای فەرمانێکەوە، بەشێوەیەک کە خاوەنی فەرمانەکە، لە ڕووی شێوەوە، بەو جۆرە دووبارە نابێتەوە.

٢- گواستنەوە بۆ «سێیەمین کەسی تاک» بەشێوەیەکی کاتی و بەو مەبەستەی زەمینە بۆ ئەو جێگۆڕکێیانەی دیکە خۆش بکات کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

دەست پێ کردن لەو خاڵەوە کە «پیری دڵ» یەکەمین کەسی تاک بێت و، تەنیا فەرمانێکی کورت و پوخت ویەکلاکەرەوە بگەیەنێت و دابڕاندنی فەرمانەکە لەناوەڕۆکی، کە لەدووەمین دێری یەکەمین بەیتدا هاتووە و چارەسەرکردنی ئەم دابڕاندنە بە ڕاگەیاندنی خاوەن فەرمان بە هەموو بارستاییەکی: (پیری دڵم ئەمری کرد) و کاردانەوەی خۆی بەملکەچ کردن: (ئیطاعەم کرد) ، جۆرە چڕکردنەوەیەکی ئەوتۆیە کە لە خودی ڕێبازە سوود لێ وەرگیراوەکەوە هەڵقوڵاوە و هێزی تایبەتی خۆی وەدەست هێناوە. واتە.. ناوەڕۆکی میتۆدە قورئانییەکە. لە سوورەتی «العلق»دا وشەی «اقرأ» بە دابڕاوی نەهاتووە، بەڵام کتێبەکانی ژیاننامە «سیرە»ی پێغەمبەر (د.خ) باس لەوە دەکەن کە «جبریل» (خ.ر) سێ جار ئەو وشەیەی دووبارە کردەوە، بەرانبەر بە ڕاگەیاندنی پێغەمبەر کە ناتوانێ بخوێنێ، پاشان بە تەواوی «اقرأ باسم ربک الذی خلق/العلق١» و...تاد، بەسەریدا دادەبەزێ.. واتە خودی «دابڕان»ەکەش هەر لەو میتۆدەوە وەرگیراوە، بەڵام ئایا ئەم «دابڕان»ە هیچ ئەرکێکی هەیە؟

بە پێویستی دەزانم لە وشەی «اقرأ»ەوە دەست پێ بکەم. شارەزایانی ئاینی ئیسلام دەزانن تا چ ڕادەیەک کتوپڕیی دابەزینی ئەو ئایەتە کاریگەریی گەورەی بەسەر جێگیریی دەروونیی پێغەمبەردا کرد، لەنێوان فەرمانی «اقرأ-بخوێنە» و تەواوکردنی ئەو سوورەتەی دەسپێکی «وەحی»دا، وەکو لەسەر زاری یار و کەسە نزیکەکانی پێغەمبەرەوە(د.خ) گێڕدراوەتەوە و ژیاننامەکان (کتب السیرة) تۆماریان کردووە، بگرە و بەردەیەکی نێوان ڕاگەیەنەری فەرمان و وەرگریدا هەیە. ڕەنگە ئەو ماوەیە بەشێکی کتوپڕیی ڕاگەیاندنی وەحیەکەی هەڵمژی بێت.. بەشێکی بەرچاوی ئەو هەڵمژینە بۆ کاریگەریی موفارەقەی نێوان ڕاگەیاندنی فەرمانی «بخوێنە» و «نەخوێندەواری»و وەرگری فەرمانەکە بگەڕێتەوە، چونکە لە سایەی بوونی «نەخوێندەواری»دا داخوازی «بخوێنە» جۆرە سەرسامییەک دێنێتە ئاراوە، ئەو «سەرسامی»یە کاریگەریی کتوپڕییەکە هێندێک کەم دەکاتەوە. بەبۆچوونی من، ئەرکی سەرەکی ئەو دابڕانە لێرەدا ئەمەیە.

لەلایەکی دیکەوە، بە گەڕانەوەی وەرگری فەرمانەکە-پێغەمبەر(د.خ) بۆ ماڵەوە، پێ دەچێ کتوپڕیی پەیام گەیاندنەکە- بە بارستایی ئێجگار گەورەی خودی

پەیامەکەوە- گەڕابێتەوە بۆی، بۆیە یەکسەر پەنای بردە بەر نوێن و داوای لێ کــردن داپــۆشن «دثــرونــــي- زملـوني»*، بەڵام بوار نەدان بە تەنیامانەوە لەگەڵ لەرز لێهـاتنی، پێ دەچێ دووەمین و کـاریگەرترین هەنگاوی هەڵـمـژینی کـاریگەربی کـتـوپڕی ڕاگەیاندنی وەحـیـەکـە بووبێت. وەکو سەرنجیش دەدرێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا «دابڕان- دابڕاندن» لە درێژەپێدانی سروشـتی ڕەوتەکـە دەبێتە مایەی ئەو هەڵمژینە پێویستە.

بەگـەڕانەوە بۆ بنووسـە.. دوو وێسـتـگەی دابڕاندن، لێـرەشدا، دەتوانرێ بەدی بکرێ: یەکەمـیـان لە ڕێگای گـواسـتـنەوەی کـەسی خـاوەن یەکـەمین دەنگی تاک بۆ سـێـیـەمین کـەسی تاک: «پیـری دڵم ئەمـری کـرد» ، دووەمـیـشـیـان، لە ڕێگای گـواسـتـنەوەی دووەمین کـەسی تاک «فـەرمـان پێ دراو- قـسـە لەگـەڵ کـراو»ەوە بۆ یەکەمین کەسی تاک: «ئیطاعەم کرد» . ئەگەرچی ئەو دوو وێسـتـگەیە بەدوای یەکـدا دێن و ناشـتـوانرێ باس لە هەڵـمـژینی کـاریگەربی کـتـوپڕی بکرێت- وەکـو لە داهاتوودا ڕوون دەبێـتـەوە- بەڵام هەردوو وێسـتـگەکـە ئەرکی خـۆیان هەیە، ئەمـەش جـەوهەری قـۆسـتـنەوەی میـتـۆدە قورئانییەکەیە، چونکە ئەگەر دەقـاودەق لەیەک چووبان، پێـویست دەبوو ئەزمـوونەکـانیش هەرلەیەک چووبان، ئەمەش وانییە.

«بنووسە» فەرمانە و دەنگی یەکەمین کەسی تاکە، کە ڕاستەوخۆ شاعیر دەیگوێزێتەوە بۆ سێیەمین کەسی تاک و پاشتریش خۆی دەگوێزێتەوە بۆ یەکەمین کەسی تاک. پێـوەندی بڕیاردەر، لە ڕێگای فـەرمـانی «بنووسـە»وە، وەکـو بە ڕوونی ڕەچاو دەکـرێ، سـەرەڕای گـواسـتـنەوەی جێبەجێکاری بڕیار بۆ یەکەمین کەسی تاک، پێوەندیی پەیڕەوی کـردن «تبعـیـة»یە. لە سایەی ئەم پێوەندییەدا گواستنەوەی بڕیاردەر لە یەکەمەوە بۆ سێـیـەمین کـەسی تاک بە مـەعنای دوورخـسـتـنەوە یان لابردنی نیـیـە، بە پێچـەوانەوە.. ئامادەیی تەواویەتی لە جێبـەجێکاردا، چونکە ئەم فەرمانی ئەو جێبەجێ دەکات. ئەم دەرکەوتن (تجلي)یە لـەنێــو «ئەو»دا بەشـێـوەیەک بەسـەریدا زاڵ دەبێت کـە دەست بەسـەر «بوون»یدا دەگـرێ لە ڕێگای ملکەچی (اطاعة)وە. پاساوی ئەم بۆچوونە دووخاڵە:

١- فـەرمـانی «بنووسـە» گـشـتـگیـرە «شـمـولي»یە، چونکە بۆ پێشەکی دیوانە و وەکو دەشزانرێ، پێشـەکی دەبێ پوخـتـەی سـەرجـەمی کـارەکـە بێت، ئەمــەش بە نیسبەت شاعیرێکی خاوەن ڕێباز (میتۆد)ێکی دیار و

ڕوونی وەکـو «مەحـوی»یەوە ئێجگار ئاشکرایە. لەمـەش بەولاوە، لە بواری ڕوون کـردنەوەی فـەرمـانی «بنووسـە»دا ئەم وشـانە بەدی دەکـەین: «لە ئیـبـتـیـداوە کـە بەیتێ مـوناسیبی دیوان» . «ئیـبتیدا- سەرەتا» وەکو ئاماژە بۆ شـوێنی ئەو «بەیت»ە لە زنجـیـرەی لاپەڕەکـانی دیواندا دەکـات، ئامــاژە بۆ پایەی مــەعنەوی لەنێــو خــودی دیوانەکـەشـدا دەکـات. دیارە ئەو پایە مـەعنەوییـە لە چڕکردنەوەی مـۆرکی هەرە سەرەکی خودی دیوانەکەدا خۆی دەبینێتـەوە. خـودی فـرێزی «بەیتێ مـوناسـیـبی دیوان» ، واتە بەیتێکی گونجـاو بۆ دیوان- پڕ بە پێسـتی دیوان، بەڵـگە و پاڵـپـشـتـێکی دیکەی ئەو بۆچوونەیە، چونکە «گـونجـاو بۆ دیوان» ناتوانێ ئاماژە بێت بۆ چڕکـردنەوەی هەمـوو مەبەسـتـەکان، بۆیە چڕکردنەوەی مـۆرکی سەرەکی مەبەستە.

٢- ئەو جۆرە لاسایی کردنەوەیەی مـیـتۆدی قـورئانی، کـە لێـرەدا بەدی دەکـرێ، نەک تەنیـا ئامـاژەی بوونی ئەزمــوون، بەڵکو ئامـاژەی سـیـسـتـمـاتیک بوونی ئەزمـوونەکەش بەخـۆوە دەگرێ. لەم جـۆرە ئەزمـوونانەشدا هەمیشە جیهانبینییەک بەدی دەکرێ کە هەمـوو شتێک لەخـۆیدا چڕ دەکـاتەوە جـیـهـانبـیـنی مـەحـوی/ش صـۆفـیگـەرییـە. خـودی زاراوەی «پیـری دڵ» و هەردوو زاراوەی «پیر» و «دڵ»یش لە بواری بونیادی زاراوەکانی صۆفیگەریدا جێگای ئێجگار دیاری خۆیان هەیە. «دڵ» چەقی ئەزمـوون و چەقی هەمـوو گـۆڕانکارییـەکـانە، بەدرێژایی ئەزموونەکە، ئەو دڵەش هەر مەڵبەندی هەموو کـاریگەرییـەکـانی دەرکـەوتنی یار (تەجـەللی) صـەحـو (بێداری) و مەحـو (لەنێـوچوون) و سوکر (مەستی) و قـەبض (گـرژبوونەوە) و بەسط (کـرانەوە) و فـەنـاء (توانەوە)یە. (پیـر)یش، ئەگـەر خودی (یار) بێت، ئەوە سـەرچاوەی هەمـوو گۆڕانکارییـەکانە، ئەگەر (ڕێبـەر- مـورشـیـد)یش بێت، ئەوە نێـوەند و یارمـەتیـدەر و ڕێ پیشاندەر و چاودێرە.

شێـوەی ئامادەبوونی بڕیاردەر (خاوەن فـەرمـان) لەناو جێـبـەجـێکار (فـەرمـان بەسـەردا کـراو) ئامـادەبوونی دەرەوەیە لە ناوەوەدا، ئامادەیی (گشـتی- کـلـي)یە لـە (بەش- جـزء)دا.. ئامادەیی گـەورەیە لە ناو بچـووکدا، هەر ئەمـەش هۆکـاری ڕاسـتـەقینەی ون بوون (توانەوە)ی دووەمـە لەنێـو یەکـەمـدا، لەگـەڵ بە ڕواڵەت دەرکـەوتن (توانەوە/ی یەکەم لەدووەمدا. ئەم مەنتیقە لە مەنتیقی ئاسایـیـەوە دوورە، بەڵام جیـهـانی خودی ئەزمـوونەکـەش

لەجیـهـانی ئاسـایی (فـیـزیکی)یەوە دوورە، ئەمـەش بەڵگەیەکی دیکەی جـیـاوازی و ڕەسـەنایەتی ئەزموونەکەیە.

ئەوەی لە بواری گـواسـتنەوەی بڕیاردەر لە یەکـەمین کـەسی تاکـەوە، لە بەیتی یەکـەمـدا بەدیی دەکـەین، بۆ سێیەمین کەسی تاک، لە جێبەجێکاریشدا بەدی دەکەین. ئەمـەی دووەم، پاش ئەوەی لە یەکـەمین دێڕی یەکـەمین بەیتدا، لە سێیەمین کەسی تاکەوە گوێزرایەوە بۆ یەکەمین کەسی تاک، لە دووەمین بەیتدا، دیسانەوە گوێزرایەوە بۆ سێـیـەمین کـەسی تاک، واتە بزرکـردن (توانەوە)یەکی دیکە، یان شـێـوەیەکی فـۆرمـالـیـسـتـیی توانەوەی جێبەجێکار بەدی دەکەین، بەڵام لەپێناوی ئەوەی ئەم توانەوەیە لە سنووری (شـێـوە- فـۆرم)دا نەمـێنێـتـەوە، شاعیر زیرەکانە هەردوو زاراوەی «گەدا» و «قەلەندەر» لەنێو یەکـەمین بەشی دووەمین بەیتدا جێ دەکاتەوە بۆ ئـەوەی ئـامـاژەیـەکی بـەهـێـز و ڕوون بـۆ چەمکی«نیازمەندی- الحاجة» بێنێتە ئاراوە. ئەو چەمکە لە بواری صـۆفـیگەریدا بناغـەییـە و لە بەرانبـەریشـدا چەمکێکی دیکە هەیە کـە بەعـەرەبی پێی دەگـوترێ «الأستغناء» و مەعنای بێ نیازی «نەبوونی پێویستی» دەبەخـشێ. واتە: پێم وایە شـاعـیـر لێـرەدا دەیەوێ هاوکێشەی زیهنی نیازمەندیی خۆی لە بوون و ئەزموونددا بۆ بڕیاردەر بێنێتە ئاراوە و لە بەرانبەریشدا جۆرە (بێ نیازی)یەک لە (بێ نیازی)ی بڕیاردەرەوە بەدەست بێنێت کە لە چاویدا بتوانێ خۆی بە پاشاکانی فارس بەراورد بکات. مـەحـوی لە شـوێنی دیکەشـدا سـایەی ئەم «نەبوونی»یەی بە مایەی دەوڵەمەندی لێک داوەتەوە:

**شوکر یار ئیزنی دام هەم گریەکەم، هەم قوڕ بەسەردا کەم**

**بەجارێ شاهی من بەحر و بەڕی بەخشی بە دەروێشێ**

٥ی ٣/ل٣٠٣

بەڵام بەراوردەکەی شاعیر لەنێوان خۆی و پاشاکانی فارس (فورس)دا، لە گۆشەنیگایەکی وردبینانەترەوە، بەو شێوەیە نییە کە ڕەنگە وشەکانی «گەدا» و «قەلەندەر» بۆ شاعیر و «پادشەهـ» بۆ بەرانبەرەکەی بۆیان هەبێ بیسەپێنن بەسەرماندا. گرنگ لێرەدا «صاحێبی دیوان» بوونە. کەواتە خودی ئەو دیوان/ە خاڵی هاوبەشی لێچواندن و هاوکێشەی یەکسانییەکەیە و شیکردنەوەی خودی ئەو وشەیەش زیاتر دەتوانێ پێوەندییەکانمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

لەم ڕۆژنەی خوێندنەوەی هەر دەقێکدا دەتوانین ئەو دەقە لە یەکێک لە دوو ڕوانگەوە بخوێنینەوە:

١- لە ڕوانگەی خودی سەردەمی داهێنانی ئەو دەقەوە، لەمەشدا دەبێ پابەندبین بە ڕاستییە مێژووییە هەرە دیارەکانی سەردەمەکەوە.

٢- ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێ کە هەر دەقێکی داهێنەرانە، لەناخیدا جۆرە پاشەڕۆژبینییەک دەشارێتەوە، دەتوانین لە ڕوانگەی ئەمڕۆمان، یان لەڕوانگەی وێناییمان بۆ داهاتووەوە لە دەقەکە بڕوانین.

ئەگەر لە ڕوانگەی سەردەمی خودی شاعیرەوەوە بڕوانینە چەمکی «پاشا» و دیوانی پاشایەتی فورس «ئێران» دەتوانین بڵێین سەرجەمی ساڵانی ژیانی شاعیر لەسەردەمی دەسەڵاتی قاجارییەکاندا بووە. ئەم سەردەمەش، بە ڕووپێویی گشتی بارودۆخی ناوچەکەمان، ئێجگار ناسک بوو. لە ڕوویەکەوە ئیمپراتۆرییەکانی ناوچەکە- ئەگەر بتوانین وشەی ئیمپراتۆری بەکاربێنین- لە ئەنجامی ململانێیەکانی نێوان خۆیان- بەتایبەت ململانێی عوسمانی- ئێرانی- و بەهێزبوونی کاریگەریی دەوڵەتانی گەورەی جیهان- بەتایبەت بەریتانیا و ڕووسیا- لە کاروباری ناوچەکەدا، گەیشتبوونە ئاستێکی لاوازی کە نەدەکرا لە سایەیدا باس لە سەروەریی تەواوی هیچ یەکێکیان بکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە، وێڕای ئەوەی پایەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەرزۆک ببوون، ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی (بواری داهێنان، یش هەر ڕوو لە کزییەکی سەیر بوو- واتە ئەو پایە و ڕێزەی چەمکی (پاشا- پاشایەتی) لەئێراندا، لەنێو خەڵکدا هەیبوو، بەو شێوەیە نەمابوو کە لە ئێرانی کۆندا بەدی دەکرا.. لە هەموو ئەمانەش بەولاوە ڕوانینی مەحوی بۆ پاشاکانی ئەو سەردەمەی ئێران بەشێوەیەک بووە کە ڕواڵەتی بەزاندووە و ڕووەو خاڵە قووڵەکان چووە. مەحوی کە لە چارەنووسی ناصر شای قاجاری دەڕوانێت، کە لەسەردەمی ژیانی شاعیردا کوژرا، بێ پایەیی ڕاستەقینەی حوکمی یەکێک لەو پاشا قاجارییانە دەردەخات کە بەبەراورد لەگەڵ سەردەمەکەی زۆر حوکمی کردووە- ماوەی ٢٦ ساڵ پاشا بووە-. مەحوی لەم چوارینەدا دەڵێ:

**ئەهلی عیبرەت، ماوە گەر، بێ سەیری «ناصرشا» بکات**

**دوو لەدوو، سی کەم، شەهی کردو «کش»ێکی ڕێ نەهات**

**هاتی وا، سەیری نەهاتی کەن، کە صەد تیپان سوار پاسەوانی بوون، لەناو بەستا، پیادێ کردی مات**

شاعیر موفارەقە گەورەکە لەوەدا دەبینێ کە ئەو پاشایەی بە درێژایی بیست و شەش ساڵی حوکمیدا، تەنیا یەک کش/یشی لێ نەکرا، لەکاتێکدا کە سەد تیپ/ی سوارە پاسەوانی بوون، تەنیا یەک پیادە، نەک هەر کشی ئاسایی، بەڵکو کش-مات/یشی لێ کرد. ئەم موفارەقەی (هات) و (نەهات)ە، هێندەی دەکرێ بە بێ پایەیی ئەم ژیانە لەقەڵەم بدرێ، لەوەش زیاتر بە بەڵگەی بێ پایەیی خودی پاشایەتی و تەخت و تاراجیەتی... واتە بێ پایەیی «دیوانی پاشایەتی» فورس، بەلای کەمەوە، لەسەردەمی شاعیردا.

ئەگەر بڕواشمان بە بوونی پاشەڕۆژبینی لەدەقی داهێنەرانەدا هەبێ، ئەوە دەکرێ مەنتیقی مێژوو بکەینە دەروازەی ئەو پاشەڕۆژبینییە. ئەگەرچی ئەم مەنتیقە بەو وشکییە لە دەقی داهێنەرانەدا دەرناکەوێ، بەڵام لە دوو توێی خوێندنەوەی ڕاستیی نەمانی هیچ پاشایەتی و دیوانی پاشایەتییەک تا سەر، دەکرێ خودی شێوەی حوکمڕانییەکەش نەمێنێ. لەچوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا دەکرێ بڵێین... سەرەڕای ڕاگەیاندنی «گەدا» و «قەلەندەر» بوونی مەحوی، لە یەکەمین هەنگاودا، بوونی ئایدیای «پادشای فورس»ی خاوەن پایە و دەسەڵات و سامان، بەڵام هەردووک لە «خاوەن دیوان» بووندا هاوبەشن. لە دووەمین هەنگاودا، لە ئێستای لەدایک بوونی دەقدا گریمانەی ناپایەداریی پاشایەتی لە ئارادایە و لە پاشەڕۆژبینی دەقەکەشدا، کە ئێستای ئێمەیە، ئەو گریمانەیە بۆتە ڕاستییەک لەسەرزەمینی ئێراندا، لە لایەکی دیکەوە، کە پاشایەتی ناپایەدار بێت و لەنێوبچێت، دیوان و تەخت و تاراجیشی، وەکو ڕەمزی دەسەڵات و شوێن و پایە، هەر ناپایەدار دەبێت و لەناو دەچێ وە تەنیا وەکو شوێنەوار و مێژوو دەمێنێتەوە، واتە تەنیا هێماکانی دەمێنێتەوە، نەک کاریگەریی.

بەڵام «دیوانی مەحوی»، بە پێچەوانەوە، هێندەی لێی ڕزگاری بووە لە فەوتان و لەنێوچوون، بە زیندوویی و کاریگەریی خۆی ماوەتەوە، ئەگەرچی «صاحیبی دیوان» خۆی نەماوە. کەواتە... ئەگەر «صاحێبی دیوان» بوون ئامرازی پێوەندی بێ لە پرۆسەی لێچواندندا: «میثالی»، ئەوە هاوکێشەکە هاوکێشەی «یەکسانی» نییە، لە بەرانبەریشدا، دەبێ لە چوارچێوەی ڕێباز «میتۆد»ەکەی مەحویدا، واتە لەچوارچێوەی صۆفیگەریدا، بەدوای مەعنای هەردوو چەمکی «گەدا» و «قەلەندەر»دا بگەڕێین، لەبەر ئەوەی ئەو دوو چەمکە، لە جەوهەردا دوو ڕووی یەک چەمکی مەحوەرین، بە کورتی مەعناکەی لێرەدا لێکدەدەینەوە، بەو هیوایەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا چارەسەری بکەین.

«گەدا»، ناتوانرێ بگوترێ زاراوەیەکی تایبەتی بواری صۆفیگەرییە، ئەگەرچی شاعیران زۆر ئەو وشەیەیان بەکارهێناوە و زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێ پتر لەنیوەی ئەدەبیاتی صۆفیگەری ڕەنگە شیعر بێت، بەڵام خودی وشەی «گەدا» ئاماژە بۆ «نیازمەندی» دەکات، وشەی «قەلەندەر» و «دەروێش»یش هەر ئاماژە بۆ ئەو «نیازمەندی»یە دەکەن، چەمکی نیازمەندی «الحاجة»ش هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بۆکۆمەڵێ خاڵی گرنگ، لە بواری صۆفیگەریدا دەکات:

١- لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە، هەموو بوونەوەرێک نیاز «پێویستی»ی بە ئافەریدەکار هەیە بۆ بوونی، ئەم نیازمەندییەش مۆرکی بەسەر هەموو قۆناغێکی بوونی بوونەوەر بەجێ دەهێڵێ.

٢- بەزانینی ئەو نیازمەندییە، شێوەیەکی تازەی هەوڵی خۆناسین، لە بواری صۆفیگەریدا، دێتە ئاراوە. ئەو شێویەش پابەندییە بەتێگەیشتنی پایەی تایبەتی مرۆڤ، کە قورئانی پیرۆز- لە دەسپێکی ئافەریدەکردنیدا- ئەو داوایەی خودا لە فریشتەکان دەخاتە ڕوو کە: «فاذا سويته و نفخت فيه- من روحي فقعوا له ساجدين/ الحجر٢٩»، لەبەر ئەوەی «روح- گیان» گەوهەری خاوەنێتی، لە قورئانیشدا خودا خۆی ئاوەها باس دەکات: «الله نور السموات و الأرض/ النور٣٥»، گەڕان بەدوای وەدەست هێنانەوەی گەوهەری ئەو ڕووناکییە، کە خۆ شل کردنی مرۆڤ بۆ دنیاخوازی و ئارەزووبازی دایپۆشیوە، خولگەی ئەو خۆناسینەیە، مەحوی لە بەیتێکدا بە قووڵی و بەشێوەیەکی ئاسان و جوان ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە:

**لە بەنگ ئەم بەنگییانە چی دەبینن: خۆلەخۆ گۆڕان**
**لەدنیادا مەداری عەیش و خۆشی: خۆ نەناسینە**
١٠ه /٣/ل٢٨٤

٣- ئەو هەوڵەی خۆناسین، لە ڕووی ئەخلاقییەوە، ڕەوتێکی تایبەتی ئەوتۆی ژیان دەسەپێنێ کە لەسەر

بناغەی وەرزشی دەروونی و خۆ دوورخستنەوە لە دنیا و ئارەزووەکانی و پابەندبوون بە هەموو بنەماکانی صۆفیگەری داڕێژراوە.

٤- ئەو هەوڵی خۆناسینە بەردەوام دەبێت، تا دەبێتە ئەزموونی هەموو ژیان، بەو ئاراستەیەی کە صۆفی لە کردەوە (أفعال) و خەسڵەت (صفات) و خود «ذات»یشی فەنا دەبێ و بەو ڕووناکییە بەقا «مانەوە»ی خۆی دابین دەکات کە مانەوە بە خودایە «البقاء بالله».

ئا لێرەدا گەوهەری هاوکێشەی [گەدا- قەلەندەر-+ خاوەنی دیوان] و [پادشەهی فورس+ خاوەنی دیوان] ڕوون دەبێتەوە. واتە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەرگیز شاعیر نەیویستووە هەردوو تای هاوکێشەکە هاوتا بن، بە پێچەوانەوە دەروازەی دیوانی مەحوی دەکرێ، لە بواری بەرپاکردنی هاوکێشەدا، بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە: بە ڕواڵەت شاعیر (مەحوی)، وەکو گەدا و قەلەندەر دەردەکەوێ و جگەلە دیوانی شیعرەکەی هیچی نییە، بەڵام ئەو گەدا «قەلەندەر»ە لە پرۆسەی خۆناسیندا هەنگاوی گەورەی ناوە، ئەمەش دیوانەکەیەتی کە بەڵگەی کۆششی «خۆناسینە». ئەم خۆناسینەش لەسەر پایەی ڕووناکی داڕێژراوە. دووەمین «تا»ی ئەم هاوکێشەیەش ئەو پاشایانەیە کە دیوانی پاشایەتی و سامان و پاسەوان و غوڵام و کەنیزەکیان هەیە. ئەوان بەو دنیاخوازی و ستەمەیان کە لە خەڵک و لەخۆیان کرد، خۆیان نوقمی تاریکییەکی ئەوتۆ کرد کە پێش مردنیان بە تەواوی خۆیان لەدەستدا، چونکە ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بوو، هەر بەنگ «تلیاک» بوو، کاریگەریی ئەویش هەر خۆ لەخۆ گۆڕان «خۆ ون کردن»ە، لەمەشەوە، خولگەی گەڕان بەدوای خوشگوزەرانی لەم دنیایەدا بریتییە لە «خۆنەناسین».

لەلایەکی دیکەوە، مەحوی و دیوانەکەی، ئەمرۆکەش- بەپێی خوێندنەوەی دوو بەیتەکەی- بەو ڕووناکی وخۆناسینە.. بە سەرچاوەی ڕووناکییەکە ماون، بەڵام ئەو پاشایانە و دیوانەکانیان، لە تاریکیی بوونیاندا، تەنانەت لەگەرمەی دەسەڵات و سام و هەیبەتیشیاندا، لە خۆیان گۆڕدرا بوون و فەوتان. ئەمڕۆش لەلاپەڕەکانی مێژوویاندا بەخراپی باسی ئەو پاشایانە دەکرێت و، دیوانەکانیشیان تەنیا دارو پەردوویان ماوە کە تەنیا بەکەڵکی شوێنەوارناسی دێت. کەواتە هاوکێشەکە نایەکسانە.

لەدوا وێستگەی ئەم هاوکیشەیەشدا، وشەی «کورد»، بەرانبەر بە وشەی «فورس» چۆن دەبینین؟ دەکرێ ئەم وشەیە لە دوو چوارچێوەی جیاوازدا، مەعنایان لێک بدرێتەوە:

١- لە چوارچێوەی فرێزی «قەلەندەرێکی کورد»دا.

٢- لە چوارچێوەی مێژووی ئەو سەردەمەی کورددا.

لە یەکەمین چوارچێوەدا، ئاشکرایە کە وشەی «قەلەندەر» بە وشەی «کورد»ەوە بەستراوەتەوە، وەکو چۆن وشەی «پادشەهـ- پاشا»ش بە وشەی «فورس»ەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش وامان لێ دەکات پێمان وابێ ئەوەی بۆ قەلەندەرەکە مەبەست بووە کوردیش دەگرێتەوە، لە بەرانبەریشدا ئەوەی بۆ پادشەهـ مەبەست بووە فورسیش دەگرێتەوە، ئەوەی لە یەکەمین قۆناغدا بە پاڵپشتی خۆمانی دەزانین لەم لێکدانەوەیەدا، پاش پێکەوە گرێدانیان، شێوەی بەکارهێنانی وشەکانە، ئاشکرایە کە ڕۆشنبیریی شاعیرانی کلاسیکمان، بەشێوەیەکی سەرەکی، زمانی عەرەبی بووە، وشەی «کورد» کە ناوێکی گشتییە، بەبێ هیچ جۆرە دەستکارییەک بەکارهێنراوە، بەڵام بۆ «فارس» ئەو شێوەیە بەکارهێنراوە کە پێی دەگوترێ «جمع تکسیر». وشەی «تەکسیر» مەعنای «تێکشکاندن» دەبەخشێ. ئەو شێوەیەی کۆکردنی شت، بە تایبەت لە بواری کۆکردنی ناوی نەتەوەکان، لەنێو عەرەبدا، بەلای کەمەوە، بەجۆرە سووکایەتی پێ کردنێکەوە بەستراوەتەوە: «اکراد» و «أتراک» و «فرس» و...تاد، هەرگیز بۆ ڕێزلێنان بەکاریان نەهێنان. عەرەب وشەی «أعراب»ی بەو مەعنایە بەکارنەهێناوە کە کۆی «عرب» بێت، بەڵکو وەکو دەلالەتێک بۆ بەشە هەرە دواکەوتووەکەی نێو عەرەب، ئەگەرچی دەکرێ بەکارهێنانی ئەو دوو وشەیە بەو شێوەیە، دوورنییە بۆ پێویستییە شیعرییەکان «الضرورات الشعریة» بگەڕێتەوە، بە تایبەت لە بواری پاراستنی کێش «الوزن»دا، بەڵام پێکەوە گرێدانی ئەو هەموو قەرینە و پاڵپشتانە، ناکرێ ئاوەها بەلایدا تێپەڕین و ئاوڕی لێ نەدەینەوە:

لە دووەمین چوارچێوەدا، هەموو ساڵانی ژیانی مەحوی لە سەردەمێکدا بووە کە کوردستان و کورد لەژێرپێی هێزە شەڕکەرەکانی تورکی عوسمانی و ئێراندا ناڵاندوویانە. هەردوولا بەناوی ئیسلامەوە خواستە نەتەوەییەکانی خۆیان زاڵ کردووە و کوردیان کردۆتە سوتەمەنی ململانێی خۆیان. بەلای مەحوی/یەکی صۆفیی نەقشبەندی سوننی/یەوە، ئەگەر چەوساندنەوەکەی دەوڵەتی

عوسمانیی سوننی تەنیا لەڕووی نەتەوایەتی بوو بێت، ئەوە ئەوەی ئێران، بە تایبەت لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە، لە هەردوو ڕووی نەتەوایەتی و مەزهەبییەوە بووە [چونکە ئەوان شیعە بوون]. لە سەردەمی ژیانی مەحوی-دا میرنشینەکانی کوردستانی باشوور ڕووخێندران، بە تایبەت بابان لە ساڵی ١٨٥١دا دوا میرنشینی کوردیش، کە ئەوەی بادینان بوو، لە ساڵی ١٨٦٢دا ڕووخێندرا. ڕەنگە مەحوی لەگەڵ جۆری حوکمڕانیی میرنشینییەکاندا کۆک نەبووبێت، بەڵام «بێ خاوەنی» کورد پاش ڕووخانیان، مەسەلەیەک نەبووە کەس بتوانێ خۆی لێ گێل بکات. ئەو بێ خاوەنییە دەرەنجامی کۆمەڵە هۆکارێک بوون، کە لەو سەردەمەدا، بەلای مەحوییەوە، زۆرداری «ظلم»ی دەسەڵاتداران- کە دەسەڵاتی ئێرانی لە شوێنی نیشتەجێ بوونی مەحوی-دا زیاتر دیار بوو- گەورەترین هۆکار بوو.

لە بەرانبەر زۆرداریی ئەواندا زۆر لێکراویی کورد ڕاستییەکی ئاشکرا بوو. زۆرلێکراو «مظلوم» لە ئیسلامدا، بە تایبەت لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (د.خ) شوێنێکی تایبەتی هەیە و دوعای گیرایە: «اتق دعوة المظلوم فانها مستجابة» یان «اتق دعوة المظلوم فانه لیس بینها و بین الله حجاب» هەمان ئەو نزیکییە لە سەرچاوەی ڕووناکییەوە کە بۆ قەلەندەر ڕاستە، بۆ «کورد»یش ڕاستە و هەمان ئەو نیازمەندییەش هەر لە کورددا دەبینرێ. کەواتە هەردوو «تا»ی ئەوەی پێشتر بەهاوکێشەیەکی یەکسانمان لە قەڵەم دابوو، نەک هەر هاوتا نین، بەڵکو بەدوو ئاراستەی دژ بەیەکدا، بە تەواوی دەڕۆن. لێرەشەوە پێم وایە شانازی مەحوی بە «کورد» بەو شێوەیە نییە کە بە ئاماژەیەکی سەرپێیی لەقەڵەمی بدەین، بەڵکو چەقێکی گرنگی ئاوڕدانەوەی وردبینانەیە لە ڕوانگەی جیهانبینییەکی، تاڕادەیەکی زۆر نەناسراوەوە.

دواخاڵ، کە لەم خوێندنەوەیەدا بە پێویستی دەزانم بیورووژێنم بەکاتی دانانی ئەو دووبەیتەوە پەیوەستە. لە چ سەردەمێکی ژیانیدا نووسراوە؟ دەستەواژەی «بەیتێ موناسیبی دیوان» چاوەڕوان دەکرێ تەنیا ئەو مەعنایە ببەخشێ کە دیوان ئامادە بێت و تەنیا شتێک مابێت بۆی دابنرێ ئەو دوو بەیتەیە، کەدەبنە دەروازەی هەموو دیوانەکە. بەم تێگەیشتنە دەبێ ئەو دوو بەیتە لە کۆتایی هەموو شتێکدا نووسرابێت، چ ئەو کۆتایە بە ژیانی شاعیرەوە بەسترابێتەوە، یان بە تەواوکردنی دیوانەکە. ئەگەر بە تەواو کردنی دیوانەکەوە بەسترابێتەوە، ئەوە دەبێ ئەو گریمانەیە لای خۆمان گەڵاڵە بکەین کە شاعیر ویستوویەتی دیوانەکەی ببێتە ئاوێنەی جیهانبینییەکەی. کە ئەو جیهانبینییەش صۆفیگەری بێت، ئەوە دەکرێ ئەو دوو بەیتە وا لێک بدرێتەوە کە شاعیر لەو ئەزموونەدا گەیشتۆتە پلەیەک کە ڕێگای بدات شتێک بڵێت.. پەیامێکی دیاریکراو بگەیەنێت.

لەلایەکی دیکەوە، پێ دەچێ مەحوی یەکێک بێت لەو شاعیرانەی کە دیوانی خۆیان بەدەستخەتی خۆیان نووسیبێتەوە. ڕەنگە ئاسان نەبێت باس لەوە بکرێت کە لە هەموو ژیانی شاعیرێتیدا، لە شیعر نووسیندا، هەر پابەندی ئەو جیهانبینییە بووە. کەواتە ئەگەر سەرجەمی دیوانی مەحوی، ئەوەی ئێستا لەبەردەستماندایە، لەگەڵ ئەو جیهانبینییە بگونجێ، یان ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینییە بێت، دەبێ پرسیارێکی تازە بێنینە ئاراوە بەم شێوەیە: ئایا مەحوی ئەو شیعرانەی فەوتاندووە کە ناچنە نێو چوارچێوە گشتییەکەی جیهانبینییەکەوە؟.

لەدوا پلەشدا ئەگەر بڵێین دیوانەکەی تێکڕا ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینییە بێت، ئایا بەو دوو بەیتە مەحوی ویستوویەتی سەرلەنوێ ئەو ڕاگەیاندنە دووبارە بکاتەوە: «اللهم انني قد بلغت، فاشهد» ؟

**پەراوێز:**

*** لەمەدا صۆفییەکان پشت بە چەند ئایەتێک دەبەستن، وەکو: «قل ان کنتم تحبون الله فاتبعوني یحببکم الله ویغفر لکم ذنوبکم والله غفور رحیم» آل عمران٣١». و «قل ان کان آباؤکم و أبناؤکم واخوانکم وأزواجکم و عشیرتکم وأموال اقترفتموها و تجارة تخشون کسادها و مساکن ترضونها أحب الیکم من الله ورسوله فتربصوا حتی یأتي الله بأمره والله غفور رحیم/التوبة٢٤». سەبارەت بە پێویستی پەیڕەوی لێ کردنیشی: «وما ینطق عن الهوی ان هو الا وحي یوحی/ النجم ٣و٤» و «وما اتاکم الرسول فخذوه وما نهاکم عنه فانهوا/الحشر٧».**

*** هەردوو وشەکە، لە قورئانی پیرۆزدا بۆ نازناوی پێغەمبەر، بەشێوەی (اسم فاعل) بەکارهێنراون واتە «المزمل» و «المدثر» واتە «خۆ- داپۆشیو» ، ئەو دوو وشەیەش ناوی دوو سوورەتن، لە سوورەتی «المدثر»دا داوای لێ دەکرێ بێداربێتەوە و پەیامەکە بگەیەنێ.**

# سیمای سیناریۆ لە شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزی-دا

**د. ئیبراهیم قادر محەمەد**
**(کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین)**

**پوختە**

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت، مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٢- ١٨٨٦ز) شاعیر بەشێوەی گۆرانی شیعر بێژ، هەرچەندە لە ڕیزی شاعیرە کلاسیکییەکاندایە، بەڵام خاوەن بەهرەو هەست و توانایەکی بەرز و داهێنەرانەی هاوچاخانە بووە. بەهرە و توانای گەیشتۆتە پلەیەک کە پێش سەردەمی خۆی بکەوێت لە داهێنانی شیعری و هونەریدا. هەروەکو لەم باسەدا پەردە لەسەر لایەنێکی لادراوە. ئەویش بەکارهێنانی سیناریۆی شیعرییە لە دروستکردنی گرتەی سینەماییدا کە لە دەرهێنانی فیلمی سینەماییدا بەکاردەهێنرێت.

**پێشەکی**

مەبەست لەم باسە، دیاریکردنی دیاردەیەکی هونەرییە لە شیعرەکانی (مەولەوی تاوەگۆزی ١٨٠٦-١٨٨٢ز)دا، هەرچەندە لە سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاوە و لە ژینگەیەکی سنووردارو دوورە دەست لە ئاوەدانی ئەو سەردەمەوە، لە (سەرشاتە)ی ناوچەی (تاوەگۆزی)ی سەر بە (هەڵەبجە)دا لە دایک بووە و بۆ خوێندن و مەلایەتی و دەرس گوتنەوە، ڕووی کردووەتە: هەڵەبجە، بیارە، تەوێڵە، سلێمانی، پاوە، مەریوان، سنە، بانە، قەلاّی جوانرۆ، گونە، بیاوێڵە و چرۆستانە و شەمێران.. لە دوا کاروانی ژیانیدا گەڕاوەتەوە بۆ (سەرشاتە)ی زێد و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، دەستێکی باڵای هەبووە لە داهێنانی شیعریدا.

مەولەوی، لە چاو هاوچاخ و هاوتەمەنەکانی خۆیدا، کەمترین شوێن گەڕاوە! کە دەتوانرێت بە خاڵێکی بەهێز،

بۆ پشتگیریکردنی توانا سروشتی و بەهرە خوداییەکەی لە داهێنانی شیعریدا، دابنرێت..، نەک داهێنانەکانی بدرێنە پاڵ زۆری گەڕان و چاو بە خەڵکانی شارەزاو ئاگادار کەوتوو..

هەرچەندە لەو سەردەمانەدا سەفەری (حەج) و (شام) و (ئەستەنبوڵ) و (تاران) و (کابول) و (دهلی) و (سەمەرقەند و بوخارا) و... تاد. بۆ وەرگرتنی زانستەکانی ئەو سەردەمە و ڕێگاکانی سۆفیگەریی باوبووە، بەڵام مەولەوی، لەو بازنەیەدا- کە ئاماژەی بۆ کرا- ژیاوە.

لەم ڕوانگەیەوە، کە نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە دەیەوێت پەردە لە ڕووی داهێنانێکی هونەریی تری ناو شیعرەکانی مەولەوی لابدات و بەپێی ئاگایی خۆی لە هونەری سینەمادا، کەڵک لە زاراوەکانی نووسینی سیناریۆ، وێنەگرتنی سینەمایی وەربگرێت و لایەنە هونەرییە داهێنراوەکانی ئەم بوارە لە شیعرەکانیدا دیاری بکات.. کە لە خۆیاندا جێی سەرنجدان و تێڕامانن! کە شاعیرێکی کورد، لە ژینگەیەکی چێوەداری وەک ئەوەی ئەودا ژیاو توانای بەسەر مەزراندنی (توظیف) ئەو هونەرانەدا هەبێت لە شیعرەکانیدا. ئەمە لە کاتێکدایە، کە هونەری سینەمای جیهانی لە سەرەتای دەرکەوتندا بووە و سالانی (١٨٩٥ز)(١) تازە فیلمی جووڵاوی بێدەنگ لە دەرکەوتن و بەرهەم هێناندا بووە.. بێگومان لەو ساڵانەدا نە لەکوردستان و نە لە وڵاتەکانی دراوسێی کوردستاندا (ئێران و دەوڵەتی عوسمانلی) ئەو هونەرە نوێیە بوونی نەبووە! لەگەڵ ئەوەشدا، مەولەوی توانیویەتی زۆر لەشیعرەکانی بە وێنەی سینەمایی (الصورة السینمائیة) برازێنێتەوە و ڕۆڵی سیناریۆ نووسێک و دەرهێنەرێکی سینەمایی ببینێت و خۆی لە وێنەی شیعری (الصورة الشعریة)(٢) بدزێتەوە، کە پەنا دەباتە بەر لادان لە ڕێچکەی زمانی ئاسایی (الانزیاح)، هەرچەندە توانای بەسەردا شکاوە و وێنەی شیعریی بەرز و جوانیشی زۆرن- کە تەوەری باسەکە نییە- ولە بریی، وێنەی سینەمایی بەکارهێناوە لەدروستکردنی گرتەی سینەماییدا (اللقطة السینمائیة)(٣) بە پشت بەستنی بە زمان و کارامەیی و بیر تیژییەکەی و خولقاندنی کەشێکی وا کە بتوانێت ڕەگەز و پێویستییەکانی گرتەی سینەمایی، لە جووڵە (الحرکة) و دەنگ (الصوت) و ڕەنگ (اللون) بەکاربهێنێت، لەگەڵ گۆڕینی گۆشەی وێنەگرتن (زاویة التصویر) و جووڵەی کامێرادا.

## پێناسەیەکی گرتەی سینەمایی

لە هونەری سینەمادا، کەرەسەکانی بەرهەم هێنانی فیلم جیاوازن لەوەی کە لە هونەری شیعری و ژانرە بە پەخشان نووسراوەکانی وەک: (چیرۆک و ڕۆمان)دا بەکاردەهێنرێن. لە سینەمادا لە بری وشەو ڕستە و دێڕ و پەرەگراف، وێنەی بە کامیرای سینەمایی- گیراو بەکاردەهێنرێت. ئاشکرایە وێنەی سینەمایی لە وێنەی ئاسایی (فۆتۆگراف) جیاوازە، بەوەی کە جووڵەی بەردەوام و جۆری خێرایی تێیدا دەردەکەوێت لەگەڵ دەنگدا.

گرتەی سینمایی بەم شێوەیە پێناسە کراوە: (کادر، یان چێوەی وێنە Frame(٤)، بچووکترین یەکەی شریتی (سیلولید)ە. کە هەر پێیەک (فوت) لەم شریتە (١٦ کادر)ی تێدایە، واتە هەر فیلمێک نزیکەی (١٢٠,٠٠٠) کادری تێدایە. ئەگەر ئەم شریتی سیلولیدە بگرین بەدەستەوە و سەیری بکەین، دەبینین هەر وێنەیەک، لە وێنەکەی پێش خۆی جیاوازە و هەر وێنەکیش لەچاو وێنەکەی پێش خۆیدا، گەشەکردنێکی پێوە دیارە. ژمارەیەکی زۆری ئەم وێنانە، گرتە- اللقطة- Shot دروست دەکەن. گرتەیش، لە هەر وەستانێکی کامیرادا دیاری دەکرێت، ئەگەر هاتوو کامیرا لە وێنەگرتن نەوەستا ئەوا هەرلەو گرتەیەدا بەردەوامە، تەنانەت ئەگەر ئەو شتانەیش گۆڕان کەوێنەیان دەگرین. هەر کاتێک باری کامیرا گۆڕا، ئەوا لەبەردەم گرتەیەکی تازە دەبین، ئەگەر بێت و وێنەی هەر ئەو شتانەیش بگرین لە بارێکی نوێدا..،..،...، ناتوانرێت درێژیی گرتەیەک خۆی دیاری بکرێت،...، نابێت ئەوەیش لەبیر بکەین کە بەکارهێنانی کامیرا سنووردارە و چاوی کامێرا بەشێکی دیاریکراولە گشتەکە وێنە دەگرێت، ئەمەیە کە شانۆ لەسینەما جویێ دەکاتەوە،...،...، لە سینەمادا شتی هەڵبژێردراو وێنە دەگیرێت، ئەو شتانەی کە دەرهێنەربڕوای وایە کە گرنگن..،..، دەرهێنەر دەتوانێت جەخت لەسەر گرنگی و بایەخی شتەکان بکات بۆدەرخستنیان و پێشاندانیان لە کاتی وێنەگرتندا»(٥)

ئەگەر ئەمە پێناسەیەکی هونەریی گرتەی سینەمایی بێت، بەپێی هونەری سینەماو، گرتنی گرتەی سینمایی

(تصویر اللقطة السینمائیة) بەکامیرا، لە گۆڕینی چاوی کامیرادا بە: زمان (وشە، ڕستە و دێڕی شیعری) هەنگاوێک بەرەو دوا گەڕانەوەیە: چونکە قۆناغی پێش بەکارهێنانی کامیرا بۆ گرتنی گرتەی سینەمایی، نووسینی (سیناریۆ)یە کە: (چیرۆکێکە بە وێنە دەگێڕدرێتەوە)(٦). لێرەدا، واتە: لای مەولەوی، ڕۆڵی سیناریۆ نووسینی بینیوە و هیچ فیلمێکیش بەختی سەرکەوتنی نابێت، ئەگەر سیناریۆییەکی بە پێزی بۆ نەنووسرا بێت!

مەولەوی لەم نموونانەدا، سیناریۆیەکی بە شیعر ئامادە کردووە و چاوەڕوانی بەهرە و کارامەیی دەرهێنەری سینەمایییە کە بیانخاتە ناو چاوی کامیراو لەسەر سینەی فیلم تۆمار بکرێت. لەم گەشتەدا، ئاشکرا کردن و بۆچوونی کۆڵەرەوە دەردەکەوێت، چونکە شیعرەکان خۆیان دەبنە بەڵگەی بۆچوونەکان و پێناسەی زاراوە هونەرییە سینەماییەکان مەبەستەکان ڕوونتر دەکەنەوە!

(١) لە غەزەلی (زووسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان)دا، مەولەوی هەوڵی داوە سیناریۆیەک بۆ وەرزی زستان بنووسێت، لە یەکێک لەناوچەکانی کوردستاندا- کە مەولەوی تیایاندا ژیاوە- و چاوی کامیرایش وێنەی بگرێت، ئەوەتا چاوی کامیرا بە تەواوی کراوەتەوە و گیراوەتە گەردوون و شاعیر دەیەوێت بە خوێنەر بڵێت: ئەمەیە وەرزی زستان لەم ناوچەیەدا! لە خۆیدا وێنەیەکی گەورە (سکۆب)ی بە گرتەیەکی تەواو (القطة کاملة) :Full Shot (F.S.))

**زووسانەن وەی ڕەنگ وەگەردوون یاوان**
**گێچیای لوول گێچ کلێڵەی کاوان**

[د.ل: ٢٩٨ سیدیان] ٢٧٨ مدرس

ئەم گرتەیە هەموو گەردوونی گرتووەتەوە و وەرزی زستان پیشان دەدات، بە بەفر بارین و کرێوە و گێچ و لوولی بەفرەوە لە بەرزایی و باڵەکاندا و بەرەو خواردەبنەوە... هەموو لایەکیان داپۆشیوە و... لەم گرتەیەدا، شاعیر کەشێکی وای بۆ دەرهێنەر و وێنەگر ئامادە کردووە، کە تەنیا هەڵبژاردنی جێگە وکاتی بەفر بارین بکەن و دەست بەکاربن. لەم دێڕە شیعرەدا، تەنیا جۆری گرتەکەی دیاری نەکردووە، بەڵکو جووڵەی کامیرایشی دیاری کردووە، کە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە (Tilt down) بەوەی دوای پێشاندانی گەردوون لە وەرزی زستاندا، سەرنج بۆ بارینی بەفر و کلێڵە کردن و هاتنە خوارەوە و پێچ و لوول خواردنەکەیشی لەسەر بەرزییەکان پیشان دەدات کە دێنە خوارەوە. لەمیسراعی یەکەمی دێڕی دووەمی غەزەلەکەدا:

**بەنا باشی بورج بەرزە دیاران**

[د.ل: ٢٩٨ سیدیان]

مەولەوی، جارێکی دی جووڵەی کامیرا بەرەو سەرەوە دەباتەوە. کە مەبەستی لە (بەناباشی) خودای گەورەیە؛ لێرەدا بە چاو نابینرێت و بوونێکی مەعنەوی هەیە، بەڵام دەستکارەکانی (بورج= گەردوون) و (بەرزە دیاران) و (بەفر بارین) بەرجەستەن و شیاون وێنەیان بگیرێت و گەورەیی و داهێنانی خودا بەدی دەکرێت و شوێن دەستەکەی لە میسراعی دووەمی هەر ئەو دێڕەدا:

**سفید کاری کەرد تاقچەی موغاران**

دەستی توانایی داهێنەری (بدیع) ئاسمان و زەوی دەردەخات، لەبارینی بەفرداو سپیکردنی دەرو دیواری دەرەوەی دەمی ئەشکەوتەکاندا، لێرەدا شاعیر جووڵەی کامیرا لە بەرزاییەکانەوە دێنێتە خوارترو لەسەردەمی ئەشکەوتەکان ڕایدەگرێت، کە بە گرتەیەکی زۆر نزیک و گەورە پیشانی دەدات (-Big cloes- up (B.C.u)، ئاشکرایە هەر چوار دەوری ئەشکەوتەکە سپی دەکاتەوە و ناوەکەیشی لەبەر تاریکی ڕەش دیارە..

لە دێڕی سێیەمی غەزەلەکەدا، جووڵەی کامیرا ئاسۆییە (PAN) بەپێی ئاراستەی (با)یەکەدا، کە دەڵێت:

**چ شیرین زەرگەر تۆفی هەوای سەرد**
**گوشوارە نەگوش نەونەمامان کەرد**

[د. ل: ٢٩٨ سیدیان]

بەکاریگەریی هەوا ساردەکە، ئەو کولووە بەفرانەی کەوتوونەتە سەر چڵی لقی دارەکان(٧)، بەستوویانە و بوون بە گوارەی گوێی دارەکانەوە، وەکو چۆن زێڕینگەر گوارە بۆ کچانی تازە پێگەیشتوو دروست دەکات. شاعیر کەڵکی لە وێنەی شیعری وەرگرتووە (نەونەمامان= کچی تازە هەڵچوو). جووڵەی کامیرا لە ئاسۆییەوە گۆڕاوە بە Title down لە پیشاندانی نەونەمامەکاندا بە درێژی و هەڵچوویی و گوتەکەیشی زۆر نزیک پیشانداوە، کە چاوی کامیرا دەخرێتە سەر کولووە بەفرە شۆڕەوە بووەکان B.C.-up.

جووڵەکە بەردەوام بەرەو خوارەوەیە، هەر لە بەرزاییەکانەوە، بۆ دەمی ئەشکەوتەکان، بۆ درەختەکان و بۆ بن درەختەکان:

**پەی نیگای باڵای مەحبووب بێگەرد**
**یەخ ئاینە گرت، تەم چاورشێو ئاوەرد**
[د.ل: ٢٩٨ سیدیان]

چاوی کامیرا بەرەو سەر زەوییەو، وێنەی ئەو ئاوە بە سەهۆڵ بووە دەگرێت، کە لە بن درەختەکاندا بەستوویەتی و وەک ئاوێنەی لێهاتووە و ڕووەو سەرەوە کراوەتەوە (بۆ ئەوەی مەحبووبی بێگەرد) خۆیی تیادا ببینێت! هەر لەم کاتەشدا، کزەی با، تەمەکە، بە ڕووی گشت شتەکاندا دەدات و وەکو (چارشێو، سەرپۆش) دایان دەپۆشیت، کە (با)یەکە ئاسۆیی دەڕوات و تەمەکەیش بەپێی ئاراستەی ئەوە، بۆیە کامیراش جوولەکەی لە تەکانیدایەک دەخاتەوە بە ئاسۆیی PAN... و گرتەیەکی گەورەی تەواوی ئەم دیمەنە، دەگرێت.

ئەوەی پێویستە بگوترێت، جۆری جوولەی ئەو تەمەیە، لە (خێرایی)دا کە هێواشی و خاوییەکی پێوە دیارە و بە زاراوەی سینەمایی، بە سلۆمۆشن Slow motion ناو دەبرێت، کە ڕیتمێکی ئارام و خامۆشی بە سروشت دەبەخشێت.

لەم غەزەلەدا، مەولەوی تا ئێرە تشبیب و تەغەزولی بەکارهێناوە- لە وەسفی سروشتدا- لێرە بەدواوە دەست دەگۆڕێت و بابەتی مەبەست دێتە کایەوە، کە دەڵێت:

**ساقی باک نییەن جەسەردی «دەی» ،دەی**
**هەوا وەش کەردەن نەشتەی نۆشای مەی**
[د.ل: ٢٩٩ سیدیان]

هەرچەندە (مەی) و (ساقی) و بەواتا ئاساییەکەی خۆیان بەکارنەهێنراون(٨)! گرنگ ئەوەیە کە کۆڕێک بەستراوە و لە ڕووی هونەرییەوە، بە کەڵکی وێنەگرتنی سینەمایی دێت و گرتەیەکی گشتی (گەورە)ی تەواو (F.S.) دروست دەکات و دەرهێنەر لە گۆڕینی جۆری گرتەدا ڕەهاو ئازادە و بە کەڵکی چەندین گرتەدێت.. و ئازادی ئەوەی هەیە کە بە درێژی ئەو کۆڕی مەیە وێنە بگرێت، چونکە لە دێرەکانی تردا. دەڵێت:

**دیرەن با ئیمەیچ نەی گوزەرەوە**
**جامی وەدەس نیین، دەس وەسەرەوە**
[د.ل.: ٣٠٠ سیدیان]

لێرەدا، دەکرێت بە گرتەیەکی زۆر نزیک (B.C.U) وێنە بگیرێت و لە چەند گرتەدا کە شایانی بەیتەکە و جۆری دانیشتنەکەی مەولەوی و یارانییەتی.. بە تایبەتی، کاتێک جامی بەسەرەوە ناوە و دەستێکی گرتووەتە سەریەوە و سەری بە پشتدا خستووە. دەشێت بەگرتەیەکی زۆر نزیک و گەورە وێنەی بگیرێت، لێرەدا جوولەی کامیرا لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە.

غەزەلی (زووسانەن وەی ڕەنگ...) سیناریۆیەکی تایبەتە بە وەرزی زستانی ناوچەیەکی کوردستان. لە بەشی یەکەمیدا، کە لە فەرهەنگی ئەدەبیدا بە (تەشیب و تەغەزول) ناودەبرێت و تێیدا شاعیر وەسفێکی خەست و چڕی: سروشت، مەی، یار...تاد دەکات. لێرەدا وەسفەکە، تایبەتە بە سروشت و لە بەیتی گوریز (تخلص)دا، خۆی لەم قۆناغە ڕزگار کردووە کە دەناڵێنێت بۆ (ساقی وشیشە وجام)؛ کە لە شیعری سۆفیگەریتیدا، مەی و ساقی هێمان بۆ (ئەجەل و فریشتەی مەرگ) واتە: نەمەی، مەیە ئاساییەکەوە نەساقی... ئەم غەزەلە لەکۆتاییەکەیدا، کە بە مەرگ و چاوەڕوانی کۆچکردنە بۆ جیهانی پشت سروشتەوە و ناو گۆڕ! دوو تابلۆی وێکچوو لەگەڵ سروشتدا دروست دەبێت... کە تەنیا بە وێنەگرتنی تەرمی مردووەکە گوزارشتی لێدەکرێت... سروشت بە بەفر سپییە، تەرمەکەیشی لەناو کفندا سپی و هەردووک خامۆش..بەراوردێکە لەنێوان سەر زەوی و ناو گۆڕدا..، بەڵام ژیان لە ژێرەوە بەردەوامە لە سروشت/ گۆڕدا (بەپێی بۆچوونە ڕۆحییەکە و بڕوای شاعیر..).

(٢) لە غەزەلی تایبەت بە زەماوەند و ژنهێنانەکەی (مەحموود پاشای جاف)دا، مەولەوی سیناریۆیەکی شیعریی دەوڵەمەندی پڕ لە گرتەی ناوازە و هونەرمەندانەی سینەمایی نووسیوە، بەوەی کە بایەخێکی زۆری بە جوولەی کامیراو دەنگ و ڕەنگ و گرتەی جۆراجۆر داوە.. کە شایانی دەرهێنان و وێنەگرتنە لەلایەن دەرهێنەرێکی کارامە و شارەزاوە. تاکو بێتە فیلمێک کولتووری نەتەوەیی کورد دیاربخات.

لەبەیتی یەکەمدا، ڕوو لە مەحموود پاشا دەکات و پێی دەڵێت:

**موبارەکت بۆ بەزم نەو وەخەیر**
**توخوا تەنخوای من خاس. خاس بکەر سەیر**
[د.ل.: ٣٩١ مدرس ٤١١ سیدیان]

کەوانە مەولەوی ئامادەی زەماوەندەکە نەبووە، دەنا پاشای نەدەکردە جێگری خۆی لە سەیرکردندا! ئەم ئامادەنەبوونە لایەنێکی بەهێزی ئەم سیناریۆ شیعرییەیە، چونکە سۆفی مەشرەبێکی وەکو مەولەوی بەو وردییە و

وەسفی شادیی و هەڵپەڕکێیەکی وای کردووە، کە ئێستا دەشێت بەکامیرا وێنە بگیرێت.. گەر سەرنجی بدرێت پلە پلە بەرەو لووتکەی داهێنان و هونەرمەندێتی و باڵادەستی شاعیر بەرز دەبێتەوە:

**سیرکەر تەماشای ئەو جەمین جامان**
**وەخصوص ئازیز شای نەوجەوانان**

[د.ل.: ٤١٢ سیدیان]

تکای لێکرد و ئێستاش پێی دەڵێت: تێر تەماشای نەوجەوانان (ژنە جوانەکان) بکە، کە گرتەیەکی گشتی Long Shot (L.S.) دەدات بە وێنەگــــــر، بۆ پیشاندانی ڕیزی هەڵپەڕکێیەکە لەناو ئەوانیشدا، چاوی کامیرا دەخاتە سەر ئازیز (یارەکەی پاشای جاف) کە بە شای جوانەکان ناوی بردووە! لێرەدا چاوی کامیرا بە تەنیا وێنەی دەگرێت و هەموو جوانی و شۆخییەکی وێنە دەگرێت بە (گشتی، ناوەند و زۆر نزیک) بۆ دەرخستنی هەموو جوانییەکەی. هەروەها هاتووچۆکەی لە گەرمەی هەڵپەڕکێدا دەبێتە گۆڕینی جوولەی کامیرا، لەوەی سەرتاپای (ئازیز) لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لەخوارەوە بۆ سەرەوە بجوولێت، بۆ ئاسۆیی PAN، کــــە دێت و دەڕوات. بایەخدانی شاعیر، تەنیا بە جوولە نییە، بەڵکو سەرنجی خوێنەر بۆ دەنگ ڕادەکێشێت، نەک یەک دەنگ! چەندان دەنگ، لە بەرز، نزم، کزو هێواش و..تاد:

**گرمەی نەقارە لرفەی شەروالان**
**خشیەی پامووروەو زرنگەی خڕخاڵان**

[د.ل.: ٤١٢ سیدیان]

ئەو دەنگانەی لەم بەیتەدا هاتووە، لەبەرزەوە (گرمەی نەقارە) وە بۆ دەنگێکی نەرم و ئارامی وەک (لرفەی شەروالان= ئاوەڵکراسی ژن) کە لەکاتی هەڵپەڕکێدا لە لێک کەوتنی هەردوو لنگی ئاوەڵکرسەکان (هی ژنە هەڵپەڕکێکەران) کە زۆر کەم دەبیسترێت!! لەوەوە بۆ خوارتر (خشپەی پامـوورە= پاوانەی بەمـوور کراو)، یەکسەر لێرەوە بۆ (زرنگەی خڕخاڵان= بازنگی دەست مەچەک)! تێکەڵاو کردنی تۆنی ئەم چوار دەنگە، هەر بایەخدان بەدەنگ نییە و جۆراو جۆر کردنی، بەڵکو هەموو فەرمانن بۆ وێنەگر، کە جوولەی کامیرا بۆ وێنە گرتن لەگەڵ سەرچاوەی ئەم دەنگانەدا بجوولێنێت:

لەدەمەوە ــ قاچ ــ دەست، کە جوولەی کامیرا لەسەرەوە بۆ خوارەوە Titil down-up ( ). بەم پێیە گرتەکانیش دەگۆڕێن و بە زۆری دەبنە گرتەی زۆر نزیک (B.C.U).

لە دێڕێکی تردا، مەولەوی کامیرا لەسەر دەست و مەچەکی ژنانی هەڵپەڕکێکەرەوە دەگوێزێتەوە بۆ سەردەمی زوڕناژەن و دەمی ژنان و لەسەر سەرو زولفیان ڕای دەگرێت.

**چریکەی سرناو پریکەی خەندە**
**پەشێوی زولفان ڕیشەی دل کەندە**

[د.ل.: ٤١٢ سیدیان]

جوولەی کامیرا بەردەوام ئاسۆییە، لە دەستی ژنانەوە بۆ دەمی زوڕناژەن و جارێکی دی بۆ دەم و لێوی ژنە هەڵپەڕکێکەرەکان! لەگەڵ سەروزولفی پەشێویاندا کە بەهۆی هەڵپەڕینیانەوە شێواوە.

گرتەیش هەر زۆرنزیکە! چونکە تایبەتە بە دەم و لێو و زولف.

لە بەیتی دوای ئەم بەیتەدا، کامیرا هێشتا هەر لەسەر دەموچاو و ملی هەڵپەڕکێکەرانە و زۆر نزیکە لەوێنە گیراوەکان و گرتەکان، هەموو (B.C.U)ە،خەندەی لێو، خاڵی دەموچاو، گریشمە و ئیشارەتی بەناز و غەمزەوە:

**ئیشارە و وەناز لەب خەندەی وەنەرم**
**نمانای خاڵان نە تۆی پردەم شەرم**

[د.ل:٤١٢ سیدیان]

شاعیر درێژەی داوە بە هەڵپەڕکێیەکەو، ئەو لایەنانەی مەبەستی بوون هەمووی تۆمار کردوون و بەسیناریۆ پاراستوونی... لەم دێڕەدا کە دەڵێت:

**سەرچۆپی وەناز قۆڵ هوردای دەسماڵ**
**بریقەی شیشەو لەرەی لیمۆی کاڵ**

[د.ل: ٤١٢ سیدیان]

سەرچۆپی کێش ئەو کەسەی کە ڕیزی هەڵپەڕکێیەکە دەبات بەڕێوە و جوولە و سەمایەک دەکات، کەسانی تر، کەمتر دەیکەن، لەوانە: دەست بەرزکردنەوە و دەستەسڕ، یان تەزبیح ڕاوەشاندن و لە زۆر جاراندا تەقە کردنیش، بەڵام لێرەدا- لە م سیناریۆیەی مەولەوی-دا- سەرچۆپی کێش، ژنە و بە نازەوە قۆڵی بەرزکردووەتەوە و دەستە سڕەکەیی ڕاوەشاندووە... گرتەیەک شیاوی ئەم دیمەنە بێت، دەشێت گرتەیەکی ناوەندی Medium Shot (M.S.) لەناو قەدەوە بەرەو سەریان گرتەیەکی زۆر نزیک بێت، کە تەنیا دەست و دەستەسڕەکە پیشانی بدات! کە بە (B.C.U.) ناو دەبرێت، جوولەیش هەر ئاسۆییە PAN، بەڵام لەنیوەی دووەمی بەیتەکەدا

وێنەگیراو گۆڕاوە بۆ (مل) و (شیشەی ملوانکەی مل)، گرتەکە هەر زۆر نزیکە و چاوی کامیرا لە دەستەوە (سەرەوە) بەرەو (مل) خوارەوە دێت. تاکو لە سنگ و مەمکی هەڵپەڕکی کەران بگیرسێتەوە و بابەتێکی دی بخاتە ژێر چاوی کامیراوە و جووڵەی کامیراش بەرەو (مەمک) ببات، کە شاعیر لێرەدا لە وێنەیەکی شیعریدا ناڕاستەوخۆناوی بردووە (لیمۆی کاڵ) و بە گرتەیەکی زۆر نزیک دیسانەوە (B.C.U)،لە ملوانکەدا (بریقە) و لە مەمک دا (لەرە)! وردی و چاو تیژی شاعیر دەردەخات.

کە بناغەیەکی بۆ بەیتێکی بەهێزتر داڕشتووە و هەر لە ئاستی دەموچاو (ڕوو)دا، دەسووڕێتەوە و پەنا دەباتە بەر وێنەی شیعری و بەکارهێنانی وشەی خواستراو (استعارە) بۆ دەربڕینەکانی:

**ورشەی ستارەنەو زولف بووم زەرچون**
**قەوس و قەزەح گرتەن دەور وەر**
[د.ل.: ٤١٣ سیدیان]

لێرەشدا (ستارە و وەرە خۆر) لە بری ئارەقەی شەرمی کچە هەڵپەڕیوەکان لەسەر ڕوویان کە بە خۆر «وەر»-ناوی دەبات بە پەڵکە زێڕینە [قەوس و قەزەح]ی دەچوێنێت کە دیاردەیەکی فیزیاوییە و لە دوای باران بارین، بەرامبەر بەخۆردەچەمێتەوە. گۆرانی شاعیر دەڵێت:

**پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر**
**چەماوەتەوە بەرامبەر بەخۆر**
[د.ل.: گۆران، ل٩]

لەگەڵ ئەوەدا، بەشێوەیەکی ڕەوانبێژییانە ئەم دیمەنەی دەرخستووە، بەڵام توانای وێنەگرتن و خەسڵەتی سیناریۆ بوونی لەدەست نەداوە. شاعیر هەوڵی داوە کە کامیرا لەسەر: ڕوو، مل، سینە، ڕابگرێت و ئەم وێنە ناسکانە بخاتە پێش چاوی دەرهێنەرو وێنەگر.. لێرەدا چاو تیژی مەولەوی لەڕادەبەدەرە، کە هۆشەکارییەکی زۆر پێوە دیارە، چونکە ئارەقەی دەم و چاو بە تەنیا ئەو دیمەنە پیشان نادات، لەگەڵ زولف و شتومەکی جوانکاری و ڕازاندنەوەی تردا نەبێت! کە مەولەوی پەنای بۆیان بردووە.. گرتەی ئەم وێنەیەش بەگرتەیەکی نزیک (Close Up- C.U.) پیشان دەدرێت. مەولەوی، دوای ئەم هەموو وێنە سینەماییە جوانانە و ئەو هەموو سیناریۆ بەرزانەی پڕ بوو لە جووڵە و دەنگ و ڕەنگ.. هیچی بۆ نەماوەتەوە، ئەوە نەبێت کە لە پاشای جاف بیپاڕێتەوە و بڵێت:

**جەو بەزم شیرین منیش کەر وەیاد**
**بەزمتان جەم بۆ دایم وە دلشاد**
[د.ل.: ٤١٣ سیدیان]

لەم دێڕەدا، کە مەولەوی داوای لەبیرنەچوونی خۆی دەکات لەو بەزم خۆشییەدا، کە پاشای تێیدایە و دەڵێت: [منیش کەر وەیاد] لەخۆیدا بەکارهێنانی هونەرێکی سینەماییە، چونکەدەبێت ئەو بیرکردنەوەیە، بەزەین بێت لە ئاستی دەقە شیعرییەکەدا و بە هونەری (مۆنتاژ)(٩) کردن لە ئاستی سینەماو دەرهێنانی سینەماییدا. کە دەکاتە ئەوەی دەرهێنەری سینەمایی فەرمان بدات بە وێنەگر، بەخۆی و کامێراو کەرەسەی وێنەگرتنەوە بچێت بۆ لای مەولەوی و وێنەی بگرێت و بە تولیف کردن، لەگەڵ گرتەکانی تردا لێکی بدات، تاکو زنجیرەیەک پێک بهێنن، چونکە ئەوکاتە یەک کاتە، بەڵام لە دوو شوێنی جیاواز دایە.. لە کاتی تەولیف کردنیشدا، دەرهێنەر بۆی هەیە لەسەر گرتەی هەڵپەڕکێیەکە و سەیرکردنەکەی مەحموود پاشاوە چاپی بکات و شووشەیی هەردوو گرتەکە لە یەک کاتدا پیشان بدرێت و [بەزم+ مەحموود پاشا+ مەولەوی] بە یەکجار دەربکەون.

دەشێت بە تێکەڵکردنی دیمەنەکان بێت (Mix Dissolve) کە ڕیزی هەڵپەڕکێ و پاشاو شوێنی زەماوەند پیشان بدرێت و وردە وردە بەرەو لاچوون بڕوات و دیمەنی مەولەوی بێتە پێشەوە و لەسەر پەردە دەربکەوێت.. بە گرتەی گەورە و نزیک و ناوەند.. یاخود بە بڕینی دیمەنەکان و هەر جارەی دیمەنێک پیشان بدرێت. بە تایبەتی کە لە دێڕی دواییدا شاعیر وەسفی ژیان و بەختی خۆی دەکات و بە چەند بەیتێک باری دەروونی و ژیانی دەردەخات:

**من زووم زانان تا لەم پەشێوەن**
**ڕەفیقم مەینەت، ئەنیسم دیوەن**
[د.ل.: ٤١٣ سیدیان]

لەگەڵ ژیانی پاشادا بەراوردی دەکات کە:

**خودا وە تۆش دان سەیر نەمامان**
**وە من ڕەنگ زەردی و نالەی بلی سامان**
[د.ل.: ٤٩٢ سیدیان]

(٣) غەزەلی «وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن»،

غـەزەلێکی تری مـەولەوییـە، کـە تایبـەتە بە وەسـفی سـروشـتی کـوردسـتـان و بەرهەمـێکی تری هونەریی مـەولەوییـە، کـە دەتوانرێت بە سـیناریۆیەکی شـیـعـری دابنرێت، چونکە هەڵکەوتی غـەزەلەکـە و بـابەت و چۆنیەتی خستنە ڕووی کەرەسە و ڕیزکردنیان، لە جیهانی سیناریۆ و وێنەی سینەماییەوە نزیکن! بە تایبەتی لەو خێراییەدا کە لە گۆڕینی بابەتی ناو دێڕەکاندا هەستی پێدەکرێت لە خوێندنەوەدا، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی جوولەی جۆراوجۆر و گـۆڕینی ئاسـۆگەی سەیرکردن و تێڕوانین.. بە واتا سینەماییـەکەی (گۆشەی وێنەگرتن Camera Angle)- (گوزەرکردنی چاو= گوزەرکردنی چاوی کامیـرا..) لێرەدا خیراییەکی زۆری پێوە دیارە و دیمەن و شـتـەکـان زوو زوو دەگـۆڕێن.. بـاوەکی گـونجـان (انسجام)ی پێوە دیار بی:

**وەهارەن،سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن**
**هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن**
[د.ل.: ٤٩٢ سیدیان، ٤٧٢ مدرس]

لەم بەیتـەدا، نەک چاو، بەڵکو گـوێش بەپەلە فـریای بیسـتنی ڕستەکان دەکەوێت، ڕیتمێکی هێندە خێرایان هەیە!! سـەرەتای دیمەنی بەهار بە خوێنەر دەدات، کـە بە گرتەیەکی گشـتی (L.S.) وێنە دەگیـرێت؟ سەیری هەر لا بکەیت لە بەهاردا سـەوزایی و گـوڵاڵە و ژیان و نوێ بوونەوەیە.. جوولەی کامیرا PAN ئاسۆییـە، بەڵام کە دەڵێت (سـەرکـاوەن= بەرزایی و سـەرچیـا) جـوولەی کـامـیـراش دەگـۆڕێت بۆ ( Tilt up): کـــەچی لە میسراعی دووەمی بەیتەکەدا، جوولەی کامیرا لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، لەبەر ئەوەی بەفراوی چیـاکـان لەسـەرەوە بەرەو خواردێن و شـاعیر سەرنجمانی بۆ ڕاکێشاوە، کە ناچاری چاوی کـامـیـراش دەکات بەو ئاراسـتـەیە بێـتـە خوارەوە.. لەم میـسراعـەدا جگە لە جـوولە، دەنگی زیاد کـردووە بۆ گـرتەکـە.. کـەواتە: ڕەنگ، جـوولە و دەنگ، باس لە بەهار دەکەن و گرتەیەکی بە ئارەزووی دەرهێنەر دەگـێڕێت، کە بـواری زۆر فراوانە..بۆ جۆراوجۆر کـردنی گرتەکە! لەو بەیتەدا، دووجۆر ژیانی پیشـانداوە: ئارامی و هێوری و کپی، بە کەچی لەمیسراعی دووەمدا: هاژە و شاخە.. خرۆشان و هەژان!!

لە دێڕەکـانی تری ئـەم غەزەلەدا- کە مـامـۆسـتـا مـەلا عـەبدولکەریمی مـودەریس- بە ناتـەواوی داناوە(١٠)، مەولەوی بەم جۆرە هاتووەتە دەست:

**ساقی یەن، بادەن، نەسیمەن، بادەن**
**بولبول جەدەورەی گولان ئازا دەن**
[د.ل.: ٤٩٣ سیدیان]

لەمیـسراعی یەکـەمدا، گرتەکە بێدەنگە (صـامت- Mute Shot) هەروەکو لە میسراعی یەکەمی، بەیتی یەکـەمـدا بێـدەنگی باڵی کـێـشـاوە بەسـەر دیمەنەکـەدا (وەهارەن، سـەوزەن، ئاوەن، سـەرکـاوەن) بەڵام لەم بەیتـەدا، نیـوەی دووەم، کـە باسی (بولـبـول) دەکـات و لە دەوری گـوڵ بە ئازادی دەژیت و دەسـووڕێتـەوە، گـومـانی تێدانییـە بولبـول گـوڵ بەبێ دەنگی نەبینراون.. کـەواتە دەنگ لە میـسراعی دووەمدا هەیە هەست بە جووڵەیەکی نسبی دەکرێت، بە تایبەتی لە (نەسیمەن، بادەن= با)دا، هیچ کاریگەرییەکیان پێوە دیار نییە کە ببنە هۆی دەنگ دروست کـردن. لێـرەدا تەنیـا (سـاقی و بادە= مـەی) دەشێت وێنە بگیرێن و بەلای زۆرەوە بە گرتەیەکی گشتی (L.S.) وێنە دەگـیـرێت و دەرهێنەر ئازادە.. هەرچەندە جوولەی کامیرا خێرایە و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دی دەگـوێزرێتـەوە، ئەم خـەسڵـەتە، سـیـمـای سـەراپای غەزەلەکەیە..

مـەولەوی، لە بەیتـەکـانی تری ئەم غـەزەلە (تەواو نەکراوەدا!) دیمەنی شتەکان بە تێکەڵاوی: واتە (مادی و مـەعنەوی) پیـشـان دەدات، کـە نامـاتریالییـەکـان بۆ وێنەگرتن، گرانییەک بۆ دەرهێنەر دروست دەکەن، چونکە دەبێت پەنا بباتە بەر حاڵەت پیشاندان.. بەوەی کەسێک (ئەکـتـەر)ێک ئەو حـاڵەتەی تێـدا دەربخـرێت.. لەم غـــەزەلەدا مـــەولەوی، بابـەت و دیمەن و حــــاڵەتی کۆکردووەتەوە:

**بەزمەمەن، شادییەن، عەیشەن، نیشاتەن**
**کەیفەن، شۆخی یەن، شەوقەن، حەیاتەن**
**سەنگەن، کوسارەن، سەرکووەن، هەردەن**
**خەمەن، مەینەتەن، زوخاوەن، دەردەن**
**هیجرەن، دووری یەن، عیجزەن، فیراقەن**
**واویلاو شینەن، نالەی عشاقەن**
**سەبزەن، سۆسەنەن، نەورۆز گولانەن**
**کەمەرەن، هەردەن، ملەن، کەلانەن**
**صەرعی یەن، شەیدان، نەجدەن، مەجنوونەن**
**مەزاقەن، جامەن، پیالەی هونەرن**
[د.ل.: ٤٩٣ سیدیان]

مـــەولەوی، بە وشــەو ڕســـتـــەی شـــیـــعــری، ڕۆڵـی کامیرایەکی گەڕۆک دەبینێت: چونکە ئەو هەمـوو بابەت و شــوێن و دیمەنە پـیـــشـــان دەدات.. لەلایەکی ترەوە لە جیهانی ڕەوانبێژیدا، هونەری پێچانەوە و کردنەوە (لف ونشـر)ی بەکارهێناوە، یان جـووتە (ثنائیــة) بـەپێـی دەلالەتەکان و واتایان:

بەزەمەن ــ کەیفەن، شادی یەن ــ شۆخیەن،

عەیشەن ــ شەوقەن،نیشاتەن ــ حەیاتەن.

لە دێڕێکی تردا، هەردوو مــیـــســراع بەم شـێــوەیە هاوبەرانبەر کراون:

سەنگەن ـــ خەمەن

کوسارەن ـــ مەینەتەن

سەرکووەن ـــ زووخاوەن

هەردەن ـــ دەردەن

کــە هەریەک لە بابەتە مــاتریالەکــان، حــاڵەتێکی ناماتریالی لەخۆ گرتووە. جووڵەی سەرجەمی غەزەلەکە، خیراییەکی پێوە دیارە، لە گواستنەوەی چاوی کامیرادا، لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر، یان بەرزکــردنەوە ونزم کردنەوەی کامیرا بۆ سەرەوە و خوارەوە.. ئەو خێراییە لە هونەری سینەمادایە:

[Accelerated motion]ناو دەبرێت. کـــــە مەولەوی لە دێڕە شیـعـرو شوێنی تردا پێـچەوانەکەیی بەکارهێناوە وەکو لەم دێڕەدا:

**جە پرژەی شەونم نەتۆی پەردەوە**

**نەرگس مەس مەس چەم و لاو کەردەوە**

[د.ل.: ٦٨ مدرس- ٨٨ سیدیان]

کە مـەبەسـتی دەرخسـتنی گـەشانەوە (چاوکردنەوە)ی گـوڵە نێرگسـە لە بەهاراندا بەکاریگەریی پرژەی شـەونم (خوناو)، کە مـەستی و خـاوی لێک نزیکن، لەوەدا کە پەڕەی گـوڵ نێرگس بە یەکـجار ناکرێتـەوە و خـاوییـەکی هەیە، کــەس ناتوانێت ئاگــاداری ڕوودانەکــەی ببــێت، مەگەر لەم سەردەمەدا کە بەهۆی کامیرای سینەماییەوە خاو دەکرێتەوە و بە (سلۆمـویشن- Slow motion) ناونراوە.

مـەولەوی لە زۆر غـەزەل و بەیت و دوو بـەیت و... تاد هەوڵی داوە بەم شێوەیە شیـعـر بنوسێت، کە لێـرەدا بە سیناریۆی شیـعـری ناوبراو، هەروەکو چیـرۆکە شیـعـرو نامەی شیعری هەیە لە ئەدەبدا.. ناتوانرێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێت، کە مـەولەوی یەکـەم شـاعـیـری کـوردە ئەم جۆرە شیعرەی نووسیوە، تەنیا ئەوەندە هەیە، کە مەولەوی تـوانـایـەکـی بـەرزی بـەکـــــارهـێـنـاوە لـەم بـوارەدا. ئـەم نموونانەیش «مشتێکن لە خەرمانێک» و نموونەی تریشی زۆرن(١١)، تەنیا بە پەردە لادان لە ڕووی ئەم داهێنانە، مـــــەولـەوی بـوو بـە نمـوونـە و لـێکـۆڵـینـەوەی دی دەبـنـە گەواهیدەری ئەم بۆچوونە.

## سەرئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لایەنێکی هونەریی شـیــعــری مەولەوی تاوەگۆزی ئاشکرا کرا، کە مەرج نییە مەولەوی تاوەگـۆزی یەکـەم شاعـیـری کـورد بـووبێت بەم شێـوەیە شـیـعــری نووسی بێت، ئەویش سـینـاریۆی شــیــعــری نووســینە، کــە خــەســڵــەتێکی زۆر ئاشکرای شـیـعـری مەولەوییە. هەوڵی داوە یاریدەی خوێنەر بدات و بیکات بە هاوبەشی خۆی و بەخشندانە وای لێبکات پتر چێژ لە شـیــعــرەکــانی وەربگرێت ونەی پێـچـێـتــە ناو وێنەی شیـعـرییەوە، بەڵکو بەهۆی وێنەی سینەماییە و زووتر مـەبەســتــەکـانی بگەیەنێــتــە خـوێنەر. ئەویش بەهۆی دارشتنی وێنەکان لەناو سیناریۆیەکدا، کە دەست دەدات بەشـێـــوەیەکی ســـیـنـەمـــایی لەلایەن دەرهێنەرێکی ســینەمـاییــەوە، ئامــادە بکرێت و بکرێت بە فــیـلمی سینەمایی.

لەم باســەدا توانراوە لە چەند غــەزەل و تاکـەبەیتــدا، هونەرەکانی وێنەی سینەمایی دیاری بکرێت و پەردە لە ڕووی توانایی شــاعــیــری کــورد مــەولەوی تاوەگــۆزی لابدرێت، لە حــاڵەتێکدا کــە ئەو شــارەزای ئەم هونەرە نەبووە و ناویشی نەبیــســتــووە و لە ســاڵی (١٨٩٥ز) فیلمی جووڵاوی سینەمایی بێدەنگ بەرهەم هێنراوە، لە کاتێکدا مەولەوی لە (١٨٨٦ز)دا کۆچی دوایی کردووە و لەسەدەی بیستەمدا هونەری سینەما گەشەی کردووە! کـە ناکرێت ئەم پەی پێ بردنەی مـەولەوی وەکو هەمـوو داهێنانێکی تری بواری زانست و هونەر بدرێتـــە پاڵ ئاگــاداربوون. جگەلە بەهرە و توانا ســروشــتــیــیــەکــەی شاعیر.

مـەولەوی تاوەگـۆزی گـەلێک لە زاراوە هونەرییـەکـانی جیـهـانی سینەمای بەکارهێناوە، بە وێنەی سینەمایی و ســینـاریۆی شــیــعــری، کــە لەگــەڵ ئەو زاراوانەدا یەک دەکـەوێتەوە لە بواری سینەمادا ئەمڕۆ لەسـەرچاوەکـاندا هەن و هونەرمـەندانی جیـهـانی سینەما بەکـاری دەهێنن.

وەکو: گرتەی سینەمایی: (گشتی، تەواو، نزیک، زۆر نزیک، ناوەندی و مۆنتاژو گرتەی بێدەنگ و خاو و خێرا و جۆراوجۆری کامیرا...).

ئەم کارەی کە لە شیعرەکانی مەولەویدا دەستنیشان کراوە، دەشێت بکرێت بە کەرەسەی دەوڵەمەند کردنی سینەمای کوردی و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی هەرێمی کوردستان و لە شیعری شاعیرانی تری پێش و دوای مەولەوی دا کۆبکرێتەوە و بخرێنە ناو بەرنامەیەکی هونەری وا وەک tvی کوردی و سینەمای کوردی کەڵکیان لێ وەربگرن. بۆ ناساندنی ئەزموونی هونەریی کوردی لە گشت بوارەکانی هونەردا.

**پەراوێزەکان:**

١- الموسوعة العربية الميسرة. باشراف محمد شفيق غربال، ص١٠٥٨ سينما.

(٢) بڕوانە: قصيدة و صورة، د. عبدالغفار مكاوي، ص٨، ١٢، ١٣. ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لەسەردەمی ئەرستۆوە باسی پێوەندی نێوان شیعر و وێنە کراوە پەموێندسی کیوسی دەڵێت: (شیعر وێنەیەکی دواوە ، وێنە شیعرێکی بێدەنگە).

(٣) برایەتی/ ئەدەب و هونەر، هەستیاریی سینەمایی لە فیلمی (بەهەشتی پەنابەران)دا، پشتیوان عەبدوڵڵا، هەینی، ١٩٩٨/٨/٢٨، ژ(١٩)، ل٦.

(٤)كيف تكتب السيناريو، صلاح أبو سيف، ص٥٥-٥٨. هەروەها: الأساليب الفنية في الانتاج السينمائي، كين دالي، ص٢٧٧.

(٥) كيف تكتب السيناريو، صلاح أبو سيف، ص٥٨.

(٦) السيناريو، سدفيلد، ص٢٣.

(٧) ڕێزدار مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس، گەڵای دارەکانی بەگواره داناوە، کە لەبەر ساردی هەوا کە زەردبوون و شۆڕبوونەتەوە؛ بەڵام بابەتی تر ئەوەیە کە کولوی بەفرەکان بە تۆفەکە بەستوویانە و بوونەتە گوارە، چونکە لەو مانگەی زستاندا گەڵا بەدارەوە نامێنێت. (ا.ق).

(٨) بڕوانە: لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ئەنوەر قادر محەمەد، ل٢٦٨.

(٩) فن المونتاج السينمائي، كاريل موريس، ص١٥٩-١٦٠.

(١٠) بڕوانە: دیوانی مەولەوی چاپی سیدیان، ل٤٩٣.

(١١) بڕوانە: غەزەلی «نازک تەدارەک فەصل وەهاران»، د.ل: ٤٣١ مدرس ٤٥١ سیدیان، هەروەها غەزەلی «نەئاهینی گەری، نەئاهینی گەری»، د.ل.:٤٤٤ مدرس ٤٦٤ سیدیان. لەگەڵ زۆر تاکە بەیت و دێڕی تری ناو غەزەلەکان. هەروەها غەزەلی «هەرماهی نەوبۆ حاڵم پەشێوەن» [د.ل:٢٥٤ سیدیان ٢٣٤ مدرس].


**سەرچاوە کوردییەکان:**

١- ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی بەگ، ئەستەنبول، ١٩٢٠ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٠.

٢- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا، ١٩٦١، لەگەڵ دیوانە کۆپێکراوەکەی سیدیان- ئێران.

٣- سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- الأساليب الفنية في الإنتاج السينمائي، كين دالي، ت. عصام الدين المصري، م جعفر علي، الدارالعربية للموسوعات، ص١، ١٩٨٧.

٢- السيناريو، سدفيلد، ت. سامي محمد، دارالمأمون- بغداد، ١٩٨٩.

٣- الموسوعة العربية الميسرة، بأشراف محمد شفيق غربال، دارالشعب و مؤسسة فرانكلين للطباعة و النشر؟

٤- فن المونتاج السينمائي، كاريل موريس، ت. احمد الحضري، م. احمد كامل مرسي، وزارة الثقافة و الإرشاد القومي المصري، ١٩٦٤، ص٢.

٥- قصيدة و صورة (الشعر و التصوير عبر العصور) د. عبدالغفار مكاوي، سلسلة عالم المعرفة/١١٩، الكويت، تشرين الثاني/ ١٩٨٧.

٦- كيف تكتب السيناريو، صلاح أبو سيف، الموسوعة الصغيرة/ ٩٨، دارالجاحظ للنشر- بغداد، أب/١٩٨١.

# کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لە سەریەکتریدا

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود
(زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردە)

(١ – ٢)

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکی کەمی پرۆژەیەکی ئەدەبی گەورەیە، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کات و کۆششێکی زۆر و بەردەوامی گەرەکە. تاق و ڕەفکەکانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکیمان بەناوی مەزن و بەرهەم و دیوانی پرشنگدار و بە نرخ پڕ و ئاوەدانە. وەلێ مخابن لەبەر ئەو بارودۆخانەی میللەتی کوردمان پێیدا تێپەڕیوە (باسکردنیان بە زیاد دەزانم) نەتوانراوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و زانستییانە شیعر و داهێنانەکانی شاعیرانمان وەکو خۆی (کە هەبووە و تۆمارکراوە) لەنێو دەستنووسەکاندا بڵاو بکرابانەوە و پاشانیش وردتر و بێ خەوشتر چاپ بکرابان، بۆیە بێجگە لەو کاریگەرییەی کە شاعیرانمان بەسەر یەکیانەوە هەیە بەرهەمەکانیشیان دەسکاری کراوە، هەڵەی نووسخەنووس و چاپیان یەکجار زۆرە، دێرە شیعر، یان شیعری تەواو بەناوی جیاجیا لە دیوان و بڵاوکراوەکانی تر بە ئاشکرا دەبینرێن. ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەمان هەندێ نموونە بۆ حاڵەتی یەکەم دەهێنینەوە و دواتریش بە گوێرەی ئەو نەخشەو پلانەی بۆی داڕێژراوە کاریگەری شاعیرانمان بەسەر یەکتریدا بە نموونەی شیعرییەوە نیشان دەدەین.

پاش هەڵگێڕو وەرگێڕ کردنی هەموو ئەو شیعرو دیوانانەی لەبەردەستدان، توانیمان کۆمەڵە تابلۆیەک، یان کۆمەڵە وێنەیەکی جوان و ڕەنگاو ڕەنگ، نزیک لەیەک (بەرۆح، یان بە ڕەنگ) دەستنیشان بکەین و پێش چاوی بخەین، بۆ ئەوەی ئەو وەک یەکی و لێک نزیکییەی شاعیرەکانمان بە نموونەوە پێک بگرین و بەرامبەر بکرێن.

**گیروگرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە**

بەکورتی و بەچڕی گیروگرفتەکان لەو چەند خاڵەی خوارەوە پێش چاوی دەخەین:

١- زۆر بە دەگمەن نەبێت، مێژوو، یان بۆنەی ئەو هەموو شیعرەی هەمانە نەنووسراوە و نازانرێت، یان خەفە و بن گۆم کراون.

٢- لەبەر نەبوونی نووسین و بەڵگەنامە، سەرچاوەی باوەڕپێکراو، ژیانی شاعیرەکانمان نادیارو تەمومژاوین.

٣- گرنگی نەدان بە لایەنی هونەری نووسین و بە تایبەتیش خاڵبەندی، دێرە شیعرو نیوە دێر و لەتە دێر، لە زۆر شوێنی دیوان و دەستنووسەکان دووبارە کراونەتەوە بەبێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکرێ، یان لەنێو دوو کەوانە دانرابێت.

٤- نەبوونی نەفەسی درێژ لای لێکۆڵەرەکانمان. گیروگرفتەکان زۆرن، درێژەی پێ نادەین.

بۆ ڕەسەنی و دەسپێشخەری ئەو بەرهەمە شیعرییانەی لەبەردەستن، ئێمە تەنیا ڕەچاوی دوو خاڵمان کردووە:

١- خاڵی یەکەم، کە زۆر ئاساییە و سروشتییە ئەویش قۆناغ و سەردەمی شاعیری یەکەمە کە زۆر پێش شاعیری دووەم کەوتووە.

٢- کەسیەتی شاعیرو کاریگەری لە گۆڕەپان و دنیای شیعری کوردی کراوە بەکارتێکراو، بە دەلیلی ئەوەی شاعیرە کارلێکراوەکان بە شیعر، یان بە هێما و ناوهێنان سەرسامی خۆیان بەرامبەر بە شاعیری یەکەم دەربڕیوە.

خاڵێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش ماوە لێرە ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش کاریگەری شاعیرانی زمان فارسی ئێرانە بەسەر شاعیرەکانمان، ئەو بابەتەش باسێکی درێژی سەربەخۆی دەوێ، ئێمە وەک سەرەباسێک سێ نموونە نیشان دەدەین بۆ چوونە نا ئەو دنیا بەرفراوانەی کە سەرەداوێکمان لێ چنگ کەوتووە:

* حافزی شیرازی دەڵێ(١):

**بە اب روشن می عارفی طهارت کرد**
**علی الصباح کە میخانەرا زیارت کرد** ١٣٨(*)

* مەلای جزیری دەڵێ(٢):

**دەری مەیخانە یا عیشقێ سەحەر عارف زیارەت کرد**
**ب ئابی چەشم و خونێ دل و ضو بەست و ط هارت کرد**
٢٦٦

* هاتفی ئەسفەهانی دەڵێ(٣):

**کەیکی هست و نیست جز او**
**وەحدە لا الە الا هو** ٣٠١

* سالم دەڵێ(٤):

**هەر یەکێکە خودایی حەق نەک دوو**
**وەحدە لا الە الا هو** ١٣٤

ئەو دێرەی هاتفی ئەسفەهانی لە تەرجیع بەندەکەی وەرگیراوە، کە ئەو دێرەیە بەسەر بەش و خانەکان وەکو خۆی و بێ گۆڕان کاری دەسووڕێتەوە و دووبارە دەبێتەوە. دێرەکەی سالمیش هەمان شت و هەمان دەوری بینیوە لە دیوانەکەی سالم تەرجیع بەندەکەی شێواندراوە، هەربەش و خانەیەکی بەجیاو دوور لە یەک تۆمارکراون (دیارە نەیانزانییوە تەرجیع بەند وەک هونەرێکی شیعر شێوەکەی چۆنە). کاریگەری هاتفی ئەسفەهانی بەسەر سالمەوە ئاشکرا دیارە، ئێمە هەر ئەو نموونەیەمان وەرگرتووە.

شیعرەکەی حافز (سینەمالامال دردست...)(٥) نۆ دێرە و شیعرەکەی سالمی بەرامبەر بکەین (بێم(*) ڕەقەم گەردەم لە شەرمی...)(٦) هەشت دێرە، بۆ ئەو نموونەیە تەنیا وشەی سەرواکانیان تۆمار دەکەین کە لە هەر دوو غەزەلەکان بەشداری دەکەن: (مرهمی، همدمی، عالمی، رستمی، بیغمی).

* سعدی شیرازی دەڵێ(٧):

**چوکعبە قبلە حاجت شداز دیار بعید**
**روند خلق بدیدارش ازبسی فرسنگ**
**ترا تحمل امثال ما بباید کرد**
**کە هیچکس نزند بردرخت بی برسنگ** ٩٥

* حەمدی دەڵێ(٨):

**شەخصی صاحێب نیعمەتە مەعرووضی فیتنەی ڕۆژگار**
**باغەبان ناچێ بەگژ دارو درەختی بێ بەرا** ٢٠٥

**ئەو دێرە شیعرانەی کە لە کاریگەرییان تێپەڕاندووە**

پاش ڕامان و تێڕامانی هەموو ئەو دیوان و بڵاوکراوانەی لەبەردەستدان، کۆمەڵە دێرێکی وەک یەک، یان نزیک لەیەکمان دەرهێناوە، ئەو دێر و نیوە دێرانەی وەک یەکن و لە دوو شوێن تۆمارکراون و بڵاوکراونەتەوە، دیارە بەرهەمی تاکە شاعیرێکەو بەهەر هۆیەک بێت

وەپاڵ شاعیرێکی تر نراوە کە ئەوەش زیاتر بۆ دەستنووس و نووسخە نووسەکان دەگەڕێتەوە.

* نالی دەڵێ(٩):

**دەستم کە بەسەد وەعدە لەسەد جێگە شکاوە**
**جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ ٨٩**

* بێخود دەڵێ(١٠):

**دەستم بە سەد وەعدە لە صەد لاوە شکاوە**
**جەبری نیە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ ١٥٨**

ئەو دێرە شیعرەی نالی بە گۆڕانێکی یەکجار کەم گواستراوەتە نێو دیوانی بێخود، ئەو دێرە لای نالی دووەم دێری غەزەلێکی شەش دێرییە، کەچی لە دیوانەکەی بێخود وەکو تاکێک (فەرد)ێک تۆمارکراوە.

* نالی دەڵێ(١١):

**فیدای دەست و کەمانت بم بە تیرێ**
**دەپێکی سێ و دو هەم تاق و هەم جووت ٥٩**

* کوردی دەڵێ(١٢):

**فیدای دەست و کەمانت بێت (کوردی)**
**دەپێکی سێ و دوهەم تاق و هەم جووت ٢٣**

هەموو کەرەسە و وێنەکانی ئەو دێرە وەک یەکن تەنیا وشەی عەرووزەکەی نەبێت کە لای نالی (تیرێ)یە و لای کوردی خودی نازناوی خۆیەتی کە (کوردی)یە. ئەو دێرە شەشەم دێری غەزەلە نۆ دێرییەکەی نالییە، لای کوردی دێری کۆتایی غەزەلێکی هەشت دێرییە.

* مەولەوی دەڵێ(١٣):

**خۆمن هەر جەزوو وەمەیلت مەستم**
**هەرجان فیداکەی ڕۆکەی ئەلەستم ٣٢٢**

* ئەمین نەقشبەندی دەڵێ(١٤):

**هەتا من ماوم وە مەیلت مەستم**
**هەرجان فیداکەی ڕۆکەی ئەلەستم ١٣٦(*)**

ئەم دوو دێرە هەر یەکەو چوار لەتە دێرە، ئاشکرا دیارە سێ لەتیان وەکو یەکە، لە تەکەی بەرایی هەردوو دێرەکان جیاوازی لە سیغەی کاتەکەی دایە، لە یەکەم باس لەکاتی ڕابردوو دەکاو بە ڕۆژی ئەلەستی گرێدەدا. لە هی دووەم دەڵێ لە ئێستاوە پەیمان دەدەم، لەنێوان کاتی دەربڕینەکە و ئەلەستا بۆشاییەک دروست بووە.

* حاجی دەڵی(١٥):

**عالەمێکم دی نەخۆش و یەک کەسی ساغم نەدی**
**دوور لە مەردانی خودا غەیری قوڕو مساغم نەدی ٢٦٨**

* حەریق دەڵێ(١٦):

**عالەمێکی پرر لە ناساغ و یەکێکی ساغم نەدی**
**دوور لە مەردانی خوا غەیری قوڕمساغم نەدی ٩٢**

یەک کەرەسە، یەک واتا، یەک وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، یەک چوارچێوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە کەمێک دەسکاری و لەناو هەمان چوارچێوە، بە تۆزێک ڕەنگ و بۆیەی جیا دەڵێ(١٧):

**ساغ لە دنیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ**
**بێ هەزارت پێ نیشان دەم گەر قوڕمساغت دەوێ ٢٠٤**

* ناری دەڵێ(١٨):

**مەتڵەعی صوبحی سەعادەت مەزهەری صیدق و یەقین**
**ئەی سوپەهسالاری فوجی ئەنبیاو موڕسەلین ١٢٦**

* تاهیر بەگی جاف دەڵێ(١٩):

**مطلعی صبحی سعادەت مظهری علم الیقین**
**ئەی سوپەهسالاری فوجی انبیاو مرسلین ٣٢**

هەر دوو دێر وەکو یەکن تەنیا ئەوە نەبێ لە دێری یەکەم (صیدق) هاتووە و لەدێری دووەم بۆتە (علم)، نووسخە نووسی یەکەم ڕێنووسەکەی کوردییە و لەهی دووەم بە عەرەبی نووسراوە.

* کوردی دەڵێ(٢٠):

**وەکو (کوردی) لە دوو جەژن بوو لەتاوی حیرەت و دەردا**
**ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو بەجارێ ماڵی وێرانم ٣٠**

* مەحوی دەڵێ(٢١):

**لەدنیادا دڵ ئارامێک و ئارامی دڵێکم بوو**
**بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو**

(ڕۆ).

* وەفایی دەڵێ(٢٢):
**گوڵێکم بوو لەدنیادا شکۆفەی باغی ڕەعنایی**
**لەداغی پەرچەمی شێوام لەنێو بازاڕی ڕیسوایی**
**وەکو بولبول بە ڕۆح و دڵ شەووڕۆژ بوومە سەودایی**
**هەموو عومری عەزیزم چوو لە ڕێی خەندێک بەخۆڕایی**
**بەجارێ ماڵی وێرانم، ئەویشم چوو، ئەمیشم چوو**
١٠٥

* سافی دەڵێ(٢٣):
**دڵیشم چوو، گوڵیشم چوو، کە یاری گوڵ عوزارم چوو**
**نەماعەیشم لەگەڵ خۆشی بەتاراجی نیگارم چوو ٣٨**

* ناری دەڵێ(٢٤):
**کە بەختم چوو، گوڵیشم چوو، دڵیشم دەردی کاری بوو**
**گوڵەکەم ڕۆ، دڵەکەم ڕۆ، بە جارێ ماڵی ویرانم ٦٨**

پێنج شاعیرمان (کوردی، مەحوی، وەفایی، سافی، ناری) بەیەک کەرەسەی سەرەکی لە پێنج شوێنی جیاوازدا بەشداری لە دروستکردنی یەک تابلۆ و وێنەی شیعری دەکەن. لە مەسەلەکانی کوردەواری خۆمان هاتووە و دەڵێ (کابرا بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی لەسەردانا) ناوکی پێکهاتەی ئەم وێنە شیعرییە لەوەوە هاتووە شاعیر، یان عاشق دەیەوێ نزیکی، یان ڕەزامەندی خۆشەویست و ماشووقەکەی بە دەست بێنێ و مسۆگەری بکا، کەچی ئەنجامەکەی دژ و پێچەوانەی خواستەکانیەتی لەوەی کە دڵیشی دەڕواو لێی دەتۆرێ و (لە هەرێش دەبێ و لەمەرێش). چەق و ناوەرۆکی ئەم وێنە هونەرییە لەسەر ئەم نیوە دێرە وەستاوە:

(ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو، بەجارێ ماڵی وێرانم)

ئەمە لای کوردی وابوو، لای مەحوی و وەفایی ئەم نیوە دێرە وەکو یەکە پاش ئەوەی پاش و پێش بە هەردوو لەتی هەمان نیوە دێرکراوە:

(بەجارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو)

لای سافی کەرەسەکان خۆیان لێک درێژ کردۆتەوە، نەمانی عەیش و خۆشی بەرامبەر بە (ماڵی وێران)ی داناوە و ڕۆیشتنی دڵی پێش کۆچی گوڵی تۆمار کردووە. لای ناری وێنەکە کت ومت کۆپی کراوەتەوە تەنیا (ئەم و ئەو) بوونەتە (گوڵ و دڵ)، (چوو)ەکانیش بوونەتە

**کاریگەرییەکان**

* بابا تاهیری هەمەدانی دەڵێ(٢٥):
**مەگەر شێرو پڵنگی ئەی دل ئەی دل**
**بەمو دایم بەجەنگی ئەی دل ئەی دل**
**ئەگەر دەستم ڕەسەد خونت بریجەم**
**بوینم تا چ ڕەنگی ئەی دل ئەی دل ١١٨**

* پەرتوێ هەکاری دەڵێ(٢٦):
**چی یە دەردێ تەبێژە ئەی دل ئەی دل**
**ژ چاڤان خون بڕێژە ئەی دل ئەی دل**
**ژ بۆ تەسکینا ئێش حرقە تا دل**
**هەمە دەردان بڕێژە ئەی دل ئەی دل ١٦٢**

ئەم چوارینەی بابا تاهیر مێژووەکی کۆنی خۆی هەیە. نیوە دێری یەکەم و دووەم و سێیەم، هەریەکە و دوو لەتە شیعرن، لە تەکانی دووەم (ئەی دل ئەی دل) زۆر ئاشکرا دیارە دەوری پاش سەرواش دەبینێ (مورەددەف)ن. جۆرە ئاواز و ترپەیەکی یەکجار ناسک و خۆشی بە چوارینەکە داوە، ئەم وردەکارییە و ئەوانی تری مەزنی و نەمرییان بە باباتاهیر بەخشیوە. دوای ساڵانێکی زۆر بە شێوەزاری کرمانجی سەروو پەرتوێی هەکاری هەمان لەت و پاش سەروای بابای لەغەزەلێکی حەفت دێری دووبارەکردۆتەوە، کۆپی بە شێوە و بچم و کێش. ئەمەش ئەوەی لێدەفامرێتەوە کە چوارینەکانی بابا تاهیر بێ بەربەست ئەم سەروو، ئەو سەری کوردستانی گەورەیان کردووە.

* مەلا پەرێشان دەڵێ(٢٧):
**بێ زەخم خەدەنگ موژەی دلارام**
**نەنگەن پانیان وە سەحرای قیام ٢٢**

* مەجزووب دەڵێ(٢٨):
**بێ زامی خەدەنگ موژەی مەهرووان**
**نەنگەن وەسارای قیامەت لوان ٢٢**

مەلاپەرێشان بە دوو ڕستەی کورتی (١٠) وشەیی و کە (٢٠) برگەن، چ وێنەیەکی هونەری جوانی داهێناوە. دەڵێ: زۆر خەوش و عەیبە بۆ کەسێک، ڕۆژی دوایی (قیامەت) زیندوو بێتەوە و هەنگاو بەرەو بیابانی کاکی

بەکاکی (حەشر) بهاوێ لاشەکەی بە نێزە و تیری برژانگی دلارامێک بریندار نەبێت و خێن و خێزاوی لێ نەچۆڕێتەوە، وەکو تابلۆیەک تەماشای ئەودێرە بکەین، ئینجا تێدەگەین کە ئەو وێنە ناسکە چ ڕووبەرو پانتایی و چوارچێوەیەکی نەخش کراوی هەیە، وێنەیەک کە نەمر بێت، هەر ئەوها دەبێت، ئەفراندنی وێنەی شیعریش دیارە شاعیری بە ڕاستی گەرەکە بە پەنجەکانی سەرنج و تێڕوانینەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشی.

مەجزووب هەمان کات و شوێن، هەمان کەرەسە و ئەنجامی مەلا پەرێشانی هێناوە، دووبارە وێنەکەمان نیشان دەداتەوە. وەکو جیاوازی لە وشە و شێوەدا مەجزووب هەندێ یاری بە وشەکان کردووە، ئەو یارییە تۆزقاڵێک کاری لە ناوەرۆکەکە نەکردووە.

* فەقێ تەیران دەڵێ(٢٩):

**دو ڕۆژن، دوهیلالن**

**ل دێمێ وێ لەیلاێ ٩٥**

* نالی دەڵێ(٣٠):

**ئاسمانی حوسنی مەحبووبم بە ئەبرۆ و زولف و ڕوو**

**دوو هیلال و دووشەو و دوو ماهی تابانی هەیە ١١٤**

لەیلای فەقێ تەیران، مەحبووبەی نالی دێم و ڕوویان بەهیچ ڕوخسارێکی ئافرەتی سەر ڕووی ئەم زەمینە ناچێ، ئەوەی خەڵک هەیەتی هەمووی یەک یەکە و هی ئەوان جووت جووتن. ئەو وێنە قەشەنگ و ڕەنگاو ڕەنگانە دەبێ بە چ تاڵە ئاوریشمی بریقەدار گرێدرابن.

* جزیری دەڵێ(٣١):

**شۆخ و شەنگی زوهرە ڕەنگی دل ژ من بر دل ژ من**

**ئاورێن هەیبەت پلەنگی دل ژ من بر دل ژ من**

**سور شیرینێ نازەنینی کوشتم و ناکەت یەقینێ**

**وی بچەنگالا ئەڤینێ دل ژ من بر دل ژ من ٣٩٩**

* پەرتوبێ هەکاری دەڵێ(٣٢):

**وی ژ نو جەژبا ئەڤینێ دل ژ من بر دل ژ من**

**عشوەیەک وێ حۆر عەینێ دل ژ من بر دل ژمن**

**ئەز نزانم دێچ بێژم زولیا وێ دلبەرێ**

**کەس ژ من ناکەت یەقینێ دل ژ من بر دل ژمن ١٧٦**

پەرتوبێ هەکاری هەمان ئەزموونی لەگەڵ باباتاهیری هەمەدانی دەگوازێتەوە بۆ نێو بەرهەمەکانی مەلای جزیری، لەسەر هەمان کێش و ئەو لەتە دێڕەی پاش سەروا پێک دەهێنن (دل ژمن بر دل ژمن) لە شیعرەکەی خۆیدا بەکاری دەهێنێ و (چۆن بەکارهێنانێک!!) لە نموونەکانڕا دیارە پەرتوبێ هەکاری هەردوو دەقەکانی بابا و جزیری خوێندۆتەوە، دەبێ چ جۆرە ئیعجاب عیشقێکی بەرامبەریان هەبووبێت، ئەو جۆرە وەرگرتنانە لە ئەنجامی تێکەڵ و ئاوێتەبوونی خوێنەر و دەقە. ئەگەر تۆزێک وردتر لە دەقەکانی پەرتوبێ هەکاری بڕوانین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە یەکێک بووە لە خوێنەر و موتابیعە هەرە باشەکانی سەردەمی خۆی و بە تایبەتیش دنیای بەرفراوانی شیعری کوردی.

* جزیری دەڵێ(٣٣):

**هۆستایی عیشقێ دل هەڤۆت سەر تا قەدەم هنگی دصۆت**

**ڕەمزا (انا الحق) هەر دگۆت باوەربکن مەنصورە دل ٣٥٣**

* پەرتوبێ هەکاری دەڵێ(٣٤):

**ئوستادێ عیشقا (بوالهوس) حەتا هەبو (جزاک نفس)**

**ڕەمزا (انا الحق) دای ددس سەردار وخۆش مەنصورە دل ١٦٠**

لەو دێرە، جزیری وێنەیەکی هونەری زۆر جوانی بنیات ناوە، دڵ قوتابییە و لەژێر دەستی مامۆستایەکی لێزان و گەورە فێری عیشق کراوە. لە مەڕ عیشقیش، دەمێکە ئەوە بڕاوەتەوە، کە چوونە نێو دنیای سەیرو سەمەرە و ڕەنگاو ڕەنگی عیشقا یەکجار ساناو ئاساییە، بەڵام لێی دەرچوونی زۆر زەحمەتە، بەڵکو هەر نابێت، هەروەکو حافزی شیرازیش ئیشارەو هێمای بۆ ئەو خاڵە کردووە و دەڵێ:

(کە عیشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها)(*)

لێرەکانە ئەنجامی ئەم عیشقە سووتانی لێکەوتۆتەوە، بۆ تەواوکردنی وێنەکە (ڕەمزا «انا الحق») و (مەنصورە دل) هەم کاریگەری خۆیان هەیە و هەم گۆشەنیگا بۆ لای وێنە بنجییەکە زیاتر دەکا. پەرتوبێ هەکاری هەمان کەرەسە سەرەکییەکانی ئەم وێنەیە و چوارچێوەکەشی لەبیرو هزری جزیری وەرگرتووە و ئەویش گۆشەنیگایەکی تری لە پانتایی ئەو وێنەیە دروست کردووە.

* جزیری دەڵێ(٣٥):
**لەو سەحەر جەولان ددت بایی صەبایێ راست و چەپ**
**سوسن و سونبول ب مەستی بێن سەمایێ راست و چەپ** ٩١

* پەرتویێ هەکاری دەڵێ(٣٦)
**ئیرۆ کە جەیشی کافران روم دا حصارێ راست و چەپ**
**هندی و تورکی و حەبەش هاتن دیارێ راست و چەپ** ٩٧

* ئەحمەدی کۆر دەڵێ(٣٧):
**شای غەزالان، شۆخ و، شەنگان، زولف چەلەنگان راست و، چەپ**
**دڵ چو سەنگان، خوو، پەڵەنگان، دای لەقەلبم، راست و، چەپ** ١٦٩

جزیری لەو قەسیدەیەی (راست و چەپ)ی وەک پاش سەروا بەکارهێناوە. لە غەزەلێکی (٧) دێری (چەپ و ڕاست)ی کردۆتە پاش سەروا، پەرتویێ هەکاری هاتووە تەنیا یەکێکیانی وەرگرتووە (ڕاست و چەپ) وەک جزیری وەکو پاش سەروایەک لە غەزەلێکی (٧) دێری بەکاری هێناوە. هەمان شت لای ئەحمەدی کۆریش (ڕاست و چەپ) لە غەزەلێکی (١٥) دێری وەکو پاش سەروا هاتووە. ئەوەی لێرە نابێ باسی نەکرێ فاریزەیە، نازانم ئەو هەزاران فاریزەیە چییە لەو بڵاوکراوەیەدا.

* جزیری دەڵێ(٣٨):
**دانەیێن عەنبەر لنە سرینان رەشاندن خال خام**
**سوسنێن نازک لسەر خالان چەڤاندن دالی دام** ٣٦٢
بۆنی عەنبەر و جوان و ناسکی سووسنی تێکەڵ بە وێنەکە کردووە. خاڵەکە لای جزیری دانێکی ڕووت نییە بەڵکو بۆن و بەرامەی عەنبەریشی پێدا کردووە و بەگوڵ و کولێکەی سووسنیش ئارایش کراوە (ئەمانەش هەر بۆ ئەوەن بەکاتێکی زۆر کەم ڕاوەکەی خۆم ئەنجام بدا).

* خانی دەڵێ(٣٩):
**لەب تەشنە طەلەب دکن زەلالێ**
**وێ دانەودامی، زلف و خالێ** ٩

نیوەدێری دووەم (لەف و نەشر)ێکی ناتەواوی هەیە:
دان و دام بەرامبەر بە زولف و خاڵ.
واتە: دان ـــ خاڵ
دام ـــ زلف

لێوی وشک، تینوو بۆ ژیان و جوان بوونەوە، تەنیا داواکەی گەیشتنە بەو سەرچاوە پاک و بێگەرد و خۆشەی کە زلف و خاڵی مەعشووقەکەیەتی کە خۆیان لە دان و داو نیشانداوە.

* پەرتویێ هەکاری دەڵێ(٤٠):
**وێ ژ زولف و خال ئانی، دام و دانە بودلان**
**دابکت حەپس و قەفەس هەر لەحظە سەرگردانەکی** ٢١٣
پەرتو: ئیشەکەی ساناتر کردییە، ناوی حەپس و قەفەسی هێناوە، بە واتایەکی تر بە فاق وەبوونەکەی تەنیا حەپسی ناو قەفەسەکەی مەبەستە و بەس.

* دیسان دەڵێ:
**عەجەب صەیادە دلبەر دێ بنێری**
**چ دام دانە چێکر زولف و خالان** ١٧٧
بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ: دلبەر ڕاوچییەکی عەجایبە، تەماشاکەن چ فاقێکی بەزلف و خاڵان دروست کردییە.

* نالی دەڵێ(٤١):
**عاشق– دەڵێ– نابێ کە بدا خۆی لەداوم**
**زوڵفم کە هەمو داوە، هەموو دانەیە خاڵم** ٢٨٧
باسی خۆلێدانی داوەکە دەکا، داوو دانەکان زۆرن، بەهۆی ئەو زۆریە ڕزگاربوونی نیچیر زۆر زەحمەتە، یان هەر مەحاڵە.
* دیسان دەڵێ:
**داوێکە لە ڕووی دانەیی خاڵت تەنراوە**
**زنجیرە لە پێ مایلی ئەو ڕووتە نراوە** ١٠٦
ئەگەر تەماشای وشەکانی:
خاڵت ـــ تەنراوە
ڕووتە ـــ نراوە
بکەین و دواتر دەنگ و وشەکانی سەروایان وەرگرین، دەبینین تەنراوە بەرامبەر بە تەنراوەی دووەم دەوەستێ،

تەنراوەی دووەمـــــیش لـە (تە)ی ڕووتە+ نراوە پـێک هاتووە، داهێنان و ئەفراندنی شاعیران لە شوێنی ئاوەها بە دیار دەکـەون. لە نیـوەی یەکـەم دەڵێ: داوێکە لەسـەر ڕووی، یان دەوروبەری دانەیی خـــاڵت وەکـــو تەونی جـاڵجـاڵۆکـە تەنراوە، لە نیـوەی دووەم دەبێ بە زنجیـر، زنجـــیـــرێک بەردەوام لەپێی ئەوانـەی ئارەزووی نزیک بوونەوەیان هەیە.

* سالم دەڵێ(٤٢):

**لەسەر ڕوو دانەیی خاڵت بەفن داناوە دەیزانم**

**بە قصدی مرغی دڵ زلفت بە دەوراداوە دەیزانم ٧٩**

جوانی ئەو دێرو وێنەیەی سالم لەوە خۆی نیشـان دەدا، کە دەڵێ: دەزانم چیت کردووە، ئەو خاڵەی لەسەر ڕووی خـۆتت داناوە وەکـو دانی فـاق و بەداوی زولفـیش دەورە دراوە، دەزانم و ئاگـادارم ئەوە فـەننێکە و هەر بۆ ئەوەیە تەیری دڵم لە خشتەببەی و بیگری. وشەی (فەن) لێرە بە واتا عـەرەبییـەکەی نەهاتووە، بەڵکو بە واتای (حیـلە)، یان (مـەکـر) هاتووە. لە مـەسـەلەکـانی کـوردەواریش بەکارهاتووە: (پیاو چی لە پیـاوی زیاترە فەن). ئەو فەنە لەنێو عامەی کوردەواری خۆمان بە (فەند) گۆ دەکرێ.

بە ڕای من ئەو حـیلە و مـەکـرەی بەرامـبـەر بەو وشـەی فەن هاتوون لەو شوێنانە هەمان واتای (حیلە و مەکر)ی نێـو فـەرهەنگەکـانیـان نیـیـە و چەند پلەیەک لەوان بەسومعەترە، چونکە واتاکان وایان دەفامرێتەوە لایەنی باشەیان زاڵتر بێت لە خراپەکان.

* کوردی دەڵێ(٤٣):

**بەداوی زولف و دانەی خاڵی سەر ڕووت**

**گرفتارە دڵی سەد عاشقی ڕووت ٢٣**

ئەو فـاقـەی بەداوی زلف و دانی خـاڵ دروست کـراوە، لای کوردی نەک یەکێک، بەڵکو دڵی سەد عاشقی پێوە گرفتار بوون.

* وەفایی دەڵێ(٤٤):

**هاتم بەبۆنەی خاڵت، تووشی بەڵای زوڵفت بووم**

**طە یرێکی نا بەڵەد بووم نەمزانی دانە و داوە ١٥٢**

ئاشکرا دەڵێ: بۆ شتێک هاتووم و تووشی شتێکی تر بوومـە. جوانی و ڕەنگاوڕەنگی ئەم وێنەیە لەوەدایە کـە دان بەوەدا دەنێ کە تەیرێکی ناشارەزاو بەستـەزمان بووە و نەیزانیوە ئەوە دانە و بەداوی فاقەکە بەستراوە.

* حاجی دەڵێ(٤٥):

**لەناوەی هەڵگەڕاوەی زوڵفی خاڵی ڕەش تەماشاکەن**

**بۆ تەیری بیعەینیهی دەڵێی ئەم دانە ئەو داوە ١٣٤**

دیسان دەڵێ:

**یەقین مورغی دڵم (حاجی) لەداوی زوڵفی دەرناچێ**

**هەتا ئەم خاڵە موشکینەمەکانی عەنبەری خاوە ١٣٩**

* دیسان دەڵێ:

**ئەوە خاڵە لەسەر گۆنای شەریفت**

**وە یاخود دانەیی داوی بەڵایە ١١٦**

سێ وێنەی جوانمان بۆ حاجی تۆمار کردووە. هەموویان هەرباس لەداوو دان و زلف و خـاڵ دەکـەن واتە (فـاق). حاجی خۆی دەڵێ: هیچ گومان لەوەدا نییە کە خاڵ دانە و زلفیش داوە، ئەو کارەش هەر بۆ ئەوە دانراوە تەیری دڵی پێ بگیرێ.

* مەحوی دەڵێ(٤٦):

**ز زالف پرخمش ای مرغ دل بلا دیدی**

**پری زن هم ز چشم پر فنش باز قضا بنگر ٥٠٢**

* مەجزووب دەڵێ(٤٧):

**من هەر ئەو (وامیق)، ڕووت دام، دان خاڵت**

**سەر ئەفگەندەی دەر (عەذرا)ی جەماڵت ٢٥**

مەجزووب هەموو دەموچاوی (ڕوو)ی مەعشووقەکەی بە داوەکـە داناوە، خـاڵیش دانەکـەیەتی. ناوی وامـیق و عەزراشی هێناوە.

* حەریق دەڵێ(٤٨):

**تۆ ئەگریجەی خاوت، تۆ زوڵفی لاولاوت**

**بەبێ دانەیی خاڵت مە مخەرە نێو داوت ١٦٨**

حەریق مەرجێکی داناوە بۆ بەداو وەبوونەکەی، ئەویش گەیشتنە بە دانەیی خاڵی.

* حەمدی دەڵێ(٤٩):

**زوڵف و خاڵت بێتە داو و دانە ئەمجا تێ دەگەی**

**خۆی ئەخاتە داوەوە بۆ خاطری ئەو دانە ڕۆژ ٧٥**

ئەو وێنەیە لە قـەسـیـدەیەک وەرگـیـراوە کـە بۆ ڕۆژ وتراوە. ئەوەی لێرە جێی ئاماژە پێکردنە حەمدی ڕۆژی لەجیاتی دڵ هێناوە و وەکو نێچیرێکیش موعامەلەی لەگەڵدا کردووە، واتە ئەگەر زلف و خاڵ بێ بەداوو دانە، هەتا ڕۆژیش لەبەر خاتری خاڵەکە خۆی بەفاقەکە وەدەکا. ئەوەی گـرنگە بوترێ ڕۆژ خـۆی داوێتـە ناو ئەو داوە، جابەرامبەر هە ناوو شتێک وەستابێ وەک مەجاز.

* خادیم دەڵێ(٥٠):

**دەمێکە دڵ ئەسیری حەلقەیی زوڵفی خەمی خاوە**
**تەمەع بۆ دانەی خاڵی بوو نەی زانی کەوا داوە ٢٢٥**

زۆر لە مـێژە دڵ لەکۆت و بەندایەتی نێـو زلفی پێـچـو لوولی خاوی مەعشووقە کەیەتی، ئەوەش لەو تەماعەوە هاتبوو کە کاتی خۆی ویستبووی بگا بە خاڵەکانی، بەڵام نابەلەد بوو نەیزانی کە خاڵ نەبووە بەڵکو دانی فاق بووە.

* ئەدەب دەڵێ(٥١):

**خاڵی تۆ، دانەی فریب و زوڵفەکەت: دامی بەڵا**
**مورغی دڵ، چوو دانە بچنێ؛ کەوتە حەلقەی دامەکەت ٨٨**

دەڵێ: خاڵت وەک دانە، خەڵک لە خشتە دەبا، تەیری دڵ برسـیـیـەتی بەداوی زلفی پڕ بەڵاوە دەبێ و دەکەوێتە نێو ئەلقەکانی و گیر دەبێ.

* دیسان دەڵێ:

**جانا کە دەڵێی مورغی دڵی مەت، بە چ رامە**
**خاڵی سیەهـ و زوڵفی خەمت، دانە و دامە ٢٠٤**

کـەوی بوونی تەیری دڵی من لە خۆشی خۆی نەبووە، ئەدی ئەوە نییـە خـاڵت دانە و زلفیـشت داو، دڵمـان بە فاقێ وەبووەو دواتر ڕامت کردووە.

* شێخ سەلام دەڵێ(٥٢):

**چاوی صەییادە دەخیلە زوڵفی داوە دانە خاڵ**
**چۆن نەجاتی قەتع نابێ عاشقی وێرانە ماڵ ٤٩**

لای وایە ئەگەر عاشقی خانە خراپ تووشی ئەو جۆرە فـاقـەبێت دەبێ دەست لەخۆی بشوا. شێخ سەلام چاوی مەعشووقەی وەک نێچروان زیاد کردووە.

* ڕەمزی مەلا مارف دەڵێ(٥٣):

**ئەمن تەیرێکی برسی و خـاڵی دانە و زوڵفی هەروەک داو**
**بەهۆی ئەو داوەوە (ڕەمـزی) سـیـفـەت لـەم داوە ئاڵاوم ٥١٥**

ئەوەی لەو وێنەیە سەرنج ڕادەکێشێ وشەی برسییـە. تەیرەو برسییە و خاڵیش دانە، هەموو شتێکیش بۆ برسی ڕێدراوە، هەربۆیە خۆ بەداو وەکردن زۆر ئاسانە.

* ڕەفیق حیلمی دەڵێ(٥٤):

**من کە سەر مەستی سەفای ئەو نێرگسی مەستانە بم**
**ئاگـاداریم کـەی لە داوی زولف و دانەی خـاڵ ئەبێ ٤٢٤**

دەڵێ هیچ چارم نییـە و هەر بەوداوو فـاقـە وە دەبم. هۆیەکی یەکـجـار جـوان و ناسک و مـوقنیـعـیـشی بۆ هێناوەتەوە، ئەودەڵێ ئەگەر من مەست و سەرخۆشی ئەو دوو چاوە مـەسـتـانەبم کەی ئاگام لەخۆبە خۆم لەو دان و داوە بپـارێزم. من و ئەو جـۆرە بیـرکـردنانەوە وەک دەڵێن (کوجا مەرحبا).

* سابری دەڵێ(٥٥):

**ڕوخساری گوڵی نازک و دەم غونچەی تەنگی**
**لەو زولف و خەت و خالە ئەلێی دانەو دامە ١٥٥**

ڕووی وەکو گوڵی ناسک، دەم وەکـو غـونچەی تەنگ و نەکراوە، سابری زلف و خەت و خاڵی بەرامبەر بە دان و داوە داناوە.

واتا: زولف و خەتی بەرامبەر بەداو ڕاگرتووە.

* دیسان دەڵێ:

**مودەتێکە تەیری دل حەپس و ئەسیری خەتا**
**ڕستگاری داوی زولف و دانە خاڵت کەی دەبێ ١٧٥**

لەو دێرە سابری دەڵێ: دەمێکە تەیری دڵ حەپس و دیل و بەندی خەتایە. خەتاش لێرە (تەوریەیە)یە و دوو واتای هەیە یەکـەمـیـان: واتە هەڵە، سـووچ، کـاری نـادروست. واتای دووەم: ناوی شارێکە کەوتۆتە ناوچەکانی سەرووی وڵاتی چین، دواتر دەپرسێ دەبێ کـەی لەو داوی زلف و دانەیی خاڵت ڕزگارم بێت.

* دیسان دەڵێ:

**تەیری دلیان بوو بەداوی زولفەکانی تۆ ئەسیر**

**تۆ كـەدانەی خـاڵ ئەبینی بەو ڕوومـەتەی مـەهپـارەوە ١٩٨**

تەیری دڵی ئەوان بەداوی زلفەكەیان دیل و دەست و پا بەسـتـراون، هۆیەكـەشی داوە، دانەی خـاڵ بنرێ بەڕوومەتێک لەجوانییا پارچەیەک بێت لە مانگ.

* ویسالی دەڵێ(٥٦):

**لە شەوقی وەصلی خاڵی رووتە**
**ئەسیری داوی هیجران و حەزینم ١١٤**

تامـەزرۆم ئارەزووی گـەیشـتنم بە دانەیی خـاڵی سـەر ڕووت، لە خـۆشی ئەوە، وادیلم و بەداوی دووری و خەفەتەوە بوومەتەوە. (داوی هیجران و حەزین).

* دیسان دەڵێ:

**تابلێ ی شیرینە رێحان خاڵ و زوڵف و پەرچەمی**
**زوڵفی داوی عاشقانە خاڵی كوڵمی دانەیە ١٢٠**

لەبەرشـیـرینی و بۆن خـۆشی خـاڵ و زلف و پەرچەمی مەعشووقە، بۆ عاشقان زلفی داوە و خاڵی سەركۆڵمی دانەكەیە.

* موفتی پێنجوینی دەڵێ(٥٧):

**نە تەزبیح و نە پرچم دان و داوە**
**نەكەشكۆڵ و دەفم بۆ نان و ئاوە ١٥٢**

مـوفـتی پێنجـوینی تاكـە شـاعـیـرێكە، ئەم وێنە شیعرییەی بە ئاقارێكی تردا بردووە، فاقەكە لای ئەو دانەكەی (قلە تەزبیحە) داوەكەی (پرچ)ە. ناوەڕۆكی ئەم دێرە باس لە حاڵ و شێوەیەكی كۆمەڵایەتی دەكا. ڕەنگاو ڕەنگی هونەرەكانی ڕەوانبێژی ئەم دێرە شیعرەیان شەنگتر كردووە.

* دیسان دەڵێ:

**كە دیم تەزبیحی دەستی سۆفی و بەرماڵی سەرشانی**
**مـوحـەقـقـەق بوو لەلام هەردوو بەدانەو داوی داناوە ١٩٨**

لەم دێرەش موفتی باس لەهەندێ لەو سۆفییانە دەكا، كە بەردەوام خەریكی بەرژەوەندییەكانی خۆیانن. جا بە هەر ڕێگایەكەوە بێت. ئەم وێنانە دەربڕی ئەوكاتانەن كە موفتی تێیدا دەیەوێ خەڵک ئاگادار و وشیار بكاتەوە، بۆ ئەوەی چاومان كراوەتر بێت و بتوانین كارە نارەواكان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام جیا بکەینەوە.

* میرزا غەفوور دەڵێ(٥٨):

**ڕۆح ئەسیری دامی عەشق و، داوو دانەی خاڵتە**
**وا سەروماڵیش كە سەرگەردەن، بەگەردی پاتەوە ١٠٢**

ڕۆحی شاعیر دیل و بەندی داوو فاقی عیشق و داوو دانەی خاڵە سەرو ماڵیش حەیران و قوربانی ئەو تۆزەیێ كە لەژێر پێتەوە بەرز دەبێتەوە.

* عەونی دەڵێ(٥٩):

**داوی ئاڵۆزاوی زولفیم دیت لە دەوری خاڵی ڕوو**
**ترس و لەرزی زۆرمە لەم داوو دانە سڵ دەكەم ١٢٢**

عـەونی زۆر بە ئاشكراو ڕوونی دەڵێ: بەچاو شـتـێک دەبینم، بۆتە مـایەی ئەوەی ترس و لەرزم هاتیـتێ، بۆیە مافی خۆمە لێی سڵ بكەمەوە، ناوێرم هەر هەندە بچمە پێش بەو داو و فاقەوە دەبم و پەل بەست دەكرێم.

* حەیدەری دەڵێ(٦٠)

**خاڵی سەر روخساری یارم دانەیی داوی دڵە**
**دڵ وەكو مورغێكی برسی مەیلی داودانی دەكا ٦٤**

حـەیدەری لەنیـوەی یەكـەم دەڵێ: خـاڵی سـەركـوڵمی یاڕووی فاقێكەو دڵ نێچیر دەكا، واتا دەزانی بۆسەی بۆ دانراوە، لە نیوەی دووەم باسی ناچاری خۆی دەكا، تەیری دڵ برسـیـیـەتی و هیچ عـیـلاجی تری نییـە، بۆیە ئەگـەر ئارەزووی ئەو دانە بكا ناحـەقی نیـیـە، ئەگـەر بە داوەكەشەوە بێ. ڕەمزی مەلا مارفیش لە دێرەكەی باسی برسییەتی كردووە.

* عابد دەڵێ(٦١):

**مەلی ڕۆحم بە نەغمەی سازی چینە**
**لەلای لێو دام و دانە دائەچێنێ ١٦**

لای عـابد شوێنی فـاقـەكە لە تەنیـشت لێـوە. خاڵەكە نزیكی لێـوە و دیارە زلف و پەرچەم و داو داوی بسكی لەخـاڵەكـە نزیک بوونەتەوە. نێـچـیـر لای زۆربەی ئەو شاعـیـرانەی نموونەیان وەرگیـراوە (دڵ)ە، لای عـابد بۆتە مەلی (ڕۆح).

* هێدی دەڵێ(٦٢):

**بەبسک و خاڵەوە تۆ چت ئەوێ لێم**

**کە ئەو داوەت لەسەر ئەو دانە ناوە ٣٢٩**

هێدی: دەپرسێ تۆ فاقت داناوەتەوە، فەرموو بزانم چیت لێم دەوێ. ئەگەر دەتەوێ دێم و قیروسیا بابە فاقەکەت وەبم. هێدی لەجیاتی زلف ئەو بسکی بەکارهێناوە وەکو داوی فاقەکە.

* دڵزار دەڵێ(٦٣):

**ئەسیرت کرد لەمن تەیری دڵی زار**
**بەداوی زوڵف و دانەی هەردوو خاڵت ١٧٩**

لای دڵزار دوو خاڵ دەوری یەک دانە دەبینن، دیارە لەو حاڵەتانەش تەیری دڵ زووتر و باشتر بەداوەکە دەبێ. (دانەو دوو) لە نیوەی دووەم ناسکییەکی تری بە وێنەکە بەخشیوە.

شاعیران (مەلای جزیری، خانی، پەرتویێ هەکاری، نالی، سالم، کوردی، وەفایی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، مەجزووب، حەریق، حەمدی، خادیم، ئەدەب، شێخ سەلام، ڕەمزی مەلا مارف، ڕەفیق حیلمی، سابری، ویسالی، موفتی پێنجوینی، میرزا غەفوور، عەونی، حەیدەری، عابد، هێدی، دڵزار) هەموویان نموونەکانی شیعریان یەک وێنە و بابەت پێکەوەی گرێداون، ئەویش وێکچوواندنی: (زلف بە داو)، (خاڵ بەدان)، (دڵ بە تەیر، یان مورغ). ئەودان و داوەش فاقێکە بۆ خۆی و ئەوەی گرتی و لێی گیربوو بەربوونی نییە. تەیری بەستەزمانیش خۆین گەرم و هیچ نەزان، غەشیم و بێ ئاگا، نابەلەدو برسی. وێنەیەکی زۆر ناسک و سەرنج ڕاکیش و شاعیرانەیە، شاراوە نییە مرۆڤ زۆر دەمێکە ڕاوی بەدان و داو کردووە، فاق و جۆرەکانیشی داهێنان و بەهرەی مرۆڤە سەرەتاکانی مێژووی پێوە دیارە. ئەو بە داو وەبوونەی دڵیش لای شاعیرەکانمان هەریەکە و بە کەرەسەی خۆی و لەگۆشەنیگای تێڕوانین و بۆچوونەکانیان بنیاتی وێنە شیعرییەکانیان نیشانداوە. نموونە و وێنە بۆ ئەم بابەتە زۆرە، بۆ ڕەنگاوڕەنگی وێنەکە نموونەی مەحوی بە زمانی فارسی تۆمار کراوە. بۆ هەندێکیشان لە نموونەیەک زیاتر وەرگیراوە.

* خانی دەڵێ(٦٤):

**سەر نامەیێ نامە نامە: ئەڵڵاھ**
**بێ نامێ وی ناتەمامە وەڵڵاھ ٣**

* هێدی دەڵێ(٦٥):

**سەری نامەم بەناوی تۆ خوایە**
**کە بێ ناوی تۆ نامەبێ سەڵایە ١٤٥**

خانی: دەسپێک و سەرەتای نامە و (هەموو شت و بابەتی گرنگ) دەبێت بەناوی خوای پەروەردیگارەوە بێت، ئەمەش لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د) وەرگیراوە (کل امرذی بال لایبدا فیە ببسم الله المرحمن الرحیم فهو ابتر او اجزم او اقطع)(٦٦) لەنیوە دێری دووەم هەر خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە و سوێندیش بە (الله) دەخوا هەر کارێک وا ئەنجام نەدرێت بێگومان ناتەواو و سەرکەوتوو نابێت. هێدی هەمان ئامۆژگاری خانیمان بەبیر دەهێنێتەوە.

* بێسارانی دەڵێ(٦٧):

**مەواچە مژەت، تیژتەرەن جەخار**
**پای گوڵ ئەندامم، مەدەرۆ ئازار**
**من پەی مژەی خار، بە خەیلی وەختەن**
**بە جارو کاری، تەڕای تۆم (بەختەن) ٨٣**

* پیرەمێرد ئەو دوو دێرەی واهێناوەتە سەر لەهجەی خۆمان(٦٨):

**مەڵێ برژانگت تیژە وەک چقڵ**
**ئەچەقێتە پێی نازکی وەک گوڵ**
**بە بەرژانگی تیژ بۆیە خۆشحاڵم**
**خاکی بەر دەرگای تۆی پێ ئەماڵم ١٧٨**

* نالی دەڵێ(٦٩):

**بۆ تۆزی ڕەهت دیدە سەقاوو موژە جاڕووب**
**ترسام کە لە پێت چێت دەمی جێت بماڵم ٢٨٧**

* کوردی دەڵێ(٧٠):

**بە جاڕوویی موژە چاوم هەمیشە**
**خەریکی مشت و ماڵی خاکی ڕاتم ٣١**

* مەجزووب دەڵێ(٧١):

**ساقی بۆ، جانم فیدای باڵات بۆ**
**موژەن جاڕوکەش گەردی باڵات بۆ ٤٢**

* خەستە دەڵێ(٧٢):
**بە جاڕوویی موژەی چاوم هەمیشە**
**خەریکی مشتوومالّی خاکی ڕاتم** ٩٤(ب٦)

* عەونی دەڵێ(٧٣):
**چ خۆشە پێ دەنێیە بانی چاوم**
**بە جاروبی موژەم ژێر پێت بمالم** ٣٥

کەرەسە و ڕەنگەکانی ئەم شەش وێنە هونەرییە، هەمان ئەو کەرەسە و ڕەنگانەن کە تابلۆ بنچینەییەکەی لێ پێک هاتووە. مەعشووقە ئەوەندە خۆشەویست و بەڕێزە، ڕۆیشتن و هەنگاونانی وەک هی خەڵکی تر نییە و جیایە، بۆیە دەبێ ڕێگایەکەی بۆ تەخت و پاک و تەمیز و مشت و مالّ بکرێ، عاشق لای نەنگەو شەرم دەکا بە ئاوی ئاسایی ئاوڕشێن بکاو گەسک بێنی و ڕێگاکەی پێ بمالّێ، بۆیە هانا دەباتە بەر ئاوی چاوو برژانگەکانی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا ترس و دڵەڕاوکێیەتی نەوەک خوانەخواستە برژانگە تیژەکانی وەکو چقڵ (بێ ئاگا) لە شوێنێک پێی مەعشووقەی کە لە پەڕەی گوڵ ناسکترە، بریندار بکا.

* مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەڵێ(٧٤):
**ئاو، دار لەسەر سەر ئەگرێ نوقم نابێ بۆ ئەوەی**
**پەروەردەیەتی، نوقمی بکا دەبێ بەعار** ٥٥

* پیرەمێرد دەڵێ(٧٥):
**کە ئاو داری لەسەر سەر ڕاگرتووە ئەیزانی چی تیایە**
**لەلای نەنگەکە پەروەردەی نقومکا گەورەیی وایە** ٧٢

ئەم دوو دێرە، یەک وێنەی شیعری ناسکی لەخۆ گرتووە و کۆمەڵە بیرێکی ورد و واتای قووڵی تێدا ڕەنگ دەدەنەوە. (هەر دەوەنە دەبێ بە دار) ئەو دارەش چ پارچە شەپکەیەک بێت، یان کاریتە، بەلەم، یان کەشتی دار خۆی سەراوە، ئەوە سروشتیتی، ئەو دیاردەیە ڕووی یەکەمی ئەم تابلۆ جوانەیە. عار و نەنگ یەک واتا دەبەخشن. (بۆ ئەوەی پەروەردەیەتی) وەلامدانەوەیەکی لاوازە و گرێیەکی لەو دێرە شیعرە دروست کردووە.

* نالی دەڵێ(٧٦):
**لیباسم ماتەمی و شینە لە شین دام**
**سریشکم سوور و ڕەنگم زەردە بێ تۆ** ٩٠

سالم دەڵێ(٧٧):
**سرشکم قرمزو دیدەم سفیدە**
**ڕۆخم زەرد و لیباسم شینە بێ تۆ** ١١٣

ئەم ڕەنگانە چ وێنەیەکی هونەری بەرزیان خولّقاندووە!! ڕیتم و ئاهەنگێکی خۆشیان پێ بەخشیوە!! لیباسی ماتەمی لای هەردوو شاعیر شینە، ڕەنگ و ڕوخیان زەرد، سریشکی نالی سوورە و هی سالم قرمزی (ئەویش هەر ڕەنگی سوورە). پاش سەروای (بێ تۆ) لەنیوە دێری دووەمی هەموو دێرەکان وەک خۆی دووبارە بۆتەوە.

* نالی دەڵێ(٧٨):
**دەروونم پڕ کەباب و دەردەبێ تۆ**
**دڵم گەرم و هەناسەم ساردە بێ تۆ** ٩٠

* کوردی دەڵێ(٧٩):
**لە سۆزی عیشقی سەردی میهری تۆیە**
**دەروون گەرم و هەناسەم سەردە بێ تۆ** ٥٤

کوردی لە شوێنێکی تریشدا دەڵێ:
**دەروون زامدارو دڵ غەمگینە بێ تۆ**
**سەرم گێژ و تەنم بێ تینە بێ تۆ** ٩١

بێ (ئەو)ی لای نالی سووتانێکی بێ گڕودەنگە، دەردو پەژارەیەکی شاراوە و بێ ڕەنگە. هەر دڵی گەرم و هەناسەی ساردە مەزنی و داهێنانەکان بەرز و بڵند ڕابگرێت. لاسایی مەزن و داهێنەر دەکرێتەوە، دیارە کوردیش هەوڵی ئەو لاسایی کردنەوەی داوە.

* نالی دەڵێ(٨٠):
**سەوتی نەغمەی بلبلە یا چەهچەهەی خرخاڵی یە**
**دەنگی سۆلە یا لەژێر پێ ی نالە نالی (نالی)یە** ١٦٩

* وەفایی دەڵێ(٨١):
**دەنگی قوقووی قومرییە یا خۆ سەلایی شیوەنە**
**دەنگ و نەغمەی بولبولە یا نالە نالی تارییە** ١٦٣

(سەوتی نەغمەی بلبل)، (دەنگ و نەغمەی بولبول). (چەهچەهەی خرخاڵ)، (دەنگی قوقووی قومری). (دەنگی سۆلە)، (سالایی شیوەن)، لەژێرپێ و (نالە نالی نالی)، (نالە نالی تار). لەگەڵ دەنگ و خرۆشی

ئەم هەمـــــوو ئاواز و ئاهەنگە، شــــەپۆل و تـرپەی سەرسوڕهێنەر، وێنە شیعرییەکە لە چوارچێوەکەی خۆی دەردەچێ و وەلای دەنێ، هەندێ وێنە هەن چوارچێـــوە بەخـۆناگـرن. ئەو تاکـەی نالی چوار لەتە دێرە و لەتی کۆتایی بەرامبەر هەر سێ لەتەکانی تر وەستاوە، خودی شـاعـیر وەکـو کـارلێکراو هەیە و دەوری کـارایی خـۆی دەبینێ. دێرەکـــەی وەفـــاییش چوارلەتە، هەر لەتە و بەرامـبـەر بە لـەتێک ڕاگـیـرایە، لەبەر دوورکـەوتنەوەی شاعیر دێرەکە خۆی تەم و مژاوی نیشان دەدا.

* نالی دەڵێ(٨٢):

**تۆ کە حۆری وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی**
**لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سۆزانم دا ٤٦**

* وەفایی دەڵێ(٨٣):

**چت لە دڵ داوە عەزیزم وەرە نێو دیدەیی من**
**دڵ هەموو ئاورە چاو مەنظەرەیی دوو دەرییە ١٦٢**

* کەمالی دەڵێ(٨٤):

**لەدڵما چی ئەکەیت پڕ ئاگری عەشقە دەخیلت بم**
**وەرە سـەر چاوەکـەی چاوم کـە جێگەی باسـەفـا یێکە ١١٠**

مـەحبـووبەی نـالی حـۆرییـە، هی وەفـایی عـەزیزە. جـەننەتی دیدە، لای وەفـایی مـەنظەرەی دوو دەری. دڵ هەمـوو ئاورە بەرامـبــەر بەدڵی پڕشــەرەر ڕاگــیــراوە. کـەمـالیش هەمـان داواکـەی نـالی بۆ خـۆشـەویسـتـەکـەی دووبارە دەکاتەوە.

* نالی دەڵێ(٨٥):

**بە تیرێ دوو نیشانە چانی یە ڕووحەکەم! شیرین**
**بە غـەمزەی تاقە یەک تیری لە فـەرهاد و لە خوسرەودا ٤٨**

* وەفایی دەڵێ(٨٦):

**قوربانی نیگاهی بوو بە غەمزێکی دڵ و جان**
**نەمدیوە دوو نیشانە بە تیرێکی لە ئینسان ٣٠**

لەمــەســەلەکــانی کــوردەواری هاتووە (بە بەردێک دوونیـشـانە دەشکێنی)، یان (بە بەردێک دوو چۆلەکـە بەردەداتەوە). بناغـەی ئەم وێنە شـیـعـرییـە لەسـەر ئەو مەسەلەیە بنیات نراوە. لای نالی یەک تیری غـەمزە دوو نیشانەی پێکاوە کە ئەوانیش فەرهاد و خوسرەوە، واتە دوو ئینسـان. لای وەفایی هەمان یەک تیـری غـەمزە دوو نیشانی پێکاوە کـە دڵ و جانە لە یەک جەستـەدا. نالی دەڵێ (چانی یە) وەفایی دەڵێ (نەمدیوە).

* نالی دەڵێ(٨٧):

**ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن**
**ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز ٦٣**

* وەفایی دەڵێ(٨٨):

**گەر ئاوی سەیلی دیدە نەبێ سینە سووتوە**
**گەر تاوو جۆشی سینە نەبێ دیدە (مضطرە) ١٢٤**

* مەلا وەسمان دەڵێ(٨٩):

**بەناری سینە سووتاوم نەبێ گەر چاوەیی چاوم**
**لەحـیـرەت دا عـەجـەب مـاوم لەبەر لاوای عـیـشـقی تۆ ٩٢**

* حەریق دەڵێ(٩٠):

**(حەریقی)ناری هیجران و غەریقی ئەشکی حیرمانم**
**ئەگـەر ئەو بێ دەخنکێنێ، ئـەگـەر ئەم بێ دەسـووتێنێ ١٢٩**

* سەیید ئەحمەدی نەقیب دەڵێ(٩١):

**عەجەب ماوم کەوا ماوم لەبەر سۆزی بڵێسەی دڵ**
**لە سایەی ئاوی چاوی خۆمەوە هێشتا نەسووتاوم ٣٢**

وەک دەڵێن (ئاوو ئاگر ئامانیـان نییە) ئاشکرایە غەرق و سووتانیـان لێدەکەوێتەوە. ئافـەرین و سەد ئافـەرین بۆ نالی مـەزن هەردووکی لەخۆی کۆ کردیتـەوە، نەغـەرقـیش بووە نە گـڕیشی لێ هەڵسـاوە (نە پەنجـەکـیشی بەخـوێن هاتووە). پاش ئەو هەمـوو دەردەسـەرییـە، لەو سـەری بە سـەلامـەتی دەرچووە. نـازانم نالی بەو دژ یەکـە چۆن ئەو وێنە هونەرییەی کێشاوە...!

(ئەمن و ئەز)ەکانیش هەر دەڵێی دوو کەسن.

بەرامـبـەر بەو وێنەیەی نالی چوار شـاعـیـر (وەفـایی، مـەلا وەسـمـان، حەریق، سـەیید ئەحـمـەدی نەقـیب) بە هەمان بیروخامە و ڕەنگی نالی دەیانەوێ شتێک بە شت

بکەن. وەفایی شوێن پێی نالی دۆزیوەتەوە و خەنی بووە بۆ ئەوەی نیشانمان داوە تەنیا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە ئەو قوتابییەکی بە ئەمەک و زیرەکی قوتابخانەی نالییە، ئەوەش گەورەترین نیشان و ڕێزە بۆ ئەو.

هەر ئەوەندە ماوە بڵێم مەلا وەسمان و سەییدی نەقیب (حیرەت و عەجەب)ێکی زۆریان نیشان داوە، دیارە سەیرو عەجایبیان بە کارەکەی نالی هاتییە بە دەلیلی ئەوەی نالی وێنەکەی خۆی بەبێ (حیرەت و عەجەب) نەخشاندووە. بزانە نالی بەو چەند وشەیە چ هەرایەکی جوانی ناوەتەوە، چۆن وشەکانی هەردوو نیوە دێرەکەی بەرامبەر بە یەکتر داناوە. دژیەکەکان لەناو یەک بۆتەو قالب کۆکردیتەوە و هیچیش لە مەسەلەکان ناگۆڕن. حەریق هەمان بیرو ناوەرۆک بە ڕەنگێکی تر نیشان دەداتەوە.

* نالی دەڵێ(٩٢):

**باری غەمی جان ئەبرووەتی تیرو کەمان کرد**
**یەعنی قەدەکەی ئەلفی منە ئێستا کە دالم ٢٨٧**

حاجی دەڵێ(٩٣):

**دالی قەدم کە ئەلفی عەسای گرت بەدەستەوە**
**تیروکەمانە، صیدی جەوانیم نەبەستەوە ١١١**

* دیسان دەڵێ:

**عەساو قامەتم تیرو کەمانە**
**کەچی دڵ تالیبی ڕەوتی کەوانە ١٢٨**

* سەییدی ئەحمەدی نەقیب دەڵێ(٩٤):

**قەدی ئەلفی دەبێتە دال لەبەر سبستی لەیاریدا**
**بەجێماو هەر دەبێ دابێ بە زیللەت گەرچی وەستابێ ٧٥**

خادیم دەڵێ(٩٥):

**لەمن ناپرسی جارێ ئەو بێ ڕەحمە جارێ چۆنە ئەحواڵت؟(*)**
**قەدی ئەلفم لە دەوری ڕووتە هەر وەک ئەبرۆی دالت ١١٢**

* دیسان دەڵێ:

**قەدی ئەلفم لە حەسرەت ئەبروانی کەچتە وەک دالە**
**وەها خەم بووە تەوە وەک حەرفی دالی دەردی بێ تۆیی ٢٥٠**

* بێ بەش دەڵێ(٩٦):

**وا لەژێر باری فیراقی قەدی ئەلفم بوو بەدال**
**کەی دەبێ ساتێ ببینم شۆخ و شەنگی مەهجمال ٦٦**

وێنەی ڕەسمی پیتی (أ،د) خواستراوە بۆ بەرامبەر کردنی قەدو بەژنی وەستاو و چەماوە. تیرو کەمانیش هەمان مەبەست بەدەستەوە دەدەن، واتە گەنجی و پیری، یان بەهێز و بێ توانایی. لای نالی (باری غەم و ئەبرۆ) لای حاجیش (صەیدو جەوانی) تەواوکەری ئەم وێنە هونەرییەن. سەیید ئەحمەدی نەقیب و خادیم و بێ بەش بیرێکی کراوەترو بێ گرێتریان بە هەمان کەرەسە دەربڕیوە.

* نالی دەڵێ(٩٧):

**چ حوجرە و دەر لە خاکی میللەتی دەوڵەت پەناهی دا**
**کەمینە خادیمی سوڵتانە و شاهانشاهی دەربانە ١٥٦**

حاجی دەڵێ(٩٨):

**پادشاهێکم هەیە گەر من بکاتە دەرگەوان**
**حاجیب و خەدامی من ئەسکەندەر و دارا دەبێ ١٥٠**

مەحوی دەڵێ(٩٩):

**قول و بەندەو غولام و خادیم و دەربانی بەردەرگای (نەجاشی) و (توببەع) و (هیرقەل)، (عەزیزی میصر) و (خاقان)ە ٤٣٢**

* سابری دەڵێ(١٠٠):

**بەندەگی دەرگانەکەت چاتر لە ڕوتبەی شاهیە**
**بەندە فەرمانن هەموو سوڵتانی خاوەن تەخت و تاج ٦٥**

نالی لەو دێرە باسی شوێنێکی یەکجار پیرۆز دەکا کە ئەویش مەرقەد و شوێنی گۆڕی پێغەمبەری مەزنمانە (د). باسی حوجرە ودەرو ئاستانەی ئەو ئارامگایە دەکا. پلەوپایەی کەسانی ئەو شوێنە بە ڕوتبە و نیشانی شوێنی تر دەچوێنێ. خادیم واتە خزمەتکار، لەو شوێنانە بەمجێور ناو دەبرێن، ئینجا نەک مجێورێکی تەواو،

بەڵکو لە هەمـوو مجێـوران کـەمتـر و بێ کـەڵکتـر وەکـو سوڵتانی شوێنی ترن. شاهانشاکان لێرە مەمنوونن بێن بە دەرگەوان و پاسەوان، لەوە زیاتریان بەدەست ناکەوێ.

حاجی قادری کۆیی کەرەسەکانی شێلاوە و شتێکی تری لێ دروست کردووە، دەڵێ: پادشاهێکم هەیە، ئەگەر بەخت و شـــانسم یاربوو ببم بە دەرگـــەوانی، منیش دەرگـــەوانم دەبێ و خـــزمـــەتکار، بەڵام چ دەرگـــەوان و خزمەتکارێک..! دەبێ لە پلەو ئاستی ئەسکەندەر و دارا بن ئەگینا ئەو شەرەفەیان لەدەست دەچێ.

ئەو دێرەی مەحوی لە قەسیدە درێژەکەی (بەحری نوور) وەرگیراوە، کە لە پەسنی پێغەمبەرمان (محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا) (د)وتراوە. مەحوی هاتووە ئێشەکەی گەورە کـــردووە و ڕۆڵ و دەورەکـــانی زیادکـــردووە. بە هونەری ڕەوانبێژی (لەف و نەشر) پێنج کاری کەم و ئاست نزمی کـۆمـەڵایەتی هێناوەوە و بە پێنج ناونیـشـانی گـەورەی دنیایی گرێداوە:

(قول ـــ نەجاشی) (بەندە ـــ توببەع) (غـولام ـــ هەرقەل)

(خادیم ـــ عەزیزی میسری) (دەربان ـــ خاقان).

سابری زۆر بە ئاشکرا دەڵێ: دەرگەوانی ئێـرە، بەڵکو عـــەبدێکی بێکەڵکی دەرگـانەکـەت چاترو باشـتـرە لە ڕوتبـەی شـاهانە. ئەوەتە دیارە هەمـوو ئەو سـوڵـتـان و ئەوانەی خاوەن تەخت و تاجن و ڕوتبەو نیشانی بەرزیان هەیە لێرە دەست لەسەر سینەن بۆ هەر فەرمانێک.

* نالی دەڵێ(١٠١):

**نەوای ئاهەنگی (قەدقامەت) تەریقی جەمعی زوهھادە**

**قەدو قـامـەت بـەلەهجەی ڕاستی، تووبایی عـوششـاقە ٩٧**

دوور لە هەمـوو ئەو وردەکاری و نـاوەڕۆکـە بەرزەی ئەو دێرە لەخۆ گرتییە، گەر سەیری بکەین دەبینین نالی ئەو داهێنان و وردەکـــاریـیـــانەی لەوەوە بەدەست هێناوە، ویستوویەتی هەندێ گەمە بە وشەکانی (قەد)،(قامەت) بکا، ئەو (قـــەد قـــامـــەت)ەی پێش دابەســـتنی نوێژی جـەمـاعـات مـامـۆسـتـا خـۆی، یان ئەوەی بانگیـداوە دەیڵـێـتـەوە. قـەد و قـامـەتی نیـوەی دووەمـیش بۆ واتا گشتییە کە دەگەڕێتەوە، کە بە هەردووکیان بۆن و بوونی بە کـوردی بوونیـان لێـدێ و پێـوەیان دیارە. دەنگەکـانی (قـافی) وشـەکـانی (تەریق) و (عـوششـاق) لەنگەریان بەهەردوو نیوە دێرەکە گرتییە.

* مەولەوی دەڵێ (١٠٢):

**قیام دەر وە بەژن ئەو قەد و قامەت**

**قیامەت قام دەر پەرێ (قدقامت) ١١٦**

پاش و پێش بە (قەد و قـامـەت) و (قدقـامت) کراوە. هەمدیس هاتنی دەنگی (قاف) لەسەرەتای هەردوو نیوە دێرەکە جۆرە ڕیتمێکی خۆشیان بەدێرەکە داوە. بۆ لابردنی گـرێی نیـوە دێری یەکـەم دەبێ وشـەی (قیـام) بەخێـرایی بخوێندرێتەوە و حسێبی یەک بڕگەی بۆ بکەی.

* حەریق دەڵێ(١٠٣):

**مەقامی عاشقان سەدای قەدقامەتە**

**بەنەوای حەزینم ڕاستی قیامەتە ١٦٩**

حـەریق (قـەدقـامـەت)ی بەرامـبـەر بە (قـیـامـەت) ڕاگـرتووە. ئەوەی پێـویسـتـە بگوترێ لەسـەرەتای هەردوو نیـوە دێرەکـە (مـەقـام) و (نەوا) هاتووە، کـە دەچنە ناو دنیای ئاواز و گۆرانی. ئەگەر عاشقان بەرامبەر حەزین و سەدا بەرامبەر ڕاستی بگرین دەبێ قیامەتە بکەین بەچوار بڕگە ئەگەرنا گرێیەکی تێدەکەوێ.

* سادق دەڵێ(١٠٤):

**صۆفی چییە ملی چەوتی، قەدقامەتی مزگەوتی؟**

**ڕاستۆ بە بڕۆ سەیری قەدقامەتی ڕەعناکە ٧٦(ب٦)**

لەو دێرە (قەدقامەت) بەرامبەر (قەدقامەت) دانراوە، ئەگـەر هەڵەی نووسـخـە نووس، یان هەڵەی چاپ نەبێت دەبا (واو)ێک لەنێوان (قەد) و (قامەت)ی دووەم هەبا، یان دەبێت (یا) یەک لە (چییـە) لاببرێت، یان (ملی) بکەین بە یەک بڕگە.

* نالی دەڵێ (١٠٥):

**ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادەوو کەوتووم**

**تاماوە حەیاتم**

**دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە لە دەس چووم**

**قوربانی وەفاتم ١٦٨**

* حەریق دەڵێ(١٠٦):

**کەوتوومەتە ژێر دەستی شەیاتینی نفوسم**

**دەستێ بدەرە دەستی شکەستم بەعینایەت ١٥٢**

* نالی دەڵێ(١٠٧):
**ئەی مەتلەعی ئەنواری هەموو قاسی یو دانی**
**شەمسی سەمەدانی**
**وەک زەررەیی بێ جیلوە نەمەوجوود و نەمەعدووم**
**جوویایی بەراتم**

* حەریق دەڵێ(١٠٨):
**تۆ (شەمس) و منیش زەررەیی بێ جیلوە بەقوربان**
**نیسبەت هەیە عەیبی چییە جۆیایی بەراتم**

بەخوێندنەوەی نموونەکان زۆر ئاشکرا دیارە حەریق بە شوێن پێی نالی گوزەری کردووە و هەموو ئەو وەرگرتنانە ئەوە نیشان دەدەن کە نالی چ کاریگەرییەکی بەسەر حەریقەوە هەبووە.

* نالی دەڵێ(١٠٩):
**کوڕ زیبی دەبستانە، کچ شەمعی شەبستانە**
**بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ ١٣٧**

* ئەدەب دەڵێ(١١٠):
**کوڕ، ساقی سەهبایە، کچ عوزری پەزیرایە**
**بۆ مەجلیسی مەستان کوڕ، بۆ مەسنەدی تەنها: کچ**
**٩٠**

ئەدەب نەک تەنیا ئەو دێرەی، بەڵکو هەموو قەسیدەکەی لەسەر هەواو نەفەسی قەسیدەکەی نالی داناوە، کە لەسەر مەستوورەی نووسیوە.

* نالی دەڵێ(١١١):
**دەروونم خاڵی یە وەک نەی دەناڵێ**
**هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ ٩١**

* سافی دەڵێ(١١٢):
**هەموو دەم وا لە گۆشەی بێ کەسیدا**
**بەشینو زاریو هاوارە بێ تۆ ٣٧**

بە پێک گرتنی ئەم دوو دێرەش سەرەداوێکی ئاشکراو ڕوونمان بەردەست دەکەوێ هەر بۆ ئەوەی سەرەقەڵەم و سێبەرو ڕەنگەکان تێک بئاڵێن، وێنەکە ڕوونتر خۆی نیشان بدا.

* نالی دەڵێ(١١٣):
**بۆچی نەگریم سەد کەرەتم دڵ دەشکێنی**
**مەی بۆ نەڕژێ شووشە لە سەد جێوە شکاوە ١٠٥**

* میهری دەڵێ(١١٤):
**دەزانی بۆچی میهری پڕ خەیاڵی**
**کە شووشەی دڵ لەسەد لاوە شکاوە ٥٤**

ئەگەر دڵ شکا، ڕوو دەحەپەسێ و چاو فرمێسک دەبارێنی. پیاڵە و پەرداغ لە سەد لاوە شکا بێت دیارە ورد و خاش بووە، مەی، یان ئەو شلەیەی تێدا بێت چار نییە دەڕژێ، ئەوە ڕاستییەکە غەڵەت قبوڵ ناکات.

* نالی دەڵێ(١١٥):
**لە خەوفی تەلعەتت ڕۆژ هەروەکو شێت**
**بە ڕووی زەردی هەڵات و کەوتە کێوان ٨٠**

* ناری دەڵێ(١١٦):
**ماهی ڕووخسارت کە جلیوەی دا لە شامی پەرچەما**
**ڕۆژ بە ڕووی زەردی لە مەشریق دا بەرەو مەغریب هەڵات**
**٤٤**

نالی وێنەیەکی بەرزی هونەری و شاعیری بەچەند وشەیەک کێشاوە، ئەوەندە بەرزە خۆی خزاندۆتە ناو هونەری (سەهلی مومتەنیع). لە هەر گۆشەیەک سەیری ئەم وێنەیە بکەی ڕازاوەترو قووڵتر خۆی دەنوێنێ.

* نالی دەڵێ(١١٧):
**دەفتەری ئەعمالی من بێ قەترەیێکی ڕەحمەتت**
**کەی بەسەد زەمزەم سیاهی نوقتەیێکی لێ دەشۆم ٧٣**

* ناری دەڵێ(١١٨):
**بێ هجوومی سەیلی عەفوت دەفتەی عەهدی وەفام**
**کەی بەسەد زوڵمەت سیاهی دێتە پاکی شست و شۆ**
**٨٤**

دەفتەری ئەعمالی نالی بەسەد بیری پیرۆزی زەمزەم یەک نوقتە چییە لێی پاک ناکاتەوە، کەچی هەموو دەفتەرەکە بەیەک قەترەی ڕەحمی پەروەردیگار سەر لەبەری خاوێن و پاک دەبێتەوە، قەترە و نوقتە، ڕەشی لاپەڕە سپییەکانی دەفتەرەکە، قووڵی ئەو تابلۆیە پێک دەهێنن، ناری دەفتەری عەهدی وەفای ناتەواو و

سەقەتە، ئەو دەیەوێ بڵێ لاپەڕەکانی دەفتەرەکەی ئەوەندە تار و ڕەشن واتە (گوناحی زۆرە) بە سەیلی (لافاو)ی عەفو نەبێت سپی نابنەوە، کەرەسە و بۆچوونەکان دیارە یەکجار لێک نزیکن.

* نالی دەڵێ(١١٩):

**لەبت میم و قەدت ئەلف و زولف چیم**

**دەزانی بەم سێ یانە تالیبی چیم ٧٥**

* ناری دەڵێ(١٢٠):

**میم دەمی و ئەلفی بینی، چیمە زولفی عەنبەری**

**تاوەزیفەم بێ لە ڕوویا، بەندە فرمانم ئەکا ٣٥**

نالی سێ پیتی هێناوە پێشتریش زانیوێتی وشەی (ماچ)ی لێ دروست دەبێ، سێ بەشی لە تەنی خۆشەویستەکەی پێچواندووە و ڕێک لەگەڵ ئەو نەخشە و پلانانە هاتووە کە لە خەیاڵی خۆیدا وێنەی بۆ کێشاوە. ناری شاعیر و قوتابی قوتابخانەی شیعری نالییە، لە شیعرەکانی ڕا دیارە خوێنەرێکی زۆر باشی شیعرەکانی نالی بووە و نالی ناسی سەردەمی خۆی بووە زانیویەتی نالی چەند گەورەیە شیعرەکانی لەچ ئاستێکدان، تەماشاکە لە مەڕ نالی چی گوتووە...!(١٢١)

**لە گەنج دەوڵەتی نەظم و غەزەلدا**

**وەکو (نالی) غەنی (ناری) گەدا بوو ٨١**

ئەو دێرە شیعرە گەورەی نالی و شاعیریەتی ناری پێوە دیارە، هەر بۆیە دەبینین ناری نیوە دێری یەکەمی شیعرەکەی نالی هێناوە جێگۆڕکێی بەلێچوو و لەوچووەکان کردووە لەنێوان (میم دەمی، چیمە زولفی) ئەلف بینی داناوە، ئەگەر ناری وشەی (بینی) تەنیا بەواتای تەماشا و بینین هێنابێ، ئەوە دیارە ڕێکو ڕاست ناری (ئەلف)ی بەقەد و باڵای مەعشوقەکەی چواندووە، یان بەپێچەوانەی قەد و باڵاکەی بە پیتی (ئەلف) چوواندووە.

* نالی دەڵێ(١٢٢):

**ئەحوەلی تەفریقە نەزەر تەقویەتی سەبەب دەکا**

**عارفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا ٥٣**

* ناری دەڵێ(١٢٣):

**خودا وەختێ کە کردی قسمەتی وەزعی هەموو عالەم**

**حەواسی دووی بە ئەحوەل، ڕەسمی بێ شەرمی بە ئەعمادا ٣٤**

* خادیم دەڵێ(١٢٤):

**چاوی ئەهوەل یەک بەدووی دی تەقویەی سەبەب دەکا**

**چاوی عاریف خۆی ئەپارێزێ لەبەر فەوقی حەیا ٤٥**

ناری و خادیم لەو شوێن پێ هەڵگرتنەی نالی تۆزێک پەلەییان پێوە دیارە، هەنگاوەکانیان ئاسایی نین و بڵاو و کشاوەترن. گرێکان لای نالی نەکراوەن و ئاڵۆزن. ئەو جۆرە داڕشتنانە لای نالی بەشداری سەرەکی دروست بوونی وێنە و تابلۆکانی دەکەن، هەردوو شاعیر خۆیان گرێکانیان کردۆتەوە و ڕەنگی وێنەکانیان زۆر کاڵە و هیچ بۆ خوێنەر ناهێڵنەوە. ئەو دێرو نموونانە شاعیری و ڕۆشنفکری نالی دەردەخەن کە ئەمەش تاکە شێوازەکەی خۆیەتی پێوەندە بەخودی خۆی و بەس.

* نالی دەڵێ(١٢٥):

**هەرچەندە کە عومری خدر و جامی جەمت بوو**

**چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو ٨٧**

* قانیع دەڵێ(١٢٦):

**عومرەکەم باریک و کورتە، ئارەزووم پان و درێژ**

**فیکرەکەم فیکری ئەدیبە و، سوورەتیشم گێژو وێژ ١٠٠**

دێرە شیعر، یان وێنە هونەرییەکەی، ئەگەر بەدەستێکی ڕەنگین داهێنرابێت و هۆنرابێتەوە، دیارە وەکو یەکەیەکی زیندوو بە نەمری دەمێنێتەوە. نالی لەو شیعرەی عومری خدر و جامی جەمی بەرامبەر بەهیوا ڕاگرتووە خدر هەیە و جامی جەم نەماوە، خدر واتە جاویدانی تا دنیا ماوە، جامی جەم دەسەڵاتێکی یەکجار زۆرە. لەنیوەی دێری دووەم عومر دووبارە بۆتەوە و جامی جەمی ڕەش کردۆتەوە چونکە نالی زانیوێتی عومرەکە تەواو بوو، داتەپیە ناویەک، جا دەسەڵات چییە..! دوو شتی سنووردار تەمەن و دەسەڵاتی بەرامبەر بەشێکی ڕەهاو بێ سنوور داناوە کە ئەویش هیواو ئارەزووەکانە. پێمان دەڵێ ئاگادار بن ئەو ڕێگایە (ئەو کۆڵانە) دەرناکا، لام وایە نالی لەو دێرە شیعرە بە چاکی باس لەخۆی و شیعر دەکا.

* نالی دەڵێ(١٢٧):

**حەریقی زیقی هیجرانم نەسیمی سوبحدەم بابێ**
**ئەگەر ڕووحی منت باقی دەوێ ساقی مەی نابێ** ١٢٩

* حەریق دەڵێ(١٢٨):
**سەرم سەمتوورو سینە سازو ئەشکم تارە بەو شەرتە**
**بدا ساقی مەیی نابێ بڵێ موتریب بلێی نابێ** ١٤٥

* سەیید ئەحمەدی نەقیب دەڵێ(١٢٩):
**نەسیمی سوبحدەم بابێ، هەتا خونچەی دەمی (وابێ)**
**مەڵێ نابێ، دەخیلت بم، بدە ساقی، مەیی ناب** ٧٩

* موخلیس دەڵێ(١٣٠):
**بەعیجزو زیللەت و غوربەت لە نیا کەس بەمن نابێ**
**دەخیلت بم مەیی ساقی بەبێ نایی و مەی نابێ** ٤٧

* حەیدەری دەڵێ(١٣١):
**خێراکەن ئەی گەلی یاران، بڵێن موتریب دەزوو بابێ**
**کە ساقی لێرەیە ئێستا دەڵێ: نابێ بەبێ نابێ** ١١٣

نالی هاوکێشەیەکی بەهێزی دامەزراندووە. بە ساقی دەڵێ ئەگەر من لەلای تۆ شتێکم و دەمخوێنیتەوە، فەرموو پێکێکی نایابم لەو لەعل ڕەنگە پێبدە، نەقیب و موخلیس هەردووکیان خۆیان دەخیلی ساقی کردووە و لا تەرازووەکان هاوکێشە نین. حەریق و حەیدەریش دوو وێنەی تر دەخەنە سەر وێنەکانی تر، بە گۆشەنیگای جیاوە، حەریق کۆمەڵە لێکچوواندنێکی هێناوە لە نیوەی یەکەم لە پاڵ یەکێکیانی داناوە، گەمەکان بە وشەکانی (بابێ، نابێ)، (نابێ، نابێ)، (وابێ، نابێ)، (نابێ، نایی، نابێ)، کراون و ترپە و ڕیتمێکی خۆش و ناسکیان بە دێرەکان بەخشیوە.

* نالی دەڵێ(١٣٢):
**عەجەب ماوم لە جەرگت ئەی دڵەی غافیل کەموددێکە**
**لەسەر ئەم ئاگرەم داناوی هێشتا هەر نەبرژاوی** ١٦١

* خادیم دەڵێ(١٣٣):
**لەسەربازی محەببەت تۆ هەموو دەم هەر بەدەم دەدوێ**
**دەمێکە تۆ لەسەر ئەم ئاگرە کاڵی نەبرژاوی** ٥٤

ئێمە دەڵێین فلان بە جەرگە، لێرە نالی دڵی کردۆتە خاوەن جەرگ. لای خەڵکی ئاسایی شت لەسەر ئاگر زۆر بمێنێتەوە دەسووتێ و لە کەلک دەکەوێ. زۆر لەمێژە لەوەتی ئەو شیعرەی نووسیوە، لە بێ ئاگایی و غافڵی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر خاوەو هێشتا هەر نەبرژاوە. خادمیش بە هەمان بارو کەرەسە ڕێچکە و باریکە ڕێی نالی گرتووە.

* نالی دەڵێ(١٣٤)
**زەمانە چەرخە چەرخی ئاسمانیش فەلەک فولکە**
**سەری ڕشتەی سروشتی چەندە باداویو هەر خاوی**
١٦١

* خادیم دەڵێ(١٣٥)
**زەمانە چەرخە، چی چەرخە، فەلەک دەواری دەوری تۆ**
**هەزاران دەفعە بای داوی کەچی ئێستا کە هەر خاوی**
٣

دەکرێ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و قەشەنگ بەناچاری عەکسی ڕەش و سپی لەبەر بگیرێتەوە، شیعری نەمر وەک کانییەکانی کوردستانن، زیندەگی پاک و بێگەردی لە بن نەهاتووی لەبەر دەڕوا.

* نالی دەڵێ(١٣٦)
**(نالی) وەکو زولفت کەموتیعی بەری پێتە**
**تێکی مەشکێنە و بە جەفا مەیخەرە لاوە** ١٠٥

* خادیم دەڵێ(١٣٧):
**سەری من وەک سەری زولفت کە ئەکا مەیل بەپا**
**تێکی مەشکێنە بە قوربان بە جەفا مەیخەرە لا** ٨٦

داهێنەرو بەرهەمی پڕاوپڕ لە ئەفراندن کاریگەری خۆی هەر دەبێ، وەکو خۆر وایە تیشکەکانی زۆر لاو کەلەن و کەلەبەر ڕووناک دەکاتەوە، ئەمە ڕاستییەکە و لە هەموو بوارەکانی ژیانی بەزیادەوە نموونەمان لەبەردەستدایە.

* نالی دەڵێ(١٣٨):
**لەکن تۆ خارو خەس گوڵزارە بێ من**
**لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ** ٩١

* شێخ عوسمان سیراجوددین دەڵێ(١٣٩):
**بەبێ تۆ ئەم گوڵ و هەیوانە لای من خاکی زیندانە**
**لەگەڵ تۆ خارو زیندانم هەموو هەرباغ و گوڵسانە** ١٠١

لەکن تۆ ــــ بێ من
لەکن من ــــ بێ تۆ
خارو خەس ــــ گوڵزار
خەرمەنی گوڵ ــــ خار

هاوکێشەیەکی یەکجار جوان و ڕێک، بیرو ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند، دەسەڵاتێکی یەکجار زۆر بەسەر وشە و یاری کردن پێیان. شێخ عوسمان سیراجوددین بە شێوەیەک لە شێوەکان سێبەری بیرۆکەکەی بە ڕەنگێکی تر تۆمار کردووە.

* نالی دەڵێ(١٤٠):

**ئاسمانی حوسنی مەحبووبم بەئەبرۆ و زلف و ڕوو**
**دوو هیلال و دوو شەوو دوو ماهی تابانی هەیە** ١١٤

* دڵدارو عەونی دەڵێن(١٤١):

**ئاسمانی حوسنی ڕوخسارت لە ئەبرۆ چەرخی ڕوو**
**تاقی ئەبرۆت دوو هیلال و چەرخی کوڵمەت خۆورتە** ١٨٠(*)

تابلۆیەک خاوەنەکەی داهێنەر بێت، کۆمەڵە وێنەیەک لەخۆ دەگرێ، شیعر و داهێنانی وێنەی هونەری و نەمری زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراون. شیعر و خەون، شیعرو دوارۆژ، گەرەو لە ڕای کورتە باڵاکان و بۆچوونە ئیفلیجەکان دەباتەوە. دوو شاعیر لەیەک ئان و ساتدا لاسایی نالی دەکەنەوە و ئەوانیش بەیەک قلە گەوهەریتر سەری دورجەکەی نالی دەترازێنن.

ئاسمانی حوسنی مەحبووبە بەرامبەر بە ئاسمان کراوە و ناویشی نەهێناوە، نالی نەباس لەو ئاسمانە دەکاو شتەکانیشی پێش چاو دەخا، هەموو خەڵک ئەوە دەزانێ و بەلایدا ناچێ، ئەو هاتووە باس لە ئاسمانی حوسنی مەحبووبەکەی خۆی دەکا و بە خەڵک دەڵێ تەماشای ئاسمانی من و ئاسمانی خۆتان بکەن و هەر خۆشتان ناوبژیوانییەکە بکەن و بزانن چۆنە.

* نالی دەڵێ(١٤٢):

**هەرچەندە کە ڕووتم بە خودا مایلی ڕووتم**
**بێ بەرگی یە کە هەتیو مەیلی هەتاوە** ١٠٥

* دەشتی دەڵێ(١٤٣):

**ڕووتی ڕووتم ڕوو لەتاوی ڕویی ڕۆژی ڕوومەتم**
**بەم چلەی زستانە تاواوەم بەتاوی تاوی تۆ** ٤٨

وشەی لای نالی تەنیا کەرەسەیەکی خاوی شیعری نییە، هەر بۆیە دەبینین لای نالی وشە بە خۆڕایی، یان بۆ پڕکردنەوەی شوێن بەکار نەهاتووە. بۆیە دەبێ ئەو وشەیە بەشداری تەواو و ڕووحی هەبێ، یان بە واتایەکی تر شێوازی نالی لە بەرامبەر کردن و هاوکێشەکردنی وشەکان زۆر لە زانستی ترمان نزیک دەکاتەوە، لەوانە زانستی بیرکاری، با تەماشاکەین: ڕووتی بێ بەرگی، بێ بەرگی هەتیو، ڕووی جوان و گەش و گەرمی وەک هەتاو، مایل و مەیل. ئەو سوێندەی کە (بەخودا) شی خواردووە جۆرە بێ دەسەڵاتی و بەستەزمانی لێدەفامرێتەوە کە ڕێک و ڕاست بەرامبەر بە کەسێکی هەتیوی بێ ناز دەوەستێ. ئەو ئەندازیارییەی نالی بۆ دێرە شیعرەکانی وای کردووە بڵێین نالی دەستێکی یەکجار باڵای هەبووە لەهونەری ڕەوانبێژی ئەویش (کورتبڕی)یە ئیجاز واتە بە کەرەسەیەکی کەم واتایەکی زۆرت بداتێ. ئەو شێواز و باڵا دەستییەی نالی لەوەیە کە وشەو دێرە شیعرەکانی زیاتر لەیەک واتا بەخۆ بگرن.

دەشتیش وەکو نالی هاتووە یاری بە وشەکانی (ڕووت، ڕوو+ت، ڕوومەت) کردووە. کۆمەڵە هونەرێکی ڕەوانبێژی بەشداری ئەم وێنەیە دەکەن. باس لە (ڕۆژ) و (چلەی زستان) و (تاو)یش دەکا، ئەمانە وایان کردووە وێنەکە لای دەشتی کراوەتر خۆی نیشان بدا.

* نالی دەڵێ(١٤٤):

**دوککانی توحەف کانی حەیا کانی بەقابێ**
**قوببەی لەقیبابی نوقەبابێ، نەقۆ پابێ** ١٦٣

# ئەحمەدی خانی و زانستی عەرووز

## (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بابەتییە)

ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

**پێشەکی**

ئەوەی شتێک لە دنیای (ئەحمەدی خانی)ی شاعیری کۆڵیبێتەوە، بۆی دەرکەوتووە، کە ئەو پیاوە شاعیرێکی ئاسایی نەبووە، بەس بە تەنیا شیعر بنووسێت، بەڵکو بیرمەندێکی سیاسی و زمانزانێکی لێهاتوو و سۆفییەکی بیرتیژ و زانایەکی شارەزاش بووە، زیرەکی ئەو مرۆڤە وای لێکردووە هەمیشە دەست بەکار بێت و بە بەخشین لە بوارێکی تایبەتدا وازنەهێنێت، بۆیە بەخشینەکانی فرە ڕەهەندن، فیکرن، سیاسەتن، ئاینن، فەرهەنگن، زانستی دیکەن و...تاد.. ئەمانەی هەموو لە کوێوە بەخشیوە، لە شیعرەکانیدا، ئەگەریش بگوترێت: بۆچی شیعر؟ وەڵامەکە ئاشکرایە، چونکە بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئەو، شیعر تاکە هۆکاری دەربڕین بووەو هەرچی زاناو ڕۆشنبیرێکی ئەو ڕۆژگارە هەبووبێت، هەر لەم ڕێگەیەوە بیری خۆی گەیاندۆتە خەڵک.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە یەکی لە زانستەکانی (خانی)، کە ئەویش زانستی (عەرووز)ە، (خانی) لەو زانستەشدا شارەزا بووەو مامۆستایەتی کردووە، بەوەش لە زۆربەی شاعیرانی کلاسیزمی کوردی جیادەبێتەوە، چونکە ئەگەرچی تەواوی شاعیرانی کلاسیزمی کوردی پەیڕەوییان لە سیستەمی (عەرووز) کردبێت بۆ کێشی شیعرەکانیان، بەڵام زانینی زانستەکە شتێکی تر بووەو مەرج نییە لێیان زانیبێت، کە فلانە شیعریان لەسەر کامە (بەحر)ەو پێ (تفعیلە)کانی هەر لەتە دێڕێک کامەن و لەبەرچی؟ بەڵام (خانی) خۆی پوختەیەکی لەسەر ئەو زانستە نووسیوە، ئاماژەی بۆ ژمارەیەک بەحری عەرووزی کردووە، بەو (زەحاف) و (عیلەل)انەی

بەسەریشیان دێت، ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەو باسەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە.

## بەشی یەکەم:
## زانستی عەرووز و گرنگترین بەحرەکانی:

### باسی یەکەم:
### زانستی عەرووز

عەرووز: لە بنچدا زانستێکی تایبەتە بە شیعری عەرەبی، دانەری ئەو زانستە (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی)(١)یە، لە سەدەی دوازدەیەم، بۆیە لای عەرەبەکان بەم شێوەیە پێناسەی ئەو زانستە کراوە:

سەید ئەحمەد هاشمی دەڵێت: عەرووز سناعەتێکە بە هۆیەوەی دروستی و نادروستی کێشەکانی شیعری عەرەبی دەناسرێتەوە، لەگەڵ ئەو (زەحاف) و (عیلەل)انەی تووشیان دێن.(٢)

لێکۆڵەرە عەرەبە نوێیەکانیش دەڵێن: «زانایان ئەوانەی بەو زانستەوە خەریک بوونە، گوتوویانە (عەرووز) سناعەتێکە، دروستی و نادروستی کێشەکانی شیعری عەرەبی پێدەناسرێتەوە، بۆیە لە ڕووی دروستی و نادروستی کێشی شیعرییەوە گرنگی بە شیعر دەدات».(٣)

بەڵام لەبەر ئەوەی شیعری نەتەوە موسڵمانەکانی دیکەش وەکو فارس و کورد و تورک و...تاد، لە قۆناغێکی درێژی مێژووی ئەدەبی خۆیاندا پەیڕەوییان لە کێشی عەرووزی کردووە، ئەو زانستە لەلایەن نەتەوە موسڵمانەکانی دیکەش پێناسەی بۆ کراوەو شێوەیەکی گشتی پێدراوە، دەرکراوە لەوەی تایبەت بێت بە شیعری عەرەبی، هەروەکو بۆ نموونە لە کوردیدا لە بارەی (عەرووز)ەوە هاتووە:

- «عەرووز زانستێکی تایبەتییە، کێشی ڕاست و دروستی شیعری لە کێشی لەنگ و چەوتی شیعر، لە هەموو زمانێکدا پێ جیادەکرێتەوە، هەروا شیعر جیادەکاتەوە لە پەخشان، بە هەموو جۆرەکانی پەخشانەوە، چ ئەو شیعرە ستوونی بێ، چ کێشی پەنجە بێت ئەگەرچی کێشی پەنجە خۆشی بەر ستوونی دەکەوێ».(٤)

- «عەرووز زانستەو زانستەکەش تایبەتە بە کێشی شیعر، ئەم زانستە سنووری کێشەکان دیار دەکاو زیحاف و عیلەلەکان ڕوون دەکاتەوەو دروستی و نادروستی شیعر لە ڕووی کێشەوە دیار دەکا».(٥)

بۆیە هەندێ لە لێکۆڵەرانی عەرەبیش خۆیان لەو ڕاستییە نەبواردووەو هاتوونە بە شێوەیەکی گشتی و جوانتر پێناسەی (عەرووز) یان کردووە، بۆ نموونە گوتوویانە: «عەرووز ئامرازێکی یاساییە، بە هۆیەوەی دروستی و نادروستی کێشە شیعرییەکان دەناسرێن».(٦)

### ژمارەی بەحرەکانی عەرووز

بە پێی زانستی عەرووز، لای عەرەبەکان شیعری عەرەبی بە شازدە (بەحر) دەنووسرێتەوە، پێیان دەگوترێت (بەحرەکانی شیعر)، ئەو بەحرە شیعرییانە: «ئەو کێشانەن، کە شاعیران شیعرەکانی خۆیانیان پێ ڕێک دەخەن».(٧)

بەڵام لای کورد و فارسەکان چەند کێشێکی دیکەی وەک و (موستەزاد) و (چوارین) و ...تاد...یش بۆ ئەو بەحرانە زیادکراون.

### سەرەتای زانستی عەرووز

سەرەتای زانستی عەرووز لە لای (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی)یەوە داهێنراوە، وەکو ئاماژەی بۆ کرا، (فەراهیدی) خۆی دەڵێت: بۆ سەفەری حەج چووبووم، لە (مەدینە)دا مامۆستایەکم بینی دەرسی بە منداڵێک دەگوت، دەیگوت بڵێ:

نعم لا، نعم لا لا، نعم لا، نعم لا لا
نعم لا، نعم لا لا، نعم لا، نعم لا لا

پرسیم: ئەوە چییە بەو منداڵەی دەڵێی؟ وەڵامی دامەوە: ئەمە زانستێکە لە پێشینانەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە، پێی دەگوترێت: (زانستی تەنعیم)، چونکە تێیدا زۆر دەڵێیت (نعم).

ئیدی منیش کە لە حەج گەڕامەوە، لێکۆڵینەوەم لە شیعردا کرد و ئەو زانستەم داهێنا.(٨)

### باسی دووەم
### گرنگترین بەحرەکانی عەرووز

وەکو خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی دەستنیشانی کردووە، بەحرەکانی عەرووزی بریتینە لەم شازدە بەحرانەی خوارەوە:

١- طويل:
فعلن مفاعيلن فعولن مفاعيلن فعلن مفاعيلن فعولن مفاعيلن
٢- المديد:
فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن فاعلاتن
٣- البسيط:
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن
٤- الوافر:
مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن
٥- الكامل:
متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن متفاعلن
٦- الهزج:
مفاعيلن مفاعيلنمفاعيلن مفاعيلن
٧- الرجز:
مستفعلن مستفعلن مستفعلنمستفعلن مستفعلن مستفعلن
٨- الرمل:
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن
٩- السريع:
مستفعلن مستفعلن مفعولات مستفعلن مستفعلن مفعولات
١٠- المنسرح:
مستفعلن مفعولات مستفعلن مستفعلن مفعولات مستفعلن
١١- الخفيف:
فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن
١٢- المضارع:
مفاعيلن فاع لاتن مفاعيلن فاع لاتن
١٣- المقتضب:
مفعولات مفتعلن مفعولات مفتعلن
١٤- المجتث:
مستفع لن فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن
١٥- المتقارب:
فعولن فعولن فعولن فعولن/ فعولن فعولن فعولن فعولن
١٦- المتدارك:
فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن/ فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن(٩)

## باسی سێیەم: كێشی عەرووزی

بۆ ئەوەی باس لە كێشی عەرووزی بكەین، باش وایە یەكەمجار زاراوەكە لێكبكەینەوە، كە پێكهاتووە لە دوو وشەی سادەو بە هەردووكیانەوە زاراوە لێكدراوەكانیان درووستكردووە، كە یەكەمیان (كێش)ەو دووەمیان (عەرووز)، بۆیە لە خوارەوە سەرەتا پێناسەی یەكە یەكەی هەردوو ئەو وشە سادانە دەكەین، ئینجا پێناسەی (كێشی عەرووز)ی دەخەینە بەردەست.

### كێش چییە؟

هەموو شیعرێک لە دوو لایەن پێک دێت، لایەنی ناوەڕۆک و لایەنی ڕوخسار.. ئەگەر ناوەڕۆک دیوی ناوەوەی شیعر بگرێتەوە، ئەوا ڕووخسار دیوی دەرەوەی شیعر دەگرێتەوە، كە بە پێی لێكۆڵینەوەی خۆم هەموو ئەوە بۆ ئەو تیۆرە دەگەڕێتەوە، كە لە كۆندا عەرەبەكان شیعریان پێ لە پەخشان جیاكردۆتەوەو گوتوویانە : «شیعر گوتەیەكی ترازووكراو و سەرواكراوە، واتایەک دەبەخشێت». (١٠)

جا بە كاریگەری ئەوان لای كوردو نەتەوە موسڵمانەكانی دیكەیش كە پەیڕەوی لە بنەماكانی كێشی عەرووزی عەرەبی كراوە، دیوی دەرەوەی شیعر بە (كێش و سەروا)وە نرخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەتا لە ڕووی كێشەوە دەبێت نیوەدێڕەكان تەرازوو كراو بن، نیوە دێڕی یەكەمی دێڕی یەكەم لە چەند بڕگە پێكهاتبوو نیوە دێڕی دووەمیش دەبێت لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە یەكسان بێت لەگەڵ نیوەدێڕی پێشە خۆی و بە درێژایی هۆنراوەكە تەواوی دێڕەكانی تر دەبێت بەو شێوەیە دروست بن، ئەوەش هاوكێشی، یان یەكیەتی كێش دروست دەكات، كە وەكو (زەمەخشەری) دەڵێت: «ئەگەر هاتو دووشت هاوكێش بوون و یەكیان لە ئەوی دیكەیان زیاتری بە لای خۆیدا نەبردبوو، ئەو كاتی یەكەم وەكو دووەم دەبێت لە ترازوودا». (١١)

لە ڕووی (سەروا)شەوە دیارە هەموو هۆنراوەی كلاسیزمی كوردی پارێزگاری لە سەروا كردووەو دوا پیتی سەروای نیوە دێڕی یەكەمی هۆنراوە چی بێت، دەبێت نیوە دێڕی دووەمی هەمان دێڕ بە هەمان ئەو پیتە

سەروایەی نیوەدێڕی سەرووی سەروادار بکرێت و بە درێژایی هۆنراوەکەش تەواوی دێڕەکان نیوە دێڕی دووەمیان بە هەمان پیتی سەروای دێڕی یەکەم سەروادار بکرێن.

کەوابوو (کێش): تەرازوویێکە بە پێی درێژی و کورتی هەردوو نیوەدێڕە بە یەک یەکسانەکانی دێڕی یەکەمی هۆنراوە، وا بەسەر شاعیردا دەسەپێنێت، کە تەواوی دێڕەکانی تریشی بە هەمان یەکسانی دێڕی یەکەمی بنووسێت.. بۆ نموونە:

**ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ئاستی مووچەخۆری خۆی**
**سووراحی سەر فرووداێنی لە بۆ پیاڵە کە تێیکا بۆی.** (١٢)

ئەم دێڕە دێڕی یەکەمی هۆنراوەیەکی بەناوبانگی (پیرەمێرد)ی شاعیرە، (کێش)ی هەر نیوە دێڕێکی بریتییە لە (١٦) برگەی کورت و درێژ، کە دابەش دەبنە سەر چوار (پێ) و بە شێوەیەکی یەکسان برگەکان چوار پێیەکانیان درووست کردووە، ئەوەتا ئەگەر برگە درێژ و کورتەکانی لێک جیابکەینەوە دەبینین بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -
ب -- - / ب - - - / ب - - - / ب - - -

ئەمەش بۆ مان دەردەخات کە نیوە دێڕەکان چۆن یەکسانن لە کێش و ترازووکردنداو هیچ لەنگییەک لە دێڕەکەدا نابینین، خۆ بە پێچەوانەوە ئەگەر بێت و نیوە دێڕی یەکەم یەک لە پێیەکانی گۆڕانێکی بەسەردا بهاتبووایە و لە نیوە دێڕی دووەم ئەو گۆڕانە لە هەمان شوێندا نەهاتبووایەوە، دێڕەکە تێکدەچوو و جوانییەکەی و مۆسیقا خۆشەکەی نەدەما، یان ئەگەر بێت و نیوەدێڕی دووەم یەک برگەی کەمتر بووایە لە نیوە دێڕی یەکەم، ئەوا دیسان جوانی دێڕەکە لە دەست دەچوو و چەشەی خۆش و مۆسیقا بەجۆشەکەی لە دەست دەچوو، بۆ نموونە:

**ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ئاستی مووچەخۆری خۆی**
**سووراحی سەر فرووداێنی لە بۆ پیاڵە ( )**
**تێی-------کا بۆی**

ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -
ب - - - / ب - - - / ب - - - /(؟) - - -

ئێستاکە کە لە پێی چوارەمی نیوەدێڕی دووەم بە تەنیا یەک برگەمان هەڵگرتووە، دەبینین هۆنراوەکە لەنگی تێکەوتووەو جوانییەکەی لە دەست داوە.

دیارە بە پێچەوانەوە ئەگەر بێت و نیوەدێڕی دووەم یەک برگەی زیاتریش بێت لە نیوە دێڕی یەکەم، ئەوا دیسان جوانی دێڕەکە لە دەست دەچێت و چەشەی خۆش و مۆسیقا بەجۆشەکەی لە دەست دەچێت، بۆ نموونە:

**ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە ئاستی مووچەخۆری خۆی**
**سووراحی سەر فرووداێنی لە بۆ پیاڵە کە وا تێیکا بۆی**

ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -
ب - - -/ ب - - -/ ب - - - / ب - - - -

دەبینین لە نیوە دێڕی دووەمدا بە هۆی زیادبوونی برگەی درێژی (وا) نیوە دێڕەکە مۆسیقا خۆش و چەشەکەی لە دەست داوە.

جا بۆیە: بە درێژی هۆنراوەکە شاعیر دەبێت پەیڕەوی لەم کێشەی دێڕی یەکەمی بکات و نابێت لێی لابدات، دەنا ستاتیکییەتی هۆنراوەکەی لە دەست دەچێت و بە رێکی ناخوێندرێتەوە، بۆیە هەموو دێڕەکانی تریشی دەبینین هەر لەسەر هەمان کێش دێنێتەوە، بۆ نموونە:

**کە ئاو داری لەسەر سەر گرتووە دەزانێ چی تیایە**
**لە لای نەنگە کە پەروەردەی نقووم کا گەورەیی وایە**

ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -
ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -

**لقی شۆڕی درەخت میوەی دەخۆن بێ ئەرکی بەرد و دار**
**پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزەو لەقەش بۆ سەر پەلی بەردار**

ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -
ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -

تا لە دوایین دێڕدا دەنووسێت:

**بە جووت پەروانە و ماسی کو دوو داڵدەی چراو گۆڵن**
**نزیکی ئەم ئەسووتێنی و لە دووری ئاو ئەوان حۆڵن**

ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -
ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - -

## عەرووز چییە

لە (مەنزومەی خەزرەجی)دا هاتووە: «شیعر ترازوویێکی هەیە پێی دەگوترێت عەرووز، بە هۆیەوەی خەڵک کەمی و زیادی دێڕە شیعرییەکان دەزانن»، (١٣) بۆیە (د. صفاء خلوصي) دەڵێت: «زانستی (تەرازووی شیعر) بە (عەرووز) دەناسرێت». (١٤)

کەوابێ (عەرووز) ترازووی پێوانی دێڕە شیعرییەکانە،

کە ئایا بە یەکدی یەکسانن، یان نا، هەروەها ئایا لە رووی درێژی و کورتی ژمارەی برگەکانیان و جۆری برگەکانیان چۆنن و چ پێوانەیەک بە دەست دەدەن.

### کێشی عەرووزی چییە

بە پێی ئەو لێکدانەوەیەی سەروو کێشی عەرووزی یەکێکە لە کێشەکانی شیعر، کە سیستمی تایبەت بە خۆی هەیەو خاوەنی ژمارەیەک بەحری لە یەک جیایە، بەوانە مۆسیقای شیعرەکان دەگۆڕێن و چەشەو جوانی جۆراو جۆر دەبەخشن.

### بەشی دووەم:

### گرنگترین بەحرە عەرووزییە ئاماژەپێکراوەکانی لای (خانی) و گرنگی کارەکەی

### باسی یەکەم:

### گرنگترین بەحرە عەرووزییە ئاماژەپێکراوەکانی لای (خانی)

خانی لە (نۆبەهار)ەکەیدا کە بریتییە لە (پێشەکی)یەک و سێزدە بەش، هەر سێزدە بەشەکەی لەسەر کێشی بەحرێکی عەرووزی تایبەتدا هۆنیوەتەوە، هەر خۆیشی لەسەرووی تەواوی ئەو سێزدە بەشەدا بە عەرەبی ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەو پارچە هۆنراوەیەی خوارەوە بە پێی ئەو بەحرە عەرووزییە نووسراوەتەوە، ناوی بەحرەکەی نووسیوەتەوە، جا چ بەحرەکە بە تەواوی و بەبێ زەحاف و عیلەل بێت، یانیش زەحاف و عیلەل تووشی پارچەکەی هاتبێت ئاماژەی بەویش داوە، ئەوەتا بۆ نموونە سەرەتای هەر سێزدە پارچەکەی بەو شێوەیە دەست پێ کردووە:

لە سەرووی پارچەی یەکەم نووسراوە: (القطعة في بحر الهزج المكفوف المحذوف)

**حەتا توو دەور و دەرسان نەکەی تکرار و مەصروف**
**د دونیا بێ تو نابی نە مەشهور و نە مەعروف**
مەفاعیلون فەعولون، مەفاعیلون فەعولون
**چ خوش وەزنە ببیتن، (هەزەج مەکفوف و مەحزوف)**
**خودی (ئەلڵ)هە، قاصد (رەسول)ە، ئەی خودی زان**
**خەلیفە چارن، هەم چار ئیمامن ئەی موسلمان(١٥)**

لە سەرووی پارچەی دووەم نووسراوە: (القطعة في بحر الراجز المطوي المخبون)

**پەردە کو راباێ ژ بەر (عارچێ) دلستانە خۆش**
**دل ژ غەمان کو بێتە دەر بولبولێ گولستانە خۆش**
موفتەعیلون مەفاعیلون، موفتەعیلون مەفاعیلون
**بەحر راجز کو خەبن و تەی گەر ببیتێ رەوانە خۆش(١٦)**

لە سەرووی پارچەی سێیەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرمل المحذوف)

**عارفێ کو ب قەنجی مەعروف بت**
**دێ حەلیم و صابر و مەوقووف بت**
**فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلات**
**وەزن ئەوە حەینا رەمەل مەحزوف بت(١٧)**

لە سەرووی پارچەی چوارەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرجز السالم المثمن)

**گەردێ تە مەقسوودەک هەبی لازم دڤێ لێ بی ب لەز**
**خەسما تە مەعبودەک هەبی دائیم د ئەمری وی ببەز**
**موستەفعیلون موستەفعیلون موستەفعیلون موستەفعیلون**
**(سالم مثمن) هەر ئەڤە، ئەی تالبی بەحرا رەجەز(١٨)**

لە سەرووی پارچەی پێنجەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرجز المرفل)

**حەچێ ب علمێ جەهل کر موبەددەل**
**سوفرێ خو وی کر ب زێڕ موکەلەل**
**موستەفعەلاتون، موستەفعەلاتون**
**بەحرا رەجەز بوو، چ خۆش مورەفەل(١٩)**

لە سەرووی پارچەی شەشەم نووسراوە: (القطعة في بحر المضارع الأخرب)

**ئەی کوتە کوبر دائیم کریە ژ بۆ خو مەرەکەب**
**ئەووەل تو تۆبێ بکەی، پاشی بگێڕە مەرەکەب**
**مەفعول و فاعیلاتون، مەفعول و فاعیلاتون**
**خوش وەزنە بێ مەلالە گەر بیت (مضارع اخرب)(٢٠)**

لە سەرووی پارچەی حەوتەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرمل المقصور المثمن)

**شێخ و سۆفیێتی کەرامەت عیلم خاندن هەم عەمەل**
**خێلوەتە حوجرە تەریقاتە شەریعەت بێ خەلەل**
**فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلات**
**خۆش توڤێ بەحری بخوونە لەورەخۆش، چوونە رەمەل(٢١)**

لە سەرووی پارچەی هەشتەم نووسراوە: (القطعة في بحر البسيط النطوي)

**گەر تە دڤێتن تو ببی میر و سەر و موعتەبەر**
**کیزب و خیلافێ مەبێژ، گەر تە بکەن کەر ب کەر**
**موفتەعیلون فاعیلون، موفتەعیلون فاعیلون**
**(مطويه) بەحرا بەسیط، لێ بکە جارەک نەزەر(٢٢)**

لە سەرووی پارچەی نۆیەم نووسراوە: (القطعة في بحر الهزج الأخرب المثمن)

**هەرچی کو ژ دونیایێ بەرداشتە دامەن بوو**
**بێ شوبهە دنێڤ عامێ ئەفراشتە گەردەن بوو**
**مەفعولو فاعیلاتون، مەفعولو فاعیلاتون**
**وەزنا (هەزەج)-ا ئەخرەب ئەڤ رەنگە (مثمن) بوو(٢٣)**

لە سەرووی پارچەی دەیەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرجز المطوي المثمن)

**گەر تە دڤێتن کو بەرابەر نەبتن کەس ب تەرا**
**علمێ بخوون، هەم عەمەلێ تو بکە (صنعەت) ژخوەرا**
**موفتەعیلون موفتەعیلون موفتەعیلون موفتەعیلون**
**ئەڤ رەجەزا (مەطوی)یە دا قەنج بزانی تو برا(٢٤)**

لە سەرووی پارچەی یازدەیەم نووسراوە: (القطعة في بحر السريع المطوي)

**هەرچی کەسێ علمەکێ قەنج خوەندییە**
**دەولەتە گەر وی ب ئەسل زانییە**
**موفتەعیلون موفتەعیلون فاعیلون**
**بەحرا (سەریع)ە، چییە خۆش (مطوی)یە(٢٥)**

لە سەرووی پارچەی دوازدەم نووسراوە: (القطعة في بحر الهزج السالم المثمن)

**د فەسلا نۆبەهارێ دا دگەل دلبەر بچین گەشتێ**
**ژ ئەو خۆشتر عومور نابت ل من ئەڤ حال قەوی خوەش تێ**
**مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون مەفاعیلون**
**(هزج سالم مثمن) بت لە تەبعان خۆش مونەققەش تێ(٢٦)**

لە سەرووی پارچەی سێزدەیەم نووسراوە: (القطعة في بحر المتقارب المقصور)

**موعەلم بلا دل وەکی بەر بتن**
**دڤێتن کو شاگرد ل بەر بتن**
**فەعولون فەعولون فەعولون فەعول**
**(تقارب) خۆشەگەر، (مقصر) بتن(٢٧)**

**پوختەی ئەو کێشانەی (خانی) ئاماژەی بۆ کردوون:**

یەکەم: کێشی: (هەزەج):

١- أ - لە سەرووی پارچەی یەکەم نووسراوە: (القطعة في بحر الهزج المكفوف المحذوف)

١- ب - لە سەرووی پارچەی سێیەم نووسراوە: (القطعة في بحر الهزج الأخرب المثمن)

١- ج - لە سەرووی پارچەی سێیەم نووسراوە: (القطعة في بحر الهزج السالم المثمن)

دووەم: کێشی (رەمەڵ):

٢- أ- لە سەرووی پارچەی سێیەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرمل المحذوف)

٢- ب - لە سەرووی پارچەی حەوتەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرمل المقصور المثمن)

سێیەم: کێشی (رەجەز):

٣- أ - لە سەرووی پارچەی دووەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرجز المطوي المخبون)

٣- ب - لە سەرووی پارچەی چوارەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرجز السالم المثمن)

٣- ج - لە سەرووی پارچەی پێنجەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرجز المرفل)

٣- د - لە سەرووی پارچەی دەیەم نووسراوە: (القطعة في بحر الرجز المطوي المثمن)

چوارەم: کێشی (موزاریع):

٤- لە سەرووی پارچەی شەشەم نووسراوە: (القطعة في بحر المضارع الأخرب)

پێنجەم: کێشی (بەسیت):

٥- لە سەرووی پارچەی هەشتەم نووسراوە: (القطعة في بحر البسيط المطوي)

شەشەم: کێشی (سەریع):

٦- لە سەرووی پارچەی یازدەیەم نووسراوە: (القطعة في بحر السريع المطوي)

حەوتەم: کێشی (موتەقاریب):

٧- لە سەرووی پارچەی سێزدەیەم نووسراوە: (القطعة في بحر المتقارب المقصور)

### تێبینییەکانی سەر عەرووزەکەی (خانی)

«پارچەی یەکەم، کە نووسیویەتی لەسەر کێشی (هەزەجی مەکفوفی مەحزوفە) دەبووایە پێیەکانی (مفاعیل فعولن مفاعیل فعولن) بێ نەک وەک ئەو نووسیویەتی: (مفاعیلن فعولن مفاعیلن فعولن)، چونکە پێیەک کەففی دەچێتە سەر دەبێ بە (مفاعیل) و

پێیەک حەزفی دەچێتە سەر دەبێ بە (فعولن)، بۆیە وا باشتر بوو ناوی ئەو قالبەی بنایە: (هەزەجی هەشتی مەحزوفی مەقصور)، چونکە عەرووز زەربی دێڕی یەکەم و هەر هەموو زەربەکانی سەراپای پارچەکە (مەقصور)ن، نەک مەحزوف وەکو: (نە مەعروف، موسلمان، ژ بو وان...)، عەرووزەکانیش لە نێوان مەقصور (مفاعیل) و (مەحزوف (فعولن) دەخولێنەوە. ئەو پێیانەش، کە دەبێ مەکفوف بن بە پێی قالبی کێشەکە هەموویان بە مەکفوفی نەهاتوون، هەیانە بە سالمی هاتووە، وەکو: (ئیمامن ئەی - مفاعیلن - دێڕی ٥)، یان (موحەممەد ما - مفاعیلن - دێڕی ٩)، جاری واش هەیە لە باتی کەف قەبزی چۆتە سەر وەکو: (ڕەسولە ئەی - مفاعلن - دێڕی ٤)، یان (خەلیفە چا - مفاعلن - دێڕی ٥)،...تاد.کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و، لا ٩و١٠.

لە پارچەی سێیەمیشدا کە نووسیویەتی لە (بەحری ڕەمەلی مەحزوفە)، پێیەکانی بەم جۆرە نووسیوە: (فاعلاتن فاعلاتن فاعلات)، ئەگەر مەحزوف بێ، دەبێ پێی سێیەم (فاعلن) بێ، نەک (فاعلات).. لە خوێندنەوەی ئەم پارچەیەدا دەردەکەوێ، کە هەموو دێڕەکانی زەربەکانیان (مەقصور)ە (فاعلات) نەک (مەحزوف)، دێڕی یەکەمیش (موسەڕڕەع)ە، واتە: عەرووز و زەربی لەسەر یەک کێشە: (فاعلات).. عەرووزی دێڕەکانی تریش لە نێوان (مەحزوف) و (مەقصور)دا دەسووڕێنەوەو زۆربەشیان (مەقصور)ن، بۆیە باشتر وابوو ئەم قالبەش بە (ڕەمەلی مەقصور) ناو ببا، نەک (ڕەمەلی مەحزوف). کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و، لا ١٠.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی مامۆستا (عەزیز گەردی) ئەو کارەی (ئەحمەدی خانی) تێبینی هەڵدەگرێت، بەڵام تێبینییەکە وەنەبێت لە نرخی کارەکەی (ئەحمەدی خانی) کەم بکاتەوەو وای دەربخات، کە ئەو هەڵەی کردووە، بەڵکو تێبینییەکە ئەوەیە، کە: هۆنراوەکانی ئەو دوو پارچەیە هەندێ دێڕیان ئەگەرچی لەسەر هەمان بەحری (هەزەج) یان (ڕەمەل)ن، وەکو ئەو لە سەرووی پارچەکان نووسیویەتی، بەڵام گۆڕانەکانی سەر هەندێ دێڕیان لەو ناوە دەردەچن، کە ئەو هەموو هۆنراوەکەی پێوە ناوناوە، ئەگەرچی زۆربەی دێڕەکانیشیان بەو شێوەیەن، کە ئەو ناوی ناون، ئەوەش بەهای کارەکەی (ئەحمەدی خانی) وەکو خۆی دەهێڵێتەوە.

### مێژووی دانانی عەرووزی (خانی)

ئەگەر بۆ مێژووی دانانی عەرووزی (خانی) بگەڕێینەوە، کێشەیەکی ئەوتۆمان نایەتە پێش، چونکە (خانی) ئەو کێشانەی لە نێو فەرهەنگەکەی خۆیدا (نۆبەهار) نووسیوە، لە کۆتاییی (نۆبەهار)یشدا بە ڕوونی مێژووی دانانی ئەو کارەی دەستنیشان کردووە، وەکو دەڵێت:

**ئەگەر تو ب ئەزعانی**
**بفکرە ل کتێبا سانی**
**د جلدا ئەووەلدا**
**ژ جوزئێ عاشردا**
**د وەڕەقا چارێ دە**
**ژ (صەحیفا) دەستێ ڕاستێ**
**د سەترا (ثالث) دە**
**ژ کەلیما (ثاني)**
**بگر تو حەرفا چارێ**
**ئەڤە تەئریخ ، ژ بۆ نۆبەهارێ... نۆبەهار**، لا ٦٢.

بە پێی لێکدانەوەی (حەمدی سەلەفی) ئەو مێژووەی (خانی) بەم شێوەیە لێک دەدرێتەوە:

- کتێبا سانی.... واتە: هەزاری دووەم
جلدی ئەووەل.... واتە: سەدەی یەکەم
جوزئا عاشر.... واتە: دەیەی دەیەم
وەڕەقا چار.... واتە: ساڵی چوارەم
صەحیفا دەستێ ڕاستی.... واتە: نیوەی یەکەم
سەترا سالس.... واتە: مانگی سێیەم
کەلیما سانی.... واتە: دەیەی دووەم
حەرفا چارێ.... واتە: ڕۆژی چوارەم

بەمەش مێژووی دانانی (نۆبەهار) دەکاتە ١٤/٣/١٠٩٤ی کۆچی، کە هەر ئەو مێژووە مێژووی دانانی عەرووزەکەی (خانی)یە.(٢٨)

### باسی دووەم
### گرنگی ئەو کارەی (خانی)

١- یەکەم گرنگی ئەو کارەی (خانی) خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە یەکەم زانای کوردە بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی هاتبێت ئەو زانستەی عەرووزی بە زمانی کوردی بۆ خوێندەوارانی میللەتەکەی تۆمار کردبێت،

ئەوەتا مـێـژووی دانانی ئەو عـەرووزەی (خـانـی) وەکـو گـوتمان ١٠٩٤/٣/١٤ی کـۆچی، بەرانبـەر بە سـاڵی زایینییە.

٢- مامۆستا عەزیز گەردی، کە لە نامەی ماستەرەکەی خۆیدا بە وردی بە دوای کێشە عەرووزییەکانی شیعری کلاسیزمی کوردیدا گەڕاوە، کە لێکۆڵینەوەکەی دیوانی سەرجەم شاعیرانی کلاسیزمی کوردی گرتۆتەوە، هەر لە (بابا تاهیـری هەمـەدانی)یەوە دەوروبەری (١٠٠٠) کۆچی تا شاعیرە کلاسیزمەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئینجا بە سەرژمێریکردنی یەکە یەکەی کێشە عەرووزییەکان لە نێو دیوانەکاندا بۆی دەرکەوتووە، کە هەر شازدە کێشە عەرووزییە عەرەبییەکە وەکو یەک لە شیعری کلاسیزمی کوردیدا شیعریان پێ نەنووسراوە، بەڵکو لە بەکارهێنانیاندا لە لایەن شاعیرانی کوردەوە ئەو کێشانە دەبنە دوو کۆمەڵە، یەکەمیان بە (کێشە باوەکان) ناو دەنێت و لەم کێشانەی کورت دەکاتەوە: (هەزەج - ڕەجەز - ڕەمەل - سەریع - خەفیف - موزاریع - موجتەس - موتەقاریب - بەسیت).. کۆمەڵەی دووەمیش بە (کێشە کەم بەکارهاتووەکان) ناودەنێت و لەمانەی کورت دەکاتەوە: (کامیل - تەویل - موتەدارەک - مونسەریح - موقتەزەب - مەدید - وافیر).(٢٩)

ئەو حەوت کێشەی (خانی)ش باسی لێوە کردووە، کە بریتینە لە: (هەزەج - ڕەمەل - ڕەجەز - موزاریع - بەسیت - سەریع - موتەقاریب)، بە پێی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی مامۆستا (عەزیز گەردی)، هەموویان لەو کێشانەن، کە بە زۆری لەلایەن شاعیرانی کوردەوە پەیڕەوییان لێ کراوەو شیعریان پێ نووسراوە، چونکە ئەو کێشانە گونجاوتر و ئاسانترن بۆ دەربڕینی کوردی، ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە (خانی) تەنیا گرنگی بەو کێشە عەرووزیانە داوە، کە بۆ شیعری کوردی زۆر گونجاون و ئەو کێشانەی دیکەی عەرووزی فەرامۆش کردووە، کە بۆ شیعری کوردی هێندە گرنگ نین، ئەوەش زیرەکی خانی دەردەخات، لە ڕۆژێکدا کە هێشتا شیعری کوردی هێندە دەوڵەمەند نەبوو، ئەو چۆن درکی بەو ڕاستییە کرد، کە شاعیرانی پاشەخۆیشی ئەوانەی کلاسیزمیانە دەنووسن، هەموویان بە زۆری پەیڕەوی لەو کێشانە دەکەن؟! کە ئەو ئاماژەی بۆ کردبوون!

٣- خستنەڕووی (خانی) بۆ کێشە عەرووزییەکان بە شێوەیەکی ئاسان و سادەیە، ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە ئەو زانستەشی هەر بۆ منداڵان نووسیوە، لەوانەی لە سەرەتانەو دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە خۆشەویستی شیعر لە دڵی منداڵانی کورد بروێنێت، چونکە پێی وایە شیعر توانای خزمەتکردنی گەورەی هەیەو میللەت پێویستی پێ هەیە.

## ئەنجام

١- ئەو بەحرانەی (خانی) باسی لێوە کردوون (٧) بەحرن لە کۆی (١٦) بەحری عەرووزی، بەڵام زۆرینەی شیعری کوردی بەو بەحرانە نووسراون، ئەگەرچی بە ڕێژەی کەم و کەمتر تەواوی بەحرەکانی دیکەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا شیعریان پێ نووسراوە، کە ئەوەش بیرتیژی و زیرەکی (خانی) پیشان دەدات.

٢- ئەو شوێنەی ئەو زانستەی تێدا باس کراوە، فەرهەنگی (نۆبەهار)ە، کە فەرهەنگێکی فێرکردنی زمانی عەرەبییە بۆ منداڵانی کورد، بۆ ئەوەی بەر لە چوونە ناو زانستە بڕیاردراوەکانی حوجرە، کە هەموویان بە زمانی عەرەبین، قوتابی کورد شارەزاییەکی لە عەرەبی هەبێت و بابەتەکانی بەلاوە زۆر قورس نەبێت، کەوابێت ئەو زانستەشی هەر بۆ منداڵان نووسیوە.

٣- ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە (خانی) مەبەستی ئەوە بووە، لە پاڵ فێرکردنی زمانی عەرەبی، پوختەی زانستی عەرووزیش فێری منداڵان بکات، بۆ ئەوەی لە پاڵ خوێندنی زانستەکان لایەنی فیکر و ڕۆشنبیریش فەرامۆش نەکەن و لە ڕێگەی شیعرەوە ببنە ئەندامی کارا بۆ وشیارکردنەوەی نەتەوە، کە ئەمەیان وەکو لە شیعرەکان و لە (مەم و زین)ەکەیدا دەردەکەوێت، یەکێک لە مەبەستە هەرە گرنگەکانی (خانی) بووە.

٤- ئاماژەدانی (خانی) و گوتنەوەی ئەو بەحرانەی عەرووز لای (خانی) ئەوە دەردەخەن، کە (خانی) دەرسی ئەدەبیات و چۆنیەتی نووسینەوەی شیعریشی بە منداڵانی کورد گوتۆتەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- فەراهیدی ناوی (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی)یە، ناسراوە بە (ئەبو عەبدولڕەحمان)، لە ساڵی ١٠٠ی کۆچی /**

٧١٨ی زایینی له شاری بەسرا له دایک بووه، لای هەریەکە له زانایانی سەردەمی خۆی: (ئەبی عەمروی کوڕی عەلا) و (ئەسمەعی) و (سیبەوەیهی) و... بێجگەی ئەوانە زانستە گرنگەکانی ئەوسای خوێندووه، یەکەم داهێنەری (زانستی عەرووز)ە.. بڕوانە: القسطاس المستقيم في علم العروض، لا ٣١و٣٢.

٢- ميزان الذهب في صناعة الشعر، لا ٣.

٣- د. عبدالمنعم احمد صالح التكريتي، قراءة عروضية في المعلقات العشر، مطبعة الأرشاد، بغداد، ١٤٠٦هـ-١٩٨٦/م، ص ١٢.

٤-نوری فارس حەمەخان، عەرووزی کوردی، لا ٧٣.

٥- بڕوانە: کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و، لا ١١١.

٦- د. حسني عبدالجليل يوسف، علم العروض، ص ٧.

٧- د. عبدالرضا علي، العروض والقافية، ص ١١.

٨- بڕوانە: القسطاس المستقيم، ص ٢٩.

٩- بڕوانە: ميزان الذهب في صناعة الشعر، لەگەڵ هەر کتێبێکی دیکەی عەرووزی عەرەبی، کە ئاماژەی بە بەحرەکانی عەرووزی عەرەبی کردبێت.

١٠- جار الله الزمخشري، القسطاس المستقيم في علم العروض، ص ٥٦.

١١- بڕوانە: القسطاس المستقيم، ص ٥٦و٥٧.

١٢- دیوانی پیرەمێرد، لا ٧٢.

١٣- القسطاس المستقيم، ص ١٣.٢٩-

١٤- د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٤، ص ٢٦.

١٥- فەرهەنگا نۆبەهار، لا ٢٤.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧.

١٧- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٢.

١٩- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤.

٢٠- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٦.

٢١- سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٩.

٢٢- سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٣.

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٦.

٢٤- سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨.

٢٥- سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٠.

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٣.

٢٧- سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٦.

٢٨- بڕوانە: حمدی عبدالمجيد السلفي، ص ٥٢.

٢٩- بڕوانە: عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی، نامەی ماستەری پێشکەشکراو بە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ١٩٩٤، بەشی چوارەم، لا ١٤٣- ٢٤٥.

سەرچاوەکان:

- بە زمانی کوردی:

١- ئەحمەدی خانی، فەرهەنگا نۆبەهار، ڤەژاندنا: پەرویز جهانی، چاپا یەکی، ناوەندا وەشانێن فەرهەنگ و ئەدەبا کوردی (انتشارات صلاح الدين الايوبي)، ئورمیە، ١٣٦٧.

٢- عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی، نامەی ماستەری پێشکەشکراو بە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ١٩٩٤.

٣- تۆفیقی کوڕی مەحموداغای هەمزاغای مەصرەف، دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: محەمەد ڕەسووڵ هاوار، چاپی ئێران، لەسەر چاپی ١٩٦٨ی بەغدا.

٤ - نوری فارس حەمەخان، عەرووزی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

- بە زمانی عەرەبی:

٥- السيد احمد الهاشمي، ميزان الذهب في صناعة الشعر، مطابع دار الثورة للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٢.

٦- جارالله ابي القاسم محمود بن عمر بن محمد بن عمر الزمخشري، القسطاس المستقيم في علم العروض، حققته وعلقت عليه: الدكتورة بهيجة باقر الحسيني، الناشر مكتبة الأندلس ببغداد، طبع بمطبعة النعمان، بالنجف، ١٩٦٩.

٧- حمدي عبدالمجيد السلفي، نوبهارا بچوكان تأليف الأديب والشاعر الكوردي احمد خاني، مطبعة الرشيد، بغداد، ١٩٩٠.

٨- د. حسني عبدالجليل يوسف، علم العروض، طبعة مؤسسة المختار الأولى، ١٤٢٤ه-٢٠٠٣/م، القاهرة.

٩- د. عبدالرضا علي، العروض والقافية، مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر التابعة لجامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٩.

١٠- د. عبدالمنعم احمد صالح التكريتي، قراءة عروضية في المعلقات العشر، مطبعة الأرشاد، بغداد، ١٤٠٦هـ-١٩٨٦/م.

١١- د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٤

# پچڕاندن

ماوریس بلانشۆ
له فەرەنسییەوە بۆ سویدی: دانییێل برینباوم و سڤێن – ئۆلف والنشتاین
له سویدییەوە: هەندرێن
(سوید)

**وەک له هاوکێشەکاریی ڕووبەری ماتماتیکیدا**
**(Riemann)**

له ئاسانترین وتووێژدا پێناسەیەک، واتا ئاسانترین ناساندن، دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە بێت: کاتێک دوو مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا دەپەیڤن، هەردووکیان له یەک کاتدا ناپەیڤن، بەڵکو یەک بەدوای یەکدا دەپەیڤن: یەکێکیان شتێک دەڵێ، وێجا ئەو دەوەستێ، ئەوەکەی تر شتێکی تر (یان هەمان شت) دەڵێ، پاشان ئەو دەوەستێ. ئەو وێناندنە لێکچنراوانەی کە هەڵچنراون بریتین له زنجیرە بەندییەک، کە هەرچەندە ئەگەر ئەوانیش بۆ وەڵامدانەوە یەکتر بورووژێن، ئەوکاتە دەپچڕێن کە ئەوان لەوتووێژەکەیاندا ڕۆڵەکە دەگۆڕنەوە. کاتێک وشە دەبێ لەوەوە بچێتە لای ئەویتر، یان بۆ ئەوەیە کە (ئەوەکەی تری بەرانبەر) جەخت بکاتەوە یان تاکو بەدژی ئەو بدوێ یانیش گەشە بە وتووێژەکە بدا، کە ئەمەش له پێداویستی ماوەی پشووی وشەدا دەردەکەوێ. توانای پچڕاندن له قسەکردندا، وێدەچێ ئەو پچڕانەش ڕۆڵێکی لاوەکی بگێڕێ، یان زیاتر ڕۆڵێکی لاوەکیانە له نۆرە گۆڕینەوە بگێڕێ؛ بەدڵنیاییەوە جۆرە ڕۆڵێکی مەتەڵاوی دەگێڕێ کە دەکرێ وەک مەتەڵێکی خودی زمان ڕاڤە بکرێ: ئەوە پشووەکە لەنێوان دەربڕینێک، پشووەک لەنێوان ئەو کەسانەی کە پێکەوە وتووێژ دەکەن کە ئەمەش چاوەڕوانییەکە، پشووەک کە وەک ئەو تێگەیشتنەیە کە توانای ئاخاوتن تۆکمەتر دەکا.

من لەوە دڵنیانیم کە مرۆ بە جوانی سەرنجی ئەو واتایە جودایانەی پشووی دابێ، چونکە تەنیا ئەو پشووەیە کە دەتوانێ وەک وتووێژ، بگرە وەک وشەش، وشە دابڕێژێ.

ئەوەی کە بێ پچڕان دەپەیڤێ لە کۆتاییدا بەوە سەری گەرم دەبێ (با مەنەلۆگە سامناکەکانی هیتلەر بەیاد خۆمان بهێنینەوە، ڕاستییەکەی هەموو سەرۆکەکانی دەوڵەت بە هەمان شێوەن؛ بۆ ئەوەی تەنیا خۆیان قسە بکەن سوود لە پایەکەی خۆیان وەردەگرن، هەروا ئەو سەرۆکانە چێژ لەنەبوونی وشەیەک لە بەرانبەرەکەی خۆیانەوە وەردەگرن، کە بەبێ ئەوەی هەست بە بەدڕەوشتی خۆیان بکەن وەک بالاترین و بەدەسەلاتدارترین خاوەن قسە خەڵک ناچاری گوێگرتن دەکەن؛ ئەو سەرۆکانە هەموویان بە هەمان شێوە بەشدارن لە توندوتیژی مەنۆلۆگە، بۆ خۆ قسەکردنە دووپاتەکانی قەیسەریی). دەبا ئێمە لە دەرەنجامی باشترین ئەو مشتومڕانە بڕوانین، ئەو مشتومڕانەی کە زیاتر خۆی لە ملکەچ کردنی سەر ڕاوەشاندن ئازاد کردووە ڕابمێنین؛ وێڕای ئەمەش ئەگەر ئەو وتووێژە هاوئاهەنگیش بێ، بەڵام کاتێک ئاخێوەرە سەرەکییەکان نۆرەکانیان دەگۆڕنەوە؛ کاتێک نۆرەی ئاخاوتن لەنێوانیاندا جێگۆڕکێ دەکا وتووێژەکە دەپچڕێ: پچڕانەکە ئەو جێگۆڕکێیە دەسازێنێ، دەبێ ئاخاوتنەکانیان ڕیزبەند بکرێ. بۆ ئەوەی تێبگەی وتووێژەکە بپچڕێنە، تێبگە بۆ ئەوەی بئاخڤی.

هەرچۆنێک بێ ئەوە شتێکی ڕوونە کە ڕاوەستانەکەی ئەوان بۆ ئەوەیە کە خاڵێک دابنێن، نەواو زوڵاڵی بە گفتوگۆیەکە ببەخشن، کە ئەمەش هەمیشە بە هەمان چەشن نییە. جۆرە ڕاوەستانێک هەیە کە وتووێژ دادەخا. کافکا لە خۆی دەپرسی کاتێک کە هەشت کەس پێکەوە دەپەیڤن بۆ ئەوەی هەر کەسە و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و تاکو مرۆ وەک بێدەنگێک ئاخاوتنەکە نەپچڕێنێ دەبێ چەند جار و چۆن هەوڵبدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، بەڵام ئەو چەشنە بێدەنگییە، بگرە بێدەنگییەکی نەخوازراویش، دەشێ سۆز ورووژێن بێ، ئەو بێدەنگییە سەرچاوەی وتووێژ گەرم دەکا: ئەو بێدەنگییە بۆ ئەوەیە تاکو بئاخڤێ، لەگەڵ ئەو ڕیسکەی کە مرۆ دوای وتووێژەکە ڕەنگە لەخۆی بپرسێ تۆ بڵێی من بە هەڵە لە هەڵوێستی ئاخێوەرەکان گەیشتبم، کە ڕەنگە ئەو تەواو لە گەیاندنی قسەکانی سەرنەکەوتبێ (هەروەک مرۆ لە دۆخێکی تردا لۆمەی خۆی بکا کە لەکاتی وتووێژەکەدا ئاوی خواردۆتەوە- وەکو تر ئەوە هەمان سەرگێژییە). سەرباری ئەمەش کاتێک کەڕیی دەبێتە ڕەتکردنەوە، کە ئەمە بە دەگمەن لە هیکرا ڕوودەدا، بەشێک لە وتووێژەکە دادەگرێ، ئەوە بە ڕێگای جیاوازییە بچووکەکانییەوە جۆرە چەمانەوەیەک دروستدەکا، ئەو کەڕییە بەسەر کەژوهەوای کۆتاییەکەدا کایەی ئومێدەواری یان بێ ئومێدی دروست دەکا. کەڕیی تەنیا وشەیەکی نرخێنراوە، یان هاوکاتیش بریتییە لە حەزێکی لاملانەی چەقیودا کە دەخوازێ جیاوازبێ.

پچڕاندن بۆ هەر ڕەوتێکی وشە پێویستییەکە؛ پشوودان زەمینە بۆ بووناندن دەڕخسێنێ؛ ڕەوتێکی پچڕاو (دیسکۆنتینۆێتێت) ڕەوتێکی بەردەوام (کۆنتنونێت) زامن دەکا. مرۆ لەمەوە دەتوانێ گریمانەگەلێک هەڵبهێنجێ. لێ من لەپێناو نیگایەکی خێرادا دەخوازم ئەوە نیشانبدەم کە ئەو پشوودانە لە ڕێگای کام گوتارەوە دەبێتە گفتوگۆ، مەبەستمە بێژم کە دیس- کورس/ ئا-خاوتن، لە دەستپێکدا لە دوو ئاراستەی تەواو جیاوازدا دەگۆڕێت.

ئاراستەی یەکەم دەکرێ وێستێک- ماوەی پشووەک لەگەڵ پشوودانێکی ئاسایی بەراورد بکەین کە ڕێگە بە نۆرە گۆڕینەوەی وتووێژ دەدا. بەم جۆرە ڕەوتێکی پچڕاو کاکڵەییە، چونکە جێگۆڕکێ زامن دەکا- کاکڵەییە، بەڵام ڕێژەییە: ئەوەی کە ئەو مەبەستییەتی ڕاگەیاندنی ئەو یەکاتییەی ڕاستینەییە - کەواتە ڕەوتێکی پچڕاو دوایی یان هەرگیز خۆی بەدەستەوە نادا، هاوکاتیش هەر لە ئێستاوە- لەوێدا ئەو گوتارە لێکچنراوە چیتر ناپچڕێت، لە ڕێگای ئەمەوە لەگەڵ ڕووی دواوەی بێدەنگییەکەی هاوڕەوت دەبێ. لەو ڕوانگەیەوە دابڕان هێشتا لەو هاوبەشییەی وشەدا بەشداری دەکا؛ هەرچەندە ئەگەر کە ئەو پۆلێن بکرێ، پێچەوانەکەی بێ و دژی ئەو یەکاتییەی ڕاستینەکەش بێ؛ ئەو دابڕانە هەر تەنیا مانا نابەخشێ، بەڵکو وەک ئاسۆیەک ئەو مانایە باوە بەدیار دەخا. دابڕان هەناسەی خودی گوتارە. لەو پۆلێنکردنەوە مرۆ دەتوانێ ڕەچاوی گشت ئەو شێوانە بکا کە لە ئەزموونە دیالێکتیکییەکانی بوون و مێژووەوە- لەو قسانەی ڕۆژانەوە بگرە هەتا دەگاتە ئاوەز، تەمەنە بە ساڵاچووەکان و قۆناغە باڵایەکانی پیادەکاریی هەڵدەقوولێن. بۆ ئەوەی تێبگەی ئاخاوتنەکە بپچڕێنە.

لێ پچڕاندنێکی تر هەیە، زیاتر مەتەڵئامێز و گرنگە. ئەو پچڕاندنە ڕووبەڕووی ئەو چاوەڕوانییە دەبێتەوە کە مەودای نێوان هەردوو وتووێژکارەکە دەپێوێ، ئەو مەودایە

چیتر بۆ بەرتەنگ بوونەوەییەک نییە، بەڵکو ئەوە جۆرە مەودایەکە کە بەرتەنگ نابێتەوە. من هەمیشە لە نووسینەکانمدا ئەوەم کردووە، لێرەدا من پێم خۆشە جارێکی تریش ئەوە ئەنجام بدەمەوە. لەگەردوونی پێوەندییە گشتییەکاندا دەتوانم بەچوار شێوازی جودا ئاڵوگۆڕی پێوەندی لەگەڵ کەسێکدا بکەم: یەکەمیان وەک ئۆبژەیەکی جیهانیی لەبار و بەپێودانگی پێوانە بابەتەکییەکانەوە لەو کەسەوە دەڕوانم؛ دووەمیان وەک منێکی تر، وەک منێک کە ڕەنگە زۆر جیاواز بێ، دەمەوێ بێژم ناسنامە لە دوو بوونەوەردا کە لە ئاستێکی باڵادا بڕوای بەوە بێت لە کەسی یەکەمدا بپەیڤێ، لەو کەسەوە دەڕوانم، بەڵام لەوێدا ئەو جیاوازییە لە ڕێگای یەکەم ناسنامەوە ڕادەکا؛ سێیەمیان، ئیتر لە پێوەندییەکی گەیەنەری زانیارییە بێ کەسایەتییە یان ئەو تێگەیشتنە کەسایەتییەدا نییە، بەڵکو وەک هەوڵێک تاکو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ دەستەبەر بکەم، کە لەوێدا لەڕوانگەی نزیکایەتی هاوپەیڤینەکەوە کە مەودایەکە فەرامۆش دەکرێ یان دەیسڕێتەوە هەمان کەس و ئەویتریش بانگەشەیەک دروست دەکەن بەوەی کە لەناو یەکتر یان لە نزیک بوونەوەی یەکتردا خۆیان لەدەست بدەن. ئەو سێ پێوەندییە هاوبەشییان هەیە کە هەموویان دژی یەکایەتییەک تێدەکۆشن: «من» دەیەوێ ئەویتر ئاوێتە بکا (لەگەڵ خۆیدا پێناسەی بکا)، ئەمەش بە ڕێگای ئەوەی کە ئەو کەسە بکات شتێک بۆ خۆی یان وەک شتێک ئەو بخوێنێتەوە، یانیش ئەو منە دەیەوێ لە ئەویتردا خودی- منێکی تر بدۆزێتەوە، ئەو پێوەندییەی کە بە ڕێگای ئەو دانپیانانە ئازادانەوە یان بە ڕێگای تێکەڵاو بوونی ڕاستەوخۆی دڵەوە دەستەبەر دەبێ. لێ دەرفەتێکی دیکە هەیە. ئەوجارە پێوەندی بە گەڕان بەدوای یەکاتییەوە نییە. من ناخوازم چیتر لە ئەویتردا هەست بە پێوانەیەکی هاوبەش، یان وابەستەبوون بە گەردوونێکی هاوبەشانە، یان شتێک کە زامنی ڕەوتێکی نەپچڕاو، یان ناسنامەیەک لەگەڵ منی خۆمدا، بکەم. ئەوەی کە ئێستا لەنێوان ئێمەدا ڕۆڵ دەگێڕێ نامۆییە، جا ئیتر نەک هەر تەنیا ئەو نادیارییە وەک دەربازبوونێک لە زانیاری هاوبەشماندا سەفەری کرد، شتێک وەک نادیارییەک لەو منەدا- ئەو منەی کەسی یەکەمی تاکە- نامۆییەک کە هێشتا ڕێژەییەکی باڵایە (منێک کە هەمیشە لە نزیک منێکی ترەوە وەستاوە، کە هەرچەندە لە لێکتر جیاوازی، پێشبڕکێ، مەیل و پێویستیش دایە). ئەوەی کە ئێستا لە یاریدایە و کە دەبێ گوزارەی لێ بکرێ، گشت ئەمانەیە کە من لە ئەوانیتر جیادەکاتەوە، واتا ئەو ئەویترەی کە وەک منە خۆی بە تەواوی لەو جیادەکاتەوە. لێکجوودابوونەوەیەک، درز بردنێک و مەودایەک کە ئەویتر وەک ڕووبەرێکی بێ کۆتایی بە جێدەهێڵێ، لێ بەڵێ هاوکاتیش لەخودی ئەو پچڕانەدا، کە پچڕانێکە هی خودی بوونایەتییە، مەرجێک بۆ پێوەندەی من لەگەڵ ئەودا دروست دەکا. لە ڕێگای ئەو ئێگۆیەوە دەکرێ ئەویتر بۆ من منێکی تر بێ، بوونێکی تر بێ، بنەمایەک لە دەستپێکێک یان قۆناغێک لە بوونێکی گەردوونیدا، یان بوونێکی باڵاتر، خوا یان نا- خوا، بێ، بەڵکو ئەو لە مەودایە بێکۆتاییەکەیدا نائاشنایەکە. ئەو منێکی ترە (ئەلیتێر) وەک بێلایەنییەک (نیوترال) ناودێر دەکرێ.

دەبا بۆ ئاسانکردنەوە بڵێین کە فامکردنی ئامادەیی ئەویتر وەک بێلایەنییەک بناغەیەک بە بێزارکردن دەبەخشێ کە لە بواری پێوەندییەکاندا لەمپەر دەخاتە پێش هەموو هێڵێکی ئاڵوگۆڕیی و یەکایەتی گشت پێوەندییەکان، تاکو پاشان ئەوە بەبێ ئەوەی کە بانگەشەی پشت ڕاستکردنەوە بکا یان ئەوە تۆمار بکا. لێ وەڵامی چاوەڕوانی پچڕاندن لە بەرانبەر ئەو (هیەتۆس)- نامۆیی، بێکۆتاییەی نێوان ئێمەدا- لەخودی زماندایە، بەڵام ئێمەدەبێ لەوە تێبگەین کە لێرەدا وەستانەکە وەک پێداویستییەک نوێنەرایەتی بێدەنگییەک، ڕۆشناییەک یان شوێنێکی بۆش (جا ئەگەر زبریش نەبێ) ناکا، بەڵکو لە گۆڕانێکی شێوەی زماندا یان ستروکتۆر- کە ئێمە دەتوانین وەک هاوردەیەک لەگەڵ گۆڕانکارییەکی وەک هاوکێشەکاریی گیومێتری ڕووبەرێکی ماتماتیکی کە لە پێوەندی لەگەڵ ئوکلیدێس بەراوردی بکەین (ڤالێری ئەوەی بۆ ماتماتیک ناسێک بەجێهێشت کە- ئەو- نووسینی بەگرنگەوە وەرگرت کە لە «هاوکێشەکاریی ڕووبەرێکی ماتماتیکیانەدا»،- بئاخڤێ.(١) ئەم گۆڕانکارییە بریتییە لەوەی کە ئاخاوتن چیتر ئەرکی ئەوە نییە ڕووبکاتە یەکاتییەک، پێوەندییەکانی وشەش بواری شێوەیەکی پەرتەوازەی گەوهەری پێکدەهێنێ کە لەوێدا ڕەوتە پچڕاوەکە (دیسکۆنتینوتێت) باڵادەست دەبێ. ئەمەش وەک ئەوەی کە مرۆ بە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی توانستی ئەو گوتارە

هاوئاهەنگە نەپچڕاوە ئاستێک لەزمانەکەی ڕزگار کردووە کە لەوێدا مرۆ لە باریدایە کە نەک هەر تەنیا بەشێوەیەکی پچڕاو خۆی دەرببڕێ، بەڵکو هاوکاتیش وشەش بداتە دەست پچڕاندن، وشەیەک کە تێکەڵ نابێ، بەوە ڕازی دەبێ کە چیتر نەبێتە ڕێگای پەڕینەوە یان پردێک، وشەیەک کە جۆرە پردێک بەخۆیەوە ناگرێ، کە لەتاکە دیوێکەوە بۆ دیوێکی تری بۆشاییەکی بێ بنەماوە بتوانێ هەنگاوێکی فرەوان وەربگرێ، بەڵکو ئەو بۆشاییە بە هەرچییەک پڕ بکرێتەوە یان جارێکی تر لێکترازانەکانی پێکەوە ببەسترێنەوە (بەبێ ئاماژەکردن بە یەکایەتی).

لەنێوان ئەو چەشنە پچڕاندنانەی، کە من پێناسەم کردن، جیاوازییەکی تیۆریی ڕوون هەیە. ئەو جیاوازییە وەڵامی دوو جۆرە ئەزموونی وشە دەداتەوە، یەکێکیان دیالێکتیکییە، دووەمیشیان نا-دیالێکتیکییە: ئەوەی یەکەمیان وشەیەکی گەردوونییە کە بەدوای یەکاتییەوە وێڵە و کۆمەکی خەمڵاندنی گشتایەتی دەکا، ئەوەی دووەمیشیان وشەی نووسینە کە هەڵگری پێوەندییەکی بێکۆتایی و نامۆییە، هەروەک ئەو وشەیە بەر لە هەموو شتێکیش لە دیمەنێکی شیعرییانە، یان ئەدەبیدا دەردەبڕدرێ. لێ سەرباری ئەمەش ئەو جیاوازییە یەکلاکارە لە ئەرکە یەکلاکارییەکەیدا هەمیشە دووانە مانایە: کاتێک دوو کەس پێکڤە دەئاخڤن ئەوە بێدەنگەکەیە کە لەوتووێژەکەیاندا ڕووخسەتی نۆرە گۆڕی دەدا کە ئەمەش لە دەستپێکی وتووێژەکەیاندا دەبێتە پشووەکی سەرگێژکەرانە، لێ لەو جێگۆڕکێیەشدا ئەو پچڕانە دەتوانێ ئاماژە بۆ ئەو چالاکییە نەناسراوە بکا.(٢) بەڵام پچڕانێکی دیکەی زۆر گرنگتریش هەیە. کاتێک توانیت قسەکردن بچڕێنێ، ئەوە مرۆ نازانێ- کە هەرگیز ناتوانێ بە تەواوی ئەوە بزانێ- ئەوەی کە دەگۆڕێ، ئەگەر ئەو پچڕانەی کە دەرفەت بەنۆرە گۆڕینەوەی قسەکردن دەدا، یان ئەو پچڕانەی کە وشە دەگەڕێنێتەوە تاکو لە ئاستێکی تردا دروستی بکاتەوە، یان ڕەتکردنەوەی ئەو پچڕانەی کە دوورە لەوەی ببێتە ئەو وشەیەی کە هەناسەدان دروستدەکا. بۆ نموونە کاتێک پچڕاندن بەند دەبێ بەماندوو بوون، نارەحەتی یان ناخۆشییەوە (ئەو شێوانە ئاساین) ئەوکات ئێمە دەزانین کە ئەو پچڕاندنانە لەکام ئەزموونەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە؟، دەکرێ ئێمە لەکایەی ئەو پچڕاندنە دڵنیابین، سەرباری ئەوەی کە ئەگەر ئەو پچڕاندنە بە نەزۆکیش کرابێت، تۆ بڵێی پچڕاندن لە خودی خۆیدا نەزۆک بێ؟ نا، ناتوانین وا بڵێین (ئەوە ماندوویەتی و نارەحەتیش دەگرێتەوە)؛ بەڵکو ڕاستییەکەی ئێمە گومانمان هەیەکە نارەحەتی (یان ماندوویەتی یان ناخۆشییەک) لەنێوان بوونەکاندا بۆشایەییەکی بێکۆتایی ئاوەڵا بکاتەوە، ڕەنگە ئەوە زۆر گرنگ بێ کە ئەو بۆشاییە، بەهۆی جێهێشتنی بۆشاییەوە، ببێتە دروستکردنی دەربڕین، بەم جۆرە ئەو ئاخاوتنەی کە لەماندوویەتی، نارەحەتی یان ناخۆشیدا گۆڕانی تیادا ڕوودەدا دەکرێ بە پێودانگی ڕەهەندی بێکۆتایی زماندا ببێتە ئاخاوتنێک. ئاخۆ ئێمە ناتوانین فرەتر بڕوانین؟ دەبا جۆرە پچڕاندنێک وەربگرین کە پڕا و پڕ بێلایەنە؛ کە چیتر لە ڕووی دەرەکی زماندا نییە، بەڵکو لەدەرەوەیەتی و لەپێش هەموو وشەیەک و هەموو بێدەنگییەکیشە؛ ئێمە دەتوانین ئەو پچڕاندنە بە پچڕاندنێکی بێڕادە و ئەوپەڕی مانا ناودێر بکەین. ئێمە بەوە ئەو خاڵەی پچڕاندنەمان پێکا کە دەکرێ ئێمە ڕزگار بکا، ئەگەر مانایەکی لەم جۆرە باڵایە، کە نەک هەر لە هەموو ئاوەزێک دایە (کە زۆر نییە)، بەڵکو هاوکاتیش لە هەموو نائاوەزەکانیش دایە، دەمەوێ بێژم ئایا ئەو ئاوەزە وەک شێتایەتییەک هێشتا لە ئارادایە؟ ئێمە لێرەدا ناچار نین لە خۆمان بپرسین کە ئەو جۆرە پچڕاندنە چۆنە- ئەوەی کە خۆی دەستەمۆ نییە- بەوە خۆمان تووشی مەرجێک دەکەین کە ئێمە دەبێ لە ڕێگای ئاخاوتنەوە دژی بین، وێڕای ئەمەش کە ئاخاوتن هەمیشە مەرج لەسەر ئەوە ناسەپێنێ کە دەبێ لەخودی زماندا هەموو دەربڕینێکی زمان ماناهەڵگر بێ؟ دەمەوێ بێژم کە ئاخۆ لە ناوەکی زمانەوە ئەو دەربڕینە ببێژە، وەک ئەوەی لە دیدی ئەو «دەرەوە»یە بئاخڤی، هەروەک لەو ڕێگایەوە لەگشت وشەیەکدا ئەوە بدۆزییەوە کە ئەمەش مەترسییەک دروستدەکا کە بەدژی ئەوەی کە بە هەموو ئاخاوتنێکەوە بەستراوەتەوە هەڵگەڕێتەوە؟ کە بنووسی، کە لەناوەوە بازنەیەک ڕابکێشی کە هەموو دەربڕینێکی بازنەیی تێیدا بنووسرێتەوە...

ڕێگامان بدەن لێرەدا بوەستین و ئاکامگیرییەک دەستەبەر بکەینەوە. لە بەراییڕا ئێمە دوو لێکجوودا کردنەوەمان هەیە کە وەڵامێکە لە بەرانبەر مەرجێکی دیالێکتیکی و نا-دیالێکتیکی وشەدا: ئەو پشووەی کە

ڕێگە بە نۆرە گۆڕینەوە دەدا؛ ئەو چاوەڕوانییەی کە ئەو مەودایە بێکۆتاییە دەپێوێ، بەڵام ئەو چاوەڕوانییە هەر تەنیا خاڵی پچڕاندنێکی هاوئاهەنگ ڕاناگەیەنێ کە ئەو دیمەنە شیعرییە ئامادەکا، بەڵکو هاوکات شێوەی پچڕاندنەکانی دیکەش ڕادەگەیەنێ، کە زۆر قووڵ و ناساغە، زیاتر و زیاتر ناساغە، لەو جۆرە پچڕاندنانەش هەمیشە لێک جیاوازییەکانیان زاڵ نین بەڵکو فرە مانایی دەرەخسێنن. ئێمە سێ جۆری پچڕاندنمان لێکتر جودا کردەوە: لە یەکێکیاندا بۆشایی دەبێتە هۆ- لەوێدا بۆشایی ماندوویەتی و ناخۆشییە- پچڕاندنێکی باڵاو ئەوپەڕی ماناهەڵگر، لەوێدا نەمانی خودی هۆ دەپێکرێ (ڕەنگە ئەوە بیرکردنەوەکە بێ). پچڕاندن بۆ ئەوەیە تاکو تێبگەی. تێگەیشتن بۆ ئەوەیە کە بئاخڤی. لە کۆتاییشدا: بئاخڤە بۆ ئەوەی بچڕێنی و تاکو ئەو پچڕانە مەحاڵە مسۆگەر بکەی.

## کتێبی پرسیارەکان

ئەو تێڕامانانە ئەبستراکتن. لێ ئەگەر کەسێک بخوازێ ژیانیان پێ ببەخشێ، ئەوە من پێشنیار بۆ ئەو کەسە دەکەم کە کتێبێک بخوێنێتەوە کە لە یادەوەریی مندا ماوەتەوە، هاوکاتیش کە من خۆم هەوڵمدا شێوازێکی زۆر گشتی ببەخشمە ئەو تێڕامانانە. من پەیمانم بە خۆم دابوو کە لەسەر ئەو کتێبە هیچ شتێک نەڵێم. هەندێ بەرهەم هەیە پشت بە کارامەیی ئێمە دەبەستێ. ئێمە کە ئاماژە بەو کتێبانە دەکەین، یان باشترە بڵێین کە ئێمە لەو گەردوونە، گەردوونێکی دەمکوتکراو هاوڕێیانە، دەریان دەهێنین کە هی خۆیانە، کارێکی ناڕاست دەکەین، بەڵام گۆشەنیگایەک هەیە کە دواجار ئەو خەمگینییەی کە لە ناوەخنی هەر کتێبێکی گرنگدا هەیە، بۆ ئەوەیە تاکو باسی ناسکترین یان ئازاراویترین کتێب بکا، کتێبەکە لە ئێمەدا ڕزگار بکا و بازنەکە بپچڕێنێ. ئیتر لەمە بە دواوە کتێب بەهیچ شتێکەوە پابەند نییە؛ هەر ئەمەشە کە کتێب دەکاتە کتێب.

من لە کۆی کۆپلە، هزر، گفتوگۆ، بەردەوامیی، جووڵانەوەی داستانبێژی و وشە سەرگێژەکاندا کە تاکە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆی شیعریی پێکدەهێنێ، گشت توانایەکانی پچڕاندن لە بەرهەمێکدا دەبینمەوە، کە ئەمانەش هەموویان ئامێز بۆ نووسین- ئەو منگە منگە بێ پچڕانە، ئەوەی کە لەوەستان بەدەرە- دەکاتەوە، کە پێویستە بە پچڕاندن تێیدا بنووسرێ. لێ لێرەدا، لە «کتێبی پرسیارەکاندا»- لەپاڵ ئەمەشدا ئەو وزە نادڵنیا و ئازارانە- نەک هەر بەر ڕێگەی ئەو کۆپلە شیعریانەی کە لە هەموو ناوەرۆکەکانەوە پچڕاندنەکان تۆمار دەکا، بەڵکو وەڵامیان دەداتەوە و تاقیشیان دەکاتەوە، ئەمەش تاکو پاشان دیسان بیچنێتەوە و بیکاتە ئاخاوتن، کە هەمیشە دوو کەرەت لە هەر کەرەتێکیشدا دووجار ڕوو دەدا: ئەو مێژووەی کە لەونووسینەی کە لە پەراوێزەکانیدا هەیە؛ لەو مێژووەی کە لەوێدا سێنتەری پچڕاندن بە ئایینی جوولەکە ناودێر دەکرێ؛ لەو نووسینەی کە بۆ شاعیر ئاستەنگێکە، ئەو مرۆڤەی کە دەخوازێ دادپەروەرانە بئاخڤێ؛ لێ هاوکاتیش دادپەروەریی سەختییەکە، قانوونی ئاینی جوولەکە، وشەی نووسراو کە مرۆ ناتوانێ یاریی لەگەڵدا بکا، کە تاکیشە چونکە بنەچەکە و ماندوویەتی پیتە. ئەمەش خاڵی پچڕاندنێکە کە ئێمە لە مێژوودا تاقی دەکەینەوە، بەم جۆرە لێرەدا کارەساتێک دەئاخڤێ کە ئێستا لەپێش چاوی ئێمە دایە- کۆکوژیی- زەبر و زەنگییەکی شوومی بێکۆتایی: ئەمەش خاڵی پچڕاندنێکی دڕندەیی دەسەڵاتە کە ئامانجی ئەوەیە ڕۆژگارێک بئافرێنێ و ناودێریشی بکا. دوای ئەو خاڵی پچڕاندنە، خاڵی پچڕاندنێکی سەرچاوەیی هەیە کە بەر لە مێژووە و چیتر تاقی ناکرێتەوە، بەڵکو پێکهێنەری مەرجێکە، هەروا بە نیشانکردنی مەودایەک بۆ هەموو دەسەڵاتێک ماوەی ئەو پشووە سنووردار دەکا کە لەوێدا ئاینی جوولەکە خۆی ڕادەگەیەنێ: ئەو خاڵی پچڕاندنە کە ئەو «برینەی... کە سەرەتایەکەی نادیارە» نیشاندەدا، «ئەو برینەی کە لە ڕەگەزێک لە دایک دەبێتەوە کە سەرچاوەی لە کتێبەوە هاتووە»، ئەوە هەر ئەو برینەیە کە ڕابردوو و ڕەوتە بەردەوامە تێکەڵاوەکەی لەگەڵ نووسیندا دەتوێتەوە». ئەمەش ماوەی ئەو پشووە، ئەو مەودایەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ زۆر بۆ هێنانی شت و باڵادەستی پێشهاتەکاندا خۆی ڕادەگەیەنێ، هاوکاتیش ئەو شوێنە دەستنیشان دەکا کە لەوێدا ئاخاوتن دروست دەبێ، ئەو ئاخاوتنەی کە چیتر بۆ ئەوە داوەتی مرۆڤ ناکا کە خۆی لەگەڵ دەسەڵاتەکەیدا پێناسە بکا. وشەیەکی مەحاڵ. مرۆ دەکرێ لە مێدیتەشیۆنە/ خەڵوەتەکەی (ئێدمۆن یابیس)ی شاعیر(*) لەو دیمەنە شاعیرییەوە تێبگا و هاوکاتیش دەکرێ مەرجانەکانیشی لەگەڵ مێدیتەشیۆنێک بەسەر هاوپشتە ڕاگئاژۆ و ڕاماوەکەی لە

ڕەوشی جوولەکەکاندا هاوڕەوت بن، کە ئەمەش شتێکی هاوچەرخە، بەڵام هەڵبەت مەحاڵە مێژووەکەی بزانرێ. (٣) «من بۆ ئێوە باسی ئەو سەختییەم کرد کە هەموو جوولەکەیەک، نووسینەوەیان وەک خودی نووسین سەختە، لەبۆیە ئاینی جوولەکە و نووسین بێجگە لە هەمان چاوەڕوانی، هەمان ئومێد، هەر هەمان شەکەتی، هیچی تر نین». هەربۆیە «کتێبی پرسیارەکان» هەمیشە دووجار نووسراوەتەوە؛ ئەو کتێبەی کە جووڵانەوەی دابڕان بەزمان دێنێ کە ئەمەش کتێب سازی دەکا، لەوێ ئەو کتێبەی کە ئەوەی دەستنیشانکرد کە «تەرزە وشەیەکی قاڵبۆوەیە کە سەر بە مێژووە و لەلای گەلێکدا کە بۆ ناو خودی خۆی گەڕاوەتەوە لەنوێوە دەست پێدەکا»- ئەو جووڵانەوە دووانەییە کە (ئێدمۆن یابیس) بەرجەستەی کردەوە، ئەوەبوو کە یەکاتییەک بەوە ببەخشێ یان تاکو بتوانێ لەگەڵ خۆی ئاشتی بکاتەوە.

بەم جۆرە ئەوە دەبێتە ڕاستییەک کە ئەو چاوەڕوانییە بەتاڵ و چارەنووسسازەش ئەوە دەهێڵێتەوە کە لەسەر تەختەی بنەوەی کتێبەکەدا دەنووسرێتەوە، نووسەرەکەش دەکات بە پاسەوانی تەختەکە، نووسینی نووسەرەکە دەکا بە بیابان و ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکا کە ببێتە بۆشایی و نائامادەیی پەیمانەکە؛ ئەگەر ئەو چاوەڕوانییە وەڵامی چاوەڕوانییەکی دیکە بداتەوە (وەڵامی بیابانێکی تر بداتەوە)، کە لەوێدا ئەو دە وشە قەدەغانە لە ئاستێکی باڵای نەبینراودا دەربڕدران، کەواتە بە دڵنیاییەوە لەنێوان ئەواندا بۆشاییەک، مەودایەک و پچڕاندنێک هەیە، چونکە پێش هەموو شتێک تابلۆی قانوونەکان، دوگمە بزوێنەرەکەی ئەو نیشانە خواوەندییە، تێکدەشکێ (کۆستەکە بۆ سزادان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پەیامەکە بهێنێتەوە) و سەر لەنوێش دەینووسێتەوە، لێ ئەمەش بۆ ئەوە نییە کە دیسان لە کاتە بنەچەکەیەوە بیخولقێنێتەوە: مرۆڤ دەبێ لە وشەی شکاوەوە خۆی ئەوە فێر بکا کەئەو مەرجە بگەڕێنێتەوە تاکو بۆی بئاخڤێ: ئەمەش بەمانای وشە باس لە یەکەم تێگەیشتن یان وشەیەکی بنەچەکەیی و ساغ و سەلیم ناکا؛ ئەمە هەروەک مرۆ هەمیشە بۆ دووەم جار گوتبێتی، دوای ئەوەی کە ڕازی نەبوو گوێی لێ بێ و تێبگات، دوای ئەوەی کە لەگەڵ بنەچەکەدا مەودای وەرگرت. لەلایەکی تریشەوە- ڕەنگە ئێمە بتوانین ئەوە ڕێسایە بنەڕەتییانە لەو «وشە قاڵبۆوە» وە بهێنین- یەکەمین دەق بەم جۆرەیە (کە هەرگیز یەکەمین دەق نییە) وشەیەکی نووسراو (جا ئەو وشەیە چەندیش خواوەندی نەبێ، جا ئەو وشەیە هەر چییەکمان پێ ببەخشێ کە وابکا بیری لێنەکەینەوە، ئەو وشە سەرەتایەکە جگە لە خۆی پێش هیچ وشەیەکی تر نییە، تاکە واتایەکەشی سزادارە و مەرجەکەشی هەمیشە لە سزاداران زیاترە). لە یەک کاتیشدا دەقێکە بە تێبینییەوە کە ئێمە نەک تەنیا ناسنامەکەی دووبارە دەکەینەوە، بەڵکو فێری ئەو لێکجیاوازییە بەتاڵ نەبووەکانی «وڵاتی دایکی جوولەکەکان»مان دەکا، ئێدمۆند یابێس لەمەر ئەو دەقەوە دەڵێ: «دەقێکی پیرۆز بە تێبینیگەلێک گەمارۆ دراوە کە هەر خۆشی بەرهەمیهێناوە». بەهای شرۆڤەکردنی بیبل (ئینجیل) بریتییە لەو سەنگینییەی کە نەریتی ڕابینی دانی پێ ناوە: واتا ئەو ڕێسایە نووسراوە، ئەو دەقە بنەچەکە نابنەچەکەیە، پێویستە هەمیشە بەو دەنگەی کە تێبینی لەسەر ئەودەقە یاداشت کردووە بگوترێتەوە- بەو تێبینییە زارەکییەی کە دوای ئەو نایێ، بەڵکو ئەو دەقەی کە هاوچەرخە، دیسانەوە دەربڕدرێتەوە(٤)- بەم جۆرە ئەو دەنگە، ئەو دەقە، ڕێسایە نووسراوانە دەگەڕێنێتەوە، لێ بەو ڕێسایە لێکجودایانەوە یەکایەتییەکی بۆ دروست ناکا کە پێودانگێکە بۆ کۆتاییەکانی. بەم جۆرە ئەو دەقە هاوچەرخە، کە دەقێکی پیرۆزە، وشەی نووسراو و ناوکۆیی ڕاڤەکراو بەو شێوە لاوەکییەوە پێشکەش دەکرێ، کە ئەم جارە بە توانستە ڕاستەوخۆیەکەی، کە مەودایەکی لەگەڵ خۆیدا هێشتۆتەوە، هاوکاتیش ڕەنگە بوێری بێت کە مرۆ بڵێ، کە ئەو دەقە، ڕق-ێکە (ex-ecre).

بەو ئەزموونە سەخت و تووڕەییەی کە لە ئاینی جوولەکە دایە- پچڕاندنێک کە هەمیشە عەوداڵە بەدوای ڕابردوویەکی دوور، ئەو گەڕانەوەیەش تەنیا بەدوای تابلۆی ڕێساکانەوە نییە، بەڵکو هاوکاتیش لە تەک خولقێنەرەوە (عەشق وەک کەمایەسییەکان) بگرە عەوداڵە بەدوای بەرزیشەوە؛ وێڕای ئەمەش عەوداڵە بەدوای ئەزموونێک لە شرۆڤەکردنی نەریتێک کە سومبولەکە هەڵناهێنێ، بەڵکو لەو میانەیەدا جێگەی خۆی دەگرێ کە ئەوان لەوێدا نیشانی دەدەن-، بە ڕێگەی ئەو ئەزموونەی کە خاوەن وشە- شاعیر- ورووژاندی، جەختی کردەوە هەست بەخۆی دەکا، بەڵام هاوکاتیش خستییە ژێر پرسیار و بەخۆشی خۆی خستە ژێر

پرسـیـارەوە. مـرۆ هەرگـیـز ناتوانێ پچ- راندن بکا بەدادپەروەر. بە دێوێکی تریشـەوە، ناتوانێ وەڵامی رەخنەگرێکی توورە، پاسەوانێکی سەرسەخت بداتەوە، کاتێک ئەو شیعرییەتێکی شایەدحاڵ رەتدەکاتەوە، ئەو وشە بێلایەن و سەربەخۆیەی کە وێدەچێ نەتوانێ شتێک تۆمار بکا، کە وێدەچێ نەدان دەنێ و نە شوێنپێیەک بەجێدەهێڵێ و نە بشبێتە بێ زامنکردنێک. لێ لەلایەکی تریشەوە، چۆن شاعیر، بەبێ ئاکتۆریتێت و زاڵبوون- کە شاعیر رازی بووە کە بەوپەڕی بەرپرسیارییەوە وەڵامی ئەو پچڕانە بداتەوە کە هەمیشە وشەکەی دەپچڕێنێ و لە نا ئەمەکدارییەکەیەوە دەیکات بە ئەمەکدار- بتوانێ ئەو وشەیە بەرەو یەکەم پەیامەکەی، لەسەرچاوەکەیەوە بەرەو رەسەنەییەکەی، لە راگەیاندنە ترانسێندێنت/ پابەندی بوونێک بە بوونێکی تری بوونایەتییەکەی کە بە مەودای نێوان خوڵقێنەر و خوڵقاوەوە دێتە دەرەوە تاکو بتوانێ مامەڵە لەگەڵ رەهەندە راستییەکەی پچ- راندندا بکا و هاوکاتیش بەو شێوەیە بنەمارێژی بکا و بیوەستێنێ، بگەڕێنێتەوە؟ هەروا بێگومان شاعیر نە هەڵگری واتاگەلی خوایەکانە و نە جێگیرەوەی خوایەکانیشە، هاوکاتیش شاعیر ئەو رووخسارە نییە کە چاوەکانی لە بەرانبەر نائامادەیی ئەواندا نووقاندبێت. هەروەک شاعیر ئەو کەسە نییە کە- وەک خۆ تەرخانکارێک بۆ وشە- تاکو ئەو بانگراهێشتنە وەربگێڕێ و ئەو کەسەش نییە کە خۆی بۆ ژیانی ئەبەدی تەرخان کردبێت، تواناداریێکی خاوەن راستی، وێنایەکی خواوەندی نییە کە جادووگەریی بکا، جادوویەک کە بتوانێ باڵاترین رۆڵی ئازادی بگێڕێ، هەرچەندە ئەگەر ئەمەش لە بازنەی خەیاڵاندن روویدات. شاعیر نە سەربەخۆیە و نە ناسەربەخۆشە، یان بەواتایەکی تر: شاعیر ئەو ناسەربەخۆیە نییە کە شوێنی ئەوە خاوەن ئاکارێک نییە.

دیسکورس/ گوتاری شاعیر دیس- کورسێکە. ئەو دیس- کورسە لە گشت ئەو ئاستانەدا- وەک بەرهەم- وەک ماندوویەتی، ئازار، ناخۆشی- وەک بێ کارییەک لە ئامادەیی بەرهەم، ئەو دەکاتە بەرپرسیاریی پچڕاندن. ئەمەش ئامۆژگاری شاعیر دەکا کە بێ وچان بپچڕێنێ (پچڕانێک کە زانیارییەکە لەسەر ئاواز)، چونکە شاعیر دەزانێ کە تەنانەت وشەش دەتوانێ ببێتە دەسەڵات و زەبرو زەنگ، دەسەڵاتێک کە هەرچەندە قەدەغەیە و هەڵگری پەیامێکیشە، مەترسی لێدەکرێ کە بتوانێ ببێتە ئەو توانستە رووتەی کە قەدەغە بێ (کە لە هەموو ئەخلاقێکدا رووەدا).

«هەرگیز ئەوە لەیاد مەکە کە تۆ شانەی لەناو پچڕاندنێکدا». ئەودوو ئەزموونە، ئاینی جوولەکە و نووسین، کە ئێدمۆن یابێس توانی پێکەوە لە یەکگرتن و لێک جیاوازییەکانیانەوە، هاوکاتیش بە بانگهێشتنە دوانەییەکەیەوە بە شێوەی رازیکردن و چاوتێرییەکەشییەوە، دەریانبڕێ و نمایشیان بکا، بەم جۆرە بنەچەکە هاوبەشەکەی لەو پچڕاندنە واتاگەلە دایە، پچڕاندنێک کە، بە برووسکەدانی بۆ پێشەوە، لە سێنتەرەکە (شانەکە، یەکایەتییەکە)وە بێ پسانەوە دادابڕێ، لەوەش زیاتر ئەمە بە دیار دەخات، بەڵام رەنگە ئەو پچڕاندنە تێکشکاندنی سێنتەریش بێ، کە تەنیا ئەو خاڵە بزۆکەشە کە سێنتەرێک دەشکێنێ. «ئەو رێگایەی کە من هەڵمبژارد هەڵدێرتیانە... ئەو رێگایە لە سەختییەوە دەستپێدەکا کە نەووسراو بێ- لەو سەختییەشەوە دەچێتە دەرەوە. «ئێدمۆن یابێس» سەرکەوتووانە لەو ئاستەنگەدا توانی ئاراستەیەکی راست بگرێ، بەبێ ئەوەش لێی کەم بکاتەوە. رەنگە لەو کتێبەدا گرنگترین کارێک کە ئەنجامی ئەوە بێ: کە ئیدمۆن بچێتەوە ناوخۆی، سەرباری ئەوەش کاتێک کە پێویستە وەڵامی ئەو ئازارە مەزنەش بداتەوە. ئەو کتێبە حەزی لەخۆ دەرخستن نییە، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی کە بێدەنگ بێ لە گشت ئەو شتانەی کە دەبێ بیانبێژێ، بەڵکو تاکو خۆی لە شوێنێک یان لە ئەو کاتەی کە لەنێوان وشە دایە بهێڵێتەوە، کە لەوێدا رێسایەکە، پچڕاندنە چاکەکەی پەیامەکە، سەرسەختییەکەی نەرمتر دەکاتەوە و هاوارەکەش دەبێتە «بەرگەگرتن»، هاوارەکە بۆ وەرگرتنی بڕیارێک دەبێتە هەڵوەستەیەکی خێرا کە سەرەتا بناغەیەک بە پرسیارێک دەبەخشێ، پاشانیش دەستەبەرکردنی خوێندنەوەیەکی ئەزبەریانە هەڵوەستەیەک دەکا، بەم جۆرە ئەو دوو گەوهەرە لێکدابڕاوە کە بە جادوویەکی خواوەندیانە، سارا و یوکل (ئەو دوو کەسە لێکدابڕاون چونکە هەردووکیان هەڵگری هاوبەشییەکی قووڵن: ئەوان لێکجیابوونەوە چونکە ئەوان تێکەڵ یەکتر بوون)، کاتێک ئەوان خۆشیان ئامادەش نین بە شێوەیەکی زۆر پارێزراو ناودێر دەکرێن، کە بە کتێبی ئاگادارکردنەوە پێکەوە تێکەڵاوی یەکتر دەبن، دەبنە

وێنایەكی خـواوەندیی، سـەربای ئـەمـەش لە چاوەڕوانی پێكگەیشتن و جیابوونەوەدا دواخراوە ئەبەدییەكەیاندا لە یەكاتییەكەیاندا دەمێننەوە. لێرەدا دەبێ ئێمە لەسەر ئەوە كۆك بین- كە هەربۆیە وێدەچێ ئیدمۆن یابێس نەكەوتۆتە ژێر كـاریگەریی ئەوانەوە- ئەو حـیكایەتە مـوسـتـیـك/ سـۆفـیـگەرییـە دڵگیـرانەی ئاینی جـوولەكـە، كـە سیـحرەكانیان زوو لە كـتێـبەكەی «Gog und Ma-gog»ی مـارتین بوبەر جێگیـربوون (ئێسـتـاش ئێـمـە دەتوانین ئەو حـیكایەتانەی كـە ئەو لە بەرگـێكدا كـۆی كـردوونەتەوە بخـوێنینەوە، كـە لای منیش شـتـێكی نایابە)(٥) ئەو پێوەندییە هێشتا سەرنج نەدراوەی نێوان ئەو شاعیرە نوێگەر و شۆڕشگێڕانەی كە لە داستانە شەڕ و كـۆست ئـامـێـزەكـانی ڕۆژهەڵاتدا دەبینرێن، واتا ئەو داستانانەی كە لە چوارچێوەی وێنەكێشانی ڕووداوەكانی ژیان و دابونەریتێكدا بەرجەستە دەبنەوە. من دەتوانم بە ناسینی ئەو دوا ڕابەرە سۆفیگەرەی جوولەكەكان، كـە مارتین بوبەر بە ئێمەی ئاشنا كردن، ئەو داستانانە ڕوون بكەمـەوە، كـە ئەو سۆفـیگەرە بە تەنگژەشـەوە هاوچەرخ بوو- تەنگژەیەك كــە تایبــەتمەندییــەكی هەیە بەوەی هەمیشە هاوچەرخ بێ: ئەو سۆفیگەرە جوولەكەیە، بەبێ دوعایەك، لێ سەرباری بێكۆتاییەكەی، لە توانای دابوو شەرمنێكی بێدەنگ بێ. لەو بێدەنگییەدا ئاكتۆریتێتی/ شكۆمـەندی بوونایەتی یان دوعـای نوێژ گـوزارەی لێ ناكــرێ، بەڵكو تەنیـــا «هاوارێكی بێ دەنگ»، و «فرمێسكە لاڵەكان» دەردبڕدرێ كە دەگـەڕێنەوە دواوە. هەروا مارتین بووبەر (فەیلەسووفی جوولەكەی ئەڵمانی. و. كوردی) لەسەر ئەو هاوارە بێ دەنگە دەڵێ، كە ئەوە بەرتەكی گـەردوونیـانەی جـوولەكـەكـانە لەهەمـبـەر ژانە مـەزنەكـانیـاندا: لە تەك ئـەو چركە سـاتەی كـە «گـشت شتێك ورد و خاش دەبێ» ئەو هاوارە «ئێمەش بە هاوار دەخـا». هەروا هەمـیـشـە ئەو هاوارە ئەو وشـەیەی كـە وادەكـا شــیــعــریش هاوار بكا، وشـەیەك وێڕای هانابەخـشـیـیـە ڕاسـتگۆییـەكـەی، هاوكـاتیش وەك هاوڕێیەكیشە.

**لە وشەیەكەوە بۆ وشەیەكی تر**

**بۆشایی مسۆگەر**

**سەرچاوە:**

گۆڤاری «Kris»، ژمارە٣٨، ساڵی ١٩٩٨، شایەنی باسـە گـۆڤـاری نـاوبراو، گـۆڤـارێكی هزری بوو كـە لە نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو كۆمەڵێ نووسەری هزرڤانی سوێدی سەرپەرشتیان دەكرد.

**پەراوێز:**

(١) من سـەبارەت بەوە ئاماژەیەكم لە كـتـێـبـەكـەی یودیت ڕۆبینسۆن:

("Lanalyse de Lesprit dans les Cahiers de Valery", Judith Robunsons, Editions Jose Corti). M.,

دۆزییـەوە. مـۆنتـێل ئەم سەرگوروشـتـە دەگـێڕێتـەوە: «ماتماتیككارەكان ئامرازێك بەكاردەهێنن كە ئەوان بە ڕووبەرێكی یومـێـتـری ئەندازەیی (ڕابمانیـوتە) ناودێری دەكەن: ئەوە دەفـتـەری یاداشـتـێكی ئایدیالیـیـە كـە بە گـوێرەی پێـویست چەند لاپەڕەیەكی وەكو یەك بەخۆیەوە دەگرێ، دەفتـەرێك كە تەواوی چڕایەتییەكەی هەمیشە سفـرە، لاپەڕەكانی ئەو دەفـتـەرە بە گوێرەی هەندێ ڕێسا پێكەوە چەسپ دەكــــرێ. ئـەو مــــاتماتیككارانە ئاخـــاوتنگەلێكی جـــودا لە ڕووبەری ئەو لاپەڕانەدا دەنووسنەوە، لەوێدا زۆرێك لە ئاخاوتنەكان جێگەیان لە لاپەڕەی جودادا وەردەگرن. ڤالێری لەكاتی ئاخاوتنێكدا بەمنی وت: «ئێوە پێتان وانییە كە وتووێژكردن بە شێوەی پێـوانی ڕووبەری مـاتماتیكی (ڕابمانئـوتا) دەگـۆڕێ؟ من شـتـێك بە ئێـوە دەڵێم؛ ئـەمـەش لەلاپەڕەی یەكـەمـدا بنووسرێ، بەڵام هاوكاتیش ئەوەی كە من پاشـان دەیڵێم لە لاپەڕەی دووەمـدا تاووتووێ دەكـەم، هەروا ئەوەی كـە دوایی دەیڵـێم لەلاپەڕی سـێـیـەم دەینووسـمـەوە. ئێـوەش لەكاتی ئەوەی كە ئەو شتانەی كە بەنیازن پاشان بیڵێن لەلاپەڕەی دووەمـدا پاشەكەوت بكەن، بۆ خـۆتان وەڵامی من لە لاپەڕەی یەكـەمـدا بنووسنەوە.» بەدڵنیـاییـەوە ئەو وێنەیە دەبێـتــە ئەوپەڕی ناڕازیبــوون، چونكە لێــرەدا وێناندنەكە تەنیـا پشت بەوە دەبەستێ كـە مـرۆ دەتوانێ ئەوە بە پرینســـیـــپی وشــەی ئاوێزان بەدواوە، نەك ئاوەڵابوونێكی تەواوی زمان، ناودێری بكەین.

(٢) یان دەكـرێ بە ئاسـانتـرین شـێـوە بڵـێین: لە گفـتـوگـۆیەكـدا ئەكـتـەرە سـەرەكـییـەكـان بەشێـوەیەكی

دابەشکراو دەپەیڤن، کە ئامانجەکە هاوبەشییە، ئەمەش بۆ ئەوە نییە کە کەسایەتی یەکتر بڕووشێنن، بۆچوونی سنووردار و جیاواز لە بەرانبەر یەکتردا دەربڕن، (ئەوەش ڕوانگەیەکی دیالێکتیکییە)، بەڵکو بۆ ئەوەی کە وشە وەک جیاوازییەک بۆ زمان ئامادەیی هەبێ، واتا بۆ ئەوەی خودی ئەو پچڕاندنە وەک تەنیاییەکی توانادار بناغەی جیاوازییەک مینا وشە بەرجەستە بێتەوە.

(٣) لێرەدا من مەبەستم تەنیا لاتەریکییەکان نییە لە کەسایەتییەکی مێژووییدا، بەڵکو مەبەستی من جۆرە ڕاستییەکی ترە: «کە تۆ جوولەکە بووی» چیتر مانای شوومی (یان بەهایەک)- وەک ڕەگەز، بایۆلۆگی یان ناوبردنێکی بیۆگرافیی ناگەیەنێ- بەڵکو مانای توانستێکی ئازادی بێ مەرج دەگەیەنێ. مرۆ دەکارێ بڵێ کە بێ دوودڵی پەیوەستبوونی ئێمەش بە «مرۆڤایەتی» هەر بە هەمان شێوەیە: هەر بۆیە وا دیارە هەردوو پەیوەستبوون بەندن بە جێگۆڕکێی هەمان چارەنووس. مرۆ بەحەزی خۆی نابێتە جوولەکە. مرۆ بەر لەوەی جوولەکە بێ دەبێتە جوولەکە، بوونی ئەوبەر لەوەیەی کە دەکەوێتە پێش بوونایەتی، هەروا مێژووش، مرۆڤێک لە سروشتێک (لە زانینی ناسنامەیەکی سروشتیدا) ڕەگئاژۆ ناکا، بەڵکو لە ئێگۆ (من)ێکدا کە پێشتر داڕێژراوە وەلێ هاوکاتیش هەرگیز نەگیشتۆتە جێ، کە مرۆ پێویستە بەبێ ئەوەی کە بەرپرسیارەکەی خۆی ڕەتبکاتەوە وەڵام بداتەوە. بۆیە «سروشتی مرۆڤی جوولەکە» یەکجار زۆر «خۆپارێزییە»، دەچنەوە ناو خۆیان، جا دەبێ بە ڕامانێکی ڕاماوانەی بێکۆتاییەوە دەرکی بکەین کە هەمیشە ڕەنگدانەوەیە جەختکردنەوەیەکەکە لە سروشتیش زیاتر ڕەگئاژۆیە، مەرجەکەی لە سروشت بالاترە، مەرجێک کە مرۆ، هەرچەندە ڕەتیشی بکاتەوە، ناتوانێ خۆی لێ ڕزگار بکا.

(٤) لەکتێبی (Albin Michel) "Difficile Liberte"، لەوێدا ئیمانوێل لێڤیناس بە شکۆمەندی و قووڵاییەک لەسەر ئاینی جوولەکە دەدوێ، لەسەر ئەوەی کە پێوەندی بە هەمووومان هەیە دەدوێ، لەو کتێبەدا مرۆ لە تەک زۆر ڕامانگەلێکی گرنگدا ئەوە دەخوێنێتەوە: «ئەو ڕێسایە ناوبراوە بە نووسراوەکەیە و بۆ هەتا هەتایێ هاوچەرخە. لەنێوان ئەو ڕامانگەلەدا پێوەندییەکی بنەچەکەیی هەیە، تێگەیشتنێک لەو ڕامانگەلەدا خودی ئەتۆسفێری ئاینی جوولەکەیە. کایەی هەر یەکەیان یەکتر دەپارێزن یان یەکتر مەحف ناکەنەوە، بەڵکو دەرفەت دەڕەخسێنن کە پیادەیان بکەی و بیانخوێنییەوە. چوونە ناو ئەو بۆچوونە ڕۆژانەییەکانی ئەمەوە، لەوێدا تێخوێندنەوەیەکی ناسراو لە Tora، لەو «lernen»ە ناودارەی کە شوێنێکی کاکڵەیی لە ژیانی ئاینی جوولەکەدا هەیە ئەنجام دەدا.

(٥) مارتین بوبەر لە مەڕ تاووتووکردنی کارەکەی بەمجۆرە دەدوێ: «من ئەو حیکایەتە سۆفیگەرییانەم لە ئەدەبی فۆلکلۆریی،. یاداشتە تۆمارکراوە جیاجیاکانەوە وەرگرتووە، بەڵام هاوکاتیش من لەو مرۆڤانەی کە هێشتا لە ژیاندا بوون، ئەو مرۆڤانەی کە لە تیرەکانیان وەریان گرتبوو، بیستوومن. من وەک هەر جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی و حیکایەتێکی ئەخلاق ئامێز دەستکاریم نەکردوون: من وەک منداڵێکی لاو ئەو داستانە سۆفیگەرانەم گێڕاوەتەوە... من تەنیا بەردەبازێکی ئەو زنجیرە داستانەم، من مێژوویەکی کۆنم دووبارە گێڕاوەتەوە، ئەگەریش بە داستانگەلی نوێ دەچن، ئەوە بەندە بەوەی کە ئەو نوێیە لە دەستپێکدا کە بێژراون هەبووە.

هاوکاتیش من دەخوازم ئێوە کتێبەکەی ڕۆبەرت میسراهیس «La condition reflexive de lomme juif (Julirad)» بخوێننەوە، بەتایبەتیش ئەو بەشەی کە ناوی: «وای ئەنتیسمیزمی نازیی وەک بنەچەکەی ئەزموونی جوولەکە». لێرەدا من کۆپلەیەکی ئەو کتێبەتان بۆ دەنووسمەوە کە جێگەی خۆبەتی مرۆ بیری لێبکاتەوە: «ئەوکارەساتە قەبەیەی نازییەکان بۆ جوولەکەکان مانایەکی قووڵ نمایش دەکا کە ڕەگەکەی لە ئەنتیسمیزم دایە، کە ئەوەش وەک شیانێکی بەردەوام خۆی دەردەخا کە ئاراستەی جوولەکە دەکرێ... بە ئاگابوون لەو کارەساتە وەک دەستپێکێک بۆ نوێکردنەوەی ئاگایی جوولەکە، چەشنە هەڵگەڕانەوەیەکی تاریکە، نەک بۆ ڕووناکی، بەڵکو بۆ شەو. دەستپێکی ئەو سەرسەختییە، ئەو ئەزموونە بنەچەکەیە کە مرۆ ناتوانێ لە پشتەوەیڕا بۆی بچێت، بۆ ئاگایی جوولەکەکان هەستێکی ئاینی غەمگین پێکدەهێنێ: کە خۆیان فێری دانایی و ترس بکەن... کە (ببی بە جوولەکە) وەک مەیلە و نەبوونێک تێکەڵاو نەبوونێکی بەرۆشنبیریی کراوەیان بۆ پێکدەهێنێ کە تەنیا دەکرێ وەک

پەرادۆکسێک پێناسە بکرێ و دواجاریش ئەمانە دەبنە هەرەشەیەکی بەردەوام بۆ ئەوان. هەروا ڕۆبێرت میسراهی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «ئەنتیسمیزمی نازی هەر تەنیا دیاردەیەک نییە کە بکرێ لە ڕوانگەیەکی سۆسۆلۆژیانەوە بڕیار لەسەر هۆکرد و ستراکچەرەکەی بدرێ... هەرچەندە ئەگەر مەسەلەکە بەم جۆرە بێ، کەواتە هاوکاتیش شتێکی تر هەیە: مانیڤستێکی تەواو زەبر و زەنگانە هەیە کە بەبێ هاندەرییەک ئاراستەی ئەوانیتر دەکرێ، هەربۆیە جوولەکە سکاندالێک دروستدەکا کە ئەمەش بوونایەتییەکی ترە...»

**ناساندنێکی کورت سەبارەت بەماوریس بلانشۆ**

Maurice Blanchot لە ساڵی ١٩٠٧ لە Quain, Saone-et - Loire لە دایکبووە و لە ٢٠٠٣ کۆچی کرد.

بەشێک لە تێزی خوێندنەکەی لە زانستگا لەسەر فیلۆلۆگی ئەڵمانی بوو. شایەنی باسە بلانشۆ لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە سیمینارەکانی هایدگەر لە شاری فریبۆری ئەڵمانیدا ئامادەبووە. لە کۆتایی شەڕی جیهانی دووەمدا لە جەزائیر سکرتێری ئەندرێ جید بوو. لە ١٩٤١دا بە درەنگییەوە وەک یەکەم کتێب ڕۆمانێکی بەناوی (تۆماسی بێفیگیور) بڵاوکردەوە و لەچل و پەنجایەکاندا دوو ڕۆمانی دیکەی چاپکرد. هاوکاتیش زنجیرەیەک وتاری لە گۆڤاری جودا جودا بڵاودەکردەوە، کە پاشان ئەو کۆوتارەی بە کەمێک وردەکارییەوە لە کتێبێکدا بەناوی (کۆوتار) بڵاوکردەوە. بلانشۆ هەم وەک نووسەر و فەیلەسووف خاوەن چەندان کتێبی هەمەجۆری ڕەخنەیی، ئێستێتیکیی، فەلسەفیی سەرنجکێشی دیکەیە، یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانی بلاونشۆ گۆرکی باتالی بوو. هاوکاتیش سەرچاوەی بیرۆکەی بێلایەنی (نیوترال) کە لە دەقەکانی بلانشۆدا ئامادەیەکی گەشاوەی هەیە سەرچاوەی لە هزرەکانی ئێمانوێل لیڤیناسەوە هەڵدەقوولێن. دەکرێ بێژین، کە بلانشۆ بە یەکێک لەگرنگترین نووسەرانی فەرەنسی دوای جەنگ دەناسرێتەوە. ئەوەی بلاونشۆ بناسێ دەزانێ کە شێوازێکی ئەدەبی، یان شیعرییەت لە وتار و کتێبە هزرییەکانیدا ئامادەیە. وێڕای ئەمەش بلانشۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە شێوازێکی سەخت و ئەبستراکت، هاووێنەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی دەنووسێ. ماوەتەوە بزانین کە بلانشۆ بە کەسێکی زۆر گۆشەگیر ناسراوە و لە ئاکامی ئەو خەسڵەتەوە بەوە ڕازی نەبووە کۆڕ و سیمینار بۆ جەماوەر بکا، لە زانستگایەکان وانە بڵێتەوە، چاوپێکەوتن بکا یان لە تێڤێ قسە بکا. هەربۆیە بلانشۆ بێجگە لەودوو وێنەی کە لە ١٩٢٩ گیراون، تەنیا چەند وێنەیەکی دیکەی لە پایزی تەمەنیدا بەرچاودەکەون. ئەو خەسڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینییەکەی خۆی کە ئەو بەگومان بوو لەوەی کە نووسەر وەک دامەزرێنەرێکی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بگێڕێ، ئەو بیرکردنەوەیەش لە شێوازە دانسقەکانی ڕەفتاری ژیان و نووسینەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.لە بۆیە ڕەنگە کەسایەتییە گۆشەگیرییەکەشی وەک ئاکامگیرییەک هەر لەو جیهانبینییەیەوە سەرچاوەی هەڵگرتبێ.

لە کۆتاییدا دەخوازم بێژم، کە ئەوەی هانیدام کە ئەم وتارە بە کوردی بکەم، ئەو شێوازی مەنۆلۆگە سەرگێژکەرە، ئاخاوتنە خوتبە ئاسایە بوو، کە من بە گرفتێکی وێرانکەری زمانی نووسەر و سیاسەتمەداری کوردی دەبینم، کە بە واتای بلانشۆ، خەڵک ناچار دەکەن گوێ لە خوتبە دووبارەکانیان بگرن. هاوکاتیش، وێڕای شێوازە ئێستێتیکییەکەی بلانشۆ، ئەو ڕامانە سەرنجکێشە بوو کە ئەو لەنێوان بیرۆکەی پچڕاندن و پرسی کۆکوژیی جوولەکەکان وێنای دەکا. ماوەتەوە بڵێم، کە من هەوڵم داوە دەست بەو شێوە دەربڕینەی بلانشۆوە بگرم، کە بەشێکی بنەڕەتی ئەو شێوازە، بریتییە لە ڕستەی هەناسە درێژ و چڕو شیعریانە، ئەمەش بەندە بە خودی زمانی فەرەنسییەوە. هەربۆیە وەرگێرە سوێدییەکان، کە هەردووکیان دەیان وتار و کتێبی هزرییان لەبنەڕەتدا فەرەنسیی و ئەڵمانی کردووە بە سوێدی و وانەبێژی فەلسەفەشن لە زانستگایەکی سوێد، بە هەمان شێوە لە وەرگێڕانەکەیاندا ئەو شێوازەی زمانی فەرەنسییان پەراستووە. کەواتە ئەگەر وەرگێڕانەکە سەخت دەنوێنێ، وێڕای کێشەی وەرگێڕانی بەشێک لە چەمکەکانیش، ئەوە پێوەندی بە خودی زمانی سەختی دەقەکەوە هەیە.

**(هەندرێن)**

(*) ئێدمۆن یابیس شاعیرێکی جوولەکەی فەرەنسی زمانە و بە یەکێک لە شاعیرە ناسراو و دانسقەکانی دوای جەنگی جیهانی ناسراوە. یابێس لە ١٧ ئەپریلی

١٩١٢ لە قاهیرە لە دایکبووە و لە ٢ی ژەنیوەریی، لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە کاتی شەڕی سوێسدا لە قاهیرەوە ئاوارەی فەرەنسا بوو.هەرزوو بووە برادەری سوریالیستەکانی پاریس، بەڵام نەبوو ئەندامی ئەوان. شایەنی باسە یابێس لە شیعرەکانیدا بەشێوەیەکی سەرنجکێش بیرۆکە موستیک/ سۆفیگەرایی ئاینی جوولەکە مشتومال دەکا. «کتێبی پرسیارەکان»، کە بلانشۆ لەو دەقەدا باسی دەکا، کۆپەخشانێکی شیعر ئامێزی سەرنجکێشی ئێدمۆن یابێسە، کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بلاویکردۆتەوە. وێڕای ئەمەش ئێدمۆن یابێس خاوەنی زیاتر لە پازدە کتێبی شیعریی، ڕەخنەیی و ئەدەبییە. لە بۆیە من بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بتوانێ بە کوردی بتوانێ کەمێک تامی شیعرەکانی ئەو شاعیرە بچێژێ، کۆپلەیەکی چکۆلە لە کۆپەخشانی «کتێب پرسیارەکان» دەکەمە کوردی. ئەو کۆپلانەش هەر لە گۆڤاری «کریس»دا وەرگیراون. (و.کوردی)

## چەند کۆپلەیەک لە کۆشیعری «کتێبی پرسیارەکان»ەوە

**لە سویدییەوە: هەندرێن**

### کۆپلەگەلێک لە: کاتێکی خۆشەویستدا

یوکل: لاپەڕەیەکی سپی هەنگاوێکە لە هەراو زەنا بە ڕێگاوەیە کە سەرلەنوێ شوێنپێیەکانی خۆی بدۆزێتەوە. ژیانێک، گۆکردنی نیشانەیە.

سارا: خەون، یوکل، ئایا ئەوە مەرگێکی زووتر نییە؟ تۆ بە پەراوێزەکان، بە هەورەکان دەسپێدەکەی. مرۆڤ کات هەڵگرە. ئێمە دژ بەوە یاری دەکەین. کات بووناندنە، کلپەی ئەو چرکانەیە کە هەر جارە و سەرلەنوێ لە دایک دەبنەوە.

یوکل: مرۆڤ فرۆشیارێکە لە خۆڵەمێش. من لەدەرەوەی جیهاندا ساتەکەم، بەشە ئەبەدییەکەی خۆم دەپارێزم.

سارا، سات و ئەبەدییەتەکەی منە.

سارا: وشە مەودا پاشەکەوت دەکا، شوێن گوماناوی دەکا. ئایا وشە ئەوەیە کە دایدەڕێژین، یان ئەوەیە کە شێوەی ئێمە وێنا دەکا؟

یوکل: سەعاتەکان مرۆڤ فێر دەکا کە ئەو، لە هەر کوێیەکە یان لە هەر کوێیەک بێ یان وەستاو بێ، وەک بەندۆلی سەعات سووڕدەخوات- کە نازانێ ئەوان سووڕ دەخۆن. کیژە خەیاڵیرەوەکان، هەرچەندە تیکێکی چکۆڵەی ونبوون لە بەشێکی بچووکی گەردوون، لە ئارەزووەکانیانی ئەواندایە کە چەند ڕووبەرێکی گەردوون، هەوەسی دڵڕاکێشانە جوانەکانیان، دڵپیسی ژنە پاسەوانەکانی زیندان، ڕۆشن بکەنەوە.

ئەو سپێدەیە یەک کاتژمێر دڵکێشانە دەبریقانەوە. خۆر ڕابەرێکی تاریکی بوو. من بەر لە کازیوە لە خەو ڕابووم تاکو سەیری سەرکەوتنێک کەم، ئەو ڕابەرە بەبێ دوو دڵی هەر زوو لە ئامادەباشیدا بوو، وەلێ مەحاڵە کە پێشبینی وردەکارییەکانن بکا. من لەگەڵ ڕمانی شەودا بووم، بەسەر هەموو پارچە سێبەرە ئاوێزانەکانی. تا بڵێی مەکرێکی بێ مەزەندە. تا بڵێی ئامادەکاری کاری بەدانە لە نهێنیدا.

وشە پەنجەرەیە، دەرگایەکی نیوە کراوەیە بەڕووی فەزایەکدا؛ من گومان دەکەم کاتێک ناولەپمان دەخەینە سەر پەنجەرەکە، سەر ئەو شوێنپێیانەی کە لەوێدا بەجێیان هێشت،....

**تێبینی:** یوکل و سارا دوو کەسایەتی ڕۆحی ناو تێستەمێنت/ بیبلی کۆنینەی جوولەکەکانە. ئەوان هەردووکیان پێکەوە دەژیان. (و.کوردی)

(ئەگەر زەریا شەپۆلەکانی نەبووایە تاکو دایانمرکێنێتەوە و وایان لێبکا بۆ زەریا بگەڕێنەوە؛ ئەگەر زەریا شەپۆلێکی هەبووایە- وەلێ نەک پڕاوپڕ- تاکو ئاسۆ لێی بڕژێتەوە، پڕاوپڕ- وەلێ تەنیا کەمێک- تاکو زەوی ڕاڕا بکا؛ ئەگەر زەریا ڕاڕا نەبووایە تاکو زەریا گوێ بۆ زەریا ڕادێرێ، چاوی نەبووایە تاکو هەتا هەتایێ ببووایە نیگای زەریا؛ ئەگەر زەریا خوێ یان کەفی هەبووایە، ئەوە مەرگی خۆڵەمێشی زەریا لە ناوەڕاستی هەتاودا لە ڕەگەکانییەوە دەپچڕا؛ ئەوکات زەریای مردوو لە ناوەڕاستی هەتاوی لق و پۆپ پچڕاودا دەبوو، جا تەقینەوەی زەریای مینرێژکراو بە یادەوەرییە نابەخشندەکەیدا هەرەشەی لەجیهان دەکرد. لێ مەترسییەکان. مەترسییەکان چییان لێدێ؟ لێ مرۆڤەکان. مرۆڤەکان چییان لێدێ)

**(١٩٦٣)**

# خەریکم ڕۆمانێکی تازە دەنووسم

فەرهاد پیربال

سی و یەکەمین فەسڵی ڕۆمانێکی تازەی خۆمم بەناوونیشانی (حەکایەتەکانی باوکم) تەواو کردووە و.. حەزم کرد پێش ئەوەی فەسڵەکانی کۆتاییەکەی تەواو بکەم، ئەم چەند دێڕە بنووسم.

من هەرگیز پێش تەواوبوونی بەرهەمەکەم قسەم لەسەر ئەو بەرهەمە نەکردووە، بەڵام ئەمجارەیان ویستم ئەم نەریتە بشکێنم، لەوانەشە هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من ئێستا بەڕاستی لە تەنگژەیەکدا دەژیم، لەناو دۆخێکی سایکۆلۆژی ناهەمواردا کە باندەستی بەسەر دیدی ئێستێتیکیشمەوە دەربکەوێت.. کێ ناڵێ مەسەلەکە بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، واتە لەوانەیە ژیان لەناو ڕۆمانەکەدا تەئسیری کردبێتە سەر دۆخی دەروونیی خۆم و ژیانم. ڕاستییەکەی، ناتوانم باش دڵنیابم.

سێ ساڵ زیاتر بوو یەکەمین بیرۆکە سەرەتاییەکانی ئەم ڕۆمانەلە مێشکمدا جینگڵی پێ دەدام، بەڵام بیرۆکەیەکی سادە بوو. دامنابوو بێم هەموو ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کە بەسەر باوکمدا هاتبوون لە زەمانی منداڵیی خۆیەوە تا کاتی وەفاتکردنیشی، بیانگێڕمەوە. بەخۆمم دەگوت دێم ناوەرۆک و هەناسەیەکی دۆنکیشۆتانەیان دەدەمێ، چونکە ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی ژیانی باوکم، بەهیچ شێوەیەک ئاسایی نەبوون: پڕ بوون لە جەربەزەیی و فەنتازیا و هەڵوێستی عەنتیکە و باوەڕنەکردنی... تا ڕادەی ئەوەی کە هەندێ چیرۆکنووسی هاوڕێم یان لە دوای گێڕانەوەی خۆم لەناو مەجلیسەکاندا دەمدیت دەچوون ئەمانەیان وەردەگرت و دەیانکردە کەرستەی چیرۆکەکانی خۆیان.

بێگومـان ئەمـە مـافی ئاسـایی هەر چیـرۆكنووسێكە تەنانەت بەشـێكی ژیانی خـۆشم بكاتە كـەرسـتـەی بەرهەمێكی خۆی، بەڵام لە عەینەن كاتدا هەستم كرد كە بێگاری بە منداڵێكی من دەكرێ.

ئینجا باشە دەمگوت «یەعنی چی من بێم بەسەرهاتە فـەنتـازییـەكـانی باوكم وەک خـۆی چۆنە ئاوها بگێڕمەوە؟!».

كەواتە دواخستنی ئەم ڕۆمانە تا كاتی سێ ساڵ پاش لە دایكبوونی خۆی هۆیەكەی ئەوە بوو كە من دەمویست ئەم بەسەرهاتانە لە دیدێكی ئیستێتیكی و تایبەت بەخـۆمـەوە بگێـڕمـەوە.. نەک من بێم دانیـشـم «حەكایەتەكانی باوكم» بگێڕمەوە.

دووسـاڵ زیاتری پێش دەست پێكردن بە نووسین، من بەردەوام بیـرم لێی دەكـردەوە. چۆنی بنووسم؟ بە چ تەكنیكێک؟ بۆی دادەنیـشـتم و پۆژووان دەبوومـەوە. دەچووم كـتـێبم لە بارەی ئەو جەنگانە دەخـوێندەوە كـە باوكم تێیدا بەشدار بووە بۆ نموونە شەڕی شوعـەیبە و (سن الذبان) و جـەنگی دووەمی جـیـهـانیی كـە هەندێكیـانی لە زاكیـرەدا بوو و هەندێكیـشـیـانی هەر تێـیـانـدا ژیابوو یان دەچووم لە بنچـینە و پەلوپۆ و هۆكارەكانی ڕووداوەكانی ژیانی ئەوم دەپێچـایەوە، لەو شەخسـیـات و پیـاو مـاقـووڵانەی كە لەگەڵیـان ژیابوو و دەهاتنە ناو ڕووداوە عـەنتـیكەكـانی ژیانیـەوە بۆ نموونە ڕەسووڵ گەردی، حەیدەرەفەندی، شەهابە، حەسەنەشەل، عەلی پاشا دۆغرە مەچی، حەیدەرە كەچەڵ، حامید بەگی هەڵەبجـەیی، حسـێنی مـەلا، مـشـكۆ، خـدری پاشـا، قاسمـەفەندی،پیـرداودە كوڕ، ڕەشاد موفـتی، عەفـیفـە ئەسكەندەر، حاجی مـەحموودی عـەللاف و مەلا فـەندی ودەیان خەڵكی تر..هەموو ئەمانە لەسەر زمانی باوكمدا بوون كـاتی حـەكايەتی بەسـەرهاتـەكانی ژیانی خـۆی بۆم دەگێڕایەوە. لەگەڵ هەموویان ژیابوو.

هەمـوو ئەمانە هاوتەریبی خۆی ئەسڵەن پاڵەوانی پلەی دووەم بوون دوای خـۆی لەناو بەسـەرهاتەكـانی ژیانـیدا. لەخۆمم دەپرسی باشە من ئەم هەموو حەشاماتی خەڵكە نابێ باش باش بناسم پێش ئەوەی لە چوارچێـوەی دیدی چیرۆكنووسانەی خۆمیان بدەم؟

ئەم پرسیـارەی سەرەوە منی هاوێشتە ناو خوێندنەوەی كتێبان، هەندێ جاریش پەلی دەگرتم بۆ لای ئەو پیرەمێرد و پیـاو مـاقـووڵ و شـەخسـیـاتـانەی كـاتی خـۆی برادەری باوكم بوون، بەڵام هێـشـتـا هەر لە ژیاندا مـابوون.ناو قـەسـابان و ناو نەجـاڕان و ناو زێڕنگران و زۆربەی كووڕەچییـەكانیشم بەسەركردەوە، بە چایخانەكانی مام خەلیل و چایخانەكانی ناو قەیسەریشەوە. دوو پووری بەتەمەنیشم، دایزە مەمەخان (خوشكی باوكم) لەگەڵ پلە فـاتم (خـوشكی دایكم) ئەوانیش پرسـیـاری دیكە و باشیان لەلام دووبارە ورووژاندەوە.

لەناو ئەم سـۆراغ و پرسـیـار و خـوێندنەوە و گـەڕانەی خـۆمــدا بەدوای ئەسڵ و فـەسـڵی حـەكـایەتەكـان و كەسایەتیـەكـان و جەنگەكان ورووداوەكـان... لەناكـاو ڕۆژێک هەسـتم كـرد: باشـە هەمـوو ئەمـانە خۆ بریتین لە مێژووی هەولێر!

ڕاست بـوو؛ حـەكـایەتەكـانی باوكم دەیكردە مـێـژووی هەولێر. نەشمدەزانی. وەک ئەوەی سواری كەرێک بووبم و بەدوای كـەرەكـەشدا بگەڕێم. بەخـۆمم گـوت: ئـەمـەتا، باوكم هەمـوو هەولێـر بـوو. هەمـوو هەولێـری تێـدا بوو. هەمـوو هەولێـری بۆم گـێـڕابۆوە. هەر لە جەنگی یەكـەمی جیهانییەوە تا زەمانی حەڕەس قەومییەكان و دواتریش. بەخـۆمم گـوت كـەواتە باشـترین شت ئەوەیە بچم هەرچی كـتـێب هەیە لە بارەی مـێـژووی هەولێـر بیـانخـوێنمـەوە. ئەمەشم كرد. هێشتـاش هەر هیچ نووكە قەڵەمێكم بەسەر كاغەزدا نەهێنابوو.

قـۆناغی دووەمی پێش نووسین لەلام قـورسـتـر وەدیار كـەوت، چونكە جاران تـەنیـا یەک گـرفـتم هەبـوو ئەویش ئەوە بوو كە من پێویستـە جەنگ و شەخسیاتەكانی ناو حـەكـایەتـەكـانی باوكم باش باش بناسم ئینجـا بێم لە چوارچێوەی دیدی خۆمیان بدەم. ئەمەش لەبەر ئەوەی من پێم وایە چیرۆكنووس تەنیا دید و خەیاڵ و خەیاڵپەردازی نیـیـە، بەڵكو لە هەمـان كـاتدا واقـیـع و ژیانناسی و چنینەوەی ڕاستییـەكانیشە. بۆیە من لەم بارەیەوە دانی پێدا دەنێم: ئەم ڕۆمانەم لە هەموو ڕۆمانێكی دیكە زیاتر مـاندووی كـردووم و زۆرتر بڕسـتی لێ بڕیوم. ئەمـەش چونكە من ئەمە یەكەمین جارە مێژوو دەكەمە كەرستەی دەربڕینی ڕۆمـانێكم. دەزانم، من ڕۆمـانی مـێـژوویيم نەنووسیوە، بەڵام مێژوو كەرستەی سەرەكی و سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم ڕۆمانەمە؛ لەناو هەموو درێژیی ئەو (٤٨٠) لاپەڕەیەی ڕۆمانەكەمدا هەر مێژووە و قوڵپ دەدا.

دووەم گرفتی پێش دەسپێكردنە نووسین دەستەویەخەم بۆوە سروشتی شارەكەی خۆم، واتە مێژووی هەولێر بوو.

من لەمێژە دەزانم و پێویستیشم بە هیچ کتێب و براگەورە و پیاو ماقوولێکیش نییە پێچەوانەی ڕاکەی خۆمم بۆ بسەلمێنێ: هەولێر شارێکی خامۆش و سست و شەرمن و بێ جەسارەت و نوستووە. ئەمەش بۆ ئەو قورساییە زۆر و ئەو هەموو کۆت و نێڵە جۆراوجۆرە دەگەڕێتەوە کە مەلا و میر و مودیر و ئاغاو سەرۆک عەشیرەت و نەریتەکانی تر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ لەسەرو گوێلاک و دەست و قاچ و قولی تاکەکەسی هەولێری شەتەکیان داوە.

خوێندنەوەی مێژووی هەولێر بەم دواییە دووبارە ئەم ڕاستییەی بۆ سەلماندمەوە: «البلد الخامل». کەواتە ئەم دووەم گرفتەی باسم کرد بۆم بە خێرو بەرەکەت گەڕایەوە، کۆمەکی کردم بوێرم توخمەکانی دیدی خۆم لەبارەی پێوەندی تاکەکەس و کۆمەڵگە (بە تایبەتی لە شاری خۆمدا) لەناو ڕۆمانەکەمدا باریکبینانە شیتەڵ بکەمەوە. ئەمەش پێویستی بەوە کرد بێم پێش وەخت ڕەش و سپییەکان، گەورە و بچووکەکان، سارد و گەرمەکان لە یەکتر جودا بکەمەوە و نەخشەیەکی بۆ دابنێم. خەونم کردۆتە تەوەرێکی سەرەکی و ئامرازێکی باش بۆ ئەم مەبەستە.

بەم شێوەیە، هەر وەخت دەڕۆیی و بیرم دەکردەوە و تێبینیم دەنووسی و کارم بۆی دەکرد و.. هیچیشم هەر نەنووسیبوو. ڕۆژێک لەو ماوەیەدا سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ کاک ستران عەبدوڵڵا پێی گوتم:

– دکتۆر.. تۆ زۆر پێویستە بێیت مێژوو بکەیتە کەرستەی یەکێک لە ڕۆمانەکانت.. چونکە تۆ خۆت حەزت لە مێژووەو کەمێک کاریشت تێیدا کردووە!

ئەم قسەیەی ستران عەبدوڵڵا بۆ ئەوە بەکەڵکم دەهات کە من چووبام مێژووی دێرینم کردایەتە ڕۆمانێکم: چونکە من ئەم مێژووەی هەولێری ناو ڕۆمانەکەم مێژووی باوکی خۆمە.. دوێنێیەکی هێندە نیزیکە کە هەر دەڵێی ئەمڕۆیە؛ مێژوو نییە.. ژیانە.

هەرچۆنێک بێ، پێشنیارەکەی ستران عەبدوڵڵا شایستەی ئەوە بوو لێرە وەبیرم بێتەوە. ئەمە بۆ ئەوەی بڵێم: من لەم ڕۆمانە تازەیەمدا مێژووم نەنووسیوەتەوە، بەڵکو خەسڵەتەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتبازی و عەشایەرگەری و مزگەوتگەرایی و نەریتگەراییم خستۆتە ژێر حەملەی دیدی یاخیگەرانەی خۆمەوە، لە عەینەن کاتدا سەرزەنشتی تاکەکەسی هەولێریشم کردووە کە بۆچ هێندە زەلیل و دەستەوەستانە بەرامبەر بەم هێزە داپلۆسێنەی دەوروبەری خۆی... هەمیشە بێدەنگ و ڕازی و گوێڕایەڵ و خاووخلیچک ماوەتەوە! بەبێ خەون! کەواتە من لەم ڕۆمانە تازەیەمدا مێژووم نەنووسیوەتەوە، بەڵکو شەڕم لەگەڵ ئەو مێژووە کردووە.. شەڕێکی پیسیش. خۆ من لە هەموو بەرهەمەکانی دیکەشم، دەزانم، واقیعیەتێکی پیس دەنووسم. ئەمەش چونکە «واقیعیەتێکی پیس» دەبینم.. دەمەوێ وای ببینم.

بیرم نییە کام ڕۆژ بوو، بەڵام دەزانم یەکەمین ڕۆژە گەرمەکانی سەرەتای تەممووز بوو، شەو بوو، لەسەر کۆمپیوتەری ماکنتۆشەکەم دانیشتم و یەکەمین دێرەکانی فەسڵی یەکەمم نووسی کە بە دیالۆگێکی نێوان باوکم و مام مورادی موهاجیر دەست پێ دەکات.

پێش ئەوەی دەست بکەمە نووسین، جگە لەو گۆڤارو وتار و کتێبانەی باسی مێژووی هەولێر دەکەن، بەرهەم و بیرەوەرییەکانی ئەم نووسەرانەشم هەمووی خوێندبۆوە: بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، مەسعوود محەمەد، باکووری، دلزار، دڵدار، پیرەمێرد، ڕەفیق حیلمی، مەحموود زامدار، د. مارف خەزنەدار، پیرداود مەخمووری، نەژاد بەرزنجی، د. عەبدوڵڵا حەداد، سەید مەولوود بێخاڵی، جەلال خدر، هەروەها (عجائب نامە)ی (محمد ابن محمود هەمەدانی) و ڕشتەی مرواری عەلادین سجادی و تا دەگاتە سوود وەرگرتن لە شیعرێکی هاشم سەراج.

من بەم بۆنەیەوە، لێرەدا دەبێ سوپاسی مامۆستایانم: خوالێخۆشبوو تایەر ئەحمەد حەوێزی و کاک عوسمان موفتی و کەنعان موفتی و جەلال خدر و د. جەمشید حەیدەری و عەبدوڵڵا زەنگنە، بەتایبەتیش مەحموود زامدار بکەم، چونکە بەدرێژایی ئەم شەش مانگەی دوایی کە من بەردەوام سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانەکەم بووم، جاری وا هەبوو نەمدەزانی نیوەشەوە تەلەفۆنێکم بۆیان دەکرد و بە پرسیارکردن لە بارەی ناوی حەمامێک یان شەخسێک هەراسانم کردبوون. سوپاسی تایبەتیشم بۆ کاک (جەلال خدر) کە هەندێ سەرچاوەی بەنرخی خستە بەردەستم.

یەکەمین بەشی ڕۆمانەکەم بە سوود وەرگرتن لەچیرۆکێکی هەزار و یەک شەو- الف لیلة و لیلة- دەست پێ کرد. یەکێک لە پاڵەوانەکانم. بە ناوی (شێرۆ) خەونێک دەبینێ و بەدوای وەدیهێنانی ئەم خەونەی خۆی دەکەوێ بەرەو ئەسفەهان.

تازە دەستــــتم بە نووسین کـــردبوو و دەبووایە تەواوی بکەم، کەچی تەماشام کرد من ئەسفەهانم نەدیوە، کەواتە چۆن دەتوانم باسی ئەم سـەفـەرەی ئەم پاڵەوانەم بکەم لە ئەسفەهان.. کە دەچێ والی (ئوستـانداری) ئەسـفـەهان دەبینێت و... تاد؟!

ئەم پرسـیـار و گـرفـتـە باندەسـتی بەسـەر تەکنیکی ڕۆمـانەکـەمـەوە جێ هێـشت و کـارێکی وای کـرد کـە پاشماوەی سەفەری شێرۆی پاڵەوانم بکەوێتە بەشەکانی کۆتایی ڕۆمانەکەم.

هەسـتـام لەڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٣٠ دەرپێ و فـانیلە و خــاولیـــەکم لەناو جــانتـــایەکم ناو بەفـــڕۆکـــەی (هەولێر-تاران) بەڕێ کەوتم بەرەو تاران و لەوێشەوە بە پاسێک بەرەو ئەسفەهان. گوتم پێویستە بۆ خۆم بچم ئەو سەفەرەی پاڵەوانەکەم ببینم. ڕۆیشتم تا گـەیشتـمە لای سکرتێری ئوستانداری ئەسفەهان.

هەرچی شـتـێکی لە خـەیاڵـمـدا بوو و بە تەمـابووم بینووسم، بە تەمسیل و بەکردەوە پەیڕەوم کرد. گوتم بزانم چ دەقەومێ و چی عەنتیکە و تازە دەبینم؟! بە سکرتێری ئوستانداری ئەسفەهانم گوت:

- من خـــەونێکم دیوە و لەو خـــەونەمـــدا جـــەنابی ئوستانداری ئەسفەهان بانگی کردووم.

بابای سکرتێـر زەندەقی چوو و وایزانی شـێت و شـتی وام. تا قـەناعـەتم پێی هێناو بەڵێنی دامێ کە سـبـەینێ وەڵامم بداتەوە و ئەم دیدارەم لەگەڵ جەنابی ئوستانداری ئەسفەهان بۆ دابین بکات.

پاش نیـــوەڕۆی عـــەینەن ڕۆژ گـــەڕامـــەوە تاران و نەمهێشت ئەسڵەن هیچ برادەرێکی تارانیشم- بەسەلاّحی کەریمزادەشەوە- بزانن کە ئاخۆ من خەریکی چیم و لەکوێ دێمەوە؟!

من ئـەمـەم پێ ناخـۆشـە، ئەو فـەسـڵـە زۆر بەبڕشت و جـوانەی شـێـرۆی پاڵەوانەکەم بەرەو ئـەسفەهان، چەندی دەکەم و دەکەم لەناو ئەم ئاخر و ئۆخرییەی ڕۆمـانەکەمدا جێگەی نابێتەوە. ئیقاعی فەسڵەکانی کۆتاییم لێ تێک دەدات و هارمـۆنیـەتی ئاراسـتـەی ڕووداوەکـان و دیدم لێ دەستێنێتەوە. پێم ناخۆشە ئەو بیست لاپەڕەیە فڕێ بدەم. جارێ ناشزانم چۆن چارەسەری دەکەم. ئەوەی گرنگە لەم بەسـتێنەدا لای من یەک شـتـە: خـەونەکەی شێـرۆ ڕاست دەربچێت و وەدی بهێنرێت. ئیتر بەدانانی یان دانەنانی ئەم فەسڵە.. گرنگ نییە.

من بە نووسـینی ئەم ڕۆمـانەم، بۆم وەدیارکـەوت و بە تەواوەتی بۆم سەلما کە نووسین (بەڕاستی کەشف کردنە). تۆ بەدەم نووسینەوە نهێنییەکان دەدۆزیتەوە و دەکەویتە سـەر سـەدان وەڵامی ئەو پرسـیـارانەی کـە جـاران هەر نەتدەزانی پرسیاریشیان لەبارەوە بکەیت. بە کورتی: تۆ بەدەم نووسینەوە فێر دەبیت و شتەکان دەدۆزیتەوە، نەک پێش نووسین. چەند نموونەیەک بۆ ســـەلماندنی ئەم قسەیەم:

١- مەسەلەن، من تاکو فەسڵی هەشتەم نەمدەزانی ئاخۆ بۆچی هەولێر پێش ساڵانی بیستەکان، چۆڵ و هۆڵ بووە: تەنیا دوو سێ گەڕەکێک نەبێ؟!

٢- مـەسـەلەن، من تاکـو فـەسـڵی (٩) و (٢٧) نەمـدەزانی ئاخـۆ ڕەگـوڕیشـەی قـۆریات و مـەقـامـات لەچییەوە هاتووە؟ یان بۆچی کـرمـانجـەتی حـەیرانیـان گوتووە و قەڵاتی قۆریات؟!

٣- مـەسـەلەن، من تاکـو فـەسـڵی (٨) و (٩) نەمدەزانی ئەم هەموو مەلا و مەلازادە و شێخ و ئاغا و سەرۆک عەشیرەتە بێ شومارە لەناو هەولێر چ دەکەن!؟

٤- مەسەلەن، من تاکو فەسڵی (٣٢) نەمدەزانی کە مـام مـوراد مـوهاجـیـری چایچی (خـۆ بەدرێژایی کـاتی نووسـینی چوار سـەد لاپەڕەی ڕۆمـانەکـەشم هەر لەگـەڵی بووم..) کـەچی نەمـدەزانی ئەم پیاوە چایچـیـە ڕەبەن و بەلەنگازە؛ کــاتی خـۆی خـەسـێندراوە و هەر بۆیەش نەیتوانیوە ژن بهێنێ...تاد.

٥- زۆر لە نهێنییـەکانی ژن و هۆی شکسـتییـەکانی پیاو، هەروەها سروشتی نێوان دەسەڵات (ئاغا و موفتی و مـەلا و سـەرۆک عـەشـیـرەت) لەگـەڵ حکوومـەت و بەکـارهێنانی سـیـاسـەت و نەریت لەپێناو داپڵۆسـاندنی عـەشق و خەونەکانی تاکەکەس لەم ڕۆمـانەی خۆمـەوە، گەیشتمە ناو وردەکارییەکانی.

من کە دەکەومە سەر نووسین، ناتوانم ئەو بەرهەمە یان ئەو پرۆژەیە جێ بهێـڵم تا تەواوی نەکەم، چونکە دەزانم کـاتێ لێی دوور دەکـەمـەوە.. لێی دابڕ دەبم و دەتەرێم، یانیش زەوق و کەڵکەڵەم چیـتـر لەسەری نامێنێ. لەم ڕووەوە، لە کـچـە ئۆرسـتکراتە هەرزەکـارەکـان دەچم و دەترسـێم لەو مـاوەیەدا عـەشـقی «بەرهەمـێکی تر» لە کەللەم بدا.

کاتێ لەناو فڕۆکەدا بەو ئاسمانەوە بووم بەرەو هەولێر، هەزار نوێژ و دوعـاو دروودم خوێند بۆ ئەوەی فڕۆکەکەمـان

«وەرنەگەڕێت» و بەسەلامەتی بگەمەوە هەولێر: زۆر دەترسام بمرم و نەتوانم ڕۆمانەکەم تەواو بکەم؛ چونکە ئەوکاتە هەژدە فەسڵم لێی نووسیبوو.

هەفتەیەکی پێ چوو لە هەولێر تا توانیم خۆم بخەمەوە ناو دۆخی نووسین و ئامادەیی خۆ هەڵڕشتنەوە بۆ ناو ڕۆمانەکەم. ئینجا پاشان لە گەرمەی نووسین و خۆ بە تاڵکردنەوەی چیرۆکەکانم بووم و پێنج فەسڵی تازەی دیکەم نووسیبوو؛ فێستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی دەستی پێکرد و منیش دەعوەت کرابووم، جگە لەمە هەڵسەنگێنی تۆژینەوەکانیش بووم و دەبوایە هیچ نەبێ تەنیا ڕۆژێک لەوێ ئامادە بم و جەنابی عەلی ئەشرەفی دەروێشیانیش ببینم کە لە سلێمانییەوە تەلەفۆنی بۆ کردبووم و بەڵێنم پێی دابوو کە دەچم بۆ لای.

چەندی کردم و کردم، نەمتوانی بچم بۆ فێستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی؛ لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: لەو دەمەدا ئەو فەسڵە ڕۆمانسیەم دەنووسی کە ئووم کەلسووم و شەهابەی گۆرانیبێژی هەولێری لە ١٩٣٢ لەبەغدا یەکتر دەناسن کە فەسڵێکی زۆر جوان و عاشقانەیە و نەمدەتوانی خۆمی لێ مەحرووم بکەم و ئەم جیهانە پڕ لە نەشئە و عەشق و ژیانە مەزنە جێ بهێڵم و بچمە سلێمانی بۆ ئەوەی بکەومە ناو باق و بریقی ئیعلام و دەنگوباسی ئینشیقاقی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە... دووەم هۆکاریش ئەوەبوو کە دەترسام لە ڕێگە، وەک ئەنوەر مەسیفی هاوڕێم، ئۆتۆمبێلە تازەکەم (کە قوونی دەسووڕێ لەکاتی خێراییدا) وەربگەڕێت و بمرم، چونکە دەمزانی تەنیا سێ چوار فەسڵی دیکەم ماوە و ڕۆمانەکەم تەواو دەبێ! پێم ئەغز بوو کە ٤٥٠ لاپەڕەیەکم نووسیبوو و تەنیا لەبەر نەبوونی قفڵەکانی کۆتایی ڕۆمانەکەم، بڵێن: «حەیف.... تەواوی نەکرد!».

– سندان لە هەزار فێستیڤاڵیش بدا... ناچم.

ئەمەتا ئێستا سی و یەکەمین فەسڵم تەواو کردووە و دەمەوێ ئیش لەسەر چەند شتێکی دیکە بکەم، لەوانە:

١- ئایا شێرۆ بهێنمەوە هەولێر یان هەر لە ئەسفەهان بیهێڵمەوە؟ ئایا سەرتاپای وردەکارییەکانی «سەفەرنامەکەی» بنووسم... یان فڕێی بدەم و تەنیا سوود لە بڕێکیان وەربگرم و لەگەڵ بەشەکانی پێشوو تێکی هەڵبکێشم؟

٢- ئایا ژنەکەی (حاجی پووشۆی بازرگان)، کە تەڵاق درابوو، مێرد بە (سەلیم سەقا) بکاتەوە یان نەخێر؟

٣- ئایا کاپتن های حاکمی ئینگلیز لە هەولێر کە پۆلیسە باشچاوەشە هەولێرییەکەی سواری خۆی دەکرد؛ بکەمە کەرستەی فەسڵێکی تازە یان نا؟

٤- ئایا شەڕی نێوان (تاکەکەس) و (کۆمەڵگە) هەروەها دارزان و تێکشکانی تاکەکەس... وەک خاسیەتێکی هەولێری بهێڵمەوە یان تەعمیمی بکەم؟!

ئەمانە و چەند پرسیارێکی تر، وێڕای ئەو پلانە روونەی کە پێشوەخت بڕیارم لەسەری داوە.. لەم ڕۆژانەی ئێستادا کاریان لەسەر دەکەم.

تاقە کۆسپێک کە لەم ڕۆمانەمدا ئەزیەتی زۆری دام و پەلوپۆی شکاندبووم ئەوە بوو کە واقیعیەتە مێژووییە ڕاستەقینەکە زۆرجاران لەگەڵ ئەوەی خەیاڵ و دیدم دەیویست، ڕێک نەدەهاتەوە. بۆ نموونە مەسەلەن من دەمویست شەهابەی هونەرمەند تا دوای جەنگی دووەمی جیهانیش لە ژیاندا بێت (چونکە کاری دیکەم پێی دەکرد)، کەچی لە واقیعدا شەهابە لە ١٩٣٩ مردووە و من نەمدەتوانی و حەزم نەدەکرد پێی لێ هەڵبرم. یان مەسەلەن دەمویست لە ساڵانی سییەکاندا هەندێ پشێوی سیاسی و ڕاپەڕین و ئاژاوەی جووتیاران دژی ئاغاکانی هەولێر هەبێت و من بۆ ئامانجی خۆم بەگەڕیان بخەم، کەچی لەواقیعدا هیچ شتێکی ئەوتۆ- تا کۆتایی ساڵانی چلەکان- لە مێژووی هەولێر ڕوویان نەداوە!

جگە لەمەش، گەڕان بەدوای مێژوو و ساڵ و شەخسیاتە واقیعیەکانی هەولێر و ڕووداوەکان و مەکتەبەکان و تەکیەکان و حەمامەکان و خانەکان و گەڕەکەکان و موختارەکان و قەبرستانەکان و مامۆستاکان و چایخانەکان و جۆری ئۆتۆمبێلەکان و مزگەوتەکان و نەخشەی تۆپۆگرافی ئەوسای هەولێر و نەخشەی شارەوانی و مەسەلەی دیمۆگرافی و ئەم جۆرە شتانە.. هەر هەموویان هەوڵم داوە دەقاودەق وەک خۆیان لەمێژووی هەولێری ١٩١٦ تا ١٩٤٣ چۆن بووە؛ وەک خۆیان بیانپارێزم و باسیان لێ بکەم (مەگەر بەدەگمەن نەبێ بۆ مەبەستێکی هونەری دەسکاریم کردبن!). بێگومان ئەم تۆمارکردنە دەقاودەق و پڕ ئەمانەتەش، بۆ ڕۆماننووسێک کە خەیاڵ و هونەر لە گێڕانەوەدا لەگەڵ واقیعەکە لێکتر مارە دەکا، زۆر زۆر زەحمەتە! خەیاڵی هونەرمەند و مێژوو هەرگیز لەگەڵ یەکتر ناگونجێن.

بۆیە لە ئاستی دیدی هونەریمەوە، ناچار بوومە ڕوانینی خۆم لە بەستێنی هونەری دەربڕینی ڕۆماننووسیدا

تارادەیەک ئازاد بهێڵمەوە. بۆ نموونە لەو مەسەلانەی کە پێوەندییان بە پێوەندییەکانی نێوان مەلافەندی- شەهابە- کاکلاغای گەردی- حەیدەرە فەندی- شێخ مەحموود- ئینگلیز- ڕەشید ئاغای قەڵاتی- حاجی مەحموودی عەللاف- عەلی پاشای دۆغرەمەچی- حەسەنەشەل- صالح سیفۆن- مەعرووف جیاوک- کاپتن های- خدری پاشا- عەبە هەولێری- قاسمە فەندی- حسێن حوزنی موکریانی- ئووم کەلسووم- عەلی شوونهەڵگر.... کە هەموو ئەمانە بەشێکن لە پاڵەوانەکانم؛ دیدی هونەریی چیرۆکنووسانەی خۆم بەسەریاندا فەرز کردووە. هەموویان پاڵەوان و شەخسیاتی سەر کاغەزن، نەک شەخسیەتە واقیعییەکەی خۆیان، بۆیە ئومێدەوارم و تکام وایە نەوەکانی بەڕێز و خۆشەویستی ئەم زاتە پایەدار و ناوبراوە دڵسۆزانەی کە مێژووی ئەم شارەی منیان دروست کردووە... هیچ کەسیان لە هیچ جوملەیەکی خەیاڵپەردازی ڕۆماننووسانەی من دڵیان نەیەشێت و نەخوازەڵا شکایەتم لێ نەکەن، چونکە من مێژووم نەنووسیوەتەوە، بەڵکو ڕاستییەکی هونەریم دەربڕیوە کە دیدێکی چیرۆکنووسانەیە نەک مێژوونووسانە!

هەمان ڕجا و تێبینیم بۆ ئەو بەڕێز و خۆشەویستانەش دەخەمە ڕوو کە لەناو ئەم ڕۆمانەی مندا ناوی برا و باوک و برادەر و مامۆستا و خزم و کەسوکاری خۆیان دەبیننەوە. من بەشێکی زۆری ناوەکانم- وەک پێشتریش گوتم- وەکو خۆی دەقاودەق بەکارهێناوە. ئەمەش چونکە من شانازی بەم ناوانەوە دەکەم و خۆشم دەوێن و بنیادنەری مێژووی شاری خۆمن؛ حەزم کرد بەو نەغمە جوان و شکۆمەندەی خۆیانەوە تا هەتایە بزرنگێنەوە... ئەگینا زۆر بە ئاسانی دەمتوانی لەجیاتی ناوی بۆ نموونە «حاجی عەبدوڵلای دەفژەن» یان لەجیاتی ناوی «حەیدەرە کەچەڵ» کە چەند پاڵەوانێکی دیکەی ڕۆمانەکەمن، بنووسم «حاجی ئەسفەندیاری بابەک» یان «حەیدەری سۆمەری». چونکە دانی پێدادەنێم: من حەز لە ناوی دروستکراوی خەیاڵپەرداز ناکەم بۆ پاڵەوانەکانم. ناوی «فەنتازی» ڕۆمان ناکاتە ڕۆمانی فەنتازی. جگە لەمەش ناوی پاڵەوان دەبێ لە خودی واقیعە پیسەکەوە لەگەڵ هەموو پیسییەکانی خۆیەوە هەڵبقووڵێت: چونکە «ناوی پیس» لەناو هونەردا چیتر «پیس» نامێنێتەوە: جوان دەبێ!

ئەو ڕۆژانەی فەسڵێکی دڵخۆشم دەنووسی، بە درێژایی ئەو ڕۆژە دڵم خۆش دەبوو؛ بەڵام ئەو ڕۆژانەی لە فەسڵێکی بەدبەختی و نەهامەتی تەواو دەبووم.. دۆخی دەروونیشم لەگەڵی تێک دەچوو. لەماوەی ئەم حەوت مانگەی ڕابردوودا سێ جاران نەخۆش کەوتووم و دووجاران بەچڵکنی و قڕی ئاڵۆزکاوەوە چوومەتە سەر تەلەفزیۆن: چونکە لەبەر نووسینی ئەم ڕۆمانە و بیرکردنەوە لە شەخسیات و کارەساتەکان، بوار و تاقەتی شتی ترم نەمابوو.

پاڵەوانێکم هەیە لەناو ڕۆمانەکەمدا بەناوی «عەزەتوورگە»، کاتی خۆی جاسووسی ڕووسەکان بووە و هاتۆتەوە هەولێر، بەدرێژایی نۆزدە ساڵ هەر لە چایخانان دەسووڕێتەوە و هیچ ئیشێک ناکا. قەرز لەم و لەو وەردەگرێت و بەمە دەژی. تاقەت و هیواو هێزی کارکردنی نەماوە. چەند هەوڵم دەدا لەناو ڕۆمانەکەمدا کارێکی بۆ بدۆزمەوە و بکەوێتە سەر ئومێد و دووارۆژێکی ڕووناکتر... کەچی بێ فایدە بوو. لەکۆتاییدا ناوبراو لەناو ئاهەنگێکی شەهابەی گۆرانیبێژدا خۆی دەکوژێت!

ئەم هەڵوێستە تەمبەڵ و نائەخلاقییەی عەزەتوورگە (کە خۆی کوشت)؛ وای لەمن کرد کە لە ژیانی ڕۆژانەمدا ڕقم لەم جۆرە گەنجە تەمبەڵ و بێ ئومێدە ببێتەوە، بۆیە یەکسەر دوا بەدوای خۆکوشتنی عەزەتوورگەی تەوەزەل و قەرزار و بێ ئومێد، منیش بیرکردنەوە و ڕەفتارم- لەژیانی خۆمدا- لە هەمبەر یەکێک لەو گەنجانەی هانم دەدا و پارەم بەقەرز دەدایە بۆ ئەوەی کاربکات... گۆڕا. تەنانەت ڕەفتاری هەڵە و دڵڕەقانەشم بەرامبەر ئەو گەنجە نواند: چونکە عەینەن عەزەتوورگەی ناو ڕۆمانەکەم هاتە بەرچاوم.

دۆخی شەخسیاتەکانم زۆر سەیر کار لە دۆخی ژیانی ڕۆژانەم دەکەن. شەهابەی هونەرمەند لە فەسڵی وابزانم بیست و نۆیەمدایە کاتێ نەخۆش دەکەوێ.. بەبیرمە منیش لەگەڵی نەخۆش کەوتم و حەزم دەکرد خۆشەویستانم بەدەورمەوە بن! یان کاتێ شێرۆ بڕیاری دا لەناکاو سەری خۆی هەڵبگرێت و بچێتە ئەسفەهان و خەونەکەی خۆی وەدی بهێنێ، منیش بڕیارم دا هەمان شت بکەم و بچمە ئەسفەهان..!

ئەم بەزمە ئەگەر هەمیشە لێم ببێتە عادەتێک؛ دەزانم: خەتەرە...

بەکارهێنانی (جێناوی یەکەمی تاک)، کە لەسەرەتاوە بۆ گێڕانەوە هەڵمبژارد؛ لاوازترین تەکنیکی ڕۆمانەکەم بوو.. دەزانم. بۆیە ناچار بووم فێڵێک بدۆزمەوە تا تەکنیکی ڕۆمانەکەم جوان بکات. هەستام ڕۆمانەکەم بەدوو دەنگ گێڕایەوە. واتە پاڵەوانێکی دیکەشم زیاد کرد بۆ گێڕانەوە بۆ ئەوەی یارمەتی ئەوەی دووەم بدات.

باوکێک و کوڕێکن چیرۆک و بەسەرهاتەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، بەڵام لەناو گێڕانەوەی ئەوانیشدا دەیان گێڕانەوەی تریش و دەیان کەسی دیکەش پەیدادەبن شتەکانمان بۆ دەگێڕنەوە. واتە زۆر گێڕانەوە لەناو گێڕانەوەم بەکارهێناوە، چیرۆک لەناو چیرۆک و لەناو ڕۆمان. جاری وا هەیە چیرۆکێک لەناو چیرۆکێکی تردا پەیدادەبێ. باش بەبیرم نایە، بەڵام وابزانم ئەمە یەکەمین جارە تەکنیکی مولتی فۆنی «تعدد الاصوات» لە ڕۆمانێکی خۆمدا بەکاردەهێنم.

لە بارەی دید و جیهانبینیی ڕۆمانەکەشەوە، قسەی زیاد ناکەم چونکە لەوێ هەموو شتێک گوتراوە. لەو جەنگە هونەرییەی کە لەگەڵ ئەو دوو جەنگە جیهانییە گەورەیەدا کردوومە (١٩١٤ تا ١٩٤٣) دێرەکان خۆیان قسەدەکەن. خوێنی ڕژاوی پاڵەوانەکانم، فرمێسکە ڕەبەنەکانیان، گۆرانییەکانیان، خەونەکانیان، سەفەرەکانیان، خۆکوشتن و سێدارەکانیان بە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکەی هەولێریشەوە لەبەردەم قشڵەی هەولێر... ئەمانە هەمووی پەنجەرەکانی دیدی خۆمن. من لەم بەرهەمە تازەیەمدا دەمەوێ خۆم و خۆشەویستەکانم ڕابهێنم بەوەی بتوانن جەسارەت بکەن خەون ببینن!

**ئەم ڕۆمانە...**

**دەوروبەری ٥٠٠ لاپەڕەیەکم لێ نووسیوە و هێشتا دوو سێ فەسڵی کۆتاییم ماوە. وابزانم لەم دوو هەفتەیەی داهاتوودا کۆتایی پێ دەهێنم. ئومێد دەکەم لە مانگی شوباتی ٢٠٠٧دا چاپی بکەم و وەک پارچە ئێسقانێک فڕێی بدەمە سەر شۆستەکان بۆ ئەو «ڕەخنەگر» و خوێنەرە خۆشەویستانەی کە حەزدەکەن بۆ خۆیان بیکرووسێننەوە...**

# پێکهاتەی دەق و زمانی

**عومەر محەمەدی**
**(شنۆ)**

پێکهاتەی دەق و زمانی داهێنان بریتییە لە دەورێکی تری دەق و گۆڕانکاری دیاردە زمانیەکان لە مێژوودا. بە واتایەکی تر هەر دۆخێکی مێژوویی ڕێگا بۆ شێوازی نوێی داهێنان خۆش دەکا. ڕەنگە لە دەقێکدا شاعیر بە پێی سەلیقە و بایەخەکانی باو لە دیاردە زمانییەکان کەڵک وەرگرێ. ئێستا پرسیارێک دێتەگۆڕێ ئەویش ئەمەیە کە خوێنەر چۆن دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکاو دەق بخوێنێتەوە.

«تۆدۆرۆف» لە کتێبی بیرۆکەی ئەدەبی خۆیدا دەڵێ: لە خوێندنەوەی دەقدا دوو شێوە بۆچوون هەیە: یەکەم خوێندنەوەی دەق تەوەر. دووەم خوێندنەوەی شێوازی. لە خوێندنەوەی دەق تەوەردا خوێنەر لەنێو خودی دەقدا بەدوای ماناوەیە. دەق بە یارمەتی هەندێک تەکنیک و تەمهیدی وەک ڕاڤەی نیشانەکان هەوڵ بۆ دۆزینەوەی مانا دەدا. مانا لەو دیوی دەقدا شاراوەیە خوێنەر لە ڕێگای شیتاڵکردنی پێوەندی نێوان نیشانەکان. دیاردەکان تاوتوێ دەکا. لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا. نییەتی شاعیر لەناو لێڵاییدا ونە. پێوەندی دیاردەکان لەسەرغیابەوە وێستاوە، بەڵام هاوپێوەندی دال لەگەڵ مەدلوولێک ڕێگا بۆ خوێندنەوەی باشتر و زاڵ بوون بەسەر دەقدا بۆ خوێنەر خۆش دەکا. لە دەقەکانی ڕاڤە هەڵگردا. ڕەنگە بەشێک لە دەقدا ببێتە نموودی ئەندێشەی دەقێکی تر: **(... ئەو کە هات دڵنیام هەر یەکسەر هەواڵی/ دارەچواڵەی ئاوازەی «زەردیا و ئەپرسێ/ پەرۆشە، پەرۆشە بۆ ئەوەی ڕێحانەبسکێکی کچێکی سنەیی بۆن بکاو/ شێت بۆ ئەوەی/ لە دەشتی**

**بەرینی دەنگێدا/ هۆرەیەک ببیسی...)**

لەم دەقەدا، سێ دیاردە دەوری گرینگ دەگێڕی: یەکەم وشەی «ئەو» دووەم دەوری سروشت، سێیەم، نیشانە هاوپێوەندەکان.

کەرەسە زمانی «ئەو» پەرەپێدەری دەقە، کە منی خوێنەر لە سنوورە ناسراوەکان دووردەکاتەوە، وەکو نیشانەیەکی هارمۆنی دەکەوێتە شوێن کەسایەتی و بەهۆی دیاردە زمانی و نیشانەکانەوە جیهانێکی تر لە دەقدا پێک دێنێ. ئەمە وەکو بەڵگەیەکی جوانیناسی لە شیعردا سەیری لێ دەکرێ کە جگە لەوە چێژێکی هونەری بە خوێنەر دەبەخشێ منێکی تریش دەخولقێنێ. «پۆل ریکۆر» لەم بابەتەوە دەڵێ: (کردەوەی باشی خوێندنەوە بریتییە لە ئافراندنی منێکی ترو نوێتر.) دەقێکی باش ئەو دەقەیە کە منی خوێنەر پەرەپێدا، یانی لەنێوان پەرەگرتنی شیعر لەگەڵ پەرە گرتنی من لە مەڕ یەکانگیرییەوە پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە و خوێنەر هەست دەکا «من» بۆ هەمیشە بەردەوامە و هیچ کات کۆتایی پێنایە. لەم دەقە شیعرەی کە پێشتر هێنرایەوە، شاعیر زانیاری خۆی لەخۆوە بەسەر خوێنەر داناسەپێنێ، پێکهێنانی فۆرم لە سێنتاکسی زمانیدا واتا جێگیرکردنی وشەی «ئەو» لە شوێن کەسایەتی دەورگێڕی دەقدا، ناڕاستەوخۆ زانیاری داهێنەر بۆ ڕاڤە ئامادە دەکا. ئەمە ئەرکی زیرەکانەی شاعیرە بۆ دەسەڵاتی خۆی بەسەردەقدا، چونکە فەرماندان بە وشەکان و مۆنتاژکردنیان دەکەونە خزمەت کردن لە پێناو دەسەڵاتی داهێنەر بۆ داهێنانی دەق. کەڵک وەرگرتن لە کەرەسە زمانی «ئەو» دوو تایبەتمەندی گرنگی هەیە: یەکەم پانتاییەک بۆ ڕووداوە زمانییەکان و پشوودرێژی شاعیر پێک دێنێ، دووەم خوێندنەوەی دەق پتر ڕاڤە هەڵگر دەکا، بەو مانایە کە خوێندنەوە لە ڕێگای پێوەندی نێوان دیاردەکانەوە بەدوای مانای دەقەوەیە، بەردەوامی دال و مەدلوولەکان ئەگەر ئەرکی ڕاگرتنی سەرچاوە سەرەکییەکەشی نەبێ، لانی کەم ئەو گرینگییەی هەیە کە مەودا لەنێوان خوێنەر و ناوەرۆک پێک دێنێ، ئەو مەودایەش بە وردە پاژەکانی مێژوویی و دیاردەی زمانی پڕ دەبێتەوە و چەمک دەخاتە ناو پێچ و پەنا. فاکتێکی تر کە لەم دەقەدا دەوری هەیە، نیشانە هاوپێوەندەکانن، کە لە پێوەندی لەگەڵ کەرەسە زمانی «ئەو»دا، دەق زیندوو و بەردەوام ڕادەگرێ هەر لەم دەقەی پێشوودا، دارەچواڵە ئاوازەی زەردیاو، هۆرە تاڵە بسکێکی کچێکی سنەیی، وەکو داڵێک پێوەندیان بە قەرەداغ، جۆرێ گۆرانی و حەبیبەوە هەیە. لە کۆی هەمووشیانەوە بەردەنگی شاعیر «نالی» دیاردە زمانییەکان موتوربە دەکا. کاتی خوێنەر لە پێوەندی نێوان نیشانەکاندا مانای دۆزیەوە لە ڕاڤەی خۆیدا چێژ وەردەگرێ. لە درێژدادڕی شیعردا شاعیر بۆ نوێ کردنەوەی دیاردە زمانییەکان، لە ئەزموونگەری خۆیدا کەڵک وەردەگرێ هەتا مانا بخولقێنی شاعیر بەم جۆرە ئەرکی جوانیناسانەی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی گرتۆتە ئەستۆ. سێیەم شت کە لە دەقدا جێگەی لێ وردبوونەوەیە، بۆ دەوری سروشت لە کایە زمانییەکاندا دەگەڕێتەوە. مامەڵەی شاعیر لەگەڵ سروشتدا خۆیی چەشنێک داهێنانی زمانە، داهێنەر، وەکو هەنگێک زۆرینەی دیاردەکان بەسەردەکاتەوە لە هەر کامیاندا شیلەیەک هەڵدەمژێ، لە ڕەنگ و تام و بۆی هەموویانەوە چێژێکی شیرینی دروست دەکا، لێرەدا کەسایەتی بەردەنگی شاعیر لە تەک دیاردە سروشتیەکانەوە دەبێتە سۆزو عاتیفە هەر بۆیەش پێوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ و سروشت و مێژوو پتر دەبێ، چونکە دیاردەکان لە زمانی مرۆڤەوە دەکەونە تەعامول و لە دۆخێکی وێستاو دانامێننەوە، دەور دەگێڕن و ئەکتیڤ دەبن. «ئەو کە هات» جۆرێ کەسایەتییە، لە پێوەندی لەگەڵ «دارەچوڵەی ئاوازەی زەرد یاو» کە ئەمەش خۆی دیاردەی سروشتە، دەق لە دۆخێکی وێستاوی زەمانی بۆ دۆخێکی زیندوو ڕادەگوێزێ و دەقێکی تر پێک دێ. شاعیر بە پێی لێکدانەوەی هەنووکەیی خۆیی دەتوانێ دیاردەکان لە زمانی کەسەوە، یان بە ناو دەوری ئەو بخاتە ناو پلاتفۆرمێکی نوێ و دیاردە مێژووییەکان بە پێی مەزەنەی ڕۆژ پێناسەکا و بایەخیان بۆ دانێ بەم جۆرە ڕای بیرمەندانی وەک «ویکۆ» بسەلمێنێ کە دەڵێ: (هەر دیاردەیەکی نوێ دەتوانێ لە نوێ زیندوو بێتەوە، بەڵام نەک لە شوێنی پێشووی خۆی، بەڵکو لە جێگایەکدا کە سەلیقە و بایەخەکان لە نوێ زیندوو دەبنەوە.)

بەهارمۆنی کردنی ئوبژەیەک و درێژدادڕی بۆ ئەم ئۆبژەیە لە زمانی شیعردا مەجازێکی وێژەییە، لە دەرەوەی دەقدا بۆ ناو دەق ڕادەگواسترێ و پێکهاتەیەکی چەمکی وەکو «وڵات» لە ڕێگای یادەوەر و کۆچ و ئازار پێک دێنێ. دیاردە سروشتییەکان بە هەموو ڕەنگ بیچمێ کە لە زەینی مرۆڤدا دیکۆمێنت کراوە، ئەوکاتە باش وێنادەکرێ، کە لەگەڵ عاتیفە ئامێتەبێ لە دۆزێکی ئەوتۆدایە کە وشە وێنەگەلێکی بەردەوام لە چەشنی فریم پێک دێنێ. «بارت» لە بابەت وشە زمانییەکانەوە دەڵێ: (وشە جۆرێک بەردەوامی وێنەییە خاڵە گرینگەکانی وەکو

بیرمەندی و عاتیفی بێ ئەو داناڕێژرێ).
دەوری دیاردە سروشتییەکان لە دەقدا جۆرێکە کە ناتۆریالیستەکان ڕایان وایە زمان لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرێ و سروشت بەرهەم هێنەری جیهانی واقیعییە (پێوەندی شیعر لەگەڵ سروشت لەم ڕووەوە جێگەی لێ وردبوونەوەیە کە شاعیر بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسە زمانییەکانی پێوەندیدار بە سروشت، دەتوانێ پەنجەرەیەکی نوێتر لە ڕوانینی ئێمە بۆ ئاراستەبوونی خۆی لەگەڵ چەمکدا سازبدا. جگە لەمە پێوەندی دیاردەکانیش پتر دەبێت هەتا بە نیگایەکی ئیجابی بڕوانینە دەوری دیاردەکان و بوونیان بسەلمێنین.
بەرەو ڕووبوونەوەی دڵسۆزانە و عاتیفی لەگەڵ سروشت یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شوێنەواری ڕۆمانتیکییە، کاتێ دیاردەیەک یان پاژێک لە سروشت دەڕژێتە ناخەوە و تێکەڵ بە هەستی مرۆڤ دەبێ، دیاردەی سروشت لە ئاستی واقیعی و ئاسانی خۆیدا دەترازێ. دەتوانین بڵێین ئەمە وەک دەسکەوتێکی ڕۆمانتیکی سەیری دەکرێ کە بوو بەهۆی ڕاسانێک بەرامبەر هزر تەوەری و ئەخلاق باوەڕی کلاسیکیەکان. ڕەنگدانەوەی خەیاڵ لە شوێنەوارەکانی ڕۆمانتیکیدا، سنووری نێوان واقیعیەت و فانتازیای سڕیەوە و دەرگەی نیگای نوێی بۆ پێکەوە لکاندنی دوو جیهانی ڕیالیزمی و ڕۆمانتیکی کردەوە. لە شوێنەواری ڕۆمانتیکیدا، هاوەردی خەیاڵ ئامێز لەگەڵ سروشت پتر لە وەحدانیەت و یەکانگیری واقیعی دیاردەکان جێگەی باسە:
**تەدارەک ڕێک ئەخەم/ تەدارەک لە ئەسپی کەللەسەر گرتووی ڕەوەندم/ ئەو وەختەی ژان لەسەر بەرد ئەڕوێ/ تەدارەک لە حیلەی برووسکەی ئەم هەورە سوورانە/ ئەو دەمەی کە باران شیعرێکی سەوز ئەنووسێ/ لە جوانووی ئەم خەمە بزێوەسپیانە/ ئەو وەختەی کەلانک و بنچک و/ دەوەنیش غار ئەکەن.**
بەرد، برووسک، هەور، باران، لانک و بنچک و... هەرکامیان دیاردەی واقیعی سروشتن کە بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دەروونی مرۆڤ، وەک ژان، کەللەسەرو.. یان هێندی شتی ترکە پێوەندیان بە بوونەوەر و تایبەتمەندییەکانیانەوە هەیە وەکو جوانوو حیلە و... هەستێکی ڕۆمانتیکی دێتە ئارا، دیاردە خوو و خدەی بوونەوەر و سروشتی پەیدادەکا، یان بە پێچەوانەشەوە ئەو مامەڵەیە دەکرێ با لەم بڕگەیە وردبینەوە:/ ژان لەسەربەرد ئەڕوێ/ پەیامی ئەم بڕگەیە پێچەوانەی ماناڕاستییەکەیەتی.

ژان پێوەندی بە ناخی مرۆڤەوە هەیە کەچی لە دەروونەوە بۆ دەرەوە ڕادەگواسترێ لەگەڵ بەرد شتێکی دیاریکراوە، بیچم و قەوارەی هەیە، بەرد پێوەندی بە سروشتەوە هەیە، ژان پێوەندی بە تایبەتمەندی مرۆڤەوە هەیە کاتێ هەست ئاراستەی دیاردەیەکی سروشتی دەبێتەوە، خوو و خدەی سروشت پەیدادەکا. ژان تا ئەوکاتەی لەناو ناخەوە بوو، شتێکی دەرهەست و نەناسراوبوو شاعیر هەرکە ئەمە بۆ دەرەوەی ناخ ڕادەگوازێ تاڕادەیەک ناسراوو بەرهەستی دەکا. هەر ئەو مامەڵەیە لەگەڵ بەرد و برووسکە و هەوری سووریش دەکرێ (حیلە) خسڵەتێکی پێوەندیدار بە ژینەوەرێکی خاکییە ئاراستەی دەنگی هەور دەکرێ هەتا پێوەندی نێوان بەرهەست و دەرهەست پێک بێ (تەدارەک لە حیلەی بروسکەی ئەم هەورە سوورانە) بەرەو ژوور چوون و نزم بوونەوەی دەق دەگەیەنێ، ئەمەش حیکایەت لە ڕۆحی نەسرەوتووی شاعیر دەکا و هەستێکی ڕۆمانسیانە دێنێتەدی،/... **ئەو دەمەی کە باران شیعرێکی سەوز ئەنووسێ/ لە جوانوویی ئەم خەمە بزێوە سپیانە.**
لەم بڕگەیەشدا باران هەر بارانە و پێوەندی بە سروشتەوە هەیە، شیعر لە ناخی شاعیردا دەژی، بەڵام باران ئەرکی مرۆڤ دەگێڕی و شیعر دەنووسێ، بەڵام لەچی؟ لە «جوانووی ئەم خەمە بزێوە سپیانە» دیسانیش لە ناخەوەی مرۆڤ خەم دەپڕژێتە دەروون و خسڵەتی ژینەوەرێکی دەرەکی واتا (جوانوو) پەیدادەکا. ڕایەڵکەی هەستی شاعیر لەبەرهەستەوە بۆ دەرهەست و پێچەوانە، دەوری خوازە گرینگ دەکا و مانا چڕ دەکاتەوە لێرەدایە کە شیعر لە تەک پیشەی جوانی ئەدەبیدا ڕێگا بۆ بزاڤی زەین و ڕاڤە خۆش دەکا. بۆ بایەخمەندی پتری ئەم مەبەستە سەرنج دەدەینە ئەم بڕگەیە: «ژان لەشی داگرتووم» وشەکان لەسەرهێڵێکی ڕیالیزمیدان. ژان و لەش دوو فاکتەری بەرعەقڵ و ناسراون یان لانی کەم هەرکامیان پێوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە و سەرچاوەیەکی جیاوازیان نییە، ئەو پێکەوەبوونە ئەگەر ڕواڵەتی ناسازگارانەشیان هەبێ، ناتوانن وەکو ئەم دیاردانە (خەم و جوانوو) کە لە پێگەی جیاوازەوە پێکەوە دەلکێن، چێژمان پێ بدا. بۆ وێنە ئەگەر لە جیاتی، جوانوو خەمە بزێوە سپیانە، بگوترایە، ئەم خەمە بەژان و بێ ئۆقرەیە، ئەوەندەمان چێژ وەرنەدەگرت، چونکە خەم تەنیا لە دەروون و ناوەی لەش مامەڵەی ناخۆشی لەگەڵ مرۆڤ دەبوو.
بۆچوونێکی تر کە لە دەقدا جێگەی لێ وردبوونەوەیە،

خوێندنەوەی شێوازی دەقە، یانی دەق بە یارمەتی شێوازێکی گشتی دەگاتە دەرئەنجام. لەم بەشەدا بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پێکهاتە بروابییەکان، لە دەرەوەی دەقدا چەمک پراکتیزە دەکەن ئەم شێوازە دەرەکیانە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵ لە پێوەندیدان، بە واتایەکی تر هەر ساتێکی خوێندنەوە تێکەڵاوێکە لە دەق و ڕاستییەکانی دەرەوەی دەق کە ئەم ڕاستیانەش لە سروشتدا هەن و مرۆڤ بەدوایانەوەیە، ئەوەشمان لەبیرنەچێ مامەڵە لەگەڵ سروشت و بە پیر سروشتەوە چوون دژکردەوەیەک بەرامبەر عەقڵ تەوەری کلاسیکییەکان بوو. دروشمی گەڕانەوە بۆ لای سروشت لەلایەن بیرمەندانی وەک «ڕۆسۆ» وەکو جۆرێک کۆمەڵی یۆتۆپیا، بە وەسفی سروشت و فەزیلەتەکانی دێهاتی و ژیانی مرۆڤ باسی لەسەرە و لە شوێنەوارەکانی ڕۆمانتیکیدا بەرچاوە. لە ڕۆمانتیکدا، سروشت و مرۆڤ پێکەوە لە مامڵەی بایەخمەندیدان. کێشەی باڵادەست و ژێردەست بەو مانایە کە لە دەقەکانی ڕیالیزمی دەوری هەبووە، لە ڕۆمانتیکدا ئەو دەورەی نییە، ئەگەریش هەی بووبێ لە پێناو نرخ پێدانی دیاردەیەک بۆ خزمەت دیاردەیەکی ترە. هەربۆیەش جیاوازی نابینرێ و نۆستالۆژی دەورێکی ئەوتۆی نییە، کاتێ مرۆڤ گەیشتە ئەو قەناعەتە کە جیاوازی لەنێوان خۆی و سروشتدا نەبینێ، دەتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ دیاردە سروشتییەکاندا مامەڵەی یەکسانی هەبێ. لەم حاڵەتەی شیعردا شاعیر وەکو شعووری سروشت، لە شیعردا دەناسرێ. ئەم شعوورە بە شێوەی سۆز و عاتیفە خۆی دەنوێنێ و پێوەندی لەگەڵ سروشت و قووڵتر دەبێ. **«ئەم ساڵ بێ چیای نەورۆز ناکەم/ بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم/ نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر/ نەورۆز ناکەم ئەگەر ڕەشبەڵەک تۆزنەکاو/ خۆم نەبم بەسەرچۆپی گر.**

کاتێ شاعیر لە دیاردە سروشتییەکانی وەک: چیا، ئاگر، تۆز و... بۆ پێک هێنانی چەمک کەڵک وەردەگرێ هەوڵ بۆ شێوازێکی پراگماتیکی دەدا کە لەودا دیاردەکان لە هەناوی واقیعیەتەوە، ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ بۆ خوێنەر خۆیادەبن و چەمک پێناسە دەکەن، دیاردەکان لە پێناو دەرئەنجام گەیاندنی ڕاستییەکی کۆمەڵ لە تەک مەرام و ویستی شاعیرەوە وەکو شعووری سروشت سەیر دەکرێن، هەربۆیەش بەشێوەی سۆز و عاتیفە دەردەبڕێن: **«... کزەی جەرگم/ بەیانی زوو هەڵم ستێنە/ زۆر دەترسم/ کەوێک/ کارێک/ گوندێک/ شارێک/ چەمێک/ چیایەک/ لەبیرکەم/ زۆردەترسم/ دارێک/ بەردێک/ کۆختێک/ گەردێک/ بنجە گیایەک لەبیرکەم/ بەیانی زوو هەڵم ستێنە/ دیسان مەڵێ باتێرخەوبێ/ سوێندم بەچیا خواردووە/ کە کوردستانە دوورەکەم/ بەگەرمێن و کوێستانەوە/ بگوازمەوە بۆ غەریبی، بۆ ژوورەکەم.**

ئاراستەکردنی دیاردە سروشتییەکان بۆ ناودەق و سازدانی چەمک لەناوبازنەیەکی هزرباوەڕیدا دەکرێ وەکو ڕووداوێکی ڕوو زمانی سەیری بکەین و لە دوو خاڵی گرینگدا کۆی کەینەوە: یەکەم، ڕووداوی ڕوو زمانی لە پێناو بەرپرسایەتی شاعیردا (دار، بەرد، بنجە گیا، کەو...) ئەم وشە بەرهەست و سروشتیانە بەشێوەی کورتە بڕگە و دابڕاو لە گشت و گشتگیربوونیان، بۆ دەربڕینی مەبەست بەشێوەی پاژەکی لەگەڵ شاعیر دەکەونە پێوەندی و دەروونی دەبن. ئەم دیاردانە پاش دەروونی بوون، یەکانگیر دەبنەوە و پەیکەرێکی مرۆڤ - سروشتی پێک دێ»... سوێندم بەچیا خواردووە..»

دووەم، بیرکردنەوە لە چەمک و ئاستی دیالیکتیکی دەق و خوێنەر: ڕووداوە ڕوو زمانیەکان لە زۆربەی دەقدا بەپێی ڕادەی تێگەیین و چاوەنواڕی کۆمەڵگاو ئەرکی شاعیر جێگەی باسە، «نیما» کە خۆی ڕچەشکێنی شیعری کلاسیکی فارسییە دەڵێ: (من بەپێی دەستەڵات و ئەرکی بەرپرسایەتی خۆم بۆ پێک هێنانی چەمک بیردەکەمەوە.»

هەربۆیە دەبینین کە هزر باوەڕی دیاردەکان وەکو ڕوو زمانی لە شیعرەکانی ئەودا بەرچاوە.

**سەرچاوە:**

**(١) دەربەندی پەپوولە، شێرکۆ بێکەس چ، بێسارانی، سلێمانی، ١٩٩٨.**

**(٢) دیوانی دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو، ب، ئاراس، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.**

**(٣) نظریە ادبی و نقد عملی نویسندە رامان سلدن، ترجمە دکتر جلال سخنور- سیما زمانی، انتشارات پویندگان، ١٣٧٥.**

**(٤) ساختار و تاویل متن. بابک احمدی- تهران- نشر مرکز، ١٣٨٠.**

**(٥) ادبیات پسامدرن، تدوین و ترجمە پیام یزدانجو- تهران- مرکز ١٣٨١.**

**(٦) نگاهی بە شعر شاملو- محمود فلکی- تهران، مروارید، ١٣٨٠.**

# سرڤانتس
# نووسەری ئیسپانی و دانەری ڕۆمانی «دۆن کیشۆت»

ئا: سەلام عەبدولکەریم
(سەید سادق)

ڕۆمـانی (دۆن کـیـشـۆت) بە یەکـێک لە ڕۆمـانە ناودارەکـانی جـیـهـان دەژمـێـردرێت، ئەم ڕۆمـانە وەرگێـڕدراوەتە سەر چەندین زمان و لە ساڵی (١٦٠٥) لە وڵاتی ئیسـپـانیـا دەرکەوت. لە ڕاستـیدا لەسەرەتاوە هیچ کەسێک ئەوەی نەدەزانی کە ڕۆمانی دۆن کیشۆت دەبێتە یەکێک لە کتێبە نەمرەکان، بەڵام تا ئێستا کەس زانیـاری ئەوتۆی دەربارەی نووسـەری ئەم ڕۆمـانە، کـە کەسێکە بەناوی (سرڤانتس) نەدەزانی و ئاشنای ژیان و ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریداهاتووە نەبوون، بۆیە لێرەوە بە پێـویسـتـمـان زانی لە چەند تەوەرەیەکدا تیشکێک بخەینە سەر ژیانی ئەم نووسەرە گرنگە، چونکە کاتێک ئەم ڕۆمـانە دەنگی دایەوە، خەڵکی ئیسـپـانیـا کـەوتنە گەڕان بەدوای ژیان و هەواڵی گوزەرانی نووسەرەکەیدا.

### دانەرێکی سەرباز

سرڤـانتس سەرباز بوو، هەمیشـە سەرباز بە نووسـینی چیرۆکەوە سەرقاڵ نابێت، هاوکات لەو سەربازانەش نەبوو کـە لە سـوپایەکی ڕێکوپێکدا بێت و هەمـوو ڕۆژێک ڕاهێنانی قورس ئەنجام بدات، بەڵام کاتێک دەچووە نێو جەنگەوە زۆر کاریگەر بوو، بەرگەی ناڕەحەتییەکانی دەگرت.

### ژیان و پێگەیشتنی

سرڤانتس لە ساڵی (١٥٤٧ز) لە دایک بووە، باوکی پزیشکی ڤـێـترنەری بووە لە قـەڵای ئینارس، ئەم شـارە

لەوکاتەدا مەڵبەندێکی گرنگی زانستی مەسیحی بووە و کاردیناڵ ئەکزیمنیس لە ساڵی (١٥٠٨ز) زانکۆیەکی تێدا دروست کردووە، بەڵام سرڤانتس پێوەندی نەکردووە بەو زانکۆیەوە، لەبەر ئەوەی خێزانەکەی هەژار بووە، لە بری ئەوە بە خوێندنەوەی نووسراوە ئەدەبییە لاتینییەکانەوە سەرقاڵ بووە، دەگێڕنەوە تەنانەت ئەوەندە خوێنەر بووە، ئەو پارچە کاغەزانەشی دەخوێندەوە کە لە سەرە ڕێگادا کەوتبوون.

## سرڤانتس وەک خزمەتگوزاری قەشەیەک

سرڤانتس هەوڵی فێربوونی نووسینی بەخێرایی دا، لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو کە یەکەمین چیرۆکی نووسی بە بۆنەی مردنی شاژنی ئیسپانیاوە، پێش ئەوەی بە تەواوەتی پێبگات، هەستی کرد بەهرەی زۆری تێدایە، بەڵام قورسی ژیان ڕێگەی پێنەدا بۆ ئەوەی تواناکانی تاقی بکاتەوە، هەمیشە حەزی بەسەرکێشی و چەتوونی (المغامرة) دەکرد، سرڤانتس لە قۆناغێکی ژیانیدا بوو بە خزمەتگوزاری قەشە (ئاکوفیفا)ی ئیتاڵی، پاپا ئەم قەشەیەی بۆ لای پادشای ئیسپانیا (فیلیپی دووەم) ناردبوو، پادشا لێی تووڕەبوو، فەرمانی دەرکرد لە وڵات بیکەنە دەرەوە لە ماوەی دوو مانگدا، لەگەڵیدا سرڤانتس ڕۆیشت بۆ ئیتاڵیا، بەڵام لەم ژیانەی ڕازی نەبوو، بۆیە وازی لەکارەکەی هێنا.

## سرڤانتس ڕووە و بواری سەربازی

لە بەشێکی دیکەی ژیانیدا سرڤانتس ڕووی کردە بواری سەربازی و پێوەندی کرد بە فیرقەیەکی ئیسپانیاوە کە لە ئیتاڵیا پێکهاتبوو، لەوکاتەدا پاپا (پێوسی پێنجەم) هاوپەیمانیەکی پیرۆزی بەرامبەر هێرشی تورکە عوسمانییەکان ڕووە و ئەوروپا ڕێکخستبوو، شەڕ و سەرکەوتنەکانیان ترس و دڵەڕاوکێی خستبووە دڵی دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە، بەڵام دروستکردنی یەکریزی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە هەروا ئاسان نەبوو، پاش بەسەربردنی ماوەیەکی دوور و درێژ لە ناپۆلی پاپا هاوپەیمانیەکی تری پێکهێنا لە بندوقیە و ئیسپانیا لەژێر فەرماندەیەتی (دۆن جیوان)ی نەمساویدا، کە برای پادشا فیلیپی دووەم بوو، کەشتیگەلی ئەو سێ دەوڵەتە مەزنترین کەشتیگەل بوون کە ئاڵای مەسحیەتیان هەتگرتبوو، ئامانجی هاوپەیمانان گێڕانەوەی دوورگەی قوبرس بوو لەژێردەستی تورکەکاندا، پێش گەیشتنی هاوپەیمانان بۆ دوورگەی ناوبراو جەنگێکی دڵتەزێن و سامناک لە کەنداوی (لیپانتۆ) ڕووی دا و تێیدا هاوپەیمانان سەرکەوتن.

لەم جەنگەدا، ئەگەرچی سرڤانتس سەربازێکی سادە بوو، بەڵام ئازایەتی دەرکەوت، پێشتریش لە ناپۆلی تووشی نەخۆشی ببوو، بەڵام سوور بوو لەسەر بەشداریکردنی جەنگ، سرڤانتس ڕۆڵێکی لەبەرچاوی هەبوو لەو هێرشە توندوتیژانەی کە لە کەشتییەکانی دوژمنەوە ئاراستەیان دەکرا، لەو جەنگەدا لە سێ شوێن پێکرا، دووانیان لە سنگیەوە و یەکێکیشیان لە دەستی چەپی، دواتر بە درێژایی ژیانی ئەو دەستەی پەکی کەوت، لەو جەنگەدا نزیکەی بیست هەزار کوژراو و سەدو حەفتا کەشتییان تیاچوو لە تورکەکان.

کاتێک جەنگ بەرەو کۆتایی ڕۆیشت (دۆن جیواڵ)ی نەمساوی بەکەشتییەکەوە ڕووی کردە شاری (مسینا) و بریندارەکانی شەڕەکەی لەگەڵدابوو، لەنێوانیاندا (سرڤانتس)ی تێدابوو، جیوان لە بەرامبەر ئازایەتی سرڤانتس بڕێک پارەی زۆری دایە، بەڵام ئەو هێشتا ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ گۆڕەپانی جەنگ دەکرد، پاش ماوەیەک جارێکی تر گەڕانەوە ڕیزی سوپا و لە هەوڵی دووەمی دۆن جیواڵ بۆ سەرکەوتن بەسەر گەشتیگەلی تورکی، سرڤانتس بەشداریی کردەوە، بەڵام ئەم هەوڵە سەری نەگرت و شکستی هێنا.

دوای ئەوە هێرش کرایە سەر ئەفریقاو دەستیان بەسەر تونسدا گرت، بەڵام تورکەکان خێراتر توانییان ئەو ناوچانە بگێڕنەوە ژێر دەسەڵاتیان و ماوەی چوار ساڵ سرڤانتس بەدەست نەهامەتییەکانی جەنگەوە ناڵاندی و پاش ئەو ئەزموونە جەنگییانە، وەک سەربازێکی نەخۆش و کەم ئەندام مایەوە.

## سرڤانتس و پێنج ساڵ ژیان لە دیلێتیدا

پاش شەش ساڵ دووری لە وڵاتەکەیەوە، سرڤانتس ئارەزووی گەڕانەوەی کرد و لە ئیتاڵیا ئەو مافەیان پێ بەخشی، بە کەشتیەکدا ناپۆلی ڕووەو ئیسپانیا جێهێشت، لەگەڵ خۆیدا دوو نامەی پێبوو کە تایبەت بوو بە ئازایەتی خۆی، یەکێکیان دۆن جیوان نووسیبووی،

ئەوی تریشـــیـــان (دۆق مـیـــســـا)ی پادشـــا فـــیـلیپ نووسـیـبـووی، بەڵام لە ڕێگەی گـەڕانەوە کـەشتی چەتە جەزائیرییەکان لەناوچەی (ریفیرا)ی فەرەنسا هێرشیان کردە سەر کەشتییەکەی و بەدیل گیران لەگەڵ ژمارەیەک لە ئیـسـپـانییـەکـان کە لەگـەڵـیـدا بوون، کـاتێک چەتە دەریاییەکان دوو نامەکەیان دۆزییەوە، گومانیان برد کە سرڤانتس کەسێکی مەزن بێت و لەبەرامبەر ئازادکردنیدا داوای پارەیان لە ئیسپانیا کرد، سرڤانتس و دیلەکانی تریان بەرەو جەزائیر ڕاپێچ کرد و خستیانە ژێر پاسەوانی پیاوێکی بە ڕەچەڵەک یۆنانییەوە کە زۆر تووڕە بوو.

لەماوەی دیلێتیدا ئازایەتی نایابی سرڤانتس دەرکەوت و پلانی دەربازبوون و ڕاکردنی دارشت، لە یەکەم پلاندا ئەو زیندانییـە مـەغـریبـییـەی لە زیندان لەگـەڵیدا بوو، پووچەڵی کـردەوە، کـاربەدەسـتـانی جـەزائیـر سـزایەکی توندیان دا.

لە سـاڵی دووەمی دیلێـتی سـرڤـانتـسـدا، دایک و باوکی، پارەیەکی زۆریان دا بۆ ئازادکـردنی، بەڵام ئەو ڕێژەیە بەس نەبوو بۆ ئازادکـردنی، بەڵکو (ڕۆد دیگۆ)ی برای ئازادکـرا و براکـەی گـەڕایەوە و لەگـەڵ خـۆیدا وەسـیـتـێکی سـرڤـانتـسی پێ بوو، کـە داوای کـردبوو کـەشتـیـیـەکی بۆ ئامـادە بکەن و بینێـرن بۆ جـەزائیـر، بۆ ئەوەی لەگـەڵ هاوەڵەکـانیـدا پێـی هەڵبـێت، خـۆیان بۆ هەڵاتن ئامادەکرد، لەگەڵ پەنجا زیندانی تری ئیسپانیدا، لە ئەشکەوتێکی دەرەوەی شار خـۆیان شاردەوە، دواجار کەشتی چاوەڕوانکراو هات و خۆی و هاوەڵـەکانی خۆیان بۆ هەڵاتن ئامادەکرد، بەڵام لە ساتی کۆتاییدا، کارەکەیان ئاشکرابوو، هێزێکی چەکداری تورکـەکان، چوار دەوریان گـرتن و هەمـوو تاوانی هەڵاتنەکـەش کـەوتە ئەسـتـۆی سـرڤـانتس، سـەرەڕای هەڕەشـە لێکردنی بە ئازاردان و کـوشـتـنی، ئامـادەنەبوو هیچ تاوانێک بخـاتـەسـەر هاوەڵەکانی. سووربوون و ئارامگرتنی سرڤانتس دواتر لەبەردەم دادوەری تورکـیـدا، بوو بەهۆی ئەوەی کـە دادوەر هەست بکات کـە ئەم کـەسـە پایەیەکی تایبـەتی هەیە و لەوانەیە بتوانرێ بەرامبەر پارەیەکی زۆر ئازاد بکرێ و لە ژیاندا بمێنێتەوە.

جارێکی دوو بازرگـانی ئیـسـپـانی پێکهـاتن لەسـەر ئامادەکردنی کـەشتییـەکی جەنگی و فراوان کە شەست زیندانی لەخـۆ بگرێت، بەڵام ئەمـجـارەش ڕاهیـبـێکی ئیسپانی لەنێو زیندانیەکاندا بەهۆی هۆکارێکی نادیارەوە ڕقی لە سرڤانتس بوو، کارەکەی ئاشکرا کرد، سرڤانتس دەیتـوانی بە تەنیـا خـۆی هەڵبـێت و لە ژیانی دیلێـتی ڕزگـاری ببـێت، بەڵام ئامـادەنەبوو هاوڕێکانی جێ بهێڵێت، بۆیە خۆی تەسلیمی دادوەر کرد و کاتێ بڕیار درا لە سێدارە بدرێ و ئەو چرکەساتەش پەتی سێدارەی لەملدابوو، زیاتر لە جـاران ئازایەتی لەبەردەم دادوەردا نیشان دا، بەڵام ئەمە پاڵی نا بە دادوەرەوە کـە جارێکی تر بۆ مـاوەی پێنج مـانگ سرڤـانتس زیندانی بکاتەوە و دەستی کۆت و زنجیر بکرێت.

چەند هەوڵێکی تر لە ئیـسـپـانیـا بۆ ئازادکـردنی درا، لەوکـاتەشـدا باوکی مـرد، بەڵام دایکی و براکـەی کـاری زۆریان کـــرد بۆ پەیداکـــردنی پارەی زیاتر و پادشـــای ئیـسـپـانیـاش ڕێژەیەک پارەی دایە دایکی سرڤـانتس و جگە لەوەش هەندێ دەزگـای خـەیری هاوکـارییـان کـردن. دواجار ڕاهیبێکی ئیسپانی نێردراوێکی ناردەلای چەتە دەریاییەکانی جەزائیر بۆ دانوستانی دەربارەی ئازادکردنی سرڤانتس، دەگێڕنەوە، ئەگەر بهاتایە ئەو ڕاهیبە کەمێک دوابکەوتایە، پێـدەچوو سـرڤـانتس بگوازرێتـەوە بۆ قوستەنتینیە (ئەستەمبۆڵی ئێستا) بۆ ئەوەی لە بازاڕی گشتی کۆیلەکاندا بفرۆشرێت.

### سرڤانتس و گەڕانەوەی بۆ ئیسپانیا

کـاتێ سرڤانتس گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا وازی لە کاری سەربازی هێناو خۆی بە ئەدەبەوە سەرقاڵ کـرد و دەستی کـرد بە نووسـینی شیـعـر و کـتـێبی شانۆیی و ڕۆمـان و ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام لە هەمـوو ئەوانەدا سـەرکـەوتوو نەبوو، بەڵام ئەگەر ئەم پیـاوە لەسـەردەمی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامـەدا بژیایە، ئەوا بێگومـان چەتووینەکـانی ناوی دەردەکـرد، هاوڕێ دڵسـۆزەکـەی کـە (دۆن جیـوان) بوو، کـاتی گـەڕانەوەی سـرڤـانتس بۆ ئیـسـپـانیـا مـرد، ئیـتـر کــــەســــێـک نەمــــا هـاوخــــەمی ڕابردووی بێت و نەهامـەتییـەکـانی لاببـات، ئیـسـپـانیـاش ئەوکـات زۆر بەهێـزبوو، هەمــوو زەوییــەکــانی پورتوگـال و زەوییـە نزمـەکـانی ئیـتـاڵیـا و کـەنارەکـانی ئەفریقا و شـیلی و فلوریدای کـەوتە ژێر دەسـەڵات، کاربەدەسـتـان دەسـتیـان دایە گەندەڵی ئیداری و پارە کۆکردنەوە و وڵات تێکچوو، کەس ئارەزووی بەلای چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا

نەدەکرد، بۆیە لەم نێوەندەدا دوور نەبوو کە کاروبار و ژیانی سەربازێکی هەژاری کەمئەندامی وەکو سرفانتس لەو بێ شیرازەییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی نێو کۆمەڵگەی ئیسپانیدا ون ببێت.

### سرڤانتس خێزان پێکدەهێنێت

سرڤانتس ڕۆمانێکی بەناوی (جالتیا) نووسی و ناوی دەرکرد، بەڵام پارەی پێویستی نەبوو بۆ چاپکردنی و بتوانێ کەڵک لە بەهرە ئەدەبییەکانی وەربگرێت، لەگەڵ ئەمەدا سرڤانتس لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا ژنی هێنا، کە ناوی (کاتالینا) بوو، ئەم ژنە کەسێکی کشتیاری بوو، کێڵگەیەکی کشتوکاڵی هەبوو، چوار پوورەی هەنگ و ڕێژەیەک لۆکەو کەتان و چل مریشک و هەندێ شتی دیکەی هەبوو، ئەمانە بۆ سرڤانتس زۆربوون، هاوکات دراوسێکانی ئەم ژنە سەریان سوڕدەما لەم ژنە و دەیان پرسی چۆن شوو دەکات بەسەربازێکی دەست قرتاو، لە کاتێکدا کە هیچ پارە و داراییەکیشی نییە؟!

### سرڤانتس دەنووسێت و داهێنانی ئەدەبی دەکات

سرڤانتس کۆشش و توانای خۆی خستەگەڕ لە بواری نووسیندا، بەڵام نەیتوانی کێبەرکێی نووسەری هاوچەرخ و ناوداری دراماتیکی (لوب دی فیگا) بکات، کە خاوەنی داهێنانی سەیر بوو. دەگێڕنەوە کە فیگا توانیویەتی هەزار و هەشتسەد شانۆ بنووسێت، جگە لەو چیرۆک و شیعرانەی کە ڕێکی دەخستن، بەڵام تەنیا کەمێک لە بەرهەمەکانی ماونەتەوە.

### سرڤانتس ڕوودەکاتە هەندێ پیشەی بچووک

سرڤانتس لەبەر قورسی باری ژیان ناچار بوو ڕووبکاتە هەندێ کار و پیشەی بچووک، بۆ ئەوەی ژیانی خێزانەکەی بەڕێوەببات، لەوکاتەدا حکومەتی ئیسپانی کەشتی (ئەرماد)ی ئامادە دەکرد بۆهێرشکردنە سەر ئینگلترا، سرڤانتس توانی وەزیفەیەک بەدەست بهێنێ لەو نێوەندەدا و بەڵێنی دا بە هێنانی خواردن و دار و فرۆشتن بە کەشتییەکە، دواتر وازی لەم کارەش هێنا و دەستی دایە کاری کۆکردنەوەی باج، بەڵام بەهۆی تووشبوونی بە کێشەوە وازی هێنا و لەم کاتەدا داوای کرد لە حکومەت کە لە وەزیفەیەکی تردا دایمەزرێنێت، بەڵام داواکەی پشتگوێ خرا، هەژاری تینی بۆ سرڤانتس هێنا و تووشی گیروگرفت هات و ئاکامەکەی بریتی بوو لە زیندانیکردنی لە (ئیشبیلیە) و پادشا (فیلیپی دووەم)یش هیچ هاوسۆزییەکی بۆ سرڤانتسی سەرباز و کەمئەندام و نووسەر دەرنەبڕی، کاتێکیش فیلیپ مرد و کوڕەکەی واتە (فیلیپی سێیەم) جێگەی گرتەوە، دیسان سرڤانتسی پشتگوێ خست.

### سرڤانتس چیرۆکە نەمرەکەی دەنووسێت

لە ماوەی ئەو ژیانە گران و ناڕەحەتەدا و لەو بارودۆخە سەختانەدا کە سرڤانتسی پێدا تێپەڕ دەبوو، ساڵی (١٦٠٥ز) توانی بەشی یەکەمی ڕۆمان و کتێبە بەنرخ و نەمرەکەی بنووسێت، سەرەڕای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی بەدەستی هێناو ئەو ژمارە خوێنەرە موعجیبەی بەرهەمەکەی، کەچی کەنیسە ڕازی نەبوو لێی، لەو بارەیەوە (لوب دی فیگا)ی نووسەر دەبێژێ: «هیچ شاعیرێک نییە کە خراپتر بێت لە سرڤانتس و هیچ شتێکی پڕوپووچ و سەخیف نییە لە مەدحکردنی دۆن کیشۆت» لەوکاتەدا خەڵکی ڕۆمانی سوارچاکییان دەخوێندەوە کە باسی موغامەراتی پڕوپووچ و خەیاڵی دەکرد و نەدەچووە عەقڵەوە، بەڵام سرڤانتس ویستی ئەم جۆرە پاڵەوانێتییە بەکاربهێنێ و ئەو پڕوپووچی و زیادەڕەوییانە دەربخات، هاوکات سرڤانتس توانی خەیاڵی چڕوپڕ بکات و بە ئەزموونە هەمەجۆرەکانی لە کتێبەکەیدا، وێنەیەکی گشتی ژیانی کۆمەڵگەی ئیسپانی لەسەردەمی خۆیدا بخاتە ڕوو لە ڕێگەی وێنەکێشانی پاڵەوانەکەیەوە. دۆن کیشۆت سەرەڕای ئەوەی کە کەسایەتییەکەی مایەی پێکەنین بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کەسێکی دەروون بەرز و ڕەوشت جوان بوو، توانای هاوڕێیەتی هەبوو. وشەی (دۆن کیشۆتی)، لە زۆربەی زمانە جیهانییەکاندا مانای نواندنێکی ڕەوشتی ئەم سوارچاکەیە کە پارێزەری لاوازەکانە و دەتوانێ ستەملێکراوان سەربخات و هیواو ئومێدی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام نووسەری ئەم کتێبە زانایەکی بیرفراوان نەبوو کە بەدواداچوونی بۆ هەموو شتەکان هەبێت و خاوەنی مەعریفەیەکی بێ هاوتا بێت، بەڵکو بەرهەمی بلیمەتییەکە، کە لە ئەزموونەکانی ژیان و واقیعی

کۆمەڵگەوە دەستی کەوتووە، ئەو وتەیەش ڕاست دەرچوو کە لەبارەی ڕۆمانەکەیەوە دەبێژێ: «منداڵە بچووکەکان پێشوازی لەلاپەڕەکانی دەکەن، لاوانیش پێشوازی لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەکەن و پیرو بەتەمەنەکانیش پەسن و شرۆڤەی دەکەن».

بەشی دووەمی کتێبەکەی سرڤانتس چیرۆکێکی سەیر و سەمەرەیە، لە ڕابردوودا کەسێک بەناوی (ئەفالانید) کتێبێکی نووسی و لە پێشەکیەکەیدا، باسی بەشی دووەمی کتێبەکەی سرڤانتسی کردبوو (دۆن کیشۆت) «بەوەی ڕاستە ئەم ڕۆمانە بەنرخە، بەڵام ڕەسەنێتی پێوە دیار نییە و کەم و کورتی تێدایە و خودی سرڤانتس کەسێکە کە هەڵاتووی نێو زیندانە و سوپاسگوزاری بەخششەکان ناکات و زمانی لەدەستی درێژترە»، ئەم هەڵمەتە ستەمکارانە سرڤانتسی تووڕە کرد و بوو بە هۆی ئەوەی کە سرڤانتس پەلە بکات لە تەواوکردنی بەشی دووەمی چیرۆکەکەی، کاتێک کە تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، ئەو تەمەنەش پڕ بوو لە ماندوویتی و چەرمەسەری و بێبەشبوون لەدەرفەتەکانی ژیان. ئەسقەفی شاری (طوله يطوله) یەکێکە لەوانەی کە دەگمەنن، کە ئەم شێوە ژیانەی سرڤانتس بسەلمێنن و بڕوایان پێی هەبێت. کاتێکیش کە پرسیار کرا لەو فەرەنسییانەی کە سەردانی سرڤانتسیان کردبوو وتیان: «بەڕاستی پیاوێکی بە تەمەن و سەربازێک و جنتیلمان و هەژارێک هیچی تر نییە».

سرڤانتس هەندێ لە ژیانی بە هەژاری لە گەڕەکەکانی شاری (ڤەلەد وەلید) بەسەربرد، کە پایتەختی پادشا (فیلیپی سێیەم) بوو. ئەگەر بهاتایە و سرڤانتس ڕۆمانی (دۆن کیشۆت)ی نەنووسیبا و تەنیا کۆمەڵە چیرۆکەکە بەناوی (چیرۆکە نموونەییە ئایدیاڵیەکان)ی هەبووایە بەس بوو بۆ ئەوەی بە نەمری ناوی بمێنێتەوە. چیرۆک و کتێبەکەی سرڤانتس کاریگەری لەسەر ئەدەبی ئەورووپی بە گشتی هەیە و بەتایبەت ڕۆمانەکەی (دۆن کیشۆت) بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەکان چاپ کراوە.

سرڤانتس لە (١٩)ی ئەپریلی ساڵی (١٦١٦ز) لە شاری مەدریدی ئیسپانیا مرد و ئەسپەردە کرا بەبێ ئەوەی هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی بۆ بکرێت، گۆڕەکەشی هیچ شتێکی یادگاری بۆ نەکراو تا ئێستاش کەس گۆڕەکەی ناناسێتەوە، هەرچەندە سرڤانتس نەیتوانی بە دڵی خۆی شوێنێک لە ژیان بەدەست بهێنێ، بەڵام توانی نموونەی بەرز و جوان بەدەست بهێنێ و خەزێنەیەکی گرنگی بۆ مرۆڤایەتی بەجێ هێشت و ناوی لەتۆماری نەمراندا تۆمار دەکرێت، سرڤانتس لەو ساڵەدا مرد کە ئەدیبی بەناوبانگی ئینگلیزی (ولیام شکسپیر)یش تێیدا مرد و لە هەندێ گێڕانەوەدا هاتووە کە هەردووکیان لە یەک ڕۆژدا مردوون.

**ژێدەر:**

**(١) گۆڤاری (العربي)، ژمارە (١١٦)، مانگی (٧)ی ساڵی (١٩٦٨) لا(٥٨، ٦٤)، وتاری (الکاتب الأسپاني ومـؤلف الکتاب الخالد دون کیشوت، سرڤانتس) - کویت.**

# کاری تێنەپەڕ
# لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

**کاری تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا**

لە زمـانی کـوردیدا نووسـەران و زمـانەوانانمان چەندین پێناسەیان بۆ کاری تێنەپەڕ کردووە:

- سـەعـیـد صـدقی دەڵێت: «لازم فـعلیکە دەبی لازم فـاعلەکەی لێی جویّ نەبێـتـەوە و مـحـتـاج بە مـفـعـول بە نەبی وکو حسن هات» (١).

- تەوفـیق وەهبی دەڵێت: «فـیـعلی لازیم کـاریّ یان حـاڵیّ بەیان ئەکـا کـە لە باس لێکراوەوە ڕاسـتـەوخـۆ تەجـاوەزی کـەسیّ یان شـتـێکی تر نەکـا، وەکـو قـەل ئەفریّ» (٢)

- نـوری عـــەلی ئەمین دەڵێت: «چاوگی تێنەپەڕ ئەو چاوگـەیە هەر کـاتیّ فـرمـانێکی لیّ دروست کـرا لە (مسندالیە)یەکەی جویّ نەبێتەوە بۆ کەسیّ یان شتێکی تر، وەکو دۆیەکە ڕژا» (٣).

- د. ئەوڕەحـمانی حاجی مارف دەڵێت: «کرداری تیّ نەپەڕ پێـوەندیی ڕوودان بە کـاراوە ڕادەگـەیەنن، وە ئەم جۆرە کردارانە پێویستیان بە بەرکار نییە» (٤).


دەتوانین هەموو پێناسەکان لە چواردەوری یەک چەمکدا کـۆبکـەینەوە، بەو واتایەی بڵـێین کـاری تێنەپەڕ ئەو کارەیە، کە کاریگەری هێزەکەی لە بکەرەوە تیّ ناپەڕێت بۆ سەر بەشێکی تر، بەو واتایەی ناچێـتە سەر بەرکاری ڕاستەوخۆ، واتا خاڵی جیاکردنەوەی تێنەپەڕ لە تێپەڕ، بەرکاری ڕاستەوخۆیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەیری ئەم نموونەیە بکەین:

- ڕزگار ڕۆیشت.

↓ ↓

بکەر — کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ

لەم ڕستەیەدا وشەی (ڕزگار) بکەری ناو ڕستەکەیە و کارێکی ئەنجام داوە، ئەویش (ڕۆیشتن)ە و هێزەکەی لەناو ڕستەدا تەنیا لە دەوری بکەر جێگیر بووە و نەچۆتە سەر کەرستەیەکی تر و کاری (ڕۆیشت)یش کارێکی ڕابردووی تێنەپەڕە، ئەم ڕستەیەی سەرەوەش بە تەسکترین ڕستەی کاری تێنەپەڕ دەژمێردرێت، کە تەنیا (بکەر)ی لەناو ڕستەدا وەرگرتووە، بەڵام دەشێت لە شوێنی تردا کاری تێنەپەڕ، جگە لە (بکەر) لەگەڵ چەندین کەرستەی تردا دەرکەوێت، لەوانە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)، هەروەکو لەم وێنەیەی خوارەوەدا فراوانترین سنووری کاری تێنەپەڕ لەناو ڕستەدا دەخەینە ڕوو:(٥)




لە زمانی کوردیدا کاری تێنەپەڕ لە ڕووی هێزەوە دوو جۆرە(٦):

١- تێنەپەڕی خوازەکی (الارادي): لەم جۆرە کارانەدا دەوری (بکەر) شتێکی ئاشکرا و ئیرادییە، وەک:

ئازاد هات.

کوڕەکە ڕۆیشت.

لێرەدا کارە تێنەپەڕەکانی (هات، ڕۆیشت)، پێویستییان بە بکەری ڕاستەقینەی ناو ڕستەکە هەیە بۆ هەڵسووڕانی کارەکە...

٢- تێنەپەڕی ڕوودان (لا إرادي): لەم جۆرەدا، بکەر دەورێکی تایبەتی خۆی نییە، بەو واتایەی کە ئیشەکە بەبێ ویستی بکەر دێتە دی، وەک:

ئاوەکە ڕژا.

شووشەکە شکا.

لەم ڕستانەدا کارە تێنەپەڕەکانی (ڕژا، شکا) پێویستییان بەدەرکەوتنی بکەرەکە نییە و هەروەها ڕۆڵی بکەر بەدەرناکەوێت.

دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لەزمانی کوردیدا ناشێت کارێکی تێپەڕ بۆ کاری تێنەپەڕ بگۆڕدرێت، واتا کارە تێنەپەڕەکان تەنیا بۆ ئەو کارانە دەگەڕێتەوە، کە لە بنجدا تێنەپەڕن.

### کاری تێنەپەڕ لەزمانی عەرەبیدا

دەربارەی زمانی عەرەبیش، ئەوا دیسانەکە نووسەران و زمانەوانانیان چەندین پێناسەیان بۆ کاری تێنەپەڕ کردووە:

- د. حاتم صالح الضامن يقول: «مالايتعدى أثره الفاعل، ولايجاوزه الى المفعول، وانما يبقى قاصرا على فاعله، ولهذا فانه يحتاج الى فاعل يفعله، ولايحتاج الى مفعول يقع عليه»(٧).
- راجي الأسمر يقول: «هو الذى يكتفي بفاعله ويتم به معناه»(٨).
- انطوان الدحداح يقول: «يبقى معناه في فاعله»(٩).
- الاستاذ الشيخ أحمد الحملاوي يقول: «مالم يجاوز الفاعل الى المفعول به»(١٠).
- اية الله الشيخ مصطفى النوراني يقول: «فهو الفعل الذى لم يتجاوز معناه عن الفاعل»(١١).
- سعيد افغاني يقول: «اذا اقتصر أثر الفعل على فاعله، فالفعل لازم»(١٢).

بە جۆرێک کە هەمان پێناسەکەی کاری تێپەڕی کوردی لەگەڵیدا یەک دەگرێتەوە، کە ئەویش ئەو کارە دەگرێتەوە واتاکەی تەنیا بە (بکەر) تەواو دەبێت و پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ نییە، وەک:

١- نام      الطفل.

↓      ↓

فعل لازم      فاعل

(کاری تێنەپەڕ)      (بکەر)

٢- نزل الراكب.
↓ ↓
فعل لازم — فاعل
(كاری تێنەپەڕ) — (بکەر)

٣- مشی الأمیر.
↓ ↓
فعل لازم — فاعل
(كاری تێنەپەڕ) — (بکەر)

لەم سێ ڕستەیەی سەرەوەدا، کارەکانی (نام، نزل، مشی) هەریەکەیان کارێکی تێنەپەڕن و هەر بۆیەشە واتای ڕستەکە، تەنیا بە بکەرەکەی بەندە و پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ نییە بۆ تەواوکردنی ماناکەی..

هەروەها کار لەزمانی عەرەبیدا وەکو تێنەپەڕ دەبینرێت، ئەگەر بەم واتایانەی خوارەوە هات:

١- بە واتای ڕەمەک (غەریزە) هات، یاخود لێی نزیک بێت(١٣)، وەک:
(شجُع، حسُن).

٢- بە واتای دەستە (هیئة) هات(١٤)، وەک:
(طال، قصُر).

٣- بەواتای ڕەنگ (لون) هات(١٥)، وەک:
(زرق، دکن، ابیض، .....تاد).

٤- بە واتای خەوش (عیب) و جوانکاری (حلیة) هات(١٦)، وەک:
(عور، کحل).

٥- بە واتای پاک و خاوێنی، یان پیسی (نظافة أو دنس) هات(١٧)، وەک:
(نظُف، طهُر، نجُس).

٦- بە واتای بەتاڵی، یان پڕیی (خلو أو امتلاء) هات(١٨)، وەک:
(فَرَغَ، شَبَعَ).

٧- بە واتای هەندێک لە بەربەستە سروشتییەکان (العوارض الطبیعیة) هات(١٨)، وەک: (غضِب، مرِض).

هەروەها کاری تێنەپەڕ لە زمانی عەرەبیدا لە ڕووی هێزەوە، بەسەر دوو بەش دابەش دەکرێت، واتا هەروەکو زمانی کوردی دەبینرێت:

١-لازم الإرادي (تێنەپەڕی خوازەکی): لێرەدا دەوری بکەر (الفاعل)، لەناو ڕستەدا دیارە و ئیرادییە، وەک:
- جاء الرجل.
- مشی الأمیر.

لێرەدا وشەکانی (جاء، مشی) هەریەکەیان کارێکی تێنەپەڕن و بکەرەکانیان (الرجل، الأمیر)ە کە لێرەدا خۆیان کارەکانیان ئەنجام داوە.

٢- لازم لاارادي (تێنەپەڕی ڕوودان): لێرەدا دەوری بکەر نابینرێت، واتا کارەکە لەژێر دەسەڵاتی بکەردا نابێت، وەک:
- أنكسر الشباك.
- مات الرجل.

لێرەدا (الشباک، الرجل) هەردووکیان بکەرن، بەڵام خۆیان بە ئەنجامدانی کارەکە هەڵنەستاون، بۆیە بەم جۆرە (بکەر)انە دەوترێت بکەری (لاارادي).

هەروەها دەشێت کاری تێنەپەڕ لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی شێوازی داڕشتنییەوە بناسرێتەوە، واتا شێوازی کارەکە لەسەر چ کێشێک (وزن) بێت، بۆیە لێرەدا دەتوانین هەشت شێوازی بۆ دیاری بکەین(٢٠).

١- لەسەر شێوازی «فعُل»، وەک:
حصُف، بدُع.

٢- شێوازی «انْفَعَلَ»، وەک:
انْكَسَرَ، انْطَلَقَ.

٣- شێوازی «افعَل»، وەک:
اغْبَر، ازْوَر.

٤- شێوازی «افعالّ»، وەک:
اقطار، ادهام.

٥- شێوازی «افعلَلّ»، وەک:
اشمأزّ، اطمأنّ.

٦- شێوازی «أفوعَلّ»، وەک:
اکوهَدّ.

٧- شێوازی «أفْعَنْلَل»، وەک:
احْرَنْجَمَ.

٨- شێوازی «أفعَنْلی» وەک:
احرنبی.

کاری تێنەپەڕ دوو جۆر شێوازی سازکردنی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە، کە هەر لە بنەڕەتدا کارەکە تێنەپەڕە،

وەکو (مات، جلس،...تاد)، بەڵام جۆری دووەمیان، کە لەزمانی عەرەبیدا زۆر کەمە، ئەویش گۆڕینی کاری تێپەڕە بۆ تێنەپەڕ، ئەگەرچی ئەم حاڵەتە تەنیا لە زمانی عەرەبیدا دەبینرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچێتە ناو چوارچێوەی یاسایەکی گشتی لەزمانەکەدا، واتا دەتوانین بە حاڵەتی ناوێزەی دابنێین و یاساکانیشی بەم شێوەیەیە:

١- گۆڕینی بۆ یەکێک لە کێشەکانی (اوزان) حاڵەتی (مطاوعة)(٢١)، وەک:

أ- فَعَلَ    افتَعَلَ.
جَمَعَ (تێپەڕ)   اجتَمَعَ (تێنەپەڕ)
ب- فعل   انفَعَلَ.
کسر (تێپەڕ)   انکسر (تێنەپەڕ)
ج- فَعَّلَ   تَفَعَّلَ.
حَقَّقَ (تێپەڕ)   تَحَقَّقَ (تێنەپەڕ)....(٢٢)

٢- بە گۆڕینی بۆ شێوازی بۆ نموونە «کَرُمَ یَکرُم»، تاکو مانای سەرسوڕمان «تعجب» یا زێدەڕۆیی (مبالغة) بگەیەنێت، وەک:

«ضَرُبَ محمد» و «فَهُمَ خالد» یان
ما أضربه! و ما أفهمه!....(٢٣)

٣- کارەکە مانای لازم «تێنەپەڕ» بگەیەنێت، وەک:
(فلیحذر الذین یخالفون عن أمره)، (ولا تَعْدُ عیناك عنهم)(٢٤)..

٤- کاتێک لەدوای کارتێکراو (معمول)ەکەی دێن، وەک:

«أن کنتم للرؤیا تعبرون» (٢٩).

معمول    فعل لازم
اسم مجرور

## لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەردوو زمانەکە لە رووی کاری تێنەپەڕەوە

لە رووی لێکچوونەوە، ئەگەر تەماشای هەردوو زمانەکە بکەین، دەبینین لە کۆمەڵێک شت هاوبەشییان هەیە، لە رووی پێناسەوە، ئەوا لە هەردوو زمانەکە هەمان پێناسە بۆ کاری تێنەپەڕ کراوە، کە ماناکەی تەنیا لەسەر بکەرەکە دەوەستێت و بەرکاری راستەوخۆ لەگەڵیدا نییە، هەروەها لە هەردوو زمانەکە دەشێت بکەری رستەکە دەوری سەرەکی ببینێت لە هەڵسووڕانی کارەکە، لە هەمان کاتیشدا دەشێت رستەکە روودانی کارەکەی تێدابێت بەبێ رۆڵی بکەرەکە، واتا بچێتە حاڵەتی پێویست (لاارادي) «لە عەرەبیدا ئەم دوو جۆرەی کاری تێنەپەڕ لە یەکتر جوداکراونەتەوە بەهۆی ئەوەوە، کە کاری تێنەپەڕی روودانیان ناوناوە (أفعال المطاوعة)(٢٧).

ئەگەر بێینە سەر لایەنی جیاوازیش، ئەوا دەبینین دیسانەکە لە چەند حاڵەتێکدا وەک یەک دەرناچن، لە زمانی عەرەبیدا هەندێک حاڵەت دەبینرێت، کەچی لە کوردیدا ئەم شتانە نین، لەوانە کێشەکانی کار «أوزان الافعال»، کە ئەمەش تایبەتییەکی زمانی عەرەبییە، هەر لە رێگەی ئەم کێشانەوە، ئەوا کاری تێنەپەڕ دەناسرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا زۆر لە زمانەوانان دەیگەڕێننەوە بۆ نەبوونی بەرکاری راستەوخۆ لەناو رستەدا، بەڵام لە رووی وشەوە، ئەوا هیچ نیشانەیەک نییە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە یەک جودا بکاتەوە «لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی نییە، کە کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕی لە یەکتر پێ جیا بکرێتەوە، بۆیە زۆربەی نووسەران لەسەر بناغەی واتا لەم کێشەیە دواون»(٢٨)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەو یاسایەی (د. ئەورەحمانی حاجی مارف) دایناوە، بکەینە رێگەیەک لە چۆنیەتی ناسینەوەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە یەکتری، کە ئەمیش بەهۆی خستنە سەری جێناوە لکاوەکان بۆ سەر کاری رابردووی بەردەوام لە حاڵەتی تێپەڕ و تێنەپەڕدا، ئەوا یەکسەر بۆت دەردەکەوێت، کە کارە تێپەڕەکە جێناو بە بەشی پێشەوەی دەلکێت، بەڵام لە تێنەپەڕدا بەدواوە دەلکێ»(٢٩)، وەک:

| تێنەپەڕ | تێپەڕ |
| --- | --- |
| دەکەوتم | دەم خست |
| دەچووم | دەم برد |
| دەرۆیشتم | دەم نارد.....(٣٠) |

دیارە جیاوازی نێوان هەردوو زمانەکە لەم حاڵەتەدا، زیاتر پەیوەستە بە تایبەتمەندی هەندێک حاڵەت بۆ زمانەکە، چونکە کێش (وزن) لە کاری عەرەبیدا دەبینرێت، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکە بۆ خودی زمانەکە، ئەم حاڵەتە لە زمانی کوردیدا نابینرێت. حاڵەتێکی تر، کە زۆر زەقە ئەویش چۆنیەتی گۆڕینی کاری تێپەڕە بۆ

کـاری تێنەپەڕ، چونکە ئەم حـاڵەتە لە زمـانی کـوردیدا نییە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا دەبینرێت.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


١- سەعیـد صدقی کابان، مـختصر صرف و نحوی کـوردی، جزء١، چاپخـانەی (نجـاح)، بغـداد، ١٩٢٨، ل٤٤.
٢- تەوفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، (دارالطباعة الحدیثة)، بەغدا، ١٩٢٩، ل٤٢.
٣- نوری عـەلی ئەمین، ڕێزمـانی کـوردی، چاپخـانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٦٠.
٤- د. ئەوڕەحـمانی حاجی مـارف، ڕێزمـانی کـوردی، بەرگی یەکـەم (وشـەسازی)، بەشی پێنجـەم (کـردار)، دەزگـای چاپ و پەخشی سـەردەم، سلێمـانی، ٢٠٠٠، ل٤٦.
٥- عومەر مەحموود کەریم، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٤، ل٤٣.
٦- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٥٠.
٧- د. حاتم صالح الضامن، الصرف، وزارة التـعلیم العـالي والبـحث العلمي، جامـعـة بغـداد، ١٩٩١، ص١١٦.
٨- راجـي الأسمر، مرجع الطلاب في اللغـة العربیـة، الطبعة الاولي، جروس پرس، لبنان، ١٩٩٥ ص١٠٦.
٩- انطوان الدحداح، معجم قواعد اللغـة العـربیـة في جداول ولوحات، طبعة التاسعة، مكتبة لبنان ناشرون، بیروت، ١٩٩٧، ص١١٩.
١٠- الاستاذ الشیخ احمد الحملاوي، شذا العرف في فن الصـرف، طبعـة الثانیـة، مكتبـة دارالعلمیـة، لبـنان، ٢٠٠٠، ص٤٨.
١١- ایــة الله الشـیخ مـصطفی الـنوراني، قـواعـد الصــرف، طبعـة الرابعـة، مكتب اهل البـیت، ٢٠٠١، ص١١٤.
١٢- سـعیـد افـغـاني، الموجز قـواعـد اللغـة العـربیـة، انترنیت.
١٣- أنطوان الدحداح نفس المصدر، ص١١٩.
١٤- نفس المصدر، ص١١٩.
١٥- د. حاتم صالح الضامن، الصرف، ص١١٧.
١٦- نفس المصدر، ص١١٧.
١٧-د. عـبـده الراجـحي، دروس فی شـروح الألفیــة، دارالنهضـة العربیـة للطباعـة والنشـر، بیـروت، ١٩٨٠، ص٥٤.
١٨- أنطوان الدحداح، نفس المصدر، ص١١٩.
١٩- نفس المصدر، ص١١٩.
٢٠- د. حــاتم صــالح الضــامن، نفس المصــدر، ص١١٧.
٢١- مطاوعـة: واتا گۆڕینی شتێک لە حاڵەتێک بۆ حاڵەتێکی تر، یان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، کە ئەمـیش بە زیادکـردنی پیـتێک، یان زیاتر لە سـەرەتای وشەکە دەگرێتەوە.
٢٢- راجي الاسمر، نفس المصدر، ص١٠٧.
٢٣- د. حــاتم صــالح الضــامن، نفس المصــدر، ص١١٩.
٢٤- نفس المصدر، ص١١٩.
٢٥- مەعـمول: واتە کارتێکراو، کارتێکەرێک کاری خۆی دەخاتە سەر.
٢٦- د. حــاتم صــالح الضــامن، نفس المصــدر، ص١١٩.
٢٧- لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٠١.
٢٨- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٤٨.
٢٩- د. ئەوڕەحمانی حاجی مـارف، ڕێزمانی کـوردی، بەرگی یەکــەم (وشـەســازی)، بەشی دووەم (جـێـناو)، بەغدا، ١٩٨٧، ل١٨١.
٣٠- هەمان سەرچاوە، ل١٨٢.

# چەند پەیامێک بۆ نەتەوەی ئەڵمان

یۆهان گۆتلیب فیختە
لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**مـــیللەتێک بەواتای بەرزی ئەم وشـــەیە چیـــــە و خۆشویستنی وڵات چییە؟!**

چوار پەیامەکەی دوایی وەڵامی ئەم پرسیارەیان دایەوە: ئەڵەمان، بە پێچەوانە لەگەڵ میللەتانی تری بە ڕەچەڵەک جەرمان، چییە؟!

ئەو ســـەلمێنەیەی بۆ تێکڕای لێکۆڵینەوەکـــەمـــان هێنرایەوە، کامڵ و تەواو دەبێ ئەگەر بێتو ئەم پرسیارەش بخەینە سەر توێژینەوەکەمان:

میللەتێک چییە؟!

پرسـیـاری دوایی لە پرسـیـارێکی تر دەچێ و لە هەمـان کاتدا زۆر کراوە و وەڵامی جیاوازی دراوەتەوە کە ئەمەیە:

خۆشویستنی نیشـتـمان(١) چییە یاخود ئەگەر مرۆڤ ڕاسـتـتـر خـۆی دەربـبـڕێ: خـۆشـەویـسـتی تاکـەکـەسان بۆ نەتەوەکەیان چییە؟.

ئەگەر ئێمە تاوەکو ئێستا توێژینەوەکەمان بە ڕێگایەکی ڕاستدا بردبێ، ئەوا پێویستە ڕوون ببێتەوە، تەنیا مرۆڤی ئەڵەمـان- کـە بنەڕەتی و ڕەسـەنە و ursprungliche نەک ئەو مرۆڤەی لە ڕێک و پێکییەکی هەڕەمەکیدا کپ و ئارام بووە، بە ڕاســتـی مـــیللەتێکی هەیە و دەتوانێ حیسـابێک بکات و پشتی پێ ببەستێ و تەنیا هەر ئەو بە ڕاستی و ژیرانە توانای خۆشویستنی نەتەوەکەی هەیە.

ئێـمـە بەهۆی ئـەم تێبـینیـیـەوە کـە بۆ یەکـەم جـاریش وا دەردەکـەوێ پێـوەندی بەوەوە نەبێ کـە تا ئێـسـتـا لـەبەر دەسـتـدایە، ڕێـگای چارەسەری ئەو ئەرکە دەگرینە بەر کە چووینە ژێر بارییەوە.

ئاین، هەروەک ئێـمـە لە پەیامی سـێـیـەمماندا ڕوونمان کردەوە، دەتوانێ بەو پەڕی مرۆڤ بەسەر هەموو کاتێکدا

و، بەسەر تەواوی ئێستا و ژیانی هەستەکیدا بڵند و بەرز بکاتەوە، بەبێ ئەوەی کەمترین دابڕین لەنێو ژیانی دادپەروەری و ئاکارەکی و پیرۆزیدا کە لە لایەن ئەو ئیمان و باوەڕەوە کاری تێکراوە، بەرپا بکات. مرۆڤ دەتوانێ، تەنانەت لەگەڵ ئەو بڕوایەی هەیە بەوەی کە هەموو ئەوەی ئێمە لەسەر ئەم زەویەدا دەیکەین کەمترین شوێنەواری لە پاش بەجێ نامێنێ و کەمترین بەروبووم وەبەرناهێنێ و ڕەب چەوتی دەکات Verkehrt و دەکرێ بە ئامرازێکی بەدکاری و تێکدانی قووڵی ئاکاربیانە، لەگەڵ ئەمەشدا درێژە بەم چالاکییە دەدرێت تەنیا بۆ ئەوەی لە خۆماندا ژینی ڕەببانی جێگیر و بپارێزین پێوەندیمان بە ڕێکو پێکییەکی شتەکانەوە لە جیهانێکی دوارۆژدا هەبێ کە تێیدا هیچ شتێک کە ڕەب دروستی کردووە لەناو ناچێ. ئیتر بۆ نموونە پەیامبەر و عیساییە(مەسیحییە)کانی پێشوو بەهۆی ئەو ئیمان و بڕوایەی بە ئاسمانیان هەبووە لە ژیانیاندا، لە زەوی جیابوونەتەوە و هەموو ئەوانەی پێوەندییان پێوەی هەبووە، دەوڵەت، نیشتمانی سەرزەوی، نەتەوە دەستبەرداریان بوون و هیچی تر بە شایستەی ئەوەیان دانەناون کە بایەخیان پێبدەن و ڕێزیان لێ بنێن. ئەمەش ئێستا شیاوەکییە و لە کردن دێت، بەلای بڕوا و ئیمانەوە سووک و ئاسانە و خۆشە مرۆڤ باوەڕ بەوە بهێنێ کە خواستی نەگۆڕاوی ڕەب جارێک ئەوەبووە ئێمە هیچ نیشتمانێکی سەر زەویمان نەبێ و ئێمە لەم دنیایەدا دزێو و ناحەز و Ausgestossn بەندە و کۆیلەین، بەڵام ئەمە نە ڕەوشە سروشتییەکەیە و نە بنەما و قانوونی ڕەوت و پرۆسەی جیهانە، بەڵکو ئەمە جۆرە لە ئاسایی بەدەرێکی دەگمەنە هەروەها ئەمە جۆرێکە لەو پەڕی بەهەڵە بەکارهێنانی ئاین کە زۆرجار عیساییەکان (مەسیحییەکان) کردوویانە، کە هەر لە سەرەتاوە و بەبێ گوێ دانە ئەو دۆخ و ڕەوشەی لە ئارادایە لەوەوە هەنگاوبنرێت کە خۆکێشانەوە و دوورە پەرێزی لە کاروبارەکانی دەوڵەت و نەتەوە بە جەوهەر و پوختەی ئاین دابنرێت و هەست پێبکرێت. لە جۆرە دۆخێکی ئاوەهادا، ئەگەر بێتو هەڵوێستەکە ڕاست و دروست بێت و تەنیا هەر بەهۆی هاتوهاوار و دەمارگیری ئاینییەوە نەکەوتبێتەوە، ئەوا ژیانی ئەم دنیایە، سەر زەوی -zeit liche هەموو جۆرە سەربەخۆییەک لە دەست دەدات و دەبێتە تەنیا بێلایی و بەردەکەی ژیانی ڕاستەقینە و تاقیکردنەوەیەکی سەخت کە مرۆڤ بەهۆی ملکەچی و

گوێڕایەڵی و خۆ بەدەستەوەدان لە بەرامبەر خواستی (ئیرادەی) ڕەبدا دەچێتە ژێرباریەوە. کەواتە ڕاستە، وەک لە لایەن زۆر کەسەوە وێنەکە بە بیر و مێشکدا هاتووە، گیانی نەمرەکان بۆ سزادانیان لە لاشەی سەرزەویدا هەروەک لە زنداندا بن، بەندکراون. لە دۆخی ڕێک و پێکی ئاسایی شتەکاندا، بە پێچەوانەوە، دەبێ ژیانی سەرزەوی ژیانی ڕاستەقینە بێت مرۆڤ دڵی خۆی پێخۆش بکات و بە سوپاس گوزارییەوە چێژی لێوەر بگرێت و چاوەڕوانی ژیانێکی بەرزتر بکات، ڕاستە، ئاین سەبووری دڵی ئەو بەند و کۆیلانە دەداتەوە کە بە ناهەق دەچەوسێنرێنەوە هەروەها لە پێش هەموو شتێکدا ئەمە پوختەی ئاینە کە مرۆڤ دژی بەند و کۆیلایەتی بوەستێ و مرۆڤ دەتوانێ و بۆی هەیە نەهێڵێ و ڕێگا نەدات ڕۆڵی ئاین تا ئەو ڕادەیە لەو پلە و پایەی کەم بکرێتەوە و نزم ببێ بەوەی تەنیا هەر دڵدانەوەی زیندانیان بێت. بۆ زۆردار دەلوێ و شایستەیەتی کە بە وتار باسی ملکەچی ئاینی بکات و بە وانە، کە لەسەر زەوی نایەوێ بستێک جێگایان بداتێ، بەڵێنی ئاسمان بدات؛ ئێمە کەسانی ترین و پێویستە کەم پەلە بکەین لەوەی ئەو بۆچوونەی کە دەربارەی ئاین دراوەتە دەست، خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین و ئەگەر بتوانین و لە دەستمان بێت، ڕێگا نەدەین سەر زەمین لە بەرچاو بکرێت بە دۆزەخ بە بیانوو لە پێناو ئەوەی ئارەزوو و مەیلێکی زۆر و زەبەندە بۆ ئاسمان بورووژێنرێت. ئەرکی سروشتی مرۆڤ کە لە ڕەوشی ناچاری ڕاستەقینەدا نەبێ نابێ دەستبەرداری ببێت، ئەوەیە ئاسمان (٢) لەسەر زەویدا بدۆزێتەوە هەمیشەیی و بەردەوامی نەمری لە کاروباری ڕۆژانەی سەر زەوییەکەیدا جێگیربکات و بەسەر نەچوو لەناو جەرگەی بەسەرچووی پابەندی کاتدا بچێنێ و پەروەردەی بکات و پێی بگەیەنی و ئەمە نەک بە شێواز و ڕێگایەکی تەمومژاوی کە کەس تێی نەگات و لەهی بەناو چووەوە بەسەر چاڵێکدا کە چاوودیدی لەناوچوو تێبکەوێ بەرەو نەمری بڕوات، بەڵکو بەوەی بە شێواز و ڕێگایەک کە بۆ چاوێکی لەناوچوو خۆی ڕوون و ئاشکرا بێت.

من بە نموونەیەک دەست پێدەکەم کە لەلایەن هەموانەوە ڕوون و ئاشکرایە:

چ بیرمەندێکی خانەدان نایەوێ و حەز ناکات لە زارووکەکانیدا لە زارووی ئەمانەدا ژیانی تایبەتی خۆی سەر لەنوێ و بە شێوازی باشتر کراو دووبارە نەبێتەوە

چاکتــر و تەواوتر نەبێ مــاوەیەکی درێژ بەردەوام بێت لەســەر ئەم زەوییــەدا دوای ئەوەی دەمــرێ. چ کــەســێک گیـان و هەست و ئاکاری بەکـارناهێنێ دژی بەدکـاری و گەندەڵی و چەوتی کە لە ژیاندا دیویەتی و تۆقاندوویانە و هەوڵی ڕاستی نادات و ناخوازێت تەمەڵی و تەوەزەلی و کـەمـتـەرخـەمی و دڵـتـەنگی و خـەم و خـەفـەتبـاری ڕیشـەکێش بکات و ئەمـانە وەک باشـتـرین مـیـرات بۆ نەوەی دوارۆژ بێ و لە ناخ و دەروونیـــاندا بچـــێنێ و ئەوانیش بە جوانتـر و باشتـر و پتر بە شیـرینتر شێـوە جـارێکی تر لە دوای خـۆیانەوە بەجـێی ناهێــڵن؟! چ خـانەدانێکی بیـر و هەست و سـۆز بەرز بەهۆی کردەوەی یان بیـرکردنەوەی نایەوێ تۆوێک بچێنێ ببـێـتە مـایەی بەردەوامی هەمیشە بەرەو پێشچوونی تەواوەتی و کـامڵ بوونی ڕەگـەزەکەی و نایەوێ شـتـێکی نوێ کە پێـشـتـر نەبووە بخـــاتە نێـــو کـــات (زەمـــەنەوە) و ببێ بە سـەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی داهێنانی نوێ، ناخـوازێ ئەو جـێگایەی لەسـەر زەوی هەیەتی و کـە بۆمـاوەیەکی کورتی کرژ پێی بەخشراوە بیدات بە شتێکی هەمیشەیی بەردەوام لەم دنیـــایەدا، ئەو وەک مـــرۆڤـــێکی تـاک و ئەگـەرچی مـێـژووش ناوی نەبات (تینوێتی ناوبانگ بەدەست هێنان و لووتبـەرزییـەکی دزێو و ناحـەزە) ئەوا لەگـەڵ ئەمـەشـدا لە ویژدان و هۆشی خـۆی و لە بڕوا و ئیـمـاندا شـتـێک بەدەر دەکـەوێ کـە یادگـارێک بەجێ دەهێڵێ پشت ڕاستی دەکاتەوە کە ئەو لێرەدا بووە؟! چ بیـرمـەندێکی خـانەدان ئەوەی ناوێ، من وتم، بە پێی پێویسـتـییـەکانی ئەم جـۆرە بیـرمەندانە، وەک بنەمـا و قانوونێک، کە دەبێ بۆ هەمووان وابێ، جیهان وا سەرنج بدرێت و ڕێک بخرێت هەروەک ئەوەی لەبەر خـاتری چاو و خـواستی ئەوان دانراوە؟! ئەوان کاکڵی هەمـان شتن و ئەوانی بە جۆرێکی تر بیر دەکەنەوە وەک تەنیا بەشێکن لە جیـهـانی لەناوچوو ئەوەندەی بەو جـۆرە بیـر بکەنەوە کەوان و لەبەر خاتری خواستی ئەوان هەن و دەبێ خۆیان بە دڵی ئەوان لێـبکەن تا ئەو کـاتەی وەک ئەوانیـان لێ دێت. دەبێ چ کەسێک بێت ئەوی بتوانێ پێداویستی و داواخوازی و بڕوای خانەدانان بە نەمری و لەناو نەچوونی کـاروکرداریان دەسـتـەبەر ببێ؟ بە ئاشکرا تەنیـا ڕێک و پێکی Ordnuny شتەکان دەتوانێ دانی پیادا بنێ کە خـۆی نەمـرە و دەتوانێ شـتـێکی نەمری لە خـۆیدا تۆمـار بکات و بیگرێتە خۆی. ئەم جۆرە ڕێک و پێکییە ئەوەیە کــە بە ئاشکرا ناتوانرێ بە هیـچ چەمک و بۆچوونێک

تێــبگەیشــتــرێ، بەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا لە ژینگە و دەوروبەرێکی ڕاسـتـەقـینە بە تایبـەتی لە سـروشـتـێکی گیـانی مـرۆڤەوە کـە بە هەمـوو بیـر و هزر و کـرداریەوە بە هەموو بڕوابوونی بە نەمری هەمان شت، پەیدابووە ، واتە مـیـللەت کـە لێـوەی پەیدا بووە بە سـایە و لە سێـبـەریدا پەروەردە بووە و پێگەیشـتـووە و ئەوی ئێـسـتـا چیـیـە و هەیەتی لەوەوە کـــــەوتـۆتەوە و پەیـدا بووە. بێ هـیـچ گومـانێک ڕاستە کە کردارەکەی، ئەگەر بە هەق خوازیاری نەمـرییـەکەی بێت، بەرهەمی سادە و سـاکـاری قـانوونی سـروشـتی گـیـانی نەتەوەکـەی نییـە و کـە بە هۆی ئەو ئەنجامەوە بە بێگەردی گەشە دەکات، بەڵکو شتێکە پتر لەوە، ئەوەیە، ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەی سەرەکی و ژیانی ڕەببەوە هەڵدەقوڵێت. هەروەها ڕاست و درووستە کە: ئەو شتـە پتـرە و، لە هەمان کـاتدا لە یەکـەم ڕەنگ ڕشتنیدا بەرەو دیـاردەیەکی بەرچاو و لەژێر کـارلێکردنی قـانوونی سروشتی گیانی تایبەتیدا خۆی گونجاندووە و تەنیا هەر بە پێی ئەو خـۆی توانیــویەتی دەربڕینێکی هەسـتـەکی بۆ خـۆی بنیـات بنێ. لەژێر سـێـبـەری هەمـان قـانوونی سروشتیدا، ئەوەندەی ئەو میللەتە هەبێت، هەموو سروشە دوارۆژییـەکـانی ڕەب کـە دەردەکـەون لە لایەی ئەو بەدی دێن و دێنە بەرچاو و لەو داخـەت و خـاڵ دەدەن -Sich gestalten. هەروەها بەم پێیە کە ئەو لەوێ هەبوو بووە و کاری کردووە ئەو خۆی ئەو قانوونە لەمەولا دەستنیشان دەکات و کاریگەری و چالاکییەکەشی بووە بە بەشێکی بەردەوامی ئەوخۆی. هەروەها ئەوی دوای ئەمە دێت دەبێ خۆی لەگەڵیدا بگونجێنی و پێوەی بەند بکرێت. هەرەوها شـتـێکی گـومـان هەڵنەگـرە ئەو پەروەردە و پێگەیاندنی بەهۆی ئەوەوە بە دەست هاتووە لەناو مـــیـللەتەکـــەیدا دەمـێنێـتـەوە، ئەوەندەی ئەو مـیللەتە خـۆی بە هەبوویی بمێنێـتـەوە و ببـێـتـە هۆکـاری بەردەوام و درێژخـایەنی دەستنیـشـانکردنی پەرەسەندنی لەمـەولای هەمـان شت. ئێستـاکە ئەگەر لە ڕوانگەی بڵندی جیهانێکی گیانییەوە بە تێکڕایی بڕوانرێت، ئەمە واتای وشەکەیە: میللەتێک: تاقمە کەسێک کە بەردەوام لە کۆمەڵدا پێکەوە دەژین و خۆیان لە خۆیان سروشتی و گیانی. هەمیشە دەکەونەوە و پەیدا دەبن، بە تێکڕایی ملکەچی قـانوونێکی دیار و ئاشکرای پەرەســەندنی ڕەبانین کــە لەو کــەوتۆتەوە. هەمـەکییـەتی و تێکڕایی ئەو قـانوونەیە کـە لە جیـهـانی نەمــری و لەهی کــاتی (لەناوچوودا) لەســەر زەوی ئەم تاقـمـە خـەڵکەپێکەوە دەکـات بە کـۆیەکی سروشـتی

تێکەڵاو بەس بەخۆ بووی بەیەکەوە بەستراو. بەپێی ناوەڕۆکی ئەم قانوونە دەکرێ بە تێکڕای تێی بگەیشترێ، هەروەک لەلای ئەڵەمان کە گەلێکی سەرەتایییە پەیمان پێبرد و تێگەیشتووین، تەنانەت دەکرێ بەهۆی بیرکردنەوە لە هەندێک دەرکەوتووەکانی لەلای گەلێکی تری وەک ئەم باشتر لە هەندێ دەستنیشانکردنەکانی بگەیشترێ، بەڵام هیچ کاتێک و جارێک هیچ کەسێک ناتوانێ بۆچوونێک لە بارەی ئەم قانوونە لەلای خۆی گەڵاڵە بکات ئەگەرچی گومان لە بوونی ئەم قانوونە ناکرێ، چونکە ئەو بە بێ ئەوەی هۆش و ئاگای لێ بێ، کەوتۆتە ژێرباری کارلێکردنی قانوونەکەوە. ئەم قانوونە پتر بابەتی بۆچوونە بە وێنە و لەگەڵ پتری بۆچوونی ڕووتی بنەڕەتی لە دەرکەوتندا ڕاستەوخۆ تێکەڵ و ئاوێتە بووە، هەروەها هیچیان لە دەرکەوتن و دیاردەدا لە یەکتری جیاناکرێنەوە. ئەو قانوونە لە سنوور بە دەرە ئەوەیە کە مرۆڤ بە کەسایەتی نەتەوەیی میللەتێکی ناودەبات دەستنیشان و کامڵ و تەواو دەکات: قانوونی پەرەسەندنی بنەمای سەرەتایی ڕەببانی. بەهۆی ئەمەی دواییەوە ڕوون بۆتەوە کە کەسانێک کە ئێمە بە بێگانە خوازمان باس کردن، بڕوایان بە بوونی سەرەتایی و بەردەوامی پەرەسەندنەکەی نییە، بەڵکو بڕوایان تەنیا بە خولی سووڕانی ژیانێکی نەمری (جاویدانی) ڕواڵەتی ڕوخسارەکی هەیە، ئەوانە بەهۆی ئەو باوەڕ و بڕوایانەوە، وەک ئەوەیان لێدێت کە باوەڕیان پێیەتی، بە واتا بە پێز و بەرزەکەی شایستەی ئەوە نین میللەت بن، چونکە ئەوان ئەوی ڕاست بێ، بوونی تایبەتیان نییە و بەکەمی دەتوانی توانای سروشت و کەسایەتی نەتەوەییان هەبێت. بڕوا و ئیمانی مرۆڤی خانەدان کە بە هەمیشە زیندوویی کاروکاریگەرییەکەی هەیەتی بەو هیوایە کە بە هەمیشە زیندوویی میللەت، کە ئەو خۆی لێوەی پەیدا بووە، هەیەتی، پشت دەبەستێ و بە دەگمەنی و تایبەتمەندی میللەتەکەشی و بە پێی قانوونە شاردراوەکان بە بێ ئەوەی بێگانەیەک کە پێوەندی بە تێکڕای دانان و داڕشتنی قانوونەکانەوە هەبێ، بتوانێ دەست بخاتە نێویانەوە و تێکیان بدات. ئەم تایبەتمەندییە خۆی نەمرییە، ئەوی نەمری بوونی خۆی و بەردەوامی کاریگەرییەکەی پێ ڕەوا دەبینرێ، ڕێک و پێکی (نەزمی) نەمری شتەکانە کە هەموو جۆرە نەمرییەکی تایبەتی خۆی دەخاتە ناویانەوە، دەبێ ئەو بەردەوامییەکەیان بخوازێ وبیەوێ، چونکە هەر ئەو خۆی بۆ ئەو ئامرازێکی ڕزگار بوونە کە بەهۆیەوە دەتوانێ ماوە کورتەکەی ژیانی خۆی لە سەر زەوی بەردەوام بکات و لەسەر زەوی درێژی بکاتەوە. بڕوا و کۆششی بۆ چاندنی تۆوی نەمریی، بۆچوون و تێگەیشتن لە ژیانی تایبەتی خۆی وەک ژیانێکی نەمری ئەو گرێبەندەیە کە لە سەرەتاوە نەتەوەکەی بەهۆیەوە تێکڕای ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە توند و تۆڵی لەگەڵیدا و پێوەی گرێ دەدات و پێویستییەکانیان تاوەکو کۆتایی دواڕۆژ لەگەڵ پێویستییە تایبەتییەکانی خۆی تێکەڵن: ئەمە ئەو خۆشەویستییەیە کە بەرامبەر بە میللەتەکەی هەیەتی: لە پێشەوەی، ڕێزلێنان، بڕوا پێ بوون، دڵخۆشبوون و شانازی کردن بەوەی کە لەوەوە کەوتۆتەوە. ڕەببانی لەوەدا بەدەرکەوتووە و ڕەگەزە بنەڕەتییەکە بە بایەخ پێدانەوە هەڵی سەنگاند بۆ ئەوەی بیکات بە قەوارەیەکی خۆی و بە ئامرازی پەخش بوونی خۆی لە جیهاندا، هەروەها لە دواڕۆژیشدا ڕەببانی لەوەوە دەکەوێتەوە.

هەروەها بۆ هەمان شت چالاک، کاریگەر خۆی دەکاتە قۆچی قوربانی ژیان تەنیا هەروەک ژیان، ژیان وەک بەردەوامی -بوونی گۆڕاو- بۆ ئەو بەبێ ئەمە هیچ کاتێک بایەخی نەبووە، ئەو تەنیا وەک سەرچاوەیەکی بەردەوام بوون ئەمی ویستووە، بەڵام ئەم بەردەوام بوونە تەنیا هەر بە بەردەوامی سەربەخۆیی نەتەوەکەی بۆ دەستەبەر دەبێت، بۆ ئەوەی ئەمە ڕزگار بکرێت (retten) دەبێ ئامادە بێ تەنانەت بشمرێت، بۆ ئەوەی ئەو (نەتەوە) بژیت، ئەو لە ژیانی نەتەوەکەیدا تاکە ژیان دەبینێ کە هەر لە سەرەتاوە ویستوویەتی و بەدڵی بووە.

بابەتەکە بەم جۆرەیە. خۆشەویستی، خۆشەویستی ڕاستەقینەیە و چاوچنۆکییە Begehrlichkeit کاتیی نییە و هیچ پێوەندییەکی بە لەناوچوونەوە نییە، بەڵکو بەخەبەر دێت و دادەگیرسێ و دەدرەوشێتەوە و بە تەنیا لە نەمریدا ئارام دەگرێت. مرۆڤ کاتێک خودی خۆی خۆش دەوێت کە وا لە خۆی بکات کە نەمرە. سەرەڕای ئەمە دوور نییە ڕێز لە خۆی نەنێ و خۆی بە چاک نەزانێ. هەرەوها مرۆڤ شتی دەرەوەی خۆی کەمتر خۆش دەوێت ئەگەر بێتو ئەمە لە نەمری بڕوا و لە ناخیدا تۆمار نەکات و پێوەی بەند نەکات. ئەوی هەر لە پێشەوە خۆی وەک نەمر نەبینێ، ئەو کەسە هیچ خۆشەویستییەکی نییە و ناشتوانێ نیشتمانی دایکی خۆشبوێ، ئەمە بەلایەوە دوور نییە و نەبووە. ئەوی دوور نییە، ژیانی نەدیتراو و نابەرچاوی خۆی، بەڵام نەک ژیانی دیتراو و دیار و

بەرچاوی خۆی، بە نەمر دابنێ دەکرێ ئاسمانی هەبێ و لەوێشدا نیشتمانی هەبێ، بەڵام لە دنیای سەر زەوی هیچ نیشتمانێکی نییە، هەروەها ئەمە تەنیا لە ڕوانگەی نەمری (هەمیشە زیندوویییەوە) دەبێت و بگرە هی بەرچاو و کە دەدیترێ و هی نەمرییەک کە بە هەستەکان پەی پێدەبردرێ، بۆیە هەرگیز ناکرێ و ناتوانێ نیشتمانی خۆی خۆش بوێ. یەکێک کە ئەمە حاڵی بێت هیچ شتێکی بۆ نەمێنێتەوە شایستەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە، خۆ ئەگەر یەکێک ئەمەی بۆ مابێتەوە و دووچاری بووبێ، ،ئەوا لە ناخ و دەروونیدا ئاسمان و زەوی نادیار و دیار تێکەڵی یەکتری دەبن و، ئەوا ئاسمانێکی ڕاست و بێگەرد دادەهێنێ و تاوەکو دوا دڵۆپی خوێنی تێدەکۆشێ، بۆ ئەوەی سامانی گرانبەها کە لەبەر دەستیدایە بە دەستپاکی وەک خۆی بگەیەنێتە دەستە قۆناغی دواتر. شتەکە هەر لە کۆنەوە هەر وابووە ئەگەرچی بەو تێکڕایی و هەمەکی و ڕوونییە دەرنەبردراوە. چ شتێک هانی خانەدانەکانی ڕۆمەکانی داوە، کە شێوازی هەست و نەست و هزر و بیریان وەک یادگار و شوێنەوار لە نێوماندا دەژی و هەناسە دەدات بچینە ژێرباری کۆشش و قوربانیدان و پشوو درێژی و خۆڕاگری بۆ نیشتمان؟! ئەوا خۆیان زۆرجار و بە ڕوونی ئەمە دەردەبڕن. بڕوای بەتینیان بە درێژخایەنی و بەردەوامی نەمری ڕۆحەکەیان هەبووە، هەروەها بە دڵنیاییەوە ئەو هیوایەیان هەبووە کە ئەو نەمرییە درێژەکێشانی ژیانی نەمری خۆیان لە تەوژمی کاتدا دەگەیەنێ. ئەو پێوەندی ئەو بڕوایەیان بنەمای هەبووە و لە ئارادا بووە و ئەوەندەی ئەوان بە ڕوونی و ئاشکرایی سروشتیان لێوە هەڵێنجاوە بە هەڵە و تەفرە نەچوون. ئەوەی بە ڕاستی لە ڕۆحی نەمریاندا نەمر بووە تا ئەمڕۆش هەر دەژی، هەروەها ئەو لە نێوانماندا لە یادماندا، کردار و خۆیان و ئەوی لە پاشیان جێماوە تا دنیا دەبڕێتەوە بەردەوام دەژی.

میللەت و نیشتمان بەو واتایە کە هەڵگر و بارمتەی نەمری دنیای سەر زەوین و وەک ئەوەی کە دەکرێ لەسەر زەوی نەمر بن ئەوپەڕی لە سەرووی دەوڵەتەوەن بە واتا باو و ئاساییەکەی وشەکە، لە سەروو ڕێک و پێکی کۆمەڵایەتین هەروەک ئەمە بە چەمکێکی ڕووتی سادە تێیدەگەیشترێ و بە پێی ڕێنماییەکەی پێیدەگەیشترێ و بەدەست دێت. ئەم دەوڵەتە جۆرە دادپەروەرییەکی دەوێ و مشووری ئارامی ناوخۆ دەخوات و ڕێگا دەدات هەر کەسە بە پێی کار و زیرەکییەکەی پێداویستی ژیانی دابین بکات و ماوە بوون و هەبوونی هەستەکی دیار بکرێت، ئەوەندەی ڕەب ڕێگای دەدات. ئەمە هەمووی ئامراز و هەلومەرج و دەستەبەرێکە هی ئەوەی کە نیشتمان بە ڕاستی دەیخوازێ، هی گەشانەوەی نەمریی و ڕەبانییە لە دنیادا، کە لە بەرەو پێشچوونە نەپساوەکەیدا بێگەردتر و کامڵتر و دروستتر دەبێت. هەر بۆیە دەبێ خۆشویستنی نیشتمان حوکمڕانی دەوڵەت بکات، هەروەک ئەوەی دەزگایەکی بەرز و دواترین و سەربەخۆبێ، لە پێشەوە لەوەدا کە لە هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانەی کە پێیدەگاتە ئامانجە نزیکەکەی ئاشتی و ئاسایشی ناوخۆ ڕەنگی سنووری بۆ دەڕێژێ. بۆ ئەم ئامانجە پێویستە سروشتی ئازادی تاکە کەسان بە شێوازێکی چەند ڕەنگیی سنووردار بکرێت، خۆ ئەگەر هیچ جۆرە بەتەنگەوە هاتن و مەبەستێکیش لە ئارادا نەبن، ئەوا دەبێ ئەم ئازادییە ئەوەندەی لە کردن دێت تەسک و تەنگەبەر بکرێت، هەموو جۆرە وروژاندنەکانی بخرێنە ژێر چاودێری بنەمایەکی یەک فۆرم و یەک ڕەنگ و هەمیشە لە ژێر چاودێریدا بهێڵرێتەوە. ئەگەر وا دابنرێت کە ئەم ورد و توندییە پێویست ناکات، ئەوا دەکرێت ئەمە بەلای کەمەوە بۆ ئەم تەنیا ئامانجە زیان بەخش نەبێت. ئەو مەبەست و نموونە بەرزەی دەربارەی ڕەگەزی مرۆڤ و دەربارەی میللەتان بە تەنیا خۆی دەتوانێ ئەم دەستنیشانکردنەمان فراوانتر بکات. ئازادی، تەنانەت لە دەرکەوتنی وروژانەکانی ژیانی دەرەکی خۆیدا، ئەو زەویەیە کە تۆوی پەروەردە و پێگەیاندنی بەرز و بڵند و قانوون دانان کە ئەمەی لە چاودایە تێیدا چەکەرە دەکات، دەرفەتی بڵاوبوونەوەی یەکەمیان بە پێی توانا دەدات تەنانەت ئەگەر مەترسیش بە دوای پلەی یەکڕەنگی کەمیی ئاسایش و هێمنیدا بێت و حوکمڕانی کردن تۆزێک گرانتر و بە ئەرکتر بێت. بۆ ئەوەی ئەمە بە نموونەیەک ڕوونبکرێتەوە: زۆرجار مرۆڤ بە چاوی خۆی دیوبەتی و بە گوێچکەی بیستوویەتی کە ڕووبەڕوو بە چەند نەتەوەیەک وتراوە ئەوەندە پێویستیان بە ئازادی نییە وەک ئەوەی نەتەوەی تر پێیانە، ئەم گوتەیە دەکرێ جوانتر و ئاسانتر بکرێت ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بڵێ: ئەوان ناتوانن بچنە ژێر باری ئەو هەموو ئازادییە و تەنیا هەر سەختیی و گرانییەکی بەر و بەهێز دەتوانێ ڕێگایان لێ بگرێت کە لەنێو خۆیاندا پیادەی بکەن auftreiben. ئەگەر واتای وشەکان وەک خۆیان

وەربگیرێن بەو مەرجە ڕاست دەبن کە ئەگەر نەتەوەیەکی ئاوەها توانای ژیانی سـەرەتایی و هیچ هۆکـارێکی پاڵنەری ژیانی نییە. ئەم جۆرە نەتەوەیە، ئەگەر هەبێت و، وا دابنرێت کە کەمتر خانەدانی جۆرە لایەنێک لە بنەما گشتییەکە پێکناهێنێ، دەکرێ، بە کردەوە پێویستی بەهیچ جۆرە ئازادییەک نەبێت، چونکە ئەمە تەنیا پێوەندی بەو ئامانجە بەرزانەوە هەیە. کە لە سەروو دەوڵەتەوەن، ئەو تەنیا پێوەندی بە سەرکوت کردن و ماڵیکردنە بۆ ئەوەی تاکەکان بە ئاشتی لەگەڵ یەکتری بن و بۆ ئەوەی کۆی کەسان ببن بە ئامرازێکی زیرەک بۆ ئەو ئامانجانەی کە هەرەمەکیی لە دەرەوەی دانراون. ئێمە بەبێ بڕیار لەسەردان ئەوە دەهێڵینەوە ئایا دەکرێ ئەمە وەک ڕاستییەک لەبارەی نەتەوەیەکەوە بڵێ، شتێک ڕوون و ئاشکرایە، میللەتێکی سەرەتایی پێویستی بە ئازادی هەیە بۆ دەستبەربوونی بەردەوامییەکەی وەک میللەتێکی سەرەتایی، هەروەها لە بەردەوامییەکەدا دەتوانێ بچێتە ژێرباری پلەیەکی هەمیشە پتر بەرزبووی هەمان شت بەبێ ترسناکیی و هەڕەشەلێکردن. ئەمە یەکەم هۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەبێ خۆشویستنی نیشتمان حوکمڕانی دەوڵەت خۆی بکات. ئیتر دەکرێ ئەمە وابێت و ئەگەر حوکمڕانی دەوڵەت بکات پێویستە ئامانجێکی بەرزی بۆ دەستنیشان بکات: ئاسایی پاراستنی ئاشتی و ئارامی ناوخۆ، پاراستنی موڵک و ماڵ و سامان، پاراستنی ئازادی تاکەکەسان و ژیان و خۆشگوزەرانی هەمووان. تەنیا بۆ ئەم مەبەستە بەرزە، نەک بۆ مەبەستێکی تر، دەوڵەت هێزێکی چەکدار پێکدەهێنێ. ئەگەر لەبارەی بەکارهێنانی ئەمەوە قسە بکرێت، ئەگەر بگونجێ و بلوێ، هەموو ئامانجەکانی دەوڵەت بە تێگەیشتنی ڕووت، لە موڵک و سامانەوە، ئازادی تاکەکەسی ژیان و خۆشگوزەرانی تاوەکو بەردەوامی دەوڵەت خۆیشی دووچاری مەترسی و گرەو لەسەرکردن بکرێن بەبێ زانینێکی ئاشکرا و دڵنیایی لێکراو ئاخۆ ئامانجی خوازراو بەدەست دێت، چونکە ئەمەی لەم جۆرە شتانە لەکردن نایەت و شیاوەکی نییە، چونکە لە بنەڕەتەوە خوا خۆی بەرپرسیارە لێیان بڕیار بدات: ئەگەر لە سێبەری فەرمانڕەوایی دەوڵەتدا ژیانێکی ڕەسەنی ڕاست و ئەگەر لەم کایەیەدا مافی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی حوکمڕانیکردن بەدەر بکەوێ لەمەدا وەک ڕەب وایە، دەتوانێ بوێرێ لەبەر خاتری ژیانی بەرز قوربانی بە ژیانە نزمەکە بدات. ژیانی ڕاستەقینە خۆی بریتی نییە لە پاراستنی سادە و ساکاری دەستوور و قانوون و خۆشگوزەرانی هاووڵاتی: ئەمە بڕیارێکی بنەڕەتی نییە، ئەم چەند ڕەوشە، ئەم چەند دۆخە دوور نییە قانوون دانەرێک داینابن لەمێژ بێ مردبێ، ئەو سەردەمەی بەدوادا دێت درێژیی بە گرتنەبەری ڕێگا بەکارهێنراوەکان دەدات، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ژیانێکی تایبەتی تێکڕایی بژیت، ژیانی جاران دووبارە دەکاتەوە. لەم جۆرە کات و سەردەمانەدا پێویست بە حکومەت ناکات. ئەگەر هاتو ئەم بەردەوامییە یەک ڕەنگییە دووچاری مەترسی بوو، پێویست بێت، لە بارەی چەند ڕەوشێکی نوێ کە پێشتر لە ئارادا نەبووبن، بڕیار بدرێت، ئەوا پێویست بە ژیانێک دەکات کە خۆی بە خۆی بژی، کامەیە ئەو گیانەی کە ڕێگا دەدرێ و دەکرێ سەوڵ لێدانەکەی پێ بسپێردرێ کە بە دڵنیایی و بڕوا پێبوونەوە بەبێ شپرزەیی و ئەم بەر و ئەوبەر کردن توانای بڕیاردانی هەیە، کە مافی ئەوەی هەیە بەبێ گومانکردن، هەرکەسێک کە تووشی ببێ، ئیتر ئەو کەسە بیەوێ یان نا، ناحەزان ناچار بکات تەنانەت تاوەکو ژیانیشیان دووچاری مەترسی بکەن؟! ئەمەگیانی هاووڵاتی (بۆرجوازی burgerlich) هێمن نییە کەدەستوور و قانوونەکانی خۆشدەوێ، بەڵکو ئەو مەشخەڵەی خۆشویستنی نیشتمانە کە ئاگر لە شت بەردەدات و نەتەوە وەک بەرگێکی نەمری تێدەگات کەوا لە خانەدان دەکات بەخۆشییەوە خۆی بۆ بکات بە قوربانی و ناخانەدان کە لە بەرخاتری یەکەمیان هەیە دەبێ خۆی بکات بە قوربانی. ئەمە پێوەندی بەوەوە نییە کە مرۆڤی بۆرجوازی دەستووری خۆشدەوێ، ئەو لەوانەیە حەز بەوە نەکات ئەگەر تێگەیشتن خۆی لە دەست نەدات. ئیتر بابەتەکە هەرچۆنێک بکەوێتەوە، حوکمڕانی کردن لە خۆڕایی و بێ بنەما نابێت، هەمیشە یەکێک بۆ ئەم ئەرکە دەدۆزێتەوە. دووریش نییە ئەم حوکمڕانی کارە -Re genten نوێیە لایەنگیری کۆیلایەتی بێت (ئیتر لە چ جێگایەک کۆیلایەتی لە سارد و سووکی پێکردن و چەوساندنەوەی تایبەتمەندیی گەل و میللەتێکی سەرەتای بەولاوە، ئەمەش تەنیا بەو واتایەی پێشووتر، لە ئارادا هەیە). وای دادەنێین کە دەیەوێ کۆیلایەتی هەبێت- چونکە دەکرێ لە ژیانی کۆیلەکان و ژمارەیان و بگرە لە خۆشگوزەرانییان سوود و قازانج و کەڵک وەربگیرێت- کۆیلایەتی لە سایەی ئەودا، ئەگەر تا ڕادەیەک سەری لە ژمێرە دەربچێ، پەسند بکرێت، ئەوان ژیان و پێداویستی

ژین بەلای کەمەوە هەمیشە بۆیان دابینە. کەوابوو بۆچی ئەوان خەبات دەکەن؟ ئەوی دوای ئەم دووانە بەلایانەوە گرنگە هێمنییە. ئەمەش بە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دەشێوێنرێ. هەر بۆیە ئەوان هەموو شتێک بەکاردەهێنن و پەنا دەبەنە بەر هەموو شتێک بۆ ئەوەی بەراستیی و دەستوبرد و کۆتایی بەمەبهێنن و هەوڵدەدات خۆیان ڕابهێنن و بگونجێن و خۆ بەدەستەوە بدەن (nachgeben) ئیتر بۆ دەبێ ئەمە نەکەن؟. ئەوان هیچ کاتێک داوای پتر ناکەن و، ئەوان هیچ کاتێک لە ژیانیاندا چاوەڕێی شتێکی زیاتریان نەکردووە لەوە بەولاوە درێژە بەو دابوڕاهاتنە بدرێ کە لە هەلومەرجێکدا کە بکرێ بچنە ژێر باریەوە بمێننەوە(dazusein). مزگێنیدانی ژیانێک لە دنیادا دوای درێژەکانی ژیانی سەر دنیا، هەر تەنیا ئەمەیە کە دەتوانێ تاوەکو مردن بۆ خاکی نیشتمان و مرۆڤ هانبدات و تەوژمی بەبەردا بکات. هەتا ئێستا ئەمە هەر وابووە. لەهەر شوێنێکدا بەڕاستی حوکمڕانی کرا بێت، لەوێدا جەنگی ڕاستەقینە و تێکۆشان بەردەوام بووە، سەرکەوتن بەسەر بەربەرەکانی سەختدا بەدەست هاتووە، لەوێ مزگێنیدانی ژیانی نەمریی بووە حوکمڕانی کردووە و تێکۆشاوە و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. پروتستانتە ئەڵمانەکان کە پێشتر لەم وتارەدا ناویان هاتووە بە بڕوا و ئیمانی ئەم مزگێنییەوە تێکۆشاون. ئایا ئەوان شتێکیان لەوبارەیەوە نەزانیوە کە میللەتان بە بڕوا و ئیمانی کۆنەوە توانیویانە حوکمڕانی بکەن و لە چوارچێوەی نەزمی ڕێکوپێکی قانوونیدا بەیەک پارچەیی ماونەتەوە و هەروەها بەو بڕواو ئیمانەوە توانراوە پێداویستی ژیان بەدەست بێت؟ کەوابوو بۆچی میرەکان بڕیاری بەربەرەکانی کردنی چەکدارانەیان داوە و بۆچی میللەتان بە دڵ و بە گیان ئەمەیان بۆ کردوون؟ ئاسمان و بەختەوەریی و شادمانی هەتاهەتایی بوو کە بە هەرزانی خوێنی بۆ ڕێژدراوە. بەڵام چ هێز و توندوتیژییەکی سەر دنیا دەیتوانی خۆی بۆ بخزێنێتە نێو پیرۆزی ناوەکی ناخیان و بڕوا و ئیمانیان کە ڕووناکی کردۆتەوە، کە هیوای شادمانی و بەختیاریانی لەسەر دامەزراوە، بسڕێتەوە؟! ئیتر شادمانی گیانی تایبەتی خۆیان نەبووە کە بۆی تێکۆشاون، چونکە ئەمە دابین کراوە و دەستەبەر بووە: بەڵکو شادمانی و بەختەوەری زارووەکان و نەوەکانیان کە لە دایک نەبوون و نەهاتوونەتە سەر دنیا و هەموو ئەوانەی لەمەولا لە دایک دەبن و دێنە سەر دنیا: دەخوازن ئەوانیش بەپێی هەمان ڕێباز (Lehre) کە وایان بۆ دەرکەوتوون تاکە پیرۆز و ڕزگاری بەخشە، پەروەردە و گۆش بکرێن. بەڵکو ئەوانیش بەشداری تێدا بکەن،و ئەو ڕزگارییەی کە بۆیان لەکەل و ئاسۆوە دەرکەوتووە. بۆ ئەم هیوایە بە تەنیا خۆی بوو کە لە لایەن دوژمنەوە هەڕەشەی لێکرابوو، هەروەها بۆ ڕێکوپێکی و نەزمی شتەکان کە دەیانویست دوای مردنیان لەسەر گۆڕەکانیان بگەشێنەوە، بەخۆشی و شادییەوە خوێنیان ڕشتووە. با ئێمە پێی لێ بنێین کە ئەوان بابەتەکە بە تەواوەتی لە لایان ڕوون و ئاشکرا نەبووە کاتێک بە وشە خانەدانییەک کە تێیاندایە نیشانیان داوە، بە قسەی سەر زاریان بە ناهەق باسی ناخی خۆیانیان کردووە. بەدڵ دانی پێدا دەنێن بڕوا و ئیمان هێنانیان تەنیا تاکە ڕێگای بەدەستهێنانی ئاسمان دوای گۆڕ نەبووە، ئەمە بگرە ڕاستییەکی نەمرە کە ئاسمانی بەر لە مردن و گۆڕ بەهۆی قوربانی دانەوە بە پیت و پیێز کراوە و بە خۆشی و شادمانییەوە ڕوو لە زەوی وەرگێڕدراوە و گیان پتر ئازادیی پێ براوە و لە هەموو شتێکدا ژیانی ئەوانی دواتر هاتوون و نەوەکانی ناحەزەکانیشیان پتر لە ئێمە و نەوەکانیان تا ئەمڕۆش لە بەروبووم و میوەی هەوڵ و تێکۆشانیان دەخۆن. بەو بڕوا وئیمانە باوباپیرانمان، ئەو میللەتە ئەڵمانەی لە لایەن ڕۆمەکانەوە بە جەرمان ناو براوە، ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سەرتاپاگیری جیهانی ڕۆمەکان بوونەوە. ئایا ئەوان لەبەرچاوی خۆیان بەرزیی گەشە کردنی هەرێمەکانی ڕۆمیان بەدی نەکردووە، لەگەڵ ئەو خێر و بێر و خۆشییەی کەچێژتوویانە، سەرەڕای فشار و زۆر و زەبەندیی قانوونەکان و دادگاکان و بەستەی گۆچان و دار عەسای دەست و بیور و تەور؟ ئایا ڕۆمەکان ئامادە نەبوون لە هەموو ئەو خێروخۆشییانە بەشداری بکەن؟! ئایا هەندێک لە میر و شازادەکانیان بەچاوی خۆیان نەیاندیوە و بە تەجرەبە و تاقیکردنەوە پێدا تێنەپەڕیون کە جەنگ دژی ئەوانەی سەرگەرمی خێروبێری مرۆڤایەتین جۆرە یاخی بوونێکە، چەند بەڵگەیەکی لێبووردەیی بەناوبانگی ڕۆمە، لەوەدا کە وەک نیشانەی نەرم و نیانی پاداشتی نازناوی شاهانە و مەڵبەندی سەرکردایەتی لەشکر بەخشراوە ئەگەرچی هەندێک بوون بە قوربانی، ئایا {ئەوان کە لە لایەن هاووڵاتیانەوە دەربەدەرکراون پەناگەیان بە دەست نەکەوتووە و گوزەران و ژیانی پڕ خێروبێریان لەکێڵگە و هەوارگەکانی ڕۆمدا دەستگیر نەبووە؟!

ئایا ئەوان هیچ ئاگـــاداری بالادەســـتی پەرەوردە و کولتووری ڕۆم نەبوون، بۆ نموونە باشترین دامەزراوەکانی لەشکر ئارمـینوسArminius کە نەیویستووە هونەر و کـاروباری جـەنگ فـێـر ببێ؟ نابێ هیچ کـامـێک لەو نەزانینەیان بایەخ پێنەدانانە ســـەرزەنشت بکرێن. نەوەکانیـان ئەو کـاتەی توانیـان و لە دەسـتیـان هاتووە، بەبێ ئەوەی ئازادییـەکـەیان لە دەست بدەن و ئەوەندەی کراوە تایبەتمەندی خۆیان لە دەست نەدەن ئەو کولتوورەیان کـردووە بە مـولّکی خـۆیان و خـۆیانیـان لەگـەڵدا گـونجـاندووە. بۆچی ئەوان چەند پشـتـێک خـەباتی خوێناویان کـردووە و هەمـیـشـە بە هەمـان هێز و توانا سـەرلە نوێ نوێ دەبێـتـەوە جـەنگیـان کـردۆتەوە؟! نووسەرێکی ڕۆمی ئەمەی سەرکردەکانی دەربڕیوە:

**«ئایا ئەوان لەمە بەولاوە شتێکی
تریان بۆ ماوەتەوە، ئازادی بپارێزن
یاخود بمرن بەر لەوەی ببن بە کۆیلە.»**

ئازادی بەلایانەوە ئەوە بوو بە ئەڵمـــانی بمێننەوە، کـــاروباری خـــۆیان بەســـەربەخـــۆیی بەڕێوە بەرن و لە بنەڕەتەوە بە پێی گیانی تایبەتی خۆیان بڕیار بدەن و لە کــولتــووری تایبــەتی خــۆیاندا بەرەو پێش بچن و سـەربەخـۆیی خـۆیان بگەیەننە دەست نەوەی پاشـەڕۆژی خۆیان: کۆیلایەتی لە لایان پەسندکردنی ئەو بابەتانەی خێروبێر بووە کـە ڕۆمەکـان بۆیان هێناون، چونکە ئەمـە لەلای ئەڵمان شتـێکی تر بووە، چونکە ئەوان دەبوو ببن بە نیـمچە ڕۆمێک. ئاشکرا و ڕوونە کە ئەوان پێشـەکی وایان داناوە کـە مـردن باشـتـرە لەوەی بە توێزی ناچار بکرێن ببن بە ئەمە، ئەڵمانێکی ڕاستەقینەتەنیا دەیەوێ بژی ئەگەر ئەڵمان بێت بە ئەڵمانی بمێنێتەوە و نەوەی دواڕۆژیشی بە هەمـــان جـــۆر پەروەردە بکات. ئەوان هەمـوویان نەمـردوون، ئەوان کـۆیلایەتیـیـان نەدیوە، ئازادیشیـان بە میـرات بۆ زارووەکانیـان بەجێهێشـتووە. جیـهانی نوێ لە بوونیـدا بەو جۆرەی کـە هەیە قـەرزاری بەربەرەکانی کردنە سەر سەختەکەیانە. ئەگەر ڕۆمەکان لەوەدا سـەرکـەوتنیـان بە دەست هێنابایە بیـانکەن بە ژێردەستـە، هەروەک چۆن لە هەمـوو جێگایەکدا ئەمەیان کردووە، ئەوان وەک نەتەوە قڕ بکەن و لە ڕیشەوە هەڵیان بکێشن، پەرەسەندنی مرۆڤایەتی ڕەوت و ئاراستەیەکی تری پێـدەبڕا دەتوانین بڵـێین دڵخـۆشکەر نەدەبوو. بگرە ئێمە قەرزاری ئەوانین، میراتگری ڕاستەوخۆی زەوی و زار و زمـان و جـۆری بیـرکـردنەوەیانین و ئیـتـر هەر ئەڵمـانین،ئێـمـە ئەوەندەی شـەپۆلی ژیانی سـەربەخـۆ و بنەڕەتی هەڵمانگرێت، قەرزداری هەموو شتێکی ئەوانین لەو ڕۆژەوە نەتەوە بووین و ئەگەر کۆتاییمـان نەیێت و لە شادەمـارەکـانی لەشـمـاندا دڵۆپە خوێنی ئەوان بمێنێ و وشک نەکات، لە دواڕۆژدا دەبینین بەچی هەر بە سایەی ئەوانەوە دەبێ. هەروەها مـیللەتانی تر لە بوونیـاندا کـە سـەبارەت بە ئێـمـە بیـانین و برای ئێـمـەیان تێـدایە، قـەرزداریانن چونکە کـاتێک ئەوان بەسـەر ڕۆمی نەمـردا زاڵ بوون هیچ کامێک لەم میللەتانە بوونیـان نەبوو، ئەم سـەرکـەوتنە، ئەو کـاتە ئەوتوانایەی بۆ دابین کـردن پەیدابوونی دواڕۆژەکـەیان بە دەست بهـێنن. ئەمـانە و هەمـوو ئەوانی تر لە مـێـژووی جیـهـاندا کـە وەک ئەوان بیریان کردۆتەوە سەرکەوتوون و زاڵبوون، چونکە نەمریی هانی داون و گـــیـــانی گـــەرم و گـــوڕیی و تەوژمی بەبەرداکـردوون، ئیـتـر هەمیـشـە و بە ناچارەکـیـانە ئەم تەوژم و گـیـانە بەسـەر ئەوەدا زاڵ دەبێ کـە ئەم گـیـانی تەوژمەیان نییە. نەک توندوتیژیی و هێزی بازوو، نەکە کـارامـەیی چەک و تفاقی جـەنگ، بەڵکو هێـزی ناخ و دەروون ئەوەیە کـە سـەرکـەوتن دەسـتگـیـر دەکـات-er kampft. ئەوی سنوورێک بۆ ئامـــانجی قـــوربانی دانەکەی دابنێ و هیچی تری نەوێ لە خاڵێکی دیاریکراو بەولاترەوە بچێ، ئەو کەسە دەست بەرداری بەربەرەکـانی کـردن دەبێت ئەگـەر بێـتـو مـەترسی بگەیەنێـتـە خـاڵێک (ڕادەیەک) کـــەنەتوانێ خـــۆی لێ بپـــارێزێ و بگرە دەسـتبـەرداری ببێ. ئەوی هیچ جۆرە ئامـانجێکی Ziel نەبێت و ئامادە ببێ گرانترین و بەهادارترین شتی بە ئەم دنیایە ببەخشێ کە ژیانە، ئەوا هیچ کاتێک دەستبەرداری بەربەرەکـــانی کـــردن نابێت و بەســـەر دژەکـــەیدا کـــە ئامـانجێکی سنوورداری هەیە سەردەکەوێ، ئەمە گومان هەڵنەگرە. مـیللەتێک کـە بە توانا بێت، تەنانەت ئەگـەر ئەمەی لەو پەڕی نوێنەر و سەرکردەکانی دابێت، سەرنجی ئەو ڕوودیدە بدات کە لە جیهانی گیانەکانەوە دێت، واتە سەربەخۆیی، خۆشویستنەکەشی سەرتاپا دای بگرێت، هەروەک چۆن باوباپیـرانمان وابوون بێ سێ و دوو کـردن بەسـەر ئەوانەدا زاڵ دەبێ کـە هیـچیـان نییـە و وەک لەشکری ڕۆم دەبن بە داردەســتی دەســەلاتی بیـانی بۆ ژێردەستەکردنی میللەتانی سەربەخۆ بەکاردێت یەکەمیان هەمـوو شـتـێک لەدەست دەدات و دوومـیـشـیـان تەنیـا شـتــێکی کـــەم بەدەست دەهێنێ. لەبارەی ئەو جـــۆرە بیـرکـردنەوەیە کـە جـەنگ بە گـەمـەیەکی بەخت و شـانس

دەبینێ کە دەکرێ بە دەستهێنان یان لە دەستدانێکی کاتیانەZeitlich تەواو ببێ و ئەوانەی پێش دەستپێکردنی گەمەکە دەزانن بایەخی ئەو شتە چییە کە بە کارتەکان گەمەی پێدەکەن، ئەوانە سەرکەوتنی خەیاڵ پلاویانە بەدەست دەهێنن. بۆ نموونە مەهۆمێتیک -ei nen Mahomet بە بیروئەندێشەی خۆتاندا بهێنن- نەک ئەوەی بەراستی مێژوو باسی کردووە، من دانی پێدا دەنێم کەهیچ جۆرە بریار دانێکم لە بارەیەوە نییە، بەڵکو ئەوەی شاعیرێکی ناسراوی فەرەنسا ناوی هێناوە، کەوا جارێکیان ختۆیەتیە مێشکیەوە گوایە سروشتێکی دەگمەنی هەیە و بۆ ئەوە ڕاسپێردراوە سەرکردایەتی ئەو میللەتانە بکات کە لە سەر زەوی لە تاریکیدان، بۆیە ئیتر هەموو بیر و بۆهاتەکانی تەنانەت ئەوانەی هەژار و سنووردارێش بوون، لەبەر ئەوەی هی تایبەتی خۆی بوون، پێویست بووە وەک شتێکی ناچارەکی دەربکەون، واتە بیروبۆچوونی گەورە و پایە بەرز و شکۆمەند و گیانبن و هەموو ئەوانەی بەرهەڵستیان کردووە، وەکو میللەتانی نێو تاریکستان، دوژمنی خۆشگوزەرانی خۆیان بوون و دووچاری دەستی بیری بەدکاری و شایستەی کینە و قین لێبوونەوە بوون، ئەو بۆ ئەوەی هەموو تاریکیەکەی خۆی وەک شتێکی ڕەببانی بۆ خۆی لەبەردەمی خۆی پاساو بدات و ڕەوا بکات، بە درێژایی ژیانی سەرگەرمی ئەم بیرۆکەیە بووە و پێویست بووە لەسەری بێ پسانەوە هەموو شتێک بخاتە جوولە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە قەڵاچۆ بکات کە باوەڕیان بەو بیرەی ئەو نەبووە کە لەبارەی خۆیەوە هەیبووە و بۆ ئەوەی جیهان سەردەمی خۆی باوەڕ بە بڕواکەی خۆی کە نێردراوی ڕەبە بکات. من نامەوێ هیچ بڵێم، چی بەسەر ئەو دێت ئەگەر بێتو ڕووبەڕووی دیتنێکی گیانیی ڕاستەقینە و ڕوون و ئاشکرا ببێت، بەڵام ئەو بەسەر ئەوانەدا زاڵ دەبێت کە گەمەیەکی سنووردار دەکەن و کە تەنیا هەر پشت بە ڕێککەوت دەبەستن، چونکە ئەو هەموو شتێک لە دژیان دەکات، دژی ئەوانەی هەموو شتێک ناکەن و هیچ گیانێک بە گەریان ناخات کەچی ئەو گیانێکی هەست و سۆز و دەمارگیری پاڵی پێوە دەنێ و دەیهەژێنێ، ئەگەرچی بەهێز و کەللەگەرم و سەرکێشە. لەمەوە هەمووی ئەوە دەکەوێتەوە کە دەوڵەت وەک تەنیا ئامرازێکی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی لە ڕەوشی ئاشتی و هێمنی و بەرەو پێشچووندا، لەخۆیدا یەکەم شتێک نییە ئامانجەکەی لە خۆیدا و بۆخۆی هەبێ، بگرە، بەڵکو تەنیا ئامرازێکە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجێکی هەتاهەتایی شکۆمەند دەدات کە بریتییە لە پێگەیاندنی بەردەوام بە ڕێکوپێکی بەرەوپێش چووی ڕەگەزی مرۆڤ پەروەرانە لەم نەتەوەیەدا، دەبێ ڕووی ڕوخساری ئەم پێگەیاندنە بەرەوە پێشچووە و خۆشویستنەکەی ڕابەرەبەرزەکانی دەوڵەت والێبکەن لە بەرێوەبردنیدا پەیڕەوی بکەن، تەنانەت ئەگەر مەترسی ڕووبەڕووی سەربەخۆیی میللەت ببێتەوە، هەر ئەمەیە ڕزگاری دەکات. لەنێو ئەڵماندا، وەک میللەتێکی سەرەتایی و بنەڕەتی ئەم نیشتمان خۆشویستنە لە کردن دێت و شیاوەکییە و وەک چۆن ئێمە بەدڵنیاییەوە لەو باوەڕەداین کە تا ئەمڕۆش شتێکی هەڵکەوت ڕاستەقینە بووە (Wirklich)، ئەوان خۆیان توانیویانە بەوپەڕی دڵنیاییەوە لە مسۆگەریی بابەت و سوود و قازانجە گرنگەکانیان پشت ئەستوور بن. هەروەک لەلای یۆنانەکانی سەردەمە کۆنەکان لەلای ئەمانیش دەوڵەت و نەتەوە ئەگەرچی لە یەکتری هەڵبوراو و جیاوازبوون و هەریەکە نوێنەری لایەنێک بووە، یەکەمیان نوێنەری شانشینە (قەڕاڵیەتیە Reichen) تایبەتیەکانی ئەڵمان و ئەوی تریان بە ئاشکرا هی یەکەی قەراڵیەتی بووە، لەبەرچاو نەبووە نەک لەبەرئەوەی لە نووسراوێکدا نەهاتووە، بەڵکو ئەنجامە دیارەکانی لە ناخ و دەروونی هەمووواندا لە کۆی دابونەریت دامەزراوەکاندا دەستبەکار و زیندوو لەبەرچاوان بوون. لەو دەڤەرەی زوبانی ئەڵمان پێیگەیشتبێ ئەوەی لەوێدا ڕووناکی دنیای دیتبێ خۆی بە دوو جۆر doppelt دیتووە، وەک هاووڵاتی ئەو دەوڵەتەی لە سایەیدا لە دایک بووە و پێداویستیەکانی بۆ دابین کردن ڕاسپێردراون، لەلایەکی ترەوە هاووڵاتیەکی نیشتمانی دایکی هاوبەشی نەتەوەی ئەڵمان بووە. هەموو کەسێک کە لەسەر ڕووی ئەم نیشتمانی دایکە بووبێ مافی ئەوەی هەبووە بە دوای ئەو جۆرە پەروەردە و پێگەیاندنەدا کە بە زۆری لە گیان و دەروونییەوە نزیکە بگەڕێ یان بەدوای گونجاوترین هەلومەرجی گەشەکردنەکەیدا بگەڕێ. خۆ ئەگەر بەهرە لە جێگایەکدا وەک درەخت شین نەبێ و پێنەگات، ڕێگا دراوە جێگایەکی تر هەڵبژێردرێ. ئەوی بەهۆی ئەو پەروەردە و پێگەیاندنەی هەڵبژاردووە لەگەڵ دەوروبەرەکەی کێشەی بۆ دروست کردبێ، بە ئاسانیی لە جێگایەکی تردا وەرگیراوە و حەواوەتەوە، هەڤاڵ و دۆستی نوێی لە جیاتی لەدەست دراوەکان و کات و هێمنیی و ئارامیی لە

دەوروبەری خۆیدا دۆزیوەتەوە، دوورنییە ئەمە بۆ ئەوە بووبێ تووڕەبووەکان ئاشت بکاتەوە و لەگەڵیان بکەوێتەوە و هەمووان یەک بخاتەوە. هیچ مرێکی لەدایک بووی ئەڵمان نەیویستووە نیشتمانی هاوولاتیانی ژێردەستی خۆی لە چوارچێوە و دەڤەری چیا و شاخ یان ڕووباری ئەو دەڤەرەی حوکمڕانی دەکات نیشتەجێ بکات، یان وا تەماشایان بکات کە بە زەوییەوە بەندن. ئەو ڕاستییەی کە نەدەکرا لە جێگایەک ڕابگەیەندرێ و ئاشکرا بکرێت لە جێگایەکی دیکەدا ڕاگەیەنراوە، ئەوە قەدەغە کراوە لە جێگایەکی تر ڕێگا دراوە. ئەڵمانیا بەو جۆرە بووە، ئەگەرچی لە هەندێ دەوڵەتی تایبەتیدا جۆرە یەکڕەهەندیی و بەرچاوتەنگی هەبووە، ئەگەر بە تێکڕایی وەربگیرێ، وڵاتی ئەو پەڕی ئازادی بەرزی لێکۆڵینەوە و پێوەندی و ڕاگەیاندن بووە Mitteilungکە لە توانادا بووبێ میللەتێک هەبیووبێ، هەروەها ڕۆشنبیریی و کولتوورێکی باڵای هەبووە و لە هەموو لایەک ئەنجامی کارلەیەکتری کردنی دەستیاوی دەوڵەتە ئەڵەمانییەکان بووە، ئەم کولتووڕە بەرزە کەم کەم و وردە وردە بەم فۆرمە لەنێو میللەتە گەورەکە بڵاوبۆتەوە و پەرەی پێداوە و بەرەوپێشی بردووە. ئەم دەستبەرییبوونە جەوهەرییەی بەردەوام بوونی نەتەوەیەکی ئەڵمان، هەروەک وترا، لەلایەن هیچ کاربەدەستێکی گیان و ناخ ئەڵمانەوە بەربەست نەکراوە. ئەگەرچی ئەوەی خۆشویستنی نیشتمانی دایک خوازتووییەتی لە مەبەست و نیازی چەندین بڕیاری بنەڕەتی بنەڕەتی تردا کە دراون بەدی نەهاتووە، ئەوا هیچ بەربەرەکانیەک بەربەستی ئەم بەدیهاتنە نەبووە، هیچ کاتێک هەوڵ نەدراوە ئەم خۆشویستنە زیندەبەچاڵ و ڕیشەکێش بکرێت و خۆشەویستیەکی تر لە جێگاکەیدا دابنرێت. ئەگەر ڕابەریکردنی بنەڕەتی ئەم کولتووڕە باڵایە کە هێزێکی نەتەوەییە کە بۆمانەوەی بەردەوامیەکەی دەکرێ بە تەنیا ئامانج بێت، بەڕێوەبردنی موڵک و ماڵی ئەڵمان و خوێنی ئەڵمان بکەوێتە دەست کەسانی ترەوە دەبێ بەناچاری چ بکەوێتەوە و بقەومێ؟! ئێرە ئەو جێگایەیە کە دەبێ ئەوی لە پەیامی یەکەمماندا وتمان پەیڕەوی بکەین: لەبارەی بابەت و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانمانەوە نەچێتە ژێرباری خۆ تەفرەدانەوە، دەبێ ئازایەتیی دیتنی ڕاستیمان هەبێت و دانی پێدا بنێین و ئەوەندەی لەلای من ڕوون و ئاشکرا بێت، هەمیشە ڕێگا دراوە لەگەڵ یەکتری بە زمانی ئەڵمانی لەبارەی نیشتمانی دایک بدوێین یان بەلای کەمەوە هەنیسکی بۆ بدەین (Seufzen) و من لەو باوەڕەدام کە ئێمە چاک ناکەین ئەگەر بێتو ئەم جۆرە قەدەغەکردنە پیادە بکەین و کۆت و پێوەندی سڵکردنەوە بکەینە دەست و قاچی ئەوانەی دەوێرن شت بکەن و ئەوانەی بە پێی برکردنی ئازایەتییەکەیان بیردەکەنەوە. وای بۆ بچین ئەو هێز و توندوتیژییەی من بە مەرجی پێشیانەم داناو بە نەرم و نیانیترین شێوە قسەم لێکرد، وەک ڕەب چاکە. ئایا دەتانەوێ ژێر و تێگەیشتنێکی ڕەببانی پێ بدەن؟! دەکرێ ئەو گەورەترین بەختەوەری خۆشگوزەرانی بۆ هەموان بۆی بخوازێ: ئایائەو پیت و بەرەکەت و خۆشگوزەرانیەی ئەو دەیخوازێ دەکرێ خێر و خۆشی ئەڵمانیش بێت؟! هیوادارم ئەوی ئەمڕۆ قسەم لێکردن ئێوە بەتەواوەتی و بە ڕاستی تێی گەیشتبن، هیوادارم کە زۆر کەس وا هرزبکەنەوە و ئەو هەستەیان هەبێت کەمن بە ئاشکرا ئەو شتە دەردەبڕم و قسەی لێوە دەکەم بە وشە دەری دەخەم کە لە ناخ و دڵتانداییە، هیواداریشم ئەو ئەڵمانانەی بۆیان هەڵدەکەوێ ئەمە بخوێننەوە ئاوەها بن: پێش من زۆرکەسی ئەڵمان هەمان شتیان گوتووە:

**بەربەرەکانی کردنی هەمیشەیی دامەزراندنی دەزگایەکی میکانیکی و نەزمی دەوڵەت بە بنەمای تاریکی دەروون و ناخ و دڵ ڕەشییەوە بەندە.**

من ئێستا کە بە پێداگرتنەوە داوا لە هەمووان دەکەم کە لە ئەدەبی بیانی شارەزان بۆم ساخ وپشت ڕاست بکەنەوە چ دانایەکی ئێمە، شاعیر، قانوون دانەرێک، دەری خستووە کە ڕەگەزی مرۆڤ وەک بەرەوپێشچوویەکی نەمر سەرنج دراوە، هەموو دەرکەوتەکانی چوست و چالاکی مرۆڤایەتی بەم بەرەوپێشچوونەوە بەند بووە، ئایا هیچ کەسێک لەو کاتەدا کە دلێرترین داهێنانی سیاسی کردووە توانیویەتی و وێراوە لە یەکسانیی (٣) و ئارامیی ناوخۆ و، شکۆمەندی نەتەوە لە دەرەوە و وەک ئەوپەڕی ڕادەی داواکردن، لە بەختەوەری نێوماڵ چی تری لە دەوڵەت داوابکات؟! ئەمە وامان لێدەکات لەو باوەڕە دابین، ئەمە ئەوپەڕی ئەو شتەیە کە چاوەڕوانی دەکەن و قایل نابن ئێمە چەند داواکارییەکی بەرز و بێسنوورمان لە ژیاندا هەبێ، تەنانەت ئەگەر بێتو جوانترین خەسڵەت و دەروون پاکییان بەرامبەر بە ئێمە هەبێ و ئەگەر گریمانەی خۆپەرستیان نەکەین و وایدابنێین کە ئارەزووی ئەوەیان نییە لە ئێمە چاکترین. ئەوا وادەزانن، لەو ڕۆژەوە ئێمە ئەو شتە بەرزانەی داوامان کردوون و

ویســـــتوومـــــانه کـــه ئەوان بۆیان بەدەست هێناوین، بەختەوەرییەکەیان بۆ دابین کردووین، بەڵام ئەوەی ژیان والیدەکات لەلای خانەدانەکانمان شایستەی ئەوە بێ مرۆڤ بژی، لە ژیانی گشتیدا نەماوە و سڕدراوەتەوە. ئەو میللەتە کە هەمیشە دەری خستووە کە بۆ هاندان و وروژاندنی خانەدان بە سل و بەپارێز و هەست ناسکە، ئەو میللەتەی کە دەبێ بۆ ئاست بەرزکردنەوەی بۆ پلەی خانەدان هەوڵ بدەین، چونکە وا ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێ چۆن ئەوانی تر دەیانەوێ ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، ئەو میللەتە لە پلەو پایەی خۆی کەمکراوەتەوە و هێنراوەتە خوارێ و نزم کراوەتەوە و ساردوسووکی پێ کراوە لە ڕیزی بابەت و شتەکان لادراوە و تێکەڵاو بە جۆر و ڕەگەزە نزم و نەوییەکان بووە. ئەوانەی داواکاری بڵند و زەبەندەیان لە ژیان هەیە و هەستی ئەوەیان کە ڕاست و هەق Recht لە ڕەبەوە سەرچاوە دەگرێ و دەیانەوێ زیندوو و بەهێز بمێننەوە، ئەوانە هەست بەوە دەکەن کە لە لایەن بێزاریی و ناخۆشییەوە تەنگەتاوکراون، خۆیان وا دێتە بەرچاو کە گەڕاونەتەوە بۆ سەردەمی مەسیحیەتی سەرەتا کە پێیان وتراوە:

**«بەربەرەکانی بەدکاری مەکە. ئەگەر**
**یەکێک زللەیەکی لە ڕوومەتی ڕاستت دا**
**ڕوومەتی چەپتی بۆ ڕابگرە، ئەگەر**
**کەسێک ویستی چاکەتەکەت لێ بستێنێ**
**پاڵتۆیەکی بۆ بەجێ بهێڵە.»**

ئەوی ڕاست بێ، قسەکەی دوایی دەشێ، ئەگەر ئەو چاکەتێکی لەبەرتۆدا دیت و سەرگەرمی ئەوەبوو لێت بستێنێ و لەکۆڵت نەبۆوە چاکتر وایە بیدەیتێ بۆ ئەوەی لەیەخەت بێتەوە و بە هێمنیی و ئارامیی بژیت. ئەو مرۆڤەی ئێمە قسەی لێدەکەین و خاوەنی ئەم گیانە بەرزەیە زەوی و دنیای لێ دەبێ بە دۆزەخ و قێزی لێیان دێتەوە، پێی خۆش بووکە هەر لەدایک نەبووبایە و نەهاتبایە سەر دنیا و حەزیشی دەکرد چاوی بنووقابایە و تیشکی ڕووناکی ڕۆژی نەدیتبایە، ئەو دەبێتە خەمبارێک تا ئەو ڕۆژەی گۆڕ لە ژیانی ڕۆژانەی دەستێنێ. ، ئەو لەوانەی خۆشی دەوێن لەم پتر لێیان ناخوازێ و داوا ناکات. هەستێکی لێڵ و تەمومژاویی و کەمتەرخەم کە گوێ بە هیچ نەدات و بە ئێش و ئازارێکی کەم ژیانی نەمری دوای گۆڕ چاوەڕوان بکات.

تێکۆشین دژی لەناوبردنی وروژێنەری هەستی مرازی پاشەڕۆژی خانەدانیمان، دژی نزمکردنەوەی پلەوپایەی تێکڕای نەتەوەکەمان، بەو تاکە ئامرازەی کە تەنیا بۆمان ماوەتەوە، دوای ئەوەی هەموو ئەوانی ترمان بەکارهێنا، ئەو ئەرکەیە ئەم پەیامانە خستوویانەتە ئەستۆ. ئەوان هانی خۆشویستنی بەهێز و ڕاستەقینەی نیشتمانی دایک لە قوڵایی دەروون و گیاندا دەدەن ئەویش بە سایەی پەروەردە و پێگەیاندنی ڕاستەقینەی نیشتمانی بەتوانا کە بڕوای بە نەمری میللەت هەبێ، ئەمە دەستەبەری نەمریمانە، ئەم پەروەردەیە چۆنە و چۆن بیکەین لە پەیامی ئایندەدا قسەی لێدەکەین.

**پەراوێز:**

**(١) فیختە لێرەدا وشەی ئەڵمانی (Vaterlandsliebe)ی بەکارهێناوە کە دەکاتە نیشتمانی باوک. وەک ئاشکرایە لە زمانی کوردیدا بە پێچەوانەی ئەڵمان نیشتمان بە دایک دانراوە، بۆیە ناچاربووم هەر وشەی نیشتمان لە بەرامبەر وشە ئەڵمانیەکەدا بنووسم. «وەرگێڕ»**

**(٢) ئەوەندەی من شارەزا و ئاگاداری بابەتەکە بم لە کولتووری ئایینی ئەڵماندا وشەی «ئاسمان» لە جێگای وشەی بەهەشت بەکاردێت. «وەرگێڕ»**

**(٣) نووسەر لەم ڕستەیەدا وشەیەکی ڕەسەنی ئەڵمانی بەکارهێناوە کە بریتییە لە ناکردنی ناکراوێک، ئەو وتوویەتی: نا نایەکسانییەک nicht ungleichheit. بەو پێیەی لە مەنتیقدا باوە کە دوو ناکراو ئاکراویکیان لێدەکەوێتەوە ئەم وشەیەم کرد بە ئاکراو نووسیم: یەکسانیی. «وەرگێڕ»**

**سەرچاوە:**

**Fichte, Johann Gottlibb, Reden an die deutsche Nation. Berlin 1808. S. 124-142.**

# فیکر و فیکری کوردی لە نێو پرۆژەی ناکامڵی مۆدێرنەدا

محەمەد تەها حوسێن

## مەعریفەی تاک - مەعریفەی کۆ

مـەعـریفـەی سەردەم جـیایە لە مەعـریفـەی تاکەکـانی، چوون لە سـەردەمـێکدا مـەعـریفـە شکلـێکی گشـتی بە کاریگەری فـاکـتـۆرە کۆمەڵایـەتی و ئابووری و فـەرهەنگی و.... تـاد وەردەگـــرێ و ڕەنگی بـاو لە مــەعــریفـــەی ســەردەمـــدا چڕی ڕەنگی زۆرایـەتی کــولـتـــووری بـاو دەریدەخـا. لەهەمـان کـاتدا مـەعـریفـەی سـەردەم لە مەعـریفەی تاکەکـان تەمەن درێژترە و لە نێو سەردەمدا جگە لەوەی کۆمـەڵە بوونەوەرێک لە شێوەی «کۆمـەڵگە» هەریەکــە لەلای خــۆیەوە فــۆرم و گــەوهەرێک دەداتە مەعریفە، یان چاکتر وایە بڵێین «فیکر» ئەوە تاکەکانیش وەک توخـمی سـەرەکی بەرهەمـهێنی مـەعـریفـە و بە پێی بەرخـوردی جـیـاجـیـایان لەگـەڵ پێـدراو و شـتـەکـانی دەوروبەردا هەریەکــە بە شکلــێک (مــانا)یان دەست دەکەوێ.

مرۆڤ لە بنچینەدا بوونەوەرێکی پرسیارکەرە، دەشکرێ بڵێین بوونەوەرێکی فەلسەفییە، هەمیشەش پرسیارەکانی لە هەڵوێســتی نائارامی دەروونیـدا بە خـەیاڵدا دێ، بە مانا تێنەگەیشتنی لە عاجباتییەکانی دەوروبەر حاڵەتێک لە شڵەژانی لا دروست دەکا و بە زەروورەت ئەم مۆتیڤە بەرەو دەسکەوتنی وەڵامـەکـان دەیجوولێنێ، کـاتێکیش وەڵامـــەکـــان ڕەوانی ئەویـان شـــاد کـــرد، ئەوە هاوسەنگییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. لێرەدا جۆری وەڵامەکانن لە کـەســێکەوە بۆ یەکــێکی تر و لە زەمــەنێکەوە بۆ زەمــەنێکی تر جــیــاوازن. بە مــانایەکی تر ئەمــانە (وەڵامەکانن) ئێمە ناومان ناون (مانا) یاخود مەعریفە یا فــیکر، بەو پێــیــەش بە ناچاری و بە کــاریگەری

کۆمەڵێک حەتمیگەرا لە بوارە جیاجیاکانی مەعریفەدا ئێمە دووچاری پۆلێنکردنێک بووین چ لە بواری گەشەی کۆمەڵایەتیدا یا لە بواری ئابووری یاخود سیاسی یا ئاینیشدا.

ئەم حەتمیگەریەتییە جۆرێک لە زەوتکردنی ئیرادەی سروشتی تاکەکانە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا و بە ناچاریش بیرۆکەی یان باشتر وایە بڵێین ستراتیژییەتی (قۆناغبەندیان) لە گەشەی لایەنە جۆراوجۆرەکاندا هێناوەتە گۆڕێ.

هەر ئەم قۆناغبەندییە کە من لە لای خۆمەوە ئەوەندە پێیەوە پەیوەست نیم، لای (مارکس) قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و لای (کۆنت) قۆناغەکانی گەشەی فیکر (لاهوت ـــــ میتافیزیک ـــــ زانستی) و لای کۆمەڵناسەکانی وەک تافلەریش (شەپۆلی یەکەم ـــــ دووەم ـــــ سێیەم ) و لای گیدنزیش (ڕێگای یەکەم ـــــ دووەم)ی سۆشیالیزم..... تاد وەها پۆلێن کرد.

ئەم قۆناغبەندییە فیکر (مەعریفە)شی گرتۆتەوە و هەر لەسەر ریتمی ئەم پۆلێنکارییە فیکری میتۆلۆژی (میتافیزیکی) و ـــــ عەقلانی و ـــــ ناعەقلانی گرتۆتەوە. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی و ئەورووپا بەتایبەتی بەر لە فیکری (مۆدێرنیتە) مەعریفەی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی میتافیزیکاوە بەرهەم هێناوە، واتە هەمیشە لە دەرەوەی خودی خۆیدا بۆ (مانا) گەڕاوە و سنوورەکانی عەقڵی بڕیوە و کانت وتەنی چووەتە هەوراز (تێرسێندنتال) و لە وێوە ڕەوان و خاتری خۆی شاد و ڕەحەت کردووە. ئالێرەدا بەحەق تاکەکان جیاوازییەکی ئەوتۆ لە چوارچێوە و مەرجەعی فیکری و مەعریفیاندا نەبووە، چونکە تاک لەو زەمەندا تەنیا لەلای خۆیەوە لە سنووری تەسکی وجوودی خۆیدا بەرەو ئاسمان یا هەر سیمبولێکی دیکە بەرز دەبووەوە و ڕەزامەندی دەروونی خۆی لێوە حاسڵ دەکرد و بەتەنیاش لەگەڵ یەک شێوە لەپێدراوە سروشتییەکان بەرخوردی هەبوو، هەر بۆیە یەک جۆرە مەعریفەشی بەرهەم دەهێنا.

کەواتە مەعریفەی پێش مۆدێرن لە خودێکی نا ئاگا هەروەک فرۆید دەڵێ دەرچووە و ئەوسا مەعریفە لەسەر نەخشەی مەعریفی تاکەکاندا تەنیا ئەو زمانە بووە کە پێویستییە سادە و بنەڕەتییەکانی مرۆڤی دابین کردووە و کە مرۆڤیش بەقەد هێزی غەریزی و ئومێدەواری خۆی حاسڵاتی نەبووبێ، ئەوە چاوی لە میتافیزیک بڕیوە و پێی وابووە لەوێدا دادەمرکێتەوە. کۆمەڵگە سوننەتییەکانیش لەو حاڵەتەدا کە سەنتەری بەرهەمهێنانی مانای تاکەکانیان لە دەرەوەی خۆیان بێ و کەسەکانیش وەک (ڕۆتەر) دەڵێ کۆنترۆڵیان لەدەرەوە بێ، ئەوە یەک ڕەنگن لە ڕەفتار و شێوازی ژیان و تا ئاستێکی زۆریش مەعریفەیان لە یەکتر نزیکە و فۆرمی مەعریفەیەکی بەکۆ وەردەگرن.

## خودی مۆدێرن ... خودێکی عاقڵ

ئەگەر خودی بەر لە مۆدێرن خودێکی میتافیزیکی و بەر لەوەش لاهووتی بووبێ، ئەوە بە پێی قۆناغبەندی گەشەی فیکر، خودی مۆدێرن خودێکی عاقڵ بووە، بە مانا هەرچی پێوەندییەکانی خۆی هەیە بە عەقڵانی کردووە و لە نێو خودی خۆیدا بۆ -مانا- گەڕاوە و (عەقڵ) ڕۆڵی (حەکەم)ی بینیوە بۆ گونجان و هەڵکردنی لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەدا.

لە فیکری مۆدێرندا عەقڵ ڕۆڵێکی دیسپلین و سیستماتیزەکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگە و شارستانیەت دەگرێتە ئەستۆ. مرۆڤ لەبەر خاتری عەقڵ لە زۆر شتی خۆی خۆش دەبێ، تەنانەت زۆر لە حەز و خۆشییەکانی خۆی بەخشیوەتە ئەو عەقڵەی کە مۆدێرنەی بۆ هێنایە ئارا.

ئالان تۆرین دەڵێ: «مۆدێرنە بریتییە لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی چالاکییەکانی عەقڵ لە تەکنۆلۆژیا و زانست و کارگێری و ......تاد.». لە مۆدێرنەدا کایە و بوارەکانی ژیان هەر لە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئاینی و فەرهەنگی لەیەکتر جیادەبنەوە، بەڵام زۆرجار عەقڵ بە ڕەنگی کایەیەک لە کایەکان ئەوانی دیکەشی ڕەنگ کردووە، ئا لێرەوەیە مۆدێرنە تووشی تەنگژە دەبێ و جووڵەی دینامیکی عەقڵ یەک ڕەهەند وەردەگرێ.

خەسڵەتەکانی عەقڵی مۆدێرنە بریتین لە:

١- خولانەوە لە دەوری خوددا، بە مانا پێکهێنانی خودێکی ئەوتۆ بۆ مرۆڤ یان بۆ تاک کە هەرچی هەستی پێ دەکا لەنێو خۆیی و دەرەوەیدا لە پێوەری عەقڵدا هەڵیسەنگێنی و بە عەقلانی بکا.

٢- ناسینەوەی فەزا و کایە جیاجیاکانی ژیان و جیاکردنەوەیان لە یەکتر.

٣- دۆزینەوەی مانایەکی دیکە بۆ پیرۆزی، واتە لە

جیاتی پیرۆزی میتافیزیکا و غەیبانیەت پیرۆزی بەخشیوەتە عەقڵ و هەر لێرەوە زۆرجار وا کەوتۆتەوە کە ئایدۆلۆژیا سەرهەڵبدا و لەویشەوە جۆرێکی دیکە لە حەتمیگەری Determinism پەیدا بێ، ئەگەرچی لەنێو فەزاکانی عەقڵدا یان باشتر وایە بڵێین لە عەقڵی مۆدێرندا سەرەتا و کۆتا بۆ ئیشی عەقڵ نییە و هەمیشە بیریارەکانی مۆدێرنیتە بە کۆمەڵناس و فەیلەسووف و سایکۆلۆژیست و زانستخوازەکانیش بواریان بۆ جووڵەی عەقڵ هێشتۆتەوە و پێیان وابووە فاکتەرەکان کاریگەرییان لە ستراکتوری عەقڵ هەیە، کەچی لەولاوە مۆدێرنیتە لەنێو هەناوی خۆیدا مارکسێک دێنێتە ئارا قاڵبەندی کۆمەڵایەتیمان نیشان دەدا و ئێستاش فۆکۆیامایەک کۆتایی مێژوو و دوا مرۆڤ ڕادەگەیەنێ و هینتگتۆنیش حەتمیەتی ململانێ و پێکدادانی شارستانییەتەکان و پێش ئەوانەش هیتلەر و مۆسۆلینیەک کە تەعالیمەکانی هیگڵ و نیتشە لا ڕێی کردن و بەرەو ڕاسیزمی بردن.

٤- عەقڵی زانستیش کە بە عەقڵی ئامێری و پراگماتیزم ناودەبرێ و هەمیشە باوەڕدارە بە میتۆد و عەقڵی مەنهەجی پانتاییەکی زۆری لە ڕووبەری عەقڵی گرتۆتەوە، ئەگەرچی ئەو عەقڵە ئامێرییە هەموو عەقڵی مۆدێرنە نییە، وەلێ لەم عەقڵە جەختگیرە گەشەی تەکنەلۆژی و زانستی گەورە گەورەی لێ کەوتەوە.

زەمەن لە سەیرورەیەکی بەردەوام دایەو بەسەر هەموو شتێکیشدا تێدەپەڕێ و هیچ کەس و شت و بوونێک تاسەر لەگەڵ خۆیدا نابا. مۆدێرنەش ئەگەر بۆ ناسینەوە و لە سۆنگەی قۆناغبەندیشدا بە عەقڵ دەناسرێتەوە، نەک ئێستا، بەڵکو لە دەرکەوتەکانی سەرەتایدا دنیایەک گومانیان لێی هەبووە.

هەموو سەرەتایەکی خەللاق Creative دەرچوونێکە لە هێڵی گشتی بیرکردنەوە، بە مانا تێپەڕینێکە لە فیکری تەقلیدی و هەر شتێکیش بە داهێنان دابنرێ دەبێ توخمی تازەیی و دەرچوونی لە قاڵبە کۆنەکانی بیرکردنەوە تێدابێ. مۆدێرنەش دەرچوونێکی یاخیانەی عەقڵ بوو بۆ نێو سەنتەری خودی مرۆڤ و گۆڕین و وەرچەرخانێک بوو لە میکانیزم و ستراتیژییەتەکانی بیرکردنەوە. ئێستاش هەن پێیان وایە ئەم قۆناغەش تەواو و کۆتایی هات و هەشن وەک هابرماس مۆدێرنە بە پرۆژەیەکی تا ئێستا تەواو نەبوو دەزانن و باوەڕییان بە بەیەکەوە گرێدراویی دەرکەوت و دیاردەکان و نەپچڕانی پێوەندییەکان هەیە.

بە مانایەکی تر مۆدێرنە لە سەرەتادا پرۆژەیەکی کامڵ و سێنترالْ نەبووە تاکو پێمان وابێ بە ئاراستەیەکی دیار ڕێچکەی گرتووە و ملی ناوە، بەڵکو مۆدێرنە بەدەیان ئاراستەدا ڕۆیشتووە، وەلێ لە هەموو ئاراستەکاندا گەشە و دەرکەوت و دیاردەی خۆی هەبووە.

مەعریفە بە ئیرادەی کەسێک، یان کۆمەڵگەیەک، یان دامەزراوێک لاناچێ ، یەکێکی دیکەی لەجیاتی دانانرێ. چوون دانان و لادان دوو میکانیزمی (إقصاء)یانەی تۆتالیتارین و لە بنچینەدا مرۆڤ تەنیا ئەو توانایەی لا دروست دەبێ کە مەعریفەی خۆی، یان بەرهەمە مەعریفیەکانی پۆلێن بکا و هێزی هەڵبژاردن و ناسین و ڕەفتارکردنی بە پێی بەرخوردی لەگەڵ دەوروبەردالەلا هەیە. جیا لەوە مرۆڤ دەبێ بەکەسێکی بەرنامەڕێژکراو و کەسی بەرنامەڕێژکراویش بەپێی دیسپلین و چاودێری دامەزراوەیی دێت و دەچێ هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا. زەمەن بەسەر هەموو شتێکدا تێدەپەڕێ و مۆدێرنەش لەو (شت)انەیە کە لە دەرەوەی زەمەن نییە، بەمانا ئەو دیاردەیە دەرکەوتێکی زەمەنە و تا ئێستا من و ئێوە و هەموومان هەر لەو نێوەندەداین. ئەگەرچی لەمێژە عەقڵ تەقەی لەسەرە و ناوەندێکی زۆری فیکری و فەلسەفی و زانستی پێیان وایە مۆدێرنە نیشانەکانی پیری لێ دەرکەوتووە و ئیدی تاقەتی دەرکەوتەکانی ئێستا و لێکدانەوەی پێوەندییەکانی ئێستای نییە. من وای دەبینم کە عەقڵ لەگەڵ جەستەی مرۆڤدایە و هەر لە سەرەتاشەوە لەگەڵیدا بووە، وەلێ لەسەرەتادا ئەو توانایەی نەبووە تاوەکو ئەو ئامادەییە عەقڵییە Faculty بەکاربخا و پێیەوە هەڵسووڕێ. هەر بۆیە پۆست مۆدێرنەکان لە تێگەی چەمکی (دابڕان)ەوە و لە کۆمەڵێک بێ ئومێدی دوای جەنگی یەکەم و دووەم و شەڕی سارد و ململانێ و پێشبڕکێی ئەتۆمی و شتی ترەوە پێیان وایە عەقڵ کۆتایی پێهات و مرۆڤیش بە گەوهەری مرۆڤبوونی کلاسیکی خۆی مرد و کۆتایی بە زۆر دیاردەی مۆدێرنە هات. بە مانایەکی تر ئەوان وەک ئەوە سەیری مۆدێرنە دەکەن کە نابێ خۆی لە پیسایی و ناشیرینیەکانی خۆی ڕزگار بکا. لێرەشدا ئەگەر مرۆڤێک باوەڕی بە خۆ ڕزگارکردن نەبێ لە پیساییەکانی خۆی ئەوە لە یەکێک لە وەزیفە بایۆلۆژییەکانی خۆی یاخی دەبێ و

سەرەنجام دەمرێ. مۆدێرنەش لە ڕێگەی دەرکردنی نازیزم و فاشیزم و کۆمەڵێک شتی تری (دەردراو) کردارێکی سروشتی دەرکردنی پیسایی ئەنجام داوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لە ژیان و تادێ نوێتربێتەوە. هەر بۆیە ئێمە نابێ پێمان وابێ کە مۆدێرنە بەمانا جەنگی یەکەم و دووەم و سارد و گەرم و چەکی ئەتۆمی...... تاد. مەگەر نا! ئەی جەنگی دژە تیرۆری کەئێستا هەیە دەبێ سەر بە چ زەمەنێک بێ؟

هەر بۆیەش من پێمـوایە تا ئێستـاش دنیـای پێشکەوتوو هەر بە عەقڵی مۆدێرنە بەڕێوە دەچێ و لێرەشدا تەواو قەناعەتم بە تێزی هابرماس هەیە لە کامڵ نەبوونی مۆدێرنە و بەردەوام گەشەکردنی لە ڕێگەی گۆڕینی میکانیزمەکانی پێوەندیگرتن co-munication.

## تێکەڵەی عەقڵی کوردی

هەڵبەتە کۆمەڵگەی سوننەتی و لەنێویشیدا کۆمەڵگەی کوردی بە هەمان میکانیزمە کلاسیکییەکانی مەعریفە یان گەڕان لەدوای (مانا) ئیشی کردووە. کەسێک بیەوێ لە کەڵکەڵەی بوونی خۆیی و عاجباتی و سەرسامی دنیا و دەوروبەر و دیاردە بەهێزەکانی سروشت و گەردوون کەمێ بحەسێتەوە هەڵبەتە ئەم کەسە قۆزاخەیەکی میتۆلۆژی بە دەوری خۆیدا دەکێشێ و دواتریش لە ڕووی ئێستێتیکای فیکرییەوە بە ئاین دەروون (ڕەوان) ی خۆی دەحەسێنێتەوە و خۆی لە دڵەڕاوکێی بوونی خۆیی و دەوروبەر و عەقڵی خۆی ڕزگار دەکا. ئەم کەسە بێگومان میتۆلۆژیا، یان ئاین دەکا بە چوارچێوەی مەرجەعی و موقەددەسی خۆیی و هەرچی مەعریفەی دەستی دەکەوێ لەو سەرچاوانە هەڵیدەهێنجێ، یان پێیان دەگرێ.

کۆمەڵگەی کوردی تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بوونێکی میتافیزیکی بووە و هەمیشە بەشی هەرە زۆری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئاین و توراسی تەقلیدی کوردەواریدا مانایان داوەتە شتەکان، واتە مەعریفەیان هەڵێنجاوە، دوای ئەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ژێر کاریگەری دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە خۆرهەلات وەک دیاردەیەکی هێنراوی مۆدێرنیتە بەشێکی زۆر لە ماناکان خۆیان خزاندە نێو چوارچێوەی ناسیونالیزم. ئەگەرچی کورد لە ڕووی هونەری گوتارەوە هەمیشە هەژار بووە و هەروەک چۆن گوتاری ئاینی کوردی خوێندنەوەیەکی کوردانەی بۆ دەقە ئاینییەکان نەبووە، ئاوەهاش عەقڵی کوردی خوێندنەوەیەکی کوردانەی بۆ فیکری ناسیونالیزم نەبووە، کەواتە عەقڵی کوردی عەقڵێکی نائەکتیڤ بووە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە.

هەڵبەتە هەروەک ئۆگێست کۆنت پێی وایە ئەگەرچی فیکری مرۆڤ بەسێ قۆناغی لاهووت و میتافیزیکا و زانستدا قۆناغبەندی کراوە وەلێ هەر ئەو پێی وایە هەڵگری هەرسێ جۆرە عەقڵ لەیەک زەمەندا دەکرێ بناسینەوە. واتە فیکری کۆمەڵگەی کوردی بەهیچ پارامیترێک سنووردار ناکرێ و لە یەک کاتدا سوننەتی و میتافیزیک و عەقلانی و بە ئیستیلاح ناعەقلانیشی تێدا دەدۆزینەوە، ڕەنگە ئەمەش لە بنچینەدا بۆ ئازادی عەقڵ بگەڕێتەوە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ستراتیژیاتی گونجان و هەڵکردن لەگەڵ سەردەمدا و پاشان لەوانەیە بۆ قالب نەگرتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیش بگەڕێتەوە.

## نەبوونی خوێندنەوە کوردیەکان

هەڵبەت مۆدێرنیزم کۆمەڵێک دیاردەی بۆ ئێمە نارد، یان خۆشمان هێنامان، لەوانەیە -ئایدیۆلۆژیا-ش دیاردەیەکی ئەو تایپە فیکری و مەعریفییە بووبێ و باشتریش وایە بڵێین هەمیشە دینامیکیانە دیاردە و دەرکەوتی تازە ڕوانینی تازەی لێ دەکەوێتەوە، (ڕوانین)یش دوو جۆری هەیە، هەیە (پێی) دەڕوانێ و هەشە (لێی) دەڕوانێ، ئەوەی پێی دەڕوانێ ئەوە بژاردەی خوێندەواری ناسیونالیست و کۆمۆنیست و سیوکراتی ئێمە بوون و هەر یەکە شتێکی لە مۆدێرنە قەرزکرد. ئەوەش کە (لێی) دەڕوانێ ئەوە مەوجودات و پێدراوەکانی دەوروبەرن کە لە بنچینەدا کەرەستەی سەرەکی فیکر و مەعریفەی تاکن. ناسیونالیستەکان فیکری نەتەوەیی و مارکسیەکان فیکری کۆمۆنیستی و دواتر دیندارەکان فیکری سیستماتیکی ئۆرگانیزەکراوی ئاینیان لە مۆدێرنە خواستەوە. ئەمانە هیچیان کامڵ نەبوون، چوون بە میکانیزمی سەپاندن و پاشان تەقلید و پارادایمخوازی و دواتر تۆتالیتاری لەگەڵ ژینگە و کوولتوری کوردیدا موتوربەیان کرد. هەر بۆیە هەمیشە و تا ئێستاشی لەگەڵدابێ ناسیونالیستی کورد هیچ ڕۆشنبیرییەکی نەتەوەیی نییە و لەسەر لێشێوانێکدا

دەژی و نازانێ فیکری ئەو لە چ سەرچاوەیەکی فیکری هەڵدەقوڵێ. لەولاشەوە چەپی کوردی هەر لە مانا جوگرافییەکەی چەپ و ڕاست و باکوور و باشوور تێگەیشتبوو، تا ئێستاش بەشی هەرە زۆریان لە مارکسیزم نازانن و خوێندنەوەیەکی کوردانەیان بۆی نەبووە. کەسی دینداری کوردیش ئەوەی کە کاری سیاسی بە میتۆدی دینی دەکا چوون خۆی خوێندنەوەیەکی کوردانەی بۆ دین نییە، ئەوە لەنێو ئەم هەموو خوێندنەوە و تەفسیر و تەئویلە جیاجیایانەدا سەری لە خۆی و لە دەوروبەریش شێواندووە. جا ئەگەر ئەمە قەیران نەبێ، دەبێ قەیران چی بێ؟

## سیستمی هزری کوردی

هەرگیز نەک لە ئێستەدا، بەڵکو لە ڕابردوویەکی نزیکیشدا نەک دوور ئێمە وەک کۆمەڵگەی کوردەواری ئیبستیمێکی باو و دیارمان نەبووە. بوونی ئیبستیم داننانە بە بوونی سیستم بۆ مەعریفە، کە ئێمە مەعریفەیەکی ڕەنگاڵەیی و پۆلێنکراومان نەبێ بۆ هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیانی خۆمان، ئەوە چۆن چۆنی بەپێی سیستمێکی مەعریفە مانا بەرهەم دەهێنین و ناو و نازناو دەبەخشینە شتەکانی دەوروبەرمان و دەیانناسینەوە و دواتر هەنگاو دەنێین.

سیستمێکی مەعریفی ئەبستیمی لەگەڵ بوونی دەزگا و دامەزراوی مەعریفیدایە، دەزگا فیکرییەکانی ئێمە لە شێوەی زانکۆ و ناوەند و پارتی سیاسی....تاد. تا ئێستا بە پانی سەیری دەوروبەر دەکەن و تەرکیزیان نەکردۆتە سەر باخەڵە جیاجیاکانی نێو ئەو فەزا گەورەیەی کوردەواری، واتە عەقڵێکی جوداوازی لە تایبەتمەندی مەعریفی نییە کە دواتر ئەم هەموو جیاوازیانە دینامیکیانە هەڵدەسوڕێنێ. ئێمە تا ئێستا لە ناسیستمدا هەڵسوڕێین، (ناسیستم) لە هەموو فەزاکانی ژیانی کۆمەڵگە. فەزای ڕۆشنبیری کوردیشمان ماوەیەکی کەمە چەند کەسێکی تێدا دەرکەوتوون، خەریکە سەرەداوەکانی ئیشکردنێکی عاقڵانە لە نێو لکە سەرەکییەکانی ئەدەب و ئینجا فیکر و تاڕادەیەکیش فەلسەفەیان دۆزیوەتەوە.

# ئەفلاتوون و ئافرەت

## (ئافرەت لەنێو دیالۆگی کۆماردا)

ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام
لە عەرەبییەوە: ئەژین عەبدولخالق

### دەسپێک

کتێبی یەکەم لە گفتوگۆ لەبارەی کۆمارەوە دەست پێدەکات و بە پێناسەی جۆراوجۆر لەبارەی یەکسانی و دادپەروەری کۆتایی پێدێت، بەڵام کتێبی دووەم لە یەکسانی تاکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دادپەروەری لەنێو دەوڵەتدا، چونکە ئەوەی دووەم وێنەی گەورە کراوی یەکەمە، دواییش ساناترە بۆ درک پێکردن. لێرەدا ئەفلاتوون لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرهەڵدانی دەوڵەت و گەشەکردنی دەست پێدەکات، ئەوەش دەزانێت کە ئەسڵی کۆبوونەوەی مرۆڤ و بنەمای ڕاستەقینە بۆ گەشەکردنی دەوڵەت بریتییە لە پێداویستی، یا نەداری تاک لەوەی بتوانێت تەنیا پشت بەخۆی ببەستێت، بەتایبەتی لە باسە گرنگەکانی وەکو خۆراک و جلوبەرگ و ماڵ، تێرکردنی ئەو هەموو پێداویستیانەش یەک کەس ناتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵکو دەبێ دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی هەریەکەو کاری خۆی بکات. دواییش هەر تاکێک کاری خۆی ئەنجام بدات و پابەند بێت پێیەوە وەکو ئەوەی یەکێک زەوی دەکێڵێت و یەکێکی تریش ئامێری کێڵان دروست دەکات، دوایی کێ بەخێوکردنی مانگاو مەڕوماڵات کە ئامێری کێلانەکە ڕادەکێشن جێبەجێ دەکات.. تاد.

بۆیە دەبێ لە پاڵ جووتیارو پیشەسازو شوان و کرێکاران، بازرگان و کاڵا هێنەرو کاڵا نێر هەن، کە کاردەکەن لە پێناو هەناردنە دەرەوەی کاڵاو هێنانە ناوەوەی و.. تاد. ئەوە بنەمای سەرەکییە لەنێو هەموو کۆمەڵگایەکدا، ئەویش چینی بەرهەمهێنەر یا کرێکارو خزمەتگوزارن. ئەگەر هەر بەوەندەش بوەستین، ئەوە دەبینە کۆمەڵگای شەهوەت کە پڕ بێت لە خوێ و زەیتوون

و پەنیرو سەوزەو میوە، واتا هەموو ئەوانەی کە تاک پێویستی پێیان هەیە لە خۆراک و جلوبەرگ، بەڵام ژیان هەر بەوەندە ناوەستێت، چونکە ئەم جۆرە ژیانە نزیکە لە ژیانی (بەراز)!

ئەگەر دەوڵەت مەبەستی بێت تەنیا ئەو شتانەی سەرەوەمان بۆ دابین بکات، کەواتە شارێکی پڕ لە بەرازی رێکخستووە. ئەوەش بە خودێکی شەهوانی دەچێت کە تەنیا خەمی تێرکردنی جەستەی هەیە، بەڵام ئێمە دوای ئەوە پێویستمان بەکەسانێک هەیە کە پاسەوانی لەشار بکات، کەسانێکیش کە حوکمڕانی شار بکەن. ئەوەش کارێکە بەجووتیارو پیشەکاران ناکرێت، چونکە پێشتر گوتمان دەبێت هەر کەسێک کارێک بکات. بەم شێوەیە دەبێ چینێکی نوێ لەسەربازان سەرهەڵبدەن و لەوانەوە جارێکی تر حوکمڕانان بێنەدی، لە نزیکی کۆتاییەکانی کتێبی دووەمدا، بۆ یەکەم جار ئەفلاتوون زاراوەی پاسەوانان بەکاردێنێت بۆ دەلالەتکردن لەهەردوو چین بەیەکەوە. ئەو پاسەوانانەش پێویستیان بە پەروەردەیەکی توند و چاک هەیە، چونکە جەنگ هونەرە، کەسێکیش ناتوانێت بجەنگێت ئەگەر لەسەری ڕانەهاتبێت و نەزانێت چۆن لەگەڵ هاووڵاتییانیدا نەرمونیان دەبێت و چۆنیش لەگەڵ دوژمناندا توندوتیژو سەختگیر دەبێت، وەکو چۆن سەگی ڕەسەن لەگەڵ خاوەن و ناسیاوەکانیدا نەرمونیانەو لە بەرانبەر نەناسانیشدا توندوتیژە.

جگە لەوەش، پاسەوانان دەبێت لە پاڵ ئەو سیفەتانە، سیفەتی فەلسەفەکارانیشیان تێدا بێت کە لە ڕێگاو لەسەر بنەمای مەعریفەوە دەتوانن هاوڕێ و دوژمن لەیەکتری جیا بکەنەوە. کتێبی دووەم بەوە کۆتایی دێت کە ئەفلاتوون دێت وەکو ئەوەی خۆی دەڵێت باسی چیرۆکی فێرکردنی پاسەوانان دەکات لەسەر وەرزشی جەستەیی و مۆسیقا بۆ یارمەتیدانی دەروون، ئەوەش ئەوکاتە شتێکی باوبوو لەنێو سیستەمی پەروەردەو کولتووری ئەسینای سەردەمی ئەفلاتووندا.

**یەکەم: مولکدارێتی و خێزان**

لە کتێبی سێیەمدا، ئەفلاتوون بەدرێژی باس لە پەروەردەی پاسەوانان دەکات، ئەو سەربازانەی پارێزگاری لەژیانی شار دەکەن، لەگەڵ ئەو دەستە حوکمڕانەی کە لەنێو هەناوی ئەو چینەدا دێتە دەرەوە، یا چینی حوکمڕانان و یارمەتیدەرانیان. باشە ئێمە چۆن پاسەوانان وا فێر دەکەین کە ببینە خاوەن پیاوی مەزن؟ دیارە دەبێت سیستەمێکی وردو پتەو دابڕێژین و پڕ بێت لە توخم و ڕەگەزە بەتواناکانی ئەسبرتە کە سەلمێنراوە زۆر بەسوودن لەکاتی ئەو جەنگ و کوشتارانەی کە بووە هۆی دۆڕانی ئەسینا لەساڵی (٤٠٤)ی پێش زایینیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کەموکوڕییەکانی سیستەمی ئەسبرتەش چارەسەر بکرێت و جەستەو دەروون بەیەکەوە پەروەردە بکرێن، بۆیە هەر لەسەرەتاوە دەبێت ئاگاداری چەند لایەنێکی ئەو مەسەلەیە بین تاوەکو سیستەمی پەروەردەیی هەڵنەوەشێتەوەو گەندەڵ نەبێت.

**پرسی یەکەم:**

ئێمە لەسەر حەق دەبین ئەگەر ڕێگامان نەدا ئەو پیاوانە هانا بەرنە بەر گریان و شین و واوەیلاو ئەو کارە بۆ ژنان جێبێلین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بۆ پاراستنی وڵات ئامادە دەکرێن لەسەر ئەو کارانە ڕانەیەن و قێزیان لەو جۆرە کارانە بێتەوە کە لاوازی پیشان دەدات.

**پرسی دووەم:**

ئەویش جۆرێکە لە پاراستن، چونکە «ئێمە ڕێگا نادەین ئەوانەی کە پەروەردەیان دەکەین و هەوڵدەدەین ڕۆحی چاکەکاریان لەنێودا بڕوێنین و بەر لە هەموو شتێکیش پیاون، ڕێگایان پێنادەین لاسایی ژنێکی گەنج، یا پیرەژنێک بکەنەوە قسەی ناشیرین بەمێردەکەی دەڵێت، یا زمانی بەسەر خواوەندەکاندا درێژ دەکات و شانازی بەخۆیەوە دەکات، یا قسە بە بەدبەختی خۆی دەڵێت و دەست دەکات بە گریان و شین و واوەیلا، ئێمە هەرگیز ڕێگا نادەین لاسایی ئەو ژنانە بکەنەوە کە لەکاتی منداڵبووندا هاوارو قیژەیانە، یا لەکاتی نەخۆشیدا دەگریێن».

ڕەنگە دەسپێکردنی ئەفلاتوون بەو جۆرە دەقانە لە بارەی پەروەردەکردنی پاسەوانان شتێکی هەندێک سەیرو نامۆبێت، ئەو بەرلەوە دەست بە پرۆگرامی پەروەردەیی خۆی بکات، ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەبێت ئافرەتان بەدوور بن لەو پرسە، چونکە پێش هەموو شتێک ئێمە پیاومان پێویستە، بۆیە ناکرێت پیاوێک قبووڵ بکەین کە لاسایی ژنان بکاتەوە! ڕەنگ بپرسین باشە چۆن ئەو دەقانە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دەگونجێت لەبارەی یەکسانی

نێوان ژن و پیاودا؟ دەشێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەفلاتوون لە خەیاڵی خۆیدا وێنەی پیاوی وەکو پاسەوانێکی نموونەیی شارێکی پڕ لە چاکەکاری کێشاوە، بۆیە لێرەدا یەکسانی بۆ خودی خۆی پێویست نییە، بەڵکو ئەنجامێکی لۆژیکییەو پێوەندی بە ئازادبوونی ئافرەتەوە نییە، بۆیە ئەگەر ئافرەتانیش بێنە نێو ڕیزی پاسەوانان، ئەوە دیارە بەپیاو دەبن و هەموو تایبەتمەندییەکیی ئافرەتانەی خۆیان لەدەست دەدەن، هەرگیز ناتوانن وەکو ژنانی تر ڕەفتار بکەن و لەکاتی خەمناکیدا شین و ڕۆڕۆو واوەیلا بکەن.

ئێمە پیاوی بەهێزو ورە بەرزمان پێویستە، وەکو چۆن پێویستیمان بە ئافرەتی بەهێزو ئازا هەیە، دەبێت ئاگاداری ئەو وشەیەش بین کە نتلشب لێی وشیارمان دەکاتەوە، لەوە کە وشەی ئازایەتی لە زمانی یۆنانیدا بەمانای پیاوەتی دێت. لەوەشدا دەردەکەوێت کە ئەفلاتوون دەیەوێت کچ و کوڕان لە منداڵییەوە لەسەر پیاوەتی ڕابێنێت، واتا ئازایەتی. بەهەرحاڵ قسەکردنی ئەفلاتوون لەسەر بابەتی ئازایەتی، قسەیەکی تەواو یۆنانییانەیە، چونکە ئەو منداڵەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژاندا دەبێتە سەربازو لە پێناو وڵاتدا دەجەنگێت، دەبێت بەر لە هەموو شتێک فێری ئەوە بێت کە لە مردن نەترسێت. ئەگەر بزانین مردن لەلای یۆنانییەکان خۆی لەخۆیدا مانای کۆتای گەنجێتی و جوانییەو سەرەتای چوونە نێو جیهانی تارمایی و خەمۆکییە، ئەوە دەزانین کە مردن شتێکی چەندە ترسناکەو ئەوەی بتوانێت ڕوو بەڕووی مردن بێتەوەو نەلەرزێت و نەترسێت، تەنیا ئەو دەکرێت بەپیاو ناوببرێت. ئەوەش مانای وایە کە ئەفلاتوون دەیویست کچ لەکاتی پەروەردەدا لە دەست هەست و نەستی کچێتی دەرباز بێت وەکو ئەوەی لیکۆرگۆس پێشتر گوتوویەتی تاوەکو بتوانێت بچێتە ڕیزی پاسەوانانەوە.

**پرسی سێیەم:**

ئەوەی دەبێت ئێمە زۆر لێی ورد بین، ئەوەیە کە ئەفلاتوون کاتێک پێشەکی سیستمی گشتی پەروەردەی خۆی دادەنێت، وەکو بینیمان وشیارمان دەکاتەوە لەوەی کە نابێت پاسەوانان بە ئافرەتان بچن و شێوازی ئەوان بەکاربێنن و لاساییان بکەنەوە، ئەوەش شێوازێک بوو خۆی زۆر ڕقی لێدەبۆوە، بەڵام دەڵێت: «هەروەها لەشێوە ژیانی کۆیلایەتیدا نابێت لاسایی کۆیلەکانیش بکەنەوە، جا ئەو کۆیلانە پیاو بن یا ئافرەت». دواتریش دەڵێت: «نابێت لاسایی پیاو خراپ و ترسنۆک و شێتان بکەنەوە، نە بەکردەوە، نە بە قسە».

لێرەدا بە ئاسانی تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەفلاتوون بەردەوام لە قسەکانیدا ئافرەت دەخاتە ڕیزێک لەگەڵ کۆیلەو منداڵ و خراپەکارو شێتانن یا تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵانیش. ئەو وەکو مێینەیەک بەشێوەیەکی سۆزدارییەوە باسی ئافرەت ناکات، دواتریش دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە.

دوای ئەو ئەموو وشیارکردنەوەیە، ئەفلاتوون دێت لەلایەک پرۆگرامی ناوداری پەروەردەیی خۆی دادەنێتن، لەلایەکی تریشەوە باسی پەروەردە کردنی دەروون دەکات، ڕاهێنانی وەرزشی بۆ لەش زۆر گرنگە، مۆسیقاش بۆ پەروەردەکردنی دەروون گرنگترە، چونکە جەستە هەرچەندە بەهێزبێت، ناتوانێت دەروونی بەشێوەیەکی چاکەکارانە ئاراستە بکات، بەڵام دەروون چاکەخواز دەتوانێت جوانی بەجەستە ببەخشێت.

ئەگەر دەروون دوو ژێی هەبێت، ژێی فەلسەفەو ئازایەتی، ئەوە بەیەکەوە گونجاو دەبن، ژێی ئازایەتی بە مۆسیقا خاو دەبێتەوەو بە وەرزشیش گرژ دەبێت. چارەسەرکردنی کەموکوڕی نێو پەروەردەی ئەسبرتەیی مانای وایە دەبێت بەیەکەوە گرنگی بەهەردوو ژێ بدرێت. بۆیە ئەگەر ئەفلاتوون هێشتا لەژێر کاریگەری پەروەردەی ئەسبرتی دایەو جێکەوتی لەسەر میتافیزیکایەکەی هەیە، ئەوە پێویستە لەسەرمان منداڵمان لەسەر شێوە ژیانی توندو تیژو ژیانی تەقەشوفی ڕابێنین و کاری سەختیان پێبکەین و بیانخەینە نێو جەنگی قورسەوەو هەر لە منداڵییەوە بیانخەینە نێو شتی پڕ لە مەترسی و تاقییان بکەینەوە، وەکو چۆن مرۆڤ لە ڕێگای ئاگرەوە تاقی دەکرێتەوە تاوەکو بەهێزبن و نەترسن و ڕابێن.

ئەو جۆرە پەروەردەیەی جەستە، لەلایەک گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕقەی ئەفلاتوون بەرانبەر بە جەستە هەیبوو، لەلایەکی تریشەوە تەبا بوو لەگەڵ ئەوەی کە لەنێو شارە یۆنانییەکاندا هەبوو، ئەو بنەما سەرەکییەی ژیان کە دەڵێت مرۆڤ دەبێت لە پێناو وڵاتدا قوربانی بەخودپەرستی و بەرژەوەندی خۆی بدات. بگرە لەوەش زیاتر، ئەفلاتوون پێی وایە تاکە کێشە کە دێتە بەردەمان لەکاتی بونیادنانی وڵاتی چاکەخوازدا، مەسەلەی

زێدەڕۆیی کـردنە لە خـودپەرسـتی کـە هۆکـاری هەمـوو کێشەو هەڵەیەکی گەورەیە، بگرە لە هەموو هەڵەکانیش گـەورەترە، ئەوەش هەڵەیەکی خـۆڕسکەو لەنێـو ناخی مرۆڤـدایەو بەردەوام مرۆڤ بەدوای ئەوەوەیە پاساوی بۆ بدۆزێتـەوە بەبێ ئەوەی چاکی بکاتەوە، ئەو هەڵەیەی کە لە ڕێگای ئەو گوتەیەوە گوزارشتی لێدەکرێت کە دەڵێت: «هەموو مرۆڤێک هاوڕێی خۆیەتی و دەبێت واش بێت». ئەوە ئەو خودپەرستییەیە کە دەبێت پاسەوانانی لێ پاک بکرێتـەوەو لەسـەر پاراسـتنی بەرژەوەندی گشـتی گۆش بکرێن و بەرژەوەندی تاکـەکـەسی بەلاوە بنێن و تەنیـا بەرژەوەندی دەوڵەت ڕەچاو بکەن. لێـرەدا پرسی ڕاهێنان و پەروەردەکـردنی پاسـەوانان کـۆتایی دێت، بەڵام ئایا ئەوانە لە کـوێ جـێنشین دەبن؟ «بیـرکـردنەوەی ڕاست ئەوەیە کـە خـانوو و شـتی باشـیـان بۆ دابین بکرێت بەشـێـوەیەک گـرێنتی بەخش بێت بەوەی ئەوانە وەکـو پاسەوانێک لە ڕێگای کەمال دەرناچن».

لێرەدا ئەفلاتوون بۆ یەکەم جار لەگەڵ بنەماو باوەڕی مـیـتـافـیـزیکی و ئەخـلاقی خۆیدا یەک دەگرێتـەوە کە دژایەتی مادە دەکـات و سنوورداری دەکـات، بەوەی کـە نابێت پاسـەوانان خـاوەندارێتی مـوڵکـیـیـەتی تایبـەت بکەن. «چونکە پێـوسـتـە لەسـەر هەریەکـێکیـان کـە مـوڵکـیـیـەتی تایبـەت بەخـۆیان نەبێت، شـتێک نەبێت تەنیا بۆ خـۆیان بێت، وەکو خانوو و ماڵ و کـەسێکی تر نەبێت بچێتە ناوی یان بەکاری بێنێت».

جـێکەوتی بیـری ئەسـبـرتی بە ئاشکرا دەردەکـەوێت کاتێک ئەفلاتوون لەبارەی سەربازگەی دەرگا کراوە قسە دەکات کـە دەکرێ هەموو پاسـەوانەکان بەیەکەوە تێیـدا بژین، «پێویستە بەیەکەوە ژەمی نان بخۆن، وەکو سەرباز ژیانێکی بە کـۆمـەڵی لە مـەیدانی جەنگ و کـوشـتـاردا بەسـەر ببـەن». هەروەک لێـیــان حـەرام کـرابوو کـە خـاوەندارێتی زێڕوزیو بکەن، ئەم حـاڵەتە لە ئەسـبـرتەش هەبوو، ئەم حـەرام کـردنە بەردەوام بوو لە گـفـتـوگـۆی یاساکانیشدا، بەڵام زێڕوزیو، ئەوە بەردەوام جەخت لەوە دەکـرایەوە کـە ئەوان بەردەوام لەنێـو دەروونی خـۆیاندا زێڕوزیویان هەیەو خوا پێیانی بەخشیوە.

ئەوان پێویستیان بەم زێڕوزیوە نییە کە خوا بە خەڵکی داوە، چونکە شـوورەیـیـە مـرۆڤ ئەو زێڕوزیوەی خـوا، بەزێڕوزیوی سەر زەوی بگۆڕنەوە. «چونکە ئەو زێڕەی کە خـەڵـک ملمـلانێی لەسەر دەکەن سەرچاوەی کـۆمـەڵێک کێشـەو شـەڕوناخۆشی بەردەوامە، لەکاتێکدا ئەو زێڕەی لەنێو دەروونی خۆیاندا هەیە پاک و بێگەردە، بۆیە تەنیا ئەوان نابێت وەکو هاووڵاتیانی تر پارەو زێڕ کۆ بکەنەوەو خاوەنی ماڵ و خانوو بن».

ئەگـەر ئێـمـە بمانەوێت هاوڵاتیـیـان بگەیەنینە بەرزترین ئاستی چاکەکاری، پێـوستە لەسـەرمـان گرنگی بەم سێ خـاڵە بدەین کـە مـرۆڤ بایەخـیـان پێـدەدات و لە هەمـوو شـتـێک بەرزترو نزمـتـرن: ڕاکـردن بەدوای پارەو پوول، دواتریش بایەخدان بەجەستە کە دەکەوێتە ناوەند، بەڵام بەرزترینیان بایەخدانە بەدەروون.

ڕەوشی شـار باش نـابێت ئەگـەر ڕەچاوی ئەو تەرتیـبـە نەکـرێت، دوایی ئەگـەر ویسـتـمـان بەڕاسـتی پەروەردەی پاسەوانان بکەین، پێویستە لەسەرمان لە بەرانبەر پارەو سامان ململانێ لەگەڵ خود بکەین.

هەروەها وایان لێبکەین کەمتر بایەخ بە جەستە بدەن، جا لەکـاتی ڕاهێنانی جـەسـتـە بێت لەسـەر جـەنگ، یان منداڵبـــوون، چونکە ژیانی ئەو چینە دەبێت ژیانێکی عـاقڵانە بێت، عـەقڵـیش واتا مرۆڤ خۆ ویست نەبێت، چونکە نـایەوێت بەتەنیــا خــۆی تێــر بکات، بەڵکو هەوڵدەدات خۆشگوزەرانی گشتی بێتە دی.

لە ڕاسـتـیـدا ئەفـلاتوون هێـرشێکی توند دەکـاتە سـەر کـۆکـردنەوەی پارەو خـواسـتـنی سـامـان، شـەهوەتی موڵکدارێتی کردنی بێ سنوور سەرچاوەی هەموو کێشەو بەڵایەکە کە بەسەر تاک، یان دەوڵەتدا دێت، بەشێوەیەک دەگـاتـە ئەوەی بڵـێت ناکـرێت دەوڵەمـەندان بچنە ڕیزی چاکـەکـــاران، چونکە ئەوانە دوو دژیەکن و بەیەکـــەوە ناگونجێن، وەکو ئەوەی چاکەخوازی و سامان ناکۆک و پێـچـەوانەی یەکـتـری بن، چونکە هەرچەندەی مـرۆڤ بەدوای ساماندا گەڕاو لە پێناویدا کاری کرد، ئەوەندە لە چاکـەکـار دوور دەکـەوێتـەوەو ڕیزی ناگـرێت «لە نێـوان چاکەکاری و ساماندا ئەو جیاوازییە هەیە ئەگەر بخرێنە سـەر پێـوەر کـە هەرچەندەی یەکـێکیـان بەرز بۆوە، ئەویتـریان ئەوەندە دادەبەزێت، ئەگـەر لەنێـو وڵاتێکدا پارەدارو خاوەن سامانان ڕێزیان لێنرا، ئەوە بێگومان ڕێز لە چاکەکار و چاکەکاری نانرێت.»

بێگومـان ئەو ڕقە لە بەرانبـەر پارەو سامـان بەگشـتی، وەکو گوتمان لەگەڵ میتافیزیکای ئەفلاتوون دەگونجێت کە پێی وایە مادە توخمێکی شەڕانگێزە لەنێو گەردووناو جـەسـتـەی ئەوەندە پەراوێز کـردووە بەشێـوەیەک بووەتە

زیندانی ڕۆح.
باشە ئەو چارەسەرییە یەکلاییکەرەوەیە چییە کە وادەکات پاسەوانان تا ئەو ئاستە نزمە دانەبەزنە خوارەوەو بەدوای کۆکردنەوەی پارە بکەون؟ چی بکەین بۆ ئەوەی خودپەرستی لەناوبەرین؟ چۆن خۆشەویستی خودو خۆڕسکی نێو دەروونی مرۆڤ لە ڕیشە هەڵکێشین؟ چارەسەرییە لۆژیکییەکە ئەوەیە کە هەموو شێوەو جۆرێکی موڵکدارێتی تایبەتییان لێ قەدەغە بکرێت: نابێت خاوەندارێتی هیچ جۆرە ماڵ و خانوو و زەوی و زێڕو زیوێک بکەن، نابێت خاوەندارێتی موڵکی من یا تۆ بکەن.» باشە خراپترین شت لەنێو دەوڵەتدا ئەوە نییە کە ئاژاوە دەنێتەوەو یەکێتی وڵات لەناو دەبات، باشترین شتیش ئەوە نییە کە یەکێتی پتەو دەکات و خەڵک بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەوەی یەکێتی وڵات لەناو دەبات بریتییە لە خودپەرستی و خەم، کاتێک بەشێک لە هاووڵاتییان لەنێو چێژ و خۆشی ژیاندا نقوم دەبن و بەشێکی تریشیان لەنێو خەم و پەژارەدا ون دەبن، ئەو جیاوازییە لەنێو کۆمەڵگادا بۆ ئەوەیە کە خەڵک وشەی موڵکی من و خەڵکانی تر بەکار ناهێنن، بەڵکو تەنیا وشەی موڵکی خۆم بەکاردێنن».

کەواتە ئەگەر ئێمە موڵکدارێتی تایبەت لەناوبەرین، ئەوە دەتوانین باشترین کۆمەڵگا بونیاد بنێین کە دەکرێت ئەو نموونە فیتاگۆرسییە کۆنەی بەسەردا پراکتیک ببێت کە دەڵێت «موڵکدارێتی شتەکان لەنێو هاوڕێییاندا هاوبەشە».

ڕەنگە زەحمەت بێت ئەو پرنسیپە بەسەر چین و توێژە نزمەکاندا پراکتیک بکرێت کە توخمی شەهوەت کۆنترۆڵی دەکات و نزیکە لەمادەو بایەخ بەجەستە و پێداویستییەکان و حەزەکانی دەدات و تێریان دەکات.

لەو حاڵەتەشدا، وا باشترە کە لێیان بگەڕێین موڵکدارێتی زەوی و موڵک و ژنان بکەن، ئەگەرچی دەبێت ئەوەش لەژێر چاودێری توندی دەوڵەتدا بێت، بەڵام ئەو چینەی کە کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات و بەرەو چاکەکاری ئاراستەی دەکات، کە لەلای ئێمەش گرنگە، چینی حوکمڕانان و یاریدەدەرەکانیانن، ئەگەر بمانەوێت ئەوانە خۆیان بۆ کارەکانی خۆیان تەرخان بکەن، دەبێت دەسبەرداری توخمی شەهوەت بن، چونکە نابێت بەشێک بێت لە تایبەتمەندی ئەوان، بەڵام ئاساییە کە توخمێک بێت لەنێو چینی نزمتردا، لەلای کرێکارو جووتیارو بەرهەمهێنەراندا، بۆیە دەبێت بیر لەلایەنی ئابووری خۆیان نەکەنەوە، چونکە بەشێکە لەشەهوەت.

مادام چاکەکاری و سامان بەیەکەوە ناگونجێن، ئەوە نابێت ئەوان هەردوو لایەن بەیەکەوە کۆبکەنەوە، بەڵکو دەبێت ئەو هەستە لەنێو پاسەوانان ڕیشەکێش بکرێت کە دەڵێت ئەوە موڵکی منەو ئەوەش موڵکی تۆیە، ئەو هەستەیە کە جیاوازی دەنێتەوەو لەنێو خەڵکدا ناتەبایی بەرهەم دێنێت، بۆیە پێویستە شتەکانی نێو ئەو چینە هەر هەمووی بۆ هەمووان موشاع بێت و سوودی لێوەربگرن: «ئەگەر ئەوانش وەکو خەڵکانی تر بوونە خاوەنی ماڵ و خانوو، ئەوە ئەوانیش لە پاسەوانەوە دەبنە بازرگان و جووتیار، لە پارێزەری شارەوە دەبن بە زۆردارو دوژمنی شار.

بەو شێوەیە ئەفلاتوون بەرەو ئەوە چوو کە دەبێت خودپەرستی و بەرژەوەندی تایبەتی لەنێو ئەو چینەدا ڕیشەکێش بکات کە سەرچاوەی بڕیاری شەڕو ئاشتی و سیاسەت و بەرگرییەو تاکەکانی وا لێبکات ژیانێک پڕ لە تەقەشووف بەسەر ببەن و پڕ لە توخمی ئەسبرتەیی، لە پاڵ پەروەردەکردنی دەروونیدا، ئەوە لەکاتێکدا کە دەبێت چینە نزمەکان خەرجیەکانی ئەوانە بگرنە ئەستۆ.

ئەفلاتوون لە کتێبی چوارەم دەگەڕێتەوە سەر گفتوگۆ و وتووێژ لەبارەی موڵکداری و بێبەش کردنی پاسەوانان لە موڵک، بەتایبەتیش ئەوەی دەبێتە ئەنجامی ئەم بێبەش کردنە، چونکە یەکێک لە گوێگرەکانی سوقرات کە ناوی (ئەدیمانتۆس)ە ڕەخنە لە بێبەشکردنی پاسەوانان لە موڵکداری دەگرێ و پێی وایە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوەو دەبنە کەسانێکی بێ هیواو بێ ئومێد، لەبەرئەوەی ئەوان لەو کۆمەڵگایەی کە هەموو ژیانی خۆیانیان بۆ تەرخان دەکەن، هیچ سوودێک نابینن، وەکو سەرکردەو حوکمڕانانی وڵاتانی تر نابنە خاوەنی کۆشک و باڵاخانەی بەرزو جوان و کەلوپەلی نایاب و سەنگین و... تاد. سوقراتیش وەڵامی ئەدیمانتۆس دەداتەوەو دەڵێت: «ئێمە مەبەستمان نییە وڵاتێک بونیاد بنێین کە بەختەوەری کۆمەڵێکی دیاریکراو لە خەڵکی بوێ، بەڵکو دەمانەوێت ئەم خۆشبەختییە زۆرترین تاکی ئەو کۆمەڵگایە بگرێتەوە.

ئەگەرچی خۆشبەختی وشەیەکی ئاڵۆزەو ئەو شتە ناگەیەنێت کە ئێمە ئێستا مەبەستمانە، بەڵکو وەکو

دادپەروەردی وایە و مەبەستی ئەو حاڵەتەیە کە ئەنجامی گونجانی هاووڵاتیانە لەگەڵ یەکتریدا.

کاتێک هەریەکێک لەوان ئەو تاکە کارە ئەنجام دەدات کە لەگەڵ خۆیدا دەگونجێت، بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر کاری کەسانی تر، ئا لێرەدا ئەوپەڕی خێر بەدی دێت کە ئەمە بیرۆکەیەکی سەرەکییە لەلای ئەفلاتووندا، ئەوکاتەش خۆشبەختی ئەبەدی دێت وەکو ئەوەی ئەو دەیبینێت کە بریتییە لە بالاْبوونی هاووڵاتیان لە ڕێگای پەروەردەوە بۆ بەرزترین ئاستی مومکین لە چاکەکاری و حیکمەتدا.

ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخی ئێمەیە، ئەوەیە کە ئەفلاتوون کاتێک وتوویژ لەبارەی ئەنجامە گریمانەکراوەکانی ئیلغاکردنەوەی موڵکداری دەکات لەنێو کتێبی چوارەمدا، بۆمبێک فڕێدەدات کە بریتییە لە یەکێک لەو سێ شەپۆلە شۆڕشگێڕییەی کە بەرهەستی کۆمەڵگای ئەسینایی دەکەویت، مەبەستیشم لێرەدا ڕەتکردنەوەو ئیلغاکردنەوەی خێزانە، بەڵام ئەو زۆر درێژە بە وتوویژکردن نادات بەو بیرۆکەیەو زۆر بەخێرایی دەڵێت: «ئەگەر پەروەردەی تەندروست بتوانێت دەروونی هاووڵاتیانی ئێمە ڕۆشن بکاتەوە، ئەوە زۆر بەسانایی دەتوانن هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە ئێمە بەشێوەیەکی کاتی بۆمان جێهێشتوون، ئەوە لە پاڵ زۆر کێشەی تری وەکو موڵکداریتی کردنی ژنان و پرۆسەی هاوسەرگیری و منداڵبوون،بەشێوەیەک ئێمە لەو مەسەلانەدا ئەو بنەمایە بگرینە بەر کە دەڵێت هەموو شتێک لەنێوان هاوڕێیاندا موشاعە».

پێویستە بەباشی لە ئەفلاتوون وردبینەوەو لەوە تێبگەین کە ئەو گفتوگۆ لەبارەی ئەنجامەکانی ڕەتکردنەوەی موڵکداری دەکات. ئەگەر گوتمان هیچ یەکێک لە پاسەوانان هیچ موڵکێکیان نییە، ئەنجامێکی لۆژیکییە کە خێزان بوونی نەبێت، بەشێوەیەک هەموو شتێک لەنێو هاوڕێیاندا موشاع و ڕێگا پێدراوە.

بارکر دەڵێت: «خێزان پێویستی بە موڵکییەت هەیە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کیانی خۆی بکات، ئا لێرەوە ڕەتکردنەوەی ژیانی خێزانی لەنێو دەسەڵاتداراندا ئەنجامی ڕەتکردنەوەی موڵکداریتی تایبەتە، یان دەتوانین بڵێین ئەنجامێکی حەتمییە. ئەفلاتوون پێی وایە موڵکداریتی و خێزان دوو شتن هەریەکەیان پشت بە ئەویتریان دەبەستێت. ئەوەی دەلالەتیش لەو پەیوەستبوونەی نێو هزری ئەفلاتوون دەکات، دوو مەسەلەن، یەکەم ئەو ڕێگای بە موڵکداریتی تایبەت داوە لەنێو چینی بەرهەمهێنەراندا، لە هەمان کاتیشدا ڕێگای بەیەکەوە نانی خێزانیشی پێداون، وەکو ئەوەی گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی کە ڕەوشی ژیانی ئافرەت لەنێو خێزاندا وەکو ژنی ماڵەوە ئەنجامی بوونی موڵکداریتی تایبەت بووە لەنێو کۆمەڵگادا، بۆیە هەر کاتێک ئەو موڵکداریتییە ئیلغاکرایەوە، ئەوە دەبێت خێزانیش ئیلغا بکرێتەوەو شتەکانیش لەنێو هاوڕێیاندا موشاع و گشتی دەبێت، بۆیە ئافرەتان لەنێو چینی پاسەواناندا هاوبەش و موشاع دەبن.

مەسەلەی دووەم ئەوەیە کاتێک ئەفلاتوون لە وتوویژێکی تری دواییدا- وتوویژی یاساکان- موڵکداریتی تایبەتی دەگێڕێتەوە، لەهەمان کاتیشدا خێزانیش دەگێڕێتەوەو جارێکی تریش ئافرەت دەبێتەوە ژنی ماڵەوەو کاری ئەوە دەبێت منداڵەکانی بەخێو بکات و بەرگریان لێبکات وەکو چۆن مریشک بەرگری لە جووجەڵەکانی دەکات و بەگشتی چۆن باڵندەکان بەرگری لە بێچووەکانیان دەکەن.

پێویست ناکات ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەو جۆرە پێوەندی و پەیوەستبوونەی نێوان خێزان و موڵکداریتی تایبەت لەنێو ئەسبەرتەشدا هەبووە، بۆیە کاتێک موڵکداریتی نیمچە گشتی بووە، ئەوە زەواجیش نیمچە گشتی بووەو ژنیش نیمچە گشتی بووەو هەر یەکێک کە دەوڵەت یا مێرد پێی وابووە نێرەو دەتوانێت نەوەی بەهێزو تەندروست بەرهەم بێنێت بۆی هەبووە لەگەڵ ژناندا بخەوێت.

بەڵام لە ئەسینا کە کۆمەڵگای باوکسالاری ڕێگای بە موڵکداریتی تایبەتی دابوو، ئەوە باوک لە پاڵ سەروەت و سامان و موڵکەکەیەوە ژنێکی تایبەتیشی هەبوو. نەدەبوایە کەس ژنەکەشی ببینێت و نەیدەهێشت لە ماڵیش دەربچێت و بەسەر شەقامدا بڕوات، تەنیا ئەگەر هاتوو پێچەیەکی نەپۆشیبا، ئەو پێچەیەش مانای وابوو کە ئەو ژنە موڵکی تایبەتی پیاوێکە و نابێت کەس دەستی بۆ درێژ بکات. بە پێچەوانەی سۆزانی و کەنیزەکەکان کە موڵکی گشتی بوون و ئەو مەرجەیان بەسەردا نەدەسەپێنرا. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لەهەر شوێنێک موڵکداریتی تایبەت هەبوو خێزانیش هەیە، بۆیە چینە بەرهەمهێنەرەکان وەکو چۆن پارێزگارییان لە

مـولّکی خـۆیان دەکـرد، ئاواش پارێزگـاریان لە مـاڵ و خـێـزان دەکـرد. ئەو هۆکـارانەی کـە بوونە هۆی ئەوەی دەسەڵاتداران مولّکدارێتی نەکەن و مولّک لەنێوانیاندا هاوبەش بێت، هەمـان هۆکـارە کـە بووەتە هۆی ئەوەی ژنەکـانیش لە نێـوانیـاندا هاوبەش بێت، چونکە ئەوە ئەنجامی مولّکدارێتی هاوبەشە.

تەنانەت لەم ڕۆژگارەشدا، زۆرێک لە هزرڤانان دان بە بوونی ئەم پێـوەندییـە توندوتۆڵەدا دەنێن. ڕسل دەڵێت: «دوو فـاکـتـەری سـەرەکی هەیە تایبەتمەندی کـۆمـەڵگا دیاری دەکەن، هەموو کۆمەڵگەیەک، ئەوانیش سیستـمی ئابووری و سیستـمی خێزانییە. بۆیە ئەگەر منداڵـمان لە دایک و باوک سـەندەوەو ئەرکی بەخـێـوکـردن و پەروەردەکـردنمان دایە دەست دەوڵەت بۆ ئەوەی لە خـۆی بگرێت، وەکو ئەوەی لە کۆماری ئەفلاتووندا هەیە، ئەوە لەم حـاڵەتەدا دەبێت دەوڵەت ڕۆڵی باوک بگێڕێت، لەم حـاڵەتەشـدا دەوڵەت دەبێـتـە تاکـە سـەرمـایە، ئەگـەر دەوڵەتیش بووە تاکە سەرمایە، ئەوە مومکین نییە خێزان بەو شـێـوەیە بمێنێـتـەوە کـە ئێـمـە دەیزانین، ئەگـەر ئەم بیـرۆکـەیەش تـاوەکـو کـۆتایی بڕوات، ئەسـتـەمـە بتـوانین حـاشـا لە پێـوەندییـەکی توندو بەهێـز بکەین لەنێـوان مـولّکدارێتی تایبـەت و خـێـزان. ئەم پەیوەسـتبـوونەش بەجۆرێک ئاڵگۆڕو بەرانبەرە بەشێوەیەک ناتوانین بڵێین یەکێکیان هۆکارەو ئەویتریش ئەنجام»

بەم شێوەیە، ڕسل پێوەندی نێوان مولّکدارێتی تایبەت و خێزان بەتوندی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ئەفلاتوونیش پێش ڕسل بە بیست و چوار سەدە هەمان کـاری کردووە، بگرە لەویش توندتر بووە کاتێک چەمکی مـولّکدارێتی تایبـەتی فـراوانتـر کرد لەوەی کـە لەنێـو کـۆمـەڵگای گـریکیـدا هەبوو، وای لێکرد مـولّکدارێتی ئافـرەتیش بگرێتـەوە، ئەوە مـافـێکی باوک بووە لەنێـو کـۆمـەڵگای ئەسینایییدا کە تێـیدا باوک خاوەندارێتی تاکەکانی خێزانیش دەکات.

لە ڕاستیدا پێدەچێت ئەفلاتوون زۆر جیاوازی نەکات لەنێوان مولّکدارێتی شتەکان و کەسەکان، بۆیە دێت ژن و منداڵیش دەخاتە ڕیزی شت و مـەکـەکـان. ئەفـلاتوون لەنێـو گـفـتـوگـۆی (یاسـاکـان)دا- هەست بەناخـۆشی و پەژارەیەکی زۆر دەکـات بەهۆی شکست هێنانی پرۆژەی کـۆمـارەکـەی- کـاتێک دەگـەڕێتـەوە بۆ ڕێگادان بە مولّکدارێتی و خێزانداری بەیەکەوەو دانیان پێدا دەنێت، دێت دەڵێت: «ئەگـەرچی هەریەک لە ئێـمـە ژن و مـاڵ و منداڵ و هەموو ئەو شتانەی ترمان هەبووە کە دەچنە ڕیزی مـولّدارێتی تایبـەتییـەوە، بەڵام ئێـمـە پرۆژەکـەمـان بەو شێوەیە نەپێکا وەکو ئەوەی پلانمان بۆی دانابوو».

ئێمە لەو پەرەگرافەدا دەتوانن بەئاسانی تێبینی ئەوە بکەین کـە هێـشـتـا ئەفـلاتوون بەردەوام ژن و منداڵ بەو شێوەیە پۆلێن دەکات کە لە کـۆمەڵگای ئەسینادا هەبوو خۆی تێیدا ژیاوەو ئەوانە بەشێک بوون لە مولّکدارێتی تایبـەتی پیـاو. ئەو پێی نەنگی نیـیـە قـسـە لەبارەی «یاسایەک بکات بۆ ڕێکخستن و مولّکدارێتی کردنی ژن و منداڵ و فـێـربوونیـان». تەنانەت گـوزارشـتی «شیـوعیـیـەتی ژن و منداڵ» وەکو ئەوەی ئەفلاتوون زۆر بەکاری دێنێت تاوەکو وەسفی سیستمە پێشنیارکراوەکەی خـۆی پێ بکات، دەکـرێت ئەگـەر وردتر بدوێین بڵـێین «شیـوعیـیـەتی پیـاوە»، بۆیە گـرۆب پێی وایە «هەڵەیە ئێمە باسی شیوعییەتی ژن و منداڵ بکەین، چونکە ژن و پیـاو لەسـەر یەک بنەمـا وەسـتـاون و هەر زوو بەزوو شەریکایەتی نێوانیان کۆتایی دێت».

کـەواتە بۆچی ئەفـلاتوون زاراوەی «شیـوعیـیـەتی ژن بەکـار دێنێت بەبێ ئەوەی باسی پیـاو بکات»؟. ئەفـلاتوون هەرگـیـز قـسـە لەبارەی شـیـوعـیـیـەتی پیـاو ناکـات- ئەوەش شیوعییەتێکە دەبوایە لە هەمان چرکەدا هەبێت کـە تاک زەواجی تێـدا ڕەت دەکرێتـەوە- چونکە شـیـوعـیـیـەتی ژن، ڕوویەکی تری دوورخـسـتنەوەی مولّکدارێتی تایبەتە بەهەموو جۆرەکانییەوە، لە ڕاستیدا ژنان بە زاراوەیەکی یاسـایی تر ئامـاژەیان بۆ دەکـرێت، ئەویش شیوعییەتی مولّکدارێتییە.

سـەرەڕای ئەوەی گـرۆب، ئەفـلاتوون بە پەیامـبـەری یەکـسـانی لەنێـو ژن و پیـاودا وەسف دەکـات، بەڵام دەگەڕێتەوەو دەڵێت: «ئەفلاتوون قسە لەسەر یەکسانی دەکات، بەڵام هەرگیز هەوڵ نادات پایەی پێوەندی نێوان ژن و پیاو لەوە بەرزتر بکاتەوە کە هاوسەردەمانی لێیان دەڕوانی».

دواتریش قسەکانی تەواو دەکات و بیرۆکەکەی ڕوونتر دەکـاتەوەو دەڵێت: «ڕاسـتـە ئەفـلاتوون جـەخت لەسـەر یەکسـانی نێـوان هەردوو ڕەگەز دەکـات، بەڵام شکسـتی هێنا لەوەی بتـوانێت وا تەمـاشـای ئەو دەبێـتـە هۆی سەرهەڵدانی پێوەندی تازە لەنێـوان هەردوو ڕەگـەزدا کـە بتـوانێت ئەو پێـداویسـتـیـیـە باڵایە تێـر بکات کـە

یۆنانییەکان هەوڵیاندا لە خۆشەویستی پیاواندا تێری بکەن».

کەواتە ئەفلاتوون وا تەماشای هەموو جۆرە موڵکدارێتییەکی تایبەتی دەکات کەوا کاردەکات لە پێناو تێکدان و دارماندنی یەکێتی کۆمەڵگا، بەتایبەتیش توێژی دەسەڵاتدار، ئەوە بەسەر ژنیشدا پێرەو دەکرێت، چونکە ململانێ کردن لەسەر ژنان دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستێکی خراپ لەنێو پیاواندا ناخۆشی و تێکدان و دارمانی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەویش جۆرێکە لەموڵکدارێتی تایبەت، بۆیە هەر یەکێک هەوڵدەدات بۆ خۆی دەست بەسەر ئەو شتانەدا بگرێت کە دەستی پێیان دەگات تاوەکو بیخاتە نێوماڵی تایبەتی خۆی لەپاڵ ژن و منداڵەکانی کە لەلای ئەو هۆی دڵخۆشی و بەختەوەرین و سەر بە ئەون، بەڵام ئایا کاتێک هیچ شتێک بۆ هیچ یەکێک نەبێت و کەس خاوەنی موڵکدارێتی تایبەتی نەبێت و هەموو شتێکیش لەنێوانیان دابەش بکرێت، باشە یەکتری تۆمەتبار کردن و کێشەی نێوانیان کۆتایی نایەت؟ ئایا هەموو ئەو ناکۆکییانەی ئەنجامی پارەو پێوەندی خێزانییە کۆتایی نایەت؟.

بەڵام چۆن دەشێت ئەو بیرۆکەیەی ئەفلاتوون باسی دەکات لەسەر یەکسانی نێوان ژن و پیاودا رەنگ بداتەوە؟ باشە ئەی خۆی ناڵێت هەردووکیان خاوەنی یەک سروشتن؟ باشە ئێمە لەبەردەم فەلسەفەکارێکدا نین کە پایەی ئافرەت بەرز دەکاتەوە هاوبەشی پیاو دەکات لە هەموو کار و فرمانەکانی دەوڵەتدا؟ ئەوەیە کە ئێستا دەمانەوێت راڤەی بکەین.

### دووەم: یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز

ئەفلاتوون لەنێو کتێبی پێنجەمی (کۆمار)ەکەیدا دەگەرێتەوە وتوویژ کردن لەبارەی ئەو باسەی بە شێوەیەکی تێپەڕ لە کۆتایی کتێبی چوارەم خستبوویە روو، مەبەستیشم لێی (شیوعییەتی ژن و منداڵ). ئا لێرە بیرۆکەی یەکسانی نێوان هەردوو رەوگە دەخاتە روو. ئەفلاتوون پێیوایە «پیاوانی سەگی پاسەوانین، پارێزگاری لە مێگەل دەکەن»، ژنانیش وەکو سەگی مێینە پاسەوانین، پێویستە لەسەریان وەکو نێرینەکان پاسەوانی لە مێگەل بکەن. ئەوەش مانای وایە کە دەبێت هەردوو رەگەز بەیەکەوە پاسەوانی بکەن. پاسەوانانیش ئەو ئامێرەن کە خودی دەوڵەت دەبزوێنن، ئەوان رۆحی دەوڵەتن و بەرگری لێدەکەن، هەر ئەوانیشن ئیش و کاری دەوڵەت هەڵدەسوورێنن، چونکە لەنێو شاری ئەفلاتوونیدا -ئەوەش شتێکی سروشتییە لەنێو دەوڵەتی کۆندا- لەیەکتر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوونی نییە، ئەوانەی دەسەڵاتیان بە دەستە و لەکاتی ئاشتیدا حوکم دەکەن، هەر ئەوانە خۆیان لەکاتی جەنگ و شەڕدا پارێزگاری لە دەوڵەت دەکەن.

لێرەدا ئەفلاتوون خۆی بەهەڵبژاردنی ئەو چینە و فێرکردنیان سەرقاڵ دەکات، ئەو هەڵبژاردنە وردەش وامان لێدەکات جیاوازی نێوان هەردوو رەگەز فەرامۆش بکەین، لەکاتێکدا ئەلکسەندەر کۆرێ دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ژن لاوازترە لە پیاو، بەڵام ئەو جیاوازییە جیاوازییەک نییە لە ماهییەتدا بێت، بەڵام ئەگەر ئێمە هەمان کار و ئەرکی پیاومان بەسەر ژندا سەپاند، کەواتە پێویستە لەسەرمان هەمان زانیارییان فێر بکەین».

کەواتە گرنگە ژنانیش هەمان پشکیان هەبێت لە پەروەردە و فێربوون و شارەزا بوون لە هونەری جەنگ و هەمان مامەڵەی پیاوانیان لەگەڵدا بکرێت، لە رووی پەروەردەی بەدەنی و مۆسیقا وەکو پیاوانیش بە رووتی بوەستن بەبێ ئەوەی هەست بەشەرم بکەن، رەنگە ئەم بۆچوونە نامۆ بێتە بەرچاو چونکە باو نین، بەتایبەتیش وەستانی ئافرەت بەرووتی لەگەڵ پیاوان لە نێو گۆرەپانی وەرزش و راهێناندا، لێرەدا من تەنیا مەبەستم کچە بچووکەکان نییە، بەڵکو مەبەستم ئەوانەشە کە بەتەمەنن. ئێمە نابێت لەمەسەلەی پەروەردەی بەدەنی ئافرەتاندا لەگاڵتەپێکردن بترسین، هەروەها لەمەسەلەی پەرەوەردەی مۆسیقایی و زەینی و راهێنانیان لەسەر چەک هەڵگرتن و ئەسپ سواریشدا.

ئەفلاتوون پێی وایە لێرەدا گاڵتە پێکردنی گاڵتەجاران دواکەوتوویییە، «گریکەکان درک بەوە دەکەن کە ئەوە بۆ ئەوان باشترە». بەڵام پێویستە لەسەرمان پێشتر لێکۆڵینەوە لە سروشتی ژن بکەین و بزانین کە ئایا سروشت رێگای پێداوە بەشداری پیاو بکات لە کارەکانیدا، یان ناتوانێت هیچ یەکێک لەو کارانە ئەنجام بدات».

لە راستیدا جیاوازی نێوان سروشتی پیاو و ژن جیاوازییەکی زارەکییە و بەس، ئەگەر پێویست بێت

سروشتی جیاواز کار و فرمانی جیاواز بگرنە دەست، ئەوە ئێمە لێرەدا لەبەردەم سروشتێکی جیاوازی ئافرەتدا نین لە بەرانبەر پیاودا.

وەکو ئەوەی لیکۆرگۆس پێشتر گوتوویەتی ئەگەر ئافرەت لە هەموو هەستێکی ناسکی و لاوازی دابماڵێت، ئافرەت لە هەموو تایبەتمەندییەکانی مێینەیی وەکو هەستکردن بە شەرم لە ڕووتبوونەوە لەبەردەم پیاوان و هەستکردن بە خۆشویستنی پیاوێکی دیاریکراو یان هەستی دایکایەتی لە ئاست منداڵەکانیدا و... تاد، ئەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاودا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە پیاو منداڵ دروست دەکات و ئافرەتیش بەرهەمی دێنێت. بەڵام ئەوە جیاوازییەکی وا لە سروشتی ژن دروست ناکات کە تەواو جیاواز بێت لە سروشتی پیاو، ئەوەش وەزیفەیەک نییە تایبەت بێت بە ژن یان پیاو. بەڵکو پێویستە لەسەرمان بەیەکەوە لە وەزیفەیەکی تر بۆیان بگەڕێین. ئەگەر بڕیار وایە پیاو بکەوێتە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پارێزگاریکردن لێی، کەواتە کێشەکەمان دەبێتە دۆزینەوەی وەزیفەیەک بۆ ژن کە هاوشانی پیاو بێت. ئەفلاتوون دەگاتە ئەو باوەڕەی کە لەنێو ژیانی مەدەنیدا وەزیفەیەک و کارێک نییە لە ئەنجامدانیدا سروشتی پیاو و ژن جیاواز بێت. ئەگەر ئەم جیاوازییانەی نێوان ژن و پیاو کەمتر بێتەوە، ئەوە جیاوازی نێوانیان وای لێدێت کە نەمێنێت و ببێتە جۆرێک لە جیاوازی، وەکو ئەوەی لەنێوان پیاو و پیاودا هەیە، لەنێوان پیاوێکی سەر ڕووت و پیاوێکی بە پرچ. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا کارێک نییە تایبەت بێت تەنیا بە ژن لەبەرئەوەی ژنە، یان تەنیا تایبەت بێت بە پیاو لەبەرئەوەی پیاوە، ئەگەر ژن لە هەمووشتێکیشدا توانای کەمتر بێت لە پیاو.

بەکورتی ئەوە هێڵی پانی بیرۆکەی یەکسانی بوو کە ئەفلاتوون لەنێو کتێبی پێنجەمدا خستبوویە ڕوو، ئەو بیرۆکەیەی کە وتووێژی زۆری لەنێو توێژەران دروستکردووە، ئایا ئەفلاتوون بەڕاستی دەیەوێت ئافرەت ئازاد بکات؟ ئایا بەڕاستی بانگەشەی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکات؟ ئایا ئەفلاتوون پەیامبەری مافەکانی ئافرەتە لەنێو جیهانی کۆندا؟ ئایا ئەو یەکسانییەی بانگەشەی بۆ دەکرد و بەرگری لێدەکرد، پاڵنەرێکی مرۆڤانەی بەدواوە بووە و هەستی بە دابڕانی ئافرەت کردووە لە کۆمەڵگا و سەرقاڵبوونی بە هەندێک کاری لاوەکی وەکو ڕستن و چنین؟ لەکاتێکدا ئەو توانای ئەوەی هەیە لەکاتی ئاشتی داهێنان بکات و لەکاتی جەنگیشدا توانای ململانێ و ڕاکردن و خۆ حەشاردانی هەیە؟ بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئافرەت لە زیندانەکەی بێتە دەرەوە و ئەو سییە پەک کەوتووەی کۆمەڵگا و نیوەی کۆمەڵگا ئازاد بکات کە پیاو لەنیو بەش و شوێنی تایبەت بە ژناندا زیندانی کردبوو؟

هەندێک لێکۆڵەرەوە بەدوای قسەکانی ئەفلاتووندا ڕۆیشتن و بە شێوەیەکی حەرفی تەماشایان کرد و گوتیان ئەو حەز بە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکات وەکو بەرپەچدانەوەیەک لە دژی ئەو بوارە داخراوانەی کە لە کۆمەڵگای ئەسینادا ژنیان تێدا گۆشەگیر کردبوو، بەوەش ئەفلاتوون پێش بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئافرەت کەوتووە. نازانم چۆن دەگوترێت گوایە ئەفلاتوون باس لە ڕزگاریکردنی ژن دەکات کە نیوەی کۆمەڵە، لەکاتێکدا تەواو بێدەنگ بوو لەبەرانبەر ژمارەیەکی زۆری ژنان لەسەر ئاستی میللیدا و هەرگیز باسیان لێوە ناکات، ئەگەرچی شوێنگەیەکی فراوانیان داگیرکردبوو کە لەنیوەی کۆمەڵگاش زیاتر بوو. تەنانەت ئەگەر ئێمە دان بەوەش دابنێین کە ئەفلاتوون داوای ئازادکردنی ئافرەتی کردووە، بەڵام ئەو داوایەی تەنیا بۆ چینی پاسەوانان بووە، ئەوەش چینێکە دەزانین ژمارەیان دیاریکراو کەمە و چینی ئەرستۆکراتی کۆمەڵگان، بۆیە هەرگیز ئافرەتی ئەو چینە نابنە نیوەی کۆمەڵگا. لەوەش زیاتر، ئەفلاتوون کاتێک لەنێو وتووێژی (یاساکان)دا قسە دەکات- وەکو ئەوەی دوای کەمێکی تر دەبینین- لەبارەی نیوەی کۆمەڵگا، قسە لەبارەی ڕزگارکردنی ژن ناکات، بەڵکو قسە لەبارەی بەشداریکردنی ژن دەکات لەئامادەکردنی سفرەی نانخواردن و ژەمە هاوبەشەکان، ئەوەش چونکە ئەسینایییەکان ڕەخنەی ئەوەیان لە ئەسبرتاییەکان دەگرت گوایە سفرەی نانخواردنی هاوبەش تەنیا بۆ پیاوان بووە و ژنانیان لێ بردۆتە دەرەوە، لەکاتێکدا جێهێشتنی ژنان بەبێ ئەوەی لەلایەن ئەو پیاوانەی کاریان بۆ ڕێکبخرێت نیوەی کێشەکە نییە، بەڵکو کێشەکە گەورەتر دەکات، لەبەرئەوەی ژنان خۆیان بەشێوەیەکی خۆرسک لە بەرانبەر پیاوان کەمتر ئامادەی چاکەکارین. دوای کەمێکی تریش دەگەڕێینەوە سەر وتووێژی (یاساکان).

ڕەنگە هەر ئەوەش بووبێتە هۆی ئەوەی دیمۆندلی گومان لەو شتانە بکات و دەڵێت: «مرۆڤ گومان لەو

بانگەشەی ئەفلاتوون دەکات کە داوای یەکسانی تەواو لەنێوان ژن و پیاودا دەکات، چونکە ڕەچاونەکردنی جیاوازییە فسیۆلۆژییەکان وەکو ئەوەی شتێکی زۆر گرنگ نەبێت، ڕەچاونەکردنی هەموو ئەو جیاوازییە سایکۆلۆژییانە و ئەنجامی فسیۆلۆژین، دەمانگەیەنێتە سەر هەڵدێری ئەوەی شتە تایبەتی و جیاوازییەکانی ئافرەت لەبیر بکەین».

ئەگەرچی ڕیزبەندی بیانووەکە زۆر ئاسانە، بەکورتی، لە ڕق بوونەوەی ئەفلاتوون بۆ میتافیزیکای مادە بەگشتی دەست پێدەکات، بەتایبەتیش بۆ جەستە. ئەو ڕق بوونەوەیە وای لێکردووە لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی چاکەکاریدا چینێک لە دەسەڵاتدار و یاریدەدەرەکانی -پاسەوانان- دروست بکات کە زۆر نزیک بێت لە فەلسەفەکارێکی زاهیدەوە کە هەوڵدەدات خۆی لە جەستە و داواکارییەکانی جەستە دەرباز بکات و ڕقی لە ئیش و کارەکانی ئەو جیهانەیە و خۆی لەپێناوی خزمەتکردنی فەلسەفە و بەدیهێنانی دادپەروەری تەرخان دەکات.

بەڵام هەموو ئەوانە بەدەست نایەن تەنیا ئەگەر فاکتەرەکانی خۆپەرستی و تۆوی ناکۆکی نێو مرۆڤ ریشەکێش نەکرێت کە بریتییە لە قەدەغەکردنی موڵکداریتی تایبەت، بەڵام کارێکی لەو جۆرە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان: «لەناوبردنی موڵکداریتی تایبەت مانای وایە پیاو چیتر پێویستی بەوە نییە میراتگرێکی شەرعی و ناسراوی هەبێت، بەو شێوەیە شاری چاکەکاری دەتوانێت مۆنۆپۆڵکردنی سێکسییانەی ژنان لەناو ببات کە سەرچاوەی ناکۆکی ململانێی نێوان پیاوان بوو».

ئەگەر خێزانیش هەڵوەشێتەوە و نەمێنێت، ئەو ڕۆڵە تەقلیدییەی ژنانیش کۆتایی دێت لەنێو خێزاندا، بەڵام دەبێت هەر کەسێک لەنێو شاردا وەزیفەیەکی هەبێت لەگەڵ خۆیدا بگونجێت، کەواتە دەبێت بەدوای وەزیفەیەکدا بگەڕێین بۆ ژنان جیا بێت لە وەزیفە تەقلیدییەکەی خۆیان، لەو حاڵەتەشدا ناچارین ژنانیش بکەینە پیاو و وەزیفەیەکی پیاوانەیان پێبدەین، بەڵام کارێکی وا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆرتر هەیە، ئێمە دەبێت هاووڵاتی بەو شێوەیە پەروەردە بکەین کە باسمانکرد، پەروەردەش مانای ئامادەکردنییەتی بۆ وەزیفەیەک کە لەگەڵ توانای عەقلی و جەستەیی خۆیدا بگونجێت. ئێمە ئێستا باسی پەروەردەی پاسەوانان دەکەین، لێرەدا باوکێک نییە ئەو پاسەوانانە پەروەردە بکات، چونکە خێزان هەڵوەشاوەتەوە و باوکیش بوونی نەماوە. وەکو ئەوەی پێشتریش گوتمان کە عورف وایە پیاو بۆ سیاسەت و جەنگ ئامادە بکرێت، باشە ئەی دوای هەڵوەشاندنەوەی خێزان دەبێت وەزیفەی ژن چی بێت؟ ناکرێت بڵێین ڕۆڵی ژن تەنیا منداڵبوون و بەرهەمهێنانی منداڵە، ئەگینا دەبێت بڵێین ڕۆڵی پیاویش هەر دروستکردنی ئەو منداڵە دەبێت، چونکە ئەویش هاوبەشە لەو پرسە، جگە لەوەی ماوەی منداڵبوون ماوەیەکی زەمەنی کەمە، لەبەرئەوەی دەوڵەت مەسەلەی منداڵبوون دەستنیشان و دیاری دەکات تاوەکو ڕێژەی دانیشتوان زۆر بەرز نەبێتەوە و کەمیش نەبێتەوە و دەبێت ژمارەی دانیشتوان ئەوەندەی دەکرێت جێگیر بێت». هەر منداڵێک لە دەرەوەی ئەو پرۆژە حکومییە لەدایک بێت، بە منداڵێکی ناشەرعی دادەنرێت.

دوایی دەوڵەت چاودێری ئەو منداڵانە دەکات و دەیداتە دەست دەستەیەک لە هەردوو ڕەگەز بۆ سەرپەرشتی کردنیان، مادام کارە گشتییەکان هاوبەشە لەنێوان ژنان و پیاواندا. بۆیە دەبینین ناتوانین بڵێین کە ئەو وەزیفەی دەمانەوێت بۆ ژنی بدۆزینەوە بریتییە لە منداڵبوون، چونکە ئەوە کارێکی هاوبەشە لەگەڵ پیاودا، هەروەها ئەو وەزیفەیەی دەمانەوێت چاودێریکردنی پەروەردەی منداڵانیش نییە، چونکە دەشێت ئەوە پسپۆڕی پیاویش بێت، هەروەها ناتوانین بڵێین وەزیفەی ژن بریتییە لە دایکایەتی، چونکە لە واقیعدا دایکایەتی نییە بەمانای وردی وشەکە، چونکە ئەفلاتوون بە ئاشکرا دەڵێت: «کاتێک مەمکی دایکەکان پڕ شیر دەبێت دەگوازرێنەوە بۆ دایەنگا، بەشێوەیەک هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگیرێتە بەر کە دایکان نەتوانن منداڵەکانی خۆیان بناسنەوە».

ئەگەر دایکەکان نەیانتوانی منداڵەکانیان تێر شیر بکەن، ئەوە دەبێت ئافرەتی تری شیردەر بدۆزرێتەوە و پێویستیشە ئەو کاتە دیاری بکرێت کە دایکان تێیدا شیر بە منداڵان دەدەن، بەجۆرێک نابێت شەونخوونی بەدیار منداڵەکانەوە بکەن، «چونکە ئەوە کاری خزمەتگوزار و بەخێوکەرەکانە». دوای هەموو ئەوانە، ژن ناتوانێت خۆی بۆ دایکایەتی و منداڵ بەخێوکردن تەرخان بکات، لەبەر ئەوەی «ئێمە ڕێو شوێنی وامان هەیە. کە

دایکایەتی بۆ ژنی پاسەوانان ئاسان بکات». کەواتە ئەوە وەزیفەیەکی سەربەخۆ نییە و کاتێکی تەواوی بوویێت بۆ ئەوەی ئافرەت جێبەجێی بکات. کەواتە ناکرێت ئافرەت بەو ڕۆڵە تەقلیدییە پێناسە بکرێت کە پەیوەستبووە بە خێزان و موڵکدارێتییەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەر کەسێک لەنێو ئەو دەوڵەتە نموونەییەی خۆماندا لە میانەی پیشە و کارێکەوە بناسرێت: ئەوە دارتاشە، ئەوە پزیشکە، ئەوە... تاد. باشە چی بڵێین کاتێک ژنێک بێ وەزیفە بوو؟ باشە ئێمە لە حاڵەتێکدا نین کە دەبێتە هۆی دارمانی پەروەردە، دواتریش دارمانی دەوڵەت لە بنەڕەتەوە؟ کەواتە پەروەردە دەتوانێت چی بکات ئەگەر نەتوانێت ژن ئامادە بکات بۆ وەزیفەیەکی دیاریکراو؟ لەکاتێکدا دەزانین ئێمەی مرۆڤ جیاوازییەکی زۆرمان لەنێواندا هەیە و هەریەک بۆ کارێکی دیاریکراو دەست دەدەین. باشە چ کارێک هەیە بۆ ژنان گونجاوتر بێت، لەکاتێکدا دەبێت ئەوە لە زەینی خۆمان دابنێین کە ئەو وەزیفەیەی مرۆڤ تایبەتمەندی لێ پەیدا دەکات هەموو ژیانی ئەو کەسە پێکدێنێت -لەبەر ئەوە کاتێک پزیشکێک سیستمێکی تەندروستی دوور مەودای بۆ دادەنێت، بێگومان دەڵێت کاتی ئەوەی نییە تاوەکو نەخۆش بکەوێت، چونکە مومکین نییە وەزیفەی ئەو لەو دنیایە ئەوە بێت بەردەوام نەخۆشی بێت. ژیانێک کە تاک خۆی تەرخان بکات بۆ نەخۆشی بەردەوام هیچ مانایەکی نییە و دەسبەداری ئەو کارە بێت کە دەبێت لە ماوەی ژیانیدا بیکات. بەو شێوەیە واز لە پزیشک دێنێت و دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی و تەندروستی باش دەبێت و بۆ کاروپیشەکەی دەژی، یان ئەوەتا مردن دێت و ڕزگاری دەکات لە هەموو کێشە و نەخۆشییەکانی، چونکە بەبێ وەزیفەکەی مانا بە ژیانی دەبەخشێت، کاتێک وەزیفەی نەما، مردن خۆشترە لەوەی لەسەر جێگا بەبێ وەزیفە بکەوێت.

جارێکی تریش گەڕاینەوە سەر هەمان پرسیار: چ کارێک بۆ ژن گونجاوە و دەبێتە ژیانی؟ ئێمە هەموو پێوەندییە خێزانییەکانمان بڕی، ئافرەتی چینی پاسەوان هێچ پێوەندییەکی پتەوەی بە پیاوێک نییە و هیچ منداڵ و ماڵێکیشی نییە» نابێت هیچ یەکێکیان لەژێر ساباتدا لەگەڵ پیاوێکی دیاریکراودا بژییێت، با منداڵیش موشاع بێت بەجۆرێک باوک منداڵی خۆی نەناسێتەوە و منداڵیش نەزانێت کێ باوکییەتی». ئەوەش وەکو گوتمان ئەنجامێکی ئاسایی ئیلغاکردنەوەی موڵکدارێتی تایبەتە کە هۆی سەرەکی ناکۆکی و ململانێیە. ئیستا گەیشتینە سەر ڕێگایەکی داخراو دوای ئەوەی هەموو وەزیفە تەقلیدییەکانی نێو خێزانمان لەناو برد، ئەفلاتوون هیچ شتێکی لەبەردەمدا نامێنێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت ژنیش بکاتە پیاو، بەجۆرێک هەموو کار و وەزیفەکانی پیاوانە وەربگرێت لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و حوکم کردن و پەروەردە و ...تاد. هیچ شتێکی لەبەردەمدا نەمایەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کەوا تەماشای ژن بکات وەکو ئەوەی پیاوە، یان بڵێ هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پیاودا تەنیا ئەو جیاوازییە نەبێت کە لەنێوان پیاوێکی سەر ڕووت و بەپرچدا هەیە.

ئارنست پارکەر دەڵێت: «هیچ جیاوازییەک لە ڕووی جۆرەوە لەنێوان ژن و پیاودا نەما، وەزیفەی سێکسی تاکە جیاوازییە لە نێوانیاندا، بەڵام لە هەموو وەزیفەکانی تری ژیاندا، ئەوە ژنیش وەکو پیاوێکی لاواز وایە لە ڕووی جەستەییەوە، بەڵام هەمان توانا و هێزی پیاوی نییە». بەو شێوەیە ئەفلاتوون زۆر بە ئاسانی بڕیاری ئەوە دەدات سروشتی ئافرەت جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە سروشتی پیاو کە ڕێگر بێت لەبەردەم بەشداریکردنی لە ژیانی سیاسیدا. بەڵێ ئافرەتی نێو چینی پاسەوان بەهیچ شێوەیەک لە پیاو جیاواز نییە، چونکە ئەفلاتوون لە هەموو تایبەتمەندییەکانی ژنێتی داماڵیوە و ڕایهێناوە لەسەر ئازایەتی و پیاوەتی کە دەوڵەت پێویستی پێیەتی.

لیڤی شتراوس دەڵێت: «سوقرات لەکاتی سەلماندنی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزدا ئەو جیاوازییانەی بەلاوە ناوە کە تایبەتن بە کردەی منداڵبوون. ئەوەش لە هەمان کاتدا مانای بەلاوەنانی جیاوازییە جەستەییە جەوهەرییەکانی نێو ڕەگەزی مرۆڤایەتییە، واتا بەلاوەنانی جەستە تا ئەوپەڕ بە شێوەیەک چارەسەری جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو دەکات وەکو ئەوەی بەراوردی نێوان پیاوی سەر ڕووت و بەپرچ بێت».

ئەگەر سیمۆن دی بۆڤوار پێی وایە جەستەی ژن یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهاتن و دیاریکردنی ڕەوشی ئافرەت لە جیهاندا، بەڵام ئەفلاتوون بڕیاریداوە تەواو ئەو جەستەیە ڕەتبکاتەوە و بەلاوەی بنێت بە شێوەیەک تەنیا وەکو ئامێرێکی بەتاڵکردنەوە بێت، تەنیا ئامرازێک بێت

بۆ زۆربوونی منداڵ، بەو شێوەیە هەموو ئەو سیفەتانەی کە ئەفلاتوون ویستی ژن دوای ئازاد بوون بەدەستیان بێنێت، سیفەتی پیاوانەن، وەکو توانای جەنگ و شەڕکردن و مومارەسەکردنی ڕاهێنانەکانی وەرزشی بە ڕووتی لە بەرانبەر پیاواندا، ئەو دەیەوێت بوونی ژن ڕەتبکاتەوە وەکو ئەوەی ژنە و دەیەوێت بیبێنێت تێکەڵاوی پیاو بووە، وەکو ئەوەی یەکێکە لەوان بەبێ ئەوەی هەست بە جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز بکات. وەکو ئەوەی دواتر دەبینین، ڕقی ئەفلاتوون نەبوو لە جەستەی ئافرەت پاڵی پێوەنا وەکو پیاو تەماشای بکات، گوایە ئەو ڕقی لە جەستەیە و بڕوا و متمانە بە دیاردە هەستییەکان ناکات کەلە باشترین حاڵەتدا ئەو دیاردانە سێبەری حەقیقەتن، بەڵکو هۆی ڕاستەقینە ئەوە بووکە ڕەتکردنەوە و ئیلغاکردنەوەی موڵکدارێتی تایبەت بووە هۆی ئیلغاکردنەوەی خێزان، ئەوەش ئافرەتی خستە نێو ڕەوشێکی سەیر و نامۆ، بەشێوەیەک ئەفلاتوون سەری تێدا سوڕما و کردییە پیاو.

ڕۆسۆ یەکێک بوو لە هزرڤانە پێشەنگەکان کە باس لەو حەقیقەتە دەکات، ئەوەش لەکاتی هێرشە توندەکەی بۆ سەر ئەفلاتوون بەهۆی ڕەتکردنەوەی خێزان و دەڵێت: «من دەزانم ئەفلاتوون لەنێو کۆمارەکەیدا یەک جۆر ڕاهێنانی وەرزشی بۆ ژن و پیاو دیاری کردووە، چونکە دوای ئەوەی خێزانی لەنێو حکومەتەکەیدا ئیلغاکردەوە، نەیزانی چی لە ژنان بکات، بۆیە ناچار بوو بیان کات بە پیاو».

## کۆتایی

لەوەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەفلاتوون لەنێو وتووێژی کۆماردا بانگەشەکاری ئازادکردنی ئافرەت نەبوو، یان بانگەشەکاری یەکسانی نێوان ژن و پیاو نەبوو. بەپێچەوانەوە، ئەو لەنێو کتێبی سێیەمدا، بە پێچەوانەوە گوزارشت لە ڕق بوونەوە لە ئافرەت دەکات و وشیارمان دەکاتەوە لەوەی ئاگاداربین گەنجان لاساییان نەکەنەوە، دوایی دەبینین پاش ڕەتکردنەوەی موڵکدارێتی بۆ چینی پاسەوانان کۆمەڵێک ژن هەڵدەبژێریت بۆ ئەوەی پاسەوانێتی لە پیاو بکەن، ئەوەش دوای ئەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی ژنێتییان لێ دادەماڵێت، چونکە هیچ وەزیفەیەکیان نەماوە دوای ئیلغاکردنەوەی ڕۆڵی کلاسیکی ژن لەنێو خێزاندا، کەواتە دەبوایە ژن هاوکاری پیاوی کردایە، ئەگینا بێ ئیش دەمایەوە و سیستمی پەروەردەش هەڵدەوەشایەوە کە بریتییە لە ئامادەکردنی هاوولاتیان بۆ وەزیفەی تایبەتی خۆیان هەر کەسە و بەپێی تایبەتمەندی خۆیان. ڕەتکردنەوەی خێزان لە ئەنجامی کۆمەڵێک چاکسازی هاتەکایەوە کە مەبەست لێیان لەناوبردنی ململانێیە مەدەنییەکان بوو، موڵکدارێتیش، بەتایبەتیش موڵکدارێتی ئافرەت لە پێشەوەی هۆکارەکانی ئەم ململانێیەدا بوو.

ڕق بوونەوەی ئەفلاتوون لە سامان و موڵکدارێتی بە شێوەیەکی گشتی، هاوشان و تەبا بوو لەگەڵ بنەما میتافیزیکییەکانی خۆی کە بووە هۆی ئەو پێشڤەچوونانە، کە وامان لێدەکات بتوانین بڵێین: «بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتوون لەمەیدانی ئەخلاق و پەروەردە و سیاسەتدا لەگەڵ بۆچوونە میتافیزکییەکانی یەکدەگرێتەوە، هەروەها دەبنین بۆ چوونە متافیزیکییەکانیشی پاڵپشتی لە بۆچوونەکانی دەکات لەو بوارانەدا».

هەموو ئەوانە مانای وایە ئەفلاتوون نەیویستووە ژن ڕزگار بکات کە نیوەی کۆمەڵە، ئەگەر بەڕاستی ئەوەی بویستبایە، ئەوە توێژی فراوانی ئافرەتانی بەرهەمهێنەری نێو کۆمەڵگای لەو ڕەوشە خراپە جێنەدەهێشت بەبێ ئەوەی گوێیان پێبدات یان ئاماژەیان بۆ بکات. ڕەوشی ئافرەتان لەنێو ئەو توێژە زۆر و فەرامۆشکراوەی خوارەوەی کۆمەڵ ئەو ئازادییە بانگەشە بۆ کراوەشی هەر پەیوەستی ڕەتکردنەوە و ئیلغاکردنەوەی ئەو موڵکدارێتییە بووە، دواتریش ئیلغاکردنەوەی خێزان.

ئەفلاتوون قسە لەبارەی مافەکانی ژنان ناکات وەکو ئەوەی ژن بێت، دواتر قسە لەبارەی وتووێژی یاساکان دەکەین دەیبینین چۆن پێی وانییە ئافرەت مافی هەبێت و «چۆن ئەو بیری لە مافی ئافرەت کردۆتەوە، لەکاتێکدا ئەو خۆی زۆر کەم بیری لە مافی پیاوان کردۆتەوە؟ مەسەلەکەش ئەنجامێکی لۆژیکی بنەماکانی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی، چونکە هەموو ئەندامێک دەبێت ئەو کارە بکات کە لەگەڵیدا دەگونجێت». کاتێکیش هیچ وەزیفەیەکی بۆ ئافرەت پێ نەدۆزرایەوە -چونکە وەزیفەی سروشتی خۆی ئەوەیە لە ماڵەوە بێت و ماڵداری بکات- دوای ئیلغاکردنەوەی ڕۆڵی کلاسیکی لەنێو خێزاندا، بۆ ئەوە چوو گوایە دەتوانێت قەڵغان هەڵبگرێت و سواری ئەسپ بێت و بچێتە ڕیزی سەربازی بۆ ئەوەی ببێتە

جەنگاوەر «پیاو و ژن بەیەکەوە دەچنە بەرەکانی جەنگ، بگرە ئەو منداڵانەشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن کە دەتوانن بجەنگێن»، وەکو ئەوەی ئەفلاتوون بیەوێت بڵێت یان ئەوەتا ژن دەبێت لە ماڵەوە بێت و ماڵداری بکات، یان دەبێت ببێتە پیاو.

دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە ڕقی ئەفلاتوون لە ژن بوونی هەیە، تەنانەت لەنێو وتووێژی کۆماریشدا وەکو ژن باسی لێوە ناکات، تەنیا بە سووکییەوە نەبێت و لەگەڵ ئاژەڵ و منداڵ و ئێتان پۆلێنی دەکات. دواتر دەیخاتە نێو ریزی ئەو شتانەی کە پیاو خاوەندارێتییان دەکات، یان ئەو شتانەی دەکرێت خاوەندارێتییان بکات، ناشیەوێت پێوەندی نێوانیان لەسەر خۆشەویستی و هاوڕێیەتی بنیاد نرابێت، بەڵکو دەیەوێت پێوەندییەکی ناشەخسی بێت. ئەفلاتوون لە سووکایەتی کردن بە هەستی سروشتی ئافرەت و پێشێل کردنی کەرامەتی دەگاتە ئەوەی کە بڵێت جەنگاوەری ئازا دەبێت کۆمەڵێک ژنی پێشکەش بکرێت تاوەکو منداڵی زۆرتری ببێت و لەسەر ئافرەتیش پێویستە بە خۆشییەوە ئەو ڕەوشە قبووڵ بکات کە تێیدا دەبێتە دیاری و پێشکەشی جەنگاوەرە ئازاکان دەکرێت.

ئەگەر ئەفلاتوون لەنێو کتێبی سێیەمدا گەنجان ئاگادار دەکاتەوە لەوەی لاسایی ژنان نەکەنەوە، ئەوە لەنێو کتێبی هەشتەمدا کاتێک وێنەی داڕمانی ڕێکخستنی سیاسی نمایش دەکات، پەیوەستی دەکات بە ئافرەت و ئەو پرسیارە دەکات: چۆن وێنەی گەنجێکی حەزکردوو بە دەسەڵات لەنێو سیستمی حکومەتی تیمۆکراتیدا دەردەکەوێت؟ بەو شێوەیەش وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە» سەرەتا لە ڕێگای قسەکانی دایکیدا پێکدێت، کاتێک گلەیی لە باوکی دەکات کە نەیتوانیوە پلەوپایەیەکی بەرز لەنێو پیاوانی دەسەڵاتدار وەربگرێت، بەوەش پلەوپایەی ژنەکە لەنێو ژنانی تردا بێ هێزە، هەروەها گلەیی ئەوەش دەکات کە پیاوەکەی کەمتر بایەخ بە کۆکردنەوەی پارە دەدات و ناتوانێت بچێتە نێو شەڕە قسە و ڕووبەڕووبوونەوە، جا لەنێو بواری کۆمەڵایەتیدا بێت یان گشتی یان دادگاکان، هەروەها بەردەوام بیر لەخۆی دەکاتەوە و زۆر لاوازە و کۆمەڵێک لەو سیفەتانە بەرگوێی منداڵەکە دەدات کە ژنان حەز دەکەن بەردەوام لە حاڵەتی وادا دووبارەی بکەنەوە».

ئەفلاتوون ئەوەش لەبیر ناکات لەنێو ئەو وتارەدا ئەوەمان بیر بخاتەوە کە ئەوە شێوازی خزمەتکارانە» خزمەتکاران بە نهێنی ئەو قسانە بەگوێی منداڵاندا دەدەن». بەو جۆرە ئەفلاتوون ئافرەتانی نێو خێزانێکی ئاسایی نمایش دەکات، کاتێک ئافرەت خێزان و ژنی ماڵەوە دەبێت، وەکو ئەوەی ئەو هۆکاری سەرەکی گەندەڵی نێو کۆمەڵگا بێت، چونکە ژن زۆرتر گرنگی بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەدات و پاڵ بە مێردەکەیەوە دەنێت بەرەو گەندەڵی بڕوات وەکو ئەوەی پاندۆرا-Pandora بێت کە لەنێو مۆتۆلۆژیا یۆنانییەکاندا وەکو سەرچاوەی یەکەمی هەموو شەڕانگێزییەک پیشاندراوە.

دواتر ڕای ئەفلاتوون بەگشتی لەبارەی ئافرەت دەبینین، ئافرەتی بە پیاو بووی نێو ڕیزی پاسەوانان نا، بەڵکو مێینە بەگشتی، زۆریش جیاواز نییە لەوەی تازە خستمانە ڕوو. دەمانەوێت ئەو بەشە بەو وێنەیەی نێو کتێبی کۆمار کۆتایی بێنین کە سوقرات پرسیار دەکات لەبارەی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسکەوتەکانی نێو جەنگدا و دەڵێت: «پێت باشە لەدوای جەنگدا مردووەکان ڕووت بکرێنەوە و هەرچییەکیان هەیە لێیان دابماڵرێت و ببردرێت؟». هەر خۆیشی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە دەلالەتێکی تایبەتی هەیە و دەڵێت: «چاوچنۆکییە گەر مرۆڤ مردوویەک بڕوتێنێتەوە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ لاشەی مردوو وەکو ئەوەی دوژمنە نەفس نزمییەکە تەنیا لە ئافرەتان دەوەشێتەوە».

چونکە دوژمنی ڕاستەقینە لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە ڕۆحە، ئەویش نەماو تەنیا ئەو پاشماوەیەی جێهێشت کە پێی دەجەنگا، ئەوەش چەندە لەو کارەی سەگان دەچێت کە دوای ئەوەی بەردێکیان تێدەگیرێت، دەچن هێرش دەکەنە سەر بەردەکە و پڕی دەدەنێ، بەبێ ئەوەی پڕ بدەنە ئەو کەسەی بەردەکەی تێگرتوون. جارێکی تریش دەبینین ڕەفتاری ئاژەڵ بەراورد دەکرێتەوە و پەیوەستی یەکتری دەکرێنەوە.

**سەرچاوە:**

**افلاطون والمرأة، امام عبدالفتاح امام، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي، ١٩٩٦**

# هێز و سیحری ئەفسانە

ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەفسانە لە ژیانماندا ون نەبووە. جیهانە سیحراویەکەی ئەفسانە، دنیای بەها نەمرەکان و حیکمەتی ئەزەلی کە جیهانێکی کۆک و کاملە کە تێیدا چاوت بە: خواوەند، دێوی زەبەلاح، دڕندە، بوونەوەری عەجیب، پاڵەوان، مرۆڤی بچووک و شەمووله، مرۆڤی ئاسایی، دەکەوێت. ئێمە ناتوانین لە باسێکی کورتدا هەموو بابەت و لایەن و پەرجووەکانی کە لە جیهانی ئەفسانەدا هەیە و ڕوودەدەن باس بکەین.

ئەفسانە زۆر بایەخدارە لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخدا، دەنگ و ڕەنگی ئەفسانە هەمیشە ئامادە و بوونی هەیە لە ژیانماندا و ئەفسانە کۆنەکان تاکو ئێستا بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵماندا دەژین، واتە تەنیا بۆ چێژ و خۆشی و کات بەسەربردن ئەفسانە ناخوێنینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی نهێنی و پەنهانی ژیانی مرۆڤی کۆن و سەرەتایی بزانین، هەرچەندە گریکەکان لەسەردەمی کۆنەوە هەوڵیان دا ئەو لێڵ و سیحرەی جیهانی ئەفسانە هەیەتی شی بکەنەوە، هیسیود یەکەم کەس بوو کە ئەفسانەی لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی وەسف کرد و سەرەتایەکی دانا بۆ پۆلێن کردن و شیکردنەوە.

لە هەمان کاتدا پێوەندی واقیع و ئەفسانەی خستە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا خاسیەتەکانی میتۆلۆژی کە پێکەوە ژیانە لەگەڵ واقیعدا هەر بە پتەوی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی حیکمەتە بەهادار و قووڵەکان لە ناخی ئەفسانەدایە، هزری میتۆلۆژی بەشداربووە لە بنیاتنانی سیستەمی گەردوونی، هەروەها بەشداربووە لە پەرەپێدانی هزری

**لە عەرەبییەوە: محەمەد سلێمان عەباس**

زانستی.
بۆ نموونە (ف.إ. فـــرنادسکی) زۆر بایەخی بە بیـــرو باوەڕە کۆنەکان دەدا و پێی وایە کە گرنگە بۆ زانستی سەردەم، بەتایبەتی کیـمیـا. لەبەرئەوەی ئەو باوەڕانە مەسەلە گەردوونییەکان و ئەزەلیەتی ژیان دەگرنەوە و یارمەتی دەرە بۆ ڕوونکردنەوە و زانینی ئەم مەسەلانە و گۆڕانەکان.
ئێستاش چەمکی (ئەفسانە) بەلای زۆر بەمانەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە کە باسی ئەفسانەی سیاسی، نەتەوەیی، مێژوویی... تاد دەکەین.
لە ڕاستیدا وشەی (ئەفسانە) لە زۆربەی زمانەکانی ئەوروپی و نا ئەوروپیشدا ئیشکالیەت و ئاڵۆزی دروست کردووە و مانایەکەی نەک تەنیا گۆڕاوە، بەڵکو پێچەوانە بۆتەوە، ئێستا کە بەواتای: قسەی دروستکراو، هەڵبەستراو دێت واتە شتێک کە ناشێ ڕووبدات، کەچی لەسەردەمی کۆندا بە مانای ڕووداوی واقیعی و ڕاستەقینە دێت کە لە سەردەمی بەرایی و پیرۆزەکان ڕووی داوە.
مرۆڤی بەرایی لە ڕێگەی ئەفسانەوە ڕوانیویانەتە جیهان و تێی ڕاماون و تێی گەیشتوون، کەچی مرۆڤی هاوچەرخ هەوڵ دەدات لە ئەفسانە بگات. ئێمە لێرەدا دەپرسین: ئایا دەشێ ئێمە باوەڕ بەو شتانە بکەین کە لە ئەفسانەدا هاتووە؟. هەڵوێستمان هەرچی و هەر چۆنێک بێت لە ئەفسانە، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەفسانە دیاری و بەخشینێکی بەهێزە ناتوانین ڕەتی کەینەوە، یان دووری خەینەوە، ئەفسانە بنچینەیەکی پتەوی ڕۆشنبیریمان پێک دێنێت، لەبەرئەوەی ئەفسانە ئەو دەفرەیە کە بەها و کەلەپوورمان تێیدا خەزن کراوە و پارێزراوە و کرژبۆتەوە وەک بلێی لە دەرەوەی زەمەنە. ئەو بەهایانەی کە بەدرێژیی مێژوو لەگەڵماندا ژیاون، هەروەک ڕێلکەی شاعیر دەڵێت: ڕابردوو لە ناخمدا دەژی.
نهێنی و مەغزای ئەفسانە لێرەدا ئەوەیە کە «ئەو شتەی کە لە ڕابردوودا هەبووە نابێتە شتێکی مردوو، بەڵکو دووبارە بە ڕێگایەکی دیکە دەگەڕێتەوە لامان و لە ناخماندا بەرجەستە دەبێت». جگە لەمە ئەفسانە خاڵی دەسپێک و دەرچوونە بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی فەلسەفە، ئەدەب، مێژوو، ..... هەروەها وەک چۆن زەویەکی بەپیت بووە بۆ فراژووبوونی ئایینەکان، بۆیە ئەفسانە پێکهاتەیەکی گرنگی شارستانییە، کە هەموو کاتێک لە گۆڕاندایە و شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت.
ئایا هەڵوێستمان لەبارەی سەرکردەو حاکمەکانەوە هەڵوێستێکی میتۆلۆژی نییە؟ کاتێک چاوەڕوانی کاروڕووداوێکی پەرجوویان لێ دەکەین بۆ ئەنجامدانی کارێکی گەورەیان کارکردنە سەر ڕووداوەکان، هەروەها کاریگەری لەسەر ژیانمان؟ دەشێ ئێستا باوەڕمان بەوە نەبێ کە حاکم هێزێکی سیحراوی هەبێ! هەروەک مرۆڤ باوەڕی پێ بووە؟ ئەی چی بڵێین لەمەڕ هیواو ئومێدمان بەفریاد ڕەسێکی نیشتیمانی کە بتوانێت ڕزگارمان بکات لەو هەموو شکست و مەینەتیانە و بتوانێ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بۆ هەمووان بێنێتەدی؟ ئایا ئەوە هەمان ئەفسانە نییە کە لە ناخ و دەروونی و هۆشی مرۆڤدا دەژی کە باوەڕ بەسەرکەوتنی عەقڵ و هێنانەدی نوێگەری لەلای مرۆڤی سەردەمی ڕۆشنگەری دروست کرد؟.
ئایا ئامۆژگاریەکانی کارل مارکس لە بارەی پرولیتار یاوە دەنگدانەوەی ئەو ڕوانین و باوەڕانە نییە کە لەسەردەمی کۆندا لەمەڕ دیمیور گوس هەبووە؟
ئایا ئەفسانەی سەردەمی زێڕین هیواو ئومێدی هەمیشەیی و ئەبەدیمان بە ئایندەیەکی ڕووناک دەرناخات. هەرچەندە ئایندەو دوارۆژی ڕووناک سەبارەت بەهەر نەوەیەک وەک سەرابە؟ ئایا باوەڕە میتۆلۆژیەکان وای لە خەڵک نەکردووە کە لە نێوان زەمەن و زەمەنێکی دیکەدا لە حاڵەتی ڕۆژی کۆتایی دنیادا بژین؟
ئەگەر بەگشتی بڕوانینە ڕۆشنبیری و مێژووی ئەوروپی، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە هزری ئەفسانەیی ڕەگی تێدا داکوتاوە و ماوە و لە هەموو سەردەمەکاندا ئامادەیی و بوونی هەیە، بۆ نموونە هەر ئاینێک لە ئایینەکان وەربگرین، دەبینین گشتیان لەسەرچاوە سیحراویەکانی ئەفسانەدا لە دایک بوون و سەریان هەڵداوە، ئەو سەرچاوەی کە هەرگیز وشک نابێت لە ڕووی هێماکان، هزرەکان، کەسایەتی و چاکسازە گەورەکان: بودا، کونفۆشیوس، مەسیح، زەردەشت،......، تاد ڕوویان کردۆتە میتۆلۆژیاو سوودیان لێ بینیون، وەک ئامرازێکی بایەخدار و نموونەیی بۆدەربڕین لە داواکاری و ئامۆژگاری میتافیزیقی، پێوەرە ئاکارەکانیان، بنیاتنانی هزرە دینییەکان، بۆ نموونە ئەفسانەی خەڵقکردن و ئافراندنی

گەردوون بەشێکی گرنگە لە بناغەی زۆربەی ئایینەکان و هزری ئایینی هەر ئەو گرفت و مەسەلانە چارەسەر دەکات کە ئەفسانە کوسمۆغونیەکان چارەیان کردووە.

ئەوەی باس کراوە بەس نییە بۆ ئەوەی چیتر گومان نەکەین لە نادیاری و نهێنی و مەغزای ئەبەدی کەسایەتییە میتۆلۆژیەکان، کە ئەو بەهاو ویژدانەیان تێدایە کە نەمری و زیندوویی بەها ڕۆحییەکان دووپات دەکەنەوە. کە لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا لە هەمان ئاستی گرنگی و پڕ بایەخی دەمێننەوە، کە نەزەمەن و نەشوێن لە بایەخیان کەم ناکەنەوە.

ڕەمزە میتۆلۆژیەکان کارابوونە لە بەیەکگەیشتنی هەردووساتەکانی ئاگایی و نائاگایی لای مرۆڤ و ڕێگای بۆ مرۆڤ ئاسان کردووە بۆ پێگەیین و پێشکەوتن.

دوورنییە زێدەڕۆیی نەبێ، گەر بڵێین ئەفسانەو سرووتەکانی یارمەتییەکی ڕۆحی کارایان پێشکەش مرۆڤ کردووە بەتایبەتی لە مەینەتی و ساتە ناخۆشیەکانی ژیاندا زانستی شیکردنەوەی دەروونی پشت بە بنەمایەک دەبەستێت کاتێک کە بڕوایان وایە و گریمانە دەکەن کە شڵەژانە دەروونی و دەماریەکان لە ژیانماندا هۆیەکەی نەمان و ونبوونی ئەو جۆرە یارمەتیانە (ئەفسانانە)یە، بۆیە ئێمە هەمیشە دیلی وێنەکانی منداڵیمانین و ئەو باوەڕە باوە بەیادبێنینەوە کە دەڵێ نەخۆشی و قەیرانەکانی کۆمەڵگا ئەنجامێکی حەتمی ئامادە نەبوونی میتۆلۆژیا و دەربڕینە زیندووەکانیەتی بۆیە شتێکی سەیروڕێکەوت نییە کە یۆنگ ناوی یەک لە کتێبەکانی کردۆتە (وێڵ بوونی مرۆڤی هاوچەرخ بەدوای ڕۆحدا).

مەبەستی لەوەدا ئەوەیە کەوا کۆمەڵگەی ئەوروپی هەر لەسەردەمی ڕێنسانس و چاکسازیەوە چۆتە ناو حاڵەتی گەڕانێکی بەردەوام بەدوای ئەفسانەیەکی نوێ، بەڵکو ببێتە پاڵپشتێکی ڕۆحی و هەمیشەیی کە تەواو نابێت و بتوانێ وزەی داهێنان نوێ بکاتەوە.

شتێکی لەخۆوە نییە کە بە دیدو بڕوای ڕۆمانسیە ئەڵمانییەکان ئەفسانە هونەرێکی نموونەییەو ئەرکی بنیاتنانەوەی ئەفسانەی نوێیان گرتە دەست و ئەستۆی خۆیان کە بتوانێ تەعبیر و گوزارشت لە ناوەوە و ناخی مرۆڤایەتی بکات، لە ساڵی ١٨٠٠دا فەیلەسووفی ئەڵمانی فردریک شلیگل بەرنامەیەکی دانا بۆ دامەزراندنی میتۆلۆژیای نوێ. کە جەخت دەکاتە سەر یەکێتی گیان و سروشت: لە قووڵایی دەروونەوە دەربچێت و هێما ڕەوشتییەکان ڕەنگدانەوەیەکی میتۆلۆژی هەبێت.

بۆیە تەنیا ئەفسانە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ڕەسەن و بەرایی بۆ شیعری ڕەسەن، ئەو خەون و خەیاڵەی (هزری شلیگل) لەلای نووسەری ئەڵمانی (ئا. ت. ئاهوفمان) بەرجەستە بوو کاتێک ژیانی ڕۆژانەی ئاوێتەی سیحری داهێنان کردو شتە مردووەکانی ئاوێتەی شتە زیندووەکانی ژیانی کرد، ڕێبازی میتۆلۆژی لە ئەدەبی ئەوروپیدا لە سەدەی بیستەمدا زیاتر لەلای، جۆیس، وایتس، وت مان، مارکیز،... بەدی دەکرێت کە ئەفسانە هەوێن و سەرچاوەی بەرهەمەکانیان بووە و سوودیان لێ بینیوە.

بەکارهێنانی هێماو کەسایەتییە ئەفسانەییەکان لە جیهانی ئەدەبدا تەنیا تایبەت نەبووە بە ڕۆمانتیکیەکان لەبەر ئەوەی هۆشیاری ئەفسانەیی توانای هەیە بەهەر ڕێگاو جۆرێک بێت خۆی تازە بکاتەوە.

هەر لە پاڵەوانی بەرایی (دیمیورگوس) داوە کە دەست پێدەکات و بەردەوام بووە تا گەیشتۆتە پاڵەوانی داستانەکان: گلگامش، ڕاما، بیوفولف..... و گیان و بۆ ماوەی ئەوانە لە هەموو سەردەمەکاندا هەیە و ئامادەیە بە هەندێک گۆڕانکاری بۆ ئەوەی لەگەڵ کات و سەردەمەکە بگونجێت.

ڕۆمانەکانی سوارچاک و مێرخاسەکان بە نموونە دێنینەوە کە هەمیشە بەسەر مرۆڤە سێ بەندیەکان سەردەکەون و خانمە جوان و جاحێڵەکان ئازاد دەکەن، هەروەها هەمان نهێنی لە (هاملت)دایە کە کەسایەتییەکی ئاڵۆز و شایەنی تێڕامانە، هەروەها بڕوانە دۆن کیشۆت.

ئەو هێڵ و داوە بەردەوام بووە تا گەیشتۆتە سەردەمی ئێمە کە پاڵەوان شکۆمەندی جارانی نەما و ڕووخا و کەسایەتییەکان بوونە دەمامک و بە ئاسانی دەتوانێت بیانگۆڕێت، بۆیە چاودێری کردنی ئاسان نییە و کەسایەتی میتۆلۆژی لەشەبەنگ و تارمایی بێ سنوور زێدە دەکات لە هەموو بوارو ڕەگەزە هونەری و ئەدەبییەکاندا.

ڕەگی دووبرا، یان دوولایەنە بە قووڵی لە کەسایەتییە ئەفسانەییەکاندا هەیە و داکوتراوە، کە لە ئەدەبدا زیاتر ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە جۆیس لە ڕێگەی میتۆلۆژیای

براکـوژی کـه باسی مـرۆڤی خـواوەند دەکـات، کـابووسی مێژوومان بۆ ڕوون دەکاتەوە و پیشان دەدات و لە ڕێگەی ئەوەوە دەخـزێتـە نـاو خـەونی پاڵـەوانەکـان بۆ ئەوەی قـووڵایی یادەوەری و نەسـتی دەسـتـە جـەمـعـیـمـان بۆ بدۆزێتەوە.

لە بارەی پاڵەوانی فێلباز و چەتوونیش کە بە پاڵەوانی بەرایی ڕۆمانی فێڵبـازوو وریا و چاک و گەڕۆک و بەرەڵا و سەرسەری دادەنرێت.

چەندین پاڵـەوانی دیکەی ئەدەبی هاوشـێـوە کـە لە سـەردەمی ڕێنیسـانسـدا باوبووە، هەروەها چەندین ئاژەڵ لەسـەربردەو حـیکایەتەکـاندا ڕۆڵی پاڵەوانیـان بینیـوە ئەمانە هەموویان لە پاڵەوانەکانی ئەفسانەکان سەرچاوە دەگرن.

ئەگەر بڕوانینە کـتـێبی مـێژوویی و ئەفـسـانەییەکـان، دەبینین سیحری کەسایەتی مێژوویی و ئەفسانەیی زۆر کـاریگەر و کـارابووە... مـەلیک و شـای سـەردەمـە بەراییەکـان خۆیان بەخواوەند و وارسی پاڵەوانی بەرایی داناوە، کـە فـیـرعـەونیـیـەکـان دەچوون بۆ جـەنگ خـۆیان هاوشـێـوەی خـواوەندی گـەورە (ڕاع) لێ دەکـرد، دوژمنەکـانی خـۆیان بە مـاری دۆڕاو دادەناو دەشوبهاند، ئەمـە نیـشـانەی لەخـۆبایی نەبوو، هەروەک هەندێک مێژوونووس بۆی چوونە، بەڵکو ئەمە کارێکی سروشتی و ئاسـایی بوو لە مـێژووی کۆندا، هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو ئیـمـپـراتۆری ئێـرانی (دارا) خـۆی بە (فراتاون)ی نوێدا دەنا.

(فراتاون)یش لە ئەفسانەی ئێراندا ئەو پاڵەوانەیە کە دێوی سێ سـەری کـوشت، کـەواتە (دارا) لەگـەڵ ئەفسانەکـەدا ژیا، یان لەناو ئەفسانەکە دەژیا بەم شـتـە مێژووەکە و ڕووداوەکەی زیندووکردەوە.

جگە لەمـە دەبێ لەیاد نەکـەین کـە یادەوەری مـیللی بەشـێوەیەکی گشـتی یادەوەریەکی نامێـژووییـە. زانایان دەریان خسـتـووە کە ڕووداوی مێژوویی، یان کەسایەتی ڕاستەقینە لە دووسەد ساڵ زیاتر ناپارێزرێت، هۆیەکەشی دەگـەڕێتـەوە بۆ یادەوەری خـودی دەسـتـە جـەمـعی کـە ناتوانێت کـەسـایەتی و ڕووداوەکـان وەک خـۆی جێگیـر بکات و بپـارێزێت، کـەچی کـەسـایەتی ئەفـسـانەیی و کرداره ئەفسـانەییـەکـان لەیاد ناکـات و لەبیـری ناچێت، ئەمەش شتێکی سروشتیە، لەبەرئەوەی شتێکە تەمسیل و نماینده‌ی بەها باڵاکان دەکات.

ئەو پێـوەرەی خـواوەند و پاڵەوانەکـان بۆ ژیان دایانناوە لای مـــرۆڤ بایەخی زۆرەو بەهاداره و هەر لەبەر ئەوە یادەوەری مـیللی ژیان و بەسـەرهاتی کـەسـایەتیـیـە مـێـژووییـەکـان لە هاوشـێـوەو نموونەی کـەسـایەتیـیـە ئەفسانەییەکان بنیات نراوە. ئەوەی باسمان کرد بەڵگەی بەهێـزە کـەوا ئەفـسـانە زۆر بە چاکی و جـوانی تێکەڵ و ئاوێتەی ئایین، سایکۆلۆژیا، ئەدەب، مێژوو بووە، بەڵکو زیاتر لەوەش ئەفـسـانە لە ناخی ئەو زانسـتـانەدا ڕەگی هەیە.

بناغەی ئەم بابەتانە پێکدێنێت و بنەمایەکی سەرەکییە تێیاندا.

ئەکسیری ژیانی ئەمانەیە، وەک چۆن سەرچاوەی ڕووبار، کانییە.

بۆیە سەپاندنی ئەفسانە لە مێژوو و ڕۆشنبیریدا، مرۆڤ سـەرسـام دەکـات. نهـێنی و شـێـوازەکـانی ئەفـسـانە لە دەریای ئەدەب و ڕۆشنبیـریدا وەک ماسییەکی دانسقە لە قـــووڵایی دەریادا دەرهاتبـێت و دیاردەیەکی ڕەســەن و نیشـتەنیـیـە لە ڕۆشنبیـریماندا دەردەکەوێت هەندێک جار وەک بەری هەر پێـــشـکەوتنێک، یان لە هۆشی تاک و ئاگایی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت بۆیە باوەڕم بەوە نییە کە ڕۆشنبـیـری مـرۆیی لەسـەرەتادا بە مـیـتـۆلۆژیا دەسـتی پێکردووە و ئێـسـتا لە قـۆناغی لۆژیکی و زانسـتـیدایە، بەڵکو هەر لەسـەرەتادا بنەمـای جیـاواز و پێـچـەوانەی یەک، تێکەڵی یەک بوونە لە بنیـاتنانی ڕۆشنبـیـریدا: بنەمـاو هزری عـەقـڵانی و ناعـەقـڵانی بەیەکـەوە وەک دەســـتـــەڕاست و چەپی مـــرۆڤ کـــاریان کـــردووە و هەردەمـەیەکـێکیـان ڕابەرایەتی و ئاراسـتـەی ڕۆشنبـیـری سەردەمە جیاوازەکانیان کردووە.

زانا فـــســـیـــۆلۆژیەکـــان جـــیـــاوازی لەنێـــوان هەردوو هۆشیـاریدا، هۆشیـاری زانستی و هۆشیـاری میتۆلۆژی وا ڕاڤەدەکەن و لێک دەدەنەوە کە دوانەی بەشی مێشک و جـــیـــاوازی ئەرکی هەر بەشـــێک لەوانە هۆکـــاری ئەم جیاوازیەیە.

کـەواتە بەم پێـیـە و لەو سـەردەمـەدا هەڵوێسـتـمـان بەرامـبـەر ئەفـسـانە هەرچیـیـەک بێت، دەبێ دان بەوەدا بنێین ئەفسـانە بنەمـایەکی جێگیـرە لە ژیانماندا، جـا چ تێـیـدا ژیابی، یان بـاوەڕت پێی هەبی، یان بتـەوێ لێی ڕەت بیت.

دەشێ ئەفسانە قەناعەت بە ئێمە نەهێنێ، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا ئەفسانە گونجاوە لەگەڵ شێوازە کۆنەکانی دەرک پێکردن و ناسینی جیهان.

هەندێک جار ئەو پرسیارە دەکرێت (باس دەکرێت) کە ئێمە لە بارو دۆخێکی کابووس و قەیرانێکی درێژخایەن دەژین؟

ئەمەش چەندین پرسیار دێنێتە ئاراوە لەو پرسیارانە: ئایا دەکرێ سەرەداوێک بدۆزینەوە لەو توونێڵە تاریکەدا دەرمان بهێنێت؟

بەهاکان چین کە پێویستە ڕێ نیشاندەرمان بن؟

باوەڕو هزرە باشەکان پێیان وایە کە ڕێگای لووتبەرزی بەرەو گومڕاییمان دەبات، بۆیە دەبێ بەبێ دواکەوتن بەهاو بنەما ئەبەدیەکان زیندوو بکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بەهایانە یارمەتیدەر و هاندەرن بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریەکی تەواو و کامڵ.

کە ئەمەش پێویستییەکی هەنووکەییە لەو چاخەماندا کە بنەماکانی وشکی زانین، مرۆڤی ماندووکردووە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ وەک بوونەوەرێکی عەقڵانی ڕووت و پەتی بژی و بابەتە ناعەقڵانییەکان فەرامۆش بکات و فڕێ بداتە دەرەوەی ڕۆشنبیری. ئەمە وای کردووە مرۆڤ لەم چاخەدا هەنگاوبنێت بەرەو ئەفسانە، کە وەڵامدانەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ تەحەدیەکان و دەشێ چاوەڕوانی هزروبیری نوێ لە ئەفسانە بکەین، هەندێک بیری لەیادکراو لە بارەی جیهان و ڕێگاکانی پەرەپێدانییەوە، مادەی سەرەکی ئەفسانەش مرۆڤ و پێوەندییەکانیەتی بە ژینگەو دەوروبەرو دنیاوە و ئەم پێوەندیانە بابەتێکی هەمیشەیی ئەفسانەبووە.

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێین جیهانی ئەفسانە پیر نابێت و نامرێت و دەروازەکانی کراوەن بۆ هەموو پێشکەوتنێک، بۆ تێگەیشتنی هاوچەرخانە، بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەیەکی کۆک و ساز لەگەڵ بەرنامەو پرۆژەی جۆراوجۆردا.

**سەرچاوە:**

**سحر الاساطير- م. ف. ألبيدل. ترجمة د. حسان ميخائيل. سورية- دمشق- ٢٠٠٥.**

# ڕیژیسیۆر و ئیرتیجال

د. فازیل جاف
(سوید)

میـیرهۆڵد داوای لە ئەکتەرەکانی دەکرد ناوەرۆک بە جووڵە بەرجەستە بکەن. ستانیسلاڤسکی بە ئەکتەری دەگوت: قسە مەکە... کردار بنوێنە.
ئەرکی دەرهێنەر ئەوەیە کە دژاودژییەکانی ناو شانۆنامەکە بە جووڵە، یان بە کردار پیشان بدات.
تۆش هەوڵ بدە هێڵ و بیروبۆچوونە درامییە جودا و دژبەیەکی ناو تێکستەکەت بە جووڵە، یان بە کردار بەرجەستە بکەی.
دیارە دەکرێ دژاودژییەکانی ناو تێکست لە ڕێگای دیکەوە، وەکو ڕەگەزەکانی بینین و بیستن، قەزاو سینیۆگرافیاو ڕەنگ و دەنگ و ڕووناکییەوە پیشان بدرێن، بەڵام پیشاندان ناگاتە ئاستی بەرجەستەکردن، ئەوی لە ڕێگای دراماوە ئەنجام دەدرێ، وەکو کردار و جووڵە، بەرجەستەکردنە نەک پیشاندان، مەبەست لە بەرجەستەکردن، جۆشدانی و بەدراماکردنی نمایشە، بە مەبەستی بەشداریکردنی بینەر نەک چاودێریکردن، بۆیە کاری سەرەکی ڕیژیسۆر دەبێ لە ڕێگای جووڵە و کردارەوە بێت. واتە لە ڕێگای ئەکتەرەوە بێت. بۆیە من کەس هان نادەم یەکسەر پەنا بۆ ئەم کەرەستانە بەرێت، بە گشتی کەرەستەی ڕەهەندی بینین و بیستن بهێڵرێتەوە بۆ دوایی، چونکە لە ڕاستیدا ئەمانە هەموو دەبێ لە خزمەتی کاری ئەکتەردا بن و ڕێگا بۆ ئەکتەر خۆش بکەن.

### ئیرتیجال و ساغکردنەوەی ئامرازەکانی دراما

ئەگەر بوارت بۆ بڕەخسێ و کاتت هەبێ، هیچ لەوە باشتر نییە، ئەکتەرەکانت بەوە ڕابهێنی کە ئامرازەکانی



فەزا و مۆسیقاو جلوبەرگ و دەنگ بەشێنەیی تاقی بکەنەوە و بە وردی تاوتوویان بکەن و لە ڕێگای ئیرتیجالەوە و ئامانج و چارەسەری هونەری جۆراوجۆر بە دەست بهێنن. بەگشتی باشتر وایە ئەم هەنگاوە دوابخرێ و نەکەوێتە پێش کارکردن لەسەر تێکست و دانانی نەخشەی سەرەتایی میزانسینەکان. هەرچەندە دەزانم ئەم بۆچوونەی من لای هەموو کەسێ پەسەند نییە، بۆ نموونە ڕیژیسیۆری بەناوبانگی ئەمریکا، ڕۆبێرت ولسون، هەموو جۆرە ئیرتیجالێک لەسەر فەزاو سینۆگرافیا پێش تێکست دەخات. ئەو بۆ خۆی بەر لە هەموو شتێک کار لەسەر فۆرم دەکاو پانتاییە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەی میعماری نمایشەکەی لە هەموو شتێ پێ گرنگترە،. بوار و ڕەهەندە ئینسانییەکان، واتە ئەکتەرەکان و کردارو گوتەکانیان پاشتر دەترنجێنێتە ناو بیناسازییەکەوە.

دیارە ئەو شێوازەی کە بەلای منەوە مەبەستە و لێرە بانگەشەی بۆ دەکەم، پێم وایە پێڕەوکردنی بەکەڵکە و هەر نەبێ بۆ دەرهێنەری لاو، یان ئەو ڕیژیسیۆرانەی کە هێشتا ئەزموونیان تەواو گەڵاڵە نەبووە.

### نموونەیەکی کارەکانی خۆم

کە لە ڕووسیادا کارم لەسەر شانۆنامەی یاری بەئاگری ستریندبێرگ دەکرد، لە بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ بەرجەستەکردنی درامای مۆنۆلۆگێکی پاڵەوانی شانۆنامەکە لەگەڵ ئەکتەری سەرەکیدا تووشی کێشەیەک بووم. من دەمویست ئەم مۆنۆلۆگە، بەشێوەیەک بەرجەستە بکرێ، کە هەروەکو ستریندبێرگ دەیەوێ مۆنۆلۆگ بێ، بەڵام هاوکات خۆی وەکو دیالۆگیش بنوێنێ.

ئەکتەرەکە دەبایە لە سووچێکی ژوورەکەدا خۆی حەشاردا، بێ ئەوەی بجوولێتەوە، یان قسە بکا، هەندێ جارێش کە دەمویست پێوەندی دروست بکا لەگەڵ کەسی دووەم کە ژنی هاوەڵەکەیەتی، دەمویست بجوولێ، بە مەرجێک تەنانەت لەو بارەشدا زۆر کەم بجوولێ، بەڵام ئەویش کەی؟ کاتێک کە ژنەکە وەک کاردانەوەیەک بۆ قسەکانی ئەو دەبزوێ. لەم حاڵەتەدا وا هەست دەکرێ کە فەزای مۆنۆلۆگ تێکدەچێت و وا خەریکە بچینە ناو دیالۆگەوە. بینەر لە هەموو ساتێکدا چاوەڕێی ئەوە دەکات ژنەکە بێتە قسە، بەڵام وا دەرناچێت. ئەمە هێزی سایکۆلۆجی دیمەنەکەیە، تەکنیکی زۆر ئاسانی دەرهێنانە، بەڵام ئاستێکی بەرزی هەستیاریی لە ئەکتەر دەوێ. بۆیە ئەکتەر دەبێ لە مەسەلەی کات و جێبەجێکردنی کردار و کاردانەوەی کرداردا زۆر ورد و بە ئاگابێ.

پێش هەموو شتێک ئەکتەرەکە لێی پرسیم: بە تەمای لەم دیمەنەدا مۆسیقا بەکاربێنێ؟ گوتم: بەڵێ، بەڵام نەک لە سەرەتاوە، ئەمجا پێی گوتم. ناکرێ لە دەست پێکەوە داینێی؟ مەبەستم ئەوەیە بەرلەوەی بچمە ناو مۆنۆلۆگەکەوە؟ ئەمە زۆر یارمەتیم دەدات. گوتم: بێگومان نە، من بێدەنگییەکی تەواوم دەوێ، دەمەوێ مۆنۆلۆگەکە لەناو جەرگەی بێدەنگییەوە دەست پێبکات، ئەمە جگە لەوەی مۆسیقاکە یەکسەر ناوەرۆکی مۆنۆلۆگەکە دەدادەست و خەیاڵی بینەر لەکار دەخات و هیچ ڕۆڵێکی نامێنێ. واتە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە دەبێ بەرەو ئەو سووچەی ژوورەکە هەنگاو هەڵهێنی و لەوێ جگەرەکەت داگیرسێنی و پاشان دەست بە قسە بکەی. تاکو ئێستاش بینەر تێناگات کە تۆ هەڵوێستت گۆڕاوە، چونکە هەر ئەوەندە بینەر تێگەیشت کە تۆ هەڵوێستت گۆڕاوە، ئیدی مۆنۆلۆگەکە هیچ بایەخێکی نامێنێ، بەڵام کە مۆسیقا لە ناوەڕاستی مۆنۆلۆگەکەوە دەبیسترێ، سەرەڕای ئەوەی کە دەبێتە پاڵپشتت و جەوت بۆ دروست دەکا و جەخت لەسەر بەهای سایکۆلۆجی تێکستەکەش دەکا، لە هەمان کاتدا وەکو زەنگێک وایە بۆ بینەر کە ئاستێکی دیکەی سۆز و هەست و گۆڕانێکی دەروونی لە ئارادایە، کە مۆسیقای ئیریک ساتی بە پیانۆ ڕایدەگەینێ.

ئەمجا زۆر پێی لەسەر بەکارهێنانی مۆسیقا هەر لە دەستپێکەوە داگرت و گوتی بێ مۆسیقا ناتوانم دەست



پێ بکەم، تکایە سبەینێ لە پرۆڤەدا مۆسیقاکەم بۆ دانێ تاوەکو بزانم چۆن کاری لەسەر بکەم. گوتم دیسانەوە نابێ، جارێ فەرموو تەواو کار لەسەر تێکستەکە بکە، پاشان هەفتەی داهاتوو مۆسیقا دێتە ناو پرۆڤەوە. بەڕاستی من دەمویست و تابۆم بکرێ ئەم ڕێچکەیە دەگرمە بەر، ئەکتەر بێ هیچ کەرەستەیەکی دیکە، بێ هیچ یارمەتییەک تەنیا بە یارمەتی و پاڵپشتی و کۆمەکی کەرەستەکانی ناوەوەی خۆی، واتە سۆز و هەست و نەست و فەنتازیا و خەیاڵ لەگەڵ جووڵە و کردار و ئاماژەکانی لەشی، گوزارشت بکاو کەسایەتییەکە بەرجەستە بکا. کە ئەم ئەرکەی بەجێ گەیاند، ئەمجا ئەکتەر دەتوانێ چاکتر ئیرتیجال لەگەڵ کەرەستەکانی دیکە بکا.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەم ئەکتەرە ساڵی پار یەکێک بوو لە ئەکتەرە هەرە باشەکانی شاری پیتر بورگ کە پاڵوێراو بوو بۆ خەڵاتی ماسکی زێڕین لە مۆسکۆ لە شانۆنامەی دون جوانی مۆلێیر.

ڕێژیسیۆر کە کار لەسەر شانۆنامەیەک دەکا، دەبێ بزانێ کەی مۆسیقا. دەنگ، ئێکسسوار دێنێتە ناو نمایشەکەوە. جارێ لێگەڕێ ئەکتەر هەموو تواناکانی ناوە و دەرەوەی خودی خۆی تاقی بکاتەوە، پاشان ڕۆڵی مۆسیقا و دەنگ و ڕەنگ دێتە پێشێ.

دەبێ ئەوە لەبەر چاوگرین، کە ئەم شێوازی کارکردنە ئەوە ناگەینێ کە کارکردن لەگەڵ مۆسیقا و دیکۆر و فەزاو ڕەگەزەکانی دیکەی کەمتر بواری بۆتەرخان بکرێ، بە پێچەوانەوە چەند خۆت و ئەکتەرو تەکنیکارانت بەشێنەیی کاری ئیرتجال و داهێنان لەو بوارانەدا بکەن، ئەوەندە ئاکامی هونەریی نایاب بەدەست دێنن، بەڵام کاتێک کە ڕێژیسیۆر بەشێوەیەکی ڕەها کاری ئیرتیجال دەکا، واتە تێکست و مادەی ئەدەبی نمایشەکە خۆی لە خۆیدا بەشێک دەبێ لەسەرجەمی ئیرتیجالەکە، ئەویان بابەتێکی دیکەیە، دەکرێ هەموو ڕەگەزەکانی نمایش پێکەوە بخرێنە گەڕ.

## ڕێژیسیۆری لاو و ئیرتیجال

جێگای داخە ڕێژیسۆرانی لاو، یان کەم ئەزموون و ئارەزووەند کەمتر بایەخ بە ئیرتیجال لەسەر مۆسیقاو فەزاو جل و ئێکسیسوار دەدەن، بەگشتی لەدواقۆناخی پرۆڤە و نزیکی نمایشی یەکەم ئامادە دەکرێن، بێ ئەوەی ئەکتەر فریا بکەوێ بە تەواوەتی کاریان لەسەر بکات و تاقییان بکاتەوە و ئەمجا بتوانێ فۆرم و داهێنانی نوێیان لێ هەڵهێنجێنێ.

## دیسانەوە ولسون

هەڵبـەتە من ئەم شـێـوازەم پێ باشـە، هەر نەبێ بۆ کەسێک کە هێشتا لەسەرەتای کاری ڕیژیسێۆریدا بێت، دەنا ئەمەش نابێ وەکو یاسا و دەستوور وەربگیرێت، چونکە دەتوانم هەر بۆ نموونە دیسانەوە ئاماژە بە ڕۆبێرت ولسون بدەم کە کاری سینۆگرافیاو نەخشەی فەزا پێش هەمـوو کـارێکی دیکە دەخـات. دیارە ئەمـەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ولسون لە بنەڕەتـدا خـۆی بیناسازە و هێـزی هونەری خـۆی لە ڕێکخسـتنی فـەزای نمایش و بنیاتنانی سینۆگرافیادا دەبینێتەوە. ئەمە لای ئەو خاڵی دەستپێکە. واتە ئەو سەرەتا فەزاو میعمار دادەمەزرێنێ، کار لەسەر سینۆگرافیاو هەیکەلی دیمەنەکان دەکا، ئەمجا دێتە سەر کارکردن لەگەڵ تێکست و هونەری ئەکتەر، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕەوتێکی پۆست مۆدێرنیستانەیە.

## ڕێگای پێچەوانە بگرە بەر

هەوڵ بدە ڕێچکەی باو بشکێنە، دژاودژی هەر بەکەرەستە و شێوازی دژ چارەسەر بکە. ئەگەر باسی تاریکی دەکەی ڕووناکی بەکاربێنە، مییەرهۆڵد بۆ دیمەنێکی خەمبار و حەزین مۆسیقایەکی بەجۆش و بە ڕیتمی دادەنا. ڕیژیسۆری بێ فانتازیاش بۆ دیمەنێکی خەمناک یەکسەر بیر لە شمشاڵێکی خەمناک دەکاتەوە. بەپێچەوانەوە دەکرێ بۆ دیمەنێکی شاد و بەرزە دەماخ، مۆسیقایەکی حەزین دابنێی.

## مەزهەبی تەرسا

وتەیەکی کۆن هەیە دەڵێ باسی ناکەم چەند پیسەکەیە، من باسی چاوتێری و دەست بڵاوی ئەو کەسەتان بۆ دەکەم، واتە بۆ نموونە ئەگەر بتەوێ باسی کەسێ بکەی کە چەند دەبەنگ و گەوجە، ئەگەر بەم فەرمایشتە دەست پێ بکەی، هەموو شتێک لەو دەستپێکەدا هەموو شتیک دەدەیتە دەستەوە. بۆ باسکردن لە کەسێکی گەوج و دەبەنگ باس لەوە بکە کە چەند (دانا)یە. کە ویستت باسی ژیان بکەی باس لەمردن بکە، بەپێچەوانەشەوە کە ویستت باس لە مردن بکەی لە ڕێگا ژیانەوە بۆی برۆ، ئەگەر بتەوێ باسی کەسێ بکەی کە چەند ترسنۆکە باسی ئازایەتی ئەوکەسە بکە، کە ویستت باسی کەسێکی دەبەنگ بکەی وەکو بلیمەتێ باسی بکە، پاشان بینەران تێدەگەن کە ئەو کەسە بە پێچەوانەوە بلیمەت نییە و بێ ئەندازە دەبەنگە. لە هونەردا پێویستمان بە سەلماندن نییە، شانۆ درامایە و لە جەوهەردا شیعرە، لە شیعردا سەلماندن نییە، شاعیر ناڵێ ئێستا زستانە، چونکە بەفر دەبارێ، ئەمە ڕەنگە بۆ ڕۆمانـنووس ئاسایی بێ لە شانۆشدا مەنتیقێکی دیکە هەیە، کە مەنتیقی ئاماژەی ناڕاستەوخۆیە. ئەم لۆژیکە چێژێک دروست دەکات لای بینەر/ گوێگر کە من ناوی لێدەنێم چێژی چاوەڕوانی. ڕێگایەک لە ڕێگاکانی بە ئەنجام گەیاندنی چێژی چاوەڕوانی ڕێگای پێچەوانەیە، کە دژ بە ڕێگای باوە و حازر بەدەستە، وەکو مەحوی دەڵێ مەزهەبی تەرسا، وەک شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چی بکەم.

## ئەزموون و جورئەت

ڕیژیسۆر پێویستی بە دوو خاسیەتە، ئەزموون و جورئەت. بەداخەوە بەدەگمەن ئەم دووانە هاوشانی یەک دەوەستن. ڕیژیسۆر لە تافی لاوێتیدا بوێر و بەجورئەتە، بەڵام کەم ئەزموونە. سەیری ڕیژیسۆرە بە ئەزموونەکانیش بکەیت، بۆت دەردەکەوێت کە بەدەگمەن جورئەتیان هەیە. ڕیژیسۆریش هەیە نە ئەزموونی هەیە و نە جورئەت، بەڵام خۆی بە ئەزموونگەر دەزانێ. ڕەنگە ئەمە مەسەلەیەکی وجودی بێ، ئەکتەرێکی ئینگلیز باس لەوە دەکا کە چۆن هەتا لاو و قۆز بوو بۆ ڕۆڵی عاشق هەڵدەبژێردرا، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژگارە لەعیشق و خۆشەویستیدا کەم ئەزموون بوو لەسەر ئاستی هەست و سۆزدا نەیدەتوانی ڕۆڵی عاشق ببینێ، کەچی ئێستا لە ڕووی هەست و دەروونەوە لە خۆشەویستی و ڕەفتارکردن لەژندا خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، بەڵام ئێستا تەمەنی بەسەر چووە و کەڵکی ئەوەی نەماوە ڕۆڵی عاشقێکی لاو ببینێ.

لەناو ئەکتەراندا گەلێک هەن لەکارکردن لەگەڵ ڕیژیسۆری لاودا سڵ دەکەن و حەز دەکەن کار لەگەڵ ڕیژیسۆری بەتەمەندا بکەن، چونکە پێیان وایە سەرکەوتنی ئەمیان مسۆگەر ترە. لە ڕاستیدا ئەمە نابێ بکرێ بە یاسا، چونکە ئەوجورئەتەی لای ڕیژیسۆری گەنج هەیە، بەدەگمەن لای ڕیژیسۆری بە تەمەنی خاوەن ئەزموون دەبینرێت. ئەوەی ڕیژیسۆری گەنج دەوێرێ بە ئەنجامی بگەیەنێت، ڕیژیسێۆری بەتەمەن لێی دەترسێ و ناوێرێ خۆی لێ بدات، ئەمە ئەگەر هەر پێی بگات و دەرکی پێ بکات، لەبەر ئەوە هەتا گەنجیت هزر و بۆچوونە بە جورئەتەکانی خۆت بخەرە بواری پراکتیکەوە و پاشان کە چوویتە ساڵەوە و ئەزموونێکی دەوڵەمەندت

پەیدا کـرد ئەو جـورئەتەی لاوێتـیت خـامـۆش دەبێت. هەندێ جار ئەکـتـەرە بە ئەزموونەکان کـە دەچنە سـاڵەوە هەست بەم دەردە دەکـەن بۆیە و پێـیـان خۆشـە کـار لەگـەڵ ڕیژیسۆری گەنجدا بکەن، تاکو بەشداربن لە ئەزموونێکی نۆی و بەرهەمـێـکی جـۆشـدار بە ڕیتـمی ڕیژیسـۆرێکی گەنج. کارکردنی ئەکتەرێکی گەورەی وەکو جۆن گیلگیود لەگەڵ پیتەر برووکی لاودا تەنیا نموونەیەکە. ئێستا ئەگەر تەمـاشـای بەرهەمـەکـانی پیـتـەر برووک، یان ئینگمـار بێرگمان بکەی، ئەو جورئەتەی بەدی ناکەی کە بەگەنجی دەیان نواند. ئەمــەش ڕەنگە پێــوەندی بە ســروشــتی ئۆرگانیزمی ئادەمیـیـەوە هەبێت. ئەمەش حیکایەتێکی دیکەی ڕیژیسۆرێکی بەریتانیە کە پێوەندی بە ئەزموون و جورئەتەوە هەیە:

ڕیژیسـۆرێکی بەریتـانی دەڵێ کـاتێ گـەنج بووم هزر و بۆچوونی بە بوێرانەم هەبوو، بەڵام بواری کـارکـردنم پێ نەدەدرا، ئێستاکە ڕیژیسیۆرێکی بە ئەزموونم و سەرۆکی شانۆم ئەو هزر و ئیلهامەم بۆ نایەت کە لەتافی لاوێتیدا بۆم دەهات.

### گوزارشتی ڕاستەوخۆ

تا پێت دەکرێ لە گـوزارشـتکردندا ڕێگای ڕاسـتـەوخـۆ مەگرە بەر، زمانی ڕاستەوخۆ بەگشتی زمانی واقیعە و هەر بۆیە ڕیالیـزم و ناتورالیـزم ڕەزایان قـورسـە لەسـەر شـانـۆدا. شـانـۆ لە بارەی ناوەرۆکی وجـودەوە وردەکـاری ڕۆژانە قەبووڵ ناکات. چەمکی شێوازگەری (اسلبە) لای مـیـیـرهۆڵد ئەم بۆچوونەت گـەلێ بە قـوولی بۆ شی دەکاتەوە.

### ڕیژیسیۆر و ئیرتیجال

ئیـرتیـجـال یەکـێکە لە ڕەگـەزە گـرنگەکـانی شـانۆ و هونەری نواندن. مییرهۆڵد پێی وایە کە ئەکتەر لە هەموو نمایشـێکدا بیـەوێ، یان نەیەوێ، بە ئاگا، یان بێ ئاگا، ئیرتیجال دەکا، چونکە لە هەر نمایشێکدا بەجۆرێک ڕۆڵ دەبینێ کە ناکرێ سەد لەسەد وەکو جاری پێشـوو بێ، ئەمـەش بۆ خـۆی یاسـا و لۆژیکی ژیانە، کـە لە هونەری ئەکتەردا پتر لە هەر هونەرێکی دیکەدا بەرجەستە دەبێ، بەڵام کە ئەکتەر ئاگادارانە و هۆشمەندانە ئیرتیجال دەکا داهێنانەکەی دەگاتە پلەیەکی بەرزتر.

پیـتـەر برووکـیش هەمـان بۆچوون دووبـارە دەکـاتەوە، برووک دەڵێ: کـە ئەکـتـەر هەمـوو جـارێ سـەرلەنوێ بە



هەسـتـەوە گـوێ لە دەنگدانەوەی ناوەوەی خـۆی دەگـرێ، گوێ لە وردەکاری خۆی و کەسانی دەوروبەر دەگرێ، بۆی دەردەکـەوێ کـە هیچ نمایشـێک لەوی پێـشـوو ناچێ، هۆشـمـەندیی ئەکـتـەر خـۆ تازەکـردنەوەیەکی بەردەوامی پێـدەبەخشـێ، بەڵام ئیرتیـجـال بۆ ڕیژیسـیۆر چەمکێکی دیکەیە و جـیـاوازە لە چەمکی ئیـرتیـجـال لە هونەری ئەکتەردا. هەرچەندە لە کۆتاییدا ئیرتیجالی ئەکتەر هەر دەڕژێتە ناو کاری ڕیژیسیۆرەوە.

بۆ ڕیژیسیۆر ئیرتیجال میتودە و کەرەستەیەکی گرنگی کـاری ڕیژیسـیـۆرییـە. بۆ ئەکـتـەر هونەری ئیـرتیـجـال میـتودێکی گرنگی پشکنین و سۆراخ و گەڕانەوە بە دوای

کەسایەتی و ڕۆڵ و فۆرم و شێوەی دەربڕین و گوزارشت. ئەکتەران میتۆدی جیاوازیان هەیە لە ئیرتیجالداو بەوان بێ ڕێژیسێور لە مەیدانی ئیرتیجالکردندا بوارێکی فراوانیان بۆ تەرخان بکات، بەڵام بۆ ڕێژیسێور ڕەنگە ئەم بەرفراوانییە لە هەندێ حاڵەتدا ئاسان نەبێت. بە تایبەت کە هەندێ لە ئەکتەران سنوورێکی دیاریکراو دانانێن بۆ کاری ئیرتیجال، یان بە دیمەنێکەوە، یان بە ڕووداوێکەوە دەنووسێن کە کاتێکی زۆر دەبا، یانیش لە دارشتەی پلانی ڕێژیسێور دەردەچن و ئیرتیجالەکەیان ئامانج بزر دەکا و نازانن بەرەو کوێ دەیان بات.

## دوو جۆری ئیرتیجال

برووک دەڵێ ئیرتیجال دوو جۆرە: ئەوەی کە لەسەربەستی تەواوی ئەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوی دیکەیشیان ئەوەیە کە ڕەچاوی ڕەگەزی دیاریکراو و سنووورداری نمایشەکە دەکات. باشترین چارەسەر بۆ ئەوەی نە ئاکامە باشەکانی ئیرتیجال لەدەست بدەی و نە ئیرتیجالی ڕەها بەخراپ کار بکاتە سەر کارەکەت، ئەوەیە هەڵوێستی خۆت سەبارەت بە ئیرتیجال دەستنیشان بکەی.

بۆ نموونە، مییرهۆڵد ڕێگای بە ئەکتەرانی خۆی دەدا کە لەناو چوارچێوەی نەخشە و پێکهاتەی ڕێژیسێوریی ئەودا، شێوازی ئیرتیجال بەکاربهێنن. لەم شێوازەدا سەربەستی ئەکتەر پێبەستە بە هەیکەلی کاری دەرهێنەرەوە کە داهێنانی ئەکتەری تێدا وەکو ڕەگەزێکی دیکەی شانۆگەرییەکە بە دیقەت داڕێژراوە و حیسابی بۆ کراوە.

ئیرتیجال دەکرێ دیسانەوە، بەشێوەیەکی گشتی بکرێ بە دوو جۆر، ئیرتیجالی زارەکی و ئیرتیجالی جەستەیی، یان ئیرتیجالی جوولە. یەکەمیان زیاتر تێکست و جەستەی چیرۆکەکە دەگرێتەوە. ئەو گرووپانەی کە لەسەر هەردوو جۆری ئیرتیجال کاردەکەن، وەکو شانۆی گرووپ لە ئەمریکا، تێکست و بەرجەستەکردن و نمایش هەموو دەکەونە ژێر ڕکێفی ئیرتیجال و ئاستی هونەرمەندانە و بەرزی و نزمی پلەی ئەزموون و ئاستی ڕۆشنبیری و زەینی ئەکتەرەکان.

لای گەلێ لە ڕێژیسێورانی شانۆی جەستە و شانۆی دیتن، ئیرتیجالی جەستەیی میتودێکی سەرەکییە. ڕێژیسێورانی ئەم شێوازە لێدەگەڕێن ئەکتەران لە بواری جەستەدا تا پێیان دەکرێ لە پشکنین و سۆراخی ئیرتیجالیدا قووڵ بنەوە و، فۆرم و پێکهاتەی جەستەیی ڕەنگاوڕەنگ و جوان و پڕ مەبەست دروست بکەن،. پاشان ڕێژیسێور لێیان هەڵدەبژێرێ و دەستکارییان دەکا و لە ڕەوتێکی هونەریدا ڕێکیان دەخات.

یەکێ لە ڕێژیسێورە هەرە بە بەرەوەکانی سوید لارس ڕادوڵفسۆن، ئەم میتودە پیادە دەکات. ئەم ڕێژیسێورە پتر کاری شانۆی موزیکال و شانۆی جوولە و جەستەئامێز پێشکەش دەکات. دیارە ئەو ڕێژیسێورانەی کە سەبارەت بە چەمکی جەستە و جوولە و پلاستیکا، بەغەیری شێوازی ئیرتیجال پەنا نابەنە بەر هیچ میتودێک. ئەوان لەو بڕوایەدان کە چەندایەتییەکی زۆر وزەبەند چۆنیەتی لێ دێتە کایەوە. بۆیە ئیرتیجالکردنیان لەسەر هەموو ڕەگەزەکانی نمایش شێوەیەکی ڕەهاو بێ سنوور دەگرێتە خۆ. هەروەکو ئاماژەم پێدا ڕادوڵفسۆن یەکێکە لەو تەرزە ڕێژیسێورانە. ئەم شێوازە لە ئیرتیجالدا بۆ شانۆیەک کە پشتی بە تێکستکی دەوڵەمەند و پتەو سەنعەت بەرز ئەستوور بێ، کەم دەست دەدا و نمایشەکەی رووکەش دەردەچێ، چونکە شێوازی داهێنان و ئیرتیجالکردن لە چوارچێوەی شانۆی کلاسیکدا، بۆ نموونە شەکسپیر یان مۆلییر یان لە شانۆی مۆدێرندا لای هەر نووسەرێکی ئاست بەرز، هیچ جۆرە ئاکامێک ناداتە دەستەوە کە خزمەتی شانۆنامەکە بکا، بگرە بەگشتی زیانی پێ دەبەخشێ و دەیشێوێنێ، بەڵام بۆ شانۆی مۆسیقا (موزیکال) و ئۆپێرا و ئۆپێرت باشتر و زۆر چاک دەست دەدات، چونکە پێکهاتەکانی جەستە و جوولە لەم جۆرە فۆرمانەدا زۆر پێویست نین بەمانای تێکستەوە و دەکرێ ڕۆڵێکی جوانکارانە ببینن، یان بەهای جوانی بسەلمێنن و هیچی دیکە، تەنانەت هەندێ جار دەکرێ جوان بن تەنیا لەپێناوی جوانیدا.

## ئەکتەر و هزری ڕێژیسێۆر و ئیرتیجال

پێم وایە ئەکتەر دەبێ تەواو لەهزری نووسەر و هزری ڕێژیسێور تێ بگات و لە پرۆسەی ئیرتیجالدا پێبەند بێت پێیانەوە. ئەکتەر دەبێ بەرامبەر بە دەرهێنەر بە دیسپلین بێ و لێی گەڕێ لە ئیرتیجالەکانیدا چاوساغ و بەڵدی بێت. دەبێ هزری شانۆنامەکە و ناوەرۆک و فۆرم و ڕیتم و تێمپۆی لە ڕێژیسێۆرەوە وەرگرێ، بەو پێیەی کە ڕێژیسێۆری شانۆنامەکە لە هەموو کەسێ چاکتر شارەزای جیهانی شانۆنامەکەیە و، هەر ئەویش دەزانێ کەی ئەکتەرەکەی دەکەوێتە سەر سکەی ڕاست یان لا دەدات و

## بوارەکانی ئیرتیجال

گەر من خۆم بوارەکانی ئیرتیجال بەپێی خواستی خۆم لە زۆربەی کارەکانمدا دەست نیشان بکەم، لەم خاڵانەدا کۆیان دەکەمەوە:

- گەڕان بەدوای پلاستیکای جەستە و جووڵە لە فەزادا
- تاقیکردنەوەی کردار و پێوەندی بە ڕووداو
- ساغکردنەوەی ئێکسسوار و پێوەندی بە فیگەری ڕۆڵەوە
- قووڵبوونەوە و شۆڕبوونەوە بەناو پێوەندی نێوان کەسایەتییەکان
- کەشفکردنی ئیمکانیاتی فەزای نمایش
- کەشفکردنی مانای ژێر دێر.

## ئیرتیجال... زمانی هاوبەش و دینامیکییەت

پەیڕەوکردنی شێوازێکی گونجاو لە ئیرتیجالدا لە زۆر ڕووەوە گرنگە بۆ گرووپی شانۆ، لەوانە ئیرتیجال یارمەتی ئەکتەران دەدات ئاشنای توانای هونەری یەکدی بن، زووتر زمانی هاوبەشی نمایش و نواندنی یەکتر بدۆزنەوە و شارەزای کاردانەوەی جەستەیی و ئیحساسی یەکدی بن ئەمە جگە لەوەی کە ڕادێن پێکەوە کاربکەن و ڕێچکەیەکی هەرەوەزییانە لە داهێناندا بگرنە بەر.

بۆیە وای بە باش دەزانم کە ڕیژیسیۆر تەنانەت لەدەرەوەی پلانی پرۆڤەکانیدا کاتێکی باش بۆ کاری داهێنان و ئیرتیجال تەرخان بکا، ئەمە هەر نەبێ، وزە و جۆش و تینێکی دیکە بە ئەکتەرەکان دەبەخشێ، بە تایبەت کە لە قۆناخی پرۆڤەدا هەندێ جار بێزاری و سستی و خۆ دووبارەکردنەوە باڵ بەسەر پرۆسەی داهێناندا دەکێشێ. لەم حاڵەتانەدا، ڕیژیسیۆر کە هەست دەکات پرۆڤەکان بەرەو پێشەوە ناڕۆن و هیچی نوێ نایەتە کایەوە، لە دۆخێکی ئاوادا، ئیرتیجالکردن و خولقاندن لە دەرەوەی نەخشەی پرۆڤەدا کارێکی ئیلهام بەخشە.

## ڤیولا سپولین مامۆستای ئیرتیجال

ڤیولا سپۆلین مامۆستای گەورەی هونەری ئیرتیجال لە ئەمریکادا و خاوەنی کتێبی ئیرتیجال باس لە پرۆسەی ئاست نزمی وزە دەکات و پێی وایە ڕیژیسیۆر تەنیا لەڕێگای ئیرتیجالەوە دەتوانێ پێوەندی داهێنەرانەی نێوان ئەکتەرەکانی جۆش بدات، چونکە لەم حاڵەتەدا




دەبێت ئەم بیهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست. بەکورتی من ئیرتیجال بە ئامرازێکی جەوهەری دەزانم لەکاری ڕیژیسیۆردا، بەڵام دەبێ ئیرتیجال ئەو ڕەوتە وەرگرێ کە ڕیژیسیۆر دەیەوێ و نابێ ئەو چوار چێوەیە ببەزێنێ کە دایدەنێ. بەرفراوانی لە ئیرتیجالدا زۆرجار دەبێتە هۆی بەرەڵلایی و کات بەفیڕۆدان، بەتایبەتی کاتێ کە لەسەرپەرشتی و ڕێنمایی ڕیژیسیۆر دەردەچێ. لۆرانس ئۆلیڤیە دەڵێ: من پێم چاکترە ئەکتەرەکانم هەشت جاران کارەکەیان دووبارە پرۆڤە بکەنەوە، لەوەی کاتێکی زۆر بە موناقەشەی شتی ئەبستراکت (مجرد) بە فیڕۆ بدەم. ئەکتەر دەگاتە ئەنجامی ڕاستەقینە بە دووبارە و دووبارەکردنەوە.

## چوارچێوەکانی ئیرتیجال

بەر لە پرۆڤەی یەکەم هەوڵ بدە چوارچێوەکانی ئیرتیجالکردن بۆ ئەکتەرەکانت دەستیشان بکەی و داوایان لێ بکەی لەو بوارانەدا ئیرتیجال بکەن کە بەلاتەوە مەبەستن. بوارەکانی ئیرتیجال و دەست نیشان کردنیان پێبەندەن بە دیدی خۆتەوە وەکو ڕیژیسیۆر و هەروەها بە میتۆدی کارکردنتەوە.

خۆی ڕۆڵێکی ئیلهام بەخشانە دەگێڕێ.
ڤیـولا دەڵێ: هەندێ جـار ڕیژیسـیـۆر دەبێ، ئەم وزەیە وەکـو خـۆی، بە گـرووپەکـەی بدات، وەکـو چۆن ئاو دەڕژێنێـتـە ناو پەرداخـێکەوە. زۆرینەی گـرووپەکـە ئەم وزەیە دەقـۆزێتـەوە. ڕیژیسـیـۆر دەتوانێ جـارێکی دیکە پەرداخەکە پڕ بکاتەوە.
ڤیـولا دەڵێ: جـارێک ئەکـتـەرێک پێی گـوتم: نمایش کـردن لەپێش تۆدا وەکـو ئەوە وایە لە هۆڵێکی پڕاوپڕی ئۆپێـرا نمایش بکەی. هەر خـۆی دەڵێ ئەمـە ئەو جـۆرە وزەیەیە کە ڕیژیسیۆر دەبێ بە ئەکتەری ببەخشێ.
هەر کـاتێک هەسـتت کـرد کـە ئاسـتی نواندنی ئەکتەرەکانت لەخامـۆشیـدایە و ئاستی جـۆش و وزەیان لەکـزیدایە، پرۆڤـەکـانت ڕاگـرە و بێـهـوودە درێژە بە مەشقەکانت مەدە، لە بری ئەوەی پلانێک بۆ ئیـرتیـجال دارێژە، چونکە بەو شـێـوەیە دەتوانی گـوڕێکی دیکە بە ئەکـتـەرەکـانت بدەی و کـەشـێکی دینامـیکی لەبار بۆ داهێنان بخولقێنێ.
بێگومـان هەر ڕیژیسـیـۆرە و مـیـتـودی خـۆی هەیە لە پیادەکردنی ئیرتیجالدا، کەسانی وا هەن، وەکو مییرهۆڵد بۆ نموونە جوانترین و دەگمەنترین دیمەنەکانی نمایشەکانیان لە پرۆسەی ئیـرتیـجـالەوە بەدی هێناوە، بەتایبـەت کـە خەیاڵی واڵا و بێ سنوور دەبێـتـە بنەمـای ئیـرتیـجال و ئەکـتـەرەکـانیش بەزمـانی ئیـرتیـجال و داهێنانی یەکـدی ئاشنا دەبن، ئەو دەم داهێنانی مەزن دێتە ئاراوە.
من لێرەدا نـامـەوێ بچـمـە ناو بابەتی ئیـرتیـجـال لای مـیـیـرهۆڵد، چونکە مـەیدانێکی گـەلێ فـراوانە و جێگایەکی گەورە دەگرێ، ئەوەندە دەڵێم، کە مییرهۆڵد تەنانەت لە نمایشـەکـانیشـدا دەرگـای بۆ ئیـرتیـجال واڵا دەکرد و بەپێی بەرکارو کاردانەوەی جەمهوور سەرلەنوێ پرۆڤـەی بە ئەکـتـەرەکـان دەکـرد و پێکهـاتی دیمەنەکـانی دەستکاری دەکرد.

### کۆمیدیا دیل ئارتێ قوتابخانەی ئیرتیجال

کـەرەکـتـەرەکـانی کـۆمـیـدیا دیل ئارتێ ڕەسـەنتـرین و دێرینتـرین وەسـتـاو کـارزانی بواری ئیـرتیـجـال بوون. کـۆمـیـدیا دیل ئارتی لە ڕەچەڵەکدا هونەرێکی شـانۆیی ئیـتـالـیـاییـە، کـە گـرێچـنەکـانی لەگـۆڕاندابوون و کارەکتەرەکانی دامەزراو نەگۆڕبوون و ماسکی تایبەتییان دەپۆشی. هەربۆیە پێی دەگـوترێ کـۆمـیـدیای مـاسـک. بەدرێژایی نمایشکردن، کارەکـتـەرەکـان لە ئیـرتیـجـالێکی بەردەوامدان. بینەران تەواو ئاشنای کارەکتەرەکان بوون، دەیانزانی کە ئەرلیکینۆ و پەنتـالون و بیریگـهـێلا و کـە پیـتـانۆ ئەمـانـە چی جـۆرە کـارەکـتـەرێکن، چ چەشنە مـاسـکێک دەپۆشن و لەناو بەسـەرهات و نمایشـەکـەدا خاوەن چ جۆرە پایە و پەیامێکن، بەڵام ئەوەی کە نمایش دوای نمایش دەگـۆڕا، گـوتە و هەڵوێست و هەڵسـوکـەوتی کـارەکـتـەرەکـان بـوو کـە ئەمـە خـۆی لە خـۆیدا کـاکـڵـەی داهێنانیـان بوو. ئەگـەر شـارەزاییت لە بارەی نمایشی شـازادە توراندۆتی دەرهێنەری گـەورەی ڕووسـیـا لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، یەڤگینی ڤاختانگۆڤ هەبێ، ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە ڕەنگە یەکەم ڕیژیسیۆری شانۆی مـۆدێرن بێ لە سوود وەرگـرتن لە شـێوازی ئیـرتیـجال لە قوتابخانەی کۆمیدیا دیل ئارتێ.
لە شانۆی هاوچەرخیـشدا بێگومـان جورجیـو سترێهلەر سەر قافڵەی داهێنەرانە لەم بوارەدا و بە تایبـەتی نمایشی شانۆنامـەی ئەرلیکینۆ، کـە داهێنانێکی گـەورەی سەدەی بیسـتـەمە، سترێهلەر چل ساڵ کاری ئیرتیجالی لەسەر شانۆنامەی ئەرلیکینۆ کرد، چوار جار بۆ شانۆی دەرهێنا، لەو مـاوە دوورو درێژەدا هەمـوو چەشنەکـانی ئیـرتیـجـالی کـۆمـیـدیا دیل ئارتێی بەکـارهێنا، تاکـو لەکـۆتاییـدا بەرهەمـێکی نایابی ئەوتۆی بەشانۆی هاوچەرخ بەخشی، کـە دەگـمـەنـە  و شـان دەدات لەشـانی شابەرهەمـەکـانی سەدەی بیستـەم وەکو موفەتیشی مییرهۆڵد و توراندۆتی ڤاختانگوڤ و مهابهاراتای برووک.
شارەزایی دەربارەی کۆمیدیا دیل ئارتێ گەلێ پێویستە بۆ ڕیژیسیۆران وقوتابیانی بەشی ڕیژیسیۆری، چونکە ئەم شـێـوازو قـوتابخـانە دێرینە خـەزێنەیەکی دەوڵەمـەند و بەپیت لە هونەر و تەکنیکی ئیـرتیـجـال بە ڕیژیسـیـۆر دەبەخـشـێت. هەر بۆیە قـوتابیـانی بەشی ڕیژیسـیـۆری لە کۆلێژو پەیمانگاکانی شانۆدا بەگشتی ئەزمـوونیکی باش وۆرکشـۆپەکـانی کـۆمـیـدیای دیل ئارتێ وەردەگـرن و ئەم وۆرکشۆپانە بەشێکی گرنگن لەبەرنامەی خوێندنیاندا. لای پیـتـەر برووکـیش چەمکی ئیـرتیـجـال هەمـان دینـامـیـکیـەت و زیندوویەتی هەیە و تەنانەت لە نمایشـیـشـدا دەبێ لەبەرچاوبگیـرێ. دیارە کـە دیمەنێک تەواو پرۆڤەی لەسەر دەکرێ و دادەمەزرێ، بە زمانی شانۆ پێی دەگوتری داچەسپاندن، واتە دیمەنەکە لە ڕووی جووڵە و فـۆرمـەوە قـەوارە و فـۆرمی خـۆی وەرگـرتووە. برووک گەلێ دژ بە وشەی دامەزراندن و چەقبەستنە.
ئەو ڕیژیسیـۆرانەی کە سست و تەمبـەڵن و نایانەوێ

جـارێکی دیکە چاو بە کـاری چەسـپـاوی خـۆیاندا بگێڕنەوە، داهێنەرنین، چونکە کارەکەیان تەنانەت ئەگەر لە ساتێکدا، یان لەماوەیەکدا زیندوو و بەجۆشیش بێت، ئەوا پاشان هەر خامۆش دەبێ ژیان و دینامیکیەتی تێدا نامێنێ. بۆیە پیـتـەر برووک پێی وایە کـە ئیـرتیـجـال تەنانەت لەکـاتی نمایشیـشـدا دەبێ لە چاوبگیـرێ، دەنا هەموو دینامیکیەت و جۆشێک تا سەر نییە.

ڕیژیســیــۆری ڕووسی بەناوبانگ بۆریس زاخـاڤـای قـوتابی سـتـانیـسـلاڤـسکی و پاشـتـریش قـوتابی ڤاختانگوف دەڵێ:

دەبێ دروشمی هونەرمەندی ڕاستەقینە بەم جۆرە بێ:

لە هەمـوو نمایشـێکی نوێدا دەبێ یەک تۆز نوێکردنەوە هەبێ لەگـەڵ نمایشـی پێشـوودا، ئەم تۆزە نوێکردنەوەیە، گـەنجێـتـیـیـەکی هەمـیـشـەیی بە هونەرمـەندی گـەورە دەبەخـشێ، هەر ئەمـەش ڕۆح بە بەرتۆنە شـانۆییـەکـانی دەخات.

هەڵبەتە میـتۆدی ستانیسلاڤسکی چەمکێکی فراوانی سەبارەت بە ئیرتیجال گرتۆتە خۆ. ئیرتیجال لە میـتۆدی سـتـانیسلاڤسکیدا یارمەتی ڕیژیسیۆر و ئەکتەر دەدات کە هێڵی ئەرکەکانی ناو شانۆگەریەکە بدۆزنەوە و هەروا بەخۆڕاو لەسـەر نەزەرییـەی قـیـرۆسیـا دەسـتـنیـشـانیـان نەکەن.

بۆ دۆزینەوەی زنجیرەی کردارەکانیش ستانیسلاڤسکی بە هەمـان شێوە بایەخێکی گـەورە بە ئیـرتیـجـال دەدات. ئەو بۆ بەدی هێنانی ئەو مەبەستە بەشداریی و بەردەوامی ویژدانی ئەکـتـەرەکـان بە مـەرجی بنەڕەتی دادەنێ. واتە دیسـانەوە ڕاسـتگۆیی هونەری دەکـات بە بەردی بناغـە. ڕیژیسیۆر هەروەها ئەکتەریش ئەگەر ڕاستگۆیی چراوگی پشکنین و سۆراخی نەبێت، وا چاکـتـرە بێـهـوودە سۆراغ نەکات.

### کەشی ئیرتیجال

ئەکتەری بەتوانا و موحتەریف لە ڕێگای ئیرتیجالەوە پشـکنین و سـۆراغی خـۆی بەدوای کـەرەسـتـە و فـۆرم و چارەســەری هونەریانەی نایاب و جــواندا بە ئەنجـــام دەگەیێنێ. وەکو ڕیژیسیۆر دەبێ ڕێگا بۆ ئەکتەرانت خۆش بکەیت و تەواو بواریان بۆ بڕەخسێنیت تاکو بێ پەلە پەل و فشـار ئەم ئەرکـە ئەنجام بدەن. ئەگـەر ئیرتیـجالەکـانی ئەکتـەر لەکـەش و ئەتمۆسـفیـرێکی لەباردا ئەنجام بدرێن ئەوا لە ئەنجامدا هونەری بەرزی لێ دەکەوێتەوە.

برووک دەڵێ ئیرتیجال سەردەمێکە هەموو جیهان باس لە ئیـرتیـجـال دەکـا، ئیـرتیـجـال وەکـو کلێشـەیەکی ئەم سـەردەمـەی لێـهـاتووە، بەڵام برووک لە چەند خـاڵێکدا مەبەستی خۆی لە ئیرتیجال دەست نیشان دەکات، کاتێ کە هەر خۆی وەڵامی پرسیـارێکی خۆی دەداتەوە، بۆچی ئیرتیجال؟ دەڵێ: پێناوی خولقاندنی کەش، خولقاندنی پێوەندی، بۆ ئەوەی هەمـوو لە بارێکی ئاسوودەدا بن، بۆ ئەوەی هەمــوو کــەســێک بتــوانێ بە ئاســوودەیی هەڵسـوکـەوت بکات، بۆ بەدەست هێنانی متـمـانە، بۆ لەناوبردنی ترس. بۆ ئازادکردنی جەستـە، چونکە ئازادی جەستە هەنگاوی یەکەمە.

هەمــوو ئەم دەسـتـکەوتانە مـەرجـێکی گـرنگن، بۆ نمایشـێکی زیندوو. ڕیژیسـیـۆر لەکـاتی ئیـرتیـجـال و داهێناندا دەتوانێ یاریدەدەرو ڕێنماییکەرێکی باش بێت بۆ ئەکـتـەرەکـانی. بۆ ئەم مـەبەسـتـەش دەبێ لایەنی دەسەڵاتی خۆی وەکو ڕیژیسیۆر بەلاوە نێت، زیاتر ڕۆڵی هاندەر و ڕێگا خۆشکەر و ئیلهام بەخش ببینێ.

لە ئیـرتیـجـالدا گـرنگ هاریکار و هاوکـاریکردنی یەکـدییـە، بە یەکـدی ئاشنابوون و دۆزینەوەی زمـانی هاوبەش تەنیـا لە کەش و هەوایەکی ئازاد و داهێنەرانەدا دێتەکایەوە، فەلسەفەی ئیرتیجالکردن لەجەوهەردا دەکرێ لە تیلقـائیـەتی ئێسـتـا و لێرەدا پوخت بکرێتـەوە، واتە هەمـوو هەست بە بوونی زەینی و ئیـحـسـاسی و ڕۆحی و جـەسـتـەیی خـۆیان لەفـەزادا بکەن، ئەمـەش تەنیـا بە ئاسوودەیی دەروونی دێتە کایەوە.

سپـۆلین دەڵێ ئەکتـەران لە شانۆی ئیـرتیـجالیدا وەکو سـەمـاکـەر یان مـۆسـیـقـا، یان وەرزشـەوانن، هەمـیـشـە پێویستیـان بە وۆرکشـۆپی بەردەوامە تاکو بتـوانن هەردەم بە ئاگـابن و کـاردانەوەی خـێـرا بنوێنن و بابەتی نوێ بدۆزنەوە. گـوشـار و گـرژی و توندی بەهیـچ شـێـوەیەک لەگـەڵ سـروشـتی دەروونی ئەکـتـەرانی ئیـرتیـجـالدا ناگونجێن، چونکە کاری نێگەتیڤانە دەکاتە سەر ڕەوانی و تیلقائیەت کە ئەمەش پێچەوانەی ئیرتیجالە..

# د. عەونی کەڕوومی مرۆڤێکی هونەرمەند و هونەرمەندێکی داهێنەر

حەمە سوار عەزیز

ئەوەی لای هەمـووان ڕوون و ئاشکرایە میللەتی کورد بە درێژایی زیاتر لە حەفتا ساڵ میللەتێکی ژێردەستە و زۆرلێکراو و هاوولاتی پلە یەک نەبوون لەم وڵاتەدا، بەڵکو وەکو مرۆڤی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵ کراوە و هەوڵی بەردەوام دراوە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و لەناوبردنی کولتوور و ئەدەب و ڕۆشنبیرییەکەی، عەرەبی عێراقیش کە میللەتێکی سەردەستە و فەرمانڕەوا بووە، هەمیشە بە پشتیوانی دەسەڵات لە هەوڵی ئەوەدا بوون کولتووری خۆیان بەسەر کورددا زاڵ بکەن و کولتووری کوردی لەناو بۆتەی کولتووری خۆیاندا بتوێننەوە تا کولتوورێکی عێراقی لێ بێتە بەرهەم کە سیما و ئاکاری کولتووری عەرەبی بەسەردا زاڵ بێت.

بۆیە کارێکی ئاساییە کە کولتووری میللەتی ئێمە لەم پارچەیەی کوردستان بکەوێتە ژێر کاریگەریی کولتووری عەرەبی عێراق، بە تایبەتیش لە بواری ئەدەب و هونەر، کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە شاری بەغدا پایتەختی ڕۆشنبیری عێراق بوو، بۆیە زۆرینەی دەزگا کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان لە سەنتەری ئەم شارە بوون، بە تایبەتیش دەزگاکانی بەرپرس بە ڕۆشنبیری کوردی کە هەر هەموویان لە بەغدا بوون ، لەلایەن دڵسۆزانی ئەو ڕژێمە بەڕێوە دەبران. شاکارەکانی کوردستانیش لە بوونی ئەم دەزگایانە و دەروازەی پێوەندی لەگەڵ دەرەوە، تەواو بێبەش کرا بوون و تاکە دەروازەش کە بە ڕووی ئەدەب و هونەری کوردیدا کراوە بوو دەروازەی بەغدا بوو، هەر بۆیە لە سەرەتای شەستەکانەوە تا سەرەتای نەوەدەکان، ئەدەب و هونەری کوردی کاریگەرییەکی زاڵی ئەدەب و هونەری



**د. عەونی کەرەوومی**

عێـراقی بەسـەرەوە دیار بوو، بەتایبـەتیش بزووتنەوەی هونەری شانۆ لە کوردستان کە من لێرەدا مەبەستمە باسی لێوە بکەم.

کـارێکی بەڵگە نەویسـتـە هونەری شـانۆ قـووڵاییـەکی دووری لە نێو کولتوور و کەلەپووری کوردیدا نییە و تا ئێستا نەتوانراوە بسەلمێنرێ کە کورد جۆرێک لە جۆرەکانی دراما، یان بزووتنەوەیەکی شانۆیی بەر لە سەدەی بیستەمی هەبووبێ، هەر بۆیە هونەری شانۆ وەک هونەرێکی نامۆ بە کولتووری رۆشنبیری کوردی، لە دەروازەی شانۆی عێراقییەوە بە میللەتی کورد گەیشتووە، بەتایبەتیش لەم بوارەدا ناکرێ رۆڵی هونەرمەندی خوا لێخۆشبوو (حەقی شبلی) لە بیر بکرێت کە پێوەندی بەهێزی بە نێوەندە کولتوورییەکەی کوردییەوە هەبووە و سەردانی شارەکانی کوردستانی کردووە و نمایشی شانۆیی تێدا پێشکەش کردووە، ئەوەتا یەکەم نمایشی شانۆیی کوردی کە پێشکەش کرابێ، شانۆی (عیلم و جەهل)ە کە لە شانۆییەکی عەرەبی وەرگیراوە، ئەمەش کارێکی ئاساییە و میللەتان هەمیشە دەکەونە ژێر کاریگەریی کولتووری یەکترییەوە، بەتایبەتیش وەکو باسمان کرد، ئەگەر یەکیان سەردەستە و ئەوی تریان ژێر دەستە بێ. ئاشکراشە کە هونەری شانۆ لە عێراق و وڵاتانی عەرەبیش هونەرێکی رەسەن نییە و لە کولتووری رۆژئاوا وەرگیراوە. بەم شێوەیە کاریگەریی شانۆی عێراقی بەسەر بزووتنەوەی شانۆی کوردی بەردەوام بوو، بەتایبەتیش کاتێک پەیمانگا و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا کرانەوە و لە ناوەراستی شەستەکان چەند قوتابییەکی کورد لەم دەزگایانە وەرگیران و خوێندنی هونەری شانۆیان لەوێ تەواو کرد، بۆیە کارێکی ئاسایی بوو کە هاتنەوە کوردستان هەوڵیان دا ئەم ئەزموون و تێروانینانەی کە لەوێ لەژێر کاریگەریی مامۆستاکانیان کە شانۆکاری عێراقی بوون، کاریان تێدا کردبوو، بگوازنەوە سەر تەختەی شانۆکانی کوردستان، بۆیە لەو کاتەدا زیاتر هەست بە کاریگەریی شانۆکارە عێراقییەکان لەسەر بزووتنەوەی شانۆی کوردی دەکرا، ئەمیش لە رێگەی ئەو خوێندکارانەی کە دەرچووی نێوەندە هونەرییەکانی بەغدا بوون، وەک: (ئەحمەد سالار، تەلعەت سامان، فەرهاد شەریف و چەندانی تر)، کە هەریەک لەم ناوانە رۆڵی دیار و کاریگەریان هەبوو لە چەسپاندن و بەرەو پێش بردنی هونەری شانۆ لە کوردستان و دارشتنەوەی بناغەی ئەم هونەرە لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری ئەکادیمی و توانیان شانۆ لە باوەشی قوتابخانەکان بگوازنەوە نێو هۆڵەکان و پانتاییەکی زیاتر لەنێو کولتووری کوردی داگیر بکات، تەنانەت لە زەین و یادەوەری بینەری کوردیش وەکو هونەرێکی جەماوەری رەنگ بداتەوە و خۆی بسەپێنێ. لە هەشتاکانیش کاریگەریی شانۆی عێراقی زۆر بە زەقی بە شانۆکارانی کوردەوە دیار بوو، کاتێک کۆمەڵێک لاوی کورد لە پەیمانگا و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا دەرچوون، کە کاریگەریی شانۆکارە عێراقییەکانیان زۆر بە ئاشکرا پێوە دیار بوو، بەتایبەتیش هەردوو مامۆستا (د.عەونی کەرەوومی و د. سەلاح ئەلقەسەب)، هەر لەم روانگەیەوە خوێندکارە کوردەکان لەژێر کاریگەری ئەم مامۆستایانە، کەوتنە گواستنەوەی ئاراستەی شانۆی وێنە و شانۆی ئەزموونگەری بۆ شانۆکانی بەغدا بە چڕی و پڕی کاریان لەسەر دەکرا. دەبێ ئەوەش بوترێ شانۆکارە کوردەکان هەوڵیان نەدا ئەم ئەزموونە بەشێوەی فۆتۆکۆپی بگوازنەوە کوردستان، بەڵکو هەوڵیان دا ئەزموونەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەن و بە خەیاڵ و داهێنان و تێروانینی خۆیان ئاراستەکە قووڵتر و دەوڵەمەند تر بکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانی بەیەکجاری خۆیان لە کاریگەریی مامۆستاکانیان رزگار بکەن، هەر بۆیە کارە شانۆییەکانی (شەماڵ عومەر و میدیا رەئووف و نیگار قەرەداغی و کامەران رەئووف و چەندانی تر). بەتەواوی

لەژێر کــــاریگەریی تێــــڕوانینی پێشڕەوانی شانۆی عێراقیدا بوون یەکێک لەو شانۆکارە عێراقییانەی کە کـاریگەریی ئیـجـابی بەسـەر شانۆکارە کوردەکان هەبووە و چەندین گەنجی شانۆکاری کورد لە ژێر دەستی ئەو پێگەییون، هونەرمەندی گەورەی عێراقی (د. عەونی کەڕوومی) بوو.



عەونی کەڕوومی لە ساڵی ١٩٤٥ لە شــاری مــووسڵ لەدایک بووە، بێگومـان شـاری (مـووسڵ)یش بە حوکمی ئەوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆریش دانیشتووانەکەی کوردن، بۆیە عـەونی کـەڕوومی هەر لە زووەوە لە رووی کـولتـوورییـەوە پێـوەندی لەگـەڵ کـورد هەبووە و ئاشنایەتی لەگەڵ بارودۆخە سیاسی و کولتوورییەکانی میللەتی ئێمەدا هەبووە. کەڕوومی لە ساڵی ١٩٦١ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا دەست بە خوێندن دەکات و لە ساڵی١٩٦٥ لە پەیمانگا دەردەچێ، لە ساڵی ١٩٦٩ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان هەر لە بەغدا تەواو دەکـات و لە سـاڵی ١٩٧٢ بڕوانامـەی مـاسـتـەر لە زانستەکانی شانۆ (لە پەیمانگای زانستە شانۆییەکان) لە زانکۆی هەمــبــولدت- بەرلین لە وڵاتی ئەڵمـانیـا وەردەگرێت، لە ساڵی ١٩٧٦ یش لە هەمان زانکۆ پلەی دکتۆرا وەردەگرێت، خوێندنەکەی تایبەت بوو بە شانۆی (برێخت) و لە سـاڵی ١٩٧٧ وەک هونەرمـەندێکی پسپۆڕ لە شانۆی برێخت گەڕایەوە عێراق و لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کرا بە مامۆستای شانۆ، لەو ساتەوە د. عەونی کەڕوومی بە هیچ شێوەیەک لە شانۆ دانەبڕاوە، بەیانیان لە ئەکادیمیا و پەیمانگا کۆرسی شانۆیی دەداتەوە و ئێوارانیش لەگەڵ مامۆستاکەی خوالێخۆشبوو (جەعفەر ئەلسەعدی) دەچێتە شانۆی میللی، یان شانۆی شەست کورسی. بەهرە و توانایی هونەری د. عـەونی کـەڕوومی وەک دەرهێنەرێکی بە سەلیقە دوای دەرهێنانی شانۆییە بەناوبانگەکەی برتۆلد برێخت (گالیلۆ گالیلی) بەدیار کـــەوت، دوای ئـەوەش کــارێکی داهێـنەرانەی تری پێشکەش کرد ئەویش شانۆی (مرۆڤی چاک) بوو، بەڵام گرنگترین شانۆیی کە د. عەونی کەڕوومی پێشکەشی کردبێت شانۆیی (لایلایەی کورسییەکی لەرزۆک- ترنیمة الـكرسي الهزاز) بوو، ئەم شانۆییە بە دەیان نووسین و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە، کە بووە هۆی ئەوەی لێکدانەوەو تیڕوانینی جیاوازی بۆ بکرێ، هەم لە نێوەندی شانۆی عێراقی و هەم لەسەر ئاستی شانۆی عەرەبیش، چوون ئەم کارە لە قاهیرە و توونس و مەغریب پێشکەش کرا، دوای ئەوە ئەم گەنگەشەو گفتوگۆیانە پەڕییەوە ئەورووپا و لەنێو شانۆکارە عێراقییەکانی ئەوێ زۆر شتی هەمەجۆری لەسەر وترا و نووسرا، هەر بۆیە داوایان لە د. عــەونی کــرد نمایشــەکــە لە ئەورووپا پێشکەش بکات، ئەوە بوو پێش زیاتر لە (١٠) ساڵ لە شـاری (لایدن)ی هۆڵەندی ئەم شـانۆییـە نمایش کـرا و خـاتوونی هونەرمەند (ئینعـام ئەلبطاط) کـە پاڵەوانی سەرەکی نمایشەکە بوو، ڕۆڵی تێدا گێـڕا. د.عـەونی کەڕوومی جگە لەوەی دەرهێنەرێکی بە توانا و بەهرەدار بوو، لەبواری نووسین و کـۆرسی شـانۆیی و سـازدانی وۆرک شۆپی هونەریی بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی هەبوو، ئەوەتا جگە لە کتێبەکانی کە بە زمانی عەرەبی چاپی کردوون وەک (هونەری نواندن) و (ڕێگاکانی وانە وتنەوەی نواندن) و (شانۆی قوتابخانە) و (نووسەرانی شانۆی ئەڵمـانی هاوچەرخ) و (ڕۆبەرتۆ جۆلی و شانۆی ڕۆهەر)، بە زمـانی ئەڵمـانی دوو کـتـێـبی بە چاپ گەیاندووە، ئەمانیش (بار و ئاراستەی شانۆی عێراقی و عــەرەبی) و (باری شــانۆی عــەرەبی نوێ)، لەگــەڵ

ئەمانەشدا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و نووسینی لەبارەی شانۆی عێراقی و سووری و لبنانی و چەندین بواری ترەوە، لە گۆڤاری (تیاتر دیرتسایت) کە بە زمانی ئەڵمانی دەردەچێت، بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٢ بەم لاوە چەندین وۆرک شۆپی شانۆیی لە تورکیا و میسر و عەممان ساز کردووە، دوای ڕووخانی دکتاتۆری عێراقیش، هەوڵی دا پرۆژەیەکی شانۆیی لە شێوەی وۆرک شۆپێک ئەنجام بدات و ناوی نا (شانۆ لەنێو پاشماوەکان) کە لە ساڵی ٢٠٠٣ سازکرا، دوای ئەوە هەوڵی دا وۆرک شۆپی (بەغدا-بەرلین) ئەنجام بدات کە تایبەت بوو بە ناساندنی شانۆی ئەڵمانی بە شانۆکارانی عێراقی و گوێدانی پێوەندی و دیالۆگ لە نێوان شانۆکارانی هەردوولا و داڕشتنی پرۆژەیەک بۆ دووبارە بنیادنانەوەی شانۆی عێراقی، لەم وۆرک شۆپەدا بایەخێکی زۆری بە زمانی جەستە و گوزارشتی شانۆیی و دەنگ و ئیلقادا.

لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧-١٩٩٧ چەندین کۆرسی شانۆیی لە زانکۆکانی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان و ئەڵمانیا داوەتەوە و لە چەندین کۆنگرە و فیستیڤاڵی شانۆیی جیهانی بەشداریی کردووە، وەک سەنتەری نێو دەوڵەتی شانۆ لە براگ و بەرلین و فیستیڤاڵەکانی شانۆی جیهانی لە ئەڵمانیا و دیونیسیۆس لە ڕۆما و سیبوا لە ڕۆمانیا و ڕێگای حەریر لە مۆڵهایم و قەرتاجی شانۆیی لە توونس، کە تێیدا چەندین خەڵات و بڕوانامەی ڕێزلێنانی وەرگرتووە.

ئەوەی کە د. عەونی کەڕوومی وەک هونەرمەندێک جیادەکاتەوە و تایبەتمەندیی پێ دەدا، ئەوەیە کە هونەرمەندێکی مرۆڤ دۆست بوو، هەست بە ئازار و مەینەتییەکانی خەڵک و میللەتانی دەوروبەری دەکرد و لەگەڵیان دەژیا و هەوڵی دەدا لە کارەکانیدا گوزارشت لە ئەندێشەکانیان بکات، د. عەونی هەرگیز نەوەکو مەسیحییەک و نەوەکو تاکێکی عەرەب ئینتیمای نەتەوەیی و تایفەگەریی بەسەریدا زاڵ نەبوون، ئەوەتا لە گەرمەی ئەنفال کردنی میللەتی کورددا، بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەم مەرگەساتە نامرۆڤانەیە، بخاتە نێو خودی نمایشەکانی و بەرجەستەیان بکات، هەر لە شانۆیی (لالایەی کورسییەکی لەرزۆک) تا دەگاتە شانۆیی (هاواری بێ دەنگییەکی لاڵ)ی نووسەری کورد (محێدین زەنگنە) کە بەزمانی کوردی لە فیستیڤاڵی سێیەمی شانۆی کوردی لە بەرلین لە ساڵی ٢٠٠٢ پێشکەش کرا، زۆر باسی لە خەمە قورسەکانی مرۆڤ دەکرد، ئەو مرۆڤانەی کە دەڕۆن و ئیتر ناگەڕێنەوە، ئەو وێرانکارییەی کە کوردستانی کردە خاکێکی سووتاو، د. کەڕوومی هیچ کاتێک وەکو هونەرمەندێک ڕاستەوخۆ باس لە کارەساتەکان ناکات، چونکە بە بڕوای ئەو ئەمە کاری هونەر نییە، بەڵکو کاری هونەر گوزارشت کردنە لە ساتە قورسەکان و دەربڕینی ئەندێشەی مرۆڤەکانە، پیاوێک کە دەڕوا و ناگەڕێتەوە نێو ماڵەکەی، کوڕێک کە ون دەبێ، ژنێک کە هەردەم لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێرد و منداڵەکانی دایە، ئەمانە ئەو ڕەهەندانەن کە د. عەونی کەڕوومی کاری لەسەر دەکردن و نەهامەتی و ڕەشەکوژی مرۆڤی کوردی لەسەر شانۆ بەرجەستە دەکرد.

کاتێک شانۆی (ئارامگرتنی ئەیووب) لە لایەن تیپی (تیاتر دی تاسکوستو) پێشکەش کرا، کە تێیدا خاتوو ئەکتەری ئیتالی (ئانیت هینمان) ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕا، دوای نمایشەکە کە چەپڵەلێدانی هەموو ئامادەبووان خامۆش دەبێ، بە تەنیا د. کەڕوومی لەسەر پێ دەوەستێ و چەپڵە لێدەدات و هاوار دەکات (براڤۆ.. براڤۆ...)، لەبارەی ئەم هەڵوێستە و ئەم بایەخدانە بەم نمایشە،



کەرِوومی دەڵێت: (ئەوەی ئەم خاتوونە پێشکەشی کرد، من ئاواتە خواز بووم خۆم پێشکەشی بکەم، ئەم خاتوونە توانی من بجوولێنێ و یادەوەری داهێنانم بخاتە گەڕ، لەبەر ئەوەی نواندنەکەی زۆر ڕاستگۆیانە و داهێنەرانە بوو، من دەتوانم بڵێم ئەو تەمسیلی نەدەکرد، بەڵکو هاواری دەکرد کە کێشەی میللەتێکی زۆرلێکراو بە جیهان بگەیەنێ، میللەتێک کە بە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە ڕەشەکوژکراوە و لەسەر خاکی خۆی ئەنفال کراوە، کە ئەویش میللەتی کوردە، مرۆڤایەتیش هەموو سنوور و زمانەکان دەبەزێنێ و هەموو دەمامک و ڕووپۆشەکان لە ئاستیدا دەکەونە سەر زەوی). ئا بەم شێوەیە د. کەرِوومی ویژدانی مرۆڤایەتی دەجووڵاو لەگەڵ کێشەی هەر میللەتێکی مەزڵوومی سەر گۆی زەوی، کاریگەری و کارتێکردنی هەبوو.

د. عەونی کەرِوومی کاتێ کە لە فیستیڤاڵی سێیەمی شانۆی کوردی لە بەرلین بە شانۆی (هاواری بێدەنگییەکی لاڵ) بە زمانی کوردی بەشداری کرد و خەڵاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرت، لەبارەی ئەم خەڵاتە دەڵێ: (من زۆر خەڵاتی جیهانیم لە فیستیڤاڵەکانی بەغدا و قاهیرە و قەرتاج و هاڤانا و بەرلین وەرگوتووە، بەڵام ئەم خەڵاتەی فیستیڤاڵی سێیەمی شانۆی کوردی لای من لە هەموویان ئازیزترە و لە سەرووی هەموو خەڵاتەکانە و تا تەمەنیشم مابێ پارێزگاری لێدەکەم).

بە بۆنەی تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر تەمەنی هونەری و داهێنانی ئەم هونەرمەندە گەورەیە، لەلایەن (سەنتەری برێخت) لە ئەڵمانیا خەڵاتی (نمایندەی کولتوورەکان -وسیط الثقافات)ی پێ بەخشرا، پاش ئەوەی کۆڕێکی سێ کاتژمێری بۆ تیشک خستنە سەر ئەزموون و تەمەنی هونەری و داهێنانی ئەم هونەرمەندە بەسترا بە تایبەتیش وەک نێوەندێک کە کولتووری ئەڵمانی و عێراقی بەیەکەرە دەگەیەنێ و بەیەکتریان دەناسێنێ.

د. عەونی کەرِوومی پاش ئەوەی چل ساڵ زیاتر خزمەتی شانۆی عێراقی کرد و زیاتر لە (٧٠) ساڵ شانۆیی دەرهێنا و پێشکەشی کرد، کە هەندێک لەم شانۆییانە زیاتر لە جارێک کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، شەوێک لە شەوەکان لە کاتی نمایشی دووەمی شانۆیی (ڕێبواری شەو)ی شاعیری میسری (سەلاح عەبدولسەبوور) لەسەر تەختەی شانۆ، ئەو تەختەیەی کە هەموو کاتەکانی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو، مەرگ یەخەی پێدەگرێ و لە خۆشەویستترین ئەڤینداری خۆی جیای دەکاتەوە و ماڵئاوایی لێ دەکات، د. کەرِوومی ئەگەرچی مەرگ بواری نەدا چیتر بەخششەکانی بخاتە سەر شانۆ، بەڵام بە دڵنیاییەوە داهێنان و بەخششە جوانەکانی هەردەم وەکو چرایەک ڕێگای شانۆکاران ڕووناک دەکەنەوە و وەکو مرۆڤێکی گەورە لە زەین و یادەوەری شانۆکارانی عێراقی بە کورد و عەرەبەوە، تەنانەت شانۆکارانی عەرەب و جیهانیش هەر دەمێنێتەوە، چونکە هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوانەن کە مێژووی سەروەری دەنووسنەوە.

**سەرچاوە:**

**(١) مسرحيون، حوار مع عوني كرومي، عدنان حسين أحمد، ٢٠٠٥**

**(٢) مسرحيون، مبدعون عراقيون في الغربة، أياد شاكر، ٢٠٠٥**

**(٣) مجلة الخشبة، ورشة عوني كرومي لم تكتمل، صلاح حسن، ٢٠٠٥**

**(٤) الفوانيس المسرحية، وداعاً قديس المسرح العراقي والعربي، عصمان فارس، ٢٠٠٥**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**چاوپێکەوتنێ لەگەڵ شاعیر جەلال جۆبار**

ڕۆژی شـــەممە ڕێکەوتی (١٧/١/ ١٩٨٠) لە کـــۆیە لەماڵی خۆیان، بە ئامادەبوونی یادی بەخێر هونەرمەند (ئەنوەر تاهیر)، لەو ڕۆژەوەش تا ئەمڕۆ زیاد لە جارێک بەیەکەوە دانیشتووین و لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆی زۆرترمان کردووە، دواجاریش لەناو قەیسەری نوێی کۆیە دانیشتین ڕێکەوتی (٢٠/٩/٢٠٠٦) بوو.

مامۆستا جەلال جۆبار بەم شێوەیە هاتە دوان و گوتی:

شاری کۆیە هەر لەکۆنەوە سەرشاری ئەدەب و هونەر و پێشکەوتنخوازی بووە، بۆ گۆرانی و موزیکی کوردیشمان، ئامێرەکانی موزیک لەکۆیە ژمارەیان زۆر نەبووە، (زوڕنا) و (دەهۆڵ) و (شمشاڵ)ی شوان کە زووتر (بلوێر) بووە و لە قامیش دروست کراوە، هەروەها ئامێری(تەنبوورە) و ئامێری (سەنج- تاس مەعرف) زۆرتر لەو کاتانەی قوتابیان بۆ سەیران دەچوون، ئەو ئامێرەو ئامێری (تەپڵ)ی سەربازی کە بەهۆی قایشێکەوە، لە مل دەکرێت، دەکوتران تا شوێنی سەیران و لەو سەریش کاتێک قوتابیان، لە سەیران بەرەوماڵ دەگەڕانەوە بە هەمان شێوە، وەک ڕۆیشتنی سەربازی بە یارمەتی ئەو ئامێرانە بەرێوە دەچوون، بەڵام بەبێ موزیکیش گۆرانی گوتراوە، ئەو گۆرانیبێژانەی لەکۆندا لە کۆیە هەبوونە و من نەمدیون: (عەبەی چایەچی)، گۆرانیبێژێکی بەتوانا بووە، (حوسێن ئیسماعیل) گۆرانی لەسەر قەوانیش تۆمارکردووە، دیوێکی ئەو قەوانە (حەیران) بوو، حەیرانەکە سەرەتا بەوە دەستی پێ

**وریا ئەحمەد**



جەلال جۆبار

دەکرد: ناچمە دیانان گوندێ فەلانە، دەچمە شارەکەی قۆجە بەغدایێ لەمن بە قەیسەری و دوکانە... تاد، دیوی دووەمی قەوانەکەیش بەستە بوو: (سۆتم دەردی حەلۆکێ)، مۆسیقای ئەو گۆرانییە بە ئامێری زورنا بوو، هۆنراوەکەیشی وا دەستی پێدەکرد:

**کاروانە کاروانە هات کاروانێ کەرداران**
**هێ خستیان لەبن داران سۆتم دەردی حەلۆکێ**
**(نموونەی ١)**

ئەو کاحوسێنە (قەیاغچی) بووە و خاوەنی دەنگێکی بەجگار خۆش بووە، هەموو جۆرە گوتنێکی گوتووە، هەتا مەقامیشی گوتووە، مەقامبێژێکی تا بلێیی چاک بووە، دەنگێکی قەبەی هەبووە، لە بۆنەی شایی (ئیجازە وەرگرتنی فەقێیان)یشدا گۆرانی گوتووە، ئەو پیاوە ژنێکی خووداری هەبووە، بانگیان کردووە (عەیشە شێت) خۆی و ژنەکەی لە پشت مزگەوتی منارە، لە کۆیە لە کۆلیتێکدا ژیاون، شەوانە کە ژنەکەی باری دەروونی تێک چووە، واتە کاتێک (خوو- صرع)ی هاتووەتێ، کا حوسێن گۆرانی بۆ گوتووە، بە گۆرانی گوتن ژنەی هێور کردووەتەوە! لەوکاتانە گۆرانی (لۆرکێ و لۆرکێ)ی بۆ دەگوت، هەر بەو ئاوازەی دواتر (حەسەن زیرەک) تۆماری کرد، جگە لەوانە مامۆستای گەورەی کورد (مەلا ئەسعەد) کە لەکۆیە پارێزەری گشت مەقامەکان و مامۆستای مەقامیش بوو، ئەو پیاوە چ وەک مامۆستای مەقام، یان مەقام خوێن و دەنگخۆش لە کۆیە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی، (حاجییە گەورە)شم دیوە، بەڵام ئەوکاتەی من دیتم ئەو کەوتبوو، لەبن دەرگەی ماڵی خۆیان کە دەکەوتە لای (دەرکی خۆشناوان)* لە بازاڕە گچکەلەی کۆیە، بەرەو هەوراز دەڕۆی، ماڵیان لەوێ بوو، ئینجا لەبن دەرکەی ڕاکشابوو، لاقی نەمابوو، ئەو پیاوە بە ئەسڵ (دەباغچی) بوو، ئەدەب دۆست و حەزی لەگۆرانی و لە مەقامی کوردی بوو! (ڕەفیقی چارچاو) کابرایەکی زۆر زۆر دەنگخۆش بووە، مەلا ئەسعەد یادی بەخێر باسی دەکرد، من بەچاوی خۆم نەمدیوە، برادەری مەلا ئەسعەدی بووە، باوکی ئەو ڕەفیقە (چاوێلکەی لە چاو) کردووە و ئەو دەمانەش کەم کەس چاوێلکەی کردۆتە چاو، بەو هۆیەوە نازناوی (چارچاو)ی دواکەوتووە، گۆرانیبێژێکی بەتوانا بووە، لەگەڵ مەلا ئەسعەد پێکەوە گۆرانییان گوتووە، دیسان (مەڕیێنی قەشە شابیل) ئەویشم بە چاوی خۆم نەدیوە تەنیا بیستوومە)، (حەنیلەخڕە)شم نەدیوە، بەڵام لە (سێوە)م زانیوە، سێوە بۆی باسکردم و گوتی: ئەو مەقامانەی من دەیانڵێم هەمووی لە حەنیلەوە فێربوومە! هەموویم لەو وەرگرتووە، سێوە گوتی: نازانم حەنیل لە چ کەسێک بیستبوویەوە کە من دەم لەو مەقامانە دەدەم، بۆیە ڕۆژێکیان بەدوایدا ناردم و گوتی: بیستوومە ئەتو ئەو مەقامانە دەڵێیی، وەرە دانیشە مەقامی ئایشە گوڵم بۆ بڵێ؟ سێوە گوتی: منیش لە ڕاستیدا شەرمم لێ دەکرد، ناعیلاجی دانیشتم و بۆم گوت، کە دەستم بە گوتنی مەقامی ئایشە گوڵ کرد، لە هەندە شوێنان حەنیل دەیگوت: ئای! ئای! تۆ ئەو مەقامانەت هەمووی تێکداوە! کاک جەلال گوتی:حەنیلە خڕە، کە سێوە، بە مامۆستای خۆی دادەنا، ڕای لە گوتنی سێوە بۆ ئەو مەقامانە نەبووە! سێوە دەیگوت: حەنیل پیاوێکی ورگن بوو، ئەو مەقامانەی وەک (سەحەر، ئایشە گوڵ، کراسی شەنگ مێرەم، ئارێ گورێ...تاد) هەر هەموویم لەو حەنیلە وەرگرتووە و فێریان بوومە! هەروەها (نەشئەتی ڕەشیداغای) دەنگخۆش بووە، ئەمەیشیانم نەدیوە، بەڵام لە سێوە و مەلا ئەسعەدم بیستووە، مەلا ئەسعەد باسی ئەمەیانی بۆ کردووم، دەیگوت: نەشئەت ئاغا وەک گۆرانیبێژێک لەگەڵمان بوو، جگە لەو (سمایلەخڕە)ش وەک دەنگخۆش و گۆرانیبێژ هەر لەگەڵماندا بوو،

جارێکیان مەلا ئەسعەدم برد بۆ بەغدا بۆ ئێزگە، بەو مەبەستەی گۆرانی بۆ ئێزگە تۆمار بکات، (عەبولئەحەد جەردیس)مان لەوێ دیت، کاتێک زانی ئێمە لەکۆیەوە هاتووین، گوتی من لەمانگی ڕەمەزانان زیاد لەجارێک لەکۆیە موزیکم لە چایخانەی (سەعدی ئاغا) ژەندووە! کاک جەلال گوتی: من زۆر لە مەلا ئەسعەدەوە نزیک بووم، کاتێکیش نزیکی سەرە مەرگ ببوو، من زۆر خزمەتیم کرد، ئینجا مەلا ئەسعەد لای من وەسیەتی کرد و گوتی: (کە مردم لە «تاتوکی قەراتێ» بمنێژن، چونکە کاتی خۆی ئێواران لەگەڵ هاوەڵانی دەنگخۆش و مەقامخوێنان لەوێ بەقاپی مەیەوە دادەنیشتین! بۆیە ئەو شوێنە و ڕابواردنی ئێوارانی بەزم و گوتن ئامێزی ئەو شوێنەم قەد بیر ناچێت!) لەکۆیە (تاتوکی بەفری قەندی) و (هەواوان)یش هەیە، کاتێکیش کۆچی دوایی کرد من وەسیەتەکەیم بە جێ گەیاند و هەر لەو شوێنەمان ناشت.

(ئەمین ئاغا) شاعیر بووە شیعرەکانیم بیستووە، بۆ نموونە هۆنراوەی: دەخیلت بم لە عوششاقت مەڕەنجە:

**(نموونەی ٢)**

**دەخیلت بم لە عوششاقت مەڕەنجە**
**دڵ و دینم فیدای ئەم لارو لەنجە**
**لە دەوری عارضت کاکۆلی پڕچین**
**دەڵێی ماری سیای ئێشکچی گەنجە**
**لەگورجستان و چین وەک تۆم نەدیوە**
**لە ماچین پشکنیم تا مڵکی گەنجە**
**بەهای خاڵی هیندووت هیندو نەوبە**
**فیدایی لەنجەکەت شیراز و طەنجە**
**هەتا وەک شیری دایکت لێت حەڵاڵ بێ**
**خەناویی کە بە خوێنم دەست و پەنجە**
**ئەوەندەم خاک بەسەردا کرد لەهیجرت**
**زەمین دووی بوو بەتۆز ئێستاکەپێنجە**
**لەدووری تۆ لەتۆ دوور ڕوحەکەی من**
**نەصیبی دڵ بەڵاو دەرد و ڕەنجە**
**تەماشاکە سەراپا ماهم (ئەختەر)**
**هەموو عیشووە و فریب و ناز و غەنجە**

(ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ئازاد عەبدولواحید، ١٩٧٦ هەولێر، ل٣٨-٣٩)

ئەمین ئاغای ئەختەر هۆنراوەی دیکەیشی زۆرن وەک (لەپاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن) کە (مشکۆ هەولێری) گوتوویەتی، بەڵام مشکۆ هەندێ لەو هۆنراوەیەی دەسکاری کردووە، ئەختەر دیارە زۆر حەزی لە مەقام و گۆرانی گوتن و بەزمو ئەوانە بووە، لە دیوەخانەکەی شەوانە ئەو دەنگخۆشانە خڕبوونەتەوە و تادرەنگی شەو، دەنگی گۆرانی و مەقام و بەزم و ڕەزم بووە! دیارە ئەو پیاوە بە هۆنراوە هاوکاری ئەو دەنگخۆشانەی کردووە، مەلا ئەسعەد بۆی گێڕامەوە و گوتی: ئەمن زووتر لە سلێمانی، برادەرایەتیم لەگەڵ (ئەحەی ناسر)دا هەبوو، جگە لەو برادەرایەتیم لەگەڵ گۆرانیبێژێکی سابڵاخیشدا هەبوو بە ناوی (عەجەم ئۆغلی)؟ لە وەرامی پرسیارێکی مندا گوتی: ئەو گۆرانیبێژە کورد بووە، بەڵام ئەو ناوەی هەبووە! ئەو دووانە زۆر بەرز بوونە لە مەقام و هەم لە بەستە گوتنیشدا، جا ئەوانە و غەیری ئەوانە دەهاتن بۆ دیوەخانەکەی ئەمین ئاغای ئەختەر و بەدەنگ و سەدا و مەقام گۆتن بەشدارییان لەو شەوە تایبەتمەندانەی لە دیوەخانی ئەختەر لەکۆیەدا دەکرد، زووتر لە کۆیە گۆرانی گۆتن لە دیوەخانەکان هەبووە، بۆ نموونە: لە شایی دەرچوون و ئیجازە وەرگرتنی فەقێیاندا گۆرانی و شایی هەبووە،لەمەولوودان، لە بووک گواستنەوەدا، لەو بۆنانە هەمووی لەکۆیە گۆرانی گوتراوە، بە تایبەتی کاتێک بووک دەگەیشتە بەردەمماڵی زاوا، چەند کەسێکی دەنگخۆش لەسەربان یان سەر سواندەی ماڵی زاوا دەوەستان و گۆرانیان دەگوت و لە هەمان کاتدا نوقڵ و چوکلات و پارەی وردەیان بەسەر بووکدا دەباراند (دیارە ئەوکاتە بووک، یان بە پێیان دەبرا ماڵی زاوا و زەلامێکیش بە ئاوێنەیەکەوە لەبەردەمیدا دەڕۆیشت، یانیش بە سواری وڵاخ دەبوو، کاک جەلال گوتی: من منداڵ بوومە (کاک جەلال جۆبار ساڵی **١٩٢٩** لەکۆیە هاتۆتە دنیاوە) سەعدی ئاغا چایخانەی هەبوو لەکۆیە لەسەر مەیدانێ و مانگی ڕەمەزانان دەچوو (کاوێس ئاغا)ی دەهێنا تا لە چایخانەکەیدا لاوک و بەستان بڵێت، (حاجی قادری پەڕەکار) و (مام عەلی سەمەنێ) دەنگخۆش بوون، لەکۆیە ناودار بوون، باوکیشت (ئەحمەدی حەمە مەلا)، من گوێم لە باوکت بووە کاتێک گۆرانی گوتووە، دەنگی باش بوو ئەدایەکی جوانی هەبوو، باوکت بە زۆری ئەو شیعرانەی (عەونی) دەگۆت، وەک: بەقەد شمشادی بوستانە بە ڕوو باخ و گوڵستانە، وەکو قومری لە باخ و جۆیی باران، حەلقە حەلقەی زوڵفی یاری من هەمووی پێچ و غەمە، ئەو هۆنراوانەی بە بەستە و هەم بەمەقامیش دەگوتن:

**به قەد شمشادی بوستانە بە ڕوو باغ و گوڵستانە**
**بە لێو کەوسەر بە چاوساقی بەوێنە حور و غیلمانە**
**لەسەرکێوی دڵم دایم وەکو مووسایی عیمرانە**
**بە شوعلەی شەمعی ڕوخساری هەموو دنیا چراخانە**
**تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خوبانە**

* * *

**لەنێو خوبانی عالەم تاکە ئەم شۆخە بەبێ باکی**
**بە حوسنی سەرکەش و مەغرووره مەشهووره بەسەفاکی**
**دڵە گەر تۆ نەترساوی چییە وا مات و غەمناکی**
**لە مەیدانی مەلاحەت شاسوارێکە بەچالاکی**
**تەماشای دولبەری من کەن سوپا سالاری خوبانە**

* * *

**شوکر یاران لە قەیدی خەم دڵی بێ چارە ئازادە**
**دەخیلت بم وەرە موتریب فیدات بم ساقیی سادە**
**لەبۆم لێدە لە عود و نەی پەیاپەی بۆم بێنە بادە**
**حیکایاتی من و یارم وەکو شیرین و فەرهادە**
**تەماشای دولبەری من کەن سوپاسالاری خوبانە**

* * *

**بەیان نابێ بە نووسین چەندە شیرین و چ مەحبووبە**
**بە لەنجەی سەرو مەعیووبە، بەخەندەی خونچە مەحجووبە**
**بیحەمدیللا کە بێ هەمتایە وەک ئەولادی یەعقووبە**
**بە ئینغام و عەتا یارم بە حەققەت کانی مەتلووبە**
**تەماشای دولبەری من کەن سوپاسالاری خوبانە**

* * *

**لە ترسی تەڵعەتی ڕووی ڕۆژ کە سەرگەردانە هەڵنایە**
**نە ئەو هات و نە ئەم هەڵهات دەزانم ئەو کە هەر نایێ**
**کە قەیسی عامری چی بوو لە عەشقی ڕووی لەیلایێ**
**هەموو عالەم ئەگەر بێ بێتە مەجنوون عەیبی لێ نایێ**
**تەماشای دولبەری من کەن سوپاسالاری خوبانە**

* * *

**دەگرییەم و دەناڵم ڕۆژ و شەو لە هیجرانی**
**لە دەریایی خەفەت خنکام وەکو (عەونی) کە نازانێ**
**لەلایێ جەیشی ئەگریجەی، لەلایێ تیپی موژگانی**
**هەزار عاشق کەتاب و تاقەتی نابێ لە مەیدانێ**
**تەماشای دولبەری من کەن سوپاسالاری خوبانە**

باوکت یادی بەخێر کاتێک دەیخواردەوە و ئەو گۆرانیانەی دەگوت، گوتم کاک جەلال مامۆستا (کەریم شارەزا) لەو پێشەکییەیدا کە بۆ کتێبی (گوڵی سەربەستی) تایەر تۆفیقی نەمر نووسیویەتی دەڵێت (نموونەی ٣): (ئەحمەدی حەمە مەلا) لەکۆیە یەکەم گۆرانیبێژبووە، هونەری ئاوازو گۆرانی کوردی، لە کۆڕی ئاینی و مەولوودی پێغەمبەر و لەسەر منارە و مەحفەل و گومبەتی مزگەوتانەوە، هێناوەتە ناو کۆڕی جەماوەری میللەت و هاویشتوویەتییە قاڵبی گۆرانی نەتەوایەتی و ڕامیارییەوە...تاد) تۆ دەڵێی چی؟ بەڵێ ئەمە دەزانم، لە کۆیە باوکت و عومەری مام عەولای و عەونی شاعیر و زووتر دڵداری جوانەمەرگی شاعیر، تاقمێکی پێشکەوتنخواز بوون، یادیان بەخێر، هەر ئەو تاقمە گەنجە ڕۆشنبیرەش بوون لە کۆیە، (ڕۆژباش) و (شەوباش) و ئەوانەیان یەکەم جار بەکارهێنا، یەکەم جار خەڵکی کۆنەپەرست و نەفام، پێکەنینیان بۆ نموونە بە (ڕۆژباش) و ئەوانە دەهات! دەیان گۆت: سەلام سەلامی خودایە، ڕۆژباش چییە؟! باوکت گۆرانی نیشتمانپەروەری دەگۆت (شیرین بەهارە) و (ئیش کە ئێستا ڕووی لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی) ئەو هۆنراوانەی دەگوت.

گوتم مامۆستا هەندێک گۆرانی لە کۆیە هەن، دەتوانین بڵێین تایبەتمەندن بە شاری کۆیە، چ لە ڕووی (ڕەزم) بێت کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەزمەکانیان گرانن (لەسەرەخۆن- هێواشن) یان لە ڕووی ئاوازەوە کە دیسان ئاوازەکانیان قورسن و ئەداکردن و هەم قورگێکی بە توانای دەوێت، چ لە ڕووی تەکنیکەوە بێت یانیش توانا و ڕووبەری ئەو قورگە، هیچ نەبێت لە توانای دابێت تۆنی (دەنگی) بەرز و هەم تۆنی گڕ، بخوێنێت و سەرەڕای ئەوانە ئەوکەسە خاوەنی نەفەسێکی درێژ و قووڵیش بێت؟ ئەو گۆرانیانەی گوتم، گەر بڕۆیتە هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، سەیر دەکەیت بەدی ناکرێن، تۆ ئەمە بە چی لێک دەدەیتەوە؟ هەر بۆ نموونە گۆرانی (ئاهویار، دەماغم وەزنە، بۆ فریبی عاشقان، لەو کوڵبەیی ئەحزانە، بازان باز قەتار، شلەوخانان، سام سام، مەلا بانگدانێم پێخۆشە و دەیانی دی)؟

کاک جەلال گوتی: من ئەو گۆرانیانەی باست کردن و زۆری دیکەش لە کۆیە نەبێت، لە شوێنی دیکەدا بەر گوێم نەکەوتوون، دەتوانین بڵێین ئەو ئاوازانە تایبەتمەندی گۆرانی شاری کۆیەن! لێرەدا گوتم: مامۆستا گۆرانییەک لەوانەی باسمان کردن (مەلا بانگدانێم پێخۆشە ئامین ئامین ئامینێ) من لەسەردەمی منداڵیمدا دەیان جار لە باوکی خۆم بیستووە گوتوویەتی، کەچی ساڵی (١٩٨٠)

ئەو گۆرانییە لەناو کاسێتی نوێی گۆرانیبێژ (قادری سەیاحی)دا لەگەڵ کۆمەڵێک گۆرانی دی بە تۆماری گەیاندبوو، لەو ساشەوە تا ئەمڕۆ بە ئاواتم ڕۆژێک ئەو گۆرانیبێژە ببینم و پرسیاری ئەوەی لێکەم ئەو گۆرانییەی لەکوێ و لەچ کەسێکەوەی بیستووە؟ لێرانە کاک جەلال گوتی: گەلێک جاران گۆرانی لە کوردستانی ئەو دیوەوە، بە ئێمە دەگەیشت، من لەبیرمە زیاد لە جارێک گۆرانیبێژی لاو دەهاتن لێرە لە کۆیە لە چایخانەکان دادەنیشتن گۆرانییان دەگوت، ناویشیانمان نەدەزانی، ئەوانە هەندێکیان خەڵکی (سەردەشت) و ئی دی خەڵکی (سابڵاخ) و بەو جۆرە، کابرایەکی دی هەبوو ناوی (مەمەد) بوو، کرمانج بوو (کوردی باکوور) بوو لە شەڕدا گوللەیەکی بە لێوی کەوتبوو، بەوهۆیەوە توانای ژەنینی زوڕنای بە لێو نەمابوو، هەستابوو ئامێرێکی زوڕنا هەمانەی زیرەکانە دروست کردبوو! لەکۆیەماڵی (کوێخا حەوێز) و ئەوان بە برینداری دەیبەنە ماڵی خۆیان، تا برینی سارێژ دەبێت، دوای ئەوە لە کۆیە نیشتەجێ بووە، ژنی هێناوە و دوو کوڕی هەن (حەسەن و سەمەد) مەمەد، کە هەردووکیان لە ئامێرەکانی دەهۆڵ و زوڕنا و دووزەلەو شمشاڵی ئاسن و بلوێرو ئەوانەدا وەستای چاکن.

بۆ مامۆستا (جەلال حەوێز)یش یادی بەخێر، شەوێکیان لە ماڵیان دانیشتبووین، میوانێکی عارەبی هەبوو، هەستا چوو (عوود)ەکەی هێناو دەستی بە عوودژەنین کرد و چەن ئاوازێکی لێدا، ئاگام لێبوو میوانەکەی زۆرچاک گوێی لە عوودژەنینی مامۆستا جەلال حەوێز گرتبوو، ئەو ئاوازانەش کە ئەو شەوە ژەنینی هەر ئاوازە باوەکانی ناوچەی کۆیە بوون.

(عەبدولواحێد حاجی ئاغا مستەفا) کە لە عەسکەری ژەنینی ئامێرەکانی فوو، فێر ببوو، کاتی خۆی ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبووە، لە فێرکردنی منداڵ و مێرمنداڵی شاری سلێمانیدا.

دەربارەی تەکییە و ئامێرەکانی موزیک گەر لەناو تەکییەکانی کۆیەدا: وەک (تەکییەی تاڵەبانی) و (تەکیەی بەرزنجی) هەبووبن و کام ئامێر بوونە؟ گوتی: لەو ڕۆژانەی زیکر و ستایشی خوا لە تەکییەکاندا بەڕێوەدەچوو، زۆرتر لەلایەن دەروێشانەوە ئامێری (دەفی گەورە) دەژەنرا، ئامێری موزیکی دیکەم نەدیوە لە تەکییەی کۆیە بژەنرێت! ئامێری دەف جگە لەناو تەکییەکان، لە مەولوودیش بەکاردەهات، بۆ نموونە: فەقێ حەمەدە کوێرە، بەبێ ئامێری دەفی گەورەی دەروێشی مەولوودی نەدەخوێندەوە، هەرچەندە نابینابوو، کەچی لە ماوەی (٣ تا ٤) ڕۆژدا توانای لەبەرکردنی هۆنراوەیەکی تەواوی هەبوو، ئینجا بۆ نموونە: هەندێ هۆنراوەی منی وەک تەنزیلە لە مەولوودەکاندا دەخوێندەوە، هەرچەندە دەقەکان نیشتمانپەروەریش بوون! بەڵام ئەو زۆر حەزی بەوکارە بوو، بە پێچەوانەی مەلا ئەسعەد کە زەینی زۆر خراپ بوو، من دەمزانی خاوەن دەنگێکی باشە، زۆر جاران هەوڵم دەدا هۆنراوەی خۆمی پێ لەبەربکەم، بەڵام چونکە چاوی باش نەبوو، هەرچەند هەوڵم دەدا فێریان نەدەبوو، دەیگوت: خەم لێ ناگەڕێ! (حەمەدەمینی عەباس) یەکەم جارکە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، لاوکێکی دەگۆت (لاوکی دەلال) هەتا وای لێهات بەسەری دابڕا پێیان دەگۆت: حەمەدەمین دەلال! لەوە زیاتر شتێکی دیکەی نەدەزانی، دوایی هات گەیشتە لای من، ئەو شیعر و شتانەی لە من وەردەگرت، ئەمن ئاوازی ئەو هۆنراوانەیشم فێر دەکرد، بەڵام چاکی وەردەگرت، (باقی مامساڵحی- باقی سەرتاش) ئەمەیشیان لە لەبەرکردنی شیعر و ئاوازدا تەمبەڵ بوو، هەرچەندە دەنگی زۆر باش بوو، هەندە شتی وەرگرتبوو، جا لە مەولوودان یا لەشاییان، ئەوانەی زۆرباش دەگوتن، (حەمە ساڵحی مەلایان- شاییان) هەبوو تایبەت بوو بە گۆرانی شاییان، لە ناو شاییدا توانای هەبوو دوو کاتژمێر گۆرانیت بۆ بڵێت، بگرە لەوەیش زیاتر، شاییکاران دەبوون بە (کۆڕ) بۆی، واتە چی دەگوت ئەوان بۆیان دەگێڕایەوە، کوڕێکی دیکەش هەبوو (ڕەشید حەیران)یان پێ دەگۆ، خەڵکی گەڕەکی (هەواوان) بوو، ئێستا کوڕێکی دەنگخۆشی هەیە بەناوی (شەوقی) لە (ڕانیە) دادەنیشێت و قورئانخوێنێکی زۆرچاکە، ئینجا ئەو پیاوەیش وەک حەمە ساڵحی مەلایان، هەمان ئەو گۆانیانەی شاییەکانی ناوچەی کۆیەی دەگوتن و شاییەکانی گەرم دەکرد، (جلیتانێ) جاران ئەسپ سواران هەندێ ڕۆژ بە سواری پێشبڕکێیان دەکرد، بزانن کامیان لە سوارانی دی، سوارترە، یان سوارچاکترە، بە تایبەتی ئەوکاتانەی بووک دەگوێزرایەوە، ئینجا ئاوازێکی تایبەتی هەیە و بە ئامێری (شمشاڵی ئاسن) و زووتریش بە ئامێری (بلوێر) ژەنراوە، ئەو ئاوازە تایبەتی و کوردییە لە هەندێ شوێنی کوردستان (مەیتەرخانە)یشی پێ دەڵێن! ئاوازێکی دیکە هەیە، هەر بە ئامێری بلوێر دەژەنرێت و پێی دەڵێن (بووک و خەسوو)! ئەو

ئاوازانەش زۆرتر شوانەکان دەیانژەندن، گوتم مامۆستا گیان: ئێمە لەکۆیە (کافیە خانی مەلایان) و (فەقێ گورێ) و (ئامە شەل) خوشکی حاجی کاکەمان هەبوون، ئێستایش (سەبیحە خان)ی ژنی یادی بەخێر (کەریم کێشکەیی) کە خەڵکی کۆیەیە و وەک ئێمە لە (هەولێر) نیشتەجێیە {بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەو ژنە بەستەزمانە کە لە تەمەنی دایکم و ئەوانە، پێش ماوەیەک کۆست کەوتەی دەستی عەرەبە شۆفێنییەکان بوو، کاتێک (ئازاد)ی کوڕە گەورەی (کە باوکی هەشت منداڵ بوو) لە ڕێگەی (هەولێر/ بەغدا) زۆر نامەردانە بەبێ هیچ تاوانێک، لەگەڵ چەن شوفێرێکی کوردی تر، هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون، گوللە بارانیان کردن و تەرمەکانیشیان سووتاندن؟ داواکارین لە یەزدان سێبووری دڵیان بدات} ئەو ژنەش دەنگخۆشە و مەولوودخوێنێکی ناودارە، کاک جەلال گوتی: (نەعیمەی وەستا محێدین) هەبوو ئەویش هەر لە مەولوودان دەیخوێند، (فەقێ ڕابی)یش خوشکی (حاجی واحید) بوو، کوڕێکی هەبوو لە کۆیە (حاجی ناو بەقیمە) یان پێ دەگوت، دەنگێکی قەبەی هەبوو، هەندێک لەو ژنانەی سەرەوە لەناو شین وشەپۆڕیشدا، بە تایبەتی ئەگەر کەسێکی ناودار، یان گەنجێک جوانەمەرگ بووایە (سەردولکە) و (لاواندنەوە) یان بۆ دەگوت.

گوتم: مامۆستا گیان ئەی جوولەکەکانی کۆیە، کەسێکی مەقامزان، یان دەگخۆشیان نەبوو؟ مەبەستم وەک دیانەکانی کۆیە کە بۆ نموونە (سێوە)، یان (حەنیل)، یان (مەڕیێن) یان.. هەبوو؟ گوتی: من نەمبیستووە جوولەکەکان کەسێکی وا دەنگخۆش یا مەقامزانیان هەبووبێت! گوتم: باوکم باسی (مام ڕەحمین)ێکی جووی دەکرد لە کۆیە دەنگخۆش بووە، گوتی: باوکت زۆر لە جوولەکەکانەوە نزیک بوو! منیش شەوێکیان لەلای جوولەکەیەکی برادەرم داوەت کرابووم، من ئەوکاتە کە ساڵی (١٩٤٨) وئەوانە بوو کاری (پارتی دیموکراتی کوردستان)م دەکرد، دوو شانەم لە لابوو، یەکی جوولەکان و یەکی دیانەکان! بەخۆمەوە هەریەکەیان لە پێنج کەس پێکهاتبوون) جگە لەوە من و عەبدولڕەحمان ڕووتە و محەمەد شوانی وێنەگر و سەیدەی سەید سەعیدیش شانەیەکی دیکە بووین، ئەوکاتە (مام جەلال) کۆبوونەوەی پێ دەکردین! جا ئەندامێکی ئەو شانەیەی من هی جوولەکەکان ناوی (سدیقی لاولاو)بوو، ژنی خواستبوو پێی گوتم: حەفت ڕۆژان ئەتو داوەتی منی، جا تا لای بانگی شێوان، دەرگەیان لەسەر پشت بوو شایی دەکرا خەڵک دەهاتنە ژوورەوە، بەڵام دوای ئەوە دەرگەیان دادەخست، منیان لەگەڵ خۆدا بۆ ماڵی (بولبول- حەییووم)ی دەبرد، ئەویش تا ئەودیو واتە ماڵی (سدیق) چۆل دەبوو، شەوێکیان لەماڵی سدیق خۆییانە دانیشبووین، لەم سەر تا ئەوسەر ژن و پیاو دانیشتبووین، (شەمتۆجوو) و (لاولاو)یش لەوێ بوون، گوتیان: بیکەینە گەڕەلاوژە، ئەویش بریتییە لەوەی ئامادەبووان، دەنگخۆش و غەیری دەنگخۆش هەرکەسە دەبێ شتێک بڵێت!

لە منەوە دەست پێکرا و بەرەو ئەوانی دی چوو، (بولبول) کە نازدارێکی جووبوو، کاتی خۆی (عومەر جەلال) حەزی لێکردبوو زۆریش جوان بوو، لەوێ لەخوار منەوە دانیشتبوو، دەور گەیشتە سەر بولبول گوتی: من نایڵێم، لاولاو گوتی: بولبول (خائەد بابی) واتە بەسەری بابت، دەبێت بیڵێی، ئەمما کاتێک دەستی پێکرد، خەنەبەندانێکی گۆت! بە ئاوازێکی ئەوەندە خۆش گوتی:

**ئای خەنەبەندان خەنە بەندانە ئیمشەو**

**هەی لەماڵی دۆستان لیمۆ تاڵانە ئیمشەو**

**(نموونەی ٤)**

جا ئەو گۆرانییەی بەدەنگێکی نەرم و ئەوەندە خۆش گوت، گوێگرانی سەرسام دەکرد! جووەکانی کۆیە گۆرانییەکی دیکەیان دەگوت بە ناوی (ئەی هاوار لەناو ڕەزان).

گوتم: لە ناوچەی کۆیە وەک هەموو ناوچەکانی دیکە لە کوردستان، چونکە دروونە هەبووە، گۆرانی تایبەت بەو کارە هەبووە؟ گوتی: بەڕای من گۆرانی کوردی کۆن، یا هی دروونە، یانیش هی شاییەکانن!

*** دەرکی گەروێ و دەرکی خۆشناوان: دیارە لەکۆندا، کۆیە وەک زۆربەی شارە کۆنەکان، شوورەی هەبووە، ئەو شوورەیەش زیاد لە دەرگەیەکی هەبووە، یەکێک لەوانە (دەرگەی گەروێ) بووە.**

# کارتەکانی میمۆری و جۆرەکانی

ئا: فارس سەعدی

ئەگەر بتەوێ (٣-٥) گرتە لە کامێرای دیجیتاڵ دا بکەی، واتە خەزن بکەی، پێویستیت بە کارتێکی میمۆری بە فراوانی ٨ میگابایت دەبێت، ئەگەر وێنەکان بە دیقەتێکی بەرز بن. قەبارەی کارتی میمۆری پابەند دەبێت بەو وێنەیەی دەیگری لەگەڵ بابەتەکەش ئەگەر رەنگ و وردەکاری زۆربێت، رەنگەکانیشی جۆراوجۆربن، دیمەنەکە چەندی وردەکاری زۆرتربێت لەگەڵیدا جێی زۆر داگیر دەکات لەناو کامیرای دیجیتاڵی، لەهەمان کاتیشدا کارت میمۆرییەکی فراوانتری دەوێ بۆ داکردنی وێنەکان.

مەرج نییە هەردەم وێنەکانت بە دیقەتی بەرز بگری، واتە چڕی خاڵەکانی زۆر بەرز بێت واتە-Max Res olution، بەتایبەتی ئەگەر مەبەستت لە وێنەکان ئەوە بێت بە پۆستی ئیلکترۆنی رەوانەی شوێنێکی دیاریکراو بکەی و لە سایتێکی ئینتەرنێت بڵاویان بکەیتەوە، لەم حاڵەتەدا چڕییەکی کەمت پێ دەوێ. هەمان شت ئەگەر وێنەکان لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو بکەیتەوە، چڕیەکی کەمی پێدەوێ، نیوەی چڕی بەسە بۆ بڵاوکردنەوە. ئەگەر وێنەیەک بە چڕییەکی بەرز، واتە بە فایلێکی گەورە بگری گەر وێنەکانیش زۆربن، ئەوە حاڵەتێکی ئاڵۆز دروست دەکەن، بۆیە کۆمپانیاکان کەوتوونەتە دروست کردنی کامیرای دیجیتاڵی کە بە سیستمێکی وا وێنەکان تۆمار بکەن بەچڕی جۆراوجۆر بۆ چارەسەرکردنی گرفتی قەبارەی فایلی گەورە. سیستەمەکانیش سێ جۆرن، چڕی بەرز High، چڕی مامناوەندی Standard، چڕی نزم




Low. بۆ نموونە: ئەگەر لە کامیرای دیجیتاڵی Ni-koncrolpix چڕییە بەرزەکەی ١٣٦٨×١٧١٢ پێکسڵ، سیستمی نموونەیی Standard ٧٦٨×١٠٢٤ پێکسڵ لەو کاتەی سیستمی چڕی نزم ٦٤٠×٤٨٠ پێکسڵە. کۆمپانیاکان ئالیەتێکی وایان لەناو کامیراکان درووست کردووە کە بە ڕادەیەکی بەرز وێنەکان کەپس دەکەن تاجێی زۆر نەگرن و بێ ئەوەی کوالەیتەکەیان لەدەست بدەن.

ئەگەر هاتو ئالیەتی کەپس کردنەکە بە شێوازی JPEG بوو، ئەوە هەندێک لە کوالەتیوێنەکە لەدەست دەدەی و هیچ چارەی نییە، چەندێ کەپس کردنەکە زیاتربێت،کوالەتیەکی زیاتر لەدەست دەدەی لەو کاتەی چەندی چڕی ڕووناکی کەم بێت کەپس کردنەکە زیاتر دەبێت، بەمەش دەتوانرێ وێنەی زیاتر بگری. لە کامیرای نیمچە پرۆفیشناڵ و پرۆفیشناڵ ئالیەتێکی وایان تێدایە کە وێنە کەپس نەکەن و بەمەش کوالەتی وێنەکە کەم نەکەنەوە و لەدەست نەدەن، ئەویش بە سیستمی یا شێوازی RAW و TIFE.

میمۆری کارتێک بە فراوانی ٨ میگابایت بەشی ئەمە ناکات تەنیا یەک وێنەی کەپس نەکراو دابکات، یان بەخۆوبەو هەڵگرێ. ئەگەر بە کامیرای ٣ میگاپێکسڵ بگیرێ. لەم حاڵەتەدا، زۆر پێویستە هۆیەکت هەبێت کە فراوانیەکەی گەورە بێت (١٢٨ میگابایت) یازیاتر بێت، بە تایبەتی ئەگەر کار بە کامیرای نیمچە پرۆفیشناڵ یا پرۆفیشناڵ بگری.

کارتی میمۆری بە چەندین شێوە لە بازاڕەکان بە فراوانی جیاجیا دەست دەکەون، کۆمپانیاکان ئەم کارتانە بە هەمان قەبارە دروست دەکەن لەو کاتەی فراوانییەکانیان زیاتر دەکات و بێ ئەوەی کاربکاتە سەر دیقەتی وێنەکە. فراوانیان لە (G1) تا دەگاتە (G4) کە جێگای وێنەی ئێجگار زۆریان تێدا دەبێتەوە. چەندین میمۆری کارت هەن لەوانە کە ناوی جیاجیایان هەیە بۆ نموونە؛ ئەوانەی زۆر بڵاون سمارت میدیا Smart Medea، کۆمپاکت فلاش، بە هەردوو جۆری Compact Flash I/II، میمۆری ستیک Memory Stick، کارتی PCMCIA.

## کۆمپاکت فلاش

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ کۆمپانیای ساندیسک Sandisk بۆ یەکەم جار دەستی کرد بە خستنە ناو بازاڕ کارتی کۆمپاکت فلاش، ئەوە وای کرد کە بەیانات لە نێو شتی دەرەکی بە هەموو چەشنەکانییەوە تۆمار بکرێ. جا ئەو بەیاناتانە وێنەی فۆتۆگرافی بن یا موزیک یا ڤیدیۆ یا فایلی تێکست بێت. کۆمپاکت فلاش قەبارەکەی زۆر بچووکە لە پاکەتە شخاتەیەک بچووکترە، پێوەرەکەی ٤٣×٣٦×٣ر٣ملم دەبێت، کێشەکەشی ١٠گم دەبێت.

لە خەسڵەتە باشەکانی کۆمپاکت فلاش ئەوەیە بەرگەی

سەدمە دەگرێت بێ ئەوەی وێنەکانی تێک بچن یا لە کۆمپیوتەر نەخوێندرێنەوە، چونکە ڕەگەزی میکانیکی تێدا نییە. ئەمە وای کردووە بەرگەی (2000 Gs) بگرێ، واتە هاوتەبای ئەوە دەبێت ئەگەر لە بەرزی (٣)م فڕێی بدەیتە خوارەوە و بکەوێتە سەر زەمینەیەکی کۆنکرێتی،. تەمەنی بەکارهێنانی دەخەملێنرێ بەوەی تا سەد ساڵ بەردەوام دەبێ بێ ئەوەی تێک بچێت.

٠فراوانی کۆمپاکت فلاش هەروەک ئاماژەمان پێ کردووە لە (G1) تا (G4) دەبێت، ئەم کارتانە زیاتر بۆ وێنەگری پرۆفیشناڵ دەست دەدەن، چونکە ئەمان کامیرای وا بەکار دەهێنن کە ڕیز و لیوشنی وێنەکان بەرزە، بۆ نموونە کامیرای Nikon D1x دەتوانرێ (٥٠) وێنە لەسەر یەک کارت تۆمار بکات بە قەبارەی (١) گێگابایت، لەو کاتەی کارتی ١٦ میگابایت جێی یەک وێنەی تێدا نابێتەوە.

## سمارت میدیا
## Smart Medea

ساڵی ١٩٩٥ کۆمپانیای تۆشیبا کارتی زیرەکی خستە بازاڕەوە بە ناوی سمارت میدیا، کۆمپانیای کامیراکان ئەم هەلەیان قۆستەوە و لە کامیراکانیان سیستمێکی وایان دانا کە بەو کارتە کاربکات، وەک کامیرای فۆجی فیلم، ئۆلیمپس، ئەگڤا.

ئەم جۆرە کارتە جیاوازی لەگەڵ جۆرەکانی تر هەیە، جیاوازییەکەش ئەوەیە، کۆنترۆڵی ناوەوەی تێدا نییە Controller، ئەمەوای کردووە کە هەماهەنگی پێچەوانە لەدەست بدات. لەگەڵ ئەمەش ئەم کارتانە ڕەواجیان زۆرە و زۆر بەکاردەهێنرێن.

کارتی سمارت میدیا، تا بڵێی کۆمپاکتە پێوەرەکەی ٣٧×٤٥×٧٦ر٠ ملم، کێشەکەشی ٢گم بەم فراوانیانە دەست دەکەون ١٢٨،٣٢،١٦،٨،٤ میگابایت.

یەکێک لەو خەسڵەتە نێگەتیڤەکانی ئەوەیە، بەشە هەستیارەکەی بەدەرەوەیە، کە ئەمەش دەبێتە مایەی برینداربوونی و شوختی لەسەر دروست دەبێت، غوبار و تۆزی لەسەر دەنیشێ، بە تایبەتی ئەگەر کارتەکە لە دەرەوەی کامیرا بێت، بۆیە زانیارییەکانی ناوی بە زەحمەت دێتە دەرەوە و دادەکرێ، لەبەر ئەوە بە پەسەند دەزانرێ هەردەم کارتەکان لەناو کامیراکەت بێ.

## کارتی میمۆری ستیک
## Memory Stick

بۆ یەکەم جار ئەم جۆرە کارتە کۆمپانیای سۆنی خستییە بازاڕەوە، ئینجا دوای ئەم کۆمپانیای ساندیسک دروستی کرد، ئەمیش لە زۆر جۆر کامیرای فۆتۆگرافی و ڤیدیۆیی بەکاردەهێنرێ، هەروەها ئامێرەکانی دەنگی دیارییە ئیلکترۆنییەکان. بە فراوانی (٤-١٢٨) میگابایت دەست دەکەوێ. کێشی ٤گم و پێوانەکەی ٥ر١٢×٥٠×٨ر٢ ملم.

## مەڵتی میدیا کارت
## Multimedea Card

ئەم جۆرە کارتانە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٧ بەدەسکەوتن و کەوتنە بازاڕەوە، بە هەوڵ و کۆششی کۆمپانیای سمینس و کاندیسک. کێش لە (٢) گم کەمترە، قەبارەی بەقەد پوولێکی پۆستە دەبێت. ئەمیش هەروەک کارتەکانی تر متمانەی پێ دەکرێ. بەفراوانی (٨-٦٤) میگابایت دەست دەکەون. وزەیەکی کەم بەکاردێنێ. جگە لەوەی جێی متمانەیە هەماهەنگیەکەی زۆر بەرزە، بۆیە زۆر بڵاوبوەتەوە و کەسانێکی زۆر دەیکڕن، ئەمیش لە کامیرای فۆتۆگرافی و ڤیدیۆ و مۆبایل و سیستمی کەشتیەوانی بەکاردەهێنرێ.

**سەرچاوە:**

**ابراهیم فضیلات، التصویر الضوئی-عمان- الطبعة الأولی- ٢٠٠٢.**

# چیرۆکی منداڵان

## (چەمک، وەرگێڕان، نووسین، ئامادەکردن، وێنەکێشان)

ڕۆستەم باجەلان

پەنجا ساڵ پترە لە بەرهەمهێنانی یەکەمین ئامێری وێنەکێشان، هونەرمەندی گەورەی ڕووسی (ترۆپینین) وێنەی ڕوخسار و جلوبەرگی منداڵە خۆشەویستەکەی خۆی بە کەرەستەی (ڕۆنی) نەخشەکێشاوە، ئەم تابلۆیە پێوەندییەکی ڕۆحیی بەجیهان و جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کوڕیژگەکەی خۆیەوە هەیە. ئەوەی بە جوانی لێی وردبێتەوە، ئەوە فرە واتای لێهەڵدەکرتێنێ، ئەم واتایانە وێڕای ئەوەی کە بە هونەری (مەتاتی- لاستیکی) نەخشەکێشراون، بەڵام پێوەندییەکی بەتینیان بە دۆخی هەڵکشان و داکشانی ناوەوەی منداڵانەوە هەیە و بەزمانی ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتیشەوە قسان دەکەن. ئەم تابلۆیە ئێستا لە مۆزەخانەی (تریتیا کۆڤ)ی مۆسکۆ پارێزراوە..

کەواتە، هونەرمەندان هەر لەکۆنەوە بایەخیان بە جیهانی منداڵان داوە و هەریەکەیان بەپێی تێڕوانین و توانایی خۆیانەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم جیهانە کردووە، ئەم ڕاستییەش لە کارە هونەرییەکانی جیهانی دەردەکەوێ، ئەو کارانەی ئەمڕۆ شایستەی ئەوەن بەدەیان لێکۆڵینەوە و نووسینی فرە لاو فرە دیویان لەسەر بنووسرێ، کەواش دەڵێین: ئەوە ڕۆڵی هونەرمەندە فەڕەنسی و ئیتاڵی و هۆڵەندی و ئیسپانی و ڕووسی و ئەمریکی و ئینگلیزییەکانمان دێنەوە یاد، بە تایبەتیش ئەوانەی لە بوارەکانی: (نیگارکێشان و پەیکەرسازی و دیواربەندی و گرافیک و...تاد) خزمەتیان بە جیهانی جگەرگۆشەکان کردووە. ئیتر هەر لێرەشەوە چەندین پرسیار لەبەردەمان قووت دەبنەوە کە گرنگەکانیان ئەمانەن:

- ئایا ئەم هونەرمەندانە وێڕای کارە هونەرییەکانیان دەستی چیرۆک



و نووسینیان هەبووە؟ باشە ئەوانە چیرۆکنووس بوون یان... چ ئیزافاتێکی بەرچاویان خستۆتە سەر هونەری منداڵان یان بە پێچەوانەوە؟.. لە وەڵامدادەڵێین:

– مەرج نییە هەموو هونەرمەندێک نووسەر بێ، بەڵام ئەو هونەرمەندەی نووسەر بووبێ، ئەوە توانیویەتی پتر دەستی داهێنان بۆ بەرهەمەکەی خۆی درێژ بکا، بە تایبەتیش ئەو نووسەرەی لە بواری چیرۆک و نووسینی فرە لاو فرە ڕوخساردا تاقیکردنەوەی بەرچاوی هەبووە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

– پێکهاتەی وێنەو جۆری نووسینەکەی لەناو یەکدی دەتوێنەوە و پێوەندییەکی ڕۆحییان بەیەکەوە دەبێ.

– بەرهەمەکەی ڕاستگۆیی تێدا دەبێ و ڕەگەزی کات پەک ناخا.

– سەرنج و هەستی منداڵ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، دیارە ئەم کردارەشی پێوەندیی بە قۆناغی تەمەنەکانەوە هەیە، کە هەر قۆناغێکیش هونەر و فەلسەفە و سایکۆلۆژیا و جیهانی تایبەتی خۆی هەیە.

– کرداری (ڕەنگ کردن) پێوەندی بە کەسێتی و هەڵسوکەوتی پاڵەوان و کەرەستەی گوزارەیی و سەرابی و کەلەبەر و بۆشاییەکانەوە دەبێ...

ئەم ڕاستییانەش زیاتر لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندی ئیتاڵی، واتا هونەرمەندی خاوەن تابلۆی (مۆنالیزا) (لیۆناردۆ دافینشی) و چەندینی دیکە دەردەکەون. ئێمە هەر لەم نۆرینگەوە هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوەیەک لەسەر کۆمەڵێک (بەرهەمی منداڵان)ی برای هونەرمەند و چیرۆکنووس (یووسف عەبدولقادر ڕەسووڵ) بکەین بەوەی بەڕێزیان وێرای ئەوەی لە حەفتاکانەوە دەستی نیگارکێشانی هەیە و لەم ڕووەوە دیمانەی لەگەڵ ساز کراوە، ئەوە نووسەریشە و کۆمەڵێک چیرۆکی منداڵانی چ بەشێوەی وەرگێڕان، یان ئامادەکردن و نووسین پێشکەشی بە جگەر گۆشەکان کردووە، دیارە زۆربەی چیرۆکەکانیش جیهانین و مۆڵکی میللەتانی جیهانن بەوەی زۆربەیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی زۆربەی نەتەوە زیندووەکان و ڕۆشنبیرییەکی گشتی و نیمچە یەکگرتوو پێکدێنن. بەکورتی کاک یووسف لە پێشەکی چیرۆکی (بەفرین و حەوت کورتە باڵا) کە ژمارە (١)ی پرۆژەی (پەپوولە) بۆ منداڵانی کوردی بەخۆوە گرتووە دەڵێ: «بە هێڤین کە پرۆژەکە خۆی لە چەندین چیرۆکی منداڵان بگرێتەوە کەلێنێک لە کتێبخانەی بێ نازی منداڵان پڕ بکاتەوە و مشتێک بێ لە خەرواری.»

## هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە

**١- دیاریکردنی سەرچاوە:**

سەرچاوە بەردی بناغەی سەرجەم لێکۆڵینەوە ئەدەبی و هونەری و زانستییەکانە، لێکۆڵەرەوە بەهۆی فۆرم و دۆخی ناوەوەی سەرچاوەکانەوە دەتوانێ لایەنە سلبی و ئیجابییەکانی بابەتەکان شی بکاتەوە و دواتریش هەڵیانسەنگێنێ و یەکە یەکە لەسەریان بدوێ.

سەرچاوەی ئەم لێکۆڵینەوەمان بریتییە لەم کتێبانەی منداڵان:

١- بەفرین و حەوت کورتە باڵاکە. (ئامادەکردن-١٩٩٩)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

٢- کیژۆڵە چارۆگەسوورەکە. (ئامادەکردن-١٩٩٩)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

٣- پەری دەریا (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری-٢٠٠٠)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

٤- تەلان و ئالان.. (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری-٢٠٠٠)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

٥- عەلائەدین و چرای ئەفسووناوی (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری-٢٠٠٠)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

٦- فەرهاد و دەنکە فاسۆڵیا. (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری-٢٠٠٠)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

٧- تیپی مۆسیقای ئاژەڵان. (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. بەدەسکاری-٢٠٠٠)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

٨- سێ بەرازی بچکۆلە (وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بە دەسکاری-٢٠٠١)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

٩- پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ (ئامادەکردن-٢٠٠١)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

١٠- کۆمەڵە مشکێک (ئامادەکردن-٢٠٠١)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

١١- پینۆکیۆ. (وەرگێڕان و ئامادەکردن-٢٠٠١)، پرۆژەی

پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.
١٢- جوانێکی نووستوو (وەرگێڕان و ئامادەکردن-٢٠٠١)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.
١٣- (...........)
١٤- (...........)
١٥- دارستانی شێر پاشا. (نووسین- ٢٠٠٦)، پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد.

بە ڕاشکاوی دەڵێم: دەتوانین بڵێین لە سییەکان و چلەکاندا ئەدەبی منداڵانی کورد لە بری گێڕانەوە واتە هەقایەتە فۆلکلۆرییەکانی بەر ئاگردان، ئەوە بەشێوەی نووسین بوونی خۆی بە منداڵانی کورد ناساند، ئەم ڕاستییەش لە چیرۆکەکانی (کوردیەکن) و (شێرێ تەین ئەحمەدی خانی)، نورەددین زازا (١٩١٩- ١٩٨٨) و (چیرۆک بۆ منداڵان-١٩٣٣) و (هاوڕێی منداڵان-١٩٤٨)ی شاکر فەتاح (١٩١٤- ١٩٨٨) بەدەردەکەوێ، لە ڕاستیدا چیرۆکەکانی نورەددین زازا خۆماڵین و بەرهەمەکانی شاکر فەتاح-یش یەکەمیان وەرگێڕدراوە، ئەوەی تریان بریتییە لە کۆمەڵە وتارێک کە سەرنج و هەستی منداڵان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بۆیەش ئەم دوو نموونەیەم وەک سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵانی کورد هێنایەوە، چونکە ئەو بەرهەمانەی لەسەرچاوەدا ئاماژەیان بۆ کراوە هەندێکیان خۆماڵین و هەندێکیان وەرگێڕدراوە و هەندێکیشیان ئامادەکردنن.

**ب- دیاریکردنی چەشنی شیکردنەوە:** چەشن -Catc-gories: لە ڕووی پرۆگرامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە بەکانزای کەرەستەکان دەژمێردرێ. چیرۆکەکان لە چیرۆکی (دارستانی شێرپاشا)دا بترازێ دەکەوێتە خانەی قۆناغی نموونەییەوە (١٢-١٥) ساڵ، ئەوانی تر هەر هەموویان دەکەونە خانەی قۆناغی خەیاڵی بەڕەڵڵا (٦-٨) ساڵ، چونکە خەیاڵی منداڵ لەم تەمەنەدا گەشە دەکا و سنووری چوارچێوەی ژینگەی لەدایکبوونی خۆی دەبەزێنێ، بۆیە حەز لەم جۆرە چیرۆکانە دەکا کە زیاتر پێوەندییان بە ئەفسانەوە هەیە وەکو:
(دێو و درنج، ئەژدەهاک، ئەسپی ئاوی و دەریایی.... سۆری چاوشین و، دێوی ڕەش و دێوی سپی و دێوی زەرد و...تاد)... ئیتر هەر لەم نۆرینگەوە گەشتێک بەناو ناوەڕۆکی چیرۆکە ناوبراوەکان دەکەین و بەم شێوەیە بەخوێنەریان دەناسێنین.

### ١- بەفرین و حەوت کورتە باڵاکە

شاژنێک لەخودا دەپاڕێتەوە کچێکی جوانی پێ ببەخشێ، خواوەند خۆزگەکەی جێبەجێ دەکا و کچێکی دەداتێ بەناوی (بەفرین)، بەڵام هێندەی پێ ناچێ شاژن دەمرێ و شاش، ژنێکی دیکە دەهێنێتەوە... ئەو ژنە زۆر مەکرۆک و جادووگەر دەبێ و بەخیلیش بەجوانی بەفرین دەبات، بۆیە هەمیشە پیلانی بۆ دادەنێ بۆ ئەوەی لە هەلێکدا لەناوی بەرێ، بەڵام پیلانەکان هەموویان پووچەڵ دەبنەوە و ئاکامیش لە دارستانێکدا بەفرین مێرد بەکوڕە پاشایەک دەکا، ئەو دارستانەی کە حەوت کورتە باڵای خاوەن هەڵوێست و جوامێری تێدا دەژی.

### ٢- کیژۆڵە چارۆگە سوورەکە

داپیرە بە بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونی چارۆگە سوورەوە دیارییەکی پێشکەش دەکا، ڕۆژێکیان داپیرە نەساغ دەکەوێ و



دایکی چارۆگە سووره داوای لێدەکا هەندێ شەربەتی بۆ ببا، گورگێک بەم هەواڵە دەزانێ هەنگاو بە هەنگاو شوێن پێی چارۆگە سوور دەکەوێ بۆ ئەوەی لە هەلێکدا ئەو و داپیرەی لرف بکا، بەڵام پیلانەکەی سەرناکەوێ، بەڵکو سەرئەنجام بەهۆی پیلانێکەوە دەکەوێتە ناو بیرە ئاوێک و دەخنکێ و سەری تێدا دەچێ.

**٣- پەری دەریا**

پادشایەکی ئاوی شەش کچی دەبێ و کچە بچکۆلەکەی لە هەموویان جوانتر دەبێ، کچە بچکۆلەکە کە تەمەنی دەبێتە (١٥)ساڵ بۆ یەکەم جار سەر لە ئاو دەردێنێ و لە زەوی نزیک دەبێتەوە... هەر لێرەوە حەز لە کوڕە پاشایەک دەکا و دواتریش شووی پێدەکا.

**٤- تەلان و ئالان**

دارتاشێکی هەژار دوو منداڵی دەبێ (تەلان) و (ئالان)، هەرکە خێزانەکەی دەمرێ، ئەوە لەجێوە ژنێکی تر دێنێ، بەڵام ژنەکە وەک زڕ دایکێک ڕەفتاریان لەگەڵ دەکا نەک وەک دایکێکی میهرەبان. هەرلێرەوە هەوڵ دەدا لە هەلێکدا لەناویان بەرێ، بەڵام تەلان و ئالان زیرەک و هوشیار دەبن و بەهۆی ئەم کردارەوە پیلانەکانی زڕ دایکەکەیان پووچەڵ دەکەنەوە.

**٥- عەلائەدین و چرای ئەفسووناوی**

لە شارێکی ئێراندا ئافرەتێکی هەژار کوڕێکی بەناوی (عەلائەدین)ەوە دەبێ، ڕۆژێک کابرایەکی سیحرباز خۆی لێدەکا بەمامی و پێی دەڵێ: من لە ئەفریقاوە هاتووم بۆ ئێرە تا چاوم پێتان بکەوێ، ئیتر عەلائەدین بەهۆی دێوێکی خێرخوازەوە دوای دوورکەوتنەوە لەماڵبەندی لەدایکبوون، ئەوە لەگەڵ شازادە دەگەڕێنەوە بۆ ئێران. هەرکە پاشاش دەمرێ ئەو دەبێتە پاشای وڵات و بەهۆی فانووسێک و ئەنگووستیلەیەکی سیحراوییەوە یارمەتی خەڵکانی پەڕاگەندەو هەژار و وێڵ و ئاوارە دەدا.

**٦- فەرهاد و دەنکە فاسولیا**

جووتیارێکی هەژار ژنێک و کوڕێکی دەبێ بەناوی (فەرهاد)، ڕۆژێکیان جووتیارەکە دەمرێ و تەنیا چێڵێک لەدوای خۆی بەجێدێڵێ، فەرهاد چێڵەکە بەدەنکە فاسۆلیایەکی سیحری دەگۆڕێتەوە و بەهۆی ئەوەوە کیسەیەک زێڕ و ئامێرێکی مۆسیقای زێڕ و مریشکێکی سیحراوی هیلکە زێڕی دەست دەکەوێ و لە ئەنجامیشدا چاوی بە کچێکی فرە نازدار و جوان دەکەوێ کە شازادەیە، ئەم شازادەیە دەبێ بەخێزانی فەرهاد و بەیەکەوە ژیانێکی خۆش و پڕ لە کامەرانی بەسەر دەبەن.

**٧- تیپی مۆسیقای ئاژەڵان**

مام هۆمەر کەرێکی دەبێ، ڕۆژگار دێ و دەڕوا کەرەکە پیر دەبێ و ئەویش لێی بێزار دەبێ و دەیەوێ بەڕەڵڵاو وێڵی بکا، سەرئەنجام ئاواتەکەی مام هۆمەر دێتە دی و کەرە بەڕەڵڵا دەبێ...

کەری بەڕەڵڵا لەڕێگادا تووشی سەگی پیرو پشیلەی پیرو کەڵەشێری پیر دەبێ کە بە هەمان دەردی کەرە ئاوارە کراون. ئەم ئاژەڵانە لەنێوان خۆیاندا هەوڵدەدەن (تیپی مۆسیقای ئاژەڵان) دامەزرێنن و بەهۆی ئەم کارەوە بژێوی ڕۆژانەی خۆیان مسۆگەر بکەن، ئیتر بەهەڵکەوت دەوڵەمەند دەبن و لە شاری (خێر)دا بەیەکەوە بە کامەرانی و بەختەوەری دەژین و دەبن بە پیری ئاکام خێر.

**٨- سێ بەرازی بچکۆلە**

دایکێک سێ فەرخە بەرازی دەبێ، بەرازی یەکەم و دووەم تەمبەڵ و تەوەزەل دەبن، بەڵام بەرازی سێیەم گەلێک وردبین و وریا و ژیر دەبێ. هەرکە دایکیان داوایان لێدەکا خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن، ئەوە هەرسێکیان بەم کارە ڕازی دەبن. هەر لێرەوە بەرازی یەکەم خانووی خۆی لەپووش دروست دەکا و بەرازی دووەم لە دارو بەرازی سێیەمیش لە خشت. سەرەنجام گورگێک دەیەوێ لە غەفڵەتدا ئەم فەرخە بەرازانە بخوا، بەڵام پیلانە یەک لەدوا یەکەکانی سەرناگرێ، چونکە بەرازی سێیەم وێڕای ئەوەی کە وریایە، ئەوە دەرگای ماڵەکەیشی کە لەخشت دروست کراوە بۆ بەرازەکانی تر والایە و لەکاتی تەنگانەدا دالدەیان دەدا.

**٩- پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ**

ئەم ژمارەیە چواردە چیرۆکی

منداڵانی بەخۆوە گرتووە، چیرۆکەکانیش ئەمانەن:

(١) پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ (ناوونیشانی کتێبەکە).

(٢) بازو چۆلەکە.

(٣) کۆمەڵە کەروێشکێک.

(٤) خانووەکەی کیسەڵ.

(٥) بەرخ و کەنغەر.

(٦) تاووس و کەڵەباب.

(٧) گورگە و لەپێستی مەڕدایە.

(٨) ماسی گرو ماسییەکی بچکۆلە.

(٩) شێرو کەروێشک و ئاسک.

(١٠) ئەو کەروێشکەی کلکەکەی بزر ببوو.

(١١) شێرو دۆلفین.

(١٢) شێرێک و کەرێک و ڕێوییەک.

(١٣) مێشوولە و کلۆ.

(١٤) مشک و مانگا.

لەبەر گرنگیی ناوونیشان ئێمە لێرەدا ناوەرۆکی چیرۆکی (پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ) بەم شێوەیە بەجگەر گۆشەکان دەناسێنین!

دوو سمۆرەی بەدفەڕ هەمیشە گاڵتەیان بە ڕێبواران دەکرد، بۆ نموونە لەسەر گوێزەکان گوێزیان دەخوارد و پەلکەکەیان بەخەڵک دادەدا. ئەم ڕەفتارە ناشرینە درێژەی کێشاو نۆرە گەیشتە سەر (پەروین)ی ناسک و ژیر، بەڵام ئەو بە زەردەخەنە وەڵامی دوو سمۆرە بەدفەڕەکەی دایەوە و بەڵێنی پێدان کە ئەم پەلکانە دەکا بە ملوانکە و لەملی خۆی دەکا. هەر لێرەوە سمۆرەکان لە ڕەفتاری خۆیان پاشەگەز بوونەوە و بڕیاریان دا چیتر گاڵتە بە ئەم و ئەو نەکەن.

## ١٠- کۆمەڵێک مشک

ئەم ژمارەیە (١٥) پازدە چیرۆکی منداڵانی بەخۆوە گرتووە، چیرۆکەکانیش ئەمانەن:

(١) کۆمەڵە مشکێک.

(٢) سەگ و ڕێوی و کەلەباب.

(٣) مشکی لادێ و مشکی شار.

(٤) مەیموونێکی فشەکەر و دۆلفینێک.

(٥) گورگێکی زیرەک و حاجی لەق لەقێکی نەزان.

(٦) ڕێوییەکی فێڵباز و بزنێکی نەزان.

(٧) هەتاو و ڕەشەبا.

(٨) بۆق و مانگا.

(٩) حاجی لەق لەق و مام ڕێوی.

(١٠) مشک و سەگلاو.

(١١) شاژنە شێر.

(١٢) کۆترو مێرووله.

(١٣) مشک و پشیلە.

(١٤) کەرو کلۆ.

(١٠) گورگ و بەرخ.

لەبەر گرنگیی ناوونیشان ئێمە لێرەدا ناوەرۆکی چیرۆکی (کۆمەڵە مشکێک) بەم شێوەیە بەجگەرگۆشان دەناسێنین:

ماڵێک مشکێکی زۆریان دەبێ و خاوەن ماڵەکە بە بوونی ئەوانەوە هەراسان و نارەحەت دەبێ، بۆیە پشیلەیەکی گەورە لەگەڵ خۆی دێنێتە ماڵ بۆ ئەوەی لەجێوە ڕاویان بکا. کاتێ مشکەکان بەمە دەزانن عادز دەبن و بیر لە چارەسەرییەک دەکەنەوە، مشکەکان کۆدەبنەوە و هەریەکەیان ڕای خۆی سەبارەت بەم کارەساتە دەردەبڕێ،

- مشکە بچکۆلەکە دەڵێ: دەبا زەنگوڵەیەک بێنین و لەملی پشیلەکەی بکەین هەرکە گوێمان لە دەنگی زەنگوڵەکەبوو، ئەوە خۆمان دەشارینەوە، مشکەکان هەموویان لەسەر ئەم پێشنیارە کۆک دەبن، بەڵام مشکە گەورەکە پرسیارێکیان لێک دەکا و دەڵێ:

- کێ زاتی ئەوە دەکا زەنگۆڵەکە بە ملی پشیلەکەوە وەکا؟

مشکەکان نقەیان لێوە نایێ و هەموویان بێدەنگ دەبن.

## ١١- پینۆکیۆ

لە ئیتاڵیادا هونەرمەندێکی پەیکەرتاش کە ناوی (گێپیتۆ) بوو لەماڵەوە پەیکەری کوڕێکی دەتاشی و لە دڵی خۆیدا دەیوت: خۆزیا بەخۆزیایێ ئەم پەیکەرە دەبوو بە کوڕێکی بەڕاستی..

لەناکاورا، پەیکەرەکە هاتە ئاخاوتن و وتی: ڕۆژباش بابەگیان! گێپیتۆ، بەم کارە سەرسام و دواتریش دڵخۆش دەبێ و ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە پەیکەرەکە بەناوی (پینۆکیۆ) گاز دەکا و هەر لەجێوە داوای لێدەکا بچێتە قوتابخانەوە، بەڵام پینۆکیۆ گوێڕایەڵی باوکی نابێ، بە بەڵگەی ئەوەی حەز لەقوتابخانە ناکا. ئیتر هەر لێرەشەوە ڕووبەڕووی چەندین گرفتی گەورە و ترسناک و ناخۆش دەبێ، بەڵام لە ئاکامدا دەبێ بە کوڕێکی گوێڕایەڵ و هوشیار و ژیرو باش، بەمەش خۆشەویستی دەکەوێتە نێوان باوک و کوڕ و خەڵکیش ڕێز لە پینۆکیۆ دەگرن.

### ١٢- جوانێکی نوستوو

پاشا و پاشا ژن بە بۆنەی لەدایکبوونی کچەکەیان ئاهەنگێکی گەورەیان سازدا تێیدا وێڕای خەڵکێکی زۆر، حەوت پەریش ئامادەبوون، پەری حەوتەم بانگهێشتی ئاهەنگەکە نەکرابوو، بۆیە ئارەزووی ئەوەبوو کە کچە شازادە تەمەنی بگاتە شازادە ساڵ بەهۆی دەرزیی ژاراوی کە بەسەر ئامێری خوری ڕستنەوە دەکرێ هەر لەجێوە بمرێ، ئیتر بەهۆی بەرنامەیەکی سەرکەوتووانەی پەری بچکۆلە پیلانەکەی پیرە پەری بەتاڵ دەبێ و لە ئەنجامیشدا کچە شازادە دەبێ بە نسیبی کوڕە شازادەیەک.

١٣ ............

١٤ ............

### ١٥- دارستانی شێر پاشا

ئەم چیرۆکە دەکەوێتە خانەی قۆناغی نموونەیی (١٢- ١٥)ساڵی، منداڵی ئەم قۆناغە حەز لەم جۆرە چیرۆکانە دەکا کە لەگیانی سۆز ئاڵاون، بەتایبەتیش ئەو چیرۆکانەی کە پاڵەوانەکانیان خاوەن هەڵوێستن. منداڵ لەم قۆناغەدا دەیەوێ دەست لەسەر تیشکۆی ڕاستییەکان دابنێ و بەرگری لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانیش بکا، بۆ نموونە ئەو دیمەنانەی ئاوارەبوون و جەربەزەییان لەنێو دایە سەرنجیان ڕادەکێشێ و دیمەنەکان لەگەڵ تەمەنیان گەورە دەبێ و لە دوا ڕۆژدا لەکەسێتییان ڕەنگ دەداتەوە.

بەکورتی: ناوەڕۆکی چیرۆکی (دارستانی شێر پاشا) بەم شێوەی خوارەوەیە:

شێر پاشا و هاوەڵانی هەردەم هەوڵیان دەدا بۆ لابردنی ستەم و ئاوەدانکردنەوەی دارستان و خۆشی ئاژەڵان، داگیرکەران چاویان لەم دارستانە بڕیبوو دەیانویست لە هەلێکا داگیری بکەن، ئیتر ئەوەبوو لەناو داگیرکەراندا ئەژیهایەکی زۆر دڕندە سەری هەڵداو دارستانی داگیرکرد.. هاوەڵەکانی بوون بە چەند قۆڵێکەوە هەندێکیان لەگەڵ پاشا کۆچیان کرد و هەندێکیشیان لەناو دارستانەکە مانەوە، هەر لێرەوە دارستانەکە ناعەدالەتی تێکەوت و ڕاستییە نەگۆڕەکان پێشێل کران، چونکە بەرە بەرە ئاژەڵە خراپەکان لە دەسەڵات نزیک دەبوونەوە و لەپێناو پایە و پلە و کورسی خۆیان هەموو ڕەفتارێکی ناڕەوایان دەرهەق بە ئەم و ئەو جێبەجێ دەکرد. بەم جۆرە ململانێیەکی زۆر کەوتە ناو دارستانەکە و لە ئەنجامدا لایەنی خێرخواز گرەوی ململانێیی بردەوە.

وەرگێڕانی بەرهەمی منداڵان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترکارێکی ئاسان نییە، ئەو نووسەرەی ئەم کارە ئەنجام دەدا دەبێ زمانزان بێ و شارەزاییەکی تەواوی لە بنەماکانی هونەری وەرگێڕاندا هەبێ و لەدواییشدا ئەوە بزانێ ئەم کارە هونەرییە ڕۆشنبیرییەکی گشتی لەنێوان منداڵان پەیدا دەکا، بەمەش جگەرگۆشەکان زیاتر لە یەکدی نزیک دەبنەوە، دیارە مامۆستا (یووسف) ئەم زمانە دەزانێ، بەڵام خۆزیا و خۆزیا ئاماژەی بۆ سەرچاوە ئینگلیزییەکان دەکرد، چونکە زۆربەی زۆری ئەم چیرۆکانەی کراون بە کوردی لە زۆربەی زمانەکان وەرگیراون هەندێکیشیان چیرۆکی میللیین، بە هەبوو نەبوو کەس لە خودای گەورەتر نەبوو دەست پێدەکەن، ئەم جۆرە چیرۆکانە خاوەن و دانەرە ڕاستەقینەکەیان دیارنییە، گوێگر لە داپیرە یان باپیرە گوێی لێیان دەبێ بەدرێژایی ڕۆژگار شتی لێ دەقرتێ و هی تری دەخرێتە پاڵ. ئەم جۆرە چیرۆکە پەیوەستە بەهزر و سەردەم و بابەتی فرە جۆر و تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتی و لەژێر فەزای ژیانی مرۆڤ بەخۆشی و ناخۆشییەکانەوە سەرهەڵدەدا، ئەمەو هەندێک چیرۆکی میللی هەن بگرە تەنانەت چیرۆکەکانی (تۆڵستۆی)یش کە بۆ منداڵانی ئامادەکردووە و نووسیوە، مخابن بە زاخاوی مێشکی جگەر گۆشەکان، بەڵکو جار هەیە زیانیش بەجگەر گۆشەکان دەبەخشن، بۆیە دەبێ سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە و وەکو خۆیان وەرنەگێڕدرێن... من ئەم تێبینییەم لە هەندێ چیرۆکی مامۆستا یووسف هەیە و جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە خۆزیا و خۆزیا ئاماژەی بەسەرچاوەکان دەکرد. بۆ دڵنیایی بەڕێزیشیان دەڵێم من لە کاتی خۆیدا کۆمەڵە چیرۆکێکی خاتوو (گولەرحەبیب سیامەنسووری)م بەناوی (فیل وماڵەکەی مام گورگ) خوێندەوە کە لە ئینگلیزییەوە کردبوونی بە کوردی و ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتبوو: (لەق لەق و بۆق، هەراسان کردن، گەشتیارەکان، تووتکە سەگێکی گێل، فیل و ماڵەکەی مام گورگ، ژن هێنانی مشکە بچکۆلەکە، هەڵەی مام

کەروێشک و هاوسەرەکەی، گوڵکی بزنەکە..)

بە ڕاشکاوی دەڵێم: دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکان من داوام لەخاتوو (گولەر) کرد کە سەرچاوە ئینگلیزییەکانم بۆ بێنێ، ئەویش بەدڵێکی بەرفراوانەوە سەرجەم دەقە ئینگلیزییەکانی بۆ هێنام، لەکاتی بەراورد کردندا هەستم بەم خاڵانەی خوارەوە کرد:

١- گولەرخان چیرۆکەکانی لە ئینگلیزییەوە کردبوو بە کوردی نەک لە زمانێکی تر، دیارە لەم ڕووەشەوە دەستێکی باڵای لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە.

٢- توخمە سەرەکییەکانی چیرۆکی منداڵانی فەرامۆش نەکردووە، واتا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک مامەڵەی لەگەڵ (پێشەکی و بیرۆکە و ڕووداو و پاڵەوان و چنین و دیالۆگ و کەشوهەوای کات و شوێن و گالاّدانی چیرۆک) کردووە. من مەبەستم لێرەدا ئەوەنییە گومانم لە وەرگێڕانەکانی هەبێ، بەڵکو مەبەستم لەوەیە دەبایە بەڕێزیان ئاماژەی بەسەرچاوە بکردایە، چونکە سەرچاوە گرنگە و نابێ لەبیر بکرێ.

### ج- دیاریکردنی یەکەکانی شیکردنەوە:

**ج- دیاریکردنی یەکەکانی شیکردنەوە:** بابەت Item: بریتییە لە یەکەی شیکردنەوە، چونکە دەربڕی بابەتە هەڵبژاردەکانە، دیارە شیکردنەوەش بەپێی قەوارە یان شێوازێکی تایبەتی و دیاریکراو یان ڕێڕەوێکی دیاریکراو و بەهەڕمێن ناسنامەی خۆی نانـاسێنێ و لێکۆڵەرەوە ناتوانێ بە ئاسانی لە پێکهاتەی فۆرم و حاڵەتی ناوەوەی ئەوەوە کۆمەڵێک بەڵگەی قبووڵکراو بەخوێنەر بناسێنێ، بەڵکو بەهۆی سەرجەم بابەتە سەرەکییەکانی ناو تەن و پێکهاتەی زەمینەی ئەو چیرۆکانەی کە لە هەنگاوی سەرچاوەدا ئاماژەیان بۆ کراوە ئەم ناسنامەیە ئاشکرا بکا، کاک یووسف ئەم زمانە دەزانێ و لەم ڕووەوە شارەزایە.

### د- خشتەی چەشن:

بەها، بریتییە لە چەشنی سەرچاوە، دەمەوێ بڵێم گەلێ لێکۆڵینەوە لێرەو لەوێ سەبارەت بە پەرژینی بەهاکانەوە جێبەجێ کراون بۆ نموونە: (د. محەمەد ئیبراهیم کازم) لە ساڵی ١٩٦٢دا لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی گۆڕانکارییەکان لە بەهای قوتابیان)ەوە بڵاو کردەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێنج ساڵی خایاند.

بەگشتی: پەرژینی بەها دەبێ لەگەڵ ویست و پێداویستییەکانی دەروونی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتی جگەر گۆشەکان یەک بگرنەوە، چونکە بەهۆی ئەوەوە دەتوانین لە ویستی نەوەی سەردەم بگەین و درز و کەلەبەر و بۆشایی و حاڵەتە سەرابییەکانی ناو تەنی بڵاوکراوەکانی منداڵان پڕ بکەینەوە، من پێم وایە ئەگەر ڕەگەزی بەها خۆی لە ڕیتمی سەردەم لوول نەداو بە مەفهوومی (هونەری مەتاتی و چەمکی مەتاتی و بابەتی مەتاتی...) قسەی نەکرد، ئەوە ئێمە ناتوانین دەستی داهێنان و نوێبوونەوە بۆ شتەکان درێژ بکەین و بەرەو ئەدەبێکی یەکگرتووی منداڵان هەنگاو بنێین... ئێستاش لێرەدا هەوڵدەدەین چەندین (بەها) لەم چیرۆکانە دەستنیشان بکەین، وەک وتمان بەهاکانیش نەگۆڕنین، بەڵکو بەپێی سەردەمە یەک لەدوایەکەکان گەشە دەکەن و گۆڕانکارییان بەسەردادێ.

بەکورتی: بەهاکانی ناو ئەم چیرۆکانە ئەمانەن:

- زانیاری گشتی.
- پەروەردەی ڕاست و دروست.
- خۆشەویستی دایک و باوک.
- خۆشەویستی خاک و وڵات.
- کارکردن.
- ڕاستییەکان.
- بڕوا بەخۆ بوون.
- تەندروستی.
- قارەمانێتی و ئازایەتی.
- هەرەوەزی.
- ئاشتی.
- ئامۆژگاری و چەندین بابەتی دیکە

هەر لێرەشدا ئەوە بەهەل دەزانم بڵێم: ئەمڕۆ ڕێبازی پەروەردەی نوێ هەندێ لایەن و ڕەگەزی ئامۆژگاری ڕەت دەکاتەوە، بە تایبەتیش ئامۆژگاری گەورە بۆ منداڵ و پێشوازیش لە ئامۆژگاری بەرهەمی لە منداڵەوە بۆ منداڵ دەکا، چونکە ئەوەی دووەمیان پێوەندییەکی ڕۆحیی بەجیهانی منداڵانەوە هەیە..

### هـ- حسێبی دووبارەکردنەوەی چەشن و دابەشکردنی:

١- خوێندنەوەی هەموو بابەتەکانی سەرچاوە، فەرامۆش کردنی هەر بابەتێک، ئەوە لە

بایەخی لێکۆڵینەوە کەم دەکاتەوە، چونکە زۆرجار شتی گرنگ فەرامۆش دەکرێ و بەرچاو ناکەوێ.

٢- کۆکردنەوەی بەها لێدەرکەوتووەکانی بابەتەکان و دەستنیشان کردنی کتێب یان لاپەڕەی سەرچاوە بەها لێدەرکەوتووەکانی بابەتەکان بەپێی (پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد) دەستنیشان کراون و سوودیان لێ وەرگیراوە.

**و- تەفسیرکردنی ئەنجامەکان:** ئەم هەنگاوە بەدوا هەنگاوی لێکۆڵینەوەکەمان دەژمێردرێ، دیارە بایەخی تایبەتی و نرخی تایبەتی خۆی هەیە، ئێستاش لەم نوڕینگانەوە سەیری پێکهاتەی گشتیی چیرۆکەکان دەکەین، بەمەش دەتوانین فۆرم و حاڵەتی ناوەوەی گشتی ناسنامەکانیان بەخوێنەر ئاشنا بکەین و ئەنجامەکان وێنە بکێشین.

**١- زانیارییەکان:**

ئەم چیرۆکانەی منداڵان زیاتر بایەخ بەدۆزینەوەی ڕاستییەکان دەدەن، ئەو ڕاستتیانەی کە بەهۆی هەندێ کەشوهەواوە پێشێل دەکرێن بۆ ئەوەی پەردە لە ڕووی زانیارییە هەمەجۆرەکان ڕامالن، دیارە لەم ڕووەوە جار هەیە خاڵی هاوبەش لەنێوان جۆری بیرکردنەوەی منداڵی کۆن و منداڵی سەردەمدا هەیە هەروەها بە پێچەوانەوەش.

**٢- بەرجەستەی هونەری:**

منداڵان بەهۆی هونەر و فەلسەفە و سایکۆلۆژیاو جیهانی خۆیانەوە لە چەمکی فۆرم و وشە و ڕستە و پیت و دەستەواژە و وێنە چیرۆک دەگەن، هەر لە دوورەوە بەرهەمەکانی خۆیان دەناسنەوە، دەمەوێ هەرلێرەشەوە ئەوە دووپات بکەمەوە، منداڵی سەردەم زیاتر حەز لە هونەری (مەتاتی) دەکا، چونکە هەر سەردەمێک ئیقاعی خۆی هەیە و ئەم ئیقاعە پێداویستی سەردەم ناسنامەی نوێبوونەوەی ئەوی ئاشکرا کردووە.

**٣- شێوازی ڕاپۆرتی و لەفزی و خیتابی:**

ئەگەرچی ئەم چیرۆکانە زۆربەیان دەکەونە خانەی گێڕانەوە و لە ڕووی هونەرییەوە دیوە دەرو ساکارن هەبوو نەبوو...

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا منداڵی کورد تا ئەمڕۆش حەزیان لێدەکەن و بەجۆشەوە دەیانخوێننەوە و گوێی خۆیانی بۆ شل دەکەن.

**٤- کەرەستەی پەرژینی بەها:**

کەرەستەی بەهاکانی کۆمەڵایەتی و خودگەرایەتی لەناو ئەم چیرۆکانەدا لە حاڵەتی هەڵکشان و داکشان دایە، ئەوەی یەکەمیان لەگەڵ ویستی منداڵی سەردەم دەگونجێ، ئەوەی دووەمیشیان پێویستی بە گۆڕانکاری چارەسەریکردن هەیە..

**٥- چەمکی بەها:**

بەهاکان هەندێکیان پێوەندییان بە تاقیکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی منداڵی کۆن هەیە و هەندێکشیان بە ئاستی ڕۆشنبیریی منداڵی نوێ، جاریش هەیە خاڵی هاوبەش و دژە هاوبەش لەنێوانیاندا بەرچاو دەکەوێ.

**٦- خەیاڵ:**

خەیاڵ شوێنێکی بەرفراوان لە تەنی بیرکردنەوەی منداڵ داگیردەکا... خەیاڵ لەم چیرۆکانە بەم شێوەیەن:

١- تەقلیدی.
٢- خودگەرایی.
٣- داهێنان.

**٧- بابەت:**

چیرۆکەکان ئەم وتەیە ڕەت دەکەنەوە کە دەڵێ: (منداڵ مرۆڤێکی بچکۆلەیە).. بەلای من و گەلێکی ترەوە جیهانی منداڵ گەلێ ئاڵۆزە، بۆیە ئێمەی گەورە تێی ناکەین.

**٨- وێنەکێشان:**

هەر هونەرمەندێک بەهۆی تاقیکردنەوەی حاڵەتی ناوەوەی خۆیەوە دەتوانێ پێکهاتەی تابلۆیەک پێشکەش بە بینەری منداڵ بکا، بەڵام مەرج نییە ئەم تاقیکردنەوەیە تەمەنی درێژ بێ، چونکە هونەرمەندی وا هەیە چارەگە سەدەیەکە لەبواری منداڵاندا کار دەکا، بەڵام هیچی بەهیچ نەکردووە، لەبەر ئەوەی کارە هونەرییەکان لەسەر یەک نەزم دەڕۆن و هەرگیز ئیقاع و لقی تازەیان لێنابێتەوە.

منداڵ زۆر حەز لە وێنە و نیگار دەکا بەهۆی ئەوانەوە دەتوانێ دۆخی ناوەوەی خۆی دەرببڕێ، وێنە گەشە بە هۆش و هزر و جۆری بیرکردنەوەی منداڵ دەدا و لەدواییشدا دەبێتە

هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی ئەو و هەمیشە خەون بەیەکەوە دەبینن و هەرگیز ناتوانن لێک بترازێن. لێکۆڵەرەوە تازە و لێهاتووەکان ئەمە دووپات دەکەنەوە منداڵ زیاتر بڕوای بە وێنە هەیە نەک وشە، چونکە بەهۆی وێنەوە شتەکان، دیمەنەکان، کەرەسەکان جوانتر دەبینێ، هونەرمەندی ڕاستەقینەی منداڵان ئەو هونەرمەندەیە کە بەهۆی ئەم خاڵانەوە دەتوانێ ناسنامەی نوێخوازی خۆی پێشکەش بە جگەرگۆشەکان بکا...

١- دەبێ بزانێ بۆ چ قۆناغێکی تەمەنی منداڵان وێنە دەکێشێ و هەر لەم ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەی گشتی کارە هونەرییەکەی بکا.

٢- دەبێ هونەرەکەی زیاتر لە دەسکردی منداڵان بچێ نەک گەورە، مەبەستیش لێرەدا منداڵی لێهاتووە.

٣- دەبێ ئەوە بزانێ بەهۆی وێنەکانەوە بیری نوێ و دیمەنی نوێ لەمێشکی منداڵان لەدایک دەبن، هونەرمەند دەبێ لەم نۆڕینگەوە سەیری هونەرەکەی خۆی بکاو ئەمەش بزانێ پێکهاتەی وێنە وێڕای زمانی دیالۆگ، بایەخی سایکۆلۆژیایی خۆی هەیە.

٤- جۆری ڕەنگ خاڵێکی هەر گرنگە لە کرداری وێنەکێشاندا و پێوەندی بە بچم و ڕوخسار و هەڵسوکەوت و حاڵەتی هێمنی و نارەحەتی و تووڕەیی و بابەتەکانەوە هەیە. بۆ نموونە کاتێ وێنەی منداڵێکی ئاوارە دەکێشێ دەبێ بزانێ چ جۆرە ڕەنگێک بەکاردێنێ؟...

بەکورتی: برای هونەرمەند (یووسف عەبدولقادر) ئەم زمانە دەزانێ و ئەگەر بە وردیش سەیری وێنەکانی دەرەوە و ناوەوەی چیرۆکەکانی بکەین، دەبینین وێنەکان تارادەیەکی زۆر پێوەندییان بە جۆری بابەتەکانەوە هەیە و لەم ڕووەوە لەناو یەکدی تواونەتەوە، بۆیەش وادەڵێم: چونکە من زۆر وێنە لەگۆڤار و بڵاوکراوەکانی منداڵان دەبینم هەندێکیان هیچ پێوەندییەکیان بە بابەتەکانەوە نییە، بەڵکو هونەرمەند بەبێ ئەوەی دەقەکەی خوێندبێتەوە، بە هەوەسی خۆی و هەر بە خەیاڵ وێنەی بۆ کێشاوە، دیارە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارەساتێکە.

**٩- ڕاستیە زانستییەکان:**

چیرۆکەکان لەم ڕووەوە هەندێکیان ڕاست و دروستن، هەندێکیشیان وێنەی خۆیان لە تەنی خەیاڵ دەدەۆزنەوە، دیارە ئەمەش خۆی لەخۆیدا فرە لقی نوێی لێدەبێتەوە، ئەم لقانە شایانی ئەوەن لەسەریان قسە بکرێ و شتی نوێتریان لێ بدۆزرێتەوە، ئەوەی دەیەوێ زیاتر لە ڕاستیە زانستییەکان بگا، ئەوە دەبێ کتێبەکانی:

(لە منداڵەوە بۆ منداڵ و ئێمە ئەم شیعرانەمان نووسیوە و نامەی منالان بۆ خوا) بخوێنێتەوە، چونکە بەهۆی ئەمانەوە دەزانێ کە هەموو شتەکان لەسەرەتاوە دەست پێدەکەن، بگرە ململانێی نێوان نەوە ڕۆشنبیرەکانیش هەر لە منداڵییەوە دەست پێدەکا.

**کۆتایی**

پێم وایە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری نییە، کەموکوڕی تێدا نەبێ، ئەگەر بەو چەمکە سەیری ئاستی ڕۆشنبیریی نووسەران بکەین، دەبینین جۆری کەموکورییەکان لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی دەگۆڕێ. ڕەنگە ئەم کردارەش زیاتر پێوەندی بە ئاوو هەوا ڕۆشنبیرییەکەوە هەبێ، بەڵام ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێ کە داهێنەر لە هەموو سەردەمێکدا هەر داهێنەرە هەر لێرەوە داوا لە نووسەران دەکەم بە تایبەتی ئەوانەی دەتوانن بگەڕێنەوە بەهەشت و لەژێر باڵی ئەم جیهانە بەرفراوانەدا منداڵان بە بەرهەمی هەمەچەشن بەسەر دەکەنەوە، با سوود لە فۆرم و حاڵەتی ناوەوەی جگەرگۆشەکان وەربگرن، بەتایبەتی ئەوانەی لێهاتوو و داهێنەرن. من بەشبەحاڵی خۆم سوودێکی زۆرم لە ئیقاعی فۆلکلۆری نوێ و بەرهەمی نوێی لە منداڵەوە بۆ منداڵ وەرگرتووە، لەم ڕووەوە گەیشتوومەتە ئەم قەناعەتەوە کە هونەری (مەتاتی) سەرووەری سەرجەم فۆرمە تەقلیدی و نوێخوازییەکانە، چونکە پێوەندییەکی ڕۆحی بە دۆخی ناوەوەی نووسەری منداڵ و گەورەوە هەیە، ئەم هونەرە وێڕای ئەوەی کە ڕەسەنایەتی لە بوونی خۆی لوول داوە، ڕەگەزی ڕاستگۆیی و زەمەنیش لە دەست نادا و بەزمانی سەردەم قسان دەکاو دەڵێ: ئەوەتانێ (من هەم).

(١)

**خوایە گیان**

**لەجیاتی ئەوەی کە بهێڵێت خەڵک بمرن و ناچاربیت خەڵکی تازە دروست بکەی، بۆچی ئەو خەڵکانە لە مردن ناپارێزیت کە ئێستا هەن.**

جین

نامەی منداڵان بۆ خوا/ ل١٨

(٢)

**خوایە گیان**

**خۆشم ئەوێیت**

**چۆنیت؟**

**من باشم**

**دایکم پێنج کچ و کوڕێکی هەیە**

**من یەکێکیانم**

نانسی

تەمەن (٦) ساڵان

نامەی منداڵان بۆ خوا/ ل٨٠

(٣)

**خوایەگیان ئەگەر جارێکی تر لە شێوەیەکی تردا هاتینەوە بۆ ئەم دنیایە تکایە مەهێڵە من ببم بە جنیڤەر مورتون، چونکەمن ڕقم لە و کچەیە.**

دینین

نامەی منداڵان بۆ خوا/ ل٣٥

**سەرچاوەکان:**


١- بەفرین و حەوت کورتە باڵاکە: ئا/ یووسف عەبدولقادر، ١٩٩٩.

٢- کیژۆڵە چاروگە سوورەکە: ئا/ یووسف عەبدولقادر، ١٩٩٩.

٣- پەریی دەریا: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری، یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠٠.

٤- تەلان و ئالان: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، یووسف عەبدولقادر ڕەسووڵ، ٢٠٠٠.

٥- عەلائەدین و چرای ئەفسووناوی: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری، یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠٠.

٦- فەرهاد و دەنکە فاسۆلیا: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری، یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠٠.

٧- تیپی مۆسیقای ئاژەڵان: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری، یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠٠.

٨- سێ بەرازی بچکۆلە: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بەدەسکاری، یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠٠.

٩- پەروین و دووسۆرەی بەدفەڕ: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بە دەسکاری، یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠١.

١٠- کۆمەڵە مشکێک: یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠١.

١١- پینۆکیۆ: وەرگێڕان و ئامادەکردنی یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠١.

١٢- جوانێکی نووستوو: وەرگێڕان و ئامادەکردنی یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠١.

١٣- دارستانی شێرپاشا: نووسینی یووسف عەبدولقادر، ٢٠٠١.

١٤- فیل و ماڵەکەی مام گورگ: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گولەر سیامەنسوری، ٢٠٠٦.

١٥- لە منداڵەوە بۆ منداڵ: ڕۆستەم باجەلان، ٢٠٠٤.

١٦- ئەدەبی منداڵان: بۆ سەرجەم پەیمانگاکانی خوێندن.

١٧- منداڵ لەبەرهەمی هونەرمەندە جیهانییەکاندا: د. محەمەد عارف، ٢٠٠٥.

١٨- نامەی منداڵان بۆ خوا: وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، دەزگای سەردەم.

١٩- ئەدەبی منداڵانی کورد: حەمە کەریم هەورامی، ٢٠٠٥.

٢٠- شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا: د. فازل مەجید، ٢٠٠٤.

٢١- ثقافة الاطفال: تألیف، د. هادي نعمان الهیتي، ١٩٨٨.

٢٢- أدب الاطفال: هادي نعمان الهیتي، ١٩٧٧.

٢٣- ثقافة الطفل العربي بین التغریب و الأصالة: د. مصطفی حجازي مع مجموعة من الاختصاصیین، ١٩٩٩.

٢٤- العاب الأطفال: فوزات رزق، ١٩٩٦.

٢٥- صحافة الاطفال في العراق نشأتها وتطورها مع تحلیل لمحتواها وتقییمها: تألیف هادي نعمان الهیتي، ١٩٧٩.

٢٦- جاک وحبة الفاصولیا: ترجمة، ریاض ابراهیم، ١٩٨٧.

٢٧- أدب الاطفال: دراسة و تطبیق، عبدالفتاح ابومعال، ١٩٨٤.

٢٨- ڕامان: دوو کتێبی منداڵان، ڕۆستەم باجەلان، ١٩٩٩.

٢٩- ڕامان: نامەی منداڵان بۆ خوا، لێدوانی: ڕۆستەم باجەلان، ٢٠٠٦.

٣٠- ڕامان: چیرۆکی شیرین بۆ منداڵانی خوێن شیرین: لێدوانی: ڕۆستەم باجەلان، ٢٠٠٠.

# ژنێک دەمرێ و پیاوێک بە چراوە نایە

**عەبدوڵلا مەحمود زەنگنە**
**(کەرکووک)**

ڕەسوول هەمزاتۆڤی شاعیر و عاشقی سەوداسەری چیاو نیشتیمان دەڵێت: «دوو شت ئەوە دەهێنێت پیاو خۆی لەسەریان بە کوشت بدات.. یەکەم نیشتیمان دوومیش ژن»

تەواوی کۆشیعری (ژنێک دەمرێ و پیاوێک بە چراوە نایە)ی شاعیری وشەو هەست ناسک (محەمەد کوردۆ) لەم دوو تەوەرەیەدا خول دەخوا. واتە لە تەوەری خۆشەویستی ژن و نیشتیمان، بەڵام لای شاعیر ئەم عەشقە ئاوێتەیە بەکۆمەڵێک ئازار.. ئازارگەلێکی زادەی ژیانی




مرۆڤێکی خۆرهەڵاتی کە بەردەوام بۆ هەردوو عەشقەکە ڕێگری لێدەکرێت و بە تەمانێکی قەدەغەکاری دەوریان دراوە و حەشار دراون.

هەرچەندە زۆر جار باسم لەوە کردووە کە لێدوانەکان لە شیعر و ماهیەتی شیعری جۆرێک لە ئاڵۆزییان لە خۆگرتووە.. ئاڵۆزی بەو مانایەی ناتوانین وەک پێویست پێناسە و پێوەر بۆ لێکدانەوەکان لە ڕاڤەی شیعردا بەکاربهێنین، کە ئەمەش زیانی زۆری بە ڕەوتی شیعرو قاڵبوونی مەعریفی شاعیر گەیاندووە، چونکە لە زۆر باردا ئاماژە کراوە شیعر هەر شیعرە گەرچی خوێنەر پەی بە تووناوتوونەکانی نەبات، شیعر هەر شیعرە گەرچی خۆی لە قەرەی کێشە جۆراوجۆرەکانیش نەدات و تەنیا لە فۆرمێکی ستێتیکیدا لە ڕووی زمان و ڕیتم و وێنەی شیعرییەوە دابڕێژرێت.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە میانەی کۆڕو بڵاوکراوە ئەدەبییەکاندا مشتومڕێکی زۆر هاتە ئارا سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ شیعر پێوەندییەکی هەیە بە مەعریفەوە.. بەو مانایەی کە دەقێکی شیعری دەکرێت بنەمایەکی مەعریفی هەبێت و هەڵگری دەلالەت و دەستەواژە و چەمکگەلێکی مەعریفی بێت. دیارە

تا ئەم ساتە زۆربەی شاعیرە بە ئەزموونەکان و ڕۆشنبیران، بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی بواری ئەدەبی لەو باوەڕەدان کە شیعر نابێ وابەستەی هیچ شتێک بێت کە سنووورداری بکات. هاوکات بۆچوونی پێچەوانەش هەن کە وادەبینن شیعر هەرچۆنێک بێت، نابێت لەپرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە دابڕێت لە هەردوو بارەکەشدا.. بە تایبەتی باری یەکەم.. تا ئەم ساتە شیعرێکم نەخوێندۆتەوە تەنیا بۆ بە شیعربوون و لە پێناوی ستێتیکای وشەو وێنە شیعری و تەنیا بۆ سەلیقەی شاعیر نووسرابێت و بەدەر بێت لە وێناکردنی خەم و ئازارەکان و پرسەکانی کۆمەڵگە و ژیان، بە پێچەوانەوە لە نوێخوازترین شاعیرانی ئەم سەردەمەماندا کاتێک بە وردی و ڕامانەوە دەچینە قووڵایی هەستەکانەوە، ڕاستەوخۆ پەلکێش دەکرێین بۆ نێو وێنەگەلێک، یان تێیاندا ژیاوین و بەسەرماندا گوزەری کردووە، یان لە ساتەوەختی خوێندنەوەکەدا لە بازنەی ئەو حاڵەتەداین.

شاعیر خۆی لە دیمانەیەکدا باس لەوە دەکات کە ئەگەر لە شیعردا باس لە مەعریفە بکەین دووچاری دەردەسەری دەبین و دەشێت شیعر لە شیعربوون بخەین، بەڵام کاتێک لە جیهانی شیعری ئەودا ڕۆدەچین.. خۆنەویستانە خۆمان لە شەپۆلانێکی مەعریفیدا دەبینینەوە، ئەگەر ئەو مەعریفەیە مەعریفەیەکی وەسفیش بێت، ئەونیشتیمانەی هەمزاتۆف باسی لێوە دەکات، لای شاعیر لەبارێکەوە مایەی خەم و ئەندێشەیەکی بێ وێنەیە و لەبارێکی دیکەشدا ئەو ماڵەیە کە ئارامی لەخۆ دەگرێت. لەباری یەکەمدا ماڵی یەکەم، دایکی نیشتیمان بەهۆی شەڕ و داگیرکاری و بەرژەوەندخوازیەوە لەوە ناچێت ماڵێکی ئارام و نیشتیمان بێت، بۆیە شاعیر ڕاشکاوانە بە چەند وشەیەکی ناسک ئەوەمان پێڕادەگەیەنێ کە ئێمە لە نیشتیمانێکی وەهمی، یان لە وەهمی نیشتیماندا دەژین:

**ماڵ نیشتیمانێکی بچکۆلانەیە**
**ئێمە ماڵێکمان نییە**
**پێکەوە کۆمان بکاتەوە**
**ئای من ئێستا ئەزانم**
**ئێمەی خەڵکانی ڕۆژهەڵات چەن**
**بێ نیشتیمانین**

لەم کۆپلەیەدا دەلالەتێکی مەعریفی دەخوێنینەوە کە ڕەنگە سەدان توێژینەوەی لەسەرکرابێت.. توێژینەوە لەسەر سیاسەت و ئابووری و دەرهاویشتەکانی، ئاخر ئەم کۆپلەیە پرسیارێکە، کە ئێمەی خەڵکی خۆرهەڵات هەرچەندە لە سنووری خاکێکدا دەژین، زمان، ڕەگەزەکانی بە گەل و میللەت بوونمان هەیە، دەوڵەت و حکومەت، کەچی لە ڕاستیدا هەمووومان بێ نیشتمانین.

دەلالەتێکی دیکەی ئەم کۆپلەیە، سەراسیمەبوونی مرۆڤەکانە کە وەک شاعیر نەیانتوانیوە لەم بێ نیشتیمانی و بێ ماڵیەدا لە دڵێکی میهرەباندا ماڵێک بۆ خۆیان چێ بکەن.. ماڵێک ئارام ئارام چاویان لە خەوبنێت و ئارام ئارام وەئاگایان بێنێتەوە.

شاعیر لە شیعری ژێربوونەوەدا ئەوەمان پێڕادەگەیەنێ کە ئێمە وەک مرۆڤ هەرگیز لە تەلارو کۆشکە ڕازاوەکاندا ئۆقرەناگرین.. تا ئەو دەمەی لەماڵی دڵێکدا ئارامی خۆمان دەدۆزینەوە:

**دڵم گریا**
**هەر گریاو هەر گریاو**
**هەرچیم بۆ هێنا**
**بێ سوود بوو**
**سەرەنجام**
**لای دڵە میهرەبانەکەی تۆ**
**ژێر بۆوە**

لە نیشتیماندا گەلێک شت هەن کە زۆر لەنەبوون، لەتۆران و زیزبوون، لە فەنابوونی دڵە ئارامەکەدا دەکرێت وەک شاعیر بیکەینە ماڵە ئارامەکەمان.. بەم جۆرە ژن و نیشتیمان تەواوکەری یەکدی دەبن و عەشقی یەکێکیان ئەوینی ئەوی ترمان بۆ پڕدەکاتەوە.. ئەوە شاعیرە لە ئەندێشەی بەرفراوانەوە پەی بەم حاڵەتە دەبات و دەرویشانە لە سۆزی یەکێکیاندا بە ژوانگەی ئەوی تریان دەگات.. ئەمە کرۆکی سۆفیزمە شاعیر لە وێنەیەکی جواندا (مەحوی) ئاسا سووتانی خۆی بۆ تەجەللا دەکات:

**لەناو هەموو دارەکانی**
**ئەم وڵاتەدا**
**دارێکی نەشمیل چاو**
**دەدەم**
**دەیکەم بەتۆ و**
**لەبری مەمکە**
**نازەنینەکانت**
**بە گەڵا نازدارەکانی ئەو**
**دڵ و گیان و**
**بوونم زاخاو دەدەم**
**هەرکاتێکیش**
**هەستم کرد دووریت**
**زۆری بۆ هێناوم**

**وەک کەسێک سرووتێکی**
**ئاینی جێبەجێ بکات**
**تێر تێر دارەکە**
**ئاو دەدەم**

شتێکی نامۆ نییە کە لای ئێمە شیعر و خۆشەویستی زۆرترین میوانیان هەیە.. ئەوە بۆشاییەکی گەورەیە وادەکات تاکی ئێمە هەمیشە لەبیرکردنەوە و ڕاماندا بێت.. ئەوە ئەو ژیانە پڕ خەم و ئازارەیە وادەکات شیعر ئاوێتەی لای لایەی دایک بێت و تەنانەت ڕیتمی واوەیلاو شیوەنیش بە دەستەواژە شیعرییەکان ڕێک بخرێن.

وێڕای گۆرانی و سەردولکەو ساتەوەختەکانی سەفەر و شەڕو شوانی و لە دایکبوون و خەنەبەندان و...تاد. ئەوە بێ وڵاتییە وادەکات عەشق بکرێتە پەناگەو وڵات بکرێتە میهرەبانترین خاک:

**کاتێ هاتم**
**گیانم پڕ بوو لە غەریبی**
**وەلێ لەدوای ئەوەی کە تۆ**
**بووی بەکانی و**
**ئاوەدانی و بە ساباتم**
**نەک هەر هەستم بە غەریبی خۆم نەدەکرد**
**بڕوابکە بۆ یەکەمجار**
**قووڵ قووڵ ئەو هەستەم تیا شێن بوو**
**کە خاوەنی میهرەبانترین وڵاتم**

وێڕای ئەوەی کە باسمان کرد لە بارەی شیعرەوە کە هیچ چارەسەرێکی پێ نییە بۆ کێشەکان، بەڵام کەم شاعیری کورد هەن دەربەستی خەم و ئازارەکان، وێنە و ڕووداوەکانی دەوروبەری نەیەت..

هەرچەندە بخوازێت ئەو خەمانە لەنێو هەستە گڕگرتووەکانیدا حەشار بدات و بە باسی جوانی و خۆشاردنەوە لە کەزی و سنگ و بەرۆکی یار خۆی لە خەمەکان بەدوور بگرێ، بەڵام لەناکاو خۆنەویستانەش بێت ساتێک لە ساتەکان ئەو ئازارانە دەچنە گەڵاڵەی شیعرێک و گینگڵی پێ دەدەن. ئەوەتا شاعیر بەراوردی نێوان منداڵێکی ئێرە و ئەوێ وای لێدەکات ڕووتی و ڕەجاڵی و دەروێشیەکەی بابا تاهیری بێنێتەوە یاد:

**لەوێ منداڵێ**
**مۆزێکی پێیە..و**
**بۆ مۆزێکی دی وڕکی گرتووە**
**لێرەش منداڵێ**
**بۆ تیکەیەک نان**
**فرمێسک چاوی تاپۆ کردووە**

شاعیر هاوڕێی ئەندێشەیەکی قووڵە، ئەوەی ئەو بیری لێدەکاتەوە کەمجار بەبیری ئێمەدادێت. وێنە شیعرییەکان گەواهی دەری ئەم ڕاستییەن:

**سێوێک تەنیایی دڵی سوور کردبوو**
**لەتاوا خۆی بەردایەوە**
**نیوتن بێئاگا لە عیشق**
**بەهێزی (کێشکردنی زەوی) لێکیدایەوە**

ماوەتەوە بڵێم ئەم فۆرمە شیعرییەش ئەم شاعیرە پێی دەنووسێت، تەوژمێکە بۆ زاڵبوون بەسەر ئاڵۆزی و تەمومژ کە ساڵانێک شیعری کوردی نامۆ کردبوو.

# نامەیەک لە ئەحمەد دڵزارەوە

ئا: ئازاد دڵزار

کوڕی خۆشەویستم ئازاد

گەرمترین سڵاو/ بە هیوای تەندروستی و کار دروستیتانم لە هەواڵی تەندروستی دایکت دەپرسم و چاوی ئاواز و شیرین ماچ دەکەم ڕێزوسڵاوم هەیە بۆ مامت و تێکڕای خزمان.

تەندروستی من ئێستا خراپ نییە و دەیگوزەرێنین تا بەهاری دادێ. زۆرم لە بیرەوەرییەکانم نووسیوە و هەندێکیشی هەر زۆرباشە ئەوەی زۆر دەوڵەمەند نییە، ئەو بەشەیە کە لە ئاوەگرد و کانی گوێز و ئاقوبان و سکتان بووین، بۆیە واشتێکم لەم بارەیەوە بۆ ناردی بەڵکو دەوڵەمەندی بکەی بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- جگە لەوەی نووسیومە چ بەباش دەزانی لەسەر ئاوەگرد و کانی گوێز و ئاقوبان و سکتان بنووسرێ؟ بەڵام زۆر بەکورتی هەر بە نوختە بیان نووسی.

٢- کەی پێکەوە چووینە کانی گوێز لەوێشەوە چووینە ئاقوبان؟

٣- کەی گەڕاینەوە ئاوەگرد؟

٤- کەی دایکت و منداڵەکان لە کۆیەوە بەرەو سکتان ڕەتێندران؟

٥- کەی تۆ لە ئاوەگردەوە چوویە لایان بۆ سکتان؟

٦- کەی لەگەڵ دایکت و منداڵەکان چوونەوە کۆیە؟

هەرچەند ڕەشنووسی گەشتەکەی بولگاریام لەلایە، بەڵام ئەگەر ئەو نوسخەی لەلای ئێوە بەجێما، بۆم بنێرییەوە باشترە

ئیدی بەهیوای تەندروستی و سەرکەوتننتانم

**باوکی دڵسۆزت**

**دڵزار**
**ستۆکهۆلم: ٥-١٢-١٩٩٣**

**تێبینی:**
سڵاوم هەیە بۆ ئیسماعیل و قومری و دکتۆر خەزنەدار و حەننا ئەنطوان و محەمەدی کەبابچی و تێکڕای دۆست و برادەران.


...... وەک نووسیبووم لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣دا گەیشتمە کەڵکەسماق و دەبوو لە ڕۆژی یەکی ئایاری هەمان ساڵدا بچمەوە کۆیە... ئەوسا تەشکیلاتی حکومەت لە کۆیە کێشرابۆوە هەولێر... جا ڕۆژی ١-٥ بەبۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهانەوە، کۆبوونەوەیەکی شایانمان لە خانەقادا کرد و لەسەر داوای برادەرانیش وتارێکم بەو بۆنەیەوە خوێندەوە، ئینجا هێشتا کۆبوونەوەکە بڵاوەی لێ نەکردبوو کە بەرەو کۆیە کەوتمە ڕێ و بەر لە نیوە شەو گەیشتمەوە ماڵ.

کە چوومەوە کۆیە، ماوەیەک بوو، حکومەت فەرمانگەکانی کێشابۆوە، هەروەها لە ڕانیە و قەڵادزێش، چونکە نیازی بەرامبەر بە کورد و شۆڕشەکەی خراپ بوو، لە نۆی مانگی مارتیشدا کە دەنگوباسی لامەرکەزی ڕاگەیاند، ئەمە هەر لە خۆیەوە بوو، شۆڕشەکەی کورد و خودی بارزانی چ ئاگایەکیان لەم جۆرە حوکمە نەبوو کە فڕی بەسەر ئۆتۆنۆمییەوە نییە.

لەسەرەتایەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا، کاکە حەمەی مامەڕەزا لە کۆیە بوو، خەبەری بۆ ناردم کە سبەی میوانی ئێوەین، بۆ ڕۆژی دوایی پێشوازیمان لە کاکە حەمە و چەند لایەنگرێکی کرد، کە یەکێکیان (مەلا سابیر)بوو، مەلا سابیر لە کەڵکەسماقیش هەر لە خانەقا دەژیا، پیاوێکی دەم و دوو خۆش و زرنگ و هوشیار بوو، نزیکترین هاوبیری کاکە حەمە بوو، ئەو ڕۆژەی لە پێش نیوەڕۆیەوە تا زەردەی ئێوارە لەلامان مابوون و لە زۆر گۆشەی ژیانی کوردەواری دواین و فرە قسەی خۆشمان کرد.

ئێمە تا دەسپێکردنەوەی شەڕ لە ١٩٦٣/٦/١٠دا کە {دەست لە ملانێی دوو شۆڕشەکە} بوو بە ململانێی خوێناوی، هەر لە کۆیە بووین. ڕۆژان تێکڕای خەڵکی، لە ترسی پەلاماردانی سوپای دوژمن، بە خاووخێزانەوە بە ناو باغەکانی کۆیەدا بڵاو دەبوونەوە تا (چەمبەرە) و (لوولەی زاییێری) دەچوون، زۆربەی ڕۆژان لەلایەدرکی خانێ ئۆمەری تووشی خاڵەسێوەی هونەرمەند دەبووم و لە هەواڵی تەندروستیم دەپرسی کە هەندێک نەخۆش بوو. ماوەی چەند ڕۆژێکیش لەگەڵ چەند ماڵ و خێزانێکی دیدا لە دەوروبەری (چەمبەرە) و (لوولەی زاییێر)مان بەسەر برد، شەهیدی نەمر کەمال ڕەشید حەوێزی هەمیشە هەر لەگەڵمان بوو. ئازاد زۆرجار لە ڕووباری کۆیە لە ئاستی لوولە زاییێران ماسی بە قولاب ڕاو دەکرد و جارێک بە ڕێکەوت زەردە ماسییەکی هەراشی گرتبوو سێ چوار کەس لێمان خوارد.

لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا بوو کە چوومە باواجی، لەوێ بنکەیەکمان هەبوو، هاوڕێ کەریم ئەحمەد سەرپەرشتی دەکرد، چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٣ کەلوپەلمان لە چەند ولاغێک بارکردبوو بەرەو (ئاوەگرد) دەچووین کە پێشەنگی حامیەیەک لە سوپای عێراق گەیشتبووە کۆیە و لەهەمان ڕۆژیشدا تاوانێکی زۆرگەورە لە کەرکووک بەرێوە برا کە لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی دیار و ناسراوی کورد، هاوڕێیان شێخ مارفی بەرزنجی و شێخ حوسێنی برای و مەجید حەسەن و عەبدولجەبار پیرۆزخان و فاتیح جەباری و هاوڕێیەکانیان بوون، کە ژمارەیان ٢٨ لاوی هۆشیاری خاوەن بیروباوەڕ بوون. ئاوەگرد کلکەی چیای سەفینە، گوندەکانی (جەلی) و (سناوێ) دەکەونە دیوی



ڕۆژهەڵاتییەوە (سماقولی گەلی) و (گرتک)یش دەکەونە دیوی ڕۆژئاوایەوە، نێوانی کۆیەو ئاوەگرد بە پێیان سێ ساتە ڕێیە.

ئاوەگرد کارێزێکی لێیە، ئاوەکەی سارد و سازگارە، داری بەڕوو و مازووی زۆرە، ژمارەیەکی زۆری دارەبەن هەیە، کە قەزوان و بنێشتی زۆری لێ دێتە بەرهەم، داری گێوژ و کرۆسکیشی لێیە، بەڵالووک و تەوسکەی زۆرە.

کە ئێمە چووینە ئاوەگرد تەنیا یەک چاوە خانووی لێ بوو ئێمەش دوازدە کۆڵیتمان لێ بنیاد نا، جگە لە حەمامێک و چەند توالێتێک.. هاوڕێیانمان هاوین و پایزی ١٩٦٣ زۆر سەرقاڵی خانوو دروستکردن بوون، سێ چوار سەنگەرمان دانابوو، یەکێک لە پێشەوە کە هەوەڵجار سەردەکەوێ دووسێیەکی تریشمان لە ناوەند و لای باشووری بنکەکە دانا بوو. ژوورێکمان بۆ (بێتەل) ئامادە کردبوو یەکێک بۆ کۆگای خۆراک و ئازووقە، یەکێک بۆ دەرمانخانە و یەکێک بۆ چێشتخانە ئەوانی دیش بۆ حەسانەوە و نوستنی پێشمەرگەکان و کتێبخانەیەکیشمان هەبوو لەگەڵ فڕنێکی زۆر ڕێک و پێک، شەهیدی نەمر سەید عەبدولڕەزاق فڕنچیمان بوو.

لەسەر لووتکە بەرزەکەی سەرەوەش، دوو یان سێ بیرە بەردی لێ بوو سێ چوار مەتر لە بەرد کۆڵرابوون و زستانان و بەهاران پڕ لە بەفر و باراناو دەبوون و هاوینان بۆ خواردنەوە بەکارهاتوون. لە خواریشەوە لە دووسەد مەترێک بەر لە گەیشتنە بەرزایی چیایەکە، شوورەیەکی وشکەڵەک هێشتا بە بەرزایی مەترێک و پتر هەرماوە کە لە کاتی خۆیدا شوورەیەکی قایم بووە، ئەمە تا سەرەوە و دەوری پاناوی سەر چیایەکە درێژەی هەیە لە کاتی خۆیدا شوێنێکی عەسکەری بووە، بە شوورەی پاشای کۆرە بەناوبانگە، بەڵام زۆر کۆنترە، عوسمان پاشای کۆیە کە برای قۆچ پاشا بووە، لەناو ئەم قەڵایەدا، لە ساڵی ١٧٥١دا بەرخۆدانێکی شێرانەی لە دژی سلێمان پاشای والی بەغدای تێداکردووە و ئەو لەشکرە پتر لە حەفتەیەک خۆی بەرامبەر بە لەشکرێکی گەورەی عوسمانی ڕاگرتووە و لە ئەنجامدا دوژمنی زۆر تێر و پڕچەک زاڵ دەبێ و والی سەری براوی عوسمان پاشا بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنێرێتەوە ئەستەمبول بە دیاری! ڕۆژێک چوومە سەر بیرەکانی لووتکە بەرزەکە و لەناو یەکێکیان نێرە کەوێکم بەدی کرد و دەرم هێنا، هێشتا هەر زیندوو بوو، دوایی دامە پێشڕەوی کاک کەریم.

ئاوی کارێزەکە زۆر نەبوو، ئێمەش دەمانویست هەندێ شینایی لەبەر بکەین، بۆیە ئەستیرێکی گەورەمان لەبەر ئاوەکە و لەبەر ڕێیی هەڵکەند و بە چیمەنتۆ سواغمان دا و هەمیشە ئاوی لەسەر بوو، پڕ بوو هاوڕێی شەهید و نەمرمان مام نادری مام سمایل، پارچە عەردێکی نەکردەی لە پێش ئەستێرەکە ئامادەکرد و کردییە تەماتە و فرە شینایی دیشی تێدا چاند و هەموو جارێک بە ماوەی نیو سەعاتێک پارچە شینابییەکەی پاراو دەکرد و تەماتە و شینایییەکی زۆری لێ دەهاتە بەرهەم و جگە لەوەی کە بە زۆری بەکارمان دێنا، مام نادر بۆ هەندێ ماڵە ناسیاو و برادەرانی دەناردە کۆیە و ڕانیەش.

ڕۆژی هەشتی مانگی تەمووزی ١٩٦٣ بوو کە ئازادی کوڕم لەگەڵ هاوڕێیەکدا هاتە لامان، ئەوسا تەمەنی شازدە ساڵان بوو بۆی گێڕاییینەوە و گوتی: دوێنێ: ٧-٧-١٩٦٣ لەسەر شەقامە سەرەکییەکەی کۆیەدا، شەش هاونیشتمانیان بە دینگەکانی لای چایخانەی سلێمانی حەمە قاوەچی بەستنەوە کە ئەم بێ تاوانانە بوون: سولەیمانی حەمە قاوەچی، حەنۆی فەڕاشی قوتابخانەی هەرمۆتە، یووسف حنای بەرگدروو، غەفووری ئەحمەد ئاغای باخچەوان*، شەفیق حەمەدی ئایشە خانزاد و محەمەدی وەهاب ئاغا.

ئینجا بەزۆر جەماوەرێکی زۆری خەڵکی کۆیەشیان هێنا دیاریان و گوللەبارانیان کردن و ئێستاش لاشەکانیان هەر بە دینگەکانەوەن... دەیانویست منیش بگرن، بەڵام خۆم شاردەوە، تا ئەمڕۆکە بەناچاری هاتمە ئێرە.

هەروەها بۆی گێڕامەوە کە چۆن ڕۆژی چواردەی مانگ، فاشستە خوێنڕێژەکان نەنکمیان (دایکم-د)یان لەناو جێیی نەخۆشی ڕاست کردۆتەوە و ئینجا هەموومانیان لەماڵ وەدەر نا و ئاگریان لە تێکڕای خانووەکەمان بەردا و بەسەریەکیان داتەپاند. چەند ڕۆژێک بوو ئازاد هاتبوو کە بڕیاردرا بچمە (کانی گوێز)ی سەفین. کە چوومە کانی گوێز هێزی سەفینی پێشمەرگەی لێ بوو، حەمەد ئاغای مێرگەسۆری فەرماندەی بوو. ئێمەش لەوێ دوو پلاتوون (پەل) پێشمەرگەی چەکدار و پلاتوونێکیشمان هاوڕێی دی هەبوو کە ئیشوکاری ئیداری و برینپێچی و نامە بەری و ئازووقە هێنانیان ڕادەپەڕاند. پلاتوونی یەکەم ملازم یووسف ئامیری بوو پلاتوونی دووەمیش ملازم ڕیاز (ریاض) بوو.

لەوێ لیژنەیەکی سێ کەسیمان هەبوو ئەز مەسئولی سیاسی و هاورێ نەجمەدین مامۆ مەسئولی عەسکەری و مامۆستا محەمەد ئەمینیش مەسئولی ئیداری بوو.

مانگی تەمموز سەرانسەری لە کانی گوێز بووین، لە رۆژی ٢٠ یان ٢١/ تەممووزی ١٩٦٣ بوو خەبەری ئیعدام کردنی هاورێ جەمال حەیدەریان لە رادیۆی بەغدا بیست، کە بەراستی رەشە خەبەرێکی فرە دڵتەزێن و جگەر بڕ بوو... بنکەی هێزەکەی سەفینیش چووە (کانی شیلانە) کە هەر کەمێک لە باشووری کانی گوێزەوەیە. دوای مانگی تەمموز شۆڕبووینەوە دیوی رۆژهەڵاتی سەفین و لە گوندی (ئاقوبان) گیرساینەوە.

ئاقوبان گوندێکی بچووکە، خانوویەکی زل و چۆڵمان دۆزییە و چووینە ناویەوە، کانییەکی لێبوو لە شێوەی بیرۆکەیەک باوەشێک ئاوی فرێ دەدا، کەچی دوای دووسێ حەفتە وشکی کرد و بەحاڵ میزاوێکی لەبەردەم دەرۆیی، کە بەم جۆرە کانیانە دەڵێن: (کوێرە کانی) بەهاران ئاوی زۆرە و پایزان وشک دەکا. برادەران بیریان کردەوە و لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە رانە ئاژەڵێکی گەورەی جاشان لەو نزیکانە هەیە ئەگەر بیهێنن، ئەوا سوودێکی زۆری بۆ هاورێیان و شۆڕش دەبێ. بۆیە شەهید وەستا محەمەدی چەخماخساز -کەدوایە خودی مەلا مستەفا زۆری خۆشدەویست لەبەر ئەوەی هەر زۆر ئازا بوو- لەگەڵ شەهید وەستا ئەلیاسی دارتاش و ملازم یووسف و دوو پێشمەرگەی تردا کە یەکێکیان برای سەید مەجید بوو چوون و سەرکەوتووانە گەرانەوە، دەسکەوت بریتی بوو لە: پێنج سەد و دە سەر مەڕ و بزن و شەک و چەند بەرانێک و دوو ئەسپی سواری و دوو شوان و سەگێک. شوانەکان یەکێکیان لاو و ئەوی دیکەیان منداڵێکی هەشت نۆ ساڵی بوو منداڵەکەمان هەر ئەو رۆژی ئازاد کرد، بەڵام ئەوی لاویان دوو سێ رۆژ مایەوە ئینجا دوای ئەوەی لەگەڵ ئامیر هێز حەمەداغای مێرگەسۆری رێک کەوتین، ئەویشمان ئازاد کرد و ناردمانەوە ماڵی خۆ و عیاڵی خۆ.

لەو ئاژەڵانەش شەست بزنی بەشیرمان بۆ حەمەد ئاغا نارد و دووسەد سەریشمان بۆ برادەرانی ئاوەگرد نارد و ئەوی تریش لەژێر دەستی خۆمانا بوو هەموو رۆژێ سێ تەنەکە شیرمان لێ دەدۆشین و دەمانکردە ماست و دواییش دەمانژەند و رۆنەکەیمان دەگرت و دۆیەکەشی لە باتی ئاو دەخورایەوە. هەموو حەفتەیەک دووجار گۆشتمان هەبوو.


چێشتخانەیەکی دەوڵەمەند و ئاوەدانیشمان هەبوو کە (حنا خۆشابە) سەرپەرشتی دەکرد. لە پایزی ١٩٦٣ دا بوو هەندێکمان گەراینەوە ئاوەگرد. دەسەڵاتدار و فاشستییەکان بەوەندە لە منداڵەکانم نەگەران، کە ماڵەکەمانیان لێ سووتاندین، لە کۆیەشیان دەردەکەنە دەرو پێیان دەڵێن: برۆنە لای دلزار! ئیدی ئەوانیش بەناچاری روودەکەنە (سکتان) خوشکم و دایکی ئازاد و ئاوات و ئامانج و ئاوازی تەمەن ٣ ساڵان، دەچنە کەلاوە خانوویەک.. رۆژێک میرانی ئەنوەر بەگ بە رێکەوت دەچێتە سکتان و لەوێ دەزانێ کە لە سکتانن جا دەچێتە لایان و دڵخۆشیان دەداتەوە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سکتانییەکان بە چاوێکی تر سەیریان بکەن و گرنگیان پێ بدەن... دواییش ژوورێکی رێکوپێکیان لە خانووەکەی کوێخا حەمەدی کوێخا حەسەن مانگێ بە دینارێک بەکرێ دەگرن.

*** غەفووری ئەحمەد ئاغای باخچەوان. ناوەکە بەم شێوەیە دروستە، حەمەدەمین ئەحمەد ئاغای باخچەوان.**
**«ئازاد دلزار»**




# نووسینی عەشق عەشقی نووسین

د. فوئاد ڕەشید
(زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی پەروەردەی بنیات)



پێوەندی نێوان ئەوین و ئەدەب پێوەندییەکی بەتین و دێرینە. دێرین بەقەد دێرینی مرۆڤ و پەیڤ (دەربڕینی جوان). لەمێژە عەشق بەمانا و مەودا جیاجیاکانییەوە، بووەتە هەوێن و بنیادی بابەتییانەی هەزاران تێکستی ئەدەبی.

ئەمڕۆ بەچاوخشاندنێکی خێرا، بە دنیای چاپەمەنییە ئەدەبی و بەناو ئەدەبییەکانماندا ئەوە بەدی دەکەین کە چەمک و پەیڤەکانی (عەشق، ئەوین، خۆشەویستی، عاشق، ئەڤین) ئامادەبوونێکی دیار و زۆریان بەناوونیشان و نێوەرۆکی کۆمەڵێک بەرهەمەوە هەیە. لەم ڕۆژانەدا تەنیا لەیەک دوو کتێبخانەدا،چاوم بە کۆمەڵێ ناونیشانی لەم بابەتە کەوت، وەک:

- عەشقی تۆ، شیعر.
- خەونی عاشقێک، چیرۆک- شیعر، نامە،...
- عەشقی من و تۆ، شیعر.
- ڕۆحم لەپێناو خۆشەویستییا ئەسپێرم، کورتە ڕۆمان.
- ئەوینێکی کۆچکردوو، هۆنراوە.
- عاشقە بەنازەکانی پایز، ڕۆمان.
- خۆشەویشتی من و تۆ، شیعر.
- شۆڕشی عەشق، شیعر.
- چۆڕاوگەی فرمێسکی عەشق و خەم، هۆنراوە.
- خۆشەویستی و خیانەت، ڕۆمان.
- کەس وەکو من عاشق نەبوو، ڕۆمان.

هەڵبەتە دەکرێ لە زۆر ڕووەوە قسە لەسەر ئەم بەرهەمانە بکرێت، وەک هۆکار و زەمینەی لەدایک بوونیان، سیما و ئەدگارەکانیان، شوێن و پێگەیان لەسەر نەخشە و جوگرافیای ژانرە ئەدەبییەکاندا، چۆنێتی و چەندایەتی مانا و ڕامانەکانی چەمکی عەشق لەنێو ئەم جۆرە بەرهەمانەدا.

بەر لەم لایەن و تەوەرانەیش، مەسەلەی ئامادەکردن و بەرجەستەکردنی بابەتی عەشق و وەفا و ئەڤینداری لەم سەدەی (تەکنۆبەردینە)ی ژمارە و پووڵ سالارییەدا، لەم ڕۆژگاری کاڵبوونەوەی بەها مرۆییەکاندا، خۆی لە خۆیدا جێگای سەرنج و پرسیاریشە، یان لەم زەمەنەی کە (مەرگی شیعر)ی تێدا ڕاگەیەنراوە، بوونی ئەم هەموو دیوانە شیعرییە- بەچاوپۆشین لە چۆنێتی ئاستیان- مانا و دەلالەتی خۆی هەیە.

لێرەدا دوور لەم باس و تەوەرانە و نزیک لە مەبەستی ئەم چەند دێرە، دەمەوێ سەرنجی نووسەری ئەم جۆرە بەرهەمانە و هاوشێوەکانی -کە زۆربەیان گەنج و تازەهەڵچوون- بۆ ئەوە ڕابکێشم کە پرۆسەی (بە ئەدەبیکردنی عەشق) گەلێک لەو کارە قووڵتر و وردترە، کە تۆ بێیت و سادە و ساکارانە باس لە شەیدایی هاتن و نەهاتنی یار و زیزبوونی دۆستەکەت بکەیت.

لەپێناو نووسینەوەی ئەزموونێکی عەشق ئامێز، بە زمانێکی ئیستێتیکیانە، پێویستە دەقنووس هەروەک چۆن عەشقی بۆ یارەکەی هەیە، ئاوەها عەشقیشی بۆ (پەیڤ و زمان و نووسین) هەبێت، تا بتوانێت ئەفراندنێک چێبکات و ئەو دەمە دەتوانێت زاراوەیەکی ئەدەبییانە بە سینگی بەرهەمەکەیەوە بنێت. ئەگەر نا، دوور لەم هەلومەرجە بەرهەمەکە دەبێ بە گێڕانەوەی هەقایەت، یان ئاخاوتنێکی ڕۆژانە و ڕەنگە تەنیا هەندێ قافییەی پێوەلکێنرابێت. جا بە مەبەستی پتر چڕکردن و جوانکردنی ئەزموونی ئەدەبیانەی دەق، چێترە دەقنووس لەیەک گۆشە نیگاوە تەماشای چەمکی ئەوین و عەشق نەکات، چونکە خودی ئەم چەمکە فرەڕەهەندە و مانا و مەبەستی جیاجیا هەڵدەگرێت.

مخابن بەشی هەرە زۆری دەقەکانی ئەم بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدا، چەمکی عەشقیان لە جوغزێکی دیاریکراودا بچووک کردۆتەوە و هێندەی (ڤیان)ی (یار)ی تێدا بەدی دەکرێت، (شیان)ی (داهێنان)ی تێدا نابینرێت. هەر لەبەر ئەمەشە پتر نزیکن لە (ئەوینەوە) نەک لە (ئەدەبییەتەوە).

لێرەدا دەشێ بڵێین، دەقی جوان و سەرنجڕاکێش، ئەو دەقەیە کە دوو عەشقی ئاوێتەی یەکدی کردبێت و نووسەر بەدەم نووسینەوەی عەشقێکی پەیام بەخشەوە، عەشقی بۆ نووسینەکەیشی بەرجەستە کردبێت.

٢٠٠٧-١-١٤